هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 46

سالْی/ 2008 – بەرگی چل و شەش

---

چاپی یەکەم/ سالْی 2008

# پێڕیست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/2/10 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/2/26 ل13

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/10 ل51

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/17 ل69

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/3/30 ل83

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/31 ل145

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/2 ل197

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/4/7 ل257

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/4/13 ل297

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/4/14 ل317

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/16 ل373

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/4/21 ل443

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/4/22 ل515

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/23 ل561

**من پێم وایە تەنیا کاک خلیل ئاماژە بە پرۆژەکان بکەین و دواتر ئێمەش تەحویلی دەکەین بۆ لیژنەی پەیوەندارو ئەندامان، بۆ ئەوەی راپۆرتی پێویست حازر بکەن، دواتر رۆژێك دیاری دەکەین بۆ موناقەشەکردنی، کاک خلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی هەرێمی کوردستان کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، ئەو پرۆژەیە 13 مادده لە خۆی دەگرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**پرۆژەی یەکەم وەکو کاک خلیل خوێندیەوە،پرۆژەیەکە لە حکومەتی هەرێمەوە هاتووە، پێك هاتووە لە 13 مادده، ئێمە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامانی بەرێزی دەکەین، لە سایتی پەرلەمانیش دا بڵاوی دەکەینەوە، ئومێد دەکەم ئەو دوو لیژنەیە بتوانن لە داهاتوو دا تاوتوێی لەسەر بکەن، تا ئەو کاتەی دەیخەینە بەرنامەی کارو وەزارەتی ناوخۆش لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم کە چاوەڕوان دەکرێت بەم زووانە ئیعلان بکرێت، وەکو یەك وەزارەت بێت و کاری خۆی دەکات و بۆ ئێمەش ئاسان تر دەبێت. کاک خلیل خاڵی دووەم بخوێنەوە.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**2 ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، دووەم پرۆژەیە کە لە 44 مادده پێك هاتووە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامانی بەرێز دەکەین، بە هەمان شێوەی پرۆژەی خاڵی یەکەم، ئومێد دەکەین کە بە هەندی وەربگرن، چونکە مەسەلەیەکی گرنگە، خۆمانی بۆ حازر بکەین بۆ موناقەشەکردنی، ئەو تایبەتمەندیە لە کوردستانیش دا هەیە رەچاوی بکرێت، کاک خلیل فەرموو خاڵی سێیەم بخوێنەوە.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**3 ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای کاری دابەشکردنی بودجەی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشکەش کراوە، ئەوە لە لای ئێمە نیە و نەگەیشتووە بە ئێمە نازانم چەند ماددەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەگەر ئیجازە هەبێت، وابزانم کاروباری ئەنجومەن نەیانخستووەتە ئێرە، چونکە گرنگە و ناوەکانی تێدایە، پێویستە ناوەکان بخوێنمەوە، بۆ ئەوانەی کە داوایان کردووە. ئەم پرۆژەیە جاری یەکەم درایە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بە پێی مەسئولیەتی پێی وابوو، کە دەبێت حکومەتی هەرێم**

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان
# 51

سالّی/ 2009 – بەرگی پەنجاویەك

چاپی یەکەم/ سالّی 2009

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/1/21 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/2/11 ل49

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2009/2/12 ل99

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/3/2 ل165

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/3/10 ل181

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/3/25 ل191

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/3/31 ل255

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/4/6 ل281

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/4/14 ل297

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/4/15 ل359

ئێمه، گوتمان ئێمه چەند رۆژو هەفتەو مانگ و ساڵە راوەستاوین، بەو چەند رۆژەش ئەگەر هەنگاوەکە تەواو بێتن خۆشترە کە ئامادە دەبن لێرە بە ئەو خەبەرە خۆشەو بە مەراسیمی تەواو کردنی ئەو بڕیارە ئامادە بن، بۆیە دانیشتنەکەی دوێنێ ئەنجام نەدرا، دوێنێ هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان کۆبۆوە، یەکێك لە تەوەرەکانی گرنگی کۆبوونەوەکەی دوێنێ یەکخستنەوەی ئەو سێ وەزارەتە بوو، کە باسێکی تەواوی لێ کراو بڕیاری کۆتایی لێدراوە، کە دەبێت پێشی کۆتایی ئەم هەفتەیە وەکو حکومەت کارەکان ئەنجام بدەن، سەرەتای هەفتەی داهاتوو بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی بۆ تەواو کردنی مەراسیمی یاسایی ئەو یەکخستنەوەیە بێنە ئێرەو دواتریش گفتوگۆ لەسەر مەسائیلی پێویست لەگەڵ هەردووکیان لێرەدا بکرێت، ئەوە خەبەرێکی خۆشە و انشاللە جێ بەجێ دەکرێت، هەروەها زۆر باس لە مەسائیلی تر کرا کە ئێمە هەمووومان پێمان خۆشە و خەڵکیش چاوەڕوان دەکات مەوزوعی دەستووری هەرێمی کوردستان خرایە باسەوە کە پێویست دەکات ئەو پرسیارانەی کە کردوویانە، هەنگاوەکانی نووسینەوەی دەستوور، ئێمەش باسمان بۆ کردن کە شتەکانیان تەواو کردووە، ڕەنگە پێویست بکات بە یەك کۆبوونەوەی لیژنەی دەستووری بۆ ئەوەی دوا سیغەی خۆیان لە بەینی خۆیان دا چیە، ئومێد دەکەین ئەوەش کە لەم هەفتەیە و لە هەفتەی داهاتوو دا تەواو بێت، لە کۆتایی هەفتەی داهاتوو یاخود سەرەتای هەفتەی دواتر پێش ئەوەی دانیشتنی بۆ بکەین کۆپیەك دەدەین بە هەموو ئەندامانی پەرلەمان و ئینجا خوێندنەوەی بۆ دەکەین و دەنگی بۆ دەدەین، انشاللە ئەمەش هەنگاوێکی گەورە دەبێت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی دەستووری خۆی بێت، هەروەها زۆر مەسائیلی تر باسکرا کە هەمووی بریتی بوون لە داواکاریەکانی خەڵك لە چاکسازی لەناو دامودەزگاکانی حکومەت و دامەزراندنی هەیئەی نەزاهە کە لە پرۆژەی دەستووردا ئاماژەی پێ کراوە، پەلە کردن لە دامەزراندنی ئەو هەیئەتە کە ئەرکێکی زۆری لەسەر شانە بۆ ئەوەی ڕووبەرووی دیاردەکانی گەندەڵی ببێتەوە لە کوردستان دا و بە واجبی خۆی هەڵبستێت بۆ چاککردنی کۆمەڵگای کوردستان، دەزگاکانی، پەرلەمانیش بەم شێوەیە دەتوانێت شانازی بە ئەوەوە بکات کە هەنگاوێکی باشی ناوە بۆ بە یاسایی کردنی کۆمەڵگا، ویستم ئەو دوو، سێ نوقتەیەتان عەرز بکەم کە خەبەری خۆش بوو، بۆیە موبەرراتی دواکەوتنی کۆبوونەوەکەی دوێنێ ئەسبابی خۆی هەبوو، زۆر سوپاستان دەکەم، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەکەم کە خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار بخوێننەوە وبکەونە باس کردنی، (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای بەرەنگار بوونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (31)ی ساڵی 2007)، ئەوە لە حکومەتەوە هاتووە، بۆیە بیخوێننەوە بە کوردی و عەرەبیەکەی، فەرموو کاك اخر.

**بەڕێز شێخ اخر شێخ جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای ژمارە (  ) ساڵی 2009**

یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای بەرەنگار بوونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە 31 ی ساڵی 2007

ماددەی یەکەم:

بڕگەی (2 ـ یەکەم) لە ماددەی 5 دا هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێدرێتەوە:

2 ـ ئاگادارکردنەوەیەکی تەندروستی بە یەکێك لە زمانە جیهانیەکان بە پێی بەرزەفتکاریەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی.

ماددەی دووەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی سێیەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی 2009/1/1 ەوە جێ بەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بە فەرمی بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانون رقم ( ) لسنة 2009

قانون التعديل الثانی لقانون مكافحة التدخين فی الاقليم كوردستان ـ العراق رقم 31 لسنة 2007

المادة الاولى

تعدل الفقرة 2 من المادة الخامسة وتقرأ كالاتى :

2 ـ تحذير صحى باحدى اللغات العالمية وفق ضوابط منظمة الصحة العالمية.

المادة الثانية:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون اعتبار من 2009/1/1 وينشر فى جريدة وقائع كوردستان الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژەیە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە، ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و لیژنەی ناوخۆ و یەکە یەکەی ئەندامانی پەرلەمانی دەکەین بۆ ئەوەی بۆچونی خۆیان و تێڕوانین و راپۆرتی خۆیان حازر بکەن، خاڵی دووەم لە بەرنامەی کرا خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای پاراستنی ناوچەکانی

شینایی و بەدارستان کردنی شارەکان لە هەرێمی کوردستان، کاك شێروان کە یەکێکە لەو 10 کەسەی کە پرۆژەکەیان نووسیوە و واژوی خۆی سەحب کردووە لەو هینە، یاساییە نیە، بۆیە ئەم خوێندنەوەی یەکەمەی دوا دەخەم تاوەکو ئەو مەوزوعە لە نێوان خۆیان ئەو 10 ئەندامە یەکلایی دەکەنەوە، بە 9 ئەندام ناکرێت هینەکە لەو دانیشتنەدا خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژەیە دوای دەخەین بۆ دانیشتنێکی تر تاوەکو ئەوە یەکلایی دەکرێتەوە، خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ، داواتان لێ دەکەم لە راپۆرتی هاوبەشتان فەقەرە بە فەقەرە بیخوێننەوە، پێشەکی راپۆرتەکە بخوێننەوە دواتر مادده بە مادده بخوێننەوە و موناقەشەی دەکەین، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الى رئاسة برلمان كوردستان ـ العراق

م / تقرير اللجنة المشتركة

استنادا الى حكم المادتين (39 و 46) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق رقم (1) لسنة (1992) المعدل اجتمعت اللجنتان القانونية والداخلية بصورة مشتركة في الايام (9، 10، 28 ، 12/31 /2008 و 3، 4/1/ و 3/29/ 2009) باغلبية عدد اعضاء اللجنتين لدراسة مشروعي قانون مجالس محافظات اقليم كوردستان ـ العراق المقدمين من قبل مجلس وزراء اقليم كوردستان بموجب كتابيه المرقمين (10383 في 2006/9/17 و 1704 في 2007/7/9 ) والمحال الى اللجان المعنية بعد القراءة الاولى للمشروع الاخير في المجلس بجلسته الاعتيادية المرقمة (8) في 2008/4/16 وكذلك الاقتراحات والملاحظات المقدمة من قبل رؤوساء مجالس المحافظات الثلاث والسادة المحافظين في الاقليم واللجنة المشتركة المشكلة من البرلمان والحكومة، قررت اللجنتين توحيد هذه المشاريع وتقديم تقرير واحد حول الموضوع يتضمن خلاصة ما ورد في المشاريع توحيدا للافكار وتسهيلا للمناقشات والتصويت في البرلمان، وان الاغلبية في اللجنتين تؤيد المشروع بالصياغة الاتية:

مشروع قانون المحافظات لاقليم كوردستان ـ العراق

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك اخر.

**بەڕێز شێخ اخر شێخ جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

ب / راپۆرتی لیژنەی هاوبەش

پشت بە حوكمی ماددەكانی (39 و 46 ) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق، ژمارە 1ی ساڵی 1992 ی هەموار كراو، هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ بەیەكەوە لە ڕۆژانی (9، 10، 28 ، 2008/12/31 و 3، 1/4/ و 3/29/ 2009)، بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی هەردوو لیژنەكە كۆبوونەوە بۆ لێكۆڵینەوە لە هەردوو پرۆژە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان ـ عیراق، كە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان بە نووسراوەكانی ژمارە 10383 لە 2006/9/17 ، 1704 لە 2007/7/9 بۆ لیژنە پەیوەندارەكان هاتوون، دوای خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی دوایی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 8ی ڕۆژی 2008/4/16 وە هەروەها ئەو پێشنیارو تێبینیانەی كە لە لایەن لیژنەی هاوبەشی پێكهێنراو لە پەرلەمان و حكومەت و ئەم پرۆژەیەی كە لەلایەن لیژنەی ناوخۆوە پێشكەش كراون، لیژنە بڕیاری دا ئەم پرۆژانە بكرێن بە یەك و ڕاپۆرتێك لە بارەی بابەتەكە پێشكەش بكرێت كە پوختەی ئەوەی لە پرۆژەكان دا هاتووە بگرێتەوە، لە پێناوی یەكگرتنەوەی هزرەكان و ئاسانكردنی وتوێژ و دەنگدان لەسەری لە پەرلەمان دا وبە زۆرینەی ئەندامانی هەر دوو لیژنە پشتگیری پرۆژەكە دەكەن بەو شێوەی كە پێشكەش كراوە، بەم جۆرەی خوارەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەی یەكەم بە كوردی و بە عەرەبی بخوێننەوە، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی دەست بە موناقەشەكان بكەین، دەمەوێ هەندێك خاڵ هەیە بۆ بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان تەوزیحی بكەم، بۆ ئەوەی سورەتێكی وازحیان هەبێ لەو پرۆژەیە، ئەو پرۆژەیە لە ساڵی 2006 پێشكەش بە پەرلەمان كرا، كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا، پاشان ئەو پرۆژەیە كەموكوڕی تێدابوو، حكومەت سەحبی كردەوە، دووەمین جار ساڵی 2007 ئەو پرۆژەیە تەقدیم كرا، دیسان خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا بە هەمان شێوە كەموكوڕی تێدا هەبوو كە لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ چەندین كۆبوونەوەیان ئەنجام دا بۆ چارەسەركردنی ئەو كەموكوڕیانە وە لە هەمان كاتدا بە ئەنجومەنی پارێزگاكانیش پەیوەندیمان كردووە و چەندین كۆبوونەوەمان لەگەڵ ئەوانیش كرد، ئەوانیش پرۆژەیەكی لابەلایان پێشكەش بە ئێمە كرد، جگە لەوەش ئێمە لەگەڵ پارێزگارەكانیش دانیشتین، ئێمە و لیژنەی ناوخۆ چەندین كۆبوونەوەمان ئەنجام دا، بۆیە بە قەناعەتی هەموومان گەیشتینە ئەوەی كە ئەو پرۆژانە هەمووی و ئەو رەئیانە هەمووی ئەوەی سوودبەخش بێت بۆ ئەو پرۆژەیە تەوحید بكرێ و ئێستا ئەو پرۆژەیەی كە تەقدیم دەكرێ و دەخوێندرێتەوە رەئی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی لیژنەی یاسایە و لیژنەی ناوخۆیە، ڕەنگە لێرەو لەوێش هەندێك تێبینی بەڕێزان ئەندامانیش هەبێت لەسەر هەندێك لەبڕگەكانی ئەم پرۆژەیە و لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونى فەرمووو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

**المادة الاولى:**

يقصد بالتعابير الاتية المعانى المبينة ازائها لآغراض هذا القانون:

اولآ: الاقليم: اقليم كوردستان ـ العراق.

ثانيا: البرلمان: برلمان كوردستان ـ العراق.

ثالثا: مجلس الوزراء: مجلس وزراء الاقليم.

رابعا: الوزارة: وزارة الداخلية للاقليم.

خامسا: الوزير: وزير الداخلية للاقليم.

سادسا: المحافظة: وحدة ادارية ضمن حدودها الجغرافية وتتكون من اقضية ونواحى وقرى.

سابعا: الوحدة الادارية: المحافظة، القضاء، الناحية.

ثامنا: رئيس الوحدة الادارية: المحافظ، القائمقام، مدير الناحية.

تاسعا: المجلس: مجلس المحافظة.

عاشرا: المجلس المحلى: المجلس المحلى للقضاء، المجلس المحلى للناحية.

حادى عشر: المجالس: مجالس الوحدات الادارية.

ثانى عشر: القرية: مجموعة المساكن التى لايقل عدد نفوسها عن مائة نسمة.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرمووو كاك اخر.

**بەڕێز شێخ اخر شێخ جمال:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**یاسای پارێزگاكانى هەرێمى كوردستان ـ عێراق**

**بەشى یەكەم**

**پێناسەكان**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایەیە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

دووەم: پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.

سێیەم: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

چوارەم: وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.

پێنجەم: وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێم.

شەشەم: پارێزگا: یەکەیەکی کارگێڕیە لە ناو سنووری جوگرافی دا و کە لە قەزاو ناحیە و گوند پێك دێت.

حەوتەم: یەکەی کارگێری: پارێزگا، قەزا، ناحیە.

هەشتەم: سەرۆکی یەکەی کارگیری: قائیمقام، بەڕێوبەری ناحیە.

نۆیەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی پارێزگا.

دەیەم: ئەنجومەنی خۆجێیەتی: ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا، ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە.

یازدەم: ئەنجومەنەکان: ئەنجومەنەکانی یەکە کارگێڕیەکان.

دوازدەم: گوند (دێ): کۆمەڵێك ماڵە کە ژمارەی دانیشتوانی لە 100 کەس کەمتر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو فەسڵە تەنها مانای زارەوەکان بوو، کەس قسەی هەیە؟ پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من تێبینیم هەیە لەسەر عینوانی تەقریرەکە، ئێمە بە پێی نیزامی داخیلی کە لیجان دائەنیشن، دوو لێژنە یان زیاتر، نابن بە لێژنەی موشتەرەك، بەڵام راپۆرتەکەیان ئەبێتە راپۆرتی موشتەرەك، ئەوەندەی من تێگەیشتبم، لەبەر ئەوەی پێم وایە عینوانەکەی ببێتە( التقریر المشترك)، بۆ ئەو دوو لێژنەیە، سەبارەت بە ماددەی یەکەم، من نازانم هەست دەکەم، ئەگەر ئەوە بگرێتەوە لە یاسا، یەعنی هەر بۆ تەعریفی خۆمان نەبێ، تۆزێك ئاڵۆزیەك دروست دەکات، مەسەلەن: مجالس الوحدات الاداریە، المجلس المحلی، یەعنی رەنگە صیغەیەکم لا نەبێ ئێستا، سەبارەت بە قەریە، القریة: مجموعة المساكن التي لا يقل عدد نفوسها عن 100 نسمة، رەنگە گەڕەکێکیش نفوسی 100 نسمە بێت، تۆزێك جیا بکرێتەوە، في الريف، یان تابعة الى ناحية، یان شتێکی ئاوا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر سلێمان کاملا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من به عام لەسەر پرۆژەكە تێبینیم هەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چەند ساڵێك لەمەو پێش، پێشنیارێك هەبوو لە لایەن برێمەرەوە كە عێراق بكرێتە فیدراڵیەتی موحافەزات، لێرەدا كە باس لە ئەو پرۆژەیە، سەیر بكەن بە شێوەیەكی گشتی تێكەڵێەك لە دەسەڵاتی هەبێ، یان ئەو ئەنجومەنە نیشتنملنیەی كە لە كوردستاندا هەیە، ئایا هەڵدەگرێ پەرلەمانێكمان هەیە، پەرلەمانی كوردستان و سێ ئەنجومەنی ترمان هەبێ و ئەویش نیمچە پەرلەمانێك بوو، دەسەڵاتەكان لێرەدا تێكەڵاو نابن؟، ئایا ئەوە جێبەجێكردنی فیدراڵیەتی موحافەزات نیە لە لایەن مەركەزەوە زیاتر ئیهتیمام پێدانی بە فیدراڵیەتی موحافەزات و ببێتەوە یەك؟ ئەگەر بكرێ ئەوە زیاتر هەڵوەسەیی لەسەر بكرێ، چونكە تەماشا بكەین كۆمەڵێك دەسەڵات كە دراونە پارێزگاكان، نیمچە سەربەخۆییەكی هەیە، ئەوە زیاتر مەسەلەی ماهیەتی ئەقلیم كەم ناكاتەوە؟ كە ئێمە ئیش بۆ ئەوە ئەكەین كە ئیقلیم بەهێز بكەین، زیاتر هەوڵ بدەین لە بەشەكانی تریش ئیقلیم دروست بێت، لە وەسەت و لە جنوبی عێراقدا، من پێم وایە ئەوە زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بكرێ، نەك بۆخۆمان رەوا بە شتێك بدەین، كە لە نەتیجەدا بە زەرەری ئێمە بشكێتەوە، ئەگەر بكرێت زیاتر ئەوە هەڵوەستەی لەسەر بكرێ و مەسەلەی شارەوانیەكان زیاتر دەسەڵاتی پێ بدرێ، لە هەمان كاتدا، تەسادومێك دەبێنم لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیران و دەسەڵاتی پارێزگاكاندا، كە ئەوەش فەوزایەكی تر لە رووی یاساییەوە و لە رووی دەسەڵاتەكان هەمووی تێكەڵە، دەسەڵاتەكان چ لەگەڵ پەرلەمان و چ لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان بێت، بۆیە من پێم باشە زیاتر وردبینەوە، من بەرچاو روون نیم لەوە، راستە شارەزاییەكی تەواویشم نیە لە رووی یاساییەوە، بەلام ئەوەی سەرنجم داوە وای تێگەیشتووم، ئومێدەوارم لێژنەی یاسایی زیاتر بەرچاومان روون بكەن لەو رووەوە، چونكە تێكەڵ بوونێك دەبێتە ئەوەی زیاتر ئێمە ماهیەتی ئیقلیم كەم بكەینەوە، زیاتر گرنگی دان بە پارێزگاكان بدەین، كە ئەوە لە مەصلەحەتی ئێمە نیە، بۆ موستەقبەلێكی دوور لە رووی سیاسیەوە تەماشای بكەین و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصر الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەراستیدا ئەم یاسایە بە مەبەستی تەبەنی كردن و جێبەجێكردنی مەبدەئی لامەركەزییەتە، لامەركەزیەتیش بە مانای تەوزیع كردنی دەسەڵاتەكان بەشێوەیەكی شەفاف بەشدارییەكی بەرفراوانی خەڵك لەسەرجەم پارێزگاكانی هەرێمە، ئەم یاسایەی ئێمە جیاوازییەكی زۆری تێدا دەبێنم لەگەڵ یاسایەكانی پارێزگاكانی هەرێمی عێراق، ئەگەر مەبەست لەم جیاوازیەش پاراستنی تایبەتمەندییەكانی

هەرێم بێ کە گوایە ئێمە لە چوارچێوەی هەرێمێکداین و ئەوان پارێزگایەکی رێك نەخراون لە هەرێمدا، ئەگەر پاراستنی خصوصیاتەکانی هەرێم لەسەر ئەساسی کەم کردنەوەی دەسەڵاتەکان و تەبەنی کردنی لامەرکەزیەت بێ، بەراستی پاراستنی ئەو خصوصیاتە نەبێ باشترە وەك لەوەی کە هەبێ، لێرە ناوی وەزارەتی ناوەخۆ هاتووە، ناوی ئەنجومەنی وەزیران هاتووە، بەهەمان شێوە وەزارەتێك تەعامول دەکات لەگەڵ مەجلیسی موحافەزات و مەجالیسە مەحەلیەکان هیچ ئازادیەك و سەربەستیەك لە بواری مالی ئیشارەتی پێنەدراوە، نە لە بواری کارگێڕیەوە، پاشان لە عێراقدا وەزارەتێك هەیە، راستە وەزارەتی ناوەخۆ و پارێزگا لە رووی ئیداریەوە رەبتە بە وەزارەتی ناوەخۆ، بەڵام لە عێراقدا هاوشێوەی ئەوە وەزارەتێکی تایبەت کراوە بۆ شوئونی موحافەزات، ئەکرێ لێرەش وەزارەتێك، یان هەر هەیئەتێکی تر کە مەجلیسی موحافەزات پێوەی رەبت بکرێ، دیاری بکرێ بۆ ئەوەی ئایندەی کاری ئەوان لە چوارچێوەی ئەو وەزارەتە دابێت، ئێمە لەسەر زاری بەڕێز وەزیری پلاندانان و هەموومانیش کۆکین لەسەر ئەوەی کە کاروباری وەزارەتەکە و ئەنجومەنی پارێزگاکان و پارێزگاکان لە رابووردودا لە بواری وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم باشتر بەرێوەچووە و بە شێوەیەکی شەفافانە بەرێوەچوون و لە کاتی خۆشیدا زۆربەی پرۆژەکانیان داناوە، ئەوە قسەی ئێمە نیە، ئەوە قسەی بەڕێز وەزیری پلاندانانە کە چەند جارێك و لە چەند بۆنە و موناسەبات تەئکیدی کردۆتەوە، بۆیە من داوا ئەکەم، بەشێوەیەك ئەم یاسایە دەربچێ کە تەبەنی مەبدەئی لامەرکەزیەت بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەڵلا من پێش ئەوەی نوقتەی نیزام بڵێی، من خۆم دەزانم نوقتەی نیزامەکەتان چیە، من خۆم نوقتەی نیزامیم هەیە لەسەر ئەو دوو، سێ برادەرەی کە قسەیان کرد بەڕاستی، دەبوایە یان خۆم، یان برادەرانی لێژنە روونکردنەوەی زیاتر بدەین، دوو حەقیقەت هەیە لە موناقەشەکاندا ئینتیباهی بکەن، یەکێکیان: ئێمە ئەو قانونە بۆ ئەنجومەنی سێ موحافەزەکە دائەنێین لە هەرێمی کوردستاندا رێکخراون، ئەو قانونە پێشتر بە هەڵبژاردن کراوە، لەهەموو عێراقدا، لەسەرتاسەری عێراقدا دەسەڵاتێکی هەبووە، دوایی پاش ئەوەی کە دەستوورمان هەیە، دەستوور ئیقراری ئەو هەرێمەی کردووە وەکو هەرێمێکی فیدراڵی، پاشان قانونێك دەرچووە، قانونی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە عێراقدا، ئەو ئەنجومەنانەی کە لە هەرێمێکدا رێکنەخراون، هەڵبژاردنیش بۆ ئەوان کران، قانونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە لە هەرێمێکدا رێکنەخراون، واتا رێکخستنی هەموو بابەتەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەکرێت، دەسەڵاتەکانی هەڵبژاردنی هەموو دەبێ لێرەوە قانون دەربچێ، ئەوە راستیەك، دووەم: قسەکانی کاك باپیر و کاك بارزان، دوو شتی عەکسی یەکتر بوون، ئەو دەڵێ: دەبێ پەرلەمان وا بێت، دەسەڵاتی زیاتر بدرێ، ئێمە هەرێمێکین، کاك بارزانیش داوای زیاتری دەکات، بەبێ ئەوەی بگەینە ئەو ماددەیەی کە عیلاقەی بەو دوو قسەیەوە هەیە، مەفروزە کە گەیشتین و ئەوەی کە پێت وایە لامەرکەزیەتی زیاتری داوە، قسەی خۆت بکە، یان پێت وایە ئەوە دەبێ زیاتر بدات، ئەو کاتی

قسەی خۆت بکە، ئەگەر رەئیەکەت پەسندکرا، ئەو وەختی رەنگە پەیوەندی بەوە هەبێ کە بگەڕێنەوە سەر ماددەکانی پێشووتریش، هەتا سەر ئەو تەعابیرانەی کە لە ماددەی یەکدا هاتووە، بەڵام ئێستاکە من پێم وایە واز لە یاساکە بێنن، کەئەنەهو لە لیژنەی دانیشتووین و تازە پرۆژە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکەینەوە، ئەوە شتێکی هینە، من پێم وایە ئەو ماددانەی کە تەبیعینە بڕۆن، ئەگەر بێت و گۆڕانکاری کرا، خیلافی هەبوو لەگەڵ ماددەی پێشتر دەنگمان بۆداوە، دەگەڕێنەوە سەری و رایدەگرین و پێویست دەکات لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوەخۆ پێداچوونەوە بکەن، بەڵام هەتا دەگاتە ئەوە، من پێم وایە نەچینە سەر ئەو مەوەزوعە، چونکە ئەوە یەکلاکراوە، پرۆژەیەکی حکومەتە هاتووە، چەندین مانگە دواکەوتووە، موناقەشە کراوە، لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆبوونەوە کراوە، چەندین جار کۆبوونەوە کراوە، جارێکیان ناردوومانەتەوە حکومەت و هاتووتەوە، کۆبوونەوەی هاوبەش کراوە، خولاصەی رەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوەخۆ، ئەوەیە کە راپۆرتەکان هەمووی تەوحیدکراونەتەوە، لەوەی کە ئەو هینە، بەرەئی من، بەرچاوکردنی ئەوەی کە هەردوو پرنسیپەکان، یەکێکیان، لامەرکزیەتی زیاد بدرێتن بە دام ودەزگاکانی موحافەزات و ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەبەر ئەوەی کاری ئیداری پێویست دەکات ئەو لامەرکەزیەتە هەبێت، دووش: تایبەتمەندی کوردستان بپارێزرێت وەکو هەرێمێك، دەسەڵاتی تەشریعی، ئەو دەسەڵاتانەی کە لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا هەیە، پەرلەمانی کوردستان پێی هەڵدەستێت، ئەگەر نوقتەی نیزامی نیە، قسەی خۆتان کرد، فەرموو دەی.

**بەڕێز بابیر کاملا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێمە زیاتر لامەرکەزی سیاسیە، ئەوەی کە باس دەکرێ لامەرکەزی ئیداریە، تێکەڵیەك هەیە لە نێوان لامەرکەزی ئیداری و لامەرکەزی سیاسی، من مەبەستم ئەوە بوو کە لە موحافەزات داوا دەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصر الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەسەت لەم قسانە و لەم ماددەیە، من پێشنیارێکم کردووە کە وەزارەتێکی مەعنی هەبێ کە بۆ شوئونی موحافەزات و کاروباری ئەوی بەرێوەبەرێ لە جیاتی وەزارەتی ناوەخۆ، کە تەنها رەبتی بەوەوە هەیە، دوو: پێشنیارێکی ترم هەبوو، بوارت نەدا، کە من پێشنیاردەکەم، مەجلیسی قەزا و ناحیەی نەمێنێ لەو قۆناغەدا، زۆربەی پرۆتۆکۆلاتی نێودەوڵەتی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لەو ماددەیەی كە باسی لێ دەكەین، دەتوانی تەرحی بكەی، باسی ئەنجومەنی مەجلیسی قەزا دەكەین، باسی ئەنجومەنەكان دەكەین، دەتوانی، كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عیمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو یاسایەی دەریدەكەین، خاوەنەكەی كەس لێرە مەوەجود نیە، دەبوایە ئەوەی نوێنەری پارێزگاكان یەعنی نوێنەری وەزیرەكان لێرە مەوجود بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ئاگاداری وەزیرمان كرد، بەڵام وەزیری ناوەخۆ هێشتا سوێندی نەخواردووە، وەزیری ناوەخۆی پێشوو ئیستیقالەی كردووە، وەزیری ناوەخۆ كە پێویستە لەو تەوحیدەدابێت، ئەنجومەنی پارێزگاكان، پارێزگار یان ئەنجومەن، ئەوانە ناتوانن بێنە ئێرە بەڵام لە كۆبوونەوەی لیژنەكان حازر بوونە و گوێ بیستی رەئی ئەوان بووینە و دەزانین رەئیەكانیان ئەوەندەی بۆیان كرابێت لیژنەكان ئەو رەئیانەی كە پەسەندیان كردووە لیژنەكان نووسراوە، بەڵام لەگەڵ حكومەت بە دائیمی لە كۆبوونەوەدا بوونە و خولاسەی ئەوەیە و ئەوە تەعبیریش لە رەئی حكومەتیش دەكات ئەو راپۆرتە، چونكە دوا راپۆرت بە ڕاوێژ كردن لەگەڵ حكومەتیش و لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاكانیش حازر كراوە، نوقتەی نیزامی بێت تكایە، فەرموو كاك سعدالدین.

**بەڕێز مەلا سعدالدین مەلا عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو مەشروع قیرائەی ئەوەڵی و مەشروع، ئێمە تەسویتمان لەسەر مەشروعێكی تر كردووە، لابودە ئەو راپۆرتەی هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ كە حازریان كردووە ئەو سیاغە نوێیەیان حازر كردووە تەسویتی لەسەر بكرابا و بكرابا ئەساس، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان ئەوەی جواب بدەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ئەو مەشروعەی ئێستا ئامادە كراوە، هەمووی لە مەشروعی یەكەم و مەشروعی دووەم هاتووەتە ئاراوە و هیچ شتێكی تازەی تێدا نیە، بەڵام ئەگەر بشدرێتە تەسویت هیچ مانعێك نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە نایەوێت بخرێتە تەسویت، ئەوە شتێکی تەبیعیە و خۆتان دەتوانن تەوحیدی بکەن، حەقی تەبیعی لیژنەکانە، کاک مامۆستا انورفەرموو.

**بەڕێز انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من لە برگەی 11 (المجالس: مجالس الوحدات الاداریە) یەعنی پێویستی بە تەوزیحی زیاتر هەیە، چونکە لە برگەکانی داهاتوو دا هەمووی باسی لە مەجلسی موحافەزە دەکات یان مەجلسی قائیمقامیەت دەکات، ئەوە نازانم چۆنە؟! خاڵی 12 یش مەسەلەی 100 کەس بۆ قەریەیەك، بۆ گوندێك، بە چ پێوەرێك ئەوە داندراوە، یەعنی ئەوە چۆنە؟ چونکە ئێستا گۆڕانکاری زۆر لە گوندەکانی کوردستان بووە، شوێنێك هەیە ئاوی نەماوە و شوێنێکی تر هەیە ئاوی هەیە و سێ ماڵی لێ هەیە، شەرت نیە بگاتە 100 کەس لەو گوندەدا، خەدەماتی بۆ دەچێت یان ناچێت؟ یەعنی ئەوە نازانرێت، ئەوە پێویستی بە تەوزیحێك هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا زۆر وازحە کاک مەلا انور، بە نسبەت ئەو پرسیارەی کە کرد، مەجلس بە تەنها ئەگەر ناوی بێت مەبەستی ئەنجومەنی پارێزگایە ، ئەگەر گوتی ئەنجومەنی مەحەلی ئەوە لێرە دیاری کردووە و مەبەستی ئەوەیە ئەنجومەنی قەزاو ناحیە، ئەگەر بە تەنها گوتی ئەنجومەنەکان مەبەستی هەر سێکیانە زۆر وازحی لێرە، کاک کریم نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی کاک سعدالدین سەبارەت بەوەی کەوا دەبێت ئەوە بکرێتە ئەساس و دەنگی بۆ بدرێت، ڕاستە لەڕووی یاساییەوە ئەگەر دەنگی بۆ نەدرێت و نەکرێتە ئەساس ئەوە ناکرێت، چونکە پرۆژەکەی دیکە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو پرۆژەیە، کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، یان ئەوەتا ئەوە بکرێتە ئەساس و ئەوە موناقەشە بکرێت، یان ئەوە، لەڕووی یاساییەوە دەبێت دەنگی بۆ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک فرست رەئیت لەسەر ئەوە چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ نەسێك لە نیزامی داخلی دا نیە کە تەئیدی ئەوە بکات، دەمێنێتەوە بە نیسبەت لیجانی قانونی لە قەواعیدی عام لە پەرلەماناتی عالەم کە زیاتر لە مەشروعێك هات، لیجانی موختەس حەقیان هەیە تێکەڵاوی بکەن و تەوحیدی بکەن، بە رەئی من موحتاجی تەسویت ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مساعەدە بکەن، ئەگەر نە بە ئا و نە بە نا نیە، ئەگەر هەر دوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ پێیان باش بێت دەیخەینە تەسویتەوە.کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزان هیچ لیژنەیەك مانع نیە کە بخرێتە تەسویتەوە، ئەگەر بخرێتە تەسویتیش شەرعیەتی زیاتر دەدرێت و دەبێتە یەك پرۆژە بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو راپۆرتەی هاوبەشی هەر دوو لیژنە کە حازریان کردووە دەیخەمە بەردەمتان بۆ دەنگدان بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ فەرموون، تەنها کاك بارزان لەگەڵ دانیە، موناقەشەی بکەن، کاك هیوا نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئایا نابێت پرۆژەکە بخوێندرێتەوە ئینجا تەسویتی بۆ بکرێت؟ پرۆژە نەخوێندراوەتەوە تەسویتی چی بۆ دەکرێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەو پرسیارەم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە تەسویتی بۆ کرا، تەواو بوو، تەسویتمان بۆ ئەوە کرد ئایا ئەو دوو راپۆرتە بخوێندرێتەوە یان نا؟ موافەقەتتان کرد بخوێندرێتەوە، یەعنی بخرێتە بەرباس یان نا؟ گوتتان بەڵێ، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەرەتاش ئیشارەتم پێی دا، ئەم دوو پرۆژەیە هەردووکیان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەوەی ئێستا ئامادەکراوە لەسەر ڕۆشنایی ئەو دوو پرۆژەیەیە کە پێشتر هاتووە و لێرە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ

کراوە زائیدەن مولاحەزاتی لیژنەی قانونی، زائیدەن مولاحەزاتی لیژنەی ناوخۆ لە ناو پرۆژەکە دایە، واتە ئەو پرۆژەیەی کە تەسویتی بۆ کرا دەبێتە پرۆژەیەك بۆ ئەساسی ئەوەی کە موناقەشەی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەشکالەکە لە چی دروست بووە؟ ئێمە بە عورفی پێشوومان هەمیشە ئەسڵێك هەبووە ئینجا راپۆرتیش هەبووە، ئێستا راپۆرت و ئەسڵەکە بووە بە یەك، یەعنی ئەشکالیەتەکە بۆچی؟ ئەو دوو راپۆرتە موشتەرەکە حەقی خۆیەتی هی ئەو لیژنەیەیە، بەڵام ئەسڵەکە کامەیە، ئێمە هەموو جارێك ئەسڵەکەشمان دەخوێندەوە لەگەڵ ئەویش دا راپۆرتەکەشمان دەخوێندەوە، ئێستا ئەو ئەسڵە گوم بووە، ئەوە چۆن موعالەجە دەکرێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەنگمان بۆی دا، ئەوە هیچ، بەڵام هەر بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتر ئەسڵەکە خوێندراوەتەوە و چەندین کۆبوونەوە کراوە، لەگەڵ حکومەت دنیشتن کراوە، ئەگەر ئەو تفسیلاتە نەبایە هەمووومان سەرمان لێ دەشێوا، کە بیخوێنیەوە گۆڕانکاریەکی زۆری بۆ کراوە، بۆیە هەردوو لیژنە رەئیان وا بوو ئەسڵەکە و راپۆرتەکان یەك بخەن وەکو راپۆرتێك، چونکە گۆڕانکاری زۆری لەسەر کراوە، ڕەنگە لە هەموو ماددەکان کرابێت، بۆچی هین بکەین مادام هەمووی گۆڕانکاری کراوە، یەك ڕاپۆرت بخرێتە بەردەمی ئێوە و رەئیشتان لەسەر ئەوە بووە و کە ئێوەش دەنگتان بۆی داوە، دەچینەوە سەر موناقەشەکانمان، بە ناوی نوقتەی نیزامی چارەت ناکەم فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ موعالەجەی ئەو مەوزوعە رەئیم هەیە، کە برادەران حەقیانە لەم مەوزوعە، ئەم راپۆرتە هاوبەشە جیاوازە لەگەڵ راپۆرتە هاوبەشەکانی تر، کە هاتوون لە تەعاریفەوە دەستیان پێ کردووە و هەموو قانونەکەیان دارشتووەتەوە، دەستیان خۆش بێت، بۆیە ئێمە بەس ناونیشانەکەی با بگۆڕین بیکەینە پرۆژە یاسای ئەنجومەنی موحافەزات، ئینجا لە ناو تەعریفەی کە بیدایەت کردوومانە، لەوێ بڵێین لە ئەنجامی دانیشتن و وردبوونەوەی هەر دوو لیژنە ئەم پرۆژە یاسایە هاتە ئاراوە، یەعنی لێرەدا هیچ موشکیلەمان نامێنێت، بەس ناوی بابەتەکە بگۆڕین و بیکەینە پرۆژە یاسای پێشنیار کرا و بۆ ئەنجومەنی موحافەزات، دواتر لەو تەفاسیلەی کە لە بیدایەت باسمان کردووە بڵێین ئەم پرۆژە یاسایە دوای خوێندنەوەی یەکەمی چەندجارەکی و دانیشتنی هەر دوو لیژنە هاتووەتە ئاراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی نەبوو، حەلەکەشت حەل نەبوو، ببورە، ئەگەر تەماشای تەقریرەکە بکەی لەسەرەوە نووسراوە (راپۆرتی لیژنەی هاوبەش)، لە خوارەوەش (پرۆژە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان)، خۆی نووسراوە، کاك اسعد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاكر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ تێبینم هەیە، یەکەم: لە لیژنەی هاوبەش داواکارم لەسەر ناوی پرۆژەکە لەسەرەوە لەشەرح دەڵێت (قانون مجالس محافظات اقليم كوردستان ـ العراق) لە خوارەوەش بە گەورەیی نووسراوە (قانون محافظات لاقليم كوردستان ـ العراق) ئایا (مجالس محافظات اقليم كوردستان) یان (محافظة لاقليم كوردستان)ە؟ دووەم: دەبێت لە ماددەی یەکەم فەقەرەیەك زیاد بکەین پێناسەی یاسایەکە، چونکە لە ناو پرۆژەکە لە زۆر جێگا ناوی یاسایەکە دێت، کەواتە دەبێت برگەیەك بۆ یاسا دابنێین، سێیەم: لەسەر فەقەرەی 12 ژمارەی دانیشتوان کە 100 کەس بێت، زۆر گوند هەیە لە 100 زیاترە، ژمارەکە لە نێوان 150 ـ 200 کەس بێت باشترە، یەعنی (لایقل 150 ـ200 )یەعنی تەسبیت بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لە ڕاستیدا مولاحەزەی یەکەمت هینە، عەینی مەفهوم دەگەیەنێت، وابزانم هی عیراق قانونی موحافەزات نووسراوە، یاسای پارێزگاکانی کە ڕێك نەخراوە لە هەرێمێك دا، نەنووسراوە ئەنجومەنی پارێزگاکان، شامل ترە بڵێی یاسای پارێزگاکان، لەبەر ئەوە لێرەشدا وا هاتووە، بە هەرحاڵ دواتر لیژنەی هاوبەش مولاحەزاتەکان کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی وەڵامیان بدەنەوە، کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر برگەی 12 یە کە گوند لە 100 کەس کەمتر نەبێت، من پێم وایە 100 کەس کەمتر نەبێت کەمە، وەکو مامۆستا اسعد پێش من ئیشارەی پێدا، لەبەرئەوەی بەڕاستی تۆ ئەگەر گوتت گوند ئەگەر لە 100 کەس پێك بێت، عادەتەن لە گوندانیش لە لادێکان ژمارەی خێزان زۆرە و 10 خێزان تا 12 خێزانە، هەر 10 خێزان و 12 خێزانێك مەکتەبی پێویستە و بنکەی تەندروستی پێویستە و کارەبای پێویستە، مزگەوتی پێویستە، ئەرکێکی زۆر دەکەوێتە سەر حکومەت، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە هاندانی خەڵکە کە پەرش و بڵاو بێت، حکومەت بە ئاسانی ناتوانێت خزمەتگوزاری بگەیەنێت، جگە لەوەش ئەوەی دیومانە لەو چەند ساڵەی دوایی بە هەر هۆکارێك بێت، لەبەرئەوەی ڕێنمایی پێویست نیە، حکومەت ئاگادار نیە، تەنانەت بە هۆی بڵاوبوونەوەی خەڵك لە ناوچەکانی دەرەوەی شار، ناوچەیەکی زۆری کشوکاڵی داگیر کراوە، لەبەرئەوە ئێمە پێمان وایە، منیش و مامۆستا اسعدیش پێشنیاری ئەوەی کرد کە لە 150 کەس کەمتر نەبێت بە لایەنی کەم، چونکە ئەو کات حکومەت ئاسان تر دەتوانێت، ئەگەر خەڵکێکیش هەبێت بیەوێت دوو ماڵ و سێ ماڵ و چوار ماڵ لە شوێنێك بۆ خۆیان نیشتەجێ بن ئەوە

خزمەتگوزتاریەکە دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان، بەڵام بەو شێوەیە، پێم وابێت بۆ دوا ڕۆژ کارێکی خراپ دەکەین و ئەرکی حکومەتیش قورس دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵاهی ئەو مولاحەزەیە بە جێیە، چونکە هی عیراق زۆر زیاترە نفوسی، وابزانم 250 یە 300؟ حەقە ئیهتیمامێك بدرێت بە ئەوە، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش مولاحەزەکەم هەر لەسەر بڕگەی 12 بوو کە بەڕاستی گوند بکرێتە 250 باشترە و دەتوانین لەو حاڵەتە هەندێك گوندی بچووك هەیە کە کۆیان بکەینەوە و دێی تازەیان بۆ دروست بکەین و هەموو خەدەماتێکیان بۆ دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی مەنیقەی ئێمە مەنتیقەیەکی شاخاویە و چیایە، عادەتەن کەم دەژین، لە هەندێك شوێن، وەکو عیراق نیە، خۆتان دەزانن دوو ئاوی گەورەی هەیە، لەبەرئەوە دەبێت لە کوردستان شتێکی تایبەتی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئێستا موناقەشەی ئەو خاڵە ناکەین، ئەوە رەئی ئەندامانی پەرلەمانە و ناویان نووسراوە، موناقەشەی دەکەین ئەخیرەکەی دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی ناوی نووسیوە و لەسەر ئەو مەوزوعە قسەی دەکات....، ئەگەر وابێت ئەو ماددەیە بە ڕۆژێك تەواو نابێت، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ئیلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بە پێویستی دەبینم کە بڕگەیەك یاخود تەعریفێکی تر ئیزافە بکرێت، بە ناونیشانی (الناخب) تەحدید بکرێ کە ناخب کێیە، تەعریفەکەشی بەم شێوەیە بێت، (لایقل عمره عن 18 سنة وان یکون من ابناء المحافظة او مقیما فیها مدة لاتقل عن 10 سنوات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە قانونی ئینتیخابات نیە کاك جمال، قانونی ئینتیخابات دەبێت بنووسرێتەوە، کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز مەلا سعدالدین مەلا عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو مولاحەزە ئیقتیراح دەكەم، تەصویتی ئەو ماددەیە بخرێتە ئاخیری، چونكە لەبەر ماددەی 21 ئەوانەی پەیوەندیان بە یەكەوە هەیە، باسی وەزارەتی داخیلی و مەركەزیەت و لامەركەزیەتی تێدایە، چونكە ناكرێ ئێمە تەصویت لەسەر ئەو ماددەیە بكەین و جارێكی دیكەش بگەڕێینەوە سەری، ئەگەر هەندێ تەغیرات روویدا، ئەوە یەكەم، دووەم: لێرە باس لە نۆیەم دەكەم، نۆیەم لە 11، لە نۆیەم دەڵێ: المجلس:مجلس المحافظة، دوایی عەینی صیغەكەی بە جمع هێنایە و دەڵێ: المجالس: مجالس الوحدات الاداریە، شەرت نیە یەعنی كە گوتت مەجلیس ئیلا مەقصەدت مەجلیس موحافەزە بێت، كە گوتت مەجالیس مەقصەدت ئەوە بێت مەجالیس وەحداتی ئیداریە، ئەوە جەمعە و ئەوەش پێی دەڵێی مەجلیس، نوقتەی سێیەم: لێرە كە باسی قەریەی دەكات، مەقصەدی لەوە نیە ئەوە قانونی بەلەدیە بێت، یان قانونێكی دیكە بێت تەحدیدی ئەوەی بكات، ئەوە قەریە لە چەندی پێك دێت و لە چەندی پێك نایەت، یان تەسمیەی قەریەی لەسەری بكات، نا ئەوە باس لەوە دەكات، باس لە مەجالیس دەكات، مەجالیس لەوەندەیە و قەریە ئەگەر هات و لەوەندە تا ئەوەندە بوو، لۆی هەیە ضم بێت لە قەزا بۆ ناحیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دیارە كە جوابی كاك ئەنوەرم داوە، جەنابت كە بانگم كردی ئاگات لێ نەبوو، یان لەشەرحدا ئاگات لێ دەبوو، ئەگەر نا زۆر بە وازیحی باسم كرد، و زۆر وازیحە و جەنابت عەرەبیەكی باش دەزانی، ئەگەر لەو قانونانەدا ئەگەر وتیان المجلس، مەقصەدی مەجلیسی موحافەزەیە، كە وتی (المجلس المحلی)، مەجلیسی مەحلی قەزایە یان ناحیەكەیە؟، كە بەتەنیا المجالس هات، مەقصەدی ئەوەیە مەجلیسی قەزا و ناحیە و موحافەزەكەیە، ئەوە عەینی قسەم كرد، كاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارەكم هەیە، هی دووەم: ئەو قانونە صادر دەكرێ بە ناڤێ ئەنجومەنی پەرلەمان؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

قانونەكە صادر بوو، ناوەكە گۆڕدرا، ناوەكەی گۆڕا لە 26ی مانگەوە، ناوی كرا بە پەرلەمانی كوردستان، بەرەسمیش لە 25ەوە، بە رەسمیش بە كیتاباتی رەسمی فەرمانێك دەردەچێ كە لە 4/1 هەموو نووسراوێك و دام و دەزگاكانی حكومەت دەبێ بنووسرێ پەرلەمان، ناوی پەرلەمانیش لە پێش هیندا، ئەوە ئیشی تێدا دەكەین و ناوەكەش بگۆڕن، بەڵام قانونیەن لە 25ی مانگەوە ناوی بوویتە پەرلەمانی كوردستان، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە پرۆژەکەوە نازانم، پێم وایە ئەوە پرۆژەیە بە چوار نەوع لەلام هەیە، ئەوەی کە برادەران باسیان کرد کە نوقتەی نیزامیە،فیعلەن نوقتەی نیزامیە، ئەبوایە ئەم پرۆژەیە مادام ئەو تەقریرە کرایە ئەساسی گشتی بۆ پرۆژەکە، ئەبوایە خوێندنەوەی بۆ بکرابا و لە دواتردا، ئەو تەقریرە ئەمڕۆ بەڕاستی ئێمە لە سندوقەکاندا بینوومانە، ئەوەی ترمان لە لایە، لە 2006ەوە تا ئێستا لە لامانە، ئەوە دووبارە بوویتەوە، سەبارەت بە ناوی پرۆژەکە، من پێم باشە بیکەینە (قانون الادارە المحلیە)، لەبەر ئەوەی موحافەزە لە لامەرکەزیەی ئیداریدا شەخصێکی ئیقلیمیە، یەعنی ئەبێت جوزئێك لەوەی کە ئێمە لامەرکەزیەتی ئیداری دروست دەکەین، کە ئەو شوێنەی کە ئەمانەوێ، ئیدارە مەحلی بێ و بیگرێتەوە، هەروەها قانونی مصریش کە ئێستا هەیە، هەر بەو ناوەیە، پێشتر بە ناوی حوکمی مەحلی ناوی هەبوو، بەڵام دوای دیراسەیەکی زۆر دەرکەوت کە ئیدارەی مەحەلی گونجاوترین ناوە بۆ لامەرکەزیەی ئیداری، سەبارەت بە پارێزگا، جەنابت ئاگاداری ئێمە بەراستی ئەگەر لێرە ناوی پارێزگا بێت، ئێمە پێشتر باسی گەرمیانمان کرد و جەنابت ئاگاداری لەو مەوزوعانە، گەرمیان پێش رووخانی رژێمی سەددام، پارێزگایەکی هەبوو بەناوی پارێزگای کەرکووك لە دەربەندیخان، لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتدا لە ماددەی 53دا ئیعتیراف کراوە کە هەموو ئەو قەرار و قەوانینەی کە حکومەت و بەپەرلەمانیشەوە دەریانکردووە، ئەم موحافەزەیە کە لە دەربەندیخان بووە، بە فەرمانی ژمارە 7 لە 1992/9/13 یەکەم پارێزگاری بۆ دانراوە، ئەوە بەڵگەیەکی قانونیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەرکووك رزگار بوو، کەرکووکی راستەقینە، ئێستا یەعنی ئەو ئیدارەیە وجودی نەماوە، ئەگەر ئەم قانونە بە موحافەزە بەس تەنها ناوی موحافەزە بێت، ئیدارەی گەرمیان جێگەیەکی نەبێ وەکو جەنابت ئاگادار بێت پرۆژە بریارێکیش تەقدیم کراوە نازانم تا چ رادەیەك ئەخرێتە بەرنامەی کارەوە، یەعنی بەڕاستی ناکرێ (1010)دێ، ناکرێ 17 ناحیە، ناکرێ ئەو مەجموعە قەزایە، راستە ئێستا قەزا و ناحیەکان بێ، بەڵام ئێمە کە باس لە مەجلیس دەکەین، لە ماددەکانی داهاتوودا دەسەڵاتێکی زۆر فراوانی هەیە، ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات و ئەو وەزعەی ئەوێ جێگەی نەکەینەوە، کەواتە ئەو ناوچەیە بێ ئەنجومەن دەبێ، یەعنی بێبەش دەبێ لە لامەرکەزیەی ئیداری، یەعنی بەڕاستی من ئەڵێم: ئەگەر بکرێ لەم یاسایەدا، یان لەو پرۆژە بڕیارەدا کە جەنابت لێرە زۆر بە تەفسیلی ئاگاداری لێی، ئەگەر بکرێ بخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئەویش حاڵەتێکە و عیلاجێکی بۆ بکرێ، سەبارەت بە ئاوایی، من بە تەجروبەی خۆم، هەم مودیر ناحیە بووم، هەم هەندێ جار وەکیلی قایمقام بووم، گەرمیان ئەهێنمەوە بۆ نموونە، کە بەر ئەنفال و کاولکاریەوە کەوتووە، 1100 دێی گەرمیان ئێستا بچۆ ئیحصا بکە 10 دێ نابینیتەوە دانیشتوانەکەی 100 کەس بێت، یەعنی بە پێی ئەم تەعریفە، لەسەرتاسەری گەرمیاندا، تەنها رەنگە 10 دێ هەبێت کە 100 کەسی لێ بێت، بۆیە من دەڵێم: ئەم ژمارەیە بەراستی بە زۆر ئەزانم، ئەگەر وەکو مەرحەلەیەکی ئینتیقالیش بێت، ئێمە ئەو تەعریفە بە شێوەیەك بنووسین با بڵێین لە 50 کەس کەمتر نەبێ، یەعنی ئەوەی بە باشتر دەزانم، ئەکرێ لە داهاتوودا ئەگەر حکومەت بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی هەبێ، وەرن ئیحصایەکتان بدەمێ کە لە هەموو گەرمیاندا 10

دێ ئاوەدان نەکراوەتەوە تا ئێستا لە لایەن حکومەتەوە، ئەگەر لە داهاتوودا ئاوەدانکردنەوە هەبێت، 10 تا 15 دێی کۆبکەیتەوە لە جێیەکدا و بە ئارەزووی خۆیان ژمارەکە زیاد بێ، ئەوە ئەگونجێ لەگەڵ تەعریفەکەدا، بەڵام لەم قۆناغەدا من پێم باشە ژمارەیان کەم بکەینەوە، لەبەر ئەوەی دێهاتەکانی هەموو کوردستان، بە تایبەتی ناوچەی گەرمیان بێبەش نەبن، ئەو تەعریفە، ئەو قانونە ئەگەر لە داهاتوودا لەسەری جێبەجێ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل ئەوە ناوی هیچ موحافەزەیەکی تێدا نیە، قانونی موحافەزاتە، ئەو قسەی جەنابت کردت، من باش تێدەگەم، بەڵام لێرەدا نەیوتووە موحافەزەی سلێمانی و هەولێر، قانونی موحافەزاتە، ئەوە مەوزوعێکی ترە، مەوزوعەکەی تر لە باس کردندایە، باسیشمان کردووە و قسەشمان لێی کردووە، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من تەئیدی قسەکەی کاك عادلە، دەکرێ ژمارەکە کەم بکەینەوە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مولاحەزاتانە دوایی هەردوو لێژنە جوابتان دەدەنەوە، قسەکان کۆتایی پێهات، خاتوو نەسرین فەرموو.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەو خاڵی 12 بە نیسبەت گوندەکانەوە، ئەگەر هاتو لە 100 کەس کەمتر بێت، ئەوانەی لە 100 کەس کەمتر بێت چۆن ئیشیان بۆ ئەکرێ؟ ئێستا ئەوە ئەڵێی: 100 کەس کەمتر نەبێ، ئەی ئەگەر 50 کەس بێت؟ ئەگەر 60 کەس بێت؟ ئەوماڵانە ئەبێ سەر بە کوێ بن و چۆن چارەسەری کێشەکانیان دەکرێ و سەر بە کوێ دەبن تا ئیشیان بۆ بکرێ؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش تێبینیم لەسەر ناونیشانی پرۆژەکە هەیە، دەبوایە پرۆژەکە بە ناونیشانی، وەکو چۆن لە دواییدا هاتووە، (مشروع قانون المحافظات لاقليم كوردستان-العراق)، ئەوە بهاتبایە، ئینجا دوایی ئەوان ئەو

ناونیشانەی کە داویانە لە تقریر اللجنە المشترکە، پێویست نەبوو ئەصڵەن ئەوە وەکو ناونیشان بێت، منیش لەگەڵ ڕەئی خوشکە پەخشانم کە نەئەبوایە بەناوی لێژنەی موشتەرەك بوایە، دەبوایە تەقریری موشتەرەك بوایە، بۆ چاککردنەوەی ئەوەش من پێم وایە ئەتوانرێ عیلاج بکرێ، بڵێین: قررت اللجنة توحید تلك الافكار و تسهیلها للمناقشة و التصویت، قررت اللجنة توحید تلك الافكار في مشروع واحد، او في هذا المشروع، ئەو وەختە حەل دەبێت یەعنی پێویست ناکات، یەعنی عینوانەکە بگەڕێنینەوە بۆ خۆی، ئەوە خاڵێك، دوو: من لەگەڵ ڕێزمدا من نوقتەی نیزامیم هەبوو، بەڵام ترسام وتم ئێستا نوقتەی نیزامی بڵێم، دوایی نایەڵێت قسە بکەم، جا لەبەر ئەوە بەڕاستی من نوقتەی نیزامیم هەیە و ئەبوایە وەزیری ناوەخۆ، ئەگەر نیە، وەزیری کاروباری ناوەخۆمان هەیە، ئەبوایە لێرە بوایە، جگە لەوەش، بەڕاستی وەزیری هەرێم هەیە بۆ کاروباری پەرلەمان، من لەگەڵ ڕێزمدا نەدەبوایە ئیجازەت بدابا پێی تا بڕواتە دەرەوە، ئەگەر هیچ نەبوایە ئەو لێرە ئامادە بوایە، خاڵێکی تر، من لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەوانەی کە باسی دێهاتی کوردستان دەکەن، ئەیانەوێ بەراوردی بکەن لەگەڵ دێهاتی ناوچەکانی تری عێراق، ئێمە وەکو کاك شێردڵی بەڕێز باسی کرد کە ئێمە ناوچەی شاخاویمان هەیە، ئێمە هەندێك دێهاتمان هەیە دووره دەستن، یەعنی نەك تەنها ئەو ژمارەیە، یەعنی من پێم وایە ئەو ژمارەیە هەر ناکرێ ئێمە تەسبیتی بکەین، لەوانەیە پێنج ماڵ بێت، دە ماڵ بێت، علی الاقل ئێمە بڵێین: لە بەینی 10 تا 20، ئێمە پێویستە ناوی ماڵەکان بڵێین، لە چەند ماڵ پێك دێت، نەك لە چەند کەس پێك دێت، چونکە ئەبێ لەبیر نەکەین، ڕۆژ بە ڕۆژ، هەتا ژمارەی دانیشتوانی دێهاتەکانیش خەریکە کەم دەبێتەوە، یەعنی خەریکە وەکو جاران، ئەگەر جاران هەر ماڵێك لە 15 یان 16 کەس پێك هات، ئێستا لەوانەیە هەر ماڵێك لە پێنج کەس یان شەش کەس پێك بێت، لەبەر ئەوە علی الاقل ئێمە بڵێین لە 5 ماڵ یان 10 ماڵ یان لە 15 ماڵ، تەحدیدی ماڵەکان بکەین، من پێم وایە 20 ماڵەکە مەعقولە، ئەگەر بڵێین: لە 20 ماڵ کەمتر نەبێ ئەوە دێ بێت، نەك بڵێین لە 100 کەس یان 200 کەس، ئەو ژمارانە ئەصڵەن ئێمە ناتوانین تەسبیتی بکەین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەسەر ماددەی 12 بە تەصەوری من ماددەیەکی زیادە هاتووە لە قانونەکەدا، چ لەسەر گوند، چونکە لەناو ئەم یاسایەدا هیچ قەزیەك نیە لەسەر مەجلیسی گوند، هیچ شتێك عیلاقەی بە گوندەوە نیە، باشترە هەر لای بدەین ئەوە، ئەگەر بمێنێتەوەش، بە تەسەوری من تا ئێستاش، تەئریخیەن لە کوردستان زۆر گوند بچووك هەبووینە، ئێستاش ماینە، هەیە سێ ماڵە یان چوار ماڵە یان پێنج ماڵە، زیاتر نیە، لەبەر ئەوە با نفوسەکە نەبێتە ئەساسی گوند، پرسیارێکیشم لە لێژنەی یاسا هەیە، موبەریرەکە چیە کە بڵێین المجلس المحلي للقضاء او للناحیة؟ ئەو مەجلیسە بۆ نەبێتە مجلس القضاء و الناحیة؟ چونکە هەمان

**صلاحيات و رسمی سیاسەی قەزایە، موراقەبەی سوڵتەی تەنفیزیە، ئینتیخابی قائیمقام و هەموو شتێك هەیە، باشتر وایە بڵێین موباشەرەتەن (مجلس القضاء و الناحیة) ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك غەفور فەرموو.**

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیاری یەکەمم لەسەر ناوی یاساکەیە، پرۆژە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بکرێتە پرۆژە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، چونکە ئێستاکە باسی مەجالیسی موحافەزات دەکات و زیاتر لە زمنی مەجالیس صلاحیاتەکانی تری دیاری دەکرێ، ئەوە یەك، دوو:ئێمە کە ناوی پەرلەمانمان گۆڕی، بە نیسبەت برگەی سێیەم، هاتووە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، بەڕاستی حەقە ئێمە لە کوردستان، هەموو دەزگاکان ناوەکان یەك بخەین، مەسەلەن: پەرلەمانی کوردستان-عێراق، لەو قۆناغەدا، ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان-عێراق، ناوەکان هەمووی یەك بخرێت، ئەوەش دەزانم پێویستی بە تەعدیل کردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەیە، بەڵام حەقە لەسەر ئەوەش ئیش بکرێ، خاڵێکی تر ئەوەی کە پێویستە لێرە باسی بکەین، مەسەلەی ئەوە بوو کە زۆر لە برایان و خوشکانی بەڕێز باسیان کرد، لەگەڵ ئەوەدام کە هیچ ژمارەیەك دیاری نەکرێ، لەبەر ئەوەی خۆمان دەزانین کە لە کوردستان گوند هەیە 4 ماڵە، 5 ماڵە، بە تایبەتی لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراق، ناوچەی گەرمیانە، ناوچەی کەرکووکە، دەڤەری مەخموورە، شنگالە، تازە گوندەکان هەندێ خەڵك دەگەڕێنەوە، کەم، کەم ماڵەکان چوونەتەوە، ئەوەش خۆمان لێی مەسئولین، بە پێی پێویست خزمەتگوزاریەکانمان نەگەیاندۆتە ئەو گوندانە بۆ ئەوەی خەڵك بە تەواوی بگەڕێتەوە، هەندێ گوند هەیە لەوانەیە سێ ماڵی بۆ چووبێ، بە سێ ماڵەکەوە سی کەس بێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە هیچ ژمارەیەك نەنووسرێ، هەر ئەوە بنووسرێ: لە کۆمەڵە ماڵێك یان کۆمەڵە کەسێك پێك هاتووە، وشەی مەجموعە بەکاربهێنرێت لە جیاتی ژمارەکە، زۆر حەلەکە تەوفیقی تریش دەبێ، لە هەمان کاتدا ئێمە دەتوانین ئەوەی پێنج ماڵیشە بە گوندی حیساب بکەین و ئەوەی 10 ماڵیشە، مەسەلەی یەکخستنی گوندەکانیش، ئەوە زۆر زەحمەتە، چونکە خەڵك لەسەر ڕەز و باخی خۆیەتی، لەسەر زەوی وزاری خۆیەتی، زەحمەتە تۆ بتوانی کۆمەڵێك گوند لەو شوێنە بگوێزیەوە بۆ شوێنێکی تر و بۆی دروست بکەی، ئەوە ئەرکی حکومەت قورستر دەکات، دەبێ حکومەت لێرەدا هەوڵ بدات، خۆی خانوویان بۆ دروست بکات، خۆی خزمەتگوزاری زیاتریان بۆ ببات، بەڵام ئێستا خەڵك خۆی خانووی دروست کردووە لەسەر ڕەز و باخی خۆی و لەسەر گوندی خۆی، من مەسەلەیەکی زۆر بچووکتان بۆ باس بکەم، برادەرێکم باسی گەرمیانی کرد، باسی ئەو دەڤەری قەراج و مەخمورو گوێر و کەندیناوە و ئەو ناوچانە، خەڵکەکە بە زۆری گەڕاوە لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ خزمەت گوزارییەکی بۆ**

نەچووە، نەرێگا و بانی بۆچوو و نە نەخۆشخانەی بۆ کرایەوە و نە قوتابخانەی بۆ کرایەوە و نە پرۆژەی ئاوی بۆ چوو، ناچاربوون خەڵکەکە وردە،وردە گوندەکانیان بەجێهێشتەوە، ئێستا لە هەندێ گوند لەوانەیە سێ ماڵ مابێت، پێنج مابێت، بۆیە بەڕاستی ئێمە دەبێ بەرنامەمان بۆ ئەو مەسەلەیە هەبێت، ئەرکی ئەنجومەنی پارێزگاکانە لە داهاتوودا کە ئەو یاسایە دەردەچێ، زیاتر بایەخ بە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان بدەن، ئەرکی هەرە لە پێشیان ئەوەیە کە خزمەتگوزاری پێشکەش بەو گوندانە بکەن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژە قانونە دەبوو لە ساڵی 2005 لە سەرەتادا پەسند بکرێ کە لەم دەمەوە ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبژێردراون، بەڵام لەبەر ئەوەی قانونیان نەبووە، نەیانتوانیوە ئەرکەکانی سەر شانیان جێبەجێ بکەن، ئەو قسەیە تازە بەسەرچوو، نەکرا و نەبوو، دێمە سەر برگەی 12، لەگەڵ بۆچوونی کاک دیلمانم، ئەو برگەیە زیادە، ئەو برگەیەش بۆیە لێرەدا هاتووە، چونکە لە قانونی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان، کە لە ساڵی 92دا ئێمە ئامادەمان کرد، شەرتی ئەوەمان دانابوو ئەو گوندانەی کەوا ئەنجومەنی شارەوانیان ئەبێ، نابێ نفوسیان لە 1000کەس کەمتر بێ، ئێستا لێرەدا هاتووە، چونکە تێکەڵ و پێکەڵیەك هەیە، چونکە ئێستا گوندەکان ئەنجومەنیان نیە، لێرە پێویست ناکات ئێمە باسیان بکەین، کە هاتینە سەر قانونی ئەنجومەنی شارەوانیەکان، ئەو کاتە دەڵێین: ئەنجومەنی شارەوانی لە پارێزگا، لە قەزا، لەناحیە، لەو گوندانەی کەوا نفوسیان ئەگاتە ئەو ژمارەیە لەویانە ئەنجومەنیان دەبێت، بۆیە من وا ئەزانم کەوا برگەی 12 زیادە و پێویست ناکات، چونکە لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی نیە، گوندیش هەر گوندە، ئایا دوو ماڵ بێ یان 100 ماڵ بێ هەر گوندە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسایە هەر خۆی زیادە، هەر پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە دەسەڵات لە ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسێنێتەوە، بە حەقیقەت ئێمە حەق وابوو بە وازیحتر باسی ئەو یاسایە بکرابا، بە باشتر و روونتر باس بکرابا، لەبەر خاتری هیچ کەس و لەبەر هیچ شتێك ئەو یاسایە دەرنەکەین، ئێمە مادام هەرێمێکی سەربەخۆینە، مەجلیسی بەلەدیاتمان هەیە، پارێزگامان هەیە، پارێزگا و مەجلیسی بەلەدیە و ئەنجومەن هیچ دەسەڵاتێکی نیە، ئەو یاسایە نازانم لەبەر چی دەری دەکەین بەراستی، بەرەئی من ئەو یاسایە زیادە، حەقە بەڕاشکاوی ئێمە قسە بکەین، ئێمە هەرێمی سەربەخۆینە و موحافیزمان هەیە، ئەنجومەنی بەلەدیاتمان هەیە، هیچ ئەنجومەنی پارێزگای پێویست نیە لەو کیانەی ئێمە، ئێمەش مەقصەدەکەمان لە ئەصڵدا ئەوەیە، بۆ حەقیقەت و راستیەکە بە باشی موناقەشە نەکەین بۆ ئەوەی هەموو برادەران زۆر بەباشی لە وەزعەکە تێبگەن، ئەو هەموو تێکەڵ و پێکەڵیەیە بۆ ئەوەیە کەس تێنەگات، ئەوە یەك، دوو: مەسەلەی دێهاتەکانیش، ئێمە حەق نیە دێهات

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو ئەغلەبیەی موتڵەقە تێبینیم هەیە، ئەگەر بکرێتە (اکثریـة) باشتر دەبێت زۆرینە، چونکە ئێمە دەزانین پێکهاتەی سیاسی جیا جیای دەبێت، بۆچوونی جیا جیای تێدا دەبێت، لەبەر ئەوەی لە ئەنجامی ڕێك نەکەوتنی ئیش و کارەکان دوا دەکەون، چ لە هەڵبژاردنی محافز بێت، چ لە بڕیارەکانی تر بێت، ئەوە چەقینێك دەبێت لە ئیش و کارەکان، بۆیە زۆرینە بە باشترو پەسندتری دەزانم، ئێستا ئێمە ئەو یاسایە دادەنێین، بۆ ئێستا نییە، ئێستا پێکهاتەی یان خەریتەی سیاسی دەگۆڕێت، مومکینە نەخشەی سیاسی وا بگۆڕێت لە ئایندەدا پێکهاتەکان زیاتر ورد ببنەوە، بۆیە زۆرینە بە پەسندتری دەزانم، نەك زۆرینەی ڕەها، ئەوە لە خاڵێکیان، بڕگەی یازدە لەو ماددەیەدا باس لەوە دەکات کە چاودێرییەکانی پێشمەرگەو کۆلیجەکان بکات و بەتایبەتی بۆ ناوی ئەو دووانە هاتووە؟ ئایا مەجلیسی محافەزە چاودێری هەموو بەشەکانی کە لە سنووری پارێزگایدا نایکات؟ بۆ ئەوانە هاتووە؟ چ پێویست نییە پێموایە لێرەدا باس لەوە بکات لە ئەدای واجیبیاندا، یان لە جێ بەجێ کردنی کارەکانیاندا ئەوە تایبەتمەندی پێ بدرێت، تایبەتمەندی پێدرا، یەعنی ئەوانەی تری بۆی نییە بکات، بۆیە باشتر وایە یان ئەو بڕگەیە نەمێنێت، یان چاودێرە لەسەر هەموویانەوە، بەڵێ بڕگەی یازدە، ئەو تایبەتمەندییە بۆ ئەوە بکرێت؟ ئەگەر بکرێت هەیئەتێك هەیە لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی موقتەرەحێك هەیە، دەڵێن ئێمە بەو شێوەیە موناقەشە بکەین کە لیژنەی یاسایی هێن دەکاتن، ئەوەلەن تێکەڵاویەك دەبێتن نازانین ئەوە بکەینەوە، لەبەر ئەوە بڕگە بە بڕگە موناقەشەی دەکەین، بۆیە بڕگەی یەکەم تەواو بوو بەو مولاحەزەیەی کە دراو ئیزافەمان کرد، کاك ئیحسان دای، ئەگەر بێتو لە بڕگەی یەکەمدا دەڵێت هەڵبژاردنەکە، با بۆت بخوێنمەوە چی لێهاتووە، بڕگەی یەکەم دەڵێت: (انتخاب رئيس المجلس ونائبه من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس في اول جلسة يعقدها المجلس التي يدعو لها المحافظ خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وفي حالة عدم دعوته يجتمع المجلس تلقائياً الساعة الثانية عشرة ظهراً من اليوم السادس عشر من تاريخ المصادقة وتنعقد الجلسة برئاسة اكبر الأعضاء سناً)، ئەوە باشە، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە دەڵێت (انتخاب المجلس ونائبه) لەگەڵ ئەوەشدا لە چوارەمدا (استجواب المحافظ او احد نائبيه)، یەعنی محافز دوو نائیبی هەیە، ڕەئیسی مەجلیس یەك نائیبی هەیە، من بەس ئەوە پرسیارەکەمە، بەس وەڵامم بدەنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ وایە، ئەوە تەنفیزییە، ئەوە تەشریعییە، هەر یەکە یەك نائیبیان دەبێت، بەلأم تەنفیزی زۆر جار دووی دەبێت، سێ معاونیشی دەبێت، یەعنی تەبیعییە، کاك سالم.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێژت محافز، ئان نائیبێ وی دەهێتە هەڵبژاردن (بالاغلبیة المطلقة) ئەگەر ئەغلەبیەی موتڵەقە کەسێك نەگۆت، بڕگەیەك ئیزافە ببێت ئەگەر کەسێ ئەغلەبیەی موتڵەقە نەبت تەنافوس لەمابینا هەردوو مورەشەح بێتە کرن دەبێتە ئەغلەبیە دەنگ دەبری، کێ بربدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جوابی بدەوە کاکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە (ثالثاً) موعالەجە کراوە، دەڵێت: (انتخاب المحافظ من بین اعضاء المجلس بالأغلبیة المطلقة، خلال مدة اقصاها ثلاثون یوماً من تأریخ انعقاد أول جلسة له).

دوو/ (اذا لم یحصل اي من المرشحین علی الأغلبیة المطلقة یتم التنافس بین المرشحین الحاصلین علی اعلی الأصوات ویعد فائزاً من یحصل علی اکثریة الاصوات في الاقتراع الثاني).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ رەئیسی مەجلیسیش هەمان شت، ئەگەر نەنووسرا بێت دەینووسین، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەم ماددەیە زۆر بە دوورو درێژ دەبینم، دەکرێت دابەش بکرێت بەسەر سێ مادده، بۆ نموونە بڕگەکانی یەك و دوو و سێ کە تایبەتن بە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگری ئەنجومەنی پارێزگاو جێگرەکەی، سێ بڕگەیە لە ماددەیەکدا، ماددەی دووەم بڕگەی چوار دەگرێتەوە کە تایبەت دەبێت بۆ لێ پێچینەوە لە بەرپرسیاران لە پارێزگادا، ماددەی سێیەم ئەرکەکانی ئەنجومەنی پارێزگا دەست نیشان دەکات، کە لە بڕگەکانی پێنجەوە تاکو هەژدە دەگرێتەوە، زیاتر روونتر دەبێت و باشتر دەتوانین ئەو ماددەیە تاوتوێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(دووەم خاڵی دوو/ سەرۆك یان جێگرەکەی بۆیان هەیە تانووت لە بڕیاری لادانیان بدەن)، ئەو سەقفی زەمەنی دانانرێت بۆ ئەو تەعنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە فەقەرە یەك موناقەشە دەکەین، فەقەرەی یەك بەو ئیزافەیەی کردمان کەس مولاحەزەی نەدا، ئەوەی دراوە وەلاّم درایەوەو تەوزیحە، ئەو فەقەرەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ فەقەرە یەکە بەو گۆڕانکاریەی تێدا کرا دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەقەرە دوو، ئەوەی کاك دکتۆر نوری گوتی راستە، بەلاّم ئەوە لە جملەی یەکەمدا دەڵێت (یختص المجلس) هەمووی دەگرێتەوە، ئەگەرنا قسەکەی مەنتقی تێدایە.

دووەم (ثانیاً) موناقەشەی یەك و، لە یەکدا (أ و ب و ج)و دوو دەکەین، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەوە، لەوانەی کە ناویان نووسراوە ئەفزلیەتیان هەیە، بۆ ئەوەی ناوەکانیان شەتب بکەم، فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی دووەم دەڵێت (سەرۆك یان جێگرەکەی بۆیان هەیە تانووت لە بڕیاری لادانیان بدەن لە لای دادگای کارگێریی تایبەت بە پێی حوکمەکانی یاسای ئەوە)، من پێم باشە تانووت لە بڕیاری لادانیان لە لای دادگای تەمییز بێت، چونکە تا ئێستا دادگای کارگێڕی تایبەت لە کوردستاندا دانەمەزراوەو، هەروەها لادان وشەی تایبەت، چونکە دەستەواژەی وشەی تایبەت بە دادگا نەماوە، بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە وشەیەك نەمابێت لە دادگا بەکار بهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارم هەیە، لە (ثانیاً/ اقالة رئیس المجلس او نائبه بناء على طلب ثلث عدد اعضائه............ عدم نزاهة......)، باشە ئەگەر خوانەخواستە مەسەلەی خیانەت و ئیرهاب و ئەوانە، ئەوە قانونێکی تر هەیە، یان دەکرێت ئەوەش لێرە دابنرێت، ئەگەر یەعنی تێوەگلا بوو لە کارێکی خیانەتکاری، یان ئیرهاب، یان شتێکی تر، ئەوە پرسیارە، ئایا قانونەکە دەیگرێتەوە؟ لە (رابعاً) ناوی دوو نائیبەکەی موحافز هاتووە، لە پێشتر هیچ باس نەکراوە، ئەو دوو نائیبەی موحافز دادەنرێن، رەنگە لەلای من روون بێت، بەلاّم باشە ئیشارەتێکی تیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دوو نائیبەکە دادەنرێت لە ماددەیەکی تردا هەیە دەڵێت رەئیسی مەجلیسی وزەرا، یان وەزیر دەست نیشانی دەکات، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دواوە هاتووە، بەلاَم ئێرە مادام ناوەکەی نییە، پێموایە لێرە بگوترێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش رەئیەکم هەیە لەسەر خاڵی دووەم (سەرۆك یان جێگرەکەی بۆیان هەیە تانووت لە بڕیاری لادانیان بدەن لە لای دادگای کارگێریی تایبەت بە پێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شوورا)، بەلاَم لێرە پێویستە سەقفێکی زەمەنی دابنرێت لەکاتی تانووت دانی، بە رەئی من لە ماوەی پازدە رۆژدا بێت، دووبارە هاوڕام لەگەڵ رەئیەکەی کەژاڵ خان کە لەلای دادگای کارگێڕی بکرێتە دادگای تەمییز، چونکە تایبەت نەماوە لە دادگای کارگێڕی، بڕیارەکە ئەمەش لە مەحکەمەی تەمییزدا بێت و سەقفێکی زەمەنیش پازدە رۆژ دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت بڕگەی دوو لە ماددەی شەش پێشنیار دەکەم بگوازرێتەوە بۆ ماددەی سی، لەبەر ئەوەی حەلی مەجلیس و ئیقالەی عوزو لە ماددەی سی و سی و یەك هاتووە، بۆ تەنسیق ئەگەر بکرێت ئەو بڕگەیەش بگوازێتەوە بۆ ئەویَ زۆر باشە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام لەسەر داوای سێیەکی ژمارەی ئەندامان سەرۆك و جێگرەکەی لادەبردرێت، رەنگە هۆکارێك بێتە پێشەوە کە لە (أ و ب و ج)یشدا نەبێت، ئەوانە مادام دەسەلاَتی لادانیان هەیە، بە رەئی من بڕگەیەك زیاد بکرێت، هەر هۆکارێکی تر سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی بیکەنە هۆکاری دەست لە کارکێشانەوەی ئەوان،

رەنگە هۆكارێك بێتە پێشەوە ئێستا تۆ لەناو ئەو چوارچێوەیە دابنێین، ئەو چوارچێوەیە جێی نەبێتەوە، ئەگەر حاڵەتێكی لەو بابەتە بێتە پێشەوە، ئەوەی بۆ زیاد بكرێت هەر هۆكارێكی تر، لەڕاستیدا منیش ئەو پرسیارەم هەیە، ئایا دادگای كارگێڕی تایبەت ئێستا هەیە؟ ئەگەر نەبێت دەكرێت ئێمە لەم یاسایە ناوی دەزگایەك بێنین كە ئێستا نییە، دەكرێت چارەسەرێكی بۆ بدۆزرێتەوە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم كرا سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

واتا خولاصەی هینەكان ئەوەیە لەسەر دوو نائیبەكەیە، ئەوەی پەخشان خان گوتی، لێرەدا ناوی هاتووە، لەسەر تەعنەكەیە كە مەجلیسی شوورا بەپێی خاتوو ڤیان مەحكەمەی تەمییز بێتن، رەئیەكیش هەیە دەڵێت بگوازێتەوە، حەز دەكەم گوێ لە رەئی هەردوو لیژنە بگرم لەسەر ئەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت نائیبەكە تەفسیراتی لە ماددەكانی تر هاتووە، موحافز دوو نائیبی دەبێت، شێوەی دامەزراندنی بەو شێوەیە موحافز پێنج كەس تەقدیم دەكات، ئەنجومەنیش سێ كەس هەڵدەبژێرێت لەو پێنجە، ئەو سێیەش دێتە ئەنجومەنی وەزیران ئەمرەكە بە دوو كەس دەردەچێت، بەنیسبەت پڕ كردنی پۆستی نائیب موحافز، بەنیسبەت تەعن لە مەوزوعی محاكمی ئیداری ئێمە قانونێكمان دەركرد قانونی مەجلیسی شوورا لە قەزای ئیداری لەوێ بە تەفسیل هاتووەو تورق تەعنی خۆشی بە تەفسیل هاتووە، بۆیە ئێمە لێرە سەقفە زەمەنیەكەمان دانەنایە، ئەگەر هەر ئیسراریش دەكەن كە سەقفێكی زەمەنی دابنرێت، هەمان سەقفی دەهێنین لێرە دادەنێین هیچ ئیشكالیەتمان لەو مەسەلەیە نییە، بەنیسبەت كاك رەشاد كە دەڵێت بگوازێتەوە بۆ ماددەی سی، ماددەی سی عیلاقەی بەو مەسەلەیە نییە، عیلاقەی بە حەلی مەجالیس هەیە، ئەگەر مەتنی ماددەكە هەمووی بخوێنیەوە مەجالیس چۆن حەل دەبێت؟ چۆن حەل نابێت؟ بۆیە بەنیسبەت حەلەكە ئێمە رەئیمان وایە لە جێگای خۆیەتی، بەس بەنیسبەت قەزای ئیداری كە دروست نەكراوە، بەڕاستی ئێمە مەسئوول نینە قانونمان دەركردووە، سەرۆكایەتی هەرێم تەصدیقی كردووە، چوویتە بواری جێ بەجێ كردن قەزای ئیداری ئێستا دروست نەكراوە، بەڕاستی ئێمە لەوەی بەرپرسیار نینە، ناكرێت ئێمە قەزایەكمان دروست كردووە قەزای ئیداری بێت سەیری ئەو جۆرە بابەتانە بكات، ئێمە بدەینە مەحكەمەیەكی موختەس ئەو سەلاحیەتە لە كاتێكدا ئێمە قەزایەی ئیداریمان دروست كردووە، بەلاّم قەزای ئیداری بە مەعلوماتی من لە مەرحەلەی دروست كردندایەو زۆریشی نەماوە، بەنیسبەت ئەو

سێ سەبەبەی مەسائیلی ئیدارییە عیلاقەی بە مەسائیلی ئیرهاب و ئەو مەسائیلانە نییە، مەسائیلی دەست پاکی موحافزەوە هەیە، مەسائیلی بە ماڵی گشتیەوە هەیە، مەسائیل عیلاقەی بە کەمتەرخەمی محافزەوە هەیە، ئەوانە هەمووی مەسائیلی ئیدارینەو مەسائیلی مالیینە لەو بابەتانە مەجلیس بۆی هەیە موحافز ئەگەر هاتو ئیسپات بوو موحافزی ئیقالە بکاتن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی پەخشان خان باسی کرد لە حالەتی خەیرات و ئەوەی ماوە تەحصیل حاصلە بدرێتن، دەیان قەوانین هەیە موعاقەبەی دەکات، مولاحەزەیەکە هین بوو دەبێت مودەی هەبێت کێ بوو باسی کرد؟ ڤیان خان بوو باسی کرد، یان گێلاس خان باسیان کرد، لەبەر ئەوەی لە دووەمدا (لرئیس المجلس او نائیبە الطعن في القرار المتخذ بالاقالة لدى المحكمة الادارية المختصة خلال سبعة ايام من تاريخ تبلغه بالقرار)، ئەوەی ئیزافە بکەن، پازدە رۆژی دیکە (خلال خمسة عشر يوما)، بیکە پازدە رۆژ باشە، دەڵێت (من تاريخ تبلغه)، جەنابی وەزیر رەئیت چیە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێت (وفق احكام قانون مجلس الشورى) تەواوە لەوێ مودەکەش دیار کراوە، ئێمە ئێستا بێین مودە بنووسین لە قانونی مەجلیسی شوورا لەوانەیە تەعاروز ببێت، لەبەر ئەوەی کە نووسراوە (وفق احكام قانون مجلس الشورى) لەوێ مودەی تەعن، کاتی تەعن ئەوانە هەمووی دیار کراوە، پێویست ناکات ئێمە لێرە دووبارەی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەوێ بۆ هەموو شکایەتێك هەمان شتە، مومکینە مەسەلەن ئەندامی پەرلەمان، یان قازی، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی حەڤدەدا ئەو بابەتە موعالەجە کراوە کە دەڵێت (يشترط قبل تقديم الطعن الى المحكمة الادارية ان يتظلم صاحب الطعن لدى الجهة الادارية المختصة التي عليها ان تبت خلال خمسة عشرة يوما من تاريخ تسجيل التظلم لديها.

ثانيا: للمتظلم عند رفض تظلمها وعدم البت فيها خلال المدة المنصوص عليها في الفقرة اولاً على ان يطعن لدى المحكمة الادارية خلال مدة ثلاثين يوما من تاريخ انتهاء المدة المذكورة واذا سقط حقها في الطعن).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی ناگرێتەوە، ئەوە موەزەفینی حکومەتە، ئەوە مەجلیسێکە هەڵبژێردراوە، دەنا دەبوایە خۆی ئیزافە بکرێت و بنووسرێت خراپ نییەو زەرەریشی نییە، (خلال مده خمسه عشر يوماً من تاريخ تبلغه بالقرار)، رەنگە لەدەرەوەی هەرێمدا نەگوترا بێت.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت تەحدید کردنی مودەی تەعن قانونێکی خاصمان هەیە وەکو کاك شێروان ئیشارەتی پێدا، بەگوێرەی قاعیدەی فیقهە (الخاص یقید العام) لەو قانونە خاصە کە مەحکەمەی ئیداری تەشکیل دەکرێت هەرچی قەراراتێکی ئیداری خازعی تەعنە لەو مەحکەمەیە، ئیتر لە مەجالیسی مونەتەخبەوە بێت لە بەینی فەرمانبەران بێت، لە بەینی هەیئاتدا بێت، ئەو مەحکەمەیە لە ئیختیصاصەکاندا ئێمە باسمان لەسەر کردووە، لەبەر ئەوە لێرە پێویست ناکات مودەی تیا هەبێت، چونکە لە قانونە خاصەکە خۆی مودەی تیا تەحدید کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی کە لەم قانونەدا هاتووەو ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن دەسەلاَتی مەحکەمەی ئیدارییە، ئێمە باسی مافی ئەو فەرمانبەرە دەکەین، ئەو ئەندامی ئەنجومەنە دەکەین، یەعنی حەقی هەبێتن لەو ماوەیەدا شکایەت بکاتن، بەلاَم ئەمانە هەمووی لێرە مەحکەمەی ئیداری دەسەلاَتەکانی دیاری کردووە تەعن لە چ رۆژێکە، لەسەر قەراری مەحکەمەی ئیداری بۆی هەیە لە ماوەی سی رۆژدا بچێتە مەحکەمەی تەمییز شکایەت بکات لەسەر قەراری مەحکەمەی ئیداری، ئەوانە هەمووی لێرە کراوە، بەلاَم ئەوەی کە ئەندامی ئەنجومەنە، سەرۆکی ئەنجومەنە تەعن شکایەت بکاتن بۆ مافی خۆی دەبێت ماوەیەك دیاری بکرێت لەو دەقیقەیەوە کە ئیستیلامی بڕیارەکە دەکات، ئەوە مافێکە لە هەموو بوارەکاندا، حاکم نەوعێکە، فەرمانبەری ئیداری نەوعێکە، ئەنجومەنی موحافەزات لەبەر ئەوەی مومکینە بلێ لەو رۆژەی تەبەلوغ پێ دەکرێت، مومکینە لە دەرەوەی هەرێمە تا مانگێکی تر نەیەتەوە، ئەو حەقەی دەسووتێتن، بۆیە دەبێت بلێی لە ماوەی ئەوەندە رۆژە لەو رۆژەی کە تەبلیغ دەکرێتن بەو هینە، بەلێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی قانونەکە ئیشارەت بە تەزەلوم دەکات، تەزەلوم ئەو کەسە دەیکات کە موتەزەلیمە لەو قەرارە ئیدارییەی کە دەرچووە لە ماوەی هەفتەیەك، ئەگەر تەزەلومەکە سەری نەگرت ئەوجا ئیجرائاتی مەحکەمەی ئیداری دەست پێ دەکاتەوەو سەقفی تریش هەیە، بۆیە بە قەناعەتی من ئەوەی لە مەجلیس دەردەچێت ئیعتیبار دەکرێت بە قەرارێکی ئیداری دژی ئەو محافزەی کە لە مەنصەبەکەی دەرکراوە، کە دەرکراوە حەقی تەزەلومی هەیەو ئیعادەی نەزەر لەو قەرارەی بکات، ئەگەر نەیکردەوە ئەو وەختە سوقوفی تر دەست پێ دەکات، من پێموایە موحافزیش وەکو هەر فەرمانبەرێك خازعی ئەوەیە کە قەرارێکی ئیداری دژی دەربچێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان خیلافەكە لەوەدایە ئەو رەئیسی مەجلیسە، لێرە باسی رەئیسی مەجلیس دەكەی، نائیبەكەشی قەرارێك دەرچوو بە لادانی خۆی لێرە نییە، نەخۆشە، یان هەر سەبەبێكە لە دەرەوەیە، كە هاتەوە مانگێكی بەسەردا چووە، لە قانوندا دیاری نەكراوە ماڤی ماوە، یان نەماوە، دەبێت دیاری بكرێتن، ئەو مافەی كە تەعن لە قەرارەكەی بدات دەبێت سەقفێكی هەبێت، ئەو سەقفە لە قانونی مەجلیسی شوورادا نەهاتووە بەو تەفسیلەی كە باسی دەكەن، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچی بڕیارێك لەو بڕیارانە دەردەچێت مودەو سەقفی زەمەنی تەعنەكانی ئیعتیباری لە تەبلیغاتەوە دەست پێ دەكات، هەتا تەبلیغ نەكرێت هیچ سەقفێكی زەمەنی حەقەكەی ناكوژێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە تەبلیغەكەیە لە تاریخی تەبلیغەوەیە، فەرموو كاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم مەوزوعە مەوزوعێكی گرنگە، تەبیعی گۆڕین هەیە لەو مودانە، عادەتەن لە قانوندا مودەیەكی ماڤی دەدرێت بەو شەخصە، بۆ ئەوەی هەڵستێت بە تەحقیق، بە لێ پێچینەوە، مەسەلەن بە دیاری كردنی محامی پازدە رۆژ كاڤی نییە، لە قانونی ئەمریكیدا بۆ هیچ شتێك لە نۆەد رۆژ كەمتر نییە، هەتا بۆ تەبلیغی مەحكەمە (120) رۆژە.

دووەم/ مودەی زەمەنیشی داناوە، مەسەلەن بۆ هەندێ قەزایە سێ ساڵی داناوە، دەڵێت لە ماوەی ئەو سێ ساڵە ئەگەر شتەكە نەكات، بەس بۆ شتێك لەم بابەتە بە قەناعەتی من پازدە رۆژ زۆر كەمە، حەقە تۆزێك زیاتر بكرێت بە لایەنی كەمەوە چل و پێنج رۆژ، بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی ئامادە بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە لەوەیدا سوودمان لە تەجروبەی ئەمریكا وەرنەگرت، ئەوە چ زەرەرێكی هەیە كاك شێروان ئەگەر بنووسرێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بزانە هەر بەس ماددەی سێزدەتان بۆ دەخوێنمەوە، بەنیسبەت مەحكەمەی ئیداری (تختص المحكمة الادارية بمايلي، النظر في صحة الاوامر والقرارات الادارية التي تصدر من الموظفين والهيئات في دوائر الاقليم بعد نفاذ

هذا القانون والتي لم يعيين مرجع الطعن فيها بناءاً على طعن من ذي مصلحة محتملة وتكفي ان تكون هناك ما يدعو الى تخوف من الحاق الضرر بذوي الشأن)، ئەمە یەك.

دوو/ بەنیسبەت تەبلیغات ئەوەی جەنابت ئیشارەتت پێدا، ئێمە ماددەیەکی سەریحمان هەیە دەڵێین قانونی ئوصول مورافەعاتی مەدەنی مەحکەمەی ئیداری بەکاری دەهێنێت بۆ مەسەلەی چۆنیەتی بەڕێوە چوونی دەعوایەکانی محاکمی ئیداری، یەعنی مەسەلەی تەبلیغات و ئەوانە لەوێ مەحسومە، قانونی مورافەعات حەسمی کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێموایە دانێن باشترە، ئەو غموزە نەمێنێت باشترە، ئەگەر شکایەتت نەکرد، مەحکەمەی شوورا لە خۆیەوە بەدواچوون بکات، ئەوە کەیفی خۆیەتی ئەوە مەوزوعێکی ترە، ئێمە باسی حەقی ئەو ئینسانە دەکەین غائیبە، تەبلیغەکەی پێ نەگەیشتووە، ئەو حەقەی سقوت دەکاتن، کە سقوت ناکات، دەبێت پێی بڵێین لەو رۆژەی تەبلیغی دەکرێتن، ئەوەندە رۆژە هەیە بۆ ئەوەی بچێت تەعن بکات، ئەگەر پاشی تەبلیغ لە ماوەی پازدە رۆژدا نەچوو شکایەتی کرد، ئەو قەرارە ئیعتیبار دەکرێت باتڵ و نیهائی، دەبێت شتێك هەبێتن، ئەگەر نەهێڵن دەڵێت تۆ نەتنووسیوە ساڵێکی تر ئێستا پێمزانیوە، خۆی ئینکار دەکاتن بۆ ئەوانە، ئەگەر بێت شکایەت بکاتن ئەو حەقەی دەمێنێتەوە، بەڵێ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی قانونەکە وازیحە، بەلأم لە پاش ئەم موناقەشەیە (لیطمئن قلبي) وەکو دەڵێت با تێدا بێت باشترە لەوەی کە تێدا نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەوە وەزیریش موافەقەی لەسەر کرد ئیزافە بکەن پێی باشە، بۆ ئەوەی ئەو غموزە نەمێنێت، ئەو فەقەراتانە کە خوێندتانەوە هەر یەکە بە نەوعێك کە چڕو پڕ نییە، دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان/ سەبارەت بەو ماوەیە، من لەگەڵ ئەوەدام کەوا دیاری بکرێت، چونکە لە رووی عەمەلیەوە کێشەی وا دروست بووە لەعێراق، وەزیر هەلأتووە، باشە چۆن تەبلیغ دەکرێت، ئەو جێگەی، ئەو پایەی هەروا دەمێنێتەوە، هەمان شت بەنیسبەت پارێزگارەوە، با بڵێین تۆمەتێك خرایە پاڵی، بە دەست پیسی چوو بووە دەرەوە، جێگایەکەی هەروا دەمێنێتەوە لەبەر ئەوەی تەبلیغ نەکراوە، بۆیە چاکترە کەوا ماوەیەك دیاری بکرێت، یان لە رۆژی بلأو کردنەوەی ئەو ئینزارەی بۆی دەرچووە، ئەوە لەلایەك.

سەبارەت بە خاڵێکی تر من لەگەڵ کاك کەریم بەحریم، کەوا پارێزگار نابێت ئێمە ئەو مەرجە دابنێین کەوا ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بێت، ئاماژەی بۆ کارێکی باش کرد، کەوا سەرۆکی ئەنجومەن ئەندامی پەرلەمان نییە، بۆیە دەکرێت کەوا پارێزگارو جێگرەکەشی، من لەگەڵ ئەوەدام کە یەکێك بێت لە دەرەوە بێت کەسانی شیاوو لێهاتوو، کە بتوانن بەو ئەرکە هەڵبستن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، ئەوە فەقەرەی سێیە، ئێمە فەقەرەی دوو باس دەکەین، لە فەقەرەی سێیە لەوێ موناقەشەی دەکەین، ئێستا داوای (لرئيس المجلس او نائيبه الطعن في القرار المتخذ بالاقالة لدى المحكمة الادارية المختصة خلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ تبلغه بالقرار وفق احكام قانون مجلس الشورى لاقليم كوردستان رقم (14) لسنة 2008)، ئەوە (وفق احكام)ەکەی ناوێت، هەر ئەوەندە (تبلغه بالقرار)، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە کە ئێمە ئەوەمان دانا قەیدی ناکات تەبیعییە، بەڵام ئەوە تەنها مودەتی تەعنە لە مەحکەمەی ئیداری، کە چووە مەحکەمەی ئیداری تروقی تەعن لەوێ دەست پێ دەکات هەتا دەچێتە هەئیەی تەمییزی مەجلیسی شوورا، یەعنی ئەو پازدە رۆژە تەنها دەبێت وا ئیعتیبار بکرێت تەعنە لە مەحکەمەی ئیداری پاشان ئیجرائاتی مەحکەمەی ئیداری سەقفی زەمەنی و تعون دەست پێ دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە تێگەیشتم، با بمێنێتن بەس ئەوەی ئیزافە بکەن، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، با بمێنێتن،

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانيا: لرئيس المجلس او نائيبه الطعن في القرار المتخذ بالاقالة لدى المحكمة الادارية المختصة خلال مدة خمسة عشرة يوماً من تاريخ تبلغه بالقرار وفق احكام قانون مجلس الشورى لاقليم كوردستان رقم (14) لسنة 2008).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

(ثانیاً) ئەوانی تر نەگۆڕاوە، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر خاڵی دووەم هات دیسان فەقەرەی یەکەم، کە باس لە ئیقالەی رەئیسی مەجلیس و نائیب دەکات، هیچ باسی عوزوی تێدا نەهاتووە، ئەگەر عوزوێك، لە حقووق و ئیمتیازات باس نەکراوە، لە ماددەیەکی تر

نەمبینیوە، پێم باشە لێرە ئەگەر عوزوەکە زیاد بکرێت، ئەگەر ئەویش تووشی یەکێك لەو حاڵەتانە بوو، ئەویش ئیقالە بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

چ تەعلیقتان هەیە لەسەر قسەکانی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سی و یەك ئەو مەسەلەیە چارەسەر کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە زۆر سوپاس، (ثانیاً) بەو گۆڕانکارییە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا بەو گۆڕانکارییە، تکایە (ثالثاً)، کێ قسەی هەیە لەسەر سێیەم؟ ناوتان دەنووسم، خاتوو چرۆ فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها پرسیارێکم هەیە، پرسیارەکەشم ئەوەیە ئایا عەدەدی مورەشەحین بۆ موحافز، مەسەلەن عەدەدی مورەشەحین مەحدودە؟ چەند کەسن؟ ئەگەر مەحدودە، ئەگەر هاتو بابڵێین عەدەدی مورەشەحین ئەوانەی کە دەنگیان وەکو یەکە لە دوو کەس زیاتر بوو، ئایا هەڵبژاردنەکە دووبارە دەبێتەوە؟ یان بڵێین سێ کەس بوو، دوو کەس نەبوو، لەنێوان ئەو سێ کەسەدا ئیختیار دەکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە پرسیارەکە، عەدەدی مورەشەحین کراوەیە، ئەگەر حەسم نەبوو لە فەقەرەی دووەمدا شەرح کراوە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆچوونی خۆم روون کردەوە، کەوا من لەگەڵ ئەوەدام مەرج نییە کەوا پارێزگار ئەندامی ئەنجومەن بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان هەم ناوت نووسراوە، هەم نوقتەی نیزام پێکەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سی و یەك لەگەڵ ڕێزمدا باسی ئەوە دەکات (یجوز اقالة عضو المجالس المحلية ورؤساء الوحدات الأدارية (القائمقام ومدير الناحية))، باسی ئەنجومەنی پارێزگا نەکراوە، بۆیە من ئەو قسەیەم ئەو کاتە

کرد، لێرە باسی ئەنجومەنی پارێزگا نەکراوە کە سەیری تەعریفەکان دەکەیت (المجلس المحلي: المجلس المحلي للقضاء) دەگرێتەوە، (المجلس المحلي للناحية)، مەجلیسی محافەزە ناگرێتەوە، بەڵێ ئەندامی مەجلیسی موحافزە ناگرێتەوە بەو پێیە، ئەگەر لەوێ چارەسەر بکرێت، دروستە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاست دەکەیت لەوێ دەبێت چارەسەری بکەین، با لەبیرتان بێتن، لەوێ ئیزافە دەکرێتن، کاک ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم بەڕاستی پارێزگار لە دەرەوەی ئەنجومەنەکەش هەڵبـژێردرێت، چونکە مەرج نییە، ڕەنگە تۆ لەو بیست و پێنج کەسەی کە هەڵدەبژێری دوو کەس، یان کەسێك دەست نیشان دەکەیت بۆ پارێزگار، ڕەنگە ئەو پیاوە مەرجی پارێزگاری لە دەست نەبێت تووشی کارەساتێك دەبێت لەناو ئەنجومەنەکە خەڵکی ترت دەست ناکەوێت، بۆیە بکرێت لە دەرەوەی ئەنجومەن پارێزگار هەڵبژێردرێت، بۆ ئەوەی یەك لەسەر پارێزگا نەکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان بۆچوونی خۆم کە پارێزگا مەفروزە لە ناوەوەو لە دەرەوە دەست نیشان بکرێت، سەرەڕای ئەوە ئێمە لە هیچ شوێنێکدا ئیزافەتەن بۆ ئەوەی کە نائیب کێ ئینتیخابی دەکات باسی لێ نەکراوە هەردوو نائیبی موحافز، ئەگەر ئینتیخاب بکرێت دەبێت لێرە بێتن لەو ماددەیەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پێشنیاری ئەوەم هەبوو هەڵبژاردنی پارێزگارو جێگرەکەشی، یەعنی جێگرەکەشی لەگەڵدا بێت، ئەوە یەك.

دووەم/ بەڕاستی ئەگەر پێویست بوو، ئەنجومەن بەپێویستی زانی بۆیان هەبێت لە دەرەوە کەسێکی گونجاو بێنن بیکەن بە پارێزگار، دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێت، لێرە تەنها مەرج نەبێت ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەڕاستی بە پێچەوانەی رای ئەو برادەرانەی پێش من، پێموایە دەبێت پارێزگارو جێگرەكانیشی هەردووكیان لەناو ئەنجومەنەكەدا بن، موبەریری من ئەوەیە بەڕاستی یەكەمیان/ شەرعیەتێكی باشتریان دەبێت كە خەڵك دەنگیان پێ دەداو دەیانكەی بە پارێزگار، یان جێگرەكانی.

دووەمیان/ هەم مەوقیعیشیان بەقوەتتر دەبێت.

سێیەمیان/ بۆ ئەوەی ئێمە مەبدەئی لامەركەزیەت بتوانین بچەسپێنین لەم ولآتەدا زەرورەت وایە خۆمان دوور بخەینەوە لە مەبادئی تەعین و ئەم شتانەو لەو حاڵەتانە، ئەم حاڵەتەش دەست نیشان كردنی لە دەرەوە پێموایە دیسان بەهانە بۆ تەعین دادەنێت بۆ موحافز، ئەو حاڵەتەش خۆی بە تەبیعەتی حاڵ مەبدەئی لامەركەزیەت لەنگ دەكات، بۆیە بە قەناعەتی من ئەم موبەریرەی كە بڵێین خەڵكمان نابێت لەوێ، ئەوە نوقصتانیەكە لەلایەن ئێمەی ئەحزاب، كە دەست نیشانی خەڵك ناكەین بۆ ئەم ئەنجومەنانە، یان ئەو خەڵكانەی خۆیان هەڵدەبژێرن، من بە قەناعەتم دەبێت لەو بیست و پێنج كەسەو لە دوای ئەوەش چەند كەسێكی زیاتر بەپێی عەدەدی سوكانی دەبێت خەڵكی كەفوء بێت، توانای ئەوەی هەبێت لەناو ئەوانەدا ببێتە پارێزگارو جێگرەكەش، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان رەئی ئەو برادەرانەم هەیە كە باسیان لە ئینتیخابی موحافز كرد لە دەرەوەی مەجلیس محافەزە، بزەبت بە پێچەوانەی رەئیەكەی كاك دلێرەوە من پێموایە خۆی وەك ناحیەی قانونی سەیری ئەم یاسایە بكەین ماددەی چواردە باسی شروتی ئەعزای مەجلیس موحافەزە دەكات، یەكێ لە شەرتەكانی باس لەوە دەكات دەڵێت شەهادەی لە ئیعدادیە كەمتر نەبێت، یەعنی سەروو ئیعدادیە واریدەو جائیزە، لە ماددەی حەڤدە ئەگەر سەیری بكەین باس لە شروتی بوون بە موحافز دەكات كە نابێت لە بەكالۆریۆس جامعی ئەوەلی كەمتری هەبێت، ئەگەر هاتو لە بەینی ئەعزای مەجلیس ئینتیخابات كرا بووە موحافزو برادەرێك لەوانە دەرچوو كە شەهادەی ئیعدادیەی هەیە، ئەمە تەناقوزێك دروست دەبێت لەگەڵ ماددەی حەڤدە كە هەمانە، ئەمە یەك.

دووەم/ عورفێكی ئیجتیماعی هەیە لەناو ئێمە، بەڕاستی لە هەموو هەیئات و مەجالیس كە ئێمە بۆ خۆمان دروستی دەكەین نەوعە عیلاقاتێك دروست دەبێت لە بەینماندا، ئەو عیلاقاتانە هەندێك جار دەبێتە

سەبەبی ئەوەی کە نەتوانین باش موحاسەبەی یەکتری و رەقابەی یەکتری و چاودێری یەکتری بکەین، موحافز خارجی مەجلیس موحافەزە بێت پێموایە خازعی رەقابەی زیاتر دەبێت، چاودێری باشتر دەکرێت، هەم خۆشی بە حەماس و ئیشێکی زیاتر دەکات، مەجلیسیش بەڕاستی ئەو عیلاقەی کە هەیە لە لایەن ئێمە دروست دەبێت ئەوە لەگەڵدا نابێت، دەتوانن زیاتر موحاسەبەی بکەن، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی دیکە، خۆی لە فەقەرەکانی دوایی باس لەوە کراوە کە محافز ئیستیجواب دەکرێت لە لایەن مەجلیسی موحافەزەوە، ئەگەر ئەندام بێت هەر لەناو مەجلیسی موحافەزە، من پێموا نییە بتوانێت ئەو مەجلیسە بە موتلەقی قانونی، یەعنی بە تەواوەتی حەقی خۆی محاسبە سەر موحافز، لەبەر ئەوە پێموایە محافز ئەگەر لە دەرەوەی مەجلیس بێت هیچ گرنگ نییە ئێمە بتوانین لە کاتی قانونی ئینتیخاباتی موحافەزە هەر بەوەی کە وەختی خۆی لە لای ئینتیخابی مەجلیسی شارەوانییەکانی کوردستاندا کردمان دوو سندوق بوو، سندوقێك بۆ رەئیسی مەجلیس، سندوقێکیش بۆ ئەعزای مەجلیس، دەتوانرێت ئەو کاتی ئینتیخاباتی سندوقێك بۆ ئەعزای مەجلیس بێت، سندوقێکیش بۆ ئەو موحافزە هەبێت، کە خۆی تەرشیح دەکات، ئەمە یەك.

دوو/ مولاحەزەم لەسەر فەقەرەی دووە، بەڕاستی کە دەڵێت پێشتر باسمان کرد، تەعنەکەی لەبەردەم مەحکەمەی ئیداری دابێت، راستە کە کاك شێروان ئەو مەحکەمە ئیدارییە ئێمە بە قانونمان دەرکردووەو موصادەقەی لەسەر کراوە، بەلام تا ئێستا ئەو مەحکەمەیە قائیم نییە، دروست نەبووە، ئێمە با ئیحتیمالی ئەوە بکەین ئەم یاسای موحافەزەیە پێش ئەو دروست بوونی تەشکیل بوونی ئەو مەحکەمەیە دێتە دی، ئەگەر تەعنێك روویدا لەکاتی ئینتیخابات روو لەکوێ بکرێت باشە؟ هەرچەند ئێمە لە پێشتر دەنگمان لەسەرداوە، پێمان باش بوو بۆ ئەو مەرحەلەی ئێستا ئەم تەعنانە لەبەردەم مەحکەمەی تەمییزدا وایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو برادەرانەی پێشتر تەقریبەن هەموو باسیان کرد، من لەگەڵ ئەوەم لە دەرەوەش بکرێت موحافز دابنرێت، بەلام لەگەڵ ئەوە تەعین نییە، ئەوەش هەر بە هەڵبژاردن دەبێت لەناو مەجلیسەکە، بەلام یەك ئیزافەی بەسیتم هەیە، ئەسڵی هەڵبژاردنی موحافزەکە با لەناو مەجلیسەکە بێت، تەنیا بۆ حاڵەتی ئیستیسنائات کاك عومەریش حەل دەکات، ئەوەی بۆ ئیستیسنائات لە دەرەوە بکرێت و ئەو مەجالە بدرێتن، ئەوە پێم باشترەو گرێیەکەش حەل دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینم هەیە لەسەر خاڵی نۆیەم لەسەر ئەوەیە کە پێشنیاز کردنی پرۆژە یاسای تایبەتیەکان، ببوورە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس نەما وا نییە، ئەوەی ناوم نووسی بوو، ناوتان نەنووسی بێت نابێت، دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی تێبینی لەسەر ئەم بابەتە بدەم خاڵی سێیەم، بەڕاستی هەندێك لە رۆژنامەوانیەکان و وێنەگرەکان لێرە خەویان لێ کەوتووە، کە برادەرانی ئێمەش باوەشك دەدەن دێن رسمیان دەگرن، خۆشیان خەویان لێ کەوتووە، بۆ ئەوەی خۆشیان ئاگادار بن، کە خۆشیان خەویان لێ دەکەوێت، برادەرانی ئێمە ئەگەر باوێشکێك بدەن رەسمیان دەگرن و شتیان لەسەر بلاَو دەکەنەوە، بەنیسبەت خاڵی سێیەمەوە تەبعەن من پشتگیری ئەوە دەکەم کە هەڵبژاردنی پارێزگار لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەن بێت، چونکە ئەگەر لە دەرەوەی ئەنجومەن بێت من پێموایە ئەگەر هەڵیشیبژێرین ئەو وەختە دەسەلاَتی موقابیلی دەسەلاَتی ئەنجومەنەکە دەبێت، ئەنجومەن ئەو وەخت ناتوانێت وەکو پێویست محاسەبەی بکات، ئەگەر ئەو بە تەنها هەڵبژێردرێت، ئەنجومەنیش بە تەنها هەڵبژێردرێت، ئەو وەختە تەقریبەن موقابیلی ئەو دەبێت، کەس ناتوانێت موحاسەبەی وەکو پێویست بکات، ئەگەر بە هەڵبژاردنیش نەبێت ئەو وەختە بە تەعین دەبێت، کە بە تەعینیش بوو من پێموا نییە ئەو وەختە پارێزگار ئەو دەسەلاَتەی هەبێت ئەوان باسی دەکەن، بۆیە من لەگەڵ ئەو دەقەم کە هاتووە لەناو پرۆژەکەدا، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئێستا ئەغلەبی ئەوانەی قسەیان کرد، ئەگەر هەمان قسەیە خیلافت هەیە فەیدی ناکات، کە دەڵێت موحافز، پارێزگار هەڵدەبژێرێت لە دەرەوەی مەجلیسە ئیمکانی ئەوەی هەبێتن تەرشیح بکرێتن، چونکە لە مەجلیس هەر دەبێت، مەجلیس قەراری لێ بدات، نەك فەرز بکرێتن لەسەریان، بەلاَم یەك شت دەمێنێت لێرە، تەبعەن شەش، حەوت کەس ئەوان هێنیان کرد پێش ئەوەی بووە ئیقتیراحێك، بەلاَم پێش ئەوەی بیخەینە ئیقتیراحەوە، ئەگەر ئیقتیراحەکە قەبولیش بکرێت، دەبێت تەکمیلەی هەبێت، یەعنی کەسێك باسی ئەو تەکمیلەی نەکرد، کێ ئەو کەسە تەرشیح دەکاتن؟ ئەو کەسە کێیە؟ هەر کەسێك نایەتن، بە رەئی من شەخصێ ئەگەر ئەوەی تێ بخەن دەبێت بڵێن مەجلیسی وزەرا، لەبەر ئەوە ئەگەر لەسەر پێشنیاری مەجلیسی وزەرا ئەنجومەنی پارێزگا بۆی هەیە یەکێك لە دەرەوە هەڵبژێردرێت، شتێکی ئەوا دەبێت بنووسرێت، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئینتیخاب کردنی موحافز لەناو ئەنجومەن، بەڕاستی ئێمە زۆر بە تەفسیل موناقەشەی ئەوەمان کرد لەناو لیژنەی قانونی و لەناو لیژنەی داخلی، زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی هەردوو لیژنە لەگەڵ ئەوە بوون کە موحافز لەناو ئەنجومەندا هەڵبژێردرێت عەدا دوو، سێ برادەر نەبێت لەگەڵدا نەبوون فەقەت، ئەمە بۆیەش ئەوەمان بەڕاستی چەسپاند لەناو ئەو پرۆژەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە پێمانوایە هەڵبژاردنی موحافز لەناو پارێزگا زیاتر لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسی دەگونجێتن، ئێمە ئەگەر بمانەوێت موحافزێکی بەهێزمان هەبێت، دەبێت لەناو ئەنجومەن هەڵبژێردراو بێت، نەك لە دەرەوە بێت، ئەو ئەسبابانە وای لە ئێمە کرد، کە ئێمە بتوانین ئەو ماددەیە بچەسپێنین و زۆرینەی دەنگی بەڕێزان ئەندامانی هەردوو لیژنە لێ وەربگرین، ئەمە یەك.

دوو/ من لەگەڵ کاك عومەر نیم، هیچ تەناقوزێك نییە، ئەگەر باسی ئەوە بکات خەلەلێك هەیە، بەڵێ مومکینە خەلەلێك هەبێت، بەلاّم تەناقوز نییە نیهائیەن بەینی ئەو بۆچوونانەی کاك عومەر، من هەر ئەوەم دەبێت، نازانم ئەو بەڕێزانەی ئەندامانی تر ئەگەر مولاحەزەی تریان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موعالەجە دەکرێتن، موساعەدە بکەن، ئەگەر ویستمان نەیگۆڕین وەکو خۆی بمێنێتەوە، لێرە وەکو یەعنی شتێکی داواکارییەك بەو لایەنانە بکەین کە بەشداری دەکەن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، رەچاوی ئەوە بکەن ئەگەر تموحی ئەوەیان هەبێت پارێزگار لە لیستەکەی خۆیان بێت، مەسەلەن کەسێك پالێوراو بێت دەرچووی کۆلیژ بێت، ئەوە باشترە لەوەی کە ئێستا ئێمە قانونێك هین بکەین و ئەوە بکەین، باشە دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەوە کاك شێروان وجهە نەزەری باسی کرد کە هین کراوە لە ئەنجومەنی پارێزگا هەڵبژێردرێت، یەك، دوو ئەندامیش تەئیدیان کرد، بەلاّم پێنج، شەش ئەندامی پەرلەمان باسی ئەوەیان کرد کە لەناوەوەو لە دەرەوەش هەبێت، منیش ئەگەر لە دەرەوە بێت دەبێت صیغەکەش بگۆڕین، مەبدەئەکە کە لە دەرەوەی ئەنجومەنیشە دەکرێت، دەکرێت سەرۆکی پارێزگا ئەندامی ئەنجومەن بێت، لە دەرەوەی ئەنجومەنیش بێت، بەلاّم هەر لەناو ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێت، ئەو موقتەرەحە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە پارێزگار هەم ئەندامی ئەنجومەن بێتن و لە دەرەوەی ئەنجومەنیش بێت بۆ هەڵبژاردن دەستی بەرز بکاتەوە؟ دەڵێت هەڵبژاردنی پارێزگار لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنەکە بەشێوەیەکی هەڵبژاردنی موتڵەق دەبێتن، موقتەرەحەکە ئەوەیە دەڵێت لەناو ئەندامانی ئەنجومەن و لە دەرەوەی ئەنجومەنیش بێت، ئەو موقتەرەحە تازەیە دەکرێت ئەندامی مەجلیس بێت، دەکرێت لە دەرەوەی ئەندامی مەجلیس بێت، ئەو قسەیەم بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆیە، ئەوەی دەیڵێن لێرەیە، ئەو موقتەرەحی ئێوە نییە، هی ئێوە بۆتە پرۆژە، لە دانیشتنی پێشترمان وەکو پرۆژەك، موقتەرەحی تازە ئەوەیە چوار، پێنج ئەندامی پەرلەمان باسیان کرد، یەکەم جار ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، ئەو موقتەرەحە

تازەیە دەڵێت هەڵبژاردنی پارێزگار لەنێوان ئەندامانی ناوەوەی ئەنجومـەن و لـە دەرەوەی ئەنجومـەن بێـت، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە، بزانین نوقتەی نیزام چیە؟ فەرموو کاك شەوقی.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆ لەسەرەوە نووسراوە تەقریری لیژنەی هاوبەش، یەعنی ئەوە ئیقتیراحی ئەوانیشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فـەرموو کاکـە فـەرموو، بـرادەر شـەرحمان کـرد، تـەقریری لیژنـەی هاوبـەش جـاری پێشـوو لـە دانیشـتنی پێشوومان خۆتان ئیعتیرازتان کرد، گوتمان کاکە ئەو تەقریرە وەکو پرۆژەیەك لە لاتان بێت و بیخوێننـەوە، ئێستاکە لیژنەی یاسایی هاتوونەتەوە ئەو پرۆژەیە جارێکی دیکە دەعمیان کردووەو تەئیدی دەکەن، دەڵێن ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر ئەو راپۆرتە نییە، کە لێرە بووە پرۆژە، کاك عوسمان نوقتەی نیزامیـت هەیـە، فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەقصەدم تێگەیشتنی ئەندامانی پەرلەمانە لە شێوەی دەنگدانەکە، بۆ خۆی وا اقـتراح بکرێـت پارێزگـار لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، یان لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگا، بۆ ئەوەی زۆر وازیح بێت، ئـەوەی دەنـگ دەدات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەگەر بڵێم تەعلیق بدەم، دەڵێی تەعلیق لە هەموو قسەکانم دەدەی، با کاك شێروان شەرحی بکات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەکە ئەوە نییە، مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە لەگەڵ ئەوەینە عەجەبە پارێزگار لە زیمنی ئەنجومـەن و لـە دەرەوەی ئەنجومەن هەڵبژێردرێت، یان تەنها لە زیمنی ئەنجومەن هەڵبژێردرێت، مەسەلەکە ئەوەندەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوەی خـۆی دەپـاڵێوتن، ئـەوەی خـۆی تەرشـیح دەکـات بـۆ پارێزگـار، لێـرە نووسـراوە لـە ئەنـدامانی هەڵبــژێردراوی ئەنجومــەنی پارێزگــار یــەکێك، دوو کــەس، ســێ کــەس، دە کــەس خــۆی هەڵدەبــژێرێت لــە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا ببێتە پارێزگاری ئەو پارێزگایە، ئێستا موقتـەرەح وایـە دەڵێـت شـەرت نییـە ئیلا ئەندامی ئەنجومەن بێتن، ئەندامی ئەنجومەن لەناوەوەو لـە دەرەوەی ئەنجومـەن، ئـەوەی جـوابی کـاك عوسمان، ئەوە خـەڵك دەنگـی بـۆ نـادات، خـەڵکیش هەڵینابـژێرێت لـەناو ئەنجومەنەکـە قەرارەکـە دەدرێـت، ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن بێت، یەکێکیش لە دەرەوەی ئەنجومەن هات بێتن، بەلام ئەگەر ئەو مەبدەئـەتان قەبول کرد، دەبێت ئالیەتێکی دابنێین، ئەو کەسە کێیە کە حەقی هەیە لـە دەرەوەی ئەنـدامانی ئەنجومـەن

بێتن خۆی تەرشیح بکاتن، من گوتم رەئی من وایە دەبێت بڵێین یان وەزیرە، یان ئەنجومەنی وەزیرانە، جیهەتێك دەبێت هەبێتن، بەڵێ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی جەنابت دەڵێ پێویستە سیقەی ئەنجومەن وەربگرین، ئینجا ئیعتبار دەکرێت بە مورەشەح لە دەرەوەی ئەنجومەنەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر کەمال قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان.

ئەندامانی ئەنجومەن هەموو خەڵك دەنگی بۆ داوە، ئەو ئەنجومەنە هێزێکی خۆی هەیە، ئەگەر ئێمە ئەوها نەکەین و حەق بدەین، پاشان هەر کەسێك لە لایەن هەر لایەنێکی سیاسیەوە تەعین دەکرێتن، ئەو قوەت و ئەو دەسەلآتەی نامێنێت، بۆیە رەئی من لەگەڵ ئەوەیە لەناو ئەنجومەنەکە هەڵبژێردرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا روون کردنەوەیەك، پەرلەمان کە دێت دادەنیشێت، کێ سەرۆکی ئەنجومەن هەڵدەبژێرین؟ ئەندامی پەرلەمانە، عەینی شتە، جیهازی تەنفیزی محافز بەپێی ئەو قانونە دەبێت ئەندامی ئەنجومەن بێت، بەنیسبەت قانونی پەرلەمان وا بوایە، دەبوایە رەئیسی مەجلیسی وزەرا ئەندام بێت لە پەرلەمان، بەلآم ئێمە قانونمان وا نییە، ئێمە قانونمان ئەوەیە لە دەرەوەی ئەندامانی پەرلەمان دەکرێتن، لەبەر رۆشنایی چی؟ لەبەر رۆشنایی راوێژ لە بەینی ئەو هێزانەی لە ئینتیخابات بردیتیانەوەو زۆرینەیان هەیە، راوێژ دەکەن و دێن بە ئەنجومەنەکە دەڵێن فلان کەس نوێنەرمانە بۆ سەرۆکایەتی حکومەت، لە پەرلەماندا متمانەی پێ دەدرێت و تەکلیف دەکرێت، پێش متمانە تەکلیف دەکرێت کابینە دروست بکاتن، بە هەمان شێوە ئەو موقتەرەحە وایە، شەرت نییە پارێزگار ئەندام بێتن لە ئەنجومەن، مومکینە لەبەر رۆشنایی هەندێك مولاحەزات یەکێك تەرشیح بکرێت لە دەرەوەی ئەنجومەنیشەوە بێت، جەنابی وەزیر قسەی بکە فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر باسی شەفافیەت و دیموکراتیەت و ئەوە دەکەین، لێرە خەڵك متمانەی داوە بە چەند کەسێك، دەنگی پێداوە، موحافەزەیەکی کامل دەنگی بۆ داوە، ئەگەر رەئیسی موحافز سبەینێ ئەنجومەنی موحافەزە دەڵێن ئێمە پێویستمان پێ هەیە، لەوانەیە ئەوان یەکێك تەرشیح بکەن مەجلیس وزەرائیش یەکێکی تر

تەرشیح دەكات، یەعنی دەبێت ئێمە ئەو خیلافە حەل بكەین لێرە سەلاحیەت بدەینە ئەوەو ئینتیخاب بكرێت لە مەجلیس، ئەو متمانەی خەڵكی وەرگرتووە، دەنگی خەڵكی وەرگرتووە.

دووەم/ ئەگەر بڵێین خەریجی ئیعدادیەیە مەعقول نییە، ئەو ئەحزابانە چەند كەسێك تەرشیح نەكەن كە خەریجی جامیعە بن و مستەوایان هەبێت، ئێمە بۆ مستەوایەكەی بێنینە خوارێ، جا لەبەر ئەوە بەڕاستی باشترە لە نێوان مەجلیسەكە خۆی ئینتیخاب بكرێت، نەك لە دەرەوەی مەجلیس بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاكە ئێستا زۆر وازیحە، رەئی دوو لیژنەكە دیارە، رەئی حكومەتیش دیارە، مەنتیقیش دیارە ئیزافەتەن یەعنی هەردووكی ئیقتیراح بكەین، هەردووكی بۆچوونی هەیە، مەنتیقیشی تێدایە، یەعنی مەسەلەن ئێستاكە نەنووسین ئەو موقتەرەحەی كاك كەریم و هەندێك برادەری تری ئەندام هینیان كردووە، تەبیعییە هەر لیستێك، هەر تەرەفێك كە داخیلی ئینتیخابات بێت یەكەم ناو كە دەنووسێتن تەوەقوعی ئەوە دەكات ئەوە ببێتە پارێزگاری ئەو شارە، بە تەئكید رەچاوی ئەوە دەكات لە قانونەكە دەڵێت خەریجی جامیعە بێتن، وای دادەنێتن، دەنا تموحی ئەوەی نییە لیستەكەی كەسێكی لەناو ئەو لیستە ببێتە پارێزگار، بە هەر حاڵ مولاحەزەی ئێوە پرۆژەكەتان، موقتەرەحەكەتان دەخەمە دەنگدانەوە، ئەوە نوقتەی نیزامی نییە كاك كەریم، لەبەر ئەوەی قسەكانم لەگەڵ قسەكانت ناگونجێت، پێتوایە نوقتەی نیزامییە، نوقتەی نیزامی نییە، شەرحە كردووم، فەرموو نوقتەی نیزامیت چیە؟

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو پێشنیار كرا، پێشنیارێك ئەوە بوو كە لەناوەوەو لە دەرەوەی ئەنجومەن پالێوراو، یان هەر لە ناوەوەی ئەنجومەن بێتن، سەعاتێكە هەر خەریكی ئەوەن دەتانەوێت قەناعەت بە ئەندامان بێنن، كە تەنیا لەناو ئەنجومەن بێتن، لە دەرەوە نەبێتن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وا نییە، دانیشە فەرموو، جارێ ئەوەلەن هەموو ئەندامان داوایان كرد بۆچوونی خۆیان بڵێن، كاك كەمال عەكسی ئەو قسەی كە دەیكەیت قسەی كرد، من تەئیدی قسەكانی تۆم كرد گوتم دەبێت شەرح بكرێت كێ ئەوە دەكات؟ لەبەر ئەوە ئەو توهمەیەت لە جێی خۆی نەبوو، نوقتە نیزامیەكەت نوقتەی نیزامی نەبوو، تەنیا شەرح كردنی، ویستت ئەوە بوو سەرنجی ئەندامان رابكێشیت، دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەو موقتەرەحەی كە دەڵێت لە دەرەوەی ئەنجومەنیش، چیە كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر هاتو موحافز لە دەرەوەی ئەنجومەن بوو، مەجلیس حەل كرا، موحافز بە قەراری ئیقلیمی تەعین دەكرێت دەبێتە فەرمانبەری دائیم، لە حاڵەتێك ئەگەر ئەو مەجلیسە حەل بوو، ئەو موحافزەش بەڕێ دەكرێت، ئەوە لە زیمنی مونتەخبین نییە، عیلاجی ئەوەش بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە موشكیلە نییە، ئەوە حەل دەكرێتن، ئەوە حەل كراوە، ئەو رەئیەی كاك كەریم كە پشتگیریان لێ كرد دەڵێت (پارێزگار دەكرێت ئەندامی ئەنجومەن بێت، دەكرێت لە دەرەوەی ئەنجومەن بێت)، كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (17) دەنگ، با بیست بێت، نا من حیسابی دەنگی خۆم كرد یەكێكیش لەولاوە چاوم لێ بوو نەمزارد بوو (19) دەنگ، دەنگی منیش ئەوە (20) دەنگ، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەسڵی نەصەكەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆرینەیە، تەواو، فەرمووو كاك دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە گوتمان لەناو ئەنجومەنەكە بێت، بەلاّم نەك تەنیا پارێزگار لەگەڵ هەردوو جێگرەكەی، ئەو پێشنیارەش هەبوو، ئێستا نەصەكە هەر خۆی، یان پارێزگار بە تەنیا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هەردووكی بوو، ئێستا فەقەرەكە بە هەردوو برگەیەوە بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ثالثاً:

1- انتخاب المحافظ من بین اعضاء المجلس بالأغلبیة المطلقة، خلال مدة اقصاها ثلاثون یوماً من تأریخ انعقاد أول جلسة له.

2- اذا لم یحصل اي من المرشحین على الأغلبیة المطلقة یتم التنافس بین المرشحین الحاصلین على اعلى الأصوات ویعد فائزاً من یحصل على اكثریة الاصوات في الاقتراع الثاني.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی لێرە ئەویش ئیزافە بكە (اذا لم یحصل اي من المرشحین على الأغلبیة المطلقة لعدد اعضاء المجلس)، لەبەر ئەوەی دەبێت بە لای كەمی نیوەی هین بێتن، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە دەستی

بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تكایە بۆ (رابعاً)، تكایە ئەو ماددەیە تەواو بكەین، ئەگەر ئێستا بەردەوام نابن موقتەرەح هەیە ئێوارێ دابنیشین، بەیانی سەعات (11)، چونكە ئیشی ترمان هەیە، بەیانی سەعات (11)، كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) | عدنان رشاد مفتی |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

+

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)**

**چوارشەممە ڕێکەوتی 15\4\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)

## چوارشەممە ڕێکەوتی 15/ 4/ 2009

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکـەوتی 2009/4/15 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆکی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمـد قـادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (6)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی کوردسـتان - عێـراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (6)ی خـولی دووەمـی هەڵبـژاردن لـە کـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکـەوتی 15/ 4/ 2009 دا بـەم شێوەیە بێت:

1 ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای بڕیاری تایبەت بە پێدانی دەسەڵات بە سەرۆکی هەرێم بۆ دیاری کردنی کاتی هەڵبژاردن.

2 ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پارێزگاکانی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە بە خوێندنەوەی بەرنامەی کار:

1 ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای بڕیاری تایبەت بە پێدانی دەسەڵات بە سەرۆکی هەرێم بۆ دیاری کردنی کاتی هەڵبژاردن.

2 ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پارێزگاکانی هەرێم.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن بۆ بڕگەی یەکەم، کە بڕگەی دووەمیش دەستی پێ کرد لیژنەی ناوخۆش بێن، خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە پێدانی دەسەڵات بە بەڕێز سەرۆکی هەرێم بۆ دیاری کردنی کاتی هەڵبژاردن، دوێنێ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر ئەو پرۆژە بڕیارە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە بەرباس، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، داوا لە سەرۆکایەتی دەکەم ئەگەر ئیجازەم بدەن، تەوزیحێکم هەیە پێش ئەوەی راپۆرتی لیژنەی قانونی بخوێنمەوە سەبارەت بە یاسای تەخویل کردنی سەرۆکی هەرێم، بۆ ئەوەی رەدی ئەو بەڕێزانە بدەمەوە کە دوێنێ لەسەر لیژنەی یاسایی هەندێك رەخنەیان هەبووە لە رۆژنامەکان دا، دیارە دوێنێ هەندێك لە بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان هەندێك رەخنەیان لە لیژنەی یاسایی گرتووە کەئەنەهو لیژنەی یاسایی کەم تەرخەمە و نەیتوانیوە وەکو پێویست ئەرکەکانی خۆی ئەنجام بدا و لە هەمان کات دا ئیش و کاری لیژنەی یاسایی مۆرکی حیزبایەتی پێوە دیارە، جگە لەوەش ئومێدی ئەوە دەکەن کە لیژنەی یاسایی داهاتووی پەرلەمان لەوە کارا تر و لەوەش رێك و پێك تر بێت، تەبیعی پێشەکی من دەمەوێت ئەوە بڵێم زۆر جار لەو هۆڵە باس لەوە کراوە یەك لە سیفەتەکانی ئەندامانی پەرلەمان ئەوەیە کە گلەیی و گازاندە و رەخنە و کێشە و هەموو ئەوەی پەیوەست بە هاوولاتیانە لە دەرەوەی پەرلەمان بهێنێ بۆ ناو پەرلەمان موناقەشەی بکات و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، ئەمەیە ئەرکی ئەندامانی پەرلەمان لە ناو پەرلەمان دا، بەلام ئەگەر هەر گلەییەکیان هەبوو دەرهەق بە لیژنەکانی پەرلەمان یان دەرهەق بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، لە هۆڵی پەرلەمان پێویستە ئەوە چارەسەر بکرێت، نەك بچێتە سەر لاپەڕەی رۆژنامەکان کە هیچ سوودێکی نیە، بۆیە ئەمە یەکەمین خاڵە کە ویستم جوابی بدەمەوە کە بە نیسبەت ئەندامانی پەرلەمان زۆر جاریش سەرۆکایەتی تەئکیدی کردووە لەسەری و ئێمەش لێرە گفتوگۆمان لەسەری کردووەتەوە، کە پێویستە ئێمە کێشەکانی خۆمان لەناو پەرلەماندا حەسم بکەین، نەك بیبەینە سەر لاپەڕەی رۆژنامەکان، تەبیعی ئەگەر مەسەلەکانیش ڕاست بوو، تەبیعی بوو، بەڕاستی ئێمە زۆر زۆر بە دڵنیاییەوە ئەمانەمان وەردەگرت، یەك لەو رەخنانەی کە ئاراستەی ئێمە کراوە دەڵێت عەلا ئەساس لیژنەی یاسایی کەم تەرخەم بووە لە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان، یاخود دەبوایە یاسایەکی تایبەت تەقدیم بکرێت سەبارەت هەڵبژاردنەکانی کوردستان، تەبیعی ئێمە ئەو هەموارکردنەمان کردووە، رەئی زۆر خەڵکمان وەرگرتووە و هەموارکردنەکەش بەڕاستی لەلایەن کۆمسیۆنی بالاوە هیچ ئیعتڕازێکی لەسەر نەبووە، لە دواین کۆبوونەوەی خۆیان گوتیان بەڕاستی یاسایەکی زۆر ڕێك و پێکە و هیچ نەقسێکی نیە، لە کاتێك دا ئێمە دەزانین موفەوەزیەی عولیا زۆربەی زۆری ئەندامەکانی مەجلسی مفەوەزیەی هەمووی ئینسانی قانونین و حاکمن و هیچ یەکێکیان ئەوەی تیا نیە کە 20 ساڵ کەمتر خدمەی قەزائی هەبێت، دووەم: ئەو بەڕێزانەی کە ئەو ئیدعایە دەکەن حەزم دەکرد خۆیان پرۆژەیەك تەقدیمی لیژنەی قانونی بکەن، هەموویان قانونین و با ئێمەش لە لیژنەی قانونی دیراسەتمان بکردبا، لەسەر ڕۆشنایی ئەوان ئێمە ئەو پرۆژە تایبەتەمان تەقدیم بکردبا، چونکە تەقدیمی پرۆژە تەنها ئەندامی پەرلەمان لێی مەسئول نیە، بەڵکو هەر ئەندامێکی پەرلەمان لێی مەسئولە بە تایبەتی ئەندامە حقوقیەکان، یەك لەو رەخنانەی کە لە ئێمەیان گرتووە، دەڵێت ئیش وکاری لیژنەی یاسایی مۆرکی حیزبایەتی پێوە دیارە، بەڕێزان ئێمە لە لیژنەی یاسایی لە بیدایەتەوە تا ئێستا وەك تیمێك بە برایانە ئیشمان کردووە بە بێ جیاوازی و بەبێ ئەوەی هیچ مەسەلەیەکی حیزبایەتی لەوێ تەئسیراتی هەبێت، نزیکترین نموونە هەر

دوێنێ برای بەڕێزم کاك کریم بحری کە ئەندامە لە لیژنەی قانونی و لەسەر لیستی سەوزەو زۆر تەبیعیە و زۆر ئیعتیادیە لێرە بە ئازادانە رەئی خۆی تەرح کرد، بەڵام رەئیەکەی دەنگی نەهێنا و هیچ موشکیلەش نیە، بۆیە پرۆسەی جێ بەجێ کردنی ئیش و کارەکانی لیژنەی قانونی لەسەر ئەساسی زۆرینە و کەمینەیە وە ڕێز گرتنیش لە رەئی موخالفە، بەم شێوەیە ئێمە ئیشمان کردووە و ئێمە بە گوێرەی ئەو ئیحسائیەی کە کردوومانە کە جەنابی جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە ئێمەی تەڵەب کردووە هەتا ئێستا ئێمە نزیکەی 270 کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە لەو دەورەیە تاوەکو کۆبوونەوەی دوێنێ و پێرێ، جگە لەوەش بەسەدان کێشەی هاووڵاتیان کۆبوونەوەمان لەسەر کردووە و جوابی سەرۆکایەتیمان داوەتەوە، ئەوە ئەرکی سەرشانی خۆمانە و منەتی لەسەر هیچ کەسێك ناکەین، ئەوەی ببێتە ئەندام پێویستە خزمەتی ئەو دەزگایە بکات و خزمەتی ئەو ئەزموونە بکات، خاڵی سێیەم: بەداخەوە ئەوە ئیتیهام کردنەکە کە انشالله ئومێدیان بە دەورەی داهاتووی لیژنەی یاسایی هەیە کە کارا تر بێت، ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەرگامان والا بووە و سەرۆکایەتیش و لیژنەی یاسایش دەرگای والا بووە بۆ هەر بەڕێزێك لە یاساناسەکان لە ناو پەرلەمان کە بهاتبایە لیژنەی یاسایی دەوڵەمەند بکردبا بەئەفکاری، بە پرۆژەکانی، بە هەموو موقتەرەحێکی کە ئەو دەیویست، بەڵام بە داخەوە کە نەیانەوێت ئیش بکەن، حەق نیە گلەییش لە خەڵك بکەن، من هەر ئەوەندە بوو، زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی دەکەم، ئێستاش تەقریری ئەو پرۆژەیە برای بەڕێزم کاك عونی دەیخوێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جارێ ئەوەڵەن باسی کەس نەکراوە، لەبەرئەوە پێویست ناکات وەڵام بدرێتەوە، حەقی خۆتانە ڕوونکردنەوەیەك بدەن وەکو لیژنەی یاسایی و باسی کارەکانیان بکەن، کە رەخنەش دەگیرێت حەقی خۆیانە کارەکانیان ڕەچاو بکرێت، سوپاسیان دەکەین، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الى رئاسه برلمان كوردستان ـ العراق

م/ تقرير اللجنه القانونيه

اجتمعت اللجنة القانونية مساء يوم 2009/4/14 المصادف ليوم 25 نوروز 2709 كوردى لدراسة مشروع قرار تخويل رئيس اقليم كوردستان ـ العراق صلاحية تحديد موعد اجراء انتخابات الدورة الثالثة لبرلمان كوردستان والدعوة اليها والمقدم من قبل العدد القانونى لاعضاء البرلمان والمحال اليها بعد القراءة الاولى له فى البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة 5 فى هذا اليوم 4/14 /2009 وبعد المناقشة والمداولة تؤيد اللجنة المشروع نظرا لعدم توفير المستلزمات الاساسية المالية والفنية والادارية للمفوظية العليا المستقلة للانتخابات وعدم استكمال مستلزمات العملية الانتخابية لاجراء الانتخابات فى موعدها المحدد وفق المعايير الدولية والتى

ادت الى تجاوز المدة المحددة فى قانون رئاسة الاقليم رقم 1 لسنة 2005 المعدل لدعوة رئيس الاقليم لاجراءها ولاعطاء الصلاحية لرئيس الاقليم بغية تحديد موعد اجراءها. راجين التفضل بالاطلاع وعرض اصل المشروع وراى اللجنة القانونية بشانها على البرلمان للمناقشة وابداء الرأى المناسب بصدده مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا من لە راپۆرتەکەتان یەك مولاحەزەم هەیە ئەگەر ئیجازەم بدەن، (نظرا لعدم توفیر المستلزمات الاساسیة المالیة والفنیة والاداریة لامفوظیة العلیا المستقلة للانتخابات) ئەوە باشە (وعدم استکمال مستلزمات العملیه انتخابیه) یەعنی چیە؟ ئێمە هیچ موستەلزەماتێکمان نیە، ئەوە هینەکەت گوتووە، هی مفەوەزیە، ئێمە لە لایەن خۆمانەوە هەموو شتێکمان تەواو کردووە، قانونەکەمان تەواو کردووە و موافەقەتمان بۆ هەموو شتەکان کردووە، هیچ مەسئولیەتێك لەسەر شانی ئێمە نیە بۆ دواکەوتنی ئینتیخابات، ئاخر (وعدم استکمال مستلزمات العملیة الانتخابیة لاجراء الانتخابات) دەتوانرێ بنووسرێت (وخاصة فیما یتعلق بالجانب المالی لن تقوم الحکومة الاتحادیة بتوفیر المیزانیة المخصصة لهذه المسألة) دەتوانی ئەوەی بڵێی، بە هەرحاڵ ئەسڵی پرۆژەکە لەبەردەمتانە دوێنێ دراوەتە هەموو ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر قسەیەکتان لەسەری هەیە؟ فەرموون، باشە، کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرۆژەکەم بە شێوەیەکی تر نووسیوە و نزیك لەوەی کەوا لیژنەی قانونی ئامادەی کردووە، نوسخەیەکیشم داوە بە کاك عونی ئاماژەشم بۆ ئەو خاڵە کردووە کەوا ئێستا جەنابتان ئیشارەتتان بۆی کرد، ئەوە بەرپرسیاریەتی پەرلەمان نەبووە کەوا دواکەوتووە، بەڵکو لەبەر هەندێك هۆکاری تایبەتی وەکو مەسەلەی بودجە و مەسەلەی کات و ئەوانە بەرپرسیاریەتی پەرلەمان نیە، ئەوە ئەرکی کۆمسیۆنی باڵایە کەوا پارەی گونجاو تەرخان بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە، کاتی خۆیشی ئێمە تووشی ئەو کێشەیە بووین لەساڵی 2004 و 2005 دا، پێویستە کەوا ئێمە بیر لەو مەسەلەیە بکەینەوە بە شێوەیەکی عەمەلی، ئایا دەمانەوێت ئەو هەڵبژاردنە لە ماوەیەکی دیاری کراودا ئەنجام بدرێت؟ ئەگەر هاتو حکومەتی ناوەندی پارەی بۆ تەرخان نەکرد، ئێمە دەتوانین ئەو کارە بکەین، هەرچەندە ئەوە لە ئەرکی کۆمسیۆنی باڵای بەغدایە، چونکە ئەوە پارەی سیادی بۆ تەرخان کراوە و ئێمە ناتوانین پارەی بۆ تەرخان بکەین، بەڵام ئەگەر هاتو تەرخانیان نەکرد، پێویستە کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پارەیەی بۆ تەرخان بکات، ئینجا ئەگەر ڕێگا بدەن کاك عونی با ئەو پرۆژە بخوێنێتەوە، چونکە من بە شێوەیەکی دی دامڕشتووە، لە بڕگەی یەکەم دا دەڵێت (لرئیس اقلیم کوردستان ـ العراق تحدید موعد اخر لاجراء انتخابات الدورة الثالثة لبرلمان اقلیم کوردستان فی موعد لایتجاوز 30 ایلول 2009 ) چونکە ناکرێت ئێمە هەروا و

ماوەیەکی دیاری نەکراو بیهێڵینەوە، ئەوە کارێکی قانونی نیە، (استنادا لاحکام قانون رئاسە اقلیم کوردستان ـ العراق رقم 1 لسنه 2005)بیخوێنمەوە ئەوەی تریش؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا کاك د.نوری پرۆژە بە یەك نەفەر تەقدیم ناکرێت، ئەوە یەك، دووەم: جەنابت دەتوانی رەئیەکانت بڵێی برگە بە بڕگە و بیخەینە موناقەشە، ئێستا بە نیسبەت فەقەرەی یەکەمەوە ئەسڵی هینەکە چۆنە؟ ئەسڵی هینەکە بخوێنەوە کە دەڵێت (استنادا الی قانون رئاسة الاقلیم رقم 1 لسنة 2005 المعدل یخول رئیس اقلیم کوردستان ـ العراق بتحدید موعد لاجراء انتخابات الدورة الثالثة لبرلمان کوردستان ـ العراق) جەنابت دەڵێی (لرئیس اقلیم کوردستان ـ العراق تحدید موعد اخر لاجراء انتخابات الدورة ثالثة لبرلمان اقلیم کوردستان ـ العراق ) جەنابت وابزانم لێرەدا دیقەتت نەکردووە کە ئێمە هیچ مەوعیدێکمان نەبووە تا بڵێین (موعد اخر)، پێشنیارمان کردووە 5/19 بێت نەبووەتە قەرار، پێشنیارێکی ئێمە بووە، سەرۆکی هەرێمیش هیچ ئیعلانی مەوعیدێکی نەکردووە تاوەکو بڵێین (موعد اخر)، مەوعیدێك نیە، تەنها لە قانون دا بە عام دەڵێت سەرۆکی هەرێم هەڵدەستێت بە دەست نیشان کردنی ڕۆژەکەو بانگهێشت کردن، تا ئێستا نەیکردووە، تاوەکو لێرەدا بە قانون بڵێی مەوعیدێکی تر دابنێت، ببورە ئەسڵیەکە ڕاست ترە، کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پرۆژەکەدا مەوعیدتتان دیاری نەکردووە، ناشێت کەوا بە موتڵەقی ئێمە مەوعیدێك دیاری نەکەین، هەروا بڵێین هەتاوەکو کەی ئەم پرۆسەیە ئەنجام نادرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەوعیدمان دیاری نەکردووە، چونکە بەندە بەوەی کە مفەوەزیە بڵێت پارەکە وەرگیرا و فلان ڕۆژ دەتوانین بیکەین، بەندە بەوەی، هەر ئەوەی کرد، ئەو کاتی دەیکەن، ئێمە لێرە خۆمان بڵێین فلان ڕۆژ، ڕەنگە زووتر بێت، بۆیە لێرە ئەوەمان رەبتی ئەوە کردووە(اخر)یش زیادەیە لە هینەکان دا، کاك عثمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبداللە قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وابزانم ئەو قسانەی کە کاك شێروان کردی هەندێکی عیلاقەی بە ئێمەوە هەبێت... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەمان تەواو کرد، ببورە تەواومان کرد و گوتمان ناوی کەسی نەهێناوەو تەوزیحێکی داوەو حەقی خۆیەتی، ئەگەر ناوی کەسی هێنا با ڕێگام دەدا جوابی بدرێتەوە، بەڵام لەسەر مەشروعەکە ئەگەر قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبداللە قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، دەربارەی دیاری کردنی ڕۆژی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دیارە ناکرێت ئێمە بە بودجەی ببەستینەوە بەڕاستی، ئێستا ئەوە نازانم دیسان دەکەوینە بەر قسە وباسی خەڵك ئەگەر ئێمە ئەو عەمەلیە گەورەیە و ئەو عەمەلە دیموکراسیەی کە وڵاتەکەمان و میللەتەکەمان چاوەڕێ دەکات بۆ کاتی هەڵبژاردن، ئێمە بە 30 ملیۆن دۆلاری ببەستینەوە بەڕاستی ئەو ئیمکانیەتەمان هەیە و دەکرێ خۆمان شەڕی خۆمان بکەین و داوای خۆمان بکەین و داوا تەسجیل بکەین لەسەر کۆمسیۆنی باڵا و داوا لە حکومەتی عیراق بکات و داوای ئەو بودجەیە بکەین، بەڵام ناکرێت پرۆسەکە ڕابگرین، بەڕاستی ئەگەر ئێستا دەنگ بۆ ئەوە بدەین و هەتا ئەو بودجەیە دیاری دەکرێ، هەتا دەمان دەنێ، هەڵبژاردن دیاری نەکرێت، خەڵك ناچارە قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەڵەن پرۆسەکە ڕانەگیراوە بە دەلیلی ئەوەی کۆمسیۆنی باڵا ئەمڕۆ کە 15ی مانگە ئیعلانی کردووە کیانات دەتوانن خۆیان تەسجیل بکەن، ئەوەی کاری فەنیشە هەتا ئیشیان کردووە و ڕانەوەستاون لەسەر بودجەکە، یەعنی کاری خۆیان کردووە و مەوزوعی بودجەکەش کە حکومەتی ئیتیحادی دەبێت تەمویلی بکات، گوتوومانە و منیش گوتوومە سەرۆکی حکومەتیش لە موئتەمەرە سحوفیەکە باسی کرد، دەڵێت ڕاناوەستین لەسەر ئەوە، بەڵام ئەوە حەقی خۆمانە ئەوەندەی بۆمان بکرێت ئەو حەقە تەئکید دەکەینەوە، ئەگەر نەیان دا پرۆسەی هەڵبژاردن ڕاناوەستێ لەسەر ئەوە تەئکیدمان کردووەتەوە، بەڵام ئێمە بەو ئاسانیە بڵێین باشە و پارەیەکەو تەواو، لە حەقیقەت دا پارەکە کەمیش نیە، ئێوە خۆتان لێرە قەرارتان دا مفەوەزیەی عولیا هەڵبستێت بە سەرپەرشتی کردنی ئەو هەڵبژاردنە، مفەوەزیەی عولیا تەمویل دەکرێت لەلایەن حکومەتی ئیتیحادی، هەتا من گوتم ئەگەر ئێمە ئەو پارەیەش بدەین دەبێت دیوانی چاودێری هەرێم هەڵبستێت بە بەدواداچوونی ئەو پارەیە چۆن سەرف کراوە؟ ئایا حکومەتی ئیتیحادی ئامادەیە لیژنەیەك لێرەوە بچێتە بەغدا و پارەیەکی ئیتیحادیە، ئەو قسانەم گوتووە، دەبێت یەکلایی بکەنەوە، یەعنی ئێمە تەمویلی دەکەین، حکومەتی ئێمە بە تەئکید تەمویلی دەکاتەوە، بەڵام ئەوانەی یەکەم حەقە، دوومیش ئەوە دەبێت بیری لێ بکاتەوە، لە نەتیجەدا هەڵەیەکە ئەگەر حکومەتی ئیتحادی بڵێت نایدەم، حەقێکە لە هەرێمی دەستێنیتەوە، ئێمە ئەگەر تەنازولیشی بۆ بکەین لەبەرئەوەیە هەڵبژاردنەکە لە کاتی خۆیدا بکرێت، بەڵام لەو ڕۆژانە ئەوە یەکلایی دەکرێـتەوە، دوێنێش تەلەفۆنم کردووە و ئیتساڵم بە هەردوولا کردووە، ئومێد دەکەم ئەمڕۆ و سبەی جوابیان هەبێت، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێش ئەوەی لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم، هەرچەندە ڕەنگە قسەکەم ببێتە نوقتەی نیزام، من دەمەوێت گلەییەکی کەس و کاری ئەنفال و خەڵکی گەرمیان بە سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕابگەیەنم، کە زۆر گلەییان هەبوو لەسەر ئەوەی کە ........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عادل دوێنێ ئەو گلەییە کرا، تکایە جەنابت لەسەر مەوزوعەکە قسەی بکە، ئەگەر گلەییت هەیە بینووسە بۆمان بەسەر چاو، بەڵام ئێستا موناقەشەی ئەوە دەکەین، چۆن ڕێگام نەدا بە کاک عثمان، ئاوا ڕێگا بە جەنابیشت نادەم کە لە مەوزوعی موناقەشە دەربچی، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دیاری نەکردنی مەوعد بەڕاستی شتێکی خراپە، لەبەرئەوەی هەڵبژاردن داوای خۆمانە و داوای هەموو خەڵکیشە، لێرە بە پێی ئەم بڕگەیە سەرۆکی هەرێم چاوەڕوانە کەی مفەوەزیە شتەکانی تەواو کرد بە تایبەتی وشەی (مستلزمات العملیە)، کەی ئەوانەی تەواو کرد ئەوجا ئەو مەوعد دادەنێ، جا پێمان وایە ئێمە بڕگەکەمان وابێت، مەوعدێك دابنێین کە بڵێین ئەڤسا مودە فلان ڕۆژ بێت، ئەوجا بە مفەوەزیە بگوترێت، چونکە مفەوەزیە بە بچووکترین شت ئامادە نەکردنی سندوقێك، ئامادە نەکردنی دەنگدانێك، دەڵێ کە موستەلزەماتی عەمەلیم تەواو نەکردووە، یەعنی بەو شێوە کراوەییە ئێمە مەجال بدەین ئینتیخابات دوابخرێت، بەڵام بەڕاستی شتێکی خراپە، باش وایە کاتێك دیاری بکەین و بڵێین سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لە ماوەی ئەوەندە ئیعلانی ڕۆژی هەڵبژاردن بکات و ئەوجا مفەوەزیە بۆ خۆی کارەکانی تەواو بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس سەرۆکی پەرلەمان، قسەکانی من کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەڵێم هەر کات توانیمان هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکەین ئەوجا ئێمە دەبینە شتێك، ئەوجا ئەو شتە چیە؟ وەکو مەلا سعدالدین گوتی هەر لێی گەڕێ! بەداخەوە دواکەوتنی وادەی هەڵبژاردنەکان کە ئومێدمان وابوو بیکەین لە 5/19 پێمان نەکراو نەگاتە 6/4 هەر پێمان نەکرا، ئێستاش ناچارین دوای بخەین لەبەر ئەوانەی کە جەنابت باست کرد، ئەوەش بە شێوەیەکی عەمەلی درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانە لە 6/4 بێگومان کە هەڵبژاردن دەکرێت خۆ پەرلەمان هەڵناوەشێتەوە، ئەمەش قەرارێکی تری دەوێت کە بۆ داهاتووە، ئێمە چارەنووسی عەمەلیەی سیاسی خۆمان لە کوردستان بدەینە دەست بەغدا و بیدەینە دەست کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن داخوا کەی پارەکەی پێ دابین دەکرێت یان دابین ناکرێت، بەڕاستی ئەوە موغامەرەیەکی گەورەیە بە مەسەلەکەی ئێمە دەکرێت، خەریکە دەگەینە ئەو قەناعەتەی لەوانەیە بەغدا پێی خۆش بێت ئێمە لێرە زۆر خەڵك لێمان نارازی بێت، پێی خۆشە عەمەلیەی دیموکراسی لێرە دوابکەوێت و ئینتیخابات نەکرێت، ئەو پرۆژە یاسایەمان نووسیوە (معلق علی شرط) شەرتەکەش ئەوەیە کە پارە دابین بکرێت بۆ کۆمسیۆن، ناکرێت و بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو پرۆژەیە نیمە بەو شێوەیە تەعلیق بدرێت لەسەر شەرتی دابین کردنی پارە لەلایەن بەغداوە بۆ ئەم پرۆسەیە، بۆیە من لەگەڵ بڕگەی ئەخیریم کە دەڵێت پێداویستیەکان دابین بکرێت و دەبێت بڵێین بە مودەیەك کە تەجاوز نەکات لە 2009/7/15، بەڕێز سەرۆکی هەرێم بانگەواز بکات بۆ هەڵبژاردن لە ماوەیەك کە تێ نەپەڕێت لە 2009/7/15 ، بەڵام بەو شێوەیەی ئێستا بمێنێتەوەو چاوەڕێی ڕەحمەتی دابین کردنی پارە بکەین، لە کاتێك ئێمە ئامادەین پارەی بۆ کۆبکەینەوە ئەگەر پارە نیە، دەشزانین پارە هەیە و ئەو عەمەلیە با چی تر ڕانەگیردرێت لەسەر پارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیچ تێبینیەکم لەسەر پرۆژەکە نیە، بەڵکو تێبینیم لەسەر سیاغەکەی هەیە بە تایبەتی بڕگەی 1 ( استثناء من قانون رئاسة الاقليم) بە ڕەئی من شتێکی زۆر زۆر فراوانە لەوانەیە تەفسیراتی لێ بکەوێتەوە، ئەگەر بگوترێت (استثناء من حكم المادة العاشرة الفقرة 2 من قانون .....)ی لە فلان قانون لەوانەیە ئەو دەقیق تر بێت، دووەم: ئەوەندی من لەو یاسایە تێ گەیشت بم وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسایی دواخستنەکەی پابەند نیە تەنها بە مەسائیلی مالی، ئەگەر تەماشایەکی ئەسبابی موجبە بکەین دەڵێت (نظرا لتعذر المستلزمات الاساسية المالية والفنية والادارية) ئێمە چەندین جار لەگەڵ مفوەزیە دانیشتووین گوتیان ئێمە پێمان ناکرێت، سەبەبەکەش تەنها مەسائیلی پارەکە نیە، بەڵکو هەندێك سیستەمیشیان دەرکردووە کە ئەنزیمە، ئاخر ئەنزیمە دوێنێ پێمان گەیشتووە، پێویستی بە ئەوە هەیە چەند سیستەمی تریش دەربکەن، واتە ئەسبابی دواخستن گەلێك زۆرە، مەسەلەی مەوعد، ئەگەر ئێستا ئێمە مەوعد

دابنێین لەوانەیە دیسانەوە پێویستی بە ئەوە هەبێت هەمواری بکەینەوە، دیسانەوە لەوانەیە موستەلزەمات تەواو نەبێت و دیسانەوە هەمواری بکەنەوە، بۆیە بەو سیاغەیە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مولاحەزەی یەکەمت ڕاستە، حوکم ڕاست ترە، کاك شێروان، کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن هەمووومان دەزانین کە ساڵانە بودجەی عیراق پەسەند دەکرێ بڕێك لەو پارەیەی کە لەناو نەفەقاتی حاکیمە دایە بۆ تیعدادی سوکانیە، کەواتە پارەی کۆمسیۆن دەبێت حکومەتی ناوەند دابینی بکات، بەڵام من لەسەرەتا دا دەڵێم هەروەکو پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمان دەست پێشخەر بوونە لەوەی کە هەڵبژاردنەکان لە کات و ساتی خۆیدا بکرێت، بەڕاستی دەبێت هەموو جەماوەری هەرێمی کوردستان ئەوە بزانن کە پەرلەمان زۆری پێ خۆش بووە کە بە تایبەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان و بە تایبەتیش سەرۆکی پەرلەمان پێی خۆش بووە کە لە 5/19 دا ئەو هەڵبژاردنە بکرێت، با هەموو خەڵکی کوردستان ئەوە بزانن کە پەرلەمان زۆری پێ خۆشە لە کات و ساتی خۆیدا بکرێت، بەڵام بە پێی یاسا و قانون دەبێت ئەو پارەیە حکومەتی ناوەند دابینی بکات کە ساڵانە لە کاتی پەسەند کردنی بودجەی عیراق بەشێك دەگەڕێتەوە بۆ نەفەقات حاکیمە و، لە ناو نەفەقاتی حاکیمە بڕی ئەو پارەیەی کە بۆ تەعدادی سوکانی دەگێڕدرێتەوە، تەبعەن لە پارەی هەرێمی کوردستانیش دەگێڕدرێتەوە، بەڵام هەروەکو پەرلەمان دەست پێشخەر بووە، سەرۆکایەتی پەرلەمان و جەنابی سەرۆکی پەرلەمانیش کە پێیان خۆش بووە لە کات و ساتی خۆیدا بکرێت، من پێشنیار دەکەم ئەگەر بۆمان دەکرێت با کاتێك دیاری بکەین کە لە 8/4 تێ نەپەڕێ، چونکە 6/4 یەکەم ڕۆژی سوێند خواردنمان بووە ساڵی 2005، ئێمە لە 2009/6/4 کۆتایی بە تەمەنی ئەندامیتیمان دێت، ئەگەر بکرێت کاتێکی وا دیاری بکەین، ئەوا زۆر باشە بە پێی یاسا و قانون، من پێشنیار دەکەم هەڵبژاردنەکان لە 8/4 تێ نەپەڕێ، بۆ ئەوەی خەڵك نەڵێن پەرلەمان پێی خۆشە هەڵبژاردنەکە دوابکەوێ، چونکە پەرلەمان بە هیچ شێوەیەك پێی خۆش نیە هەڵبژاردن دوابکەوێت، بە تایبەتی سەرۆکایەتی و سەرۆکی پەرلەمانیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف (جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەگەر چاوەڕوانی ئەوە بکەین پێداویستیەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن جێ بەجێ بکرێت، ئەی ئەگەر ئەمە درێژ بوویەوەو ئەو پێداویستیانە جێ بەجێ نەکرا؟ بە تایبەتی ئێستا قسە لەسەر ئەو بڕە پارەیە دەکرێت و ئێمە زۆر گرفت و مەشاکیلمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەیە، لەسەر زۆر گرفت

ناگەینە نەتیجە و جاری وا هەیە درێژە دەکێشێت و شتەکان پەیوەست دەکەن بە کاروباری سیاسی و ئەوانە و ئەوەش ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، ئێمە وەکو پەرلەمان کە کاك زرار ئاماژەی پێدا پەرلەمان زۆر پێداگیری دەکات لە کاتی خۆیدا هەڵبژاردن بکرێ و ئێمە زۆرمان پێ خۆشە هەڵبژاردن لە مەوعیدی خۆی جێ بەجێ بکرێت و بە کۆمەڵانی خەڵکیشمان ڕاگەیاندووە، ئەی ئەگەر ئەمە جێ بەجێ نەکرا؟ ئێمە داوامان کردووە بۆ هەڵبژاردنەکان پێداگیری بکرێت بە پێداویستیەکانی هەڵبژاردن لە لایەن کۆمسیۆنی باڵاوە جێ بەجێ بکرێت، ئەگەر درێژەی کێشا و جێ بەجێ نەکرا، ئێمە وەڵاممان چیە؟ ئایا لەگەڵ ئەوە دەڕۆین تاوەکو جێ بەجێ بکرێ، ڕەنگە بکەوێتە مانگی 2009/12، ئایا ئێمە وەکو پەرلەمان ڕازین بەوەی کە ئەمە درێژ بکرێتەوە، لە کاتێك دا کۆمسیۆنی باڵا بۆ خۆیان دەڵێن ئێمە گرفت و مەشاکیلی تەکنیکیمان نەماوە تەنها ئەو بڕە پارەیەیە، ئێمە وەکو پەرلەمان پێداگیری جیدیمان کردووە لە مەوعیدی خۆیدا بکرێت، کۆمسیۆنی باڵا ڕای گەیاندووە و دەڵێت هەموو قەوارە سیاسیەکان بێن ناوی خۆیان بنووسن، کەواتە گرفت و مەشاکیلەکان لەو بڕە پارەیەیە، من پێشنیار دەکەم یان حکومەت یان جیهەتێك کە خۆمان دەسەڵاتمان بەسەریدا هەبێت ڕاست بین و مولزەمی بکەین بۆ ئەوەی لە مەوعیدێکی دیاری کراو بڕە پارە دابین بکات، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئێمە لەم پەرلەمانە کۆمسیۆنی خۆمان دانەنا، یاسامان بۆ پێکهێنانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان دانەنا، ڕەئی ئەوە بوو کە کۆمسیۆنی باڵای عیراق بیکات، دوای تەعدیلەکە بە پێی بڕیاری 11 پەرەگرافی چواری ماددەی 2 ئەو دەسەڵاتەمان بەوێدا، لەبەرئەوە ئەوان دەبێت بیکەن، کە ئەوان دەیکەن ئێستا حکومەتی عیراقی ئەو میزانیەیان پێ نادات دەبێت ئێمە پا داگرین لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە سەرۆکایەتی هەرێم، لەڕێگەی مفەوەزیەوە بتوانرێت ئەو میزانیە جێ بەجێ بکرێت، چونکە ئەگەر کۆمسیۆنی خۆمان هەبووایە و یاساکەیمان هەبووایە، لەوانە بوو بە پارەیەکی زۆر کەم بکرابایە، ئەوەندەشی ناداتێ، ئەوەندە ملیۆنەی کە ئەوان ئێستا داوای دەکەن، بۆیە بە نیسبەت ئەم تەعدیلەی کە ئێستا هاتووە کە ڕێزدار سەرۆکی هەرێم ئەگەر هەر موعیدێك تەحدید بکات مفەوەزیە نەتوانێ بیکات دەبێت جارێکی تر تەعیدلی بکەن، بۆیە من پێم وایە ئەم یاسایەی کە هاتووە با گۆڕانکاریەك لە ناوی بکرێت، ئەم تەعدیلەی کە هاتووە (استثناء من حکم المادة 10 ثانیا من قانون رئاسة اقلیم کوردستان ـ العراق رقم 1 لسنة 2005 المعدل) بەم شکلەی لێ دێت، کەی هەموو شتەکان مەفوەزیە تەواوی کرد و حازر بوو ئەوجا ڕێزدار سەرۆکی هەرێم ڕۆژەکە تەحدید بکات، چونکە ئێستا جارێکی تریش تەحدیدی بکات هەم دیسانەوە نابێت، بۆیە ئەم تەعدیلەی کە هاتووە بەم شکلەی لێ بکرێت لە

جێگای خۆیەتی، ئێمەش دەبێت بڵێین حەقی خۆمانە و مافی یاسایی خۆمانە کە کۆمسیۆنی هەرێمی کوردستان هەبێت و یاسای بۆ دەربکەین و ئەوجا تووشی ئەم گێژە سەرلێ شێواویە نە دەبووین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا خۆ لەسەر مەبدەئەکە خیلاف نیە، تەبعەن ئێمە پێویستە ئەو بڕیارە دەربکەین، کەس لەسەر ئەوە خیلافی نیە، خیلافەکە لەسەر بۆچوونە، هەندێك بۆچوونیش دیارە هەر هەڵوێست وەرگرتنە بۆ ئیعلامیشە بەشێك لە قسەکان، ئەگینا داوای لێ بووردن دەکەم، ئێمە لێرە دانیشتوون بڕیارێك دەربکەین کە لە گەڵ واقعمان بگونجێت، گونجاو بێت بۆ ئەو هەنگاوانەی کە دەمانەوێت، نەك لێرەوە قسەیەك بکەین بۆ ئیعلام بێت، فەقەت بۆ پرۆپاگەندە بێت، یان بۆ هەڵوێستێك بێت کە خۆمان هین بکەین، من تەقدیرم بۆ هەموو ئەو قسانە هەیە، سوپاسی کاك زرار دەکەم کە وەبیری هێنانەوە کە یەکەم کەس کە بیری لە هەڵبژاردن کردەوە 8 مانگ لەمەوبەر کە خۆم بووم و سەرۆکایەتی بووە، چوار مانگ پێشتریش گوتوومانە 5/19 مان پێشنیار کردووە، لە هەمووتان زیاتر خۆم شەخسی موتابەعەی ئەو مەوزوعەم کردووە، تەلەفۆنم لەگەڵ مۆسکۆش کردووە کە وەفدی حکومەتی عیرا قلەوێ بووە، دوێنێ لەگەڵ بەغدا تەلەفۆنم کردووە، لەگەڵ مفەوەزیە قسەم کردووە، لەگەڵ د.بەرهەم قسەم کردووە، هەوڵم داوە کە لەگەڵ هەموویان قسە بکەم، لەگەڵ د.سەردار قسەم کردووە و پێم گوتووە بچێت بۆ ئەوەی چی بکات و موتابەعەی بکات و جوابم بداتەوە بە پەلە، لەبەرئەوە من سەیرم لەو ڕەخنانە دێت کە لەو هینانە کەئەنەهو ئێمە دەمانەوێت دوای بخەین و یاخود لە پشت پەردەوە شتێك هەیە و لەوانە، دوا قسەم لە مفوەزیە ئەوە بووە کە بەدوای ئەو قسەیە دا بڕۆن، ئومێدێك هەیە کە حکومەتی فیدڕاڵ موافەقەت بکات بۆ ئەو بودجەیە، ئەگەر نەیکرد ئەو وەختە لەگەڵ حکومەتی هەرێم قسەی دەکەین بۆ دابین کردنی ئەو بودجەیە، تەئکیدیش دەکەمەوە هەر سێ سەرۆکایەتی، سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی پەرلەمان لە دوا کۆبوونەوەیان دا تەئکیدیان لەوە کردەوە کە دەبێت هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێت، بەڵام کە کۆسپێك دێتە پێشەوە هەر تەنها لەبەرئەوەیە کە بڵێین ئێمە مولتەزمین و مل لێنێن و نەشزانین چیە، حەقێکە تەنازولی بۆ بکەین، حەق نیە بەو شێوەیە قسە بکەین، من ئەوەی کاك سەردار گوتی کە ئەحکامەکە ببێتە حوکم، زۆر ڕاستە، یەك شتان پێ بڵێم بە نیسبەت تەحدید کردنی وەختەکە کە یەکێك گوتی 7/15 تێ نەپەڕێ، یەکێك گوتی 8/4 تێ نەپەڕێ، لەڕاستیدا ئەوەی کە وای لێ کرد تەئریخ تەحدید نەکەین، جەنابی سەرۆکی هەرێم بوو، گوتی من نامەوێ تەحەمولی مەسئولیەت بکەم، جارێك ئێوە بە منتان گوتووە دوو مانگ پێشتر نابێت، 4/4، کەچی 4/2 گوتوومە کوا هینەکان؟ دواتریش گلەیی لە من دەکەن کە من هەڵناستم بە دەست نیشان کردنی ڕۆژەکە یان بانگهێشت کردن، نامەوێت ئیلتزام بکەم، سبەینێ بیکەن، من سبەینێ دەیکەم، بەڵام ئێوە بڵێن 7/15 ئەگەر نەیکردو دوایی دیسان گلەیی لە من بکەن، کە سەرۆکی هەرێم بەو ئەرکە هەڵناستاوەو قانونی جێ بەجێ نەکردووە، هەتا

ئەوشى گوت كە ئەو مەسئولیەتە با لەسەر خۆتان بێت و پەرلەمان قەرار بدات چ ڕۆژێك بێت، گوتى سەرۆكى پەرلەمان با قەرار بدات، ئەگەر من تەحدید دەكەن، پێم بڵێن موستەلزەمات تەواوە و بڵێن فلاَن ڕۆژە، ئەگەر من دەرم نەكرد قەیناكات، بەلاَم تەحەمولى ئەوە ناكەم، بۆم تەحدید بكەن و شتەكانیش پێویست نیە، من دەتوانم تەنها ڕۆژەكە تەحدید بكەم، نە دەتوانم بانگهێشت بكەم، گلەیش لە من دەكرێت، بۆیە بە ئیسراریشەوە گوتى ئەگەر ئەوە ناكەن، خۆتان تەحەمولى ئەو مەسئولیەتە بكەن، دەسەلاَت بدرێتە سەرۆكى پەرلەمان، بەلاَم من دەسەلاَتم بدەنىَ موتەئكید بن كە لەو ڕۆژە تەواو دەبێت، یان ئیحراجم مەكەن وەكو جارى پێشوو، $4/4$ مفەوەزیەش هات گوتى ناتوانم، خەلْكەكەش ئەو كات گلەیى لە من دەكات، خۆ ناكرێت هەموو ڕۆژێك بچینە سەر تەلەفزیۆن بۆ ئەو تەفسیلە قسە بكەین، بۆیە لێرە تەحدیدى وەختەكەمان نەكردووە، بەلاَم بەدواداچونمان هەیە ڕۆژانە، هەر وەختەكیش مفەوەزیە تەواوى كرد، یاخود بە قەتعى گوتى حكومەتى فیدڕاڵ نامان داتىَ، ئێمە فەورەن لەگەڵ حكومەتى هەرێم قسەى دەكەین، بۆ ئەوەى بڕیارێك وەربگرێت كە هەڵبژاردن دوا نەكەوێت و بودجەش دابین بكرێت بە هەر وەسیلەیەك بێت، ئومێد دەكەم كە لەو چەند ڕۆژەى داهاتوو دا مفەوەزیە ئاگادارمان بكات بە ڕەئى كۆتایى، دابین كراوە ئەو بودجەیە یان نا؟ ئەگەر دابین كراوە ئەوا بانگهێشت كردنەكە دەكرێت و زۆریش نابات، مەسەلەى تەمدید كردنى پەرلەمان،، خۆ ئەگەر كورت بێت هیچ پێویست ناكات بڕیار بدەین بۆ تەمدید كردنى، ئەگەر ماوەكە كورت بێت هیچ پێویست ناكات، ئەما ئەگەر زۆر بوو، پێویستیمان پىَ بوو و یاسامان لەبەردەم بوو، پێویستى كرد دابنیشین، ئەوە حەقى خۆتانە، لە نەتیجە خۆتان قەرارى لەسەر دەدەن، بەهەرحاڵ دڵنیا بن لەوەى كە سەرۆكایەتى پەرلەمان و سەرۆكایەتى ئەنجومەنى وەزیران و سەرۆكایەتى هەرێم، هێزە سیاسیەكان بە تایبەتى پارتى و یەكێتى كە هەندێك كەس پێى وایە حەز دەكەن دوابكەوێت، دڵنیا بن لەوەى هەر هەمووومان و تەئكید دەكەینەوە كە ئەوە نابێت دوابخرێت، نەك لەبەر هیچ شتێك، لەبەرئەوەى كە پرۆسەى دیموكراسى دەبێت متمانەى خەڵك لەوە دابێت لە كاتى خۆیدا هەڵبژاردن بكرێت، ئەمە شتێكى زەروریە بۆ هەمووومان و بۆ هەرێمیش باشە، جا من ئەوەى دەیڵێم ئەوەڵەن كاك عونى سیغەیەكى ترى لەبەر ڕۆشنایى ئەو موداخەلاتانەى كە كرا، سیغەیەكى ترى ئامادەكردووە، با بیخوێنێتەوە و بیخەینە دەنگدان، قسەمان كرد كاك زانا زۆر سوپاس، كاك عونى فەرموو.

**بەڕێز عونى كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

استثناء من الحكم المادة 10، 2 من قانون رئاسة الاقليم رقم 1 لسنة 2005 المعدل، يخول رئيس اقليم كوردستان ـ العراق بتحديد موعد اجراء انتخابات الدورة الثالثة لبرلمان كوردستان ـ العراق، والدعوة اليها بعد استكمال المفوضية العليا المسقلة للانتخابات مستلزمات العملية الانتخابية.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ نیە؟ فەرموون، بە زۆرینە ئەو فەقەرەیە قبوڵ کرا، بۆ فەقەرەی دووەم تکایە، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانیا:

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمەش تەبیعیە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ ئەویش قبوڵ کرا، فەرموو بۆ خاڵی سێیەم کاک عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثالثا:

ينفذ هذا القرار اعتبار من تاريخ اصداره وينشر فى الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش فەقەرەیەکی ڕۆتینیە کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ فەرموون، بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا. ئێستا اسبابی موجبە بخوێننەوە، نابێ ئەوە بڵێین، چونکە مفەوەزیە ئیعتزاری نەکردووە، نابێت بڵێین ئیعتزاری کردووە،ئەوەی یەکەم کە دەڵێت (نظرا لتعذر توفير المستلزمات الاساسية الضرورية من قبل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، لاجراء الانتخابات وفقا للمعايير الدولية فى موعدها المحدد والتى ادت الى تجاوز المدة المحددة قانونا لدعوة رئيس الاقليم لاجراءها، فقد شرع هذا القانون)، لە جیاتی مالی فەنی و ئیداری هەر ئەوە دەنووسرێ و تەواو (نظرا لعدم توفير الاساسية الضرورية من قبل المفوظية العليا المستقلة لانتخابات، لاجراء الانتخابات وفقا المعاير الدولية فى موعدها المحدد والتى ادت لاعتراضها المدة المحددة قانونا لدعوة رئيس الاقليم لاجراءها فقد شرع هذا القانون)، ئەم پرۆژەی هینەکە لەگەڵ ئەسبابی موجبە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ چوار کەس، بەزۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، زۆر سوپاس، خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای پارێزگاکانی هەرێم، داوا لە لیژنەی ناوخۆ دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، وابزانم لە رابعا ڕاوەستا بووین، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بەبیریان بێتەوەو بیخەینە موناقەشە، کاک اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**چوارەم:**

1- لێپێچینەوە کردن لەگەڵ پارێزگار یان یەکێك لە جێگرەکانی لەسەر داوای سێیەکی ئەندامانی دەبێ و لە کاتی قەناعەت نەهاتنی زۆرینەی سادە بە وەڵامەکانی لێپێچینەوە لەگەڵ کراودا، ئەوا داوای لادانیان( الاقالە ) دەخرێتە دەنگدانەوە لە دانیشتنێکی دووەمدا و پارێزگار یان یەکێك لە جێگرەکانی بە لادراو دادەنرێن و دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەن بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی، داواکاریی لادانەکە یان راسپاردنی، دەبێ پشت بە یەکێك لەم هۆیانەی کە لە برگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە ببەستێ.

2- پارێزگار و دوو جێگرەکەی بۆیان هەیە تانووت بدەن لەو بریارەی دەرکراوە بە لادانیان لەسەر کار لە دادگای کارگێڕی تایبەتمەند.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی عەرەبیەکەی بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رابعاً:

1- استجواب المحافظ او احد نائبيه بناءاً على طلب ثلث أعضائه وعند عدم قناعة الأغلبية البسيطة باجوبة المستجوب يعرض طلب الاقالة للتصويت في جلسة ثانية ويعتبر المحافظ او احد نائبيه مقالاً بعد موافقة المجلس بأغلبية ثلثي عدد أعضائه ويكون طلب الأقالة او التوصية بها مستنداً على احد الأسباب الحصرية الواردة في الفقرة(ثانياً) من هذه المادة.

2- للمحافظ ونائبيه الطعن في القرار المتخذ بالاقالة لدى المحكمة الادارية المختصة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها مولاحەزەیەکمان لەسەر فەقەرە 2 هەیە، ئەویش مودەی تەعنەکە بە نیسبەت رەئیسی مەجلس دامانناوە لە مەحکەمە کە 15 رۆژە، پێویستە لێرە بۆ محافزو نائیبەکەشی دابنێین ئەو 15 رۆژە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هیوا نوقتەی نیزامی هەیە، خوا بکات وابێت! فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پرسیارێك لە بەڕێزت دەكەم وەك سەرۆكی پەرلەمان و لە دەستەی سەرۆكایەتی، ماوەیەكە هەست بە شتێك دەكەم وا دەزانم پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە، باشیش نیە ئەم دابە لە پەرلەمان دا و لەو دەماودەمی ئینتیخاباتە سەر هەڵبدات، ئەویش دەبیستین بەڕێزتان كاتێك كە پەرلەمانتار جارجار لەسەر قەزیەكان قسە دەكەین، دەیبەستنەوە بە دەزگای ڕاگەیاندنەوە یان بە هەڵبژاردنەوە، جا ئەمە خۆ دەزگاكانی ڕاگەیاندن لە دەرەوەن و بەڕوومان دا كراوەن، داوام وایە ئەوە نەوترێت بۆ ئەوەی ئێمە قسەی خۆمان بكەین، پێشمان باشە ئەگەر ئەوە مەبەستە با كۆبوونەوەكانی پەرلەمان لەمەولا هەمووی داخراو بێت، با خۆمان قسەی خۆمان بكەین و ئەوەی كە مەبەستمانە بیڵێین، چونكە بەڕاستی وا ناڕوات، بۆ نموونە ئەو یاسایەی كە دەركرا بەشێكی زۆری ئەندام پەرلەمان یاساناسن، یەكێك لە مەرجەكانی قاعیدەی قانونی عامە و موجەرەد بێت، ئێمە قانونێك و قاعیدەیەكمان دانا نە عامەی تیایە و نە موجەرەدەكە، بەستمانەوە بە شەخسێك و بە دەزگایەكەوە، داوام وایە لە بەڕێزتان ئەو تۆمەتە ئاراستەی بەشداربوونی پەرلەمانتاران نەكەن، قیرائەی بەشداربوونەكانی ئێمە، حەقی ئەوەتان نیە! من بۆ ئیعلام قسە دەكەم بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن، من ئەگەر شتێك بڵێم پێچەوانەی دابونەریت و قەواعیدی پەرلەمانتاری بوو....... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك هیوا داوای لێ بوردن دەكەم، مەوزوعەكەمان تەواو كردبوو، دەتوانی وەكو كەلعادە بۆ خۆت ڕەئی خۆت بڵێی لە ڕۆژنامەی حیزبەكەتان و ئەوانە، بەڵام ئەوە نوقتەی نیزامیش نەبوو و گەڕایەوە بۆ دواوەش، من لێرە بۆ جەلسە قسە دەكەم، ناوی جەنابیشتم نەهێناوە تاوەكو لێرە بە خۆت تێ بگەی، ئەگەر ناوی تۆم هێنا با حەق وابوو كە مەجالیشت بدەمێ قسەی بكەی، كێ دەیەوێ قسە بكات لەسەر خاڵی چوارەم، كاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها تێبینیەكم هەیە كەوا پێویست ناكات پارێزگار دوو جێگری هەبێت، یەكێك كافیە وابزانم كاروبارەكانیش بەباشتر بەڕێوە دەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێم باشە پرسیاریش زیاد بكەین بۆ ئەو بڕگەیە، هەموو ئەندامانی ئەنجومەن مافی ئەوەیان هەبێت پرسیار ئاراستەی پارێزگار و جێگرەكانی و بەڕێوبەرە گشتیەكانی سنووری ئەو پارێزگایە بكەن، نەك تەنها لە پارێزگار و جێگرەكەی دابێت، یەعنی ئەوەشی بۆ زیاد بكەین كە حەقی تەوجیهی پرسیاری هەبێت، بۆ ئەوەی پرسیار لەوانیش و لە بەڕێوبەرە گشتیەكانیش بكرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك كريم حەزدەکەم مولاحەزات بنووسی لەسەر ئەو قسانەی کران، تا دوایی رەئی بدەی لەسەری، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم باسی زۆرینەی سادە دەکات، پێم باشە بنووسی زۆرینەی سادە 50 + ١ لە ئامادەبووان، لەسەرەوە نووسیمان بۆ زۆرینەی موتڵەق 50 +1 لە کۆی ئەندامان، لێرەش بنووسین 50+1 لە ئامادەبووان، پاش تەواو بوونی 10 ساڵ، ئەوە دەبوو لە پێناسەش بهاتایە، چونکە لە پێناسەی هەڵبژاردنی عیراق دا هاتووە و لە پێناسەکانیش دا هاتووە کە ئەغلەبیەی موتڵەق چیە و ئەغلەبیەی بەسیت چیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من دوو تێبینیم هەیە، یەکێکیان تەئیدی ئەو رایە دەکەم، پارێزگار دوو جێگری بۆچیە؟ یەك جێگر بەسە، خۆ تەوافقی نیە دیسانەوە لەوێ بیکەینە دوو جێگر، پارێزگا و ئەنجومەنێك هەیە، خاڵی دووەم: ئەگەر پارێزگار لە حاڵەتێك دا لەلایەن ئەنجومەنەوە دەسەڵاتەکەی لێ سەندرایەوە، بۆی هەیە تانووت بدات لە دادگای تایبەت، دیارە من پێشنیار دەکەم ئەو دادگای کارگێڕی تایبەت بکرێت بە دادگای تەمییز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددە تەبیعی باس لە ئیقالەی موحافز دەکات، یەعنی ئایا تۆ بەچەند دەتوانی نیسابی ئیقالەی موحافز بکرێت؟ من پێشنیاری بڕگەیەکی تر دەکەم، ئێمە هەموومان دەزانین تەعینی موحافز ئیللا دەبێت بە مەرسومێکی ئیقلیمی بێت، هەتا لە دەستووری عیراقیش لە ماددەی 155 دەڵێت رەئیسی جمهوری تەعینی موحافز دەکات بە مەرسومێکی جمهوری، عمومەن ئەوهایە دەڵێت (من یعین مقیل) ئەوە

**قاعیدەیە ئەوەی تەعین دەکا حەقی ئیقالەشی هەیە،پێم باشە وەکو ئەوەیەك مادام موەزەفە و بە دەرەجەی وەکیلە و پێویستی بە مەرسومێکی ئیقلیمە شتێکی تر زیاد بکرێت، لیژنەی قانونیش پشتگیری بکات، (لرئیس الاقلیم اقالة المحافظ لاحد الاسباب الحصریة الواردة فی الفقرة 2 من هذه المادة) هەتا یەعنی ئەوە لە دەستووری هیندیش ئەوەی کە تەماشا بکات دەتوانێ لە دەساتیرەکانی تری دەوڵەتانیش کە هەیە بیخوێننەوە، عەینەن ئەوەی تێدایە کە (سمح لرئیس جمهوری او لرئیس الاقلیم باقالة المحافظ)، لەگەڵ ڕێزم دا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك جعفر فەرموو.**

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ماددەی 6 بڕگەی 4 من لە لیژنەکە بووم خاڵی یەکەم: لە کاتی لادانی پارێزگار یان جێگرەکانی پێش لابردنیان نابێت ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ یان سەرۆکایەتی حکومەت بکرێت؟ چونکە زۆر جار ئەوانە لەوە دەچێت کێشە دروست بکات، دەبێت ئاگاداری بکات، چونکە بڕگەکانی دوای ئەو لە بڕگەی 6 و 9 و 12 تەئکید دەکاتەوە کە حکومەت ئاگاداری ئیشەکانی ئەنجومەنەکان هەیە، لەسەر بڕگەکانی 6 و 9 و 12 بکەین، لەم بڕگەیە دەبێت ئیشارەتێك بدرێت بۆ ئەوەی لە کاتی ئەو موشکیلانە حکومەت ئاگادار بێت، نەك هەر ئەنجومەنەکە بێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك بارزان فەرموو.**

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**زۆر سوپاس جەنابی سەرۆك قسەم کرا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان لەسەر ئەو مولاحەزاتانە چیە؟ کاك اخر فەرموو.**

**بەڕێز اخر شێخ جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت پارێزگار کە دوو جێگری هەبێت، دەبێت دوو جێگری هەبێت، چونکە بەڕێوەبردنی گشتی و بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی، یەعنی ئیدارەی عامە و ئیدارەی مەحەلی دووی دەوێت، ئیدارەی مەحەلی**

بەتەنها جێگرێکی دەوێت و ئیدارەی عامەش جێگرێك، هەردەم وابووە و هەموو دەم موحافز ئەو دوو جێگرەی هەبووە، بۆ ئاگاداری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیارەکانی د.نوری و هەروەها کاك عوسمان بانی مارانی، پرسیاری ئەوەیان کرد یەك نائیب کافیە نەك دوو نائیب، سەبەبی ئەوەی کە دوو نائیبی هەبێت، یەکەم: ئیشوکارەکانیان زۆر فراوانە، لەمەودوا مەحافز و ئەنجومەنی پارێزگا ئیشراف لەسەر هەمووئیش و کارەکانی مەشاریعی ناو پارێزگا دەکەن، یەعنی جیهەتی تەنفیزی پارێزگار و نائیبەکانیەتی، بۆیە پێویستیان بە دوونائیب هەیە، هەروەها لە هەندێك پارێزگا هەیە زۆرنەتەوە هەیە و توائیفی دیکە هەیە، بۆ نموونە پێویستی هەیە کە خەڵکێکی کلدان هەیە یان ئاشووری یان تورکمان، بۆیە ئەگەر دوو بێت باشترە، پرسیاری دووەمی کاك عوسمان لەسەر ئەوەی کە مەحکەمەی تەمیز بێت نەك مەحکەمەی ئیداری، حەزدەکەم سەرنجی ڕابکێشم بۆ ماددەی 13 بڕگە 2 لە یاسای مەجلسی شورای هەرێمی کوردستانی عیراق کە دەڵێت (تختص المحكمة الادارية بما يلي: ثانيا: الفصل في الطعون الخاصة بانتخابات الهيئات المحلية) واتە لێرەدا ئیختساسی تەعن لێدان لە ئینتخاباتی هەیئاتی مەحەلی هی مەحکەمەی ئیداریە، نەوەك مەحکەمەی تەمیز، سەبارەت بە پرسیاری کاك عبدالرحمن ئەوەی ئەغلەبیەی بەسیتە و یاخود ئەغلەبیەی موتڵەقە ڕاستە لە قانونی عیراقی هاتووە، بەڵام ئەوە مولزەم نیە کە قانونەکانی ئێمە هەمووی وەکو عیراقی بێت، بە تایبەتی ئەغلەبیەی بەسیتەو ئەغلەبیەی موتڵەقە ستانداردێکی جیهانیە و شتێکی مەفهومە، ئەغلەبیەی موتڵەقە ئەوەیە نیوە + ا ی ئەندامان، ئەغلەبیەی بەسیتە نیوە + 1 ی حزور، بۆیە پێوستی بە ئەوە هەیە، پەخشان خان ئەغلەبیەی بەسیتە حزور چەندە نیوە + 1 ، ئەغلەبیەی موتڵەقە ژمارەی هەموو ئەندامان چەندە نیوە +1 دەکاتە ئەغلەبیەی موتڵەقە، سەبارەت بە پرسیاری کاك سعدالدین دەڵێت سەرۆکی هەرێم بۆی هەبێت ئیقالەی موحافز بکات، بەڕاستی کە جەنابی سەرۆکی هەرێم تەعینی دەکات، تەعینەکە لەلای ئەو دەرناچێت، بەڵکو مەرسومەکە لەلای ئەوە، بۆیە ئەو مافی ئەوەی هەیە کە لای بدات، پرسیارەکەی کاك جعفر ئەوەندەی من بەڕاستی لێی تێ گەیشت بم کە پێی ڕانەگەیشتم، ئیعلامی وەزارەی ناوخۆ بووە، یەعنی ئەوە بەڕاستی ئەوە جواب دانەوەیە لە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن نابێ مەجلسی موحافەزە یاخود محافز مورتەبت بێت بە وەزارەی ناوخۆ، ئەو ئیرتیباتەی کە هەیە لە نێوان محافز و وەزارەی ناوخۆ ئیرتیباتێکی ئیداریە لەڕووی هەندێك خیتاباتیان دەنا خۆی وەزیری ناوخۆ بۆی نیە نە محافز دامەزرێنێ و نە ئیقالەی بکات، بەڵکو مەجلس لای دەدات، هەروەها سەڵاحیاتی محافز و سەلاحیاتی مەجلس بە قانون دیاری کراوە، دیسان وەزارەت ناتوانێ لێرەوە تەدەخول بکات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تەعلیقت هەیە لەسەر قسەكان؟ فەرموو.

**بەڕێز كريم سنجاری(وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەوە دەكەم، كە ئێستا محافز دوو جێگری هەبێت، چونكە ئێستا موحافز جێگرێكی هەیە و معاونی محافزیش هەیە، معاونی موحافز بۆ شئونی ئیدارەی مەحەلیە، وە جێگر بۆ شئونی ئیدارەی عامەیە، جا لەبەرئەوە ببێتە دوو جێگر یەك بۆ ئیدارەی عامە و یەك بۆ ئیدارەی مەحەلی، باشترەن، چونكە سەلاَحیات كەمتر لە دەستی موحافز دەبێت، سەلاَحیات زیاتر بە جێگرەكە دەدرێت، جێگر سەلاَحیاتی زیاترە لە معاونی موحافز، بۆیە دوو جێگر بێت باشترە لەوەی كە یەك جێگر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا جوابی هینەكانی دراوە، تەنها پێشنیارێك كە هەبوو، نوقتەی نیزامی نەبێت قەتعی دەكەم كاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەربارەی ئەو ڕوونكردنەوەی كە كاك سەردار باسی كرد، ئەغلەبیەی بەسیت 50 +1 ی حزور نیە، ئەغلەبیەی بەسیت كێ زۆرترین دەنگی هێنا لەناو ئەواندا، ئەگەر وا دابنێین ئێمە 111 كەسین لەو 111 كەسە 80 مان حازر بووینە، یەكێك 35 دەنگی هێناو یەكێك 25 ی هێناو یەكێك 10ی هێنا، 35 ەكە دەباتەوە، عیلاقەی بەوە نیە، لەگەڵ ڕێزم دا، دووەم: بە نیسبەت ئەغلەبەی موتڵەقیش عەینەن شت دیسانەوە، دەتوانین بڵێین ئەغلەبیەی موتڵەق لە حزور یان ئەغلەبیەی مەتڵەق لە ئەعزا، لەبەرئەوە هەردوو تەعریفەكە تەواو نیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەئەخیرەن نوقتەی نیزامیەكەت لە جێ بوو، یەك موقتەرەح لەلایەن دوو ئەندامەوە تیكرار كراوەیەوە، موقتەرەحی تر هەیە كە بە تەنها بوون، ئەویش د.نوری و كاك عثمان بوون، ئەویش دوو جێگر پێویست نیە، هەرچەندە زۆر شەرحیان كرد كە پێویستە یەكێكیان ئیداریە و یەكێكیان هینە، ئەگەر موقتەرەحەكەتان سەحب نەكەن، دەبێ بیخەمە دەنگدان، د.نوری و كاك عثمان، كاك د.نوری و كاك عثمان دەڵێن یەك جێگری هەبێت، كە یەك كەس بێت، هیچ، باشە كاك د.نوری لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونی جەنابی وەزیر و شەرحیاتەكەی كە كرا موقتەرەحەكەی خۆی سەحب دەكات و یەك موقتەرەحیش ناخرێتە دەنگدانەوە، ئێستا ماددەكە تەنها ئیزافەیەك لە فەقەرەی 2 هەیە (للمحافظ ونائبيه الطعن فی القرار المتخذ بالاقالة لدى المحكمة الادارية المختصة خلال مدة 15 يوما من تاريخ التبلغ)، ئەو فەقەرەیەی 4

دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو گۆڕانکاریانەی کە کرا، کێ لەگەڵیەتی؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ پێنجەم فەرموو کاک اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێنجەم:**

1 ـ ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی ئەنجومەن بۆ تۆمارکردنی لە بودجەی پارێزگا.

2 ـ پەسەندکردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا کەلەلایەن پارێزگارەوەو بە ڕەزامەندی زۆرینەی رەها رەوان کراوە بەو مەرجەی پێوەرە یاسایی و سیستەمیەکان رەچاو بکرێن لە دابەشککردنی تەرخانکراوەکان بۆ سەنتەری پاریزگا و قەزاو ناحیەکان و پاشان بەرزکردنەوەی بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عونی عەرەبیەکەی بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خامسا:

1 - إعداد مشروع موازنة المجلس لدرجها في مشروع موازنة المحافظة.

2- اقرار مشروع موازنة المحافظة المحال اليها من قبل المحافظ بموافقة الاغلبية المطلقة على ان تراعى المعايير القانونية والنظامية في توزيع التخصيصات لمركز المحافظة والاقضية والنواحي ورفعها الى وزارة المالية في حكومة الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس قسەی هەیە لەسەر ئەوە؟ کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام بە نیسبەت فەقەرە 2 کە دەڵێت ئەغلەبیەی موتڵەقە، لێرەش دەبێت (الاغلبية المطلقة لعدد اعضاءه) ئیزافە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکەم لەسەر خاڵی 2 کە دەڵێت بودجە لەلایەن پارێزگارەوە ئامادە دەکرێ، ئایا دەکرێت تەنها شەخسێك بودجەی پارێزگایەك ئامادە بکات، من ئێستا لیژنەی یاسایی وەڵامم دەدەنەوەو دەڵێن وەك

پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران وایە، ئەنجومەنی وەزیران ئامادەی دەکات و پەرلەمانیش پەسەندی دەکات، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران 42 کەسن و وەزارەتی دارایی هەیە لێرە تەنفیزیەکە کە پارێزگارە کە تەنها شەخسێکە، بۆیە دەبێت ئەمە چارەسەر بکرێت، یان هەموو ئەنجومەنی پارێزگا یان ئەنجومەنی لەگەڵ دابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەگەر ئیجازە هەبێت ئەو نوقتەیە تەوزیح بکەین کوێستان خان، فەقەرەی 2 دەڵێت (اعداد مشروع موازنة المحافظة المحال اليها من قبل المحافظ) نەیگوتووە (المنظم من قبل المحافظ) دەبێت یەکێك تەوقیع بکات، موحافز چۆن میزانیەی دەکات؟ ئەوە مودیریەی عامەی مالیەی هەیە، میزانیەی پێشووی هەیە، ئەوەی هەیە حازری دەکەن، وەکو هەر وەزارەتێك، چۆن وەزارەت میزانیەی خۆی هین دەکات، خۆ وەزیر نایکات! کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتە لێرە پێویستە ئەو لایەنەی ئەم کارە دەکات دەست نیشان بکرێت؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەعروفە خۆ موحافز نایکات، موحافز بەس ئیحالەی دەکات، غالیبەن نازانێت چۆن میزانیەی دەکات دەبێت مودیری عامەی مالیە، لەبەر ڕۆشنایی راوێژکردن لەگەڵ هەموو ئەو دەوائیرانەی کە تابعی موحافەزەن، وەکو مەجلسی موحافەزە، مەجلسی وەزەرا داوادەکات لە ڕێگەی وەزارەتی مالیە لە هەموو وەزارەتەکان، میزانیەی وەزارەتەکان بێنن بۆ وەزارەتی مالیە، لەوێ موناقەشەی دەکەن ئینجا کە تەواویان کرد دەینێرن بۆ مەجلسی وزەرا موناقەشە دەکرێت، بە ئیمزای رەئیسی وزەرا ئیحالە دەکرێت بۆ پەرلەمان، ئەوەش وایە بە ئیمزای موحافز ئیحالە دەکرێت بۆ مەجلسی موحافەزە، بەڵام هەتا ئیمزای دەکات ئەو هەموو مەراحلانە دەبینێت وەکو مەجلسی وزەرا و وەزارەتەکان، بەڵێ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئکیدەن بۆ ئەو قسەی جەنابت، لە ماددەی 18 مەزوعەکە بە وازحی موعالەجەی کراوە، دەڵێت:

يمارس المحافظ المهام و الصلاحيات الآتية:

اولاً: اعداد موازنة المحافظة ورفعها الى المجلس. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێت ئەوەی چاك بکەینەوە، ئەوە غەڵەتە، بەڵێ کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا ئەگەر ئیجازەم بدەی حەز دەکەم ئەو خاڵەی تەوزیح بکەم، دوو بڕگەیە، بڕگەی یەکەم مەجلسی موحافەزە میزانیەی مەجلس ئامادە دەکات، لەگەڵ میزانیەی موحافەزە دەمج دەکرێت، ئەو میزانیەی موحافز ئامادەی دەکات هەمووی بە هی مەجلس و بە هی موحافەزەوە، جارێکی تر دەنێردرێتەوە بۆ مەجلس، ئینجا مەجلس (بموافقة الاغلبية المطلقة) ئیعتبار دەکرێت بە موازنەی موحافەزە، واتە ئەغلەبیەی موتڵەقە کە دەردەچێت ئەو میزانیە موازەنەی موحافەزەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەهەرحاڵ کە هاتینە سەر ئەو فەقەرەیەی مەجلسەکە، ئەوەی کە کاک عونی گوتی دەبێت ڕاوەستین لەسەری، کاک محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش قسەکەم هەر لەسەر ئەو مەسەلەیە، یەعنی ئەگەر لە میزانیەی هەرێم یان لە میزانیەی عیراقی فیدراڵ سەیر بکەین کە وەزارەتی مالیە هەڵدەستێت بە ئامادەکردن و ئیعدادی ئەو میزانیەیە بە تەنسیق لە جیهاتی مەعنی، یەعنی وەزارەتی مالیە هەمیشە لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی تر ئیعدادی ئەو مەشروعە دەکات، لێرە ئەگەر موحافز بکەین بە موحافەزە یان بڵێین (من قبل المحافظ بالتنسيق مع الجهات المعنية)، کە قائیمقامیەت و مودیری ناحیەکانە، چونکە ئەگەر لێرە نەیڵێین، یەعنی ئەو لەڕووی یاساییەوە دەتوانێ خۆی بڵێ من دەتوانم ئەو مەسەلەیە، چونکە باسی موحافەزە دەکەین، ئێمە دەزانین خۆ موحافەزە لەوانەی تریش پێکهاتووە، ئەو پارەیە پەیوەندی بە ئەوانیشەوە هەیە، کە دەڵێین بە شێوەیەکی عەدالەت و لامەرکەزیەت تەوزیعی بکات، بەشی قەزاکانیشی تیایە و بەشی ناحیەکانیشی تیایە، لەبەر ئەوە دەبێت ئەوانیش لەو مەسەلەیە وجودێکیان هەبێت و حزورێکیان هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی 1 و 2 تێبینیم هەیە، لە بڕگەی 1 دەڵێت ( إعداد مشروع موازنة المجلس لدرجها في مشروع موازنة المحافظة) واتە دوو مەوازەنە پێکەوە نابێت، دەبێت بگوترێت (إعداد مشروع موازنة المجلس لدرجها في الموازنة العامة للمحافظة) چونکە موحافەزە موازەنەی خۆی هەیە، موازەنەی مەجلس درج دەکرێت لە موازەنەی عامەی موحافەزە، لە پرۆژەی قانونی موحافەزاتی عیراقیش بە هەمان شێوە هاتووە بەو نەسە،

ئەوە یەك، دووەم: اقرار مشروع موازنة المحافظة المحال اليها من قبل المحافظ ) ڕاستە، بەڵام لە جیاتی (من قبل المحافظ) کە هاوڕام لەگەڵ کوێستان خان، نابێ بڵێین (من قبل المحافظ) دەبێت بڵێین (من قبل الهيئة التنفيذية للمحافظة)، چونکە موحافەزە هەیئەیەکی تەنفیزی هەیە ئەو هەیئە تەنفیزیە دەبێت ئیحالەی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵاڵە خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو، بەڵام دەکرێ لێرە پەسەند کردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا کە لەلایەن پارێزگارەوە و بەڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن ئامادە دەکرێ نەك لێرە زۆرینەی ڕەها ئاماژەی پێدراوە، بەڵام دەکرێت ناوی ئەنجومەنەکەش بێت، ئەوان دەبنە ئامادە کار، نەك ئەوەی کاك کریم دەیڵێت لیژنەی تەنفیزی ڕەنگە شەرعیەتەکە لای ئەنجومەنی هەڵبژێردراو بێت، نەك لیژنەی تەنفیزی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سارا خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامیەکە هەر یارمەتی ئەو گفتۆیە دەبێت........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر نابێت، ئەگەر رەئیە نابێت، ناوت نەنووسراوە، چونکە تۆ گوتت نوقتەی نیزامی، باشە فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم لە مەجلسی مەحەلی لە قەزا و لە مەجلسی ناحیە لەوێش بودجە ئامادە دەکەن، مانای وایە ئەو بودجەیە هەر کۆکراوەی قەزاو ناحیەکانە بە پێی یاساکەش، یەعنی موحافز لە خۆیەوە نایهێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە، کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم دەڵێت( ئەنجومەنی پارێزگا ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

پێنجەم:

(ئامادەکردنی پرۆژەی ئەنجومەن بۆ تۆمار کردنی لە بودجەی پارێزگا) مانای وایە کێ ئامادەی دەکات؟ ئەنجومەنی پارێزگا ئامادەی دەکات، نەك پارێزگار، دووەم: پەسەند کردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا کە لەلایەن پارێزگارەوە بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەها ڕەوانە کراوە، زۆرینەی ڕەها یەعنی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن، کەواتە ئەنجومەن لێرەدا ئێمە دەسەڵاتی کاملمان بە پێی ئەو خاڵانەی کە تایبەت ئەو 18 خاڵەی داوەتە ئەنجومەن و ئەنجومەن ئامادەی دەکات، نەك پارێزگا بە تەنێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی یەکەم عیلاقەی بە ئیعدادی مەشروعی موازەنەی مەجلس هەیە، هیچ عیلاقەی بە مەشروعی موازەنەی کۆی موحافەزە نیە، واتە ئیعدادی مەشروعی موازەنەی مەجلس لەلایەن مەجلسەوە دەکرێت و جێگای دەکرێتەوە لە زمنی موازەنەی موحافەزە، پاشان مەجلس ئیقراری موازەنەی موحافەزە دەکات بە شکلێکی گشتی مەسەلەی ئیعداد کردنی موحافەزە، موحافز بە تەنها ئیعدادی ناکات، بەڵکو دەوائیری فەرعی لە موحافەزە کۆدەکاتەوە، مودیری عامەکان کۆ دەکاتەوە، هەموو بوارەکان تەقسیم دەکات، بواری پەروەردە بواری سحە و کشتوکاڵ و کارەبا و ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری، هەموو ئەوانە سێکتەرەکانی دابەش دەکات، جگە لەوەش موحافز پاش ئەوەی کە رەئی دەوائیری فەرعی و مودیر عامەکان وەردەگری لە هەمان کاتدا مودەرائی نەواحی و ئەقزیەش حەقی موازەنەیەکیان هەیە، بەڵام موازەنەی ناحیە و موازەنەی قەزا خۆی لە موازەنەی عامەی موحافەزە دەگرێتەوە کە لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسەند دەکرێت، بەو شکلە ئینجا ئاراستەی وەزارەتی دارایی دەکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو غەڵەتی تەرجومە چیە؟

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەکوردیەکەی تەرجومەیەکی زۆر غەڵەت کراوە، بۆیە ئەو برادەرانە ناحەقیان نیە، کاتێ لە بکەر و فەرمانەکە دێیتە ناوی واتێ دەگەی لە کوردیەکەی کە تەبعەن لە عەرەبیەکە هیچ عەیبی نیە، ئەگەر ئیعتماد بکەینە سەر عەرەبیەکە ڕاستە و لیژنەی قانونی ڕاستیان کردووە، بەڵام لە کوردیەکەی ناحەقیان نیە، یەعنی دەڵێت: پەسەند کردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا کە لەلایەن پارێزگارەوە بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەها، دەبوایە وا نەڵێ، بیگوتایە ( پەسەند کردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا بە زۆرینەی ڕەها کە لەلایەن پارێزگارەوە ڕەوان کراوە) ئەو کاتە ئەم ئەشکالیەتە دروست نەدەبوو لە تەفسیرەکەدا، ناحەق نیە، چونکە وا تێ دەگەی پارێزگار بە زۆرینەی ڕەهای دائیرەکانی هاتووە، خۆی لە دائیرەوە بە زۆرینە بە

ئینتیخاب ناکرێت، تاوەکو زۆرینەی ڕەهای تیا بێت، کەوایە مەشروع حازر دەکرێت دەدرێتە بەردەم مەحافز وەك گوتت، ئەو کاتە ئیحالەی دەکات بە تەوقیع بۆ ئەنجومەنەکە، ئەوان بە زۆرینەی ڕەهاموافەقەی ئیعدادی دەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی عەرەبیەکە ئەساسە کوردیەکەی ئەگەر هەڵەی دەبێت دواتر چاك بکرێتەوە، عەرەبیەکە ئەساسە من پێم وایە باش هاتووە، زۆریش دەقیقە لەوە، یەکەم جاریش کە تیکراری دەکەمەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، خاڵی یەکەم دەڵێت: مەشروعی موازەنەی مەجلس یەعنی مەجلسی موحافەزات، پێداویستیەکانی مووچەو دەرماڵەی هاتووچۆی و قرتاسیەی ئەوە هی خۆیانە، ئیعدادی دەکات بۆ ئەوەی بچێتە موازەنەی عامە، ئەو مادەیە ئەو کەلیمەی عامەیە کە کاك کریم گوتی زەروریە ئیزافە بکرێت، ئەوەی تریش (اقرار مشروع موازنة المحافظة المحال اليها من قبل المحافظ) شەرحم کرد پێشتر لەبەر ڕۆشنایی سیلسیلەیەك کۆبوونەوە و محافەزەو قەزاو مدیریەی عامە و هەمووی کۆدەکەنەوە دەیخەنە بەردەمی و دەڵێت ئەوە میزانیەی موحافەزەیە، ئەویش بە ئیمزای خۆی دەینێرێت بۆ مەجلسی موحافەزە بۆ ئەوەی ئیقراری بکەن، کاك عونی فەرموو چی بوو دەڵێی نابێت عامە بێت؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە موتەقەسیدەن کەلیمەی عامەمان لادا لە کاتی گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو فەقەرەیە، لەبەرئەوەی لە قانونی عیراقی هاتووە (المحافظات غير المنتظمة فى اقليم ) میزانیەکی عامەیان داناوە، ئێمە فیدراڵین و هەرێمێکی جیاوازمان هەیە، لەبەرئەوەی موتەقەسیدەن کەلیمەی عامەمان لابرد بە تەنها گوتمان (موازنة المحافظة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی من ئەو موبەررە بە هین نازانم، زۆر ئیعتیادیە فروعی هەیە و قەزای هەیەو مودیریاتی هەیە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە هەرێمی کوردستان یەك موازەنەمان هەیە، ئەویش موازەنەی عامەیە، موازەنەی عامەش عادەتەن موازەنەی موحافەزە جێگای خۆی دەگرێت لە زمنی موازەنەی عامە وەکو وەزارەتێك، مەسەلەکە بەو شکلەیە، ئێمە بڵێین موازەنەی موحافەزەی هەولێر، موازەنەی موحافەزەی عامەی سلێمانی و موازەنەی عامەی ئەوێ و ئەمە ناکرێت بەو شکلە بەڕاستی، بۆیە ئێمە موازەنەی عامە هەموو دام دەزگاکان دەگرێتەوە، بیمافیهیم موحافەزاتەکانیش (هی هەرێم).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پرسیارێکم هەیە لەجەنابی سەرۆك، لەسەر نیزامی مەجلسی موحافەزە نیە، لەسەر میزانیەی عامەکەیە و هەموو موحافەزەیەك، دەوائیری موحافەزە مەعلومە باسی ناکەم کە هەر دائیرەیەك مەربوتە بە وەزارەتێك و عایدی وەزارەتێکە، ئێستا ئەوەی کاك شێروان باسی کرد مەوزوعی ئەو عامەیە کە کۆبووەوە ڕاستە هەموو ساڵێك موحافز کۆدەکرێنەوە لەگەڵ دەوائیری موختەس دادەنیشن نیزامی خۆیان تەقدیم دەکەن، چ خوتە بێت چ میزانیە بێت، پێشان واتە پێش ئەو دەستوورەی موحافز خوتە و میزانیەی هەموو وزارەتەکان و هی دەوائیرەکان تەوجیهی وەزارەتەکانی دەکردو دەدرا وەزارەتەکان، ئێستا ئایا میزامیەی عامە و خوتە کە دەدرێتە مەجلسی موحافەزە موسادەقەی لەسەر دەکرێ ڕەئسەن تەحویلی وەزارەتی مالیە دەکرێ؟ ئەدی واجبی وەزارەت چیە؟ ئەی وەزارەت موناقەشەی دەوائیری خۆی ناکات؟ ئەی خوتە و میزانیەی بۆ دانانێت؟ چۆن موحافەزە یەکسەر ئیحالەی وەزارەتی مالیەی دەکات، من ئەو پرسیارە دەکەم، ئایا تەناقوزێك دروست ناکات؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی تر هەیە دەڵێت، بە تەنسیق لەگەڵ وەزاراتی مەعنی، واتە ڕەئی وەزاراتی مەعنی بە نەزەر ئیعتیبار وەردەگیردرێت بۆ دانانی ئەو موازەنەی کە تایبەتە بە موحافەزات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خامسا:

1 - إعداد مشروع موازنة المجلس لدرجها في مشروع موازنة المحافظة.

2- اقرار مشروع موازنة المحافظة المحال اليها من قبل المحافظ بموافقة الاغلبية المطلقة لعدد اعضاءه على ان تراعى المعايير القانونية والنظامية في توزيع التخصيصات لمركز المحافظة والاقضية والنواحي ورفعها الى وزارة المالية في حكومة الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ فەرموون، بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، کاك زانا نامەیەکی بۆ ناردووم و گلەییەکانی ناخوێنمەوە، چونکە زۆری ناحەقە، بەڵام تەنها ئەوەی کە دەڵێت ئێمە 5 کەس داوامان کردبوو هەڵبژاردن دیاری بکرێت بۆ کاتێکی تایبەت نەتخستە دەنگەوە، یەکەم پێشنیار پێشنیاری هەر دوو لیژنەکە بوو، کە نووسرابوو ئەگەر دەنگی نەهێنا با، ئەو کاتی دەمخستە دەنگەوە، باشیش لەبیرمە، ئەگەر نا وەکو ئەوە نەبوو کە دوێنێ شەرح کرد ئەو تەقریرەی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی بووە پرۆژە، لەبەرئەوە هەر موقتەرەحێك لێرەوە هات، ئەو موقتەرەحی یەکەمە، بەڵام ئەوانە موقتەرەحی تازەیە، ئەو موقتەرەحە ئەگەر سەری نەگرتبا، ئەو کاتی دەمخستە دەنگەوە، کاك اخر فەرموو بۆ خاڵی شەشەم.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم:

نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی بۆ پارێزگا بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و دانانی پلانی ستراتیژی بۆ گەشە پێدانی بە جۆریك کە لەگەڵ گەشەپێدانی نیشتمانی و هەرێمی ناکۆك نەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی عەرەبیەکەی بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سادساً**:

رسم السياسة العامة للمحافظة بالتنسيق مع الوزارات ووضع الخطط الاستراتيجية لتنميتها بما لا يتعارض مع التنمية الوطنية والاقليمية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من ڕەنگە بەس سیاغی بێت، زۆرجاریش بەکاری دەهێنین ئەوە، (مع التنمية الوطنية والاقليمية) عادەتەن ئیقلیمیە ئیحائی دەوروپشتە، نەك ئیقلیمی خۆمان، (مع التنمية الوطنية وتنمية الاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مولاحەزەیەکی بەجێیە، کاك تەڵعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش عەینی مولاحەزەم هەیە، چونكە لە كۆتایی وشەكەدا لە ئیقلیمیە هاتووە، ئەو ئیقلیمیە مەبەستیان ئەگەر دەوڵەتانی دەوروبەر وجیران بێت، جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەقالیمەكانی خۆمان، ئەقالیمی ناو عیراقی فیدراڵ بێت، لەبەر ئەوەی تەنمیەی ئیقتسادی لە وڵاتێك بۆ وڵاتێكی تر لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی ترەوە جیاوازی هەیە، چ تەنمیەی ئیقتسادی بێت، چ تەنمیەی بەشەری بێت، لەبەرئەوەی رەبت كردنی ئەو دووانە پێكەوە تەعاروز نەكات لەگەڵی، نازانم لەبەرچی ئەو نەسە هاتووە؟ لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا ئێمە ئەم ڕستانە زۆر، زۆر بەكاردەهێنین، بەڵام لە عەمەلدا نازانم چۆن تەنفیز دەكرێت، (رسم السیاسة العامة للمحافظة)، مەبەستی ئەوە چیە كە لە سیاسەی عامە لە موحافەزە؟ یەعنی بەڕاستی وشەیەكی زۆر قەبەیە، بە بێ ئەوەی ئەمە هین بێت، من پێشنیارم ئەوەیە كە باسی سیاسەت دەكات(السیاسة العامة للمحافظة بالتنسیق مع الوزارات ووضع الخطط الاستراتیجیة لتنمیتها) ئەم ( بما لا یتعارض مع التنمیة الوطنیة والتنمیة الاقلیمیة)، ئەگەر كرا بەوە، بكرێت بە (تتماشى مع التنمیة الوطنیة والاقلیمیة)، یەعنی خۆ شتێك ناكات موحافەزە كە موعارەزەی ئەوە بكات، بۆچی ئێمە پێشبینی ئەوە بێنینە پێشەوە، بڵێین (وتتماشى مع) یەعنی لەگەڵیا هاوتەریب بێت و پێكەوە ئیتیفاقیان كردبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جوانترە كە (بما تتماشى مع التنمیە) ئەوە زۆر چاكە، كاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی سۆزان خانم هەیە، ڕاستە رەسمی سیاسەی عامە ئەوە كەلیمەیەكی زۆر مەتاتیە، مەفهومیشی زۆرە، یەعنی سیاسەی عام دائیمەن ئەگەر تەماشای دەستوور بكەی كە لە سەلاحیاتی حەسری حكومەتی ئیتیحادی عەینەن ئەو كەلیمەیەی بەكارهێناوە، ڕاستە لە پاشان دەڵێت (بالتنسیق مع الوزارات) یان سیاسەتی عامە لە بۆ موحافەزە، لاكینە من پێشنیار دەكەم ئەگەر كەلیمەی عامەكە هەڵبگیردرێت ئەو ئەشكالیەتە دروست نابێت، (رسم سیاسة المحافظة بالتنسیق مع الوزارات لتنمیتها)، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان قسەم هەبوو و تەئیدی قسەی پەخشان خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا قسەکانی منیش گوترا، بەس سیاسەتی گشتی مەبەستی لە چیە؟ یەعنی؟ بەڕاستی حەقە ورد بکرێتەوە، وەزارەتەکان کامە وەزارەت، یەعنی دوو وەزارەت لەگەڵ ئەو ئەنجومەنە؟ جا پێویستە ئەمە ڕوون بکرێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ وەڵامتان هەیە بۆ ئەو هینە؟ من پێم وایە ئەو قسەیەی پەخشان خان کە کاك بارزانیش تەئیدی کرد(تنمیه الاقلیم) ڕاست ترە! هەروەها (بما یتعارض)ەکەش (بما ینسجم) باشترە، چ مولاحەزەتان هەیە؟ کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پەخشان خان و کاك تەڵعەت و کاك بارزان ئاماژەیان پێی کرد لە جێی خۆیەتی، بۆیە پێشنیار دەکەین، بەو شێوازە بێت لەگەڵ ئەوەی سۆزان خان (رسم السیاسة العامة للمحافظة بالتنسیق مع الوزارات ووضع الخطط الاستراتیجیة لتنمیتها انسجاما مع التنمیة الوطنیة وتنمیة الاقلیم)، پرسیارەکەی تری سۆزان خان، ئەوەی سیاسەی عام هەموو شتێك دەگرێتەوە لە ناحیەی خەدەمات دەگرێتەوە وە ناحیەی تەنمیەی موحافەزە دەگرێتەوە و دانانی ماستەر پلان و هەموو شێوازێکی کە موتەعەلق بێت بە موحافەزە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیاسەی عامە خۆ مەبەستی سیاسەت نیە، سیاسەی عامە لە بوارەکانی خەدەمی و ئیقتسادی و عیلاقات و هەمووی دەگرێتەوە، پەیوەندی لەگەڵ ئەفزیە و نەواحی هەمووی؟ دانانی میزانیە و تەتبیق و ئەوانە، بەو دوو گۆڕانکایە دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵەیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە، بەس کاك سعدالدین، بە زۆرینە قبوڵ کرا، بۆ حەوتەم کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**حەوتەم:**

بریاردان لەسەر پێڕەوی ناوخۆ بۆ کارەکانی ئەنجومەن لە ماوەی مانگێك لە مێژووی یەکەم دانیشتنیەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سابعاً: اقرار النظام الداخلي لعمل المجلس بالاغلبية المطلقة خلال شهر من تاريخ اول جلسة له.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش وابزانم هیچ موناقەشەی ناوێت، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ کاك کریم ئەگەر لوغەوی مولاحەزەت هەیە بڵێ؟ بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەشتەم:**

دەرچوواندنی بڕیار و پێڕەوە ناوخۆییەکان و ڕێنماییەکان و پێشکەش کردنی راسپاردەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێریی و دارایی و چاککردنی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان لە پارێزگا دا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثامناً:

اصدار القرارات والانظمة والتعليمات وتقديم التوصيات لتنظيم الشؤون الادارية والمالية وتحسين ادارة الخدمات العامة في المحافظة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمانە بۆ ئەوەیە دوو ئەنجومەن بکەونە کارکردنی خۆیان، بەڵام لایەنێکی گرنگ هەیە بۆ ئەوەی ئەنجومەن ئیشی لەسەر بکەن، ئەویش لیژنەکانە، بەڕای من پێویست دەکات لێرە ئاماژە بەوە بکەین کە

ماوەیەك دیاری بكرێت بۆ ئەوەی لیژنەكان دەست بەكاربن بۆ ئەوەی بكەوێتە ناو ئیش و كاری خۆیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە فەقەراتەكانی دابێت، مەسەلەی تەشكیلی لیجانی تێدایە، بە تایبەتی بڕگەی 14 دەڵێت (تشكیل لجان دائمیة ومؤقتة من بین اعضائە لمراقبة اجهزة او انشطة الهیئات التنفیذیة علی مستوی المحافظة ولها الاستعانة بالخبراء والمستشارین من الوزارات المعنیة بالموضوع).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم خاڵە لەگەڵ خاڵی پێش خۆی دا تێ هەڵكێشە، جۆرە تەئكیدێكی خاڵی پێش خۆیەتی فراوانترە، جگە لەوە لەگەڵ ماددەی 36 لە حوكمە كۆتاییەكەیدا دیسانەوە دووبارە بوونەوەیەكی تیایە، بۆیە بە تەسەوری من ئەگەر بێتو ئەم خاڵی هەشتەمە هەر لابرێت، ئێمە لە حوكمە كۆتاییەكاندا لە ماددەی 36 دەڵێت (یحدد بنظام كیفیة سیر العمل في المجالس)، (چۆنیەتی ڕۆیشتنی كار لە ئەنجومەنە خۆجێیەكان بە پێڕەوێك دیاری دەكرێت)، ئەگەر ئەمە ئیزافەیەكی بۆ بكەین كە لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە دیاری دەكرێ و ئەم خاڵی هەشتەمە لابەرین، پێم وایە باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵڵا ئەو حوكمە نیهائیە زیادەیە، كە لێر هاتبێت ئەوە زیادەیە، شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە سیستەمی لامەركەزی دا دەسەڵاتەكە زۆر زۆر فراوانە، زۆر لە ئیسداری قەرارات و ئەنزیمە و تەعلیمات فراوانترە، حەقی تەشریعی هەیە هەتا حەقی تەعینی كیباری موەزەفینی هەیە، لەوەی بەغداش هەروا هاتووە، حەقی تەشریع هاتووە، جا پێم خۆشتر بوو ئەو دەسەڵاتە زیاتر بكرایە بۆ ئەو ئەنجومەنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

شەمسە خان دیارە دوێنێ لێرە نەبووی؟ ئەی ئەوەمان زۆر شەح کرد ئەوە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە، مەسائیلی مالی وەزارەتی کێیە ورەقابەی مالی موراقەبەی دەکات؟ ئەگەر مەجلسی موحافەزە تەوسیات بدات بۆ سەرفی مالیە و ئەوانە تەجاوز ناکات لەگەڵ تەعلیماتی مالیە و لەگەڵ کاروباری رەقابەی مالیە؟ ئەشکالێك دروست ناکات؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لە پەرلەمانیش دا لەبەر رۆشنایی رێنماییەکانی مالیە دەڕۆین، ئەوانیش هەر وا، مەجلسی موحافەزەش تەوسیات و قەراراتی دەبێت ڕەچاوی تەعلیماتی مالیە بکات، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەنها یەك مولاحەزەی موهیمم هەیە، بە حەقیقەت یەکێك لە هەرە موشکیلە گەورەکانی ناو کۆمەڵگا واجبی محافزو مەجلسی موحافەزە، مەسەلەی ناحیەی ئجتماعیە، ئیجتماعی لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆنموونە بیرکردنەوە لە مەشاکیلی پیر، بیکردنەوە لە مەسائیلی فەقیرو هەژار، ئەم شتانە دبێت لێرە دیار بکرێت، ئەگەر ئیجتماعیشی ئیزافە بکرێت شتێکی زۆر باش دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کریم نوقتەی نیزامی هەیە، بەڵام انشالله نوقتەی نیزامی دەبێت! فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو خاڵە کە د.دلێر ئاماژەی پێیدا، ڕاست دەکات، زیاد لەوە ئێمە دەنگمان بۆی داوە لە ماددەی 5 هەمان شت و هەمان مەعنا دەدات، دەڵێت (له حق اصدار القرارات والانظمة والتعليمات)کەواتە لە ماددەی 5 دەنگمان بۆی داوە، بۆ دووجار دەنگی بۆ بدەین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەرچەندە نوقتەی نیزامی نەبوو، بەڵام با جوابت بدەنەوە، دەبوایە لە ماددەی 5 ئینتیباه بکەی و بڵێی لە ماددەی 8 داهاتووە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە بەعزێك لە فەقەرات تیکرارە، بەڵام شتی تازەشی تیایە، دەڵێت (وتحسين ادارة الخدمات العامة فى المحافظة) ئیدارەی خەدەمات بە قەناعەتی من خەدەماتی ئیجتماعیش دەگرێتەوە، بە نیسبەت ئەوەی

د.دلێر منیش لەگەڵیمە ئەوەی لە 36 ڕەنگە زیاد بێت، کە گەیشتینە 36 ئەگەر لایبدەن، مەوەزوعەکە ڕێك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئەوەمان لە بیر بێت لە ئەحکامی خیتامی ئەوەی کاك دلێر گوتی لەوێ شەتبی بکەین، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی دەست بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەس کاك کریم، باشە، بۆ نۆیەم، کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نۆیەم:

پێشنیازکردنی پرۆژە یاسا تایبەتیەکان بە پەرەپێدانی پارێزگا و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێگەی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تاسعاً:

اقتراح مشاریع القوانین الخاصة بتطویر المحافظة ورفعها الى مجلس الوزراء عن طریق الوزارة المعنیة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش شتێکی تەبیعیە، ڕەئی لیژنەی قانونی چیە؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی لە بیدایەتی موناقەشە ئەگەر جەنابت ئاگادار بووی، گوتیان عەلەئەساس مەجلسی مەحافەزە حەقی ئیسداری تەشریعاتی هەبێت، ئێمە وەکو بەدیلێك ئەوەمان دانا، عەلەئەساس، ئەگەر یاسایەك هەبێت بۆ محافەزە ئیمکان هەبێت لەڕێگەی وەزارەی مەعنی بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران و بۆ ئەوەی بێتە پەرلەمان و ئێمەش لێرە بۆیان موسادەقەی لەسەر بکەین، ئەوە بەدیلەکە بوو کە دامان نابوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان بۆچوونی پێشوومە، کە دەبێت بگوترێت (رفعها الى البرلمان عن طريق مجلس الوزراء)، نەك بەو شێوەیەی ئێستا و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە پێویستی ناکات، شەرت نیە مەجلسی وزەرا موافەقەت بکات، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان رەئی کاك کریمم هەیە، مەرجەکە لێرە چیە؟ فعلەن وایە لەوانەیە ئەنجومەنی وەزیران قبوڵی نەکات، بەڵام لە ئەسڵدا کە تۆ پرۆژە یاسا دەکەی، کەواتە بۆ پەرلەمانە، موەجەهە بۆ پەرلەمان، بەڵام ناوهێنانی پەرلەمان زەرورە لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەو کاتە، فەترەیەك ئەنجومەنی وەزیران حەقی خۆیەتی پرۆژەکە بەرزدەکاتەوە یان نا؟.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هێشتا ئەوە موقتەرەحە، ئێستا هەموو وەزارەتەکان ئیقتراحی پرۆژە دەکەن و بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی دەنێرن، نایەتە ئێرە ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر پەسەندی کرد ئەوجا دەینێرێ بۆ ئێمە، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە وەزارەتی مەعنی من بە زیادی دەزانم، چونکە هەر ئەنجومەنی وەزیران بۆ خۆی لیژنەی بۆ پێك دێنێت، هەر دوورخستنەوە و تەئخیر بوونی پرۆژەکە دەکات لێرە، یەعنی ئێمە دەڵێین رۆتین کەم بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وایە، بەڵام هەندێك جار پێویست دەکات رەئی وەزارەتی پەیوەندار، زۆر مەشاریع هەیە لەگەڵ وەزارەت دەوڵەمەند بکرێت کە زۆر باشترە، دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەو کاتە ئەو موقتەرەحە زۆر هین نیە، نیساب تەواو نیە برۆن بۆ فەقەرەیەکی تر، کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دەیەم:**

دەستنیشان کردنی پێشینیەکانی(اولويات) پارێزگا لە پرۆژەکان و بۆی هەیە هەر پرۆژەیەکی خۆجێییەتی لە ناو بودجەی ساڵانەدا هاتبێت بۆ وەزارەتێك هەمواربکات بە هەماهەنگی لەگەڵیدا بە رەزامەندیی زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجومەن بە مەرجێك ئەو هەموارکردنە نەبێتە مایەی زیادبوونی ڕادەی خەرج کردنی باسکراو لە پلانەکان و هەروەها بەو مەرجەی کە لەگەڵ کارایی جێبەجی کردنی ئامانجە

**نیشتمانیەکان لە هەرێمدا ناکۆك نەبێ و بۆی هەیە هەر پرۆژەیەکی تر بەرەزامەندیی دوو لە سەر سێی ژمارەی ئەندامانی هەموار بکری یاخود رابگیرێ.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**عاشراً:**

**تحديد أولويات المحافظة من المشاريع وله تعديل اي مشروع محلي يرد ضمن الموازنة السنوية لاية وزارة بالتنسيق معها بالاغلبية المطلقة على ان لا يؤدي هذا التعديل الى الزيادة في حدود الصرف المذكور في الخطط وعلى ان لا يتعارض مع فاعلية تنفيذ الاهداف الوطنية في الاقليم وله تعديل او ايقاف اي مشروع آخر بموافقة(3/2) ثلثي عدد اعضائه.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەوە وازحە، د.هالە قسەی هەیە فەرموو.**

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەموو وەزارەتەکان پرۆژەکانیان ڕەوانەی وەزارەتی پلاندانان دەکەن و لەوێ تەحدیدی ئەولەویات دەکرێت، لێرە ئەگەر بڵێین (بالتنسيق مع وزارة التخطيط) باشتر نیە؟ لەوەی کە لەگەڵ هەموو وەزارەتێك دیسان ئەولەویات تەحدید بکرێت، خۆی دەچێتە وەزارەتی پلاندانان لەوێ فلتەر دەکرێ و ئەولەویات تەرتیب دەکرێت لەگەڵ وەزارەتی مالیە بودجەی بۆ تەرخان دەکرێت، بە رەئی من پلاندانەکە باشترە لە لە وەزاراتی مەعنی، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خۆی ئەگەر ماددەکە بخوێنیەوە دەبینی تەنسیقی تێدایە، چونکە دەڵێت (تحديد أولويات المحافظة من المشاريع وله تعديل اي مشروع محلي يرد ضمن الموازنة السنوية لاية وزارة بالتنسيق معها .....) یەعنی ئەو تەنسیقە هەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

(وزارات المعنيه) باشتره و تەفسیلاتی زیاتره، زمنی ئەو وەزاراتانه وەزارەتی پلاندانانه، ڕەنگه پێش هەموویان دەبێت لەگەڵ ئەوان بێت، بەڵام به تەنها بڵێی وەزارەتی پلاندانان ڕەنگه هەندێك جار پێویست بکات لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، ئەگەر پێویست بکات لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی، مەعنی شامله هەمووی دەگرێتەوە، تاسعا بخوێنەوە کاك عونی بۆ ئەوەی بیخەینه دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تاسعاً:**

**اقتراح مشاريع القوانين الخاصة بتطوير المحافظة ورفعها الى مجلس الوزراء عن طريق الوزارة المعنية.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیه دەستی بڵند بکات تکایه؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیه؟ فەرموون، به کۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموو قسەی بکه مەبەستت چیه و کامەیه؟ کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**عاشراً:**

تحديد أولويات المحافظة من المشاريع وله تعديل اي مشروع محلي يرد ضمن الموازنة السنوية لاية وزارة بالتنسيق معها بالاغلبية المطلقة على ان لا يؤدي هذا التعديل الى الزيادة في حدود الصرف المذكور في الخطط وعلى ان لا يتعارض مع فاعلية تنفيذ الاهداف الوطنية في الاقليم ) لەو جوملەیه، مەعنای وایه ئەهدافی وەتەنی، مەجلسی وزەرا ئەهدافی وەتەنی دیاری دەکات له شوێنێك که جامیعەی پێویسته و له شوێنێك دەیەوێ دروست بکات و نابێت، ئەهدافی وەتەنی جۆرێك له مەرکەزیەت له مەجالسی مەحەلی وەردەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان جوابی دەدەنەوە؟ یان من جوابی بدەمەوە، وەڵڵا ئەوەی جەنابت دەیڵێی دەق وانیه، چونکه لێره چ دەڵێت؟ دەڵێت (على ان لا يتعارض مع فاعلية تنفيذ الاهداف الوطنية في الاقليم) یەعنی ئەو ئەهدافانەی پەرلەمان دایناوە له دەستوورهەیە، ئەو ئەهدافانەیە نابێت ئەو شتەی مەجلسی موحافەزە دەیکات، تەعاروز بکات لەگەڵ ئەو ئەهدافە وەتەنیانەی که له دەستووری هەرێم دا هاتووە و پەرلەمان دەری کردووە، به عەکسەوە دەبێت هەبێت،(عاشرا) بخوێنەوە کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**عاشراً:**

تحديد أولويات المحافظة من المشاريع وله تعديل اي مشروع محلي يرد ضمن الموازنة السنوية لاية وزارة بالتنسيق معها بالاغلبية المطلقة على ان لا يؤدي هذا التعديل الى الزيادة في حدود الصرف المذكور في الخطط وعلى ان لا يتعارض مع فاعلية تنفيذ الاهداف الوطنية في الاقليم وله تعديل او ايقاف اي مشروع آخر بموافقة(3/2) ثلثي عدد اعضائه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

(الاغلبية المطلقة على ثلثى اعضاءه) ئەوە بنووسە، بۆ ئەوەى بیخەمە دەنگەوە، بەو تەعدیلەى کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ فەرموون، بە زۆرینەى دەنگ قبوڵ کرا، بۆ یازدەم کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یازدەم:**

چاودێری گشت چالاکییەکانی دەستەکانی جێبەجێ کردن بۆ دابین کردنی باش جێبەجێ کردنی کارەکانی بێجگە لە دادگاکان و یەکە سەربازییەکان و پاسەوانی هەرێم( پێشمەرگە) و کۆلێژەکان و پەیمانگاکانی سەر بە وەزراەتی فێرکردنی باڵا و تۆژینەوەى زانستی و ئەو فەرمانگانەى کە تایبەتمەندیی فیدرالییان هەیە لە هەرێمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**حادي عشر:**

الرقابة على جميع انشطة الهيئات التنفيذية المحلية لضمان حسن اداء اعمالها باستثناء المحاكم والوحدات العسكرية وحرس الاقليم ( البيشمرگه ) والجامعات والكليات والمعاهد التابعة لوزارة التعليم العالي والبحث العلمي والدوائر ذات الاختصاص الاتحادي في المحافظة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرسیارەکەی من ئەوەیە بۆ کۆلیژەکان و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هاتۆتە زمنی ئەوانەی کە نابێ چاودێری بکات، یەعنی بەس پرسیارە، بۆچی؟.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لەبەرئەوەیە ئەوانە موئەسەساتی عیلمی سەربەخۆن هەر موئەسەساتێکیش سەربەخۆ بێت سیستەمی تری هەیە بۆ رقابە کردنی، فەرموو گوڵاڵە خان.**

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**کۆلیژ و پەیمانگاکانیش لە سنووری خۆیان دا گرفتیان زۆرە، بۆیە ئەمان چاودێریان بکردایە شتێکی باش بوو.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

**ئەگەر دەکرێت، ئەهلی ئیزاف بکرێت، لێرە ئەوەی نازناز خان مولاحەزەی کرد، د.شکریە فەرموو.**

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ خاڵی یەکەم و لەگەڵ گوڵاڵە خان و نازناز خان دام، هەروەها لە کوردیەکەی زیادکردنی زانکۆکان کە تیای نیە، لە عەرەبیەکە تیایەتی، ئەگەر زیاد بکرێت زانکۆکان و کولیات، چونکە لە عەرەبیەکەی هاتووەو لە کوردیەکەی نەهاتووە،زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک سعدالدین فەرموو.**

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت فەقەرەی 11 تەقریبەن فەقەرەیەکی زیادەیە، لەبەرچی؟ لەبەر موبەرراتی یەکەم: بە نیسبەت مەحاکم (القضاء لا سلطان علیە) نەك مەجلسی موحافەزە، پەرلەمانیش ناتوانێت تەدەخول بکات، دووەم: وەحداتی عەسکەری عایدی وەزارەتی دیفاعە، یەعنی ئەوەش من زمنی سەڵاحیاتی حکومەتی ئیقلیمیە، نازانم ئەوە بۆ زیاد کراوە جامیعات و کولیات و مەعاهد، هەتا لە قانونی مەجلسی موحافەزات، حەقیان هەیە ئیقتراح بکەن بە ئیستحداسی مەعاهد من زمنی میزانیەی موحافەزات و ئەوەی کە بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەی تەعلیمی عالی، وەکو لە قانونی موحافەزاتی حکومەتی مەرکەزی هاتووە، نازانم بۆ داندراوەو لەگەڵ رێزم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئیقتراح شتێکە و رەقابە شتێکی ترە، سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی لێرەدا تۆزێك تێ نەگەیشتن هەیە سەبارەت بو مەوزوعە، من هەر ئەوەندەم هەیە بۆ ڕوون كردنەوە، ئێمە خۆمان لێرە یاسایەكمان دەركردووە و گوتوومانە هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی جامیعەكان سەربەخۆیی خۆیانیان هەبێت، بەڵام كاتێك كە باس لە سوڵتەی ڕەقابی دەكەی، كاتێك كە لە پارێزگایەك دا بیانەوێ تەنانەت كۆلێژێكیش بكەنەوە داوا لە موحافز یان لە قائیمقام یان لە مودیری ناحیە بكەن كە بینایەشیان بۆ تەخسیس بكرێت، یەعنی هەر خۆی وەزارەتی ناوبراو كە وەزارەتی خوێندنی باڵایە بە تەنسیق لەگەڵ ئەواندا دەیكات، تەنها ڕەقابە كە دەڵێی چاودێری كردن، ئەو چاودێری كردن لەلایەنی بەڕێوەچوونی ئیشەكانیان دا، ئێمە حەقە ئیحتیفاز بەوەوە بكەین كە هەموو ئەو دەزگایانە سەربەخۆیەتی تەواوی خۆیانیان هەبێت بۆ ئەوەی كەس تەدەخولی ئیش وكاری ئەوان نەكات، هەر ئەوەندەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆرسوپاس وەڵڵا مولاحەزاتی وا نەبوو، بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان تكایە، بەڵام كاك سەردار مولاحەزەیەكی باشی دا، بۆ ئەوەی جامیعاتی ئەهلیش بگرێتەوە ئەوە، لێرە پێویست ناكات بنووسرێت (التابعه لوزاره التعلیم العالی)، ئەوەش بۆ ئەوەیە كە هەمووی بگرێتەوە، تا دەگاتە (الكلیات والجامعات والمعاهد) لە (تابعه............ بسڕێتەوە تا دەگاتە البحث العلمی)، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(التابعة لوزارة التعلیم العالی والبحث العلمی ) لابرێت، كەواتە بە شێوەیەكی عام دەمێنێتەوە، واتە مەعاهدی پەروەردەش دەگرێتەوە كە مەعاهدی سەر بە وەزارەتی پەروەدەن، ئەمە دەتوانێ چاودێریان بكات، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كە گوتمان (الجامعات، والكلیات، والمعاهد)، بیكەنە (ومعاهد التعلیم العالی والبحث العلمی) ئێمە ئەو مەبدەئەمان خستووە لەبەرئەوەی دەمانەوێ جامیعات و مەعاهد سەربەخۆ بن، بەڵام مەعاهدی سەر بە وەزارەتی تەربیە باسی سەربەخۆیی ئەوەمان نەكردووە، تەبیعی دەكرێت چاودێری بكرێت، ئەو سیغەیە باشە (والجامعات، والكلیات، ومعاهد التعلیم العالی والبحث العلمی) بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**حادي عشر:**

**الرقابة على جميع انشطة الهيئات التنفيذية المحلية لضمان حسن اداء اعمالها باستثناء المحاكم والوحدات العسكرية وحرس الاقليم ( البيَشمركة ) والجامعات والكليات ومعاهد التعليم العالى والبحث العلمى والدوائر ذات الاختصاص الاتحادي في المحافظة.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ بەس كاك سعدالدین، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ كرا، ئەو حەزی لێیە ئیعتراز بگریت! فەرموون بۆ خاڵی دوازدەم، كاك اخر فەرموو.**

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دوازدەم:**

**1 ـ ڕەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی ڕەها لەسەر پاڵاوتنی سێ پاڵێوراو لە ئەسڵی پێنج كەس كە پارێزگار پێشكەشیان دەكات بۆپڕكردنەوەی پۆستی هەردوو جێگری پارێزگا و فەرمانی دامەزراندنی دوانیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ.**

**2 ـ ڕەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی ڕەها لەسەر پاڵاوتنی سێ پاڵێوراو لە ئەسڵی پێنج كەس كە پارێزگار پێشكەشیان دەكات بۆپڕكردنەوەی پۆستی بەڕێوەبەرە گشتیەكان لە پارێزگادا و فەرمانی دامەزراندنی یەكێكیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ.**

**3 ـ پێشنیاری لەسەركار لادانی بەڕێوەبەرە گشتیەكان لە پارێزگا بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامان لەسەر داوای پارێزگار یان لەسەر پێشنیازی (5/1) پێنجیەكی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن، هەروەها ئەنجومەنی وەزیران مافی لادانی هەیە بە پێشنیازێك لە وەزارەتی تایبەتمەند بە پێی ئەو هۆیانەی كە لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ثاني عشر:**

1- المصادقة بالأغلبية المطلقة على ترشيح ثلاثة من أصل خمسة مرشحين يقدمهم المحافظ لاشغال منصب نائبي المحافظ ويصدر امر تعيين اثنين منهم من قبل مجلس الوزراء.

2- المصادقة بالأغلبية المطلقة على ترشيح ثلاثة مرشحين من اصل خمسة يقدمهم المحافظ لاشغال مناصب المدراء العامين في المحافظة ويصدر الامر بتعيين احدهم من قبل مجلس الوزراء.

3- اقتراح اعفاء المدراء العامين في المحافظة بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس بناءً على طلب المحافظ او (1/5) عدد اعضائه ولمجلس الوزراء حق الاقالة بناءً على طلب الوزير المختص استناداً الى احد الاسباب الواردة في الفقرة (ثانياً) من هذه المادة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، دیارە لە فەقەرەی 3 ئەغلەبیەی موتڵەقە و عەدەدی ئەعزا هاتووە بە وزوحی، بەڵام لە فەقەرەی یەك و دوو نەهاتووە، ئەوە ئیزافە دەكەین و تەنها ئەوەندە مولاحەزەمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جعفر فەرمووو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ زۆر موناقەشەمان كرد كە دەسەڵاتەكانی هی ئەنجومەن بێت، بە رەئی من لە باتی ناردنی 3 كەس لە 5 كەسەكە تەنها 2 كەس بنێرن، چونكە ئەو كاتە دەبێت بە تەعین، 3 كەس مورەشەح نەبن بۆ ئەوەی دووانیان تەعین بكەن، هەر دوو كەس تەرشیح بكەن، ئەنجومەنی موحافەزە بۆ ئەوەی دوو كەسەكە تەعین بكرێت، چونكە هەردوو بڕگەكە لە بڕگەی 1 و 2 ی فەقەرەی 12، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد فەرمووو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێشنیار دەكەم ئەم یەكەمە بگۆڕێت یان لابچێت، یەعنی كە ئێمە ئەو سەڵاحیەتەمان داوە بە موحافز 3 كەس یان 4 كەس یان 5 كەس دیاری دەكرێت بۆ تەرشیح یان بڵێین (انتخاب بالاغلبية المطلقة من قبل مجلس المحافظة وتعيين من قبل المحافظ)، یەعنی بە هەڵبژاردن بێت و ئەمە تەرشیح بكات و

سێیان تەرشیح بکات و دوایە هەم جارێکی تر هەڵبژێرێ، بۆچی هەر یەکسەر نەڵێین مەجلسی موحافەزە بە ئەغلەبیەی موتڵەق دوو کەس هەڵبژێرێ، ئەویش ئەمری تەعینیان بۆ دەربکا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تۆزێك تێکەڵاوی دەبینم لە خاڵی 3 دا (اقتراح اعفاء المدراء العامين في المحافظة بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس بناءً على طلب المحافظ او (1/5) عدد اعضائه ولمجلس الوزراء حق الاقالة بناءً على طلب الوزير المختص)، من لێرە پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا پاش ئەوەی کە ئەوان ئیقتراحی لابردنی ئەو بەڕێوبەرە گشتیەیان کرد، یەعنی ئەمان بەرزی دەکەنەوە بۆ وەزارەت و وەزیر پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکات؟ یاخود ئەمان ڕاستەوخۆ پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکەن؟ میکانیزمەکە لێرەدا دیار نیە، چونکە ئێمە ئەناڵێنین بە دەست ئەو مەوزوعەوە، بەڕاستی ئەوە دەبێت دیاری بکرێت، بەرەو ڕووی کێ دەکرێت و کێ بڕیاری لەسەر دەدات؟ چونکە تۆ لێرە ئەگەر دیقەتی لێ بدەن، (مجلس الوزراء حق الاقالة بناء على طلب الوزير)، هیچ عیلاقەی نیە بەسەر برگەی پێشووەوە، دوو شتی زۆر، زۆر جیاوازن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەینەن لە فەقەرەی 3 کە باس لە (اقتراح اعفاء المدراء العامين) دەکات (بناءً على طلب المحافظ (1/5) عدد اعضائه) ئەوە جانبێکی، جانبی دووەم: (ولمجلس الوزراء بناءا على اقتراح الوزير)، تەبیعی ئەگەر ئەتوو لێرە تەماشا بکەی ئیعفای ئەسحابی مەناسبی عولیا کە (تحت الادارات المتعدده)، یەعنی مەجلسی وزەرا بۆی هەیە، 5/1 بۆی هەیە، وەزیر ئیقتراح بکات، موحافز ئیقتراح بکات، یەعنی ئەوە (تحت الادارات المتعدده) ئەو مەناسبە عولیایە، ئەوەش ناکرێت، تەوکیلی موهیمەی نیهائی لێرە بۆ کێ بێت باشە، بۆ مەجلس ببێت، یەعنی بەو شێوەی لێ بێت تەوکیلی نیهائی لی بۆ ئیعفا لە دەست مەجلس بێت، ئەو حەقی ئیعفای هەبێت، ئیقتراح بکات لە بۆ مەجلسی وزەرا، بۆ؟ یەعنی وای لێ بێت (اعفاء المناصب العليا فى المحافظة بالاغلبية المطلقة)، ئەوە یەك، دووەم (لاعضاء المجلس بناء على طلب خمس عدد اعضاء المجلس او بناء على اقتراح من المحافظ او مجلس الوزراء) ئەوجا فەیناکە (باقتراح من الوزير المختص استنادا للاسباب الواردة فى الفقرة 8 من المادة)، نەك بڵێی (ولمجلس الوزراء)، یەعنی ئەوە (تحت الادارات المتعددة) یەو لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من پێم وایە ئەو فەقەرەیە برێك شەرح كردنی دەوێت، چونكە ئەو بۆچوونەی جەنابت ئەگەر باش شەرح نەكرێت! كاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شیخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئە تەرشیح كردنە كە لەلایەن پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگار دوو كەس هەڵدەبژێرن نەبێتە 3 كەس، لەبەرچی 3 كەس؟ نازانم ئەسبابی ئەو 3 كەسە چیە؟ پێم باشە ڕاستەوخۆ لەلایەن مەجلسەوە هەڵدەبژێردرێت یان تەرشیح دەكرێت، ئەوە هەر دوو كەسەكە بێت، كە لێرە باس لەوە ناكەن ئەو ئەنجومەنە یان پارێزگار كە داوای ئیعفای مودیری عام دەكات یان لادانی مودیری عام دەكات، ئەكید لە سەڵاحیەتی موحافز نیە ڕاستەوخۆ، یان هەتا وەزیریش مودیری عام دەربكات لە سەڵاحیەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڵام پێم وایە دەبێت لە ڕێگای وەزیرەوە، هەتا پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگار لە ڕێگەی وەزیرەوە داوای دامەزراندن یان ئیعفای ئەو مودیری عامانە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبیەكانی من گوتران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم سیستەمە دەمێكە لە زانكۆكانی فەرەنسا كاری پێ دەكرێت، مامۆستایان لە بەشێك لە بەشەكان ناوی سێ ئەندام كاندید دەكەن بۆ ڕاگر، یەكێكیان لێ هەڵبژێرێ، پاشان سەرۆكی بەشەكان ناوی سێ مامۆستا كاندید دەكەن بۆ ئەوەی كەوا یەكێكیان ببێت بە ڕاگر، هەروەها لەلایەن راگرەكانەوە بۆ سەرۆكی زانكۆ، ئەمە كارێكی چاكە، بەڵام لێرەدا لە برگەی یەكەم دا هەندێك لە داڕشتن تۆسقاڵێك لەقی تێدایە، من بەو جۆرەی دەنووسمەوە (رەزامەندی دەربڕین بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی لەسەر پاڵاوتنی 6 پاڵێوراو)چونكە لێرە 2 كەسمان دەوێت، دوو جێگری پارێزگار هەیە لەلایەن پارێزگارەوە بۆ پۆستی هەردوو جێگری پارێزگار فەرمانی دامەزراندنیان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، ئەمە سەبارەت بەو برگەیەوە، لە برگەی 3 من لەگەڵ ئەوە دانیم كەوا ئەو دەسەڵاتە بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران یا وەزیری تایبەتمەند حەقی ئەوەی هەبێت كەوا ئەو پێشنیازە پێشكەش بكات بۆ ئەنجومەنی

وەزیران و ئەنجومەنی وەزیرانیش داوا لە ئەنجومەنی پارێزگا بکات بۆ ئەوەی کەوا ئەو کەسانە لەسەر پۆستەکەیان لابرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی من سۆزان خان و ملا سعدالدین گوتیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گولاڵە خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من وەکو مەبدەئێکی خۆم لە سەرەتای یاساکەوە ئەو تێبینیەم هەبوو، مەسەلەی پارێزگار و قائیمقام و بەڕێوبەری ناحیە دەزگایەکی عەسکەرتاریەتە لەسەردەمی عوسمانیەکانەوە هاتۆتە ناو ئیدارەی عیراقەوە بۆ ئەوەی لە هەموو شوێنێك سوڵتەیەکی عەسکەری هەبێت، دەنا وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتێکە تایبەتمەندە بە ئەمن و ئاسایشی ناوخۆ کە پۆلیس و ئاسایش دەگرێتەوە، بۆیە موحافزیشم پێ زیادە و ئەگەر موحافزیش هەبێت دوو جێگر هەر زیادەیە، بە تەجروبەش بینیومانە موحافز دەسەڵاتی خۆی ناداتە جێگر، تەنها شوێنێکە دەگیرێت و خەڵکێکی چۆن دەڵێی سڕ دەکرێت، ئەو کەسانەش کە دەبنە جێگر چالاکیان کەم دەبێتەوە، لە خاڵی 3 یش دا، بەڕاستی باشترە دەسەڵاتەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا و بۆ وەزیر، چونکە ئەوەش بە تەجروبەی خۆمان هەر شتێك کە دەچێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران کاتێکی زۆر دەخایەنێت و مادام وەزیر خۆی سەڵاحیەتی ئەوەی هەیە بەڕێوبەری گشتی دانێ، با سەڵاحیەتی ئەوەشی هەبێت لاشی ببات، بۆیە پێویست ناکات بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر قسەت هەیە لەسەر ئەو بۆچوونانە؟ باشە با لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ رەئیتان لەسەر ئەو تێبینیانە چیە؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی زیاتر تەرکیزی لەسەر کرا لەسەر فەقەرەی 3 بوو بەڕاستی، عادەتەن لە فەقەرەی 3 ئیقتراحی ئیعفای مودەرای عامین تەنها دراوەتە ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەویش بە (بالاغلبیة المطلقة لعدد اعضاء المجلس)، لە چ حاڵەتێك؟ لە حاڵەتێك ئەگەر هاتو موحافز تەڵەبی کرد یاخود 5/1 پێنجیەکی ئەندامانی ئەنجومەن تەڵەبیان کرد، بەڵام مەجلسی وزەراش حەقی ئیقالەی هەیە، ئەگەر وەزیر تەڵەبی کرد، ئەگەر

ئەو مەوزوعە تەفسیلێ بکەین بەو شکلەیە، مەسەلەن مەعاونی مودیری عامی تەربیە، مودیری عامی تەربیە ئەنجومەنی پارێزگا ناتوانێ ئیقالەی بکات، بەلاّم ئیقتراح دەتوانێ بە ئەغلەبیەی موتڵەقە، بەلاّم کەی؟ ئەگەر هاتو موحافز داوای کرد یان پێنجیەکی ئەندامان داوایان کرد، یاخود ئەگەر وەزیری تەربیە لە ئەنجومەنی وەزیران داوای کرد، ئەو سێ قەناتە بەهەر سێ قەناتی حەقیان هەیە ئەو مودیری عامە لاببەن، ئەمە تەفسیلی ماددەکەیە کە ئێمە لێی تێ گەیشتووین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە تەفسیلی کرا، بەڵێ سۆزان خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە باسی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکەین، کاری وەزیر و عیلاقەی بەینی وەزیر و ئەنجومەنی پارێزگارە؟ بۆ پارێزگا بۆ هاتۆتە ئەم بەندەوە؟ ئەوە لە کاتی خۆیدا و لە کاتی یاسای وەزارەتەکان گوتوومانە وەزیر حەقی ئیقالەی هەیە لە هینی مودیری عامێك، لێرە ئەگەر بگوترایە (بعد الرجوع الى راى مجلس المحافظة) ئەوە باشە، بەلاّم مادام نەووتراوە، کەواتە لێرەدا ئەمە زیادەیە، با بڵێین مەجلس بۆی هەیە و موحافز بۆی هەیە تەواو، ئیتر بۆچی ئێمە جارێکی تر بێنین کارێکی وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیران بخەینەوە ماددەیەکەوە و حەشوێکی زیادەیە، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان ئەگەر ئیجازەیەکم بدەی، مودیری عام مەجلسی وزەرا تەعینی دەکات، وەزیریش تەعینی ناکات، ئەوە یەك، مەجلسی موحافەزەش ئەو کەسەی کە خۆی تەعینی بکات حەقی ئیقالەشی هەیە خۆی، ئەوە ئیقتراحە فەقەت، بەلاّم ئەو مولاحەزەیەی سۆزان خان بە هەندە ئەگەر وەربگیردرێت، پێویست ناکات لێرە باسی وەزیر بکرێت (بناءا على طلب الوزير المختص) و فەقەرەی ئەوەندەو ئەوەندە، یەعنی وەلحاسڵ لەوێ هاتووە، لەبەرئەوە (اقتراح اعفاء المدراء العامين في المحافظة بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس بناءً على طلب المحافظ او ($1/5$) عدد اعضائه ولمجلس الوزراء حق الاقالة.) نوقتە و تەواو، ئێستا تۆ باسی قانونی موحافەزە دەکەی، بەلاّم خۆی لێرەدا باسی دەسەلاّتی مەجلسی موحافەزە دەکەی، لێرە بۆ دەسەلاّتێك دەدەیتە وەزیر؟ جێگای نیە، ڕاستە ئەو مولاحەزەیت ڕاستە و باسی دەسەلاّتی وەزیر دەکەی رەبتی نیە بە قانونی موحافەزات، دەبێت قانونی ئەنجومەنی وەزیران تەعدیل بکەین! مەجلسی وزەرا لەوێ نیە وەزیرەکە؟ کێ ئاگای لێیەتی و چۆن؟ فەرموو کاك کریم فەریکە دەستت دەگاتە من!.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانون، قانونی موحافەزە و ئەنجومەنی موحافەزەیە، لێرە ئستنادەن بۆ ئیقتراحی وەزیرە بۆ ئەنجومەنی موحافەزە، ئەنجومەنی موحافەزە بۆی بڕیار دەدات، بۆیە لێرە هاتووە ئەم مەسەلەیە، لە قانونی ئەوە نەهاتووە، (بناءً علی طلب الوزیر المختص).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیر ڕەبتی نیە بە مەجلسی موحافەزە، وەزیر ئیقتراح بکات ئەنجومەنی وەزیران هەیە و بڕیارەکەش لەوێیە و دەچێتە ئەویٚ، بۆ بچێتە مەجلسی موحافەزە؟ وەزیر ئیقتراحی بۆ لابردنی مودیری عامێك، ئەنجومەنی وەزیران هەیە، قەرار لەوێش دایە بۆ بێتە مەجلسی موحافەزە، کاك زانا با ڕێگایەکەت بدەمێ بۆ ئەوەی بەس گلەیی بکەی! فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتی خۆی ڕێگات نەدا، بەڵام دەی، منیش ڕەئی سۆزان خانم هەیە، کە باسی ئیقتراحی ئیعفا دەکرێت، ڕاستە دەسەڵاتەکەی هی مەجلسی وزەرایە، ماددەکەش هەمووی باسی مەجلسی موحافەزات دەکات، بۆیە ئەگەر (المجلس الوزراء.....) هەمووی لاببەین هەتا کۆتایی هیچ موشکیلەمان نیە، ئەوە بەس ئیقتراحە، دەسەڵاتەکە لە جێی خۆی هی مەجلسی وزەرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مەجلسی وزەرایە، حەقی ئیقالەکەی زەروریە، لە (بناءً)ەنەوە ئەوە ئیقتراحە، ئەوە لێرەدا ئەوەیە فەرز نیە، قەراری ئەنجومەنی پارێزگا فەرز نیە، بۆیە ئەگەر حەقە لای مەجلسی وزەرا بمێنێت، کاك کرخی با دەنگێکی تورکمان هەبێت لەسەر ئەو قانونە فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ چەندی دەستمان بڵند کرد، دەستمان شل بوو و حەقمان خورا، ئەمڕۆ تورکمان حەقی نیە!

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاکە حەقتە.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لە هەرێم دا دوو جۆرە بەڕێوبەری گشتیمان هەیە، ئەو مەسەلەیە دەبێت لێك جیابکرێتەوە هەندێك بەڕێوبەری گشتی هەیە پەیوەندی بە یەك موحافەزە هەیە، ئەوە لەلایەنی ئیقتراحەکە لە مەجلسی موحافەزەوە بکرێت واردە، بەڵام هەندێك مودیری عام هەیە پەیوەندی بە هەموو کوردستانەوە

هەیە، بۆ نموونە بەڕێوبەری گشتی ئاسایش یا پۆلیس، هی هەموو کوردستانە، چۆن موحافەزەیەك دەتوانێ ئیقتراح بکات بۆ ئەوە، بۆیە هی وەزیرەکە و مەجلسی وزەرا لەوێ بۆ ئەم مەسائیلانە گرنگە، ئەو دوو جۆرە مودیری عامەمان هەیە، هەموویان یەك نەوعە مودیری عام نین، هەندێکیان هی هەموو کوردستانە و هەندێکیان هی بەشێکە، وەکو پەروەردە، کە پەروەردە هی موحافەزەیەکە حەقی هەیە، بەڵام ئەوانی تر جیاوازن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کرخی ئەوەی بۆ هەموو کوردستانە مەقەرەکەی لە وەزارەتەکەیە، مودیر عامی پەروەردەی مەرکەز لە هەولێرە، بەڵام مودیر عامی پەروەردەی سلێمانی لە سلێمانیە، مودیر عامی پەروەردەی دهۆك لە دهۆکە، لەبەرئەوەی مەجلسی موحافەزە لێرەدا حەقی داوەتێ بەو شروتانەی کە بۆی دانراوە، حەقت داوەتێ ئیقتراح بکات بۆ لادانی، بۆیەش دەڵێت (لمجلس الوزراء حق) ئەو دەتوانێ تەقیم بکات و قەراری نیهائی بداتێ، کاك کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، لێرە کە رەئیەکەیان ئەنێردرێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران، دەبیت حەلەقەیەکی وەسڵ هەبێت لە نێوان موحافەزەو ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە هەر لێرە لە حەوتەم ئیقتراحی مەشاریعمان وا لێ کرد (اقتراح مشاريع القوانين الخاصة بتطوير المحافظة ورفعها الى مجلس الوزراء عن طريق الوزارة المعنية)، ئێستا کردوومانە، لەبەرئەوە ئەمەش زەروریە وەکو خۆی بمێنێتەوە، خۆی زۆر ڕێك پێك هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مەبدەئی لامەرکەزیەتمان تەبەنی کردووە، من پێم وایە و پشتیوانیەکە بۆ قسەکانی سۆزان خان، کاتێك جارێکی تر تۆ دەسەڵات دەدەیەوە بە وەزیر لادانە لەو مەبدەئەی کە لامەرکەزیەتە، چونکە تۆ مەرکەزیەتەکە زاڵ دەکەی، ئەوە یەك، دوو، بێننە بەرچاوتان ئەنجومەنی پارێزگا هەڵبژێردراوە، ڕەنگە بەڕێوبەری گشتی لە حیزبێك دەربچێت حکومەتەکە لەو لیستە نەبێت، سبەی تۆ وا دەکەی کە ئەوە واقعی سیاسی و ئیجتماعی ئێرە وایە، تۆ دەسەڵاتێك دەدەی هەتا ئەگەر لەوێش هەڵبژاردرا بێ و لە ئەنجومەنەکەش دانردرا بێت، وەزیر دەسەڵاتی هەیە و لای دەدات و لە هەمان حیزبەکە نیە، ئەو کاتە ڕەنگە حەقی ئەو خەڵکانەی کە دەنگیان پێداوە یاخود هەڵیان بژاردووە بخورێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەزیر ناتوانێ لای ببات كاك ئاریێز، مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە بۆچوونی من تێكەڵاویەك پەیدا بووە، پێشتر مەحافز كە رەئیسی وەحدەی ئیداری بووە، پێش ئەو قانونە ئیشرافی لەسەر هەموو وەحداتی ئیداری و هەموو دەوائیرەكان كردووە، ئەو دائیرانە هەر یەكە عایدی وەزارەتێك بوونە، لە قانونی موحافەزاتی پێشوو، مەحافز حەقی هەبووە، سەلاحیەتی نەبووە رەئیسی دائیەرەیەك نەقل بكات یان ئیقالەی بكات، تەنها بە موافەقەی وەزیر نەبێت، داوای لە وەزارەت دەكرد ئەو ئیجرائاتەی موحافز دەیویست ئەو ئیجرائاتە بكات، بەس وەزیر دەبووایە ئەو ئیقتراحەی قەبوڵ بكردبا، ئێستا ئەو سەڵاحیەتە دەبێت بدرێتە مەجلسی موحافەزە، تۆ ئەگەر وەزیرت پازدا بەسەری، ئەو دەوائیرانەی كە لە موحافەزەنە عایدی وەزارەتەكانن، بۆ نموونە مودیر عامی تەربیە عایدی وەزارەتی تەربیەیە، ئەشغال عایدی وەزارەتی ئەشغالە، سحەش عایدی وەزارەتی سحەیە، تۆ ئەگەر مەجلسی موحافەزە یەكسەر هەرچی ئیقالە و داواو چ ئیجرائاتێك بێت یەكسەر پاز بدا بەسەر وەزیرەكەیدا و بۆ مەجلسی وزەرا، ئەی كاری وەزارەت چیە؟ بە رەئی من ڕاستترین ڕێگا ئەوەیە مەجلسی موحافەزە ئیقتراح بكات بۆ وەزیر، وەزیریش رەفعی بكات بۆ مەجلسی وزەرا، دەبێت واش بێت، ئەو سەڵاحیەتەی كە پێشتر موحافز هەی بووە، ئێستا دراوەتەوە مەجلسی موحافەزە، لەبەرئەوەی نابی لەسەر وەزارەت پازبدرێت، مومكین نیە ئەوە، لەبەرئەوەی وەزارەت ئیهمال دەكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قاسم :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە حەقیقەت وەكو تەجروبەیەك، بەڵام لەوانەیە بڵێن دیسانەوە باسی ئەمریكای كرد، بەڵام عادەتەن ئێمە ئەو پرۆژە یاسایەی كە لەبەردەستمان دایە، پرۆژەی یاسای لیژنەی پارێزگایە، یەعنی ئێمە كارەكانمان بۆ ئەوەیە كە دەسەڵاتی لیژنەی پارێزگا بچەسپێنین و دای بنێین، لەبەرئەوە ئەو شتانەی كە عیلاقەی بە لیژنەی پارێزگاوە هەیە، یان هەتا ئەوانەی كە عیلاقەی بە پەرلەمانەوە هەیە، سێ مەرحەلە و سێ ختوە هەیە بۆ چارەسەر كردنی ئەو كێشەیە، موحافز ئیقتراح دەكات، یەعنی ئیختیاری سێ كەس دەكات بۆ سێ مەسئولیەت، ئەوەی كارە گرنگەكەیە لیژنەی پارێزگار تەبەنی دەكات، تەبەنی كێ دەكات؟ لەوانە یەكێكیان تەبەنی دەكات كە شیاوە و حەقی خۆیەتی و بە كەڵكی ئەو كارە دێت، ئینجا تەعینەكە رەسمیات دەیكات، كە وەزارەتە یان مەجلسی وزەرایە، كارە ئەساسیەكە دراوە بە مەجلسی وزەرا كە تەبەنی كردنی شەخسە موناسبەكەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امین :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە تێكەڵاویەك هەیە لە تێگەیشتن لەو بابەتە، لە لامەركەزیەی ئیداری دا رەقابە هەیە، ئێمە وەكو خۆمان ئەگەر تەماشای هەرێمی كوردستان بكەین ئەوە لامەركەزیەی سیاسیە، ئەوجار دەبێت لامەركەزیەی ئیداری دروست بكەین، ئەنجومەنی وەزیران حەقی رەقابەی هەیە، حەقی دوو جۆرە رەقابەی هەیە لەسەر ئەو ئەنجومەنانەی كە لە خوارەوە دادەمەزرێن، یەكێك لە رەقابانە لەسەر ئەشخاسی لامەركەزیەی ئیداریە، لەسەر تەعینیان، لەسەرحەزیان، لەسەر موعاقەبە كردنیان وەكو ئەشخاس، لە هەمان كاتدا رەقابەیەكی تری ئیداری هەیە لەسەر ئەعمالی ئەو ئەنجومەنانەی كە لە خوارەوەیە، لە كاتێك دا ئەگەر هاتو ئەو ئەنجومەنە پێچەوانەی یاسا ئیشی كرد، ئەو كاتە مەركەز بۆی هەیە سكاڵایان لەسەر بكاتەوە، بۆی هەیە لە هەندێك حاڵەت دا ئەگەر هاتو ئەوان نەیانتوانی لە بوارێك لە بوارەكان نەیانتوانی خەدەمات پێشكەش بكەن با خەڵك جێگایان بگرێتەوە، بۆ نموونە لە تەندروستی یان لە پەروەردە یان لە هەر بوارێكی تر، كە هەڵبژاردران بە چاكی ئیش دەكەن لەبەر ئەوەی مەسڵەحەتی عامی هەرێم وا دەخوازێ، یەعنی ئەوە دەچیتە بابی رەقابەی ئیداریەوە، حەقی ئەوە هەیە ئەنجومەنی وەزیران، خەڵك عەزل بكات و خەڵك تەعین بكات و ئەمریش لای ئەوەوە دەرچێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت خاڵی یەكەمەوە، لە جیاتی ئەوەی 3 كەس هەبێت، 2 پاڵێوراو هەبێت باشترە بۆ ئەوەی كە هەر دوو پاڵێوراو هەبێت باشترە لە كۆی پێنجەكە، خاڵی دووەمم، بە نیسبەت ئەوەی كە دەڵێت سێ پاڵێوراو كاتی خۆی بۆ جێگرەكانیش یەك جێگر هەبووە، كە مادام یەك جێگر هەبووە، بۆیە سێ كەس دیاری كراوە، كە بوو بە دوو كەس پێویستە وەكو ئەوەی كاك د.نوری گوتی ببێ بە 6 كەس مادام وایە، چونكە حەقیقەتەكەی لەسەر ئەساسی یەك كەسەكە ئەو سێ كەسە دانراوە، نەك لەسەر ئەساسی دوو كەسەكە، بۆیە مەفروزە وابێت وەكو ئەوەی كاك د.نوری ئاماژەی پێدا، دەست خۆشی لە خوشكە سۆزان دەكەم كە بەڕاستی بۆچوونەكەی دروستە، وەزیری پەروەدە لێرە جێگەی نابێتەوە هیچ پەیوەندیەكی بە وەزارەتی پەروەردەوە نیە، وەزارەتی پەروەدە بۆ خۆی لە یاساكەی خۆیدا دەتوانێ هەر مودیری عامەكەی خۆی، یان هەر وەزارەتێكی تر،دەتوانێ تێبینی خۆیمان پیشان بدات و داوای لابردنی ئەو هینە بكات، چونكە دەسەڵاتی دانان و لابردنی بەڕێوەبەری گشتی ئەنجومەنی وەزیران دەیكات، كەواتە پێویستە وەك

ئەوەی جەنابیشت ئیشارەتت پێیدا بەو شێوەیە بێت وەکو سۆزان خان پێشنیاری کرد، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مەنسبی نائیبی موحافز کە دەبێت 5 مورەشەح موحافز تەقدیمی مەجلسی دەکات، مەجلس 3 لەو مورەشەحانە هەڵدەبژێرێ، ئەنجومەنی وەزیران لەو 3 کەسە 2ی هەڵدەبژێرێ ب مەنسبی نائیبی موحافز، ئەمە ئالیەتەکەیە، بەڵام ئێمە باس لە دابەشکردنی دەسەڵات دەکەین، ئەم مەبدەئەی کە ئێستا هاتووە دەسەڵاتێکی داوەتە موحافز 5 تەرشیح بکات و دەسەڵاتێکیشی داوەتە ئەنجومەن لەم 5 کەسە 3 کەس تەرشیح بکات، دەسەڵاتێکیشی داوەتە ئەنجومەنی وەزیران لەو 3 کەسە 2ی تەرشیح بکات، ئەمەیە خۆی دابەشکردنی دەسەڵات، ئەگەرئێمە بمانەوێ، ئەوە یەك، دووەم: بە نیسبەت ئقتراحی ئیعفای مودەرای عامین، ئیعفای مودەرای عامین، ئەوەڵەن موحافز تاکرەوانە حەقی نیە تەڵەبی ئیقتراح بکات ئیللا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ مەجلس، کەواتە مەجلس دەبێت بینائەن لەسەر تەڵەبی موحافز، ئەوە یەك لە قەناتەکانە، قەناتی دووەم 5/1 ی ئەعزا بۆیان هەیە داوا بکەن لە مەجلس کە ئیقتراحی ئیعفای مودیر عامەکان بکات، سێیەم: بە نیسبەت وەزیر ئەگەر بشبێت زەرەری نیە، ئەگەر نەشبێت زەرەری نیە، بەڵام لە ئەسڵی قەوانینی وەزارات هیچ دەسەڵاتێك نەدراوە بە وەزیر بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم دەسەڵاتە بەکاربهێنێت، چونکە ئیقالەکە لە زمنی دەسەڵاتی وەزیرانە، بۆیە ئەگەر لێرە لاشی بدەن هیچ موشکیلەی تێدا نیە، بە تەسەوری من وەزیر هەر دەتوانێ ئەو ئیقتراحە بکات بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر هاتو ئەو ئەسبابانەی کە لێرە هاتووە وازح بوو و بەڵگەی دروستی هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەخیر کەس قسەی دەکات، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی من دەمەوێت وەڵامی کاك ئارێز بدەمەوە، کە دەڵێت وەزیر بە کەیفی خۆی ئیحتیماله مەسەلەیەکی سیاسی بێت یەکێك لابدات، خۆی لێرە نووسیویەتی کە بە پێی قانون و یاسا بە پێی ئەم یاسایە و ماددەکەی دیاری کردووە کە ئەو مودیری عامە چ غەڵەتێك دەکات و چ هەڵەیە بکات ئینجا دەتوانێ تەڵەبی ئیقالەی بکات، ماددەکە لێرە هەبێت یان نەبێت ئەوە ئیقالەی وەزیرهەبێت باشە و نەشبێت هەر باشە، یەعنی هیچ موشکیلە نیە حەزفی بکەی، بەڵام بکرێت بە (طلب الاقالة عن طريق

الوزير المختص) یەعنی کە بچێت بۆ ریئاسەی وزەرا، موحافز بۆی نیە رەفعی بکات بۆ ریئاسە، لەرێگەی وەزیری موختەسەوە رەفعی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی بۆ ئەوەی سیغەیەکی تەوفیقی بێت، کاک شێروان ئینتیباە بکە ئەگەر موافەقەتان کرد لەسەری، ( اقتراح اعفاء المدراء العامين في المحافظة بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس بناءً على طلب المحافظ او (1/5) عدد اعضائه ورفعها عن طريق الوزير المختص الى مجلس الوزراء ولمجلس الوزراء حق الاقالة استنادا الى فقرة 2 من المادة)، ئەوەی تریش شەرح کرا بۆچی 3 کەس لەوێ و بۆ 2 کەس لەوێ، 3 کەسەکە بۆ وئەوەیە ئەنجومەن لە 5 کەس 3 کەس هەڵبژێرێ، بۆ ئەوەشە مەجلسی وزەرا رەئیەکی هەبێت، لەو 3 کەسە کە 2 هەڵبژێرێ بگونجێت لەگەڵ ئەوە، لەوەی تریش لە (بالاغلبية المطلقة لعدد الاعضاء) پاش ئەو تەغیراتانە کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، دەڵێت (كما لمجلس الوزراء) نەك ( ولمجلس الوزراء)، بەڵێ سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بۆ ئەوەی کە نەوەکو سبەی‌وەزیرە بەڕێزەکان لەمن عاجز بن، وابزانن مەبەستم ئەوەیە سەڵاحیەت لای ئەوانەوە نەبێت، ماددەکە هەڵە بوو، ئێستا چاك بووەتەوە، لەبەرئەوە بۆ ئەوە دڵیان عاجز نەبێت، چونکە دڵیان زۆر ناسك بووەتەوە ئەم ماوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من لەگەڵتم وەزیر خۆی ئەو حەقەی هەیە، بەڵام لەو قانونە پێویست ناکات تیکراری ئەو حەقەی بکەینەوە، لەو قانونە باسی مەجلسی موحافەزە دەکەین، من تەئیدم کردی، کاك اخر فەرموو بۆ فەقەرەی دواتر.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێزدەم:

رەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی رەها لەسەر پێشنیازی بەجێ گەیاندنی گۆرانکاریی کارگێڕیی لە قەزا و ناحیەکان و گوندەکان بەلێکدانیان و لە نوێ دانان وگۆڕینی ناو و سەنتەرەکانیان و ئەوەی لێیان دەکەوێتەوە لە پێکهاتەی کارگێڕی لە چوار چێوەی سنووری پارێزگا و ئەمەش لەسەر پێشنیازی پارێزگار یاخود سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ثالث عشر:

المصادقة بالأغلبية المطلقة على اقتراح إجراء التغييرات الادارية على الاقضية والنواحي والقرى بالدمج والاستحداث وتغيير اسمائها ومراكزها وما يترتب عليها من تشكيلات ادارية ضمن حدود المحافظة بناءاً على اقتراح المحافظ او ثلث اعضاء المجلس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ مولاحەزەمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەنجومەنی پارێزگا بۆی هەبێت ئیستحداس و دەمج بكات با حەقی ئیلغاشی هەبێت، پێشنیارەكەم ئەوەیە ئەو مافەی هەبێت، هەر نەك دەمج و ئیستحداس، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دواتر جەنابی وەزیر لەسەر ئەو پێشنیارە رەئیت هەبێت تكایە؟ كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش هەر ئەو موقتەرەحەی كاك بارزانم هەبوو، دوای ئیستحداس ئیلغایەكیشی بۆ زیادبكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشيد سلێم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەوە زیاتر لە سەڵاحیەتی مەجلسی موحافەزەیە، ئێمە تەعین ولادان و ئیقالەی مودیر عامێكمان خستۆتە دەست مەجلسی وزەرا، مەجلسی موحافەزە چۆن قەزایەك ئیلغا دەكات یان دەمج

**دەکات؟ چۆن ئەو سەلاحیەتەی پێ بدرێت؟ ئیقتراح بۆ کێ؟ دەبێ بنووسرێت بۆ مەجلسی وزەرا لە ڕێگەی وەزارەت، بنووسرێ ئیقتراح بۆ کێ دەکرێت؟ دەبێت ئەوە دەست نیشان بکرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو تێبینیەی مام خورشید لە ماددەی 25 عیلاج کراوە، لە ماددەی 25 دەڵێت (تستحدث القضاء او الناحية بمرسوم اقليمى بناء على اقتراح مجلس المحافظة وموافقة الوزير ومصادقة مجلس الوزراء)دیارە، مانای وایە ئیقتراحەکە لە ڕێگەی وەزیرەوە بچێتە مەجلسی وزەرا دیارە کراوە، کاک عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش هەر تەئیدی ئەو ڕەئیەی کاک بارزان دەکەم، بەوەی کە مەجلسی موحافەزە ئەگەر وەك قانون سەیری بکەین، ئەو سەلاحیاتانەمان داوەتێ بە دەمج و بە ئیستحداس، کە گوتمان دەمج و ئیستحداس، یەعنی سەلاحیەتی زۆرمان داوەتێ، بە پێی قانونیش سەلاحیەت زۆر کە درا بە هەر کەسێك کەمیشی بۆ هەیە بەکاری بهێنێ، کە تۆ دەڵێی دەمج یەعنی دوو قەزاز، دوو ناحیە دەبێت بە یەك، کەواتە دەبێت یەکێکیان ئیلغا بکرێت، پێم وایە دەمج و ئیستحداس و ئیلغا بگرێتەوە باشە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**خۆی مادام ئیقتراحە با ئەوەشی تیا بێت، ئەوە چوار کەس پێشنیاریان کرد، با ئەوەش ئیزافە بکرێت حەقی ئیقتراحە و حەقی ئیلغاشی هەبێت، ئەگەر جەنابی وەزیر ڕەئی هەبێت لەسەر ئەوەی؟ فەرموو.**

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**کە دەڵێت دەمج تەحسیلێ حاسڵە، یەعنی بۆ ئەگەر دەمجت کرد تەحسیلێ حاسڵ ئیلغا بووە، پێویست ناکات ئێمە لوغەویەن زۆر ئیزافە بکەین، ئەوە قانونە، بۆیە کە گوتت دەمج مەعنای وایە یەکێك ئیلغا دەبێت و یەکێك دەمێنێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**مەفهومە کاک محمد و کاک بارزان؟ لە ناحیەی زمانەوانیەوە وایە ئەگەر دەمج کرا ئەوەی تر نامێنێ، کە گوتت دەمج لەسەر ئیلغای یەکێکە، ڕاستە جەنابی وەزیر، کاک عمر ئیعترازت هەیە؟ فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تۆ بە صەریحی لە نەسی قانونی ئەگەر شتێك نەهێنی، چۆن دەتوانی ئەو ئیلغایە بکەی؟ نەسی قانونی نەسێکی صەریحە، برادەرانی لیژنەی یاسایی باش لەوە دەزانن، (لااجتهاد فی مورد النص) ئەگەر تیای نەبێت چۆن ئیلغاکەی دەکات؟ سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ئەوەی جەنابی وەزیر گوتی خۆیشی قانونیە، کە گوتت دەمج، یەعنی ئیلغای دوو وەحدەت کرد لەو وەحدەیە، تەبیعیە هەتا ئەگەر دوو حیزبیش تەوحید دەبن ناڵێی ئیلغا حیزب، دەڵێی تەوحیدیان بوو، تەواو، بەڵێ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە قەراری دەمجەکەی دەردەکات دەڵێ دەمجی دوو شوێنم کرد بەیەکەوە، دوو شوێن دەبن بە یەکێك، شوێنێکی تازە دروست دەبێت، ئەی نابێ ئیلغای ئەوەی تریان بلێ دەمج بوو لێرە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی تەحسیلێ حاسڵە، بەڵام ئەگەر بشگوترێت هینێکی نیە، کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەرج نیە، تەنها دەمجەکە، ڕاستە دەمج واتە ئیلغای یەکێکیان، ئەوە ڕاستە لەڕووی زمانەوانیەوە، بەڵام ناحیەیەك بەبەر سەدێك کەوت، دەبێت ئیلغا بکرێتەوە بەهۆی سەدێکەوە، چۆن موعالەجەی دەکەی؟ دەبێ ئیلغا بکرێتەوە، یەعنی ئەوە دەمج ناکرێ هەر دەبێ دەمجی تیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەو حاڵەتانە نادرە، بەڵام چی تێدایە زەرەری نیە با تێیدا بێت کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو نەسە دەتوانم بڵێم لە هی عیراقی وەرمان گرتووە، وە هیچ ئیلغاشی تیا نیە، بۆ نموونەش ئەگەر هاتو ئێمە ناحیەکمان کردە قەزا عەجەبەن ناحیەکە ئیلغا دەکەین یان ئەو دێهاتانە هەمووی رەبتی قەزایەکە دەکەینەوە، ناحیەکە سیفەتی ناحیەی نامێنێ، دەبێتە قەزایەك، بەڵام ئیلغا نیە عەینی حدودو عەینی موقاتەعە و فتعەکان هەموو دەبێتە تابعی ئەو قەزایە، ئەگەر سەدەکە بوو بە عەینی شت بۆیان دروست دەکرێتەوە، یەعنی ئەگەر ئیلغای تێدا بێت چی تێدایە؟ وەڵڵاهی کاك کریم نموونەیەکی باشی هێناوە ئەوەلەن، لەگەڵ ئەوەشدا بڵێین ناحیەیەك ئاوی نیە و مەشروعی ئاویشی ناگاتێ و وشکە و فەلاحەکان چۆڵی دەکەن، ئیلغا دەکرێت، بۆچی ئیلغای تیا نەبێت، فەرموو کاك کریم.

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو ناحیە بەر ئاو کەوت، ئەکید حکومەت ئیقتراحێکی تری هەیە ئەو ناحیە لەوێ هەمووی نەقڵ دەکاتە جێگایەکی تر، بە عەینی ناوی خۆی دەمێنێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە فەرزمان كرد ئێستا هەولێر تەوەسوع دەكات و گەیشتە كەڵەك، وەحدەی ئیداری كەڵەك نابێت ئیلغا بكرێت و بێتە زمنی موحافەزە؟ وەكو ناحیەیەك، ئەگەر بڵێین ناحیەی كەڵەك بەشێكی كەوتە بەر ئاو و مەشروعێكی كردەوە، خانووەكانی گواستەوە بۆ ناو هەولێر، چووە كەسنەزان و نەمانەوە لەوێ، چی لێ دێت؟ د.ناصح فەرموو نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ڕوونكردنەوەی كە كاك شێروان باسی كرد بە نیسبەت ئەوەی ناحیە ببێتە قائیمقام پێویست ناكات كە تۆ یەكسەر ئیعلانی قائیمقامیەتت كرد ناحیەكەبۆ خۆی ئۆتۆماتیكیەن ئیلغا دەبێتەوە شتی وانیە ببورن، چونكە دەبێت ئەوەڵ جار ئیلغا ببێتەوە، چونكە ئەو وەكو ناحیە هەر دەمێنێتەوە، بۆیە دەبێت ئیلغا بكرێت، بۆیە من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی كاك عمرم دەبێت ئەوەڵ جار ئیلغا بكرێت، دوایی دەمج بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

شەخصییەی مەعنەوی بە قانون دروست دەكرێت، ئێمە لەم قانونەش هەر لەم ماددەیە كە ماددەی 3یە باس لەوە دەكەین و دەڵێین ناحیە و قەزاو ئەوانە شەخسیەتی مەعنەویان هەیە، شەخسەیەی مەعنەوی بە قانون دروستی بكەی دەبێت بە قانون ئیلغای بكەیتەوە، كەوایە دەبێت ئاماژەی پێ بدەین بۆ ئیلغاكەش، یەعنی ناكرێت بیهێڵینەوە بۆ تەفسیر.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو كەلیمە تازەیە ئیلغاكەی تێدا بێت دەیخەمە دەنگەوە، كاك زرار چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من یەك تێبینیم هەیە، ئەو پرسیارە لە لیژنەی یاسایی دەكەم، ئەگەر وشەی ئیلغا بنووسین ئایا مودیری ناحیەكەش ئیلغا نابێتەوە؟ ئەگەر وابێت نووسینەكەی خەتەرە، بەڵام ئەگەر وانەبێت بەڕاستی بینووسن باشترە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

شێخ فتاح ئەمرۆ قسەی نەكردووە، با بزانین رەئی لیژنەی ئەوقاف چیە، فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من پێم وایە وەختمان زۆر کوشت، ئەو وشەیە کە ئیلغا ببێت یان نەبێت چ موشکیلەی تێدا نیە، قانونیەن زۆر جار بووە کە شوێنێك کە دەمج کراوە بە شوێنێك نەوتراوە ئیلغا، بەڵام ئەوجارە دەتوانی ئەگەر ئیلغاشی تیا بوو موشکیلەکە ببڕێنەوەو بیدە تەسویت و ڕەجات لێ دەکەم، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلاهی ئەوەی عیراقی باش هاتووە ئەو تەغیرەی ناوێت، ئێوە نموونەتان بە عیراقی هێناوە، بەڵام عیراقیەکە وازح ترەو باشترە دەڵێ ((المصادقة بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس على اقتراح اجراء التغيرات الادارية على الاقضية والنواحى والقرى بالدمج والاستحداث وتغير اسماءها ومركزها وما يترتب عليها من تشكيلات ادارية ضمن حدود المحافظة بناء على اقتراح المحافظ او ثلث اعضاء المجلس))، (تغير اسماءها ومركزها ) ئەوەی بنووسین ئیلغاکەی ناوێ، کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەلیمەی ئیلغا لە قانونی موحافەزاتی کۆن هاتووە، ئەوە یەك، دەمج دائیمەن بۆ دوو وەحداتی وەك یەك بن دەمجی دەکەی، زمنیەن یەکێك لەوە هەبێت، بەڵام ئیلغا دەتوانی یەکێك ئیلغا بکەی بە مەفهومێکی صەریح، بۆ نموونە ناحەیەیەك زمنی حدودی قەزایەکە کە ناحیەکەت ئیلغا کرد ئعتیادی زمنی حدودی قەزایە، باسی دەمجەکە ناکەی، چونکە حدودی قەزا لە دورمادوری ناحیەکە دەسوڕێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەڵەن ئەو ئیلغایە لە قانونی عیراقی کۆن هاتووە لە 1959 تەنها بۆ ناحیەیەو بۆ قەزاو بۆ ئەوانی تر نیە، ئەمە یەك، دووەم: ئەم قانونە قانونی زەمانی بەعسە بە سەترێك قەزایەك ئیلغا دەکاو ناحیەکە لەگەڵیەتی کەیفی خۆیەتی، ئێستا قانونی عیراقی تازەمان لەبەردەستە بە قەراری قەتعی ئیلغای تێدانیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من لە جیاتی کاك غفور کە دەیەوێ قسە بکات قسەکەی دەکەم و حەسمی دەکەم، دەڵێت کاکە لە نیزام دەرچووین و حەسمی بکەن، پێویست ناکات، خۆی لە ڕاستی دا لەبەرئەوەی ئیختیلاف هەیە لەسەر ئیلغایەکە بۆیە زۆری کێشا، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ موقتەنع نین بە ژمارەیەك ئەندامانی پەرلەمان کە دەڵێن حەقی ئیلغای هەبێت، بۆیە ناکرێت هەر موناقەشەی بکەین، ئەوەی موئەیدە لەو موقتەرەحەی کە زۆربەی زۆری ئەندامەکان کە دەڵێن ئیلغاشی تێدابێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغای تێدا

**بێت دەستی بڵند بکات تکایە؟ 30 کەس، فەرموون، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە تێدا نەبێ دەستی بڵند بکات تکایە؟ وەکو خۆی مایەوە، فەقەرەی 13 دەیخەمە دەنگدانەوە سیاغەکەشی وەکو خۆی مایەوە، کە بەو شکلەیە (المصادقة بالاغلبیة المطلقة لعدد اعضاء المجلس علی اقتراح اجراء التغیرات الاداریة علی الاقضیة والنواحی والقری بالدمج والاستحداث وتغیر اسماءها ومرکزها وما یترتب علیها من تشکیلات اداریة ضمن حدود المحافظة بناء علی اقتراح المحافظ او ثلث اعضاء المجلس)، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ خاڵی چواردەم تکایە، کاک اخر فەرموو.**

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**چواردەم:**

**پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەیی و کاتی لە نێوان ئەندامانی بۆ چاودیری کردنی دەزگا یان چالاکیەکانی دەستە جێبەجێ کارەکان لەسەر ئاستی پارێزگا و بۆی هەیە پشت بە شارەزا و راوێژ کاران لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ببەستێ.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**رابع عشر :**

**تشکیل لجان دائمیة ومؤقتة من بین اعضائه لمراقبة اجهزة او انشطة الهیئات التنفیذیة علی مستوی المحافظة ولها الاستعانة بالخبراء والمستشارین من الوزارات المعنیة بالموضوع.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەگەڵ دەقی ماددەکەین هیچ مولاحەزەمان نیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەگەر شتێك ئیزافە بکرێت وەکو لیجانی پەرلەمانی خۆمان، دەڵێت ( تشکیل لجان دائمیة ومؤقتة من بین اعضائه لمراقبة اجهزة او انشطة الهیئات التنفیذیة علی مستوی المحافظة ای ابداء الرأی والمشهورة علی المشاریع المحالة او المقترحات المحالة الیها)موحافز دەینێرێ.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جواب بدەوە کاک شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مەسەلەیە ئیمکان هەیە لە نیزامی داخلی موعالەجە بکرێت، ئێمە دەسەڵاتمان داوەتێ کە نیزامی داخلی بۆ خۆیان دابنێن، چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیش وکارەکانیان بیما فیهیم تەشکیلی لیجان و ئیختیساساتەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی لەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنەی لەبواری ڕووخانی ڕژێم دروست بووە، یەعنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە مەجالی ئیستیشارە شتی زۆر بەهێزیان هەیە، یەعنی  ئەم ڕێکخراوانە شتی بە قوەتیان هەیە و ئەوانەش لە شوێنانی تەجروبە دارەوە وەریان گرتووە، ناکرێت لێرە مەسەلەن بڵێین (خارج الوزارە)، یەعنی هەر موستەشارین لە وەزارەت نەبێت، دەزانین موستەشارین لە وەزارەت لەوانەیە هەندێك جار نەتوانێ یان دوور بێت لەوە، بەڵام لە پارێزگاکەی خۆی بەسەدان، لێرە (من المستشارين من الوزارات المعنيە وخارجها) یەعنی هەندێك جار ئەوە بە قوەت ترە لە پارێزگاکاندا، ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی هەیە لە پارێزگاکەی خۆی دەتوانێ ئیستیفادەی زیاتری لێ بکات، بۆ ئێمە مەحرومی بکەین و بیبەستین بە ئەوەوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە یەك لە ئەرکە گرنگەکانی ئەنجومەنی چاودێری ئیش و کارەکانی چوارچێوەی موحافەزەی خۆیەتی، ئەوەش دیارە بە لیژنەکان دەکرێت دیارە من پێشتر ئیشارەم بە ئەوەوە کرد دروست کردنی لیژنەکان بەڕاستی وا باشترە کاتێکی بۆ دیاری بکرێت دوای پەسەند کردنی پەیڕەوی ناوخۆ کاتێك دیاری بکرێت بۆ دروست کردنی لیژنەکانی ناو ئەنجومەن بۆ ئەوەی زووتر دەست بەکاربن و بچنە ناو کاروبارەکانی خۆیان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو موقتەرەحەی کاك محمد فرج، وایموعالەجە دەکرێت (والاستعانة بالخبراء والمستشارين من المعنين بالموضوع)، وەزارەتەکانی ناوێت بۆ ئەوەی کراوە بێت، باشە با وابێت(والاستعانة بالخبراء والمستشارين)، ئەوەی کاك جوتیار موعالەجە کراوە لە شوێنێکی تردا، ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ  لەگەڵەیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەس کاك دلێر، بۆ خاڵی دواتر کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پازدەم :**

**هەڵبژاردنی دروشمێك بۆ پارێزگا كە لە كەلەپووری مێژوویی و شارستانیەكەیەوە وەرگیرا بێ.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خامس عشر:**

**اختیار شعار للمحافظة مستوحى من الارث التأریخي والحضاري لها.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**مامۆستا كاكە مولاحەزەت هەیە؟ فەرموو.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت ئیرثی تەئریخی ناگوترێت (التراث التأریخی)، هەر ئەوە بوو.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەو مولاحەزەیە زۆر ڕاستە، (اختیار شعار للمحافظة مستوحى من التراث التأریخي والحضاري لها)، ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات تكایە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ ئەوە قبوڵ كرا، كاك اخر فەرموو بۆ فەقەرەی دواتر.**

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**شازدەم:**

**پێشنیاز كردنی قەرەبوو كردنەوەی زیان پێكەوتووان لە حاڵەتی ڕوودانی كارەسات و بەڵای سروشتی و داوای پێشكەش كردنی یارمەتییە كۆمەڵایەتی یەكان لە سنووری پارێزگادا.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سادس عشر:**

اقتراح تعويض المتضررين في حالة وقوع الكوارث والآفات الطبيعية وطلب تقديم المساعدات الاجتماعية في حدود المحافظة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرمووو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی (الطبيعية) دەبێت بە سیفەت بۆ هەردووکیان، دەبێت بە کەوارسیش و ئافاتیش، ئەی ئەگەر ئینسان موشکیلەکەی دروست کرد، تەبیعی نەبوو، حەرب بوو، یەعنی ئەو تەبیعیە سیفەتە بۆ هەردووکیان، ئەی ئەگەر ئینسان دروستی کرد؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی با لێرەدا ئیلزامیان بکەین کە دائیمەن ئەو ئەنجومەنی پارێزگایانە بودجەیەك تەرخان بکەن، یاخود پلانێك کە لە هەموو دونیاش ئەوە هەیە، پلانی کارەسات کە دەبێت خۆیانیان بۆ ئامادە کردبێت و بودجەیان بۆ تەرخان کردبێت، لەبەر ئەوە نەبێت بە کتابنا و کتابکم و ئیقتراح بۆ مەجلسی وزەرا و مەجلسی وزەرا بۆ شوێنێکی تر و یاخود ئەوەی کە ڕووی داوە چەند جار کە ئەو شوێنەی فەیەزانەکەی لێ بووە پارەکە هەمووی نەچووە بۆ ئەو، نێردراوە بۆ شوێنێکی تری، بە موشارەکە، ئیتر بەش کراوە، لەبەرئەوە بەڕاستی با ئێمە ئەو حاڵەتە نەهێڵین، دەبێت ئیلزامیان بکەین بەم بەندە هەموو یەکێکیان پلانێکیان هەبێت بۆ کارەسات و کەوارس، بۆ حەریق، بۆ هەموو شتێك کە دەبێت هەیان بێت وناوی بنێن کارەسات و بەشێك لە بودجەکەی کە هەیانە دائیمەن حازر کرابێت بۆ ئەوە، دوای ئەوەش ئەگەر داوای هاوکاری لە خەڵکەکانی و لە کاربەدەستانی ئەو شوێنە یاخود دەوڵەمەندەکانی ئەو پارێزگایە بکەن زۆر زۆر ئاساییە، ئەو کەسانە دەتوانن خۆیان دەعم بکەن، بەڵام خوتەی تەواری یەکێکە لە حاڵەتەکانی پێشکەوتنی وڵات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سارا خان فەرمووو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو قەرەبووکردنەوە ئێمە هەندێك حاڵەتی ترمان هەیە، بێجگە لە ڕووداوی سروشتی، خەڵکێکمان هەیە کە پێویست دەکات قەرەبوو بکرێنەوە لە ئەنجامی زەرەرمەند بوونیان بە هۆی ڕژێمی

پێشوو یان ئەو شەڕانەی کە دوای ڕاپەڕین لەهەولێر و کوردستان ڕووی داوە، ئەو قەرەبوانە لە زۆر حاڵەت کە خەڵکی دێن پێشنیار دەکەن کە کاتی خۆی ماف خورا بوون و بەشیان خوراوە، پێشنیار دەکەم داوای قەرەبوو دەکەن و دەڵێن پەیوەندی بە موحافەزەوە هەیە، لێرە ئاماژە بەو جۆرە قەرەبووکردنەوانە نەدراوە، چ هی دوای ڕاپەڕین یان دوای ڕاپەڕین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.رمضان فەرمووو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە وشەی قەرەبووکردنەوە لە جێی خۆی نیە، چونکە قەرەبوو کەسێك دەیکاتەوە کە بە تاوانێك هەستابێ یان سەبەب بێت، بەلاَم هاوکاری کردن شتێکی ترە، ئەو پرۆژە ئیقتسادیانەی کە هەن مەفروزە لە ڕێگەی کۆمپانیای دڵنیایەوە زەمانیان بکرێت، بەلاَم هاوکاری کردن لەسەر حکومەت پێویستە، چونکە زۆر لە پرۆژەکانمان دەکرێت بە بێ شروت لە دەم شیوێك دا دەچێت پرۆژەیەك دەکات لافاوێك دێ دەیبا و عەریزەیەك دێنێ بە زیادەوە بۆی قەرەبووی دەکەینەوە، خۆ حکومەت سەبەب نەبووە، بەڵێ هاوکاری کردن جیایە لەگەڵ قەرەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە حاڵەتی ئیستسنایە کەوارسی تەبیعیە شتێك نیە کە بڵێین وەك کارەساتی ئەنفال و کیمیا باران ڕووی داوە و بەرنامەی بۆ داندراوە، حکومەتی هەرێم و هەموو لایەنەکانی حکومەتی فیدراڵ، ئەمە شتێکە و لافاوێکە و خوانەخواستە بومەلەرزەیەکە، بەلاَم من لە حەقیقەت دا لە هینەکانی زۆر بە وازحی دەیبینم، بەلاَم لە ئەخیرەکەی لە جیاتی (فی حدود المحافظة) (من حکومة الاقلیم) باشترە، یەعنی حودوی موحافەزە چی پێ دەکرێت؟ تۆ داوای تەعویز دەکەی بۆ حاڵەتیکی وا ئیستسنائی دیارە میزانیەکە و پارەت نیە، ئەگەر نا یەکسەر سەرفی دەکەی، لێرە بنووسرێت (من حکومة الاقلیم)، ئەگەر پێتان باشە لیژنەی یاسایی ئەوە لە جیاتی (حدود المحافظة) بکرێتە (من حکومة الاقلیم)، ئەوە شتی ئیستسنائیە و نیەتی میزانیەی بۆ دانەناوە، ئیحتیاتی نیە، شتێکە تەوەقوع ناکرێت، چاوەڕوان نەکراوە و لەپڕ ڕوودەدات، کاکە لێرە کە دەڵێت پێشنیاز کردنی قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەسانەی کە زەرەریان کردووە لە حاڵەتی روودانی کارەسات وئافاتی تەبیعی، ئافاتی تەبیعی چیە کوا؟ لە حدودی موحافەزەیە، بەلاَم پارە لە کێ داوا بکات؟ منیش وا دەڵێم لە حکومەتی ئیقلیم، کاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیار دەکەین سیاغەکە بەو جۆرە بێت: (اقتراح تعویض المتضررین فی حالة وقوع الکوارث والافات الطبیعیة والطلب من حکومة الاقلیم تقدیم المساعدات الاجتماعیة فی حدود المحافظة)، یەعنی واتە

موساعەداتی ئیجتماعی هەر بۆ ناو پارێزگا بێت نەك حەقی هەبێت تەڵەبی موساعەدات بكات بۆ شوێنی تر، ئەوە هەردووكی دەگرێتەوە، كاك طارق قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(المساعدات الاجتماعیە) هەموو لایەك ناگرێتەوە، لایەنی سحی و زۆر لایەنی تر هەیە، ئەگەر بكرێت (المساعدات الانسانیە) كە ئینسانیەكە هەموو لایەنێك دەگرێتەوە، ئەوەی كە هەیە هەمووی دەگرێتەوە، نەك بەس ئیجتماعی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سارا خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من شتێكم باس كرد نازانم هەر حیسابتان بۆی نەكرد، ئێستا من نموونەیەك دێنمەوە، هەموو كەوارسێك شەرت نیە تەبیعی بێت، بۆ نموونە لە بناری قەندیل كە بارانێك دەبێت، دەبێت بە موحافز بڵێن پێشنیار بكات كە هاوكاری بكرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی نەبوو، من لەبیرمە پێشنیارەكەت، بەڵام جوابیان دایەوە لە سیاقی قسەكان كە كرا، بۆ ئەوەی مولاحەزەكەت هین بێت (اقتراح تعویض المتضررین فی حالة وقوع الكوارث والافات والطلب من حكومة الاقلیم تقدیم المساعدات فی حدود المحافظة، دەیخەینە دەنگدانەوە كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا، كاك اخر فەرموو بۆ فەقەرەی دواتر.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**حەڤدەم:**

دەرچوواندنی بلاْوكراوەیەكی خۆجێیەتی تاكو هەموو بڕیار و پێڕەوو ڕێنماییەكان و فەرمانەكانی كە لە ئەنجومەن دەردەچن لەگەڵ چالاكیەكانی تێدا بلاوبكرێتەوە تاكو هاووڵاتییان ئاگاداربن لێیان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سابع عشر:

إصدار نشرة محلية تنشر فيها كافة القرارات والانظمة والتعليمات والاوامر التي تصدر من المجلس ونشاطاته لاطلاع المواطنين عليها.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ماموٚستا كاكە فەرمووو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم (نشرە دولیە)، نەك مەحەلیە، چونكە ئەوە دائیمەن لە نەشاتی دەولیە گوتراوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناتوانین لەسەریان فەرز بكەین دەولی بێت، بەڵام لە جیاتی نەشرە ئەگەر ببێتە جەریدە، مەعلومە لە هەموو دنیادا هەیە و هەموو لە موحافەزات هەیە، (اصدار جريدة محلية تنشر فيها كافة القرارات والانظمة والتعليمات والاوامر تصدر من المجلس ونشاطاته لاطلاع المواطنين عليها)، مادام دەڵێێ ئیتلاعی مواتنین جەریدەیە، دەڵێین نەشرە تەواو ترە، باشە تێ گەیشتین، نەوەك بیكەنە موجەلە، یەعنی گۆڕانكاری بەسەردا نەهات، چیە سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە هەموو دنیادا دەچێتە هەر دائیرەیەك فۆڵدەری لێیە هەرچی شتێكی تازە كە لێیەتی، بۆ ئێمە خۆمان بە نەشر بەستووەتەوە، نەشرەی دەولی، نەشرەی مەحەلی و نازانم چی و چی؟ با ئیلزامیان بكەین هەموویان ئەو شتە تازانەی كە هەیانە، دەچیتە دائیرەی مرور تەعلیماتی مروری، دەچیتە دائیرەی تەندروستی تەعلیماتی تەندروستی، بەو شێوەیە هەموو كەسێك دەستی دەكەوێت ئەوەی نەخوێندەوارە هەڵی دەگرێت و دەیداتە كەسێك بۆی بخوێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆ ئەگەر ئەو فەقەرەی تێدا نەبێت حەقی خۆیانە، چ بە قانون نایەوێت تێیدا بێت، وەكو خۆی دەمێنێتەوە، دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە دەیخوێنمەوە (إصدار نشرة محلية تنشر فيها كافة القرارات والانظمة والتعليمات والاوامر التي تصدر من المجلس ونشاطاته لاطلاع المواطنين عليها) كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە، بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا، كاك اخر فەرمووو بۆ فەقەرەی دواتر.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەژدەم:**

ڕاپەراندنی هەر تایبەتمەندییەكی تر كە دەقیان لە دەستوور یان یاسا كارپێكراوەكاندا هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ثامن عشر:

ممارسة اية اختصاصات اخرى منصوص عليها في الدستور او القوانين النافذة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.كمال اقتراح دەكات ئەوە حەزف بكرێت ئەوە تەحسيلی حاسڵە، موشكيلەی تێدايە، ئەگەر كەس قسەی لەسەر نيە؟ جەنابی وەزير رەئيت؟ كێ لەگەڵ ئەوەيە ئەو موقتەرەحە حەزف بكرێت دەستی بڵند بكات تكايە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانيە؟ بە ئەكسەريەت ئيلغا كرا، ماددەی 6 بە هەر 16 فەقەرەكەيەوە، نەخێر، موناقەشە تەواو بوو برادەرينە، نەسرين خان فەرموو بزانم چيت هەيە؟

**بەڕێز نسرين محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو پێشنيارم هەيە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا ئەگەر قبوڵی بكەن، يەكەميان: دابەش كردنی گەڕەكەكان بەسەر ئەندامانی ئەنجومەن دا بۆ ئيشراف كردنيان، دووەميان: دانانی نوسينگەيەك بۆ ئەندامانی ئەنجومەن لە گەڕەكەكاندا بۆ خزمەت كردنی خەڵك.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بڕگەيەكی ئيزافيم هەيە كە پەيوەنديدارە بە ئەنجومەنی پارێزگاوە، ماددەی 6 تايبەتمەنديەكانی ئەنجومەنی پارێزگايە، ئەويش بڕگەيەكی بۆ زياد بكەين، چاودێری ئەمنی لە سنووری پارێزگادا يان (المصادقة على الخطة الامنية المقدمة من قبل الجهات المختصة) كە ئەم ياسايە بۆ چەند ساڵی داهاتوو دا ئەوە بۆ چوار ساڵە بۆ 8 ساڵی تر باسی ئەمن و ئاسايش نەكراوە كە پەيوەنديدارە بە تايبەتمەندی ئەنجومەنی پارێزگايە، پێشنياز دەكەم ئەو بڕگەيە زيادبكرێت كە بەشێكە لە دەسەڵاتەكانی كە دەسەڵاتی چاودێری هەيە لە سنووری كاری خۆيدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئايا پەرلەمان مەسئوليەتی ديراسەتی ئەمنی هەيە؟ تا بيدەنە موحافەزە! جەنابی وەزير تۆ رەئيت چيە لەسەر ئەو موقتەرەحە؟ فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە تەحسیلێ حاسڵە تۆ سوڵتەی ڕەقابی ئێمە داومانەتە مەجلس، هەموو هەیئاتی تەنفیزی موراقەبە دەکا، زمنی ئەوەش پۆلیسە، ئاساییشە کە ئەوانیش لە زمنی موحافەزەن دەکەونە ژێر ڕەقابەی مەجلسی موحافەزە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە سەلاحیەتی پارێزگارە، کاکە ئەوە $3,20$ سەعات وبیست دەقەیە لەسەر ماددەیەکین، ماددەی $6$ بە هەر $16$ فەقەرەکەیەوە دەیخەمە دەنگدان کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەس کاک د.نوری، باشە ئەوە بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی $7$ تکایە کاک اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی حەوتەم:**

پارێزگار بە لەسەر کار لادراو دادەندرێ لەکاتی لە دەستدانی یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامیەتی دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگا لەم بارەیەوە و بۆی هەیە تانە لە بڕیارەکە بدات لە بەرامبەر دادگای کارگێری تایبەتمەندەوەو بڕیاری دادگاش لەو بارەیەوە کۆتاییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة

يعد المحافظ مقالاً عند فقدانه لأحد شروط العضوية بعد صدور قرار مجلس المحافظة بهذا الشأن وللمحافظ الطعن في القرار المتخذ لدى المحكمة الادارية المختصة ويكون قرار المحكمة بهذا الشأن باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە ئێمە چەند مولاحەزەیەکمان هەیە، یەکەم مولاحەزەمان ئەوەیە ئەو حالەتەی ئێستا پەیوەندی هەیە بەوەی کە ئەگەر هاتو موحافز هەڵبژێردرا لەلایەن ئەنجومەنەوە، ئەگەر هاتو شروتی عزویەتی تێدا نەبوو یان لە دەستی دا، ئەنجومەن بۆی هەیە لای ببات، بەڕاستی ئێمە قەراری مەجلسی موحافەزەمان بۆ ئێوە بەجێ هێشتووە کە بە ئەغلەبی بێت یان $3/2$ بێت، ئەمە لەلایەکیان،

لەلایەنی دووەم، بە نیسبەت تەعنەکە دیسانەوە دەبێت 15 ڕۆژەکە لێرە داخل بکەین کە مافی تەعنی هەیە لە مەحکەمەی ئیداری، مولاحەزەی سێیەمیش حەز دەکەم بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمانیش ئەوە بزانن کە ئەوەی لە چوارەم دا هاتووە مەسەلەی ئیستجوابە کە هی موحافز، ئەوەی لە ماددەی 7 هاتووە مەسەلەکە فوقدانی شروتی عزویەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو موقتەرەحە وای لێ هات بە پێی ئەو ئیزافەیەی کە لیژنەی قانونی کردی (یعد المحافظ مقالاً عند فقدانه لأحد شروط العضوية بعد صدور قرار مجلس المحافظة بهذا الشأن وللمحافظ الطعن في القرار المتخذ لدى المحكمة الادارية المختصة خلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ تبلغه ويكون قرار المحكمة بهذا الشأن باتاً) تەواو، ڕاستە با وەکو قەراراتەکانی تری لێ بێت و بەو شێوەیە (يعد المحافظ مقالاً عند فقدانه لأحد شروط العضوية بعد صدور قرار مجلس المحافظة بهذا الشأن) تەبعەن ئەوە لە جێگایەکی تر نووسیومانە 3/2 ( وللمحافظ الطعن في القرار المتخذ لدى المحكمة الادارية المختصة خلال مدة 15 يوما من تاريخ تبلغه) ئەوەی تر شەتب دەکرێت، کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە لەگەڵ ماددەیەکی دواتر کە دەربارەی پارێزگایە و دوای ئەو دێت، تەناقوزی دەبێت لەگەڵ ئەو ماددەیەی کە دەربارەی پارێزگایە، پارێزگار کە دەڵێین موقالە کێ موقالەی دەکات؟ ئەنجومەن ئیقالەی دەکات؟ ئەنجومەن ناتوانێ ئیقالەی بکات، چونکە کە پارێزگار دەبێتە پارێزگار مەرسومی بۆ دەردەچێت، کە مەرسومی بۆ دەرچوو چۆن دەتوانێ ئەنجومەن ئیقالەی پێ بکات؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک ناصح دوێنێش ئەو قسەیە هەر جەنابت کردت، کە شروتی عزویە تەوەفوری نەکرد، ئۆتۆماتیکیەن وایە، وەزیریش مەرسومی بۆ دەردەچێت کە لێرە کە تۆ سیقە و متمانەت لێ سەندەوە، عەینی شتە، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی (يعد المحافظ مقالاً ) یەعنی حوکمێکی مەفهوم نیە، ئیعتیبار دەکرێت موقالەن مەعنا چیە؟ (يتم اقالته ) شتێکی وا بێت، چونکە ئیعتیبار دەکرێت ئەوە شتێکی تر بێت، لەبەرئەوە دەبێت بڵێی (يتم اقالته او يقال المحافظ بمرسوم جمهوري فى الحالات التالية).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە جیاتی کاک شێروان ئەگەر ڕاست نەبووم با کاک شێروان جواب بداتەوە، کە دەڵێ (يعد المحافظ مقالا) یەعنی ئیعتیبار دەکرێت بە 3/2 دەنگەکە کە قەراریان داو ئیعتیبار دەکرێت مەنسەبەکەی نەماوە، بەڵام

ئەو حەقەی ماوە کە بچی شکایەت بکات، کە $3/2$ لێپرسینەوەیان لیٚ کردو متمانەیان لیٚ سەند ئیعتیبار دەکرێت مەنسەبەکەی فەقد کرد، بەڵام ئەو حەقی ماوە بچیٚ شکایەت بکات، لە شکایەتە ئیتر مەراحلی خۆی وەردەگرێت، کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبنیەکەی من ئەوەیە کە بنووسرێت، (یعد المحافظ مقالاً عند فقدانه لأحد شروط العضویة الواردة فی المادة الثانیة الفقرة 6 من هذا القانون) چونکە تەفاسیلی ئیقالەی لەو ماددەیە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیحتمالە لێرە یەکەم جار وەکو پرسیارێك بێتە کرن، کە موحافز دوو جێگری هەبێت و بۆ خۆشی کە غائیب بێت، کیٚ جێگای دەگرێتەوە، ئەو کاتە موحافز ئەندامی مەجلسە، بەڵام جێگرەکان ئەندامی مەجلس نینە، لەوانەیە فەراغێك هەبێت لە ڕووی قانونەوە، ئەوە یەکەم پرسیارە، ئەوەی دووەم، کە مەحافز تووشی ئەو عقوبەیە بوو فەراغەکە لە جێگای ما ئەو کاتە دەبێت مەجلس هەڵبستێت جارێکی تر ئینتخابی موحافەزەیەکی تازە بکاتەوە، چ ماوەیەك دەست نیشان نەکراوە بۆ جاری دووەم موحافزی تازە کە ئەنجومەن هەڵی بژێریٚ؟ سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لە شوێنێکی تر موعالەجە کراوە، کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی برای بەڕێزم کاك رشاد ئیشارەتی پێیدا ئەوە ماددەی 2 فەقەرە 6 نیە، بەڵکو عیلاقەی هەیە بە شروتی عوزویە، ئەگەر ماددەی 14 بکاتەوە، شروتی عوزوی مەجالس لەویٚ بە تەفسیلی هاتووەو بە سیٚ بڕگە هاتووە لەگەڵ هەندێك فەقەراتی تر، لەوێیە نەك ئەوەی کاك رشاد کە عیلاقەی بە پرسیار و وەڵام هەیە، نەك بەو مەوزوعەی، ئەوەی کاك احسان دەیڵێت ئەوە ئیمکان هەیە بیکەین، بە قەناعەتی من نازانم ئەگەر تەدقیقی بکەین بە نیسبەت ناوی موحافز دامان ناوە، ئەگەر موحافز نەبوو وەکالەت دەدرێتە نائیبی موحافز، بە هەمان شێوە بە نیسبەت قائیمقام و مدیری ناحیەش داندراوە، بەڵام ئەو فەراغەی کە کاك احسان دەیڵێت ئیحتمالی هەیە ئێمە نەسێکی دابڕێژین بڵێین کە موحافز بەردەوام دەبێت تاوەکو تەسریفی ئەعمال دەکرێت و تاوەکو ئەنجومەنی تازە دەست بەکاردەبێت، ئەوەش لە ماددەی 19 موعالەجە کراوە و خەلاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخوێنمەوەو دەیخەمە دەنگدان، (يعد المحافظ مقالاً عند فقدانه لأحد شروط العضوية بعد صدور قرار مجلس المحافظة بهذا الشأن وللمحافظ الطعن في القرار المتخذ لدى المحكمة الادارية المختصة خلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ تبلغه)، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ کاك د.ناصح، بە زۆرینە قبوڵ کرا، بەڵێ پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی زۆر زەحمەتە کۆمەڵێك پرۆژەی ترمان هەیە، یەعنی ڕۆژی سێ سەعات ئێمە ئیش دەکەین، لام وایە نابێت ئاوا بێت، گەلێ پرۆژەمان هەیە و ماوەیەکی کەمیشمان ماوە، من پێم وایە با جەلسەکانمان تەحدید بکەین، ڕۆژی یەعنی 6 سەعات ئیش بکەین، ئەمڕۆ سەعات 6 پێتان باشە؟ باشە ئەمڕۆ سەعات 5 دێینەوە و کۆبوونەوەکە دەست پێ دەکەینەوە، ئەو مولاحەزەیەی پەخشان زۆر ڕاستە لە قانونی وەزارەتی ناوخۆ وەعدمان پێدا بوون گوتمان هەتا یەك نەگرنەوە قانونەکە بەڕێ ناکەین، کە یەکیان گرتەوە قەوانینی تریش هەیە، پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکەمان بێنین، فەرموو گوڵناز خان قسە بکە.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو وەفدێکی پەرلەمانی بەشداری ئەو مەراسیمەمان کرد لە گەرمیان، ئەوان یاداشتێکیان دا بە ئێمە بە 50 هەزار خەڵکەوە، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، لای ئێمەیە و تەسلیمی جەنابتانی دەکەین، کۆمەڵێك داواکاریان هەیە ئیتر ئەوە وەڵامەکەی دەمێنێتەوە بۆ ئێوەو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، بۆیە ئەو ئەمانەتە لای ئێمەیە و تەسلیمتانی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەتوانی بێیە لام بمدەیتێ یان لە ڕێگا بمدەیتێ، بەسەرچاو خۆت و گەرمیان و کەسوکاری ئەنفالیش بەسەر تەپڵی سەرمان، تا سەعاتی 5 خواتان لەگەڵ.

**دوای پشوو**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان ئەکەینەوە، ئەمڕۆ بەردەوام ئەبین لەسەر بەرنامەی کارمان کە خاڵی دووەم بوو، خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژە یاسایی پارێزگاکانی هەرێم.

لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ فەرموون، بۆ جێگای خۆتان.

بەس بەڕێزان با ئیلتیزامی تەواومان هەبێت، هەم ئێوەو هەم سەرۆکایەتیش، ئەزانم هەمووشتان باش یاساکەتان خوێندۆتەوە، بۆیە ئەو بەڕێزەی کە ئەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیەی کە لەبەردەستدایە و موناقەشەی ئەکەین، تەنها یەکجار ڕێگای پێدەدەین کەوا قسە بکات، ئێستاش تکایە بڕۆن بۆ ماددەی هەشتەم، فەرموون کەرەم بکەن.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم: ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزاو تایبەتمەندییەکانی

ماددەی هەشتەم:

ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دادەمەزرێ و پێکدی لە (7) حەوت ئەندام و بۆ هەر (50) پەنجا هەزار کەسیش ئەندامێکیان دێتە سەر بە مەرجێك ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە ئەنجومەندا لە (30٪)ی ژمارەی ئەندامانی کەمترنەبێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانياً- المجلس المحلي للقضاء واختصاصاته

المادة الثامنة:

يشكل المجلس المحلي للقضاء عن طريق الأنتخابات العامة المباشرة ويتكون من (7) سبعة اعضاء ويضاف إليهم عضو عن كل خمسين الف نسمة على ان لا يقل نسبة تمثيل النساء في المجلس عن 30٪ من عدد الأعضاء.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی تکایە تێبینیتان لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەیەکمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێت قسە بکەن ناویان ئەنووسم، کاک بارزان فەرمووو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار ئەکەم ئەنجومەنی قەزاو ناحیە لە یاساکەدا نەبێت، لەبەر ئەوەی کە ئەنجومەنی پارێزگا خۆی قەزاو ناحیەکانیش ئەکات، ئەندامانی قەزاو ناحیەکانیش بێگومان ئەنـدامی پارێزگـاش ئـەبن، ئەمـە خـاڵی یەکەم، دووش: بەڕاستی قورسایی وبارگرانیەکی زۆر ئەخاتە سەر حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، بەشـێکی زۆریش لە بودجە بۆی تەخصیص ئەکرێت، ئێمە ئەبێ ئەوە بزانین کە لە سێ پارێزگاکەی سنوری هەرێمدا نزیکـەی 104 ناحیـەمان هەیـە، 26 قـەزاشمان هەیـە، کـە کـۆی ئەنـدامانی ئەنجومـەنی قـەزاو ناحیـەکان نزیکەی 800 کەس ئەبن، کەئەوانە موچەی تایبەتیان بۆ ئەبڕدرێتەوە، کە ئەمەش بەڕاسـتی قورسـاییەکی زۆر ئەخاتـە سـەر بودجـەی هـەرێم، کەئەمـەش لـە کاتێکدا کـە هـەموو لایـەك هـەوڵ ئـەدەین، کـە بودجـە بەشـێوەیەك ئاراسـتە بکرێـت، کـە بەڕاسـتی بـۆ بـواری وەبـەرهێنان تەخصـیص بکرێـت، نـەك بـۆ پێـدانی ئیمتیـازات و موچـە، یـان تەخصـیص کردنێـك بـۆ ئەنـدامانی قـەزاو ناحیـەکان، بۆیـە پێشـنیار ئەکـەم، لەیاساکەدا مەجلسی قەزاو ناحیەکان، یان مجلیسە خۆجێییەکان نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك ئارێز، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر داڕشتنە کوردییەکەی پێم خۆشە قسە بکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

تکایە کاك ئارێز لەسەر ناوەڕۆکی ماددەکە قسە بکە، بۆ صیاغەو داڕشتن و تەرجوومە دوایی قسـەی لەسـەر ئەکەین، چونکە عەرەبیەکە ئەبێتە ئەساس، کاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامەند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا هەر لەم یاسایەدا، بڕیارماندا کە ئەنجومەنی پارێزگا لە 25 ئەندام پێك دێـت، دواتریش بۆ هەر 200 هەزار دەنگ تا سەرووی 500 هەزار دەنـگ ئەنـدامێك ئیزافـە ئـەبێت، لێـرەدا مـن وای ئەبینم کە لە یاساکەدا هاتووە، ئەنجومەنی خۆجێیەتی لە(7) ئەندام پێك دێت، دواتریش بۆ هـەر 50 هەزار دەنگ ئەندامێك ئیزافە ئەکرێت، ئەم (7)ئەندامە لەسەر ئەساسی چەند ژمارەی دەنگدەر ئەبێت، کە

دواتر بۆ هەر 50 هەزار دەنگ، ئەندامێك زیاد دەكات، ئەگەر ئـەكرێت، بـڕادەران جـوابی ئـەوەم بدەنـەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك عادل، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبـینی كـاك ئـارامم هەیـە، چـونكە ڕەنگـە هەنـدێ قـەزا هەیـە ژمـارەی دانیشـتوانەكەی 50 هـەزار كـەس بێـت، حـەوت ئەنـدامی هەیـە، باشـە چـۆن 50 هـەزار كـەس یـەك كـەس نوێنەرایـەتی بكـات، بەڕاستی بەڕای من ئەو ژمارەیە زۆرە، حەقە كەم بكرێتەوە، یەعنی بۆ 20 هەزار كەس ئـەگونجێت، ئەگـەر بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە، لێرە ژمارەی نفوسی قەزا دیاری نەكراوە، كە لـە50 هـەزار كـەس زیـاتر بێـت ئینجا ئەندامێكی تر زیاد دەكرێت، خۆی دەبێ دیار بێت تـا بـزانین لەچـەند عـەدەد زیـاد بێـت تـا لـەو 50 هەزار كەسە یەكێكی تر زیاد بكرێت، عەدەدەكە دیار نیە، تەئیدی قسەی كـاك عـادلیش ئەكـەم، 50 هـەزار كەس زۆرە تا ئەندامێك زیاد بێت لە قەزادا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك شعبان، فەرموو.

**بەڕێز شعبان محمد طاهر صادق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش نەفسی تێبینیم هەیە، بەڕای من 7 ئەندام بۆ مەجلسی قـەزا كەمـە، حـەدی كـەمی لـە 10 تـا 11 ئەندام باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

بەڕێزان تكایە قاعەكە بچووكە، ئەگەر لەگەڵ یەكتری قسە بكەن كەس گوێی لەكەسی تر نابێت، بۆیە ئەبێ موراعات بكەین تا كارەكانمان بەڕێك و پێكی ئەنجام بدەین، لیژنەی یاسایی هیچ وەڵامێكتان هەیە، بـۆ ئـەو ئەندامە بەڕێزانە، كاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەقسەکانی برای بەڕێزم کاك بارزان، کە دەڵێت پێویست ناکات مەجلسی قەزاو ناحیە بمێنێت، تەنها لەسەر مەجلسی موحافەزە، ئێمە ئیقتیصار بکەین، ئێمە تەبعەن نابێ لەو مەسەلانە لە بەغداد دوا بکەوین، لە بەغداد مەسەلەی قەزاو ناحیە هاتووە، ئێمە ئێستا مەجلسی قەزاو ناحیە دوا بخەین، بەڵام ئێمە ئەتوانین و دەسەڵاتمان داوە بەسەرۆکی حکومەت، کە بانگەشە بۆ هەڵبژاردن بکات، ئەتوانێ یەکەمجار هی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکات، لەقۆناغێکی تر، ئەگەر بەباشی زانی مەسەلەن پاش ماوەیەکی دوورو درێژ کەی وەزعەکە باش بوو، بتواندرێت هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام وەکو سیستەم پێویستە ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی قەزاو ئەنجومەنی ناحیەکان هەمووی مەجالیسیان تەنزیم بکرێت، بەڵام هەڵبژاردن دەکرێت یان ناکرێت بەنیسبەت قەزاو ناحیەکان ئەوە مەسەلەیەکی ترە، ئێمە لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکانیش قسەمان کرد، لەگەڵ پارێزگارەکانیش قسەمان کرد، ئەوانیش هەر ڕەئیان بەو شێوەیە بوو، لەو دانیشتنانەی نێوان ئەنجومەن و حکومەتیش کەقسەی لێوەکرا، ڕەنگە بۆچوونێك هەبوو، بەڵام لیژنەی یاسایی سوور بوو لەسەر ئەوەی کەدەڵێت ناکرێ ئێمە لە بەعزێك بنەمادا لەبەغداد بەدوا بکەوین، بۆیە ئێمەش دامانڕشتووە، سەبارەت بە قسەکانی برای بەڕێزم کاك ئارام و کاك عادل و کاك عبدالرحمن کە دەڵێن 50 هەزار بەنیسبەت ئەوەی کە چۆن بڵێین هەر 50 هەزارێك لەکاتێکدا کە ئێمە نازانین ژمارەی قەزاو ناحیەکان چەندە؟، ئێمە ئیحصائیەکمان هێنا، بەڕاستی ئەو ئیحصائیەمان وەرگرت بەنیسبەت هەولێر، بەنیسبەت سلێمانی، بەنیسبەت دهۆك، هیچ قەزایەك بەیەکتری ناچێت لەناحیەی نەسەمەوە، قەزا هەیە، 20 هەزارە، قەزاش هەیە 120 هەزارە، بۆیە دوای ئەوەی کە ڕاوێژیشمان کرد لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەوەی بەغدادیش ئێمە چووین مەعلوماتمان وەرگرت، وتیان ئێمە ئەو ژمارەیەمان داوە وەکو ستانداردێك بۆ هەر قەزایەك، بەڵام ئەو 50 هەزارەی کەدانراوە بەڕاستی ئێمەش لەگەڵ ئێوەین کە مومکینە ئەوە حساب نەکرێت، ئەگەر قەزایەك لە 20 هەزار کەمتر بێت و (7) ئەندامی هەبێت تۆ چۆن ئەندامێکی تری بۆ زیاد ئەکەیت، کە قەزاکە خۆی 20 هەزارە یان 30 هەزارە، قەزای واشمان هەیە، 130 هەزارە، بۆیە هیچ تەکافوئێك نیە لەبەینی قەزاکان، ئەو (7) کورسیەش کەدانراوە، وەکو ستانداردێك بۆ هەر قەزایەك دانراوە، تاکو ئەو قەزایانە قاڵبی قانونی خۆی وەرئەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی ناوخۆ، ئەگەر ئێوەش ڕەئیەکتان هەبێت، فەرموون.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: وەڵڵا ئێمە ڕاپۆرتەکەمان هاوبەشە، ڕەئی هەردوولاشمان هاوبەشە، بەڵام لەسەر ئەوەی کە کاک بارزان تەرحی کرد، نەمانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی قەزاو ناحیەکان، بەڕاستی ئەگەر بڕوامان بە لامەرکەزیەی ئیداری هەبێت، ئەبێ قەزاو ناحیەکانیش ئەنجومەنی خۆیان هەبێت، بەقانون دەسەڵاتەکانیان وەصف بکرێت و دابین بکرێت، لەناحیەی دابین کردنی خەدەمات ومەشاریعیشەوە، واباشترە ئەو قەزاو ناحیانەش ئەنجومەنی خۆیان هەبێت، دوو: هەنێکجار ئەنجومەنی پارێزگا ناتوانێ سەرپەرشتی هەموو ئەو قەزاو ناحیانە بکات، بۆیە پێویست ئەکات ئەوانیش هەیانبێت، سێ: هەتا ئێستا نەمبیستووە ئێمە موشکیلەمان لە بودجە هەبێت، لەدابین کردنی موچەو میزانیەی ئەو شوێنانە، جگە لەوانە ڕاستە ئێمە (107) ناحیەمان هەیە، نزیکەی(35)قەزامان هەیە، (3)پارێزگاشمان هەیە، بەڵام ئەو ئەندامانە بەس بۆ ئەم دەورەیە تەقاعد ئەبن، بۆ دەوراتی داهاتوو، ئەوان تەقاعد نابن، بۆیە ئێمە ئەو موشکیلەمان نیە، خاڵی دووەم ئەوەی کاک ئارام وکاک عبدالرحمن و کاک عادل باسیان کرد، وە تەئکیدەن بۆ قسەی کاک شێروان، بەڕاستی ئێمە ئیحصائیەمان لەبەردەستە، هی قەزاو ناحیەکان بەتایبەتی سلێمانی و دهۆك، نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە، قەزای ماوەت(6036)کەسە، ڕانیە (209256)کەسە، جیاوازیەکی یەکجار زۆریان هەیە، بۆیە پێوەری نەسەمە ئێمە ناتوانین بۆ قەزاو ناحیەکان دابنێین، بەس بۆ پارێزگاکان پێمان ئەکرێت، بەڵام قەزاو ناحیەکان پێمان ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك ئاخر، فەرموو.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە، ماددەی هەشتەم لەنگە، چونکە هیچ مانایەك نادات، بڵێین بۆ هەر 50 هەزار کەسیش ئەندامێك زیاد بکەین، ئەوە هیچ مانایەك نادات، دەبێ ئەساسێکمان هەبێت بۆ قەزا، یان ئەوەتا پێشنیارێکم هەیە، بۆ ئەو مەوزوعە ئەوەتا ئێمە ئێستا قەزاکە نفوسی چەندە، چەند 50 هەزاری هاتە سەر ئەندامێکی بۆ زیاد بکەین، یەعنی ئێستا پێش هەڵبژاردن ئەمە تەسبیت بکەین، چەند 50 هەزاری هاتە سەر ئەو کاتە ئەندامێکی بۆ زیاد بکەین، یان ئەوەیە هەر دای نەنێین وتەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان بۆ ئەو موقتەرەحەی کە لیژنەی ناوخۆو وسێ برادەریش تەئیدیان کرد، تکایە ڕەئی کۆتایتان تا بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە ئەو 50 هەزارە لابدەین، ئەو قەزایانەی کە نفوسیان زۆرە زەرەرمەند دەبن، ژمارەی ئەندامانی ئەوان وەکو هی قەزاکانی تر نابێت، بۆیە زەرەری ئەو قەزایانەیە کە ژمارەیان زۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

تکایە هیچ موناقەشەیەك نیە، ئەوە سالێك زیاترە موناقەشە ئەکرێت، بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانە هەموویان کەسی تێگەیشتوون وئەزانن، دیارە کاك فرسەت موقتەرەحێکی تازەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرۆکی دانیشتن نەك سەرۆکی پەرلەمان، منیش دەبینم عەدالەتی تێدا نیە، بەڕەئی من حەدێکی وەسەت دابندرێت، مەسەلەن بلێین هەر قەزایەك لە 50 هەزار کەس کەمتر بێت، ئەنجومەنەکە لە(7) کەس پێك دێت، بەس پاش 50 هەزار، هەر 50 هەزاری تر ئەندامێکی بۆ زیاد دەکرێت، ئەو وەختە نەوعە عەدالەتێك دروست ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو موقتەرەحە ئەخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بلند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ موقتەرەحەکە وەرگیرا، زۆر سوپاس، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی خۆجێیەتی لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەها لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی خۆجێیی کە لەسەر بانگهێشتی قایمقام لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی پەسندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دانیشتنەکەش بە سەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام دەبێ.

دووەم: هەڵبژاردنی قایمقام لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەها و ئەگەر هیچ پالێوراوێك زۆرینەی پێویستیان وەرنەگرت، ئەوا کێبڕکێ لە نێوان ئەو دوو کەسە دەبێ کە زۆرترین دەنگیان وەرگرتووە و ئەو کەسە بە براوە دادەنرێ کە زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دینێ.

سێیەم: لە کار لادانی سەرۆکی ئەنجومەن یان قایمقام بە زۆرینەی 2\3ی ژمارەی ئەندامانی دەبێ لە حاڵەتێکدا کە یەك لەو هۆیانەی لەسەر ئیسبات بوو کە لە ماددەی (شەشەم/دووەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

چوارەم: ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی یەکەی کارگێریی قەزا و رەزامەندیی دەربڕین لەسەر پلانەکانی بودجەی فەرمانگەکانی و ناردنی بۆ پارێزگا.

پێنجەم: نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی بۆ کارگێریی قەزا و چاودێری کردنی دەزگا جێبەجێ کارەکانی و رێکخستنی کارە کارگێڕییەکان.

شەشەم: سەرپەرشتی کردنی بەرنامەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بۆ ئاوەدانکردنەوە لە قەزادا.

حەوتەم: دەربڕینی هاوکاریی و هەماهەنگی و ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی کارگێڕی ناحیەکان بە جۆرێك کە هاوسەنگی و بەرژەوەندیی گشتی بەدی بێنن.

هەشتەم: پەسندکردنی دیزاینە بنەڕەتیەکان لە قەزادا بەهەماهەنگی کردن، لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا لە چوارچێوەی نەخشەی گشتی حکومەتی هەرێم دا.

نۆیەم: چاودێری کردن و هەڵسەنگاندنی چالاکیە پەروەردەییەکان لە سنووری قەزا و پێشکەش کردنی راسپاردە لە بارەیانەوە .

دەیەم: چاودێریکردنی رێکخستنی بەکارهێنانی زەوی وزاری گشتی لە ناو رووبەری جوگرافی قەزا و کارکردن لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاودێری و سامانە ئاژەڵیەکەی.

یازدەم: هەر تایبەتمەندییەکی تر کە ئەنجومەنی پارێزگا پێیدەدات بەمەرجێك لەگەڵ یاسایە کارپێکراوەکاندا ناکۆك نەبێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

يختص المجلس المحلي للقضاء بما يلي:-

اولاً: انتخاب رئيس المجلس المحلي للقضاء من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة لعدد الأعضاء في اول جلسة يعقدها المجلس المحلي بدعوة من القائمقام خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وتنعقد الجلسة برئاسة أكبر الأعضاء سناً.

ثانياً: انتخاب القائمقام من بين اعضائه وبالأغلبية المطلقة واذا لم يحصل اي من المرشحين على الأغلبية المطلوبة يتم التنافس بين الحاصلين على اعلى الأصوات ويعد فائزاً من يحصل على اكثرية الأصوات.

ثالثاً: اقالة رئيس المجلس المحلي للقضاء او القائمقام بأغلبية $3/2$ثلثي عدد اعضائه في حالة تحقق احد الاسباب الواردة في المادة السادسة/(ثانياً) من هذا القانون.

رابعاً: اعدد مشروع موازنة الوحدة الادارية للقضاء والموافقة على خطط الموازنة للدوائر التابعة له واحالته الى المحافظ.

خامساً: رسم السياسة العامة لادارة القضاء والرقابة على الاجهزة التنفيذية فيها وتنظيم عمليات الادارة.

سادساً: الاشراف على البرامج الخدمية العامة للأعمار في القضاء.

سابعاً: ابداء التعاون والتنسيق والمشورة مع المجالس المحلية للنواحي بما يضمن تحقيق التوازن والمصلحة العامة.

ثامناً: الموافقة على التصاميم الأساسية في القضاء بالتنسيق مع مجلس المحافظة وضمن المخطط العام لحكومة الأقليم.

تاسعاً: مراقبة وتقييم النشاطات التربوية في حدود القضاء وتقديم التوصيات بشأنها.

عاشراً: مراقبة تنظيم استغلال الأراضي العامة ضمن الرقعة الجغرافية للقضاء والعمل على تطوير الزراعة والري والثروة الحيوانية فيه.

حادي عشر: أية اختصاصات اخرى يخولها اياه مجلس المحافظة بما لايتعارض مع القوانين النافذة.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ئیختیصاصاتانەی مەجلسی قەزا، تەقریبەن نەفسی هی مەجلسی موحافەزەیە، زۆر لەیەکتری ئەچن، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە، ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام دوو مولاحەزەمان هەیە، یەکەمیان: لە (ثانیاً) کە عەینی شت (وبالأغلبیة المطلقة) هاتووە کە پێویستە (لعدد الأعضاء) ئیزافە بکەین، بەنیسبەت (رابعاً)( اعداد مشروع موازنة الوحدة الاداریة) لەڕاستیدا خۆی (اعداد مشروع الموازنة للقضاء) تەنها ئەو دوو مولاحەزەمان هەیە، ئەوی تریش، لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەوانەی کە ئەیانەوێت قسە بکەن، ناویان ئەنووسم باشە، کاك کەریم، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم، لەبەر ئەوەی ئەو ماددانە و ئەو ماددەیەش بەتایبەت بڕگەکانی بەهەمان شێوەی بڕگەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانە، کورتیشە هەندی ئەوە زۆر نیە، بۆیە ئەو ماددەیە بەیەکجار نەك بڕگە، بڕگە، قسەی لەسەر بکەین، هەر هەمووی پێکەوە، ئەوەی قسەی هەیە با قسەی خۆی لەسەر هەمووی بکات، ئەوە پێشنیارەکەم بوو، ئێستا مولاحەزاتی خۆشم دەردەبڕم، یەکەم: من بەهەمان شێوە، لەگەڵ ئەوەدام کە هەڵبژاردنی قایمقام لە ناوەوەو دەرەوەی ئەنجومەن بێت، لە دووەمدا، دووەم: لە بڕگەی چوارەم (واحالته الى المحافظ) من پێم وایە ئەوە لەنگە، ( الى محافظة) نەك( محافظ)واتە ئیحالە بۆ محافەزە ئەکرێت، نەك بۆ محافز، سێیەم: لە نۆیەمدا، (مراقبة وتقییم النشاطات التربوية في حدود القضاء وتقديم التوصيات بشأنها) ئەوە بۆ کێ؟ تەبیعی ئەوە ئەبێ بنووسرێت بۆ محافظة، واتە محافظة یەکی بۆ زیاد بکرێت، چوارەم: لە دەیەمدا(مراقبة تنظیم استغلال الأراضي العامة ضمن الرقعة الجغرافية للقضاء) واتە لەقەزاکان صناعە نیە، تەبیعی صناعاتیش هەیە، خۆ ئەگەر قورس نەبێ هی سووك هەر هەیە، ڕاستە ئیهتیمام بەمەسەلەی کشتوکاڵی دراوە، بەڵام دەبێ پیشەسازیەکانیش لە پێش چاو بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

پەخشان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە عینوانەكەی (یختص المجلس المحلي للقضاء بما یلي) لە كوردیەكەشی ئەنجومەنی خۆجێییەتی قەزا ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە، لەڕاستیدا ئەمە ئیختیصاص نیە، (یختص بأداء المهمات التالیة) ئەوە لە هی پارێزگاكان فریا نەكەوتم و دەستم هەڵنەبڕی، هیوادارم ئەوە لێرە ڕاست بكرێتەوە، كە ئەڵێین (یختص) كەوابوو ئەوە یەختەصە، بەس كەئەڵێین (یختص بأداء المهمات التالیة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك بارزان، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا كاك فرسەت توشی ئیغبائی كردین، من لەسەر خاڵی نۆیەم مولاحەزەم هەیە، (مراقبة وتقییم النشاطات التربویة في حدود القضاء وتقدیم التوصیات بشأنها) پەروەردەو فێركردن لەم وڵاتەدا، وەزارەتێكی هەیە، بۆیە تەقدیمی تەوصیات نابێ لە قەزادا بكرێت، من ڕەئیم وایە، ( العمل على تطبیق الخطط التربویة والتعلیمیة للاقلیم في حدود القضاء) (خطة التربویة والتعلیمیة)وەزارەتی خۆی هەیە، كەوا ئیشی لەسەر ئەكات، نەك ئەم موراقەبە بكات و تەوصیات بكات، وای لێ بێت خوتەكە تەتبیق بكرێت، نەك ئەمان تەوصیات بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر خاڵی دەیەم تێبینیم هەیە، یەكەم: (والعمل على تطویر الزراعة والري) لەقەزاو ناحیەكاندا، مەسەلەی غابات مەسەلەیەكی زۆر گرنگە، یەعنی هەتا دووربكەوینەوە لە شارە گەورەكان، غابات مەسەلەیەكی زۆر گرنگە، جێگای خۆیەتی كە ئیهتیمامی پێ بدەین، دووەم: سامانی ئاژەڵی، یەعنی پەلەوەریش مەسەلەیەكی گرنگە، كە ئێستا بەشێوەی دەواجن ئەیكەن، ماسیش مەسەلەیەكی گرنگە، یەعنی مەرج نیە تەنها ماسی لەو شوێنانە بەخێو بكرێن كە بەحر و ئاوی لێیە، ئێستا بەشێوەی جیاواز ئەوەش هەیە، با پەلەوەریش بخرێتە ئێرەوە، خاڵێكی تر، بەڕاستی لەپارێزگاكاندا ئەوەم لەبیر چوو، ئەوەی كە سەیر ئەكەیت لێرەدا یەكەی ئیداریاتە، كە موراقەبە ئەكات وئاگای لەو شتەی تر ئەبێت، یەعنی شتێكی تر كە خزمەت بۆ خەڵك بێت لێرەدا دیار نیە، لەكاتێكدا كە ئەمە بودجەی ئەوێت، مەسەلەن هەلی

کارکردن، تەشجیعی وەبەرهێنانی ناوخۆیی، هی صناعاتی سووك كە لەم قەزاو ناحیانەدا زۆر مەسەلەیەکی گرنگە، یەعنی کاری دەستی، مەسەلەن تەشجیعات شتێك نیە کە وەکو بڵێین رەفاهیەتی خەڵك بەرزبکاتەوە، هەر موراقەبەی ئەوە ئەکات و چاوی لەوی ترەو، ئەوە رێك ئەخات وشتی تر، بەس شتێك کە ئیستیفادەی خەڵکی تێدا بێت، نە لە پارێزگاکان، نە لێرەش نیە بەڕاستی، بۆیە لە جێگایەکدا ئەمانەش جێگایان بۆ بکرێتەوە، چونکە وا ئەزانم ئەمانە شتێکی زۆر گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك محمد رفعت، فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەسەر بڕگەی نۆیەم قسەم هەیە، کەئەڵێت(مراقبة وتقييم النشاطات التربوية في حدود القضاء وتقديم التوصيات بشأنها)بەڕەئی من لە قەزاکاندا، هەموو مەرافەقەکانی تر هەیە، تەنها هەر پەروەردە نیە، کشتوکاڵ هەیە، شارەوانی هەیە، تەندروستی هەیە، حەقە ئەوانەش بەعام موراقەبەیان بکات، بۆچی بەتەنها هەر پەروەردە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك رەشاد، فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەم لەسەر بڕگەی یازدەم هەیە، لە ئەنجومەنی پارێزگا لەماددەی(6) ژمارە(18)( ممارسة الاختصاصات الاخرى) ئەوە ئیلغا کرا، لێرەش لە بڕگەی (11) دەڵێت(أية اختصاصات اخرى يخولها اياه مجلس المحافظة بما لايتعارض مع القوانين النافذة) ئەمەش لێرەدا زیادە، چونکە تەخویل کەئەدرێت بەرەسمیات دەدرێت، دەرز دەکرێت، یەك، دوو، سێ، چوار، یەعنی وا بەموتڵەقی نەهاتووە لە هیچ جێگایەك، بۆیە داوا ئەکەم، ئەو بڕگەیە، ئیلغا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك دلێر، فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارەکەم ئەوەیە، لەگەڵ سەرۆکی مەجلسی محەلی جێگرێکی هەبێت، یەعنی نائیبێکی هەبێت، چونکە بەتەنها بەڕاستی ئەوە حاڵەتێك دروست ئەکات، لەو حەوت کەسە، یەکێکیان ئەبێت بە سەرۆك، کە بوو بەسەرۆکیش، نەوعێك لە حاڵەتی ئینفرادی و حورپەتی تێدا دروست ئەبێت، باشترە کەوا جێگرێکی

هەبێت، مەجلسەكە هەڵی بژێرێت و لەگەڵیدا بێت، بەڕای من ئەوە باشترە، قایمقام مەرج نیە، لەبەر ئەوەی قایمقام كە تەحویل ئەبێت، ئەبێتە صیفەیەكی ئیداری زیاتر جیاوازە لەگەڵ ئەودا، لەگەڵ ئەوەشدا نیم كە لە دەرەوە هەڵبژێردرێت، تەنها لەناو ئەنجومەنەكە بێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك خەلیل، فەرمووو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێك لە مولاحەزەكانم وتران، بەس یەك مولاحەزەم ماوە، لە بڕگەی یەكەم، وەكو هی ئەنجومەنی پارێزگاكانی لێ بكرێت، (في حالة عدم توجه الدعوى الى المجلس) ئەوە ( ینعقد تلقائیاً في الیوم التالي)وەكو ئەو صیاغەی كەلای برادەرانە، لە لیژنەی قانونی نەفسی مولاحەزەكراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك شێخ جعفر، فەرمووو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من یەك تێبینی بچووكم هەیە، ئەگەر كاك سەردار بتوانێ دروستی بكاتەوە، لە بڕگەی(2) ئەڵێت(هەڵبژاردنی قایمقام لە نێوان ئەندامانی ئەبێت) لە دێڕی دووەم ئەڵێت ( كەزۆرترین دەنگی بەدەست هێنابێ) لەدوای ئەوە بنووسرێت لە ئەنجومەن، چونكە لەوانەیە خەڵك بزانێ لە هەڵبژاردنی دەرەوە ئەو دوو كەسە زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوە، نەك لە ئەنجومەن، كە ئەڵێت لەو دێڕەدا،( كێبڕكێ لە نێوان ئەو دوو كەسە دەبێ كە زۆرترین دەنگیان وەرگرتووە) ئێمە لەوە تێئەگەین، بەس ئەگەر بڵێت لە ئەنجومەن زۆرترین دەنگیان وەرگرتووە، نەك لەدەرەوە، لێرەدا ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد بكرێت شتێكی خراپ نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

شیرین خان، فەرمووو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری منیش لەسەر خاڵی نۆیەم و دەیەمە، (مراقبة وتقییم النشاطات التربویة) ئان (استغلال الأراضي الزراعیة)باشتر وایە ئەوانە دەمج بكرێن، چونكە چەندین دائیرەی تریش هەیە، لەقەزاكاندا كشتوكاڵ و پەروەردەو تەندروستیش هەیە، كە هەموویان گرنگن، وای لێ بێت( الرقابة على الدوائر المحلیة ورفعها الى مجلس المحافضة)یەعنی ببێت بەیەك بڕگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نازانم بۆچی ئەم خاڵانە هەمووی لەدوای یەکەوەن، بەتایبەتی لەدوای چوارەمەوە، واتە 5-6-7-8-9-10، پێنجەم پێم وایە، باسی هەمووی ئەکات، واتە باهەر ئەو بمێنێتەوە، (رسم السياسة العامة لادارة القضاء والرقابة على الاجهزة التنفيذية فيها وتنظيم عمليات الادارة)( وإلاشراف على البرامج الخدمية العامة للاعمار في القضاء) ئیتر بۆچی تۆ هاتوویت(الموافقة على التصاميم الأساسية) و(مراقبة وتقييم النشاطات التربوية) ئەمانە دائەنێیت، بۆ لەناو هەموویاندا (النشاطات التربوية) ئینجا ئەڵێت(وتقديم التوصيات بشأنها)ئەوە بۆ کێ، من ئەمەوێت لەمە تێبگەم، پەروەردە بۆ وای لێبێت، هەرکەسێك هەستێت دەستی تێ بخات، بەڕاستی ئەوە قابیلی قبوڵ نیە، وەزارەتی پەروەردە هەیە، سیاسەتی پەروەردە هەیە، خوتەی خۆی هەیە، ئەیدات بەدەستی بەڕێوەبەرایەتیەکانی کە هەیە لەناو قەزاکاندا، کە ئەوانە هەڵ ئەستن بەجێبەجێ کردنی و دەسەڵاتێکی زۆریشیان پێدراوە، لەبەر ئەوە تکایە ئەم موراقەبەیە بەتایبەتی لە بڕگەی(9) هەر حەقە لابرێت، ئەگەر ئەوانی تریش لانەبرێن، چونکە هەموویان باسی یەك مەفهوم ئەکەن، موراقەبەو تەنفیز، باشە بۆ لەناو هەموویدا بەس کشتوکاڵ وتەربیە، بۆ ئەوانی تر نەبێت، ئەگەر ئەوانی تر لابرێت و بێین یەك ڕستەی پوختە باس لەوە بکات کە ئیشراف ئەکات وموراقەبە ئەکات، ئێمە دائیمەن لەوەی پێشووشدا باسی ئەوەمان کردووە، کە ئەبێ پەیڕەوێکی ناوخۆ بۆ خۆیان دابنێن ئەنجومەنی پارێزگا، لێرە لەهیچ شوێنێکدا باسی پەیڕەوی ناوخۆیی ناکات، ئەی ئەمانە لەسەر چی بڕۆن، ئەی نابێ خۆیان مولزەم بکەن بە پەیڕەوێکی ناوخۆ کە بۆ خۆیانی دابڕێژن؟، با تۆزێك هیلاك ببن قەیدی چی ئەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك حاکم سالم، فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا لە دووەمدا،( انتخاب القائمقام) ئەوە دروست هاتووە، ئەگەر هاتو بە (الأغلبية المطلقة) نەبێت، بەس لە یەکەمدا( رئيس المجلس) ئەوەی نەوتووە، کاك شێروان وتی ئەوەمان موعالەجە کردووە، بەس موعالەجە نەکراوە، نە لێرەو نەلەوێش موعالەجە نەکراوە، ( رئيس المجلس المحلي للقضاء) ئەگەر هاتو (الأغلبية المطلقة) نەبوو، یان وەکو قایمقام بڵێین(واذا لم يحصل اي من المرشحين على الأغلبية المطلوبة يتم التنافس بين الحاصلين على اعلى الأصوات) کاك شێروان وتی موعالەجە کراوە، بەس نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

سارا خان، فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی پێنجەم، کە دەڵێت(: رسم السياسة العامة لادارة القضاء والرقابة على الاجهزة التنفيذية) ئەو (والرقابة على الاجهزة التنفيذية) هەمووی ئەگرێتەوە، بە پەروەردەشەوە بەوەی کەباسیان کرد بۆ ئاژەڵداری، بۆ کشتوکاڵ هەمووی ئەگرێتەوە، بەڵام تێبینیەکەی ئێمە لەسەر ئەوەیە، کە بۆچی لە ئەنجومەنی پارێزگاکاندا لەوێدا باس لە ئیستسنا کراوە، (دادگا، زانکۆ، پەیمانگا) ئەمانە ئیستسنا کراون، بەڵام بۆ لەقەزادا ئەو ئیستیسنایە نیە، خۆ لەوێشدا ئەو لایەنانە هەموویان هەیە، ئەوە پرسیارێکمە، بەنیسبەت خاڵی هەشت، باس لە تەصمیمی ئەساسی شارەکان ئەکات، دەڵێت(بالتنسيق مع مجلس المحافظة) بەڕای ئێمە سەرۆکایەتی شارەوانیش دەوری هەیە، چونکە لە تەصمیمی ئەساسی هەموو شارێکدا، شارەوانی ڕۆڵی سەرەکی ئەبینێت، بۆیە ئەگەر لێرەدا ئەوە زیاد بکرێت، ( مع مجلس المحافظة ورئاسة البلدية)ئەوە لەوانەیە باشتر بێت، بەنیسبەت خاڵی حەوتەم، کەباس لەوە کرا بۆچی تەربیە لێرەدا جیا کراوەتەوە، بە بۆچوونی ئێمە ( مراقبة وتقيم النشاطات التربوية) مەبەستی هەموو بوارەکان نیە، بەس چالاکیە پەروەردەییەکانە، وەکو فیستیڤاڵی وەرزشی، وەکو هونەری، ئەو پێشانگایانەی کە لە قەزاکان ئەکرێنەوە، زۆرجار بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی قایمقام وئەوانی تر ئەبێت، هەرچەندە ئێستا لەو گۆڕانکارییانەی کەلە یاسای تازەی پەروەردەدا کرا، دەکرێ ئەوەش لابرێت، چونکە لەو یاسا نوێیەدا، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لەهەموو قەزاکاندا هەیە، بۆیە جاران لە بۆشایی نەبوونی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بوو لەو شوێنانەدا، کە ئەو فیستیڤاڵانە بەسەرپەرشتی قایمقام ئەکران، بەڵام ئێستا ئەکرێت، مادام بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لەهەموو قەزاکان هەیە، ئەگەر نەبێت ئەوە ئەو خاڵە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

دکتۆر ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر لەخاڵی یەکەوە بەڕاستی کەباسی هەڵبژاردنی ئەنجومەن ئەکرێت، کە کێ بانگەشەی بۆ ئەکات، نووسراوە( بدعوة من القايمقام) من پێم وایە، باشترە کە پارێزگار بێت، نەك قایمقام، چونکە بۆخۆیان دوایی قایمقام هەڵئەبژێرن، ئەگەر بکرێت پارێزگار بانگەشە بکات بۆ ئەوەی کەوا ئەو کۆبوونەوەیە بکرێت، من پێم وایە ئەمەیان باشتر ئەبێت، بەنیسبەت ئەو خاڵانەی کە سۆزان خان باسی کرد، فیعلەن منیش ڕەئیم لەگەڵ ئەوەدایە، پێنج و شەش بمێنێتەوەو تێکەڵ بکرێت، بەم شێوەی لێ بێت(: رسم

السياسة العامة لادارة القضاء والرقابة على الاجهزة التنفيذية فيها وتنظيم عمليات الادارة والاشراف على البرامج الخدمية العامة للاعمار في القضاء وتقديم الملاحظات والتوصيات الى المحافظ بها) يەعنی لەسەر ئەمانە هەمووی، ئاراستەی کێی ئەکات، ئەگەر تێبینیەکی هەبێت، ئاراستەی پارێزگاری ئەکات، من پێم وایە ئەمەیان دروستە، خاڵی (11) زیادە وەکو چۆن لەهی پارێزگاکاندا لامان برد، بۆیە پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەم لەسەر بڕگەی(10)یە کە باسی کشتوکاڵ ئەکات، ئەوە بکرێت بەپەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ بەهەردوو بەشی ڕوەکی وئاژەڵیەوە، کە دەبێتە پێناسەیەکی سەرەکی، تەئیدی ئەو پێشنیارەی سۆزان خانیش ئەکەم، کە بڕیاردان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ، کە ئەمە لە ئەولەویاتە لەکاری سەرەکی ئەنجومەندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك عادل، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم لەسەر بڕگەی(2)وە، هەڵبژاردنی قایمقام، یەعنی باش وایە، هەڵبژاردنی قایمقام لەدەرەوەی ئەو ئەنجومەنەش هەبێت، چونکە بۆ خۆتان ئەزانن، لە هەڵبژاردن ڕەنگە ئیعتیباراتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەور ببینێت بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان ئەپاڵێون بۆ ئەو ئەنجومەنە، ئیشی قایمقامیش ئیشێکی تەنفیزییە، ئیشێکی موتەخەصیصە، ئیشێکی ئیدارییە، یەعنی حەق وایە ئەنجومەن جگە لەوەی لەناو خۆیدا بۆی هەیە، قایمقام هەڵبژێرێت بۆیشی هەبێت لەدەرەوەی ئەنجومەن قایمقام هەڵبژێرێت، چونکە ئەوە ئیشێکی ئیداری وفەنیە، ڕەنگە لە ئەندامەکاندا ئەو شتانە نەبێ، هەڵبژاردن کاریگەری باری کۆمەڵایەتی، سیاسی هەیە، ڕەنگە کەسانێك هەبێت ئەو ئیختیصاصەی نەبێت، سەبارەت بە بڕگەی چوار باسی ئەوە ئەکات، ئامادە کردنی میزانیە، یەعنی حەق وایە، بووترێت (اعدد مشروع موازنة الوحدة الادارية و الحسابات الختامية) چونکە کە تۆ میزانیە ئامادە دەکەیت، چەندت پارە پێویستە، پێویستە حسابی خیتامیەکەش تۆ ئیعلانی بکەیت، کە چەندت سەرف کردووە ئەم پارەیە، یەعنی بۆ ئەوەی ئەنجومەن بۆی روون بێت، تێبینیەکی ترم، یەك، دوو برادەر باسیان کرد، یەعنی حەق وایە، ئەم ئەنجومەنە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت، مەشاریعی ئینتاجی لە قەزاو ناحیەکان بەتایبەتی قەزاکان ئیقرار بکات، بۆ ئەوەی کەخەڵك بکەوێتە ئیشەوە و بەرهەم هەبێت، بەتایبەتی ئەو شوێنە دوورانەی کەئیشیان

لێ نیە، دوو شتی تر کە باسی لێوە نەکراوە لێرەدا، رسوم و زەریبەیە، یەعنی یەکێك لەسەرچاوەکانی مالی ئەم ئەنجومەنە کەبۆ ئەوەی بتوانێ ئیدامە بەئیشەکانی بدات پارەیە، جگە لەوەی کەلە میزانیە بۆی دادەندرێت، حەق وایە ئێمە لێرەدا ئەو دەسەلاتەیان هەبێت کەبتوانێ فەرزی بەعزێك رسوم بکەن کە تابعی مەحەلی هەیە، هەروەها حەقی ئەوەیان هەبێت بتوانن ئیقتراحی هەندێ زەریبە کە لەهەندێ شار زیاد بێت، بواری ژیانی خەڵك یەعنی تەحامولی ئەوە نەکات، بۆیە بتوانن ئیقتراحی تەعدیلی ئەو زەریبەیە بکەن، یان زیادی بکەین یان ئیلغای بکەن، کەلەوانەیە لەشارەکاندا ئاسایی بێت، بەس لەقەزاکاندا ڕەنگە زەحمەت بێت بۆ خەڵك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك شێخ فتاح، فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: ئێمە دەنگمان بۆ ئەوەدا، کە پارێزگار لەزمنی ئەندامانی ئەنجومەن بێت، بۆیە پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاك دلێر ئەکەم، کە قایمقامیش لەزمنی مەجلس بێت، چونکە ئەگەر لە زمنی مەجلس نەبێت، تەعاروز دروست ئەبێت، لەگەڵ قانونی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بۆیە بەهەموو شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدام کە قایمقام لەزمنی مەجلس بێت، دووەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەن وەکو کاك دکتۆر ناصح وتی پشتگیری لێ دەکەم، کە بەدەعوەتی پارێزگار بێت، نەك قایمقام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ڕەئی جەنابتان، لەسەر موداخەلەی ئەندامانی بەڕێز، کاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز ئەکەم یەك خاڵ ڕوون بکەمەوە، بۆ ئەو برادەرانە کەهەندێکیان پێشنیاریان هەبوو، هەندێ مهمات وئیختیصاص زیاد بکرێت، بۆ ئەنجومەنی مەحەلی قەزا، فەقەرەی پێنج باسی ئەوە ئەکات، (رسم السیاسة العامة لادارة القضاء والرقابة على الاجهزة التنفيذية فيها وتنظيم عمليات الادارة)( والرقابة على الاجهزة التنفيذية) بۆ قایمقامیش دێت، کە دەچینە ماددەی(22) باسی مهمات و صلاحیاتی قایمقام کراوە، زۆر لەو پێشنیارانەی کەکراوە، لەزمنی صلاحیاتی قایمقام هاتووە، بۆیە لێرەدا نەنووسراوە، ئەوەی کاك کەریم باسی ئەکات، (من داخل و خارج) خۆشم هەمان ڕەئی تۆم هەیە، بەلام کەوا دانراوە بیانووی ئەوەیە، کە لەداخل بێت خەڵك دەنگی بۆ داون و زیاتر شەرعی ئەبێت، ئەوەی پەخشان خان باسی کرد، بکرێت بە مجلس محافظة مهاماتی، بەڕاستی ئەوە هەمووی مهمات نیە، چونکە هەندێکی تریان صلاحیاتە، بۆیە صیغەیەکی عاممان داوەتێ، (يختص المجلس المحلي للقضاء بما يلي) تەنها مهماتەکەیمان نەنووسیوە، کاك بارزان باسی ئەوە ئەکات، ئەڵێت لە برگەی(9) نەوترێت، (مراقبة وتقييم النشاطات التربوية) بەڵکو

بووترێت (تطبیق) بەڕاستی تەتبیق نەشاتاتی تەربەوی خۆیان ئەیکەن، مەسەلەن چ قوتابخانەکانە، چ کولیاتە، چ پەیمانگاکانە، ئەوانە بۆخۆیان دەیکەن، ئەوەی مەجلس دەیکات تەنها چاودێری کردنە و تەقیمە، ئەوە لێرەش کەباس ئەکات، (تقدیم توصیات)سۆزان خانیش باسی کرد، توصیات لێرەدا بۆ خۆی نیە، بەڵکو تەقدیمی دەکات بۆ هەمان جیهاتی تەربەوی، کاك محمد فەرج باسی ئەوەی کرد، هی دەواجین و بەخێوکردنی ماسی و ئەو شتانە، پێم وایە ئەوانە هەمووی سامانی ئاژەڵیە، ئەوەی تریشی غابات ئیزافە ئەکرێت، کاك محمد رفعت جوابمان دایەوە، ( رقابة علی الاجهزة التنفیذیة)لێرەدا ئەگەر بەراوردی بکەین، لەگەڵ صلاحیاتی قایمقام لە ماددەی(22) ئەوە وەڵامی جەنابتی تێدایە، کاك رەشاد ئەڵێت حەزفی فەقەرەی (11) بکرێت، دەبێ لێرەدا یەك تێبینی بکرێت، ئەڵێت(أیة اختصاصات اخری یخولها ایاه مجلس المحافظة) ئەوە فەرقی هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە لە مەجلسی محافەزە باسی کراوە، ئەڵێت( ممارسة ای اختصاصات اخری ینص علیها الدستور او القوانین النافذة) لێرەدا فەرقیان هەیە، ئەو صلاحیاتانە یاخود ئەو اختصاصاتانە ئەنجومەنی پارێزگا ئەیداتێ، ئەوە شتێکی ئاساییەو ئەبێ بمێنێت، کاك دلێر پێشنیاری ئەوەی کردبوو، کە نائیبی هەبێت، یەعنی وەکو وەحدەی قەزا، وەکو قایمقام پێم وانیە ئەوە پۆستێکی ئەوەندە گەورە بێت پێویستی بە معاون هەبێت، پێویستی بە نائب هەبێت، ئەوەی کاك خلیل باسی کرد، شتێکی زۆر واردە، ئەبێ موعالەجە بکرێت، کاك جعفر باسی ئەوەی کرد، (انتخاب القایمقام من بین اعضائه) خۆی هەر لەسەرەوە باسی کراوە، کە لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنە، سۆزان خان، ئەوەی جەنابت و کاك عبدالرحمن باستان کرد، نزامی داخلی، ئەوە شتێکی زۆر باشە، بەڕاستی ئەبێ ئەوەی تێدا بێت، ئەو پێشنیارەتان زۆر لەجێگای خۆیەتی، ئەوەی تەوصیاتیش بەڕاستی جوابمان دانەوە، توصیات شتێکی مولزەم نیە، توصیات ئەدات بە جیهەتی مەعنی جا لەوانەیە پێی وەرگرن و لەوانەشە وەری نەگرن، ئەوەی سارا خان باسی کرد، (اجهزة تنفیذیة) فەرقی هەیە لەگەڵ مەجلسی محافەزە، لە مەجلسی محافەزە نووسراوە (عدا المحاکم وحرس الاقلیم) لەبەر ئەوەی هەیئاتی تەنفیزیە، واتە ئەجهیزە نیە، ئەوەی دکتۆر ناصح باسی کرد، کە برگەی(5_6) تەوحید بکرێت، بەڕاستی ئەوە ئەکرێت، چونکە وەکو صیاغەیە، بەڵام لێرەدا برێك جیاوازی تێدا هەیە، پێنجەم باسی (رسم السیاسة) ئەکات، (والرقابة علی الاجهزة التنفیذیة) کەچی فەقەرەی(6)( الاشراف علی البرامج الخدمیة) ئەگەر تەوحیدیش بکرێت ئەوە هەر ئەبێت و ئیشکالی تێدا نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی و ناوخۆ، ئەوەی تەئیدی ئەکەن لە موقتەرەحەکانی ئەو بەڕێزانە، بیخەنە لایەکەوە کە دوایی تەصویتی لەسەر ئەدەین، کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خاڵ ماوە ڕەنگە برای بەڕێزم کاک سەردار ئیشارەتی پێنەدابێ، ئەوەی کە کاک سالم ئیشارەتی پێدا ئەوی تریش سۆزان خان بوو، بەنیسبەت پێنجەم، (رسم السياسة العامة لادارة القضاء) ئەوە بەشێوەیەکی عام هاتووە، بۆ هەموو اجهيزەی تەنفیزیە، ئەوە ڕاستە، بەلاّم بۆ پەروەردەو کشتوکاڵ تەخصیص کراوە، ئەوە پرسیارەکەی سۆزان خان بوو وابزانم حەقی خۆشیەتی ئەو پرسیارە بکات، ئێمە لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا بزەبت ئەو مەوزوعەمان باسکرد، وتمان ئەبێ سیاسەتەکە، سیاسەتێکی عام بێت، خۆ کشتوکاڵ و تەربیەش لەزمنی ئەوانەو چی تێدایە، بە تەخصیص زکری بکەین، جوابیان ئەوە بوو وتیان، ئەگەر زکری بکەین بەنیسبەت قەزا خصوصیەتی خۆی هەیە، بەنسبەت کشتوکال و پەروەردە، بۆیە ئێمە زەقمان کردۆتەوە و ئەهەمیەتی تایبەتیمان داوەتێ، بەنیسبەت ئەوەی کاک سالم، کە دەڵێت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەن ئەوە موعالەجە نەکرا، بەلاّم خۆی مەبدەئەکە مەبدەئێکی عامە، برای بەڕێزم کاک فرسەت ئەو فەقەرەی بۆ ئێمە ڕەوانە کردووە، ئەگەر بکرێت دەتوانین یەکەم لە بیدایەتی فەقەرەکە داخلی بکەین، بڵێین( وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائيزين على اكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز بالاغلبية)ئەوە ئیمکان هەیە لە ئاخری فەقەرەکەی ئیزافە بکەین، بەلاّم خۆی مەبدەئێکی عامیشە و هەرواشی لێ دێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

تکایە ئێستا ئەو فەقەرەیە چۆنی لێهاتووە بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

انتخاب رئيس المجلس المحلي للقضاء من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة لعدد الأعضاء في اول جلسة يعقدها المجلس المحلي بدعوة من القائمقام خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وتنعقد الجلسة برئاسة أكبر الأعضاء سناً، وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائيزين على اكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز على الاغلبية) ئەوە بۆ کۆتایی ماددەکە، ئەگەر پێتان باشە با ئەوە دەنگی لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی تکایە بیخوێننەوە تا بیخەمە دەنگەوە، کاک عونی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

اولاً: انتخاب رئيس المجلس المحلي للقضاء من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة لعدد الأعضاء في اول جلسة يعقدها المجلس المحلي بدعوة من القائمقام خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وتنعقد الجلسة برئاسة أكبر الأعضاء سناً، وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائيزين على اكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز على الاغلبية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ببوره کاك دکتۆر ناصح، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئاماژەم بەوەدا، خاڵی یەکەم مەفروزە محافز بێت نەك قایمقام، چونکە قایمقام هێشتا وجودی نیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەوە نوقتەی نیزامی نیە، وەڵامیشت درایەوە، کاك شێروان، فەرموو جارێکی تر بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

اولاً: انتخاب رئيس المجلس المحلي للقضاء من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة لعدد الأعضاء في اول جلسة يعقدها المجلس المحلي بدعوة من القائمقام خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وتنعقد الجلسة برئاسة أكبر الأعضاء سناً، وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائيزين على اكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز على الاغلبية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەوە ئەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بلند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، سێ کەسی لەگەڵدا نیە، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە، لیژنەی یاسایی ئەو فەقەرانەی کەوا ئیتیفاقتان لەسەر کرد تەعدیل بکرێن، تکایە فەقەرە، فەقەرە بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، دەیەم کە موقتەرەحێك هەبوو، کە غابات ئیزافە بکرێت، تکایە صیاغەی بکەن و بیخوێننەوە،

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزانەی کەوا ئیسارە کران و قبوڵ کران، ئێستا صیاغەکانیان ئەخوێنمەوە، سەبارەت بە فەقەرەی نۆیەم(تاسعاً: مراقبة وتقييم النشاطات التربوية والصحية في حدود القضاء وتقديم التوصيات بشأنها عبر مجلس المحافظة)( عاشراً: مراقبة تنظيم استغلال الأراضي العامة ضمن الرقعة الجغرافية للقضاء والعمل على تطوير الزراعة والري والغابات والثروة الحيوانية فيه.( حادي عشر: وضع النظام الداخلي للمجلس المحلي للقضاء).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵام دانەوەیەك بۆ سارا خان، ئەوەی (إشراف الرسمية على الدوائر) بەڕاستی لە صلاحیاتی قایمقام هاتووە، لە ماددەی (23) (ثالثاً: الأشراف المباشر على الدوائر الرسمية في القضاء وموظفيها وتفتيشها باستثناء المحاكم والوحدات العسكرية وحرس الاقليم (البيشمەرگە) والجامعات والكليات والمعاهد التابعة لوزارة التعليم العالي والبحث العلمي والدوائر ذات الاختصاص الاتحادي في الاقليم) زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

تکایە ئەو موفتەرەحانەی کەوا وەرگیران، یەکە، یەکە بیخوێننەوە تا بیخەمە دەنگەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

يختص المجلس المحلي للقضاء بما يلي:-

اولاً: انتخاب رئيس المجلس المحلي للقضاء من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة لعدد الأعضاء في اول جلسة يعقدها المجلس المحلي بدعوة من القائمقام خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وتنعقد الجلسة برئاسة أكبر الأعضاء سناً، وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائيزين على اكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز على الاغلبية.

ثانياً: انتخاب القائمقام من بين اعضائه وبالأغلبية المطلقة لعدد الأعضاء واذا لم يحصل اي من المرشحين على الأغلبية المطلوبة يتم التنافس بين الحاصلين على اعلى الأصوات ويعد فائزاً من يحصل على اكثرية الأصوات.

ثالثاً: اقالة رئيس المجلس المحلي للقضاء او القائمقام بأغلبية 3/2ثلثي عدد اعضائه في حالة تحقق احد الاسباب الواردة في المادة السادسة/(ثانياً) من هذا القانون.

رابعاً: اعداد مشروع موازنة للقضاء والموافقة على خطط الموازنة للدوائر التابعة له واحالته الى المحافظ.

خامساً: رسم السياسة العامة لادارة القضاء والرقابة على الاجهزة التنفيذية فيها وتنظيم عمليات الادارة.

سادساً: الاشراف على البرامج الخدمية العامة للأعمار في القضاء.

سابعاً: ابداء التعاون والتنسيق والمشورة مع المجالس المحلية للنواحي بما يضمن تحقيق التوازن والمصلحة العامة.

ثامناً: الموافقة على التصاميم الأساسية في القضاء بالتنسيق مع مجلس المحافظة وضمن المخطط العام لحكومة الأقليم.

تاسعاً: مراقبة وتقييم النشاطات التربوية والصحية في حدود القضاء وتقديم التوصيات بشأنها عبر مجلس المحافظة.

عاشراً: مراقبة تنظيم استغلال الأراضي العامة ضمن الرقعة الجغرافية للقضاء والعمل على تطوير الزراعة والغابات والري والثروة الحيوانية فيه.

حادي عشر: أية اختصاصات اخرى يخولها اياه مجلس المحافظة بما لايتعارض مع القوانين النافذة.

ثانية عشر: وضع النظام الداخلي لعمل المجلس المحلي للقضاء.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، جگە لەوەش ئەوەی لە پارێزگا زیادمان كرد، كە كاك خەلیل ئیشارەتی پێدا، بەنیسبەت فەقەرەی یەكەم، بەو صیاغەیە دایدەڕێژینەوە، (وفي حالة عدم دعوە للانعقاد) بەنیسبەت مەجلسی قەزا ( يجتمع المجلس تلقائياً في الساعة (12) من يوم 6...) ئەگەر ئەوانە بڵێیت وەكو چۆن مەجلسی محافەزەمان داڕشتووە بەهەمان شێوە بۆ مەجلسی قەزاش لەهەمان ماددە دای دەڕێژینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارێك هاتووە، لەلایەن دكتۆر ناصح، دەڵێت بۆ پارێزگار داوای عەقدی جەلسە ناكات، ئەوەی مەجلسی قەزا، لێرەدا دوو شت هەیە، مەجلسی پارێزگا، پارێزگار داوای ئەكات، بەس پارێزگاری كۆن، هی مەجلسی قەزا قایمقام داوای ئەكات، بەس قایمقامی كۆن، نەك هی نوێ، مەجلسی ناحیەش بەهەمان شێوە، ئەگەر بێت و ئێمە ئەو صلاحیەتە بدەین بە پارێزگار، واتە هەم پارێزگار خۆی ئینعیقادی جەلسە ئەكات بۆ ئەنجومەنی پارێزگاو هەم بۆ قەزاش خۆی داوای ئەكات، یەعنی جۆرێك لە تەركیزی سوڵتات هەیە لەلای پارێزگار، لەوانەیە ببێتە مایەی ئەوەی ئەو جەلسەش تاخیر بێت، بۆیە پێمان باشە هەر لەلای خۆیان بێت، واتە قایمقامی كۆن هەر خۆی لە مەجلس داوا بكات كە كۆبوونەوە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك شێروان، تكایە دووبارە بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، كاك ئارێز، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی سەرۆكی پەرلەمان، نەمدیوە، لەهیچ پەرلەمانێكی تری ئەم دونیایە بەو شێوەیە موناقەشەی یاساكان بكرێت، خۆی یان لیژنە تایبەتمەندەكان، یان فراكسیۆنەكان ڕەئیان هەبێت و لەسەر خاڵێك بیدەن، ئەگینا هەر یاسایەك بێت و ئەوەندە رۆژ پێوەی خەریك بین، بەڕاستی نەقەت كۆتایی دێت، نە دەگەینە كۆتاییەكی باشیش، بۆیە حەقە ئەو مەسەلەیە ببڕێنیتەوە و تەنزیم بكرێت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

سوپاس، زۆر نیزامی بوو، لەجێگای خۆشی بوو، كاك عونی بیخوینەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس فەقەرەی یەكەم دەخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی كاك شێروان فەقەرەكانی تری خوێندەوە، پێی ناوێت دووبارەی بكەینەوە.

اولاً: انتخاب رئيس المجلس المحلي للقضاء من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة لعدد الأعضاء في اول جلسة يعقدها المجلس المحلي بدعوة من القائمقام خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وفي حالة عدم الدعوة ينعقد المجلس تلقائياً في الساعة الثانية عشر ظهراً من اليوم 16من تأريخ المصادقة على نتائج انتخابات وينعقد الجلسة برئاسة أكبر الأعضاء سناً وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائزين على أكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز على الاغلبية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەوەی ئێستا لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، دەیخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، باشە لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ موشکیلە نیە، دەیکەینە فەقەرەی دووەم و دەنگی لەسەر دەدەین، بەنیسبەت ئەو ئیزافەی کەکراوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا بەو شێوەی کە لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، ئەوەی دەنگی لەسەر درابوو، جیا ئەکرێتەوە، ئەوانی تریش کە خوێنرانەوە دەخرێنە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائزين على أكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز على الاغلبية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ئەوە دەنگمان داوە لەسەری، بەس هەڵەی تێدا بوو، بۆیە ئەو فەقەرەیە لەجێگای دابنێن، کاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی یەکەم دەنگی لەسەر درا، بۆیە ئەو ئیزافەی کە کاك خەلیل باسی کرد، دەیکەین بە فەقەرەی دووەم، دەخوێنرێتەوە بەم شێوەیە:

وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائزين على أكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز على الاغلبية. تەسەلسولی فەقەرەکانی تریش لەگەڵ ئەوەدا دەگۆڕدرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

تكایە بۆ ئەوەی سەر لە ئێوەش نەشێوێنین، فەقەرە، فەقەرە دێین دەنگی لەسەر دەدەین، فەقەرەی یەکەم دەنگی بۆ دراوەو قبوڵ کرا، ئەچینە فەقەرەی دووەم، دوایی فەقەرە فەقەرە وەرنە خوارەوە، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی دووەم بەو شێوەیە کە دەیخوێنمەوە:

ثانياً: في حالة عدم الدعوة ينعقد المجلس تلقائياً في الساعة الثانية عشر ظهراً من اليوم 16 من تأريخ المصادقة على نتائج الانتخابات وينعقد الجلسة برئاسة أكبر الأعضاء سناً.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا وازح بوو لەلاتان، ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تەنها یەك کەسی لەگەڵدا نیە، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

لە بارێکدا کە ناکۆکی کەوتە نێوان بڕیارەکانی ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا و بڕیارەکانی ئەنجومەنی خۆجێیەتی پارێزگا، ئەوا ئەولەوییەت دەدرێتە ئەوەی دواییان، ئەگەر ئەو بڕیارەی وەرگیراوە پەیوەندیداربێ بە هەموو پارێزگاکەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

في حالة التعارض بين قرارات المجلس المحلي للقضاء وقرارات مجلس المحافظة تكون الاولوية للأخير اذا كان القرار المتخذ متعلقاً بعموم المحافظة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان کێ ئەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟، تکایە ناوتان ئەنووسم، دکتۆر ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: لێرەدا باسی ئەو بڕیارانە ئەکات، کە ئەگەر لە پارێزگاوە بێت، بۆ هەموو پارێزگا بێت، ئەولەویەت بەوە دەدرێت، ئەی خۆ ئەگەر ئەو قەرارەی مەجلسی قەزا وەری ئەگرێت، تایبەتە تەنها بەخۆیەوە، ئەو وەختە کام قەرار ئەبێت، وەکو ئەوەی قەرارێك هەبێت تایبەت بێت بەخۆی، یەکێکی تریش هەبێت هی

پارێزگا نزیك بێت لەوەوە، ئەو وەختە كامیان فەرز ئەكرێت، دووەم: تەوصیات لەدەزگای بچووكەوە بۆ دەزگای گەورە نایەت، تەوصیات عادەتەن لەسەرەوە بۆ خوارەوە دێت، ئەوانەی لەخوارەوە تێبینیان هەیە، پێی ئەڵێن موقتەرەحاتی هەیە، لەگەڵ هەندێ تێبینیدا كە هەیانە، بەڵام تەوصیات قەت لەخوارەوە بۆ سەرەوە ناچێت، ئەوەی كە لە پەروەردەدا نووسراوە ئەوە قەت شتی وا نابێت، هەرچەندە دەنگیشمان لەسەری دا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: لەگەڵ پشتگیریم بۆ بەشی یەكەمی پێشنیارەكەی دكتۆر ناصح، دووەم: لەسەر چ ئەساسێك گوێ ئەدرێت بە هی دووەم، كێ ئەڵێت بڕیارەكەی قەزا راست تر نیە، یان لەبەرژەوەندی پارێزگا نیە، یەعنی بۆ یەكسەر بدرێت بە پارێزگا، لەسەر چ ئەساسێك، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك سالم، فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕەئی من ئەم ماددەیە هەر زیادەیە، چونكە مەجلسی مەحەلی صلاحیاتی نیە شت بنێرێت بۆ بەردەم پارێزگا، بۆیە هەر زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر تەئیدی كوێستان خان و كاك حاكم سالم ئەكەم، لێرەدا تەحصیل حاصلە، بۆیە داعی ناكات، قەرارات زیاتر بۆ مەجلسی محافەزە ئەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك جوتیار، فەرموو.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ناکۆکیەك لەنێوان ئەنجومەنی قەزاو ئەنجومەنی پارێزگا روویدا، بەلأم تایبەت بوو بە قەزاکە، یەعنی بە پارێزگاکەوە پەیوەست نەبوو ناکۆکیەکە، ئایا ئەو کاتە ئەولەویەت دەدرێت بە کامیان؟، بەڕای من حەقە بدرێت بەقەزاکە، چونکە هەندێجار ناکۆکی دروست ئەبێت، ئەنجومەنی قەزا بەرژەوەندی قەزاکەی خۆیان ئەزانن، نەك ئەنجومەنی پارێزگا، لێرەش کە ئەولەویەت ئەدرێت بە پارێزگا، جاری وا هەیە لە قەزایەك بریارێك ئەدرێت، بەلأم بەرژەوەندی کۆی پارێزگاکەی تێدایە، بەڕای من بۆیە ئەولەویەت ئەدرێت بە پارێزگا، بەلأم ئەگەر کێشەکە لەنێوان قەزاو پارێزگادا بوو، تایبەتیش بوو بەیەك قەزای دیاری کراو، واتە کێشەکە پەیوەندی نەبوو بەکۆی پارێزگاوە، بەس تەنها قەزا بوو، حەقە ئەولەویەت بدرێت بەو قەزایە، کە کێشەکەی تایبەتە بەخۆی و بەرژەوەندی خۆشیان باش ئەزانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من هەر بەزیادی ئەزانم ئەم ماددەیە، یەعنی ئاڵۆزییەك دروست ئەکات، وەکو شەڕێك دروست ئەکات دائیمەن، خۆی ئەگەر ئەمە نەبێت، ئیشەکان وەکو خۆی ئەڕوات هەر کەسەو لەمەجالی ئیشی خۆی کاری خۆی ئەکات، بەس کە تۆ ئەمە دائەنێیت ئەم حاڵەتە دروست ئەبێت، لەبەر ئەوە من هەر بەزیادی ئەزانم، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

تکایە لیژنەی یاسایی وەڵامی ئەو بەڕێزانە بدەنەوە، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: بەڕاستی ئەوەی ئێمە لێی تێدەگەین لەو ماددەیە بەو شێوەیە، قەراراتی مەجلسی قەزا، لە حدودی قەزا، حەقێکی تایبەتی خۆیەتی دەیدات و لام و جیمی نیە، دووەم: هەندێك قەرارات هەیە، کە پارێزگا ئەیدات شمولیە، پارێزگاش ئەگرێتەوە، قەزاش ئەگرێتەوە، ناحیەش ئەگرێتەوە، لێرەدا ئەولەویەت بۆ بڕیارەکەی پارێزگایە، بەلأم بەنیسبەت کاری تایبەت بە قەزا، قەراراتی مەجلسی محەلی قەزا، لە زمنی حدودەکەی خۆی جێبەجێ ئەکرێت، بۆیە ئێمە وای لێ تێئەگەین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان هەر وەك تەوزیحێك بۆ ئەو خاڵە لەبەغداد، لەدەستووری عێراق ماددەیەکمان هەیە، خیلاف لەبەینی هەرێم و ئیتیحاد ببێت، بۆ هەرێم ئەبێت، ئەگەر ئیشەکە موختەص بێت بە هەرێم، جا ئەمیش ئەگەر ئیشەکە موختەص بێت، بۆیە من پێشنیار ئەکەم ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، ( في حالة التعارض بين

قرارات المجلس المحلي للقضاء وقرارات مجلس المحافظة الخلافات مختصة بشؤن القضاء) ئينجا بلَيَين (تكون الاولوية للأخير اذا كان القرار المتخذ متعلقاً بعموم المحافظة)، ليژنەی یاسایی فەرموو ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەفهومی موخالەفەی ئەو ماددەیە وەربگرین، بزەبت برا یاسا ناسەکان باش ئەزانن، مەفهومی موخالەفە چیە؟، مەفهومی موخالەفەکەی ئەوەیە، قەراراتی قەزا، تایبەت بە قەزا، قەزا خۆی جێبەجێی ئەکات، تەنها ئەگەر قەرارێکی عمومی  هەبوو، ئەو کاتە پارێزگا و قەزاش ئەگرێتەوە، ئەوەش زۆر وازحە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا وەکو خۆی ماددەکە دەخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بلند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم ـ ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیەو تایبەتمەندییەکانی

ماددەی یازدەم:

ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دادەمەزرێ و لە (5) ئەندام پێکدێ و بۆ هەر (25) هەزارکەسیش ئەندامێکی دێتە سەر، بەمەرجێك ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە ئەنجومەندا لە (30٪)ی ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثالثاً- المجلس المحلي للناحية واختصاصاته

المادة الحادية عشرة:

يشكل المجلس المحلي للناحية عن طريق الأنتخابات العامة المباشرة ويتكون من (5) اعضاء ويضاف اليهم عضو لكل(25000) خمس و عشرين الف نسمة على ان لا يقل نسبة تمثيل النساء في المجلس عن 30٪ من عدد اعضائه.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزانەی کە ئێمە بەنیسبەت قەزا وەرمانگرت، کە وتمان ئەگەر هاتو لە (50) هەزار کەمتر بوو، هەمان مولاحەزەش لێرە ڕەچاوی ئەکەین، بەڵام لێرە ژمارەکە(25000) لەجیاتی(50000)، واتە ئەگەر لە (25000)کەمتر بوو، ئەوە (5) ئەندامی ئەبێت، ئەوی تر ئەگەر هاتو لەوە زیاتر بوو، ئیتر هەر (25000)ێك ئەندامێك زیاد ئەکات، لەناحیەدا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کێ ئەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە ناوی ئەنووسم؟، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادرسعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزەی ئەخیری کاك شێروان باسی کرد، لە قەزاش کردمان و شتێکی زیاد بوو، چونکە هەر مەفهومی موخالەفەکەی وا ئەگەیەنێت، ئێستا ئەڵێت مەجلسی قەزا (5) کەسە، ئەگەر لە (25000)زیاتر بوون، بۆ هەر (25000)کەسێك زیاد دەبێت، یەعنی ئەوە ئیتر پێویست ناکات بڵێین، ئەگەر لە (25000) کەمتر بوو، (5) کەسە، خۆی (5) ە، ئەوە ڕاستە، بۆیە ئەو ئیزافەی لەقەزا کردمان بەخۆی زیاد بوو، با لێرە دووبارەی نەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك عادل، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەکەی پێشوو، تایبەت بە قەزا قسەمان کرد، نازانم زۆر وازح نەبوو شتەکان، ناڕوونیەکی تێدا بوو، ئێمە لەکوردستان کۆمەڵێك ناحیەمان هەیە، کە تازە إستیحداث کراون، یەعنی ناحیە هەیە، ژمارەی دانیشتوانی (3000) کەسە، ناحیەش هەیە، (30000) کەسە، یەعنی برادەران پێشتر وایانزانی ئەمانەوێت عەدەدی قەزاکانی کوردستان دیاری بکرێت، قەزاو ناحیەی خۆی هەیە و وەحدەی ئیداری هەیە، دروستە موشکیلەیەکمان نیە، ئێمە ئەڵێین هەر ناحیەیەك کەناوی ناحیە بێت، ئەگەر (1000) بێت یان (30000) بێت، (5) ئەندامی هەیە، ناعەدالەتیەکە لەکوێدا دروست ئەبێت، ئەڵێت لەپاش ئەوە ئەبێت ببێت بە (25000)کەس، ئینجا بۆی هەیە ئەندامێکی تر زیاد بکات، ئەگەر من غەڵەت تێگەشتووم ئەوە تەوزیح بکەن، نەك ژمارەی دانیشتوان، ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناحیەیە دوای ئەوەی (25000)کەس بێتە سەری ئینجا(1) ئەندامی بۆ زیاد ئەکرێت، ناحیە هەیە نزیکەی(70)ساڵە ناحیەیە تائێستا ژمارەی دانیشتوانەکەی(10000)کەسە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك بارزان، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: وەڵڵاهی منیش نازانم، من لەدەربەندیخانم بەلادێ و قەزاو ناحیەیەوە، ناگاتە(40000) کەس، باشە ئەمە چۆن دانراوە، بەس نیسبەی لە30٪ ئەگەر زیاتر بێت قەیناکە، بەڵام لە 30٪ لە (7) و لە(5) چۆن دەرئەکەن، دووەم: ئەمەش خیلافی دەستوورە، لە دەستووردا لەماددەی (13) لە برگەی(2) ئەڵێت( نابێ هیچ یاسایەك دابندرێت بەپێچەوانەی ئەم دەستوورە) لەماددەی(14) ئەڵێت( عێراقیەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن) نازانم لەبەر ئەوەی پێمان بڵێن ئێوە مۆدێرنن، ئەم لە 30٪ مان داناوە، بۆیە لە 30٪ لەچیەوە هاتووە؟، مادام ئێمە لەبەردەم قانوندا یەکسانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەم پەرلەمانە، لەیاسای خۆی بۆ ئافرەتان لە هەڵبژاردنیان بۆ پەرلەمان، دەنگی داوە بۆ لە 30٪ ئەوەش هاتە سەر ئەمانی تر، ئێستا ئەمە ئەخرێتە دەنگەوە، ئەگەر پاڵپشتی دەنگی جەنابت هەبێت، ئەوە نامێنێت لێرەدا، زۆر سوپاس بۆ تۆ، پەخشان خان، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك بارزان وتی، ئەمە خیلافی دەستوورە، ئەمە ئەچێتە پرۆتۆکۆلەوە، ئەوە خیلافی دەستوور نیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە جوابتان بۆ ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ژمارەی دانیشتوانی قەزا، بۆ قەزامان وا نیشانداوە، لەماددەی پێشوو کە قەزا لە (50000)کەس، ئەگەر کەمتر بێت (7) ئەندامی ئەبێت، لە (50000)بۆ سەرەوە، هەر (50000)ی تر ئەندامێکی تری دێتە سەر، بەنیسبەت ناحیەشەوە، وەکو ئەو دائەنێین (25000) کەمتر (5)ئەندامی بۆ دائەنێین، بۆ هەر (25000)زیادە لە (25000)کەی تر، ئەندامێکی دێتەسەر، ئەوە وازحە بەنیسبەت قەزاو ناحیەکان، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دوازدەم:**

ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەها لە یەکەم دانیشتنی کە دەیبەستێ لە سەر بانگهێشتی بەرێوەبەری ناحیە لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی ڕاستاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دانیشتنەکە بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندام دەبێ.

دووەم: هەڵبژاردنی بەرێوەبەری ناحیە لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەها و، ئەگەر هیچ لە پاڵێوراوەکان زۆرینەی پێویستیان وەرنەگرت، ئەوا کێبڕکێ لە نێوان ئەو دوو کەسە دەبێ کە بەرزترین دەنگیان هێناوە، ئەوەی زیاترین دەنگ بەدەست بێنێ ئەو بە براوە دادەنرێ.

سێیەم: لە کارلادانی سەرۆکی ئەنجومەن یان بەرێوەبەری ناحیە بە زۆرینەی دەنگی $3\backslash2$ ی ژمارەی ئەندامانی و لە کاتی هاتنەدی یەکێك لە هۆیەکانی کە لە ماددەی (شەشەم/ دووەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە .

چوارەم: ئامادەکردنی بودجەی یەکەی کارگێڕی ناحیەو رەزامەندیی دەربڕین لەسەر پلانەکانی بودجەی ئەو فەرمانگانەی کە سەر بە ئەوانن و ناردنی بۆ ئەنجومەنی خۆجێیی قەزا.

پێنجەم: چاودیری کردنی رێکخستنی بەکارهێنانی زەوی وزاری گشتی لە نێو رووبەری جوگرافی ناحیەو کارکردن لە پێناوی پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاودێری و سامانی ئاژەڵی ناوی.

شەشەم: چاودێری کردنی فەرمانگە خۆجێیەکان و بەرزکردنەوەی راسپاردەی پێویست لەو بارەیەوە بۆ ئەنجومەنی خۆجێیی قەزا.

حەوتەم: ئەنجومەنی پارێزگا یان ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا بۆیان هەیە تایبەتمەندی و دەستەڵاتی تر بدەن بە ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە بەمەرجێك ناکۆك نەبن لەگەڵ یاسا پەیرەوکراوەکان دا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية عشرة :

يختص المجلس المحلي للناحية بما يلي:

اولاً: انتخاب رئيس المجلس من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة فى أول جلسة يعقدها بدعوة من مدير الناحية خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وتنعقد الجلسة برئاسة اكبر الأعضاء سنا.

ثانياً: انتخاب مدير الناحية من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة واذا لم يحصل اي من المرشحين على الأغلبية المطلوبة يتم التنافس بين الحاصلين على اعلى الأصوات،ويعد فائزاً من يحصل على اكثرية الأصوات.

ثالثاً:اقالة رئيس المجلس المحلي او مدير الناحية بأغلبية $3/2$ ثلثي عدد اعضائه في حالة تحقق احد الاسباب الواردة في المادة السادسة /(ثانياً) من هذا القانون.

رابعاً: اعداد مشروع موازنة الناحية والموافقة على خطط الموازنة للدوائر التابعة لها وإحالتها الى المجلس المحلي للقضاء.

خامساً: مراقبة تنظيم استغلال الأراضي العامة ضمن الرقعة الجغرافية للناحية والعمل على تطوير الزراعة والري والغابات والثروة الحيوانية فيها.

سادساً: الرقابة على الدوائر المحلية ورفع التوصيات اللازمة بهذا الشان الى المجلس المحلي للقضاء.

سابعاً: اية اختصاصات اخرى يخولها اياه مجلس المحافظة او المجلس المحلي للقضاء بما لا يتعارض مع القوانين النافذة.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لە مەجلسی قەزا، بەعزێك بنەمامان وەرگرت، بەنیسبەت فەقەرەی (1 و2)، ئەگەر پێتان باش بێت هەمان بنەماش لەمەجلسی قەزا وەرئەگرین، پاشان دەنگی لەسەر دەدەین وبەهەمان صیغە دایدەڕێژینەوە، بەنیسبەت (یەکەم و دووەم) ئەوانی تریش بەنیسبەت مولاحەزاتی ئێمە، بۆ( الأغلبیة المطلقة)دیسان ئەبێ (لعدد اعضاءه)ئیزافە بکەین، بۆ (یەکەم و دووەم) لەهەمان کاتدا ئیمکان هەیە، لە(پێنجەم)(غابات) هەروەك بەڕێزان ئیشارەتیان پێدا ئیزافەی بکەین، لە (حەوتەم)ئەگەر خاڵێك زیاد بکەین( وضع النظام الداخلي لمجلس الناحية) وابزانم ئەوانی تر هیچ ئیشکالیان تێدا نیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان کێ ئەیەوێت قسە بکات، تا ناوی بنووسم؟، دکتۆر ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەخاڵی دووەمی ماددەی (12) باسی هەڵبژاردنی مودیری ناحیە ئەکات، هەرچەندە لەماددەی دواتر ئاماژە بەوە ئەکات، کە ئەبێ مودیری ناحیە چ شەهادەیەکی هەبێت، بەڵام باشترە لێرەدا بێت، چونکە یەکەمجار لێرەدا دێت، بۆیە با لێرە باسی بکەین ( حاصل على شهادة القانون وما يعادله) چونکە کاتی خۆی حقوقیش هەبوو، لەبەر ئەوەی دەرچووی کۆلێژی ماف و کۆلێژی یاسا هەر ئەوان ئەتوانن، ببن بە مودیری ناحیە، بۆیە پێم وایە لێرە ئاماژەی پێبکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

نازناز خان، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێك بۆ من هاتووەتە ئاراوە، ئەگەر لێژنەی یاسایی وەڵامم بدەنەوە، لەحاڵەتێك کە لەناکاودا گوندێك کرا بە ناحیە، هاوکاتیش بوو، لەگەڵ هەڵبژاردنەکان، لەوکاتەدا مودیری ناحیە نیە، کێ سەرپەرشتی ئەو دانیشتنانە ئەکات، یان یەکەم مودیری ناحیە کێ دیاری ئەکات؟، کە هێشتا لەسەرەتادایە وتازە بووە بەناحیە، تۆش ئەنجومەنی ناحیەت نیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاک دکتۆر ڕەمەزان، فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من لەسەر بڕگەی (شەشەم)ە، (سادساً: الرقابة على الدوائر المحلية ورفع التوصيات...) توصيات لەلایەن کەسی شارەزاو پسپۆڕەوە ئەکرێت، بەڵام ئەکرێت ئەمان مولاحەزات بەرز بکەنەوە، ناکرێت تەوصیات بێت، ناکرێت ئەمان تەقیم بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاک احسان، فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەفەقەرەی (شەشەم) (سادساً: الرقابة على الدوائر المحلية) ئەگەر لەجیاتی (مەحەلی) بیکەین بە (حکومی)ئەوە جوانتر ئەبێت، چونکە لەهەر جێگایەك بێت دەوائیر هی حکومیە، اشرافیش لەسەر دەوائیری حکومی چالاکی خۆی دەبێت، ئەوە جوانتر دێت بەڕەئی من، ئەگەر ئەو صلاحیاتەشیان پێ بدرێت، ئەوانیش لە سنووری چالاکی خۆیان وەکو ناحیە ئیش لەسەر پرۆگرامی پەروەردەیی وتەندروستی ئەکەن، لەو سنوورەدا لەسەر بەرنامەکانی تریش، وەك (خەدەمی و ئیعماری) وەکو ئیشێك یان وەکو کارێك، ئەویش لەسنووری خۆی چاودێری ئەو دائیرانە بکات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی بۆ وەڵام دانەوەی ئەو بەڕێزانە، کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی دکتۆر ناصح، کە ئەڵێت مەرجەکانی مودیری ناحیە لێرەدا دووبارە بکرێتەوە، بەڕاستی لەماددەی (14) لە ماددەی(22) لە خاڵی (2) هاتووە، کە ئەڵێت(ثانیاً: یشترط في القائمقام ومدیر الناحیة بالاضافة الى الشروط المطلوب توافرها في عضو مجلس المحافظة ان یكون القائمقام من حملة شهادة جامعیة اولیة، ومدیر الناحیة حاصلاً على شهادة جامعیة في القانون). لەماددەی(14) دیاری کردووە، کە ئەندامی مەجلس مەرجەکانی چیەو خۆشی لە مەجلس هەڵئەبژێردرێت، کەواتە ئەو مەرجانەی تێدا دەبێت، دەکرێ دووبارەی بکەینەوە لێرەدا، بەڵام دووبارەیەو لەقانونیش دووبارە کرایەوە، وەکو حەشو وایە، ئەو

کاته زیاده دەبێت، ئەوەی نازناز خان باسی کرد، ناحیە بێت چ قەزا بێت، لەلایەن مەجلسی محافەزە ئەبێت، کە مەرسومی ئیقلیمی پێ دەرئەچێت، لەدوای ئەوەش هەمان مەوادی کە لێرە باسکراوە، بۆ صەلاحیات و بۆ هەڵبژاردنی مودیری ناحیە، ئەوەی لەم قانونەدا هاتووە لەسەری جێبەجێ ئەکرێت، ئەوەی کاک احسان باسی کرد، لەباتی (مەحەلی) بکرێت بە( حکومیە)بەڕاستی حکومیە زۆر شاملە، چ دەوائیر هەیە و حکومیە ئەبێ ئەو مودیری ناحیە سەرپەرشتی بکات، بۆیە ئێمە پێمان وایە (مەحەلی) بێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان لەبەر ئەوەی نیصاب تەواو نیە، ئەچینە ماددەیەکی تر و موناقەشەی ئەکەین، پاشان کە نیصاب تەواو بوو، دەنگی لەسەر ئەدەین، بۆ ماددەی تر تکایە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە چەند جارێکە ئەوە دووبارە ئەکرێتەوە کەوا (ناحیە و قەزا) حەقی رەفعی تەوصیات و موقتەرەحاتیان نیە، ئەوەی لەخوارەوە بۆ سەرەوە ئەچێت، ئەی ئەگەر موقتەرەح نەکات چی بکات؟، ئەی تەوصیات نەکات چی بکات؟، ئەوەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە بێت ئەوە ئەوامرە، یەعنی بەو شێوەیە شتەکە، ئێمە موقتەرەحێکمان هەبێت یان تەوصیاتێکمان هەبێت، لە خوارەوە بۆ سەرەوە رەفعی ئەکەین، بەڵام ئەوەی ئەوامرەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێز وەزیری ناوخۆ تۆ مولاحەزەت هەیە، لەسەر ئەو پێشنیارەی کە هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری( وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەم قانونە، ئەبێتە شامل وعام لەسەر هەموو کەسێك جێبەجێ ئەبێت، ئەگەر هاتوو ناحیەیەك دروست کرا، مەجلسی موحافەزە موافەقەتی کرد، ئەتوانێ ئەم قانونە تەتبیقی لەسەر بکرێت و هەڵبژاردنی بۆ بکەیت زۆر بەئاسانی، خۆ شەرت نیە؟ تۆ چاوەڕوانی بکەیت تا هەڵبژاردنی عمومی ئەکرێت، کە ناحیەیەکت دروست کرد، ئەو مەرجانەی لەسەر جێبەجێ ئەکەیت، دەتوانی بڕیارێکی بۆ دەربکەیت لە مەجلسی موحافەزە، باصەلاحیەت بدرێت و هەڵبژاردنی بۆ بکەیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، لێرەدا فەصڵێك بەتەواوەتی هاتووە، کە فەصڵی چوارەمە.

**الفصل الرابع**

أولاً: إستحداث الوحدات الأدارية

المادة الخامسة والعشرون :

1- تستحدث القضاء او الناحية بمرسوم اقليمي بناءاً على اقتراح مجلس المحافظة وبموافقة الوزير ومصادقة مجلس الوزراء.

2- تعدل حدود القضاء ويغير إسمها ومركزها بمرسوم إقليمي وبإقتراح من مجلس المحافظة وبموافقة الوزير ومصادقة مجلس الوزراء.

3- تعدل حدود الناحية ويغير اسمها ومركزها ببيان يصدره الوزير بناءً على إقتراح مجلس المحافظة. زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك ئاخر، فەرموو.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە، پرسیاری نازناز خان، ئاوا نەبوو، پرسیارەکەی لەوە بوو، ئەڵێت ئەگەر ناحیەیەك لەو کاتەی کە دروست بوو هەڵبژاردنە، بەڕێوەبەری ناحیەی نیە، لەکاتی دانیشتنی ناحیە مودیری ناحیەکە پێی ئەڵێت دابنیشن، پرسیارەکەی ئەوەیە، کێ بەو ئەنجومەنە ئەڵێت کە دابنیشن، لەوکاتە دائەنیشن، ئەگەر کەس پێی نەوتن ئەنجومەن تلقائیاً دائەنیشێت و بەتەمەنترین کەسیان سەرۆکایەتی ئەو دانیشتنە ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا نیصاب تەواوە، بەس بۆ ڕوونکردنەوەیەکی ئیزافی، لەو حاڵەتە ئیستیسنائیە، ئیدارەو حکومەت هەڵناسن بە ئیلغا کردنی، تا دوای هەڵبژاردن و تەواو بوونی، ئێستا لیژنەی یاسایی ئاخر صیاغەتان بخوێننەوە، تابیخەینە دەنگەوە، تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ( یەکەم و دووەم) هەروەك ئیشارەتم پێدا، بەهەمان صیاغە کە بۆ قەزا دامانڕشتووە، بۆ ئەویش هەمان صیاغە ئەبێت، ئەوی تر لە سێیەمەوە، بەو شێوەیە ئەبێت،

ثالثاً:اقالة رئيس المجلس المحلي او مدير الناحية بأغلبية 3/2 ثلثي عدد اعضائه في حالة تحقق احد الاسباب الواردة في المادة السادسة /(ثانياً) من هذا القانون.

رابعاً: اعداد مشروع موازنة الناحية والموافقة على خطط الموازنة للدوائر التابعة لها وإحالتها الى المجلس المحلي للقضاء.

خامساً: مراقبة تنظيم استغلال الأراضي العامة ضمن الرقعة الجغرافية للناحية والعمل على تطوير الزراعة والري والغابات والثروة الحيوانية فيها.

سادساً: الرقابة على الدوائر المحلية ورفع التوصيات اللازمة بهذا الشان الى المجلس المحلي للقضاء.

سابعاً: اية اختصاصات اخرى يخولها اياه مجلس المحافظة او المجلس المحلي للقضاء بما لا يتعارض مع القوانين النافذة.

ثامناً: وضع النظام الداخلي للمجلس المحلي للناحية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا بەو شێوەی کە خوێنرایەوە دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێزدەم:

لە بارێکدا کە بڕیاری ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە، لەگەڵ بڕیاری ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا ناکۆك بوو، ئەوا بڕیاری ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا ئەولەویەتی دەبێ ئەگەر پەیوەندیی بە هەموو قەزاکەوە هەبوو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة عشرة:

في حالة تعارض قرار المجلس المحلي للناحية مع قرار المجلس المحلي للقضاء تكون الاولوية لقرار المجلس المحلي للقضاء، اذا كان متعلقاً بشؤون عموم القضاء.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین وهیچ تێبینیمان نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان کەس ئەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات، تا ناوی بنووسم، شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جاری پێشوو، ناوی خۆم نەنووسیبوو بۆیە قسەم نەکرد، لێرەدا لە ناحیە و لەقەزا ئەو کێشەی کە ئەڵێت ئەولەویەت ئەدرێت بە قەزا، مەبەستێك هەیە، کاتێك کە ناحیەکان جیا ئەکرێنەوە و سنووریان

دیاری ئەكرێت، تەبعەن ناحیەكان موشتەرەكن، ئەگەر دوو مودیر ناحیە یان دوو ناحیە، لەسەر سنوورێك كێشەیەكیان هەبوو، فیعلەن كێشەكە ئەچێتە قەزا، قەزاش بەهەمان شێوە ئەچێتە پارێزگا، بۆیە لێرەدا واهاتووە، ئەمە عیلاقەی بەوەوە نیە، كە كێشەكە لەناوخۆی ناحیە یان قەزا بێت، كە ئەولەویەت ئەدرێت بە پارێزگا یان بە قەزا، لێرەدا ئەولەویەت بۆیە ئەدرێت بەقەزا، لەبەر ئەوەی كێشەكە لەسەر سنوورە، لەسەر شتی ناوخۆیی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان هەیە، بۆ كاك شێخ، كاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە هەم وەكو ماددەی پێشتر بەهەمان شێوە، ئەگەر هاتو تەعاروز هەبوو لەبەینی بڕیاری مەجلسی ناحیە ومەجلسی قەزا، ئەولەویەت بۆ بڕیاری مەجلسی قەزایە، ئەگەر هاتو صیفەتێكی گشتی هەبوو، بەڵام ئەگەر هاتو صیفەتێكی خاصی هەبوو، ئەوا قەراراتی مەجلسی ناحیە واجبی ئیتیباعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

ئێستا ئەم ماددەیە بەو شێوە دەخەینە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا ئەگەڕێینەوە بۆ ئەو ماددەی پێشتر كە دەنگمان لەسەر نەدا، چونكە نیصاب تەواو نەبوو، كە ماددەی یازدەیە، تكایە بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە.

المادة الحادية عشر:

يشكل المجلس المحلي للناحية عن طريق الأنتخابات العامة المباشرة ويتكون من (5) اعضاء للناحية اذا كان عدد نفوسها يقل عن خمسة وعشرون الف نسمة ويضاف اليهم عضو لكل(25000) خمس وعشرين الف نسمة تزيد عن الحد المذكور على ان تنظم قوائم المرشحين بالشكل الذي يضمن نسبة مشاركة للنساء في المجلس لا تقل عن (30٪) من عدد اعضائه.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

ئێستا ئەم ماددەیە بەو شێوە دەخەینە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چوارەم/ مەرجەكانی ئەندامیەتی و سوێندخواردن

ماددەی چواردەم:

یەکەم: پێویستە پاڵێوراو بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنەکان ئەم مەرجانەی لێ بێتەدی:

1 - پێویستە عیراقی بێ و بە تەواوی شیاو بێ وبیست وپێنج ساڵی لە تەمەنی لە کاتی خۆ پاڵاوتنی تەواو کرد بێ.

2 - پێویستە بەلانی کەم بڕوانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەی هەبێ بۆ پاڵێوراوی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و ئەنجومەنەکانی قەزاکان و بڕوانامەی بنەڕەتی یان هاوتاکەی هەبێ بۆ پاڵێوراوی ئەنجومەنە خۆجێیەکانی ناحیەکان.

3 - پێویستە خوو ڕەوشت و ناوبانگی باش بێ و بە هیچ تاوان و کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نە درا بێ.

4 - پێویستە لە ڕۆڵەکانی یەکە کارگێڕییەکە بێت بە پێی تۆماری باری شارستانی یان لێی دانیشتبێ بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ ماوەیەك لە (دە) ساڵ کەمتر نەبێ بەمەرجێك نیشتەجێ بوونەکەی بۆ مەبەستی گۆڕانکاری دیموگرافی نەبێت.

5- نابێ لەکەسەکانی هێزە چەکدارەکان یان دەزگاکانی ئاسایش بێ.

6- نابێ بەشداریی کردبێ لەو تاوانانەی کە ڕژێمی بەعس لە هەرێمدا نەخشەی بۆ کێشابوون یان جێبەجێی کردوون یان ئەنجامی داون.

دووەم: ماوەی خولی هەڵبژاردن چوار ساڵی ساڵنامەییە ولەیەکەم دانیشتنی دەست پێدەکات و لەکۆتایی ساڵی چوارەم کۆتایی دێت.

سێیەم: پێویستە ئەندامان خۆیان تەرخان بکەن تەنها بۆ کارەکانی ئەنجومەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رابعاً – شروط العضوية وعمل المجالس واداء اليمين

المادة الرابعة عشرة:

اولاً: يشترط في المرشح لعضوية المجالس ما يلي:-

1- ان يكون عراقياً كامل الاهلية اتم الخامسة والعشرين سنة من عمره عند الترشيح.

2- ان يكون حاصلاً على الشهادة الاعدادية او ما يعادلها على الاقل بالنسبة لمرشحي مجالس المحافظات والمجالس المحلية للاقضية وعلى الشهادة الاساسية او مايعادلها بالنسبة لمرشحي المجالس المحلية للنواحي.

3- ان يكون حسن السيرة والسمعة والسلوك وغير محكوم بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

4- ان يكون من ابناء الوحدة الادارية بموجب سجل الاحوال المدنية او مقيمها فيها بشكل مستمر لمدة لا تقل عن عشر سنوات على ان لا يكون اقامته فيها لاغراض التغيير الديمغرافي.

5- ان لا يكون من افراد القوات المسلحة او المؤسسات الامنية.

6- ان لا يكون مشتركاً في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتكبها النظام البعثي في الاقليم.

ثانياً: مدة الدورة الانتخابية اربع سنوات تقويمية تبدأ من اول جلسة له وتنتهي بنهاية السنة الرابعة.

ثالثاً: يجب ان يكون العضو متفرغاً لاعمال المجلس.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها لە سێیەم نەبێت، ثالثاً: يجب ان يكون العضو متفرغاً لاعمال المجالس. نەك مجلس، ئەوی تریش لەگەڵ دەقی ماددەکەین و پێمان وایە ئەوانە مەرجی ئاسایین بەنیسبەت ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە، هەر وەها هی قەزاش، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێت قسە بکەن ناویان ئەنووسم، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر خاڵی شەشەم مولاحەزەم هەیە، 6- نابێ بەشداریی کردبێ لەو تاوانانەی کە رژێمی بەعس لە هەرێمدا نەخشەی بۆ کێشابوون، بەڕەئی من ئەو هەرێمە زیادەیە، بەشکو تاوانێکی کردبێ لەدەرەوەی هەرێم بێت، بۆیە پێم زیادە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

گێلاس خان، فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر خاڵی دووەم پرسیارێکم هەیە، بڕوانامەی بنەڕەتی یان هاوتاکەی، هاوتای بنەڕەتی چ بڕوانامەیەکە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

نازناز خان، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر بڕگەی دووەم مولاحەزەم هەیە، من پێم وایە، ئەندامانی ئەنجومەنی ناحیەش دەبێ بەلانی کەمی بڕوانامەی ئامادەییان تێدا هەبێت، چونکە بنەڕەتی وای لێهاتووە، کە کەمترین بڕوانامە سێی

جارانه، بۆ وەڵامی گێلاس خانیش که ئەڵێت هاوتاکەی مەبەست سێی ناوەندی جارانەو بنەڕەتیەکەش هی ئێستایه، هەر تۆزێك گۆڕانکاری تێدا کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك عادل، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لەسـەر بڕگـەی یـەك مولاحـەزەم هەیـە، ئـەڵێت(اتم الخامسـة والعشـرین سـنة) واتـە (25) سـاڵی تـەواو کردووەو چووەتە (26) ساڵیەوە، ئێمە بۆ ئەندامی پەرلەمان وتمان بگاتە(25) با هەروەکو ئەو بێـت، واتـە لەجیاتی (اتم) بیکەین بە (بلغ)ئەوە لەسەر بڕگەی یەکەم، بڕگەی چوارەم، لێرەدا ئەڵێـت( سـجلی ئـەحوالی مەدنی کردووە بە بنەڕەت بـۆ ئـەوەی حـەقی بـدەینێ کـە ببێـت بەئەنـدام لـەو ئەنجومەنانـەدا) خـەڵکی وا هەیە، (30) ساڵە لە شارەکەی خۆی ڕۆشتووە، بەڵام هێشتا سجلی ئـەحوالی مـەدەنی لـە جێگـای خۆیـەتی، باش وایه ئیقامە بنەڕەت بێـت، سـەبارەت بـە بڕگـەی شـەش، وەکـو کوێسـتان خـان باسـی کـرد حەقـە ئـەوە بکرێتە( ضد شعب کوردستان) لەبـەر ئـەوەی زۆر کـەس هەیـە، تـاوانی کـردووە لـەو ناوچانـەی کـە کێشـەی لەسەرە، لە کەرکووك، لە خانەقین، یەعنی لەو شوێنانە خـەڵکی ئـازارداوە، مـن پـێم باشـە ئـەو بڕگەیـە لـە کۆتاییەکەیدا وای لێ بکرێت، ( ضد شعب کوردستان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك شێخ فەتاح، فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ڕەئـی کوێسـتان خـانم هەیـە، لەسـەر بڕگـەی شەشـەم، پـێم وایـە ( هـەرێم) هـەر لابچێت، بـەڵام لـە پێشەوە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، (ان لایکون معاوناً للنظام) نەك(مشترکاً في الجرائم) زۆر کـەس هەیـە تـاوانی نەکردووە، بـەس هاوکـار بـووە، لەگـەڵ نیزامەکـەدا، ئـەوەی کـاك عـادلیش باسـی کـرد، نـەك هـەر دەرحـەق بەکوردستان، بەڵکو ئەو کابرایە تـاوانی ئەنجامـدابێ بەرامبـەر بـە عـەرەبێك یـان خـارجی قەومیـەت، واتـە شەرت نیە تەنها بۆ کوردسـتان تاوانبـار بێـت، یـان هەیـە هاوکـار بـووە، لەگـەڵ ڕژێـم، بـەڵام تـاوانی ئـەنجام نەداوە، کەوابوو وای لێ بێت، (ان لایکون معاوناً للنظام)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

گوڵاڵە خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی (5-4-2)هەیە سەبارەت بەخاڵی دووەم، بۆچی بڕوانامەی بنەڕەتی نزمترین بڕوانامەیە، با ئەویش هەر ئامادەیی بێت باشترە، قەیناکە کە ناحیەیە، بەڵام خەڵکی خاوەن بڕوانامەی تێدایە، چۆن لەقەزاکاندا ئامادەیی کراوە بەپێوەر با لێرەش هەروابێ، چونکە بەڕاستی بنەڕەتی زۆر نزمە، بۆ خاڵی چوارەم، پێویستە لە رۆڵەکانی یەکە کارگێڕییەکە بێت بە پێی تۆماری باری شارستانی، لەوانەیە لە ناحیەیەکدا تازە یەك، دوو ساڵێك بێت ئەندازیارێکی بەتوانا هاتبێتە ئەو شارە، لەوێ دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی ئەو ناحیەیە، زۆریش لێهاتووە، بۆ ئەوە مەرج بێت، ئێمە لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز زۆربەیان (10)ساڵ لەئەورووپان و ئێستاش هاتوونەتەوە لێرەن، بۆچی ئەوە بکرێت بەپێوەر لە ناحیەیەکدا، بەنیسبەت هێزە چەکدارەکانەوە، ئێمە ئەوانەی لە هێزی ئاسایش وپۆلیسن هەموویان رۆڵەی ئەم گەلەن وزۆریان لەوانەیە کەسانی لێهاتوو بن و بەتوانا بن، ئێستا خانەنشین کراون و پێیان خۆشە بێن خزمەتی مەدەنی بکەن، بۆچی ئەو رێگەیان لێ بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك حاکم سالم، فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی یەکەم، ( ان یکون عراقیاً) من پێم باشە وای لێبکرێت، (ان یکون من مواطني اقلیم کوردستان) تا تەعاروز، لەگەڵ فەقەرەی چوار نەکات، چونکە لەفەقەرەی چوار تەئکید دەکات کە هاووڵاتی کوردستانی بێت، (ان یکون من ابناء الوحدة الاداریة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام، لەگەڵ بەڕێز کاك عادل، 1- ان یکون عراقیاً کامل الاهلیة بلغ الخامسة والعشرین سنة من عمره عند الترشیح. وەکو ئەوەی کەلەناو یاساکانی تر کردوومانە، من یەك خاڵم هەیە، سەبارەت بەوەی کە (4- ان یکون من ابناء الوحدة الاداریة بموجب سجل الاحوال المدنیة او مقیمها فیها بشکل مستمر لمدة لا تقل عن عشر سنوات ) یەعنی بۆ ئەو خەڵکانەی کەڕەوەندن و چوونەتە دەرەوەی وڵات وخەڵکی ناوچەیەکن وحەز

ئەکەن ئیستا بگەڕێنەوەو لەناوچەکەی خۆیاندا بەشداری فعلی بکەن، ئایا کفرە؟ ئەگەر بگەڕێنەوەو ئەو کارە بکەن، یەعنی بەڕاستی بۆ ئیلا دەبێ 10ساڵ متەواسڵ لەو شوێنە بێت، بەشێوەی بەردەوام، لەوانەیە منیش بەهەڵە تێگەشتبم، ئەڵێت(4- ان یکون من ابناء الوحدة الاداریة بموجب سجل الاحوال المدنیة او مقیمها فیها بشکل مستمر لمدة لا تقل عن عشر سنوات) بەشکوم 10 ساڵ نەیتوانیبێ لەسەر یەك ئەم کابرایە لەوێ بێت، 30 ساڵە لەدەرەوەیە ئێستا تەمەنی 40 ساڵە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

دکتۆرە شوکریە، فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من هاتنە کرنێ، بەس نوقتەیەك دەمێنێت، (رابعاً – شروط العضویة وعمل المجالس واداء الیمین) ئەوە نەهاتیە تەرجومە کرن بۆ کوردی، مەرجەکانی ئەندامێتی و سوێند خواردن، تەرجومەکەی باش نەهاتیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك جمال شمعون، فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو شەش خاڵەی کە لەبڕگەی یەکەم هاتووە، نەصەن لەقانونی هەڵبژاردندا هەیە، پێشنیار ئەکەم، ئەوانە لێرەدا لابدرێن لەو بڕگەیەدا، چونکە بەهەمان شێوە لەقانونی هەڵبژاردندا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

چرۆ خان، فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەخاڵی یەکەم، هەر وەکو ئەوەی کە حاکم سالم وتی، کوردستانی بێت، چونکە لە یاسای پەرلەمانیشدا بەو شێوەیە نووسیومانە، بەنیسبەت خاڵی شەشەمیش من نەك داوا ئەکەم ئەوە موشتەرەك بووبێت لە تاوانەکاندا، ئەصڵەن ئەوەی کە بەعسی بووبێت دانەندرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە( د. کەمال کەرکووکی):**

شێخ جعفر، فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر برادەران مولاحەزە بکەن، ئێمە لەم ماددەیەدا باسی بڕوانامەی بنەڕەتی و هاوتاکەی ئەکەین بۆ ناحیە، بەس لە دواتر لە ماددەی (24) ئێمە تەئکیدمان کردۆتەوە کە مودیری ناحیە، ئەبێت بڕوانامەی یاسای هەبێت، ئەگەر لەوێ بڕوانامەی قانونی هەبێت، لێرەش بنەڕەتی هەبێت، چۆن ئەوە ئەهێنیت لێرە جێگای ئەکەیتەوە، ئەمە تەناقوزێك ئەبێت لەبەینی ئەو دوو ماددەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك محمد رفعت، فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەبڕگەی دوودا، تەئیدی ئەو پێشنیارەی نازناز خان ئەکەم، کە مەجالسی محەلی قەزاکانیش بڕوانامەی ئامادەییان هەبێت، بڕگەی چوارەمیش پرسیارێکم هەیە، 4- ان یکون من ابناء الوحدة الادارية بموجب سجل الاحوال المدنية او مقيماً فيها بشكل مستمر لمدة لا تقل عن عشر سنوات على ان لا يكون اقامته فيها لاغراض التغيير الديمغرافي.

یەکەم: کێ تەحدیدی ئەکات؟ کەئەمانە بۆ گۆڕینی دیموگرافی لەکوردستاندا دانیشتوون، دووش: لە دەستووری عێراقی ڕێگەی داوە هەموو هاووڵاتیەکی عێراقی ئەچێتە هەر شوێنێکی عێراق، بەهەرێمی کوردستانیشەوە، ئەتوانێ دابنیشێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك کەریم بەحری، فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: بەڕاستی من تێبینیم لەسەر خاڵی یەكەم هەیە، لە بڕگەی یەكەم، لەگەڵ ئەوەدام كە (اتم) ببێتـە( بلغ) وەكو ئەوەی پەرلەمانی كوردستان، دوو: پێم سەیرە لێرەدا مەرجی خوێندن بۆ ئەندامانی ئەنجومەنە مەحەلیـەكان كـە بڕوانامـەی بـەرز دانـراوە، كەچـی بـۆ ئەنـدامانی بـەرزترین سـوڵتەی تەشـریعی تـەنها خوێندنەوەو نووسین هەبێت، واتە بۆ پەرلەمان تەنها خوێندنەوەو نووسینی هەبێت، كەچی بۆ ئەنـدامانی مەجلسی مەحـەلی بڕوانامـەی ئامـادەیی هـەبێت، ئـەوە دەبوایـە پێچەوانە بوایـە، پێشـنیار دەكـەم ئـەویش بكرێت بە خوێندنەوەو نووسین، لەسەر خاڵی سێیەم كە برای بەڕێزم كاك شێروان وتی، بكرێت بە(لاعمال المجالس) پێم وایە مجلس ڕاستترە نەك مجالس.  سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك بارزان، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكـەم: وەڵڵا بـۆ مەسـەلەی بڕوانامـە، منـیش تەئیـدی كـاك كـەریم ئەكـەم، كـە لـە بـەرزترین دەسـەڵاتدا بڕوانامە فەرز نەكراوە، هەر نووسین و خوێندنەوەیە، دووەم: لە بڕگەی دوودا، ئەو (او ما یعادلها) باشە بـۆ ئامادەیی مایعادلها چیە؟، من ئەوە نازانم، لە بڕگەی شەشدا، مەسەلەن من ( امر فوج) ئەناسم هی تـەواری، نـاوی لەئەنفالـدا نیـەو لـەهیچ شـتێكدا نـەبووە، ئایـا بـۆی هەیـە ئـەو كەسـە خـۆی هەڵبـژێرێت، حەقـە مونتەسبیشی بۆ ئیزافە بكرێت، ئەگەر بكرێت جوابی كوێستان خان بدەمەوە، هەركەسێك سومعەو شـەرەفی موخیل بوو، پێم وایە لەهەر شوێنێك بێت شمولی ناكات، شەرت نیە لەكوردستاندا بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی تكایە ئەگەر ئەتوانن وەڵامی ئەو بەڕێزانە بدەنەوە، فەموو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەپێشنیارەكەی كوێستان خان و كاك عادل، لـەخاڵی شەشـەم كەئـەڵێت( 6- ان لا یكون مشـتركاً في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتكبها النظام البعثي في الاقلیم).

بەڕاسـتی زۆر لـەجێگای خۆیـەتی، حـەق وایـە ئـەوە لاببرێـت، للاقلـیم، بەشـێوەیەكی عمـومی بمێنێتـەوە، سەبارەت بە پرسیارەكەی گێلاس خان، وابزانم نازناز خان، زۆر بەرێك وپێكی جوابی دایـەوە، سـەبارەت بـە

پرسیاری دووەمی نازناز خان، کە پێشنیار ئەکات بۆ مەجلسی ناحیەش بکرێت بە بڕوانامەی ئامادەیی، ئێمە مەبەستمان لەوە بووە، کە بڕوانامەی ئامادەیی یان دەرچووی ناوەندی کەم بێت، بۆیە سەرەتاییمان دانا، بەڵام ئەو پێشنیارە زۆرجار دووبارە بووەتەوە، ئەمەش بۆ سەرۆکایەتی ئەمێنێتەوە کەبیدات بەپەرلەمان بۆ دەنگدان، کاك عادل و کاك کەریم باسی ئەوەیان کرد، کە (اتم) بکریت بە(بلغ) خۆی لەگەڵ کۆمیسیۆن دانیشتین ئەوان ئەڵێن( اتم) تەواو ترە، بەڵام ئێمە لەیاسای پەرلەمان، (بلغ)مان داناوە بۆیە ئەکرێت بکرێت بە(بلغ)، پرسیاری دووەمی کاك عادل، کەئەڵێت (مقیما) خۆی هەیە، کە ئەڵێت(4- ان یکون من ابناء الوحدة الاداریة بموجب سجل الاحوال المدنیة او مقیماً فیها) یەعنی دوو حاڵەتە، یان هی ئەو ناوچەیە بێت، هی وەحدەی ئیداری، یان موقیم بێت، 10 ساڵەکەش بۆ ئەوە دانراوە کە ئەوەندە ساڵ لەوێ بووە، شارەزایی هەیە و ئاشنایەتی هەیە، بەگیروگرفتی ئەو ناوچەیە، پێداویستیەکانی ئەزانێ، بۆیە 10 ساڵ دانراوە، ئەوەی شێخ فەتاح باسی کرد، بەڕاستی زۆر لەجێگای خۆی بوو، کە لەکوردستان نەبێت، بەڵکو ئەو تاوانانەی کەئەکرێت، بەشێوەی گشتی، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین، گوڵاڵە خان باسی بڕوانامەی ئامادەیی کرد، ئەوەمان وەڵام دایەوە، 10 ساڵەکەشمان وەڵام دایەوە، ئەوانەی کە سەبارەت بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، هێزە چەکدارەکان لێرە بەموتڵەقی هاتووە، ئەڵێت(5- ان لا یکون من افراد القوات المسلحة او المؤسسات الامنیة) واتە کاتێك کە ئیستیقالە ئەدات لەو هێزانە، ئەتوانێ خۆی تەرشیح بکات، سۆزان خان باسی 10 ساڵەکەی کرد، ئەوەشمان وەڵام دایەوە، شیرین خان، باسی ئەوەی کرد نوسخەی کوردیەکە باش نیە، بەڕاستی عەرەبیەکە ئەبێت بە ئەساس، کاك جمال شمعون ئەڵێت، حەزفی شروط العضویة بکرێت، چونکە لە قانونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگادا هەیە، ئەوە ڕاستە، بەڵام لەزۆر جێگادا دەڵێن کەلابرێت ئەو ئەندامە لەبەر لەدەست دانی مەرجەکانی ئەندامێتی، بۆیە دەبێ لێرەش باس بکرێت، ئەوەی کە چرۆ خان، ئەڵێت هەر بەعسیش بووبێت،، بەڕاستی ئەوە بۆ بڕیاری پەرلەمان دەگەڕێتەوە، کاك شێخ جعفر باسی ئەوەی کرد، کە ئەندامانی مەجلس بڕوانامەی ئەساسیان هەبێت، وەکو مودیری ناحیە کە لەماددەیەکی تر بڕوانامەی قانونی هەبێت، لێرەشدا دەبێ بۆ ئەنجومەن چەند کەسێك خۆی بپاڵێوێ کە بڕوانامەی قانونیان هەبێت، مودیری ناحیە بەڕاستی ئەبێ جیاوازی هەبێت، کە ئەویش ئەبێ بڕوانامەی قانونی هەبێت، کاك محمد رفعت باسی بڕوانامەی ئامادەیی کرد ئەویشمان وەڵام دایەوە، دەڵێت کێ دەستنیشانی ئەکات لاغراض التغییر الدیمغرافي؟ هەرکەسێك کەخاوەن بەرژەوەندی بێت، بۆی هەیە تەعن لە مەرجەکانی ئەو پاڵێوراوە بدات، دەبێ بچێتە لای کۆمیسیۆن ئیسباتی بکات، کەئەوە بۆ لاغراض التغییر الدیمغرافي بووە، بڕیارەکە بۆ ئەوان ئەگەڕێتەوە، کاك کەریم باسی ئەوەی کرد، (بلغ) وامان لێکردووە، بۆ بڕوانامەکەش ئێمەش پێمان وایە دەبێ بڕوانامەیەکی بەرزی هەبێت، بڕیاریش درا، بەڵام بۆمان نەچووە سەر، ئەوەش موبەڕیر نیە ئێمە بڵێین تەنها خوێندنەوەو نووسین دیاری بکەین، بێگومان ئەبێ ئەو کەسە جیاوازی هەبێت، لەگەڵ کەسێکی تر یان خەڵکانی تر، لەپەرلەمانیش کە بۆمان نەچووە

**سەر ئەوە نابێتە ئەوە کە لێرەش وای لێ بکەین، کاك بارزان پرسیاری ئەوەی کردووە، ئەڵێت( او مايعادلها) چیە؟ مەسەلەن دەرچووی پیشەسازی بێت، یان دەرچووی بازرگانی بێت، یان هاوشێوەیان، سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

**لیژنەی یاسایی ئەو موقتەرەحاتانەی کەوا ڕازی بوون لەسەری تکایە، صیاغەی بکەنەوەو بیخوێننەوە تا بدرێتە دەنگدان، فەرموون.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەندێکیان بەنەزەری ئیعتیبار وەرمانگرتوون، بەڵام هەندێکی تریان ئێمە ولیژنەی ناوخۆش، ڕەئی خۆمان داوە، ئەگەر موقتەرەحی تازە هەیە لەلایەن چەند ئەندامێکی پەرلەمان لەسەر بڕگەیەکی دیاری کراو، ئەوە موقتەرەحەکەیان دەدرێتە دەنگدان، بەڵام ئەوەی کەئێمە لەسەری سوورین بەڕاستی ئێمە لەسەر ئەوە سوورین کە بڕوانامەکە ئامادەیی بێت، ناکرێت ئێمەش بڕگەیەکمان بەنیسبەت پاڵێوراوانی ئەنجومەنی نیشتمانی دامان نا لێرەش دایبنێین، لەو کاتەدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان زۆر بەڕوونی ئەسبابەکانی شیکردەوە، وتی ئێمە زۆر قیادیمان هەبووە، لەبەر خەبات و تێکۆشان وبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نەیتوانیوە بڕوانامە بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەمڕۆ مومکینە کەسێکی لێهاتووە ولێوەشاوەیە، دەتوانێ بەڕاستی هەر پۆستێکی بدرێتێ بەتەواوی لەحەقی دێت، بۆیە ئەوەمان داناوە، بەڵام ئەوە نابێ ببێت بەماددەیەك لەهەموو یاساکانی خۆمان دایبنێین، با ئێمە لەئەنجومەنی پارێزگاکان ووردەوردە دەست پێبکەین، لەقۆناغێکی تر ڕەنگە هی پەرلەمانیش وای لێبکرێت، ئەوە بۆ شتێکی کاتیە بەڕاستی، جگە لەوە ئەوانی تر هەموو واجهەن، 5- ان لا یکون من افراد القوات المسلحة او المؤسسات الامنیة.**

**ئێمە پێمان باشە 5- ان لا یکون من افراد القوات المسلحة وقوی الامن الداخلي ، لێرەدا مەوزوعی حەرەس حدود هاتووەتە ئاراوە، کە عەجەبا ئیزافەی بکەین یان نەیکەین، ئەوەش بۆ ئێوەی بەڕێز ئەگەڕێتەوە، بەنیسبەت خاڵی شەشەم، 6- ان لا یکون مشترکاً في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتکبها النظام البعثي ضد شعب کوردستان، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی دامانناوە، سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

**لیژنەی یاسایی تکایە، فەقەرە، فەقەرە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت، تا بیخەینە دەنگەوە، باشە کوێستان خان، فەرموو.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە چەند ئەندامێکی پەرلەمان وتمان هەرێمەکە هەر لابرێت، سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا فەقەرە فەقەرە دێینە خوارەوە بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت، باشە لەوێ حەلی ئەکەین، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة عشرة:

اولاً: يشترط في المرشح لعضوية المجالس ما يلي:-

1- ان يكون عراقياً كامل الاهلية اتم الخامسة والعشرين سنة من عمره عند الترشيح.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەم فەقەرەیە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ باشە فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسان دەڵێم نابێ ئێمە ئەوە قیاس بکەین، لەگەڵ قانونی پەرلەمان، ناتوانین بڵێین (بلغ) بەس (اتم) ئەوە باشترە، چونکە ئێمە ئەڵێین (25) ساڵ، بەس بەلەغە واتە لە تەمەنی (24)ساڵیدایە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

باشە ئێستا ئەو موقتەرەحە ئەخەینە دەنگەوە کە چەند ئەندام پەرلەمانێك داوایان کرد، کە (اتم) بکرێت بە (بلغ)، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

2- ان يكون حاصلاً على الشهادة الاعدادية او ما يعادلها على الاقل بالنسبة لمرشحي مجالس المحافظات والمجالس المحلية للاقضية وعلى الشهادة الاساسية او مايعادلها بالنسبة لمرشحي المجالس المحلية للنواحي.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

3- ان يكون حسن السيرة والسمعة والسلوك وغير محكوم بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

5 - ان يكون من ابناء الوحدة الادارية بموجب سجل الاحوال المدنية او مقيماً فيها بشكل مستمر لمدة لا تقل عن عشر سنوات على ان لا يكون اقامته فيها لاغراض التغيير الديمغرافي.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، یەك کەسی لەگەڵدا نیە، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

6 - ان لا يكون من افراد القوات المسلحة وقوى الامن الداخلي. موقتەرەحێکیش هەیە بەنیسبەت حەرەسی ئیقلیم هەروەك ئیشارەتم پێدا، دوا ڕەئیش بۆ بەڕێزتانە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

حەرەسی ئیقلیمیش زمنی قواتی مسلحە حساب ئەکرێت، کاك زرار فەرموو، نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە لەخاڵێك تێیدایە، کە ئەو ئەندامە نابێ هیچ کارێکی تری هەبێت، کەواتە کە بوو بەئەندامی ئەنجومەنەکە خۆ نابێ، ئاسایش بێت یان پۆلیس بێت یان چەکدار بێت، هەر بۆی نیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا بەو شێوەی کەخوێندرایەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

6- ان لا يكون مشتركاً في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتكبها النظام البعثي.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، دوو کەسی لەگەڵدا نیە، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانياً: مدة الدورة الانتخابية اربع سنوات تقويمية تبدأ من اول جلسة له وتنتهي بنهاية السنة الرابعة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، یەك کەسی لەگەڵدا نیە، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثالثاً: يجب ان يكون العضو متفرغاً لاعمال المجالس. لێرەدا ئێمە مەجالسمان پێناسە کردووە، دەڵێت المجالس:- یەعنی مجالس الوحدات الادارية، بۆیە ناکرێت بڵێین (المجلس) دوایش لەسەرەوە بەهەمان شێوە هەر وتوومانە (شروط العضوية وعمل المجالس)

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ پەسەند کرا. ئێستا ماددەکە هەمووی دەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پازدەم:

1-سـەرۆكی ئەنجومەنـەكان سـەرۆكايەتی دانيشـتنەكانی ئەنجومەنـەكان دەكـەن و بەرپرسـيارن لـە بەڕێوەبردنی دانيشتنەكان و ڕادەی ياسايی لە ئەنجومەنەكاندا بە ئامادەبوونی زۆرينـەی رەهـای ئەنـدامانی تەواو دەبێ.

2-سەرۆك بەرنامەی كۆبوونەوەی بـە ئەنـدامان رادەگەيـەنێ و دەشـێ ئەنـدام پێشـنياز بكـات ماددەيـەك يـا زياتر بخرێـتە سەر بەرنامەكە و سەرۆك بۆی هەيە ئەمە قەبوول بكات يا رەتی بكاتەوە.

3-ئەنجومەنەكان بۆيان هەيە داوای ئامـادەبوونی هـەر فەرمانبـەرێك بكـەن لـەو كاروبـارەی كـە پەيوەنـديی هەيە بەفەرمانەكەيەوە.

4-دەنگـدان لـە ئەنجومەنـەكان بەئاشـكرايی دەبـێ و دەشـێ بكرێـتـە نهێنـی لەسـەر داوای زۆرينـەی ژمـارەی ئەندامانی و بڕيارەكان بـە زۆرينـەی دەنگی ئەنـدامانی ئامـادە بـوو وەردەگيرێـت و لـەكاتی يەكسـان بـوونی دەنگەكان، ئەو لايەنە پەسند دەكرێ كە سەرۆك دەنگی بۆداوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة  عشرة:

1- يـرأس رؤسـاء المجـالس جلسـات مجالسـهم ويكونـون مسـؤولين عـن ادارتهـا ويكتمـل النصـاب فيهـا بحضـور الاغلبية المطلقة.

2- يبلغ الاعضاء ببرنامج الاجتماع من قبل الرئيس ويجوز للعضو ان يقترح اضافة مادة او اكثـر الى البرنـامج وللرئيس قبول ذلك او رفضه.

3- للمجالس طلب حضور اي موظف في الشؤون التي لها علاقة بوظيفته.

4- يجري التصويت في المجالس بطريقة الاقتراع العلني ويجوز جعله سريا بناء على طلب اغلبية عدد الاعضاء وتتخذ القرارات باغلبية الحاضرين وعند التساوي يرجح الجانب الذي يصوت لصالحه الرئيس.

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەيـە، ماددەيـەكی ئاسـاييە بـۆ چـۆنيەتی بـەڕێوە چـوونی ئيشـوكارەكانی ئەنجومـەن، بـۆ مەسـەلەی دەنگدان ودانيشتنەكان وئاشكرا و نهێنيەتی دانيشتنەكانيش، بۆيە ئاساييە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كێ ئەيەوێت لەسەر ئەم ماددەيە قسە بكات، تكايە ناوتان ئەنووسم، فەرموو كاك دكتۆر ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەخاڵی دووەمدا هاتووە، (ویجوز للعضو ان یقترح اضافة مادة او اكثر الى البرنامج وللرئیس قبول ذلك او رفضه) بۆ ئەو دەسەڵاتە تەنها بە سەرۆك بدرێت، چونكە لەناو ئەو (5)كەسە یان ئەو(7)كەسە بۆ تەنها سەرۆك بۆی هەبێت بڵێت ئا یان نا، چونكە لەوانەیە ئەوانیش پێشنیارێكیان هەبێت و لەبەرژەوەندی باڵا بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە باسی سەیری عەمەل ئەكات لە مەجالیس، ئێمەش لە مەجلسی قەزاو لە مەجلسی ناحیە، فەقەرەیەكمان زیاد كرد، كە نیزامی داخلی بۆ خۆیان دابنێن، مـن پێشنیار ئەكەم ئەو ماددەیە هەمووی ئیلغا بكرێتەوە، مەجلیسەكە بچێتەوە ناو نیزامی داخلی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك عادل، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر بڕگەی یەك قسەم هەیە، (الاغلبیة المطلقة) هەموو ئەندامان یان ئامادە بووان، با ئەوە ساغ بكرێتەوە، بڕگەی سێش ئەڵێت(3- للمجالس طلب حضور اي موظف في الشؤون التي لها علاقة بوظیفته)، بیهێننە پێش چاوی خۆتان عەمەلیەن، چۆن مەجلس فەرمانبەرێك، حەق وایە بڵێین هەر ئەندامێكی ئەنجومەن بۆی هەیە، بانگهێشتی فەرمانبەر بكات، بۆ پرسیار لێكردنی سەبارەت بەو ئیشوكارەی كە تایبەتمەندە بەوەوە، یەعنی نەك للمجالس، باشە چۆن عەمەلیەن مەجلسێك فەرمانبەرێك بانگ ئەكات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من غەدر لە دكتۆر ناصح ناكەم، ئەمڕۆ دووجار پشتگیری لێ كردووم، بۆیە منیش پشتگیری لێ ئەكەم، ئەمڕۆ زۆر تەباین، تەبعەن منیش هەمان ڕەئیم هەیە، بەڕاستی من تێناگەم بۆچی ئیلا ئەبێ

سەرۆك ڕازی بێت، چونكە كەداواكەی پێشكەش كرد لەوانەیە ڕازی بێت ولەوانەشە ڕازی نەبێت، چونكە خۆیان هەموویان بەدەنگدان هاتوونەتە ناو ئەو ئەنجومەنەوە، بە دەنگدانیش یەكێك هەڵبژێردراوە بۆ سەرۆك، بۆ ئەم حەقە زیادەیە بدرێت بەسەرۆك، بەڵكو شتێك هەبێت و سەرۆك بەدڵی نەبێ، ئێوە بیر لەوە بكەنەوە، چونكە كۆمەڵێك لیست و بۆچوون وحزبی جیاواز دێتە ناو ئەم ئەنجومەنانەوە، چۆن ئەكرێت ئەم سوڵتە ڕەهایە بدەینە دەست سەرۆكەكە بەتەنها، لەبەر ئەوە تكا ئەكەم با ئەوە چاكبكرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك شێخ جعفر، فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پرسیارەكە لە لیژنەكەی خۆمان ئەكەم، ئێستا پارێزگار هەیە، بەرپرسی ئەنجومەنیش هەیە، ئێمە كە پارێزگارمان هەبێ و ئەو ئەنجومەنەشمان هەڵبژارد، ئەو پارێزگارە سەرۆكی ئەنجومەنەكە ئەبێت، ئەگەر وا نەبێ ئەوا پارێزگار ئەبێتە ئەندامی ئەنجومەنەكە، كە دەبێتە سەرۆكی یەكەی كارگێڕی، لەگەڵ قایمقامەكە، ئەو وەختە سەرۆكەكە موحاسەبەی پارێزگارو قایمقام ئەكات، ئەمەش خۆی نابێ وابێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی تكایە، وەڵامی ئەو بەڕێزانە بدەنەوە، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پرسیاری ئەخیرەوە دەست پێدەكەم، یەكەم: ئیعتیادی پارێزگار بەرامبەر بە مەجلس مەسئولە، قایمقامیش بەهەمان شێوە مەسئولە، مودیری ناحیەش بەهەمان شێوە مەسئولە، ئەوەی كەسەرۆكایەتی دانشتنەكان ئەكات سەرۆكی مەجلسە نەك پارێزگار، یان قایمقام یان مودیری ناحیە، چونكە ئەمانە هەموویان ئەندامن، دووەم: ئەوەی سۆزان خان باسی كرد و دكتۆر ناصحیش ئیشارەتی پێدا، من نازانم ئێمە لەپەرلەمانین، بەرنامەی كار ئێمە دای دەنێین یان سەرۆكایەتی پەرلەمان، بەتەئكید سەرۆكایەتی دای دەنێت، بەپێی ئەو ئەولەویاتەی كە هەیەتی، لەوێش لە ناحیەیەك (5) ئەندام هەیە، لە قەزایەكیش (7) ئەندام هەیە، باشە دەبێ عەجەبا سەرۆكی ناحیە یان قەزاكە ئەو دەسەڵاتەی نەبێت، كە ئەولەویاتێك بدات بەبەرنامەی كاری خۆی، ئەوە شتێكی زۆر ئاساییە، خۆ ناكرێت لەوێش هەموو بڵێین لەگەڵێداین یان

لەگەڵیدا نین، بۆیە بەتەسەوری من وەکو برای بەڕێزم کاك فرسەت ئیشارەتی پێدا، ئەوە لەزمنی مەبادئی عامە، کە بەرنامەی کاری ئەنجومەنەکە سەرۆکی وەحدەی ئیداری دای بنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ خوشك وبرا باسی ئەوەیان کرد، کەئەو ماددەیە لابرێت، لەنیزامی داخلی ئەکرێ ئەوە چارەسەر بکرێت، ئەوە ڕاستە، دەکرێ لەنیزامی داخلی چارەسەر بکرێت، بەڵام ئێمە پێمان وابوو، هەندێك ئەفکار یاخود هەندێك مەوادی ئەساسی هەیە، لێرە بەقانون تەنزیمی بکەین، ئەوانی تر بابە پەیڕەوی ناوخۆیی تەنزیم بکرێت، کەئەوانیش چوار فەقەرەن، یەکەم: سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکان و بەڕێوەبردنی وچۆنیەتی تەواو بوونی نیصاب، دووەم: چۆنیەتی دانانی بەرنامەی کار، یاخود کۆبوونەوە و گەیاندنی بەئەندامەکان، سێیەم: ئامادە بوونی فەرمانبەرەکان، چوارەم: شێوازی دەنگدان، لێرە ئەگەر بەقانون تەنزیم نەکرێت، بەتایبەتی کاك زانا باسی کرد، یەعنی (حضور الموظفین) ئەوە بەپەیڕەوی ناوخۆ ناتوانرێت چارەسەر بکرێت، تەنها دەبێ بەیاسا چارەسەر بکرێت، بۆیە پێمان وابوو ئەوە بەمەوادی قانونی چارەسەر بکرێت، شتەکانی تر بە نیزامی داخلی چارەسەر ئەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی دکتۆر ناصح، کە سۆزان خانیش پشتگیری لێکرد، ئەوە قاعیدەیەکی عامە وەك لە پرۆژەکەدا هاتووە، ئەگەر پێشنیارەکەیان سەحب نەکەن، دەیخەینە دەنگەوە، دکتۆر ناصح سەحبی ئەکەیت؟، باشە سەحبی ناکەیت، ئەی تۆ سۆزان خان، ئەویش سەحبی ناکات، بۆیە دەیخەینە دەنگەوە، باشە فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر موقتەرەحەکەیان سەحب نەکەن ئەوە دەیخەینە دەنگەوە، بەس ئەبێ بەدیلی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

زۆر دروستە، ئەگەر بەدیلی هەبێت چۆنە و ئەگەر تەعادولیش بوون ئەوە چۆنە، لەو حاڵەتەدا بەدیلەکە چیە، کاك دکتۆر ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەدیلەکەی ئەوەیە، لەناو ئەنجومەنەکە ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر زۆرینەی دەنگەکانی هێنا ئـەو وەختــە باســی لێـوە بکرێـت، بەرنامــە ئــەبێ بــە جــەماعی دابنــدرێت، نــەك قیــادەی فــەردی لێــرە دیکتاتۆریەت دروست بکەین، سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبداللە( د. کەمال کەرکووکی):**

**ئەوە خۆی خەلەل لێرەدایە، ئەبێت بە دوو بەدوو، ئەوان خۆیان (5) کەسن، بۆیە تەعادول ئەبێت، یـەعنی هیچ حەلێکی نابێت، کاك زرار نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ژمارەیەك ئەندام ناوی خۆی نووسیوە، کەلەسەر ماددەی (15) قسە بکەن، با هەموویان قسە بکەن، بـزانین چەند کەسی تر، لەگەڵ ئەو موقتەرەحەدان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبداللە( د. کەمال کەرکووکی):**

**باشە، فەرموو کاك ئارام.**

**بەڕێز ئارام رسول مامەند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر لە بڕگەیەك لە یاساکەدا مولاحەزە هەبێت، بەڕاستی ئەبێ بەدیل هـەبێت، وەکو باسـیش کـرا، بـەڵام بەدیلی ئەم دوو بەڕێزەش مەنتق ناگرێتەوە، لە ئەنجومەنێك کە (5)کەسـن سـەرۆکەکەی هەڵدەبـژێردرێت وچوار کەسی ئەمێنێتەوە، بەچی دەنگدان لە نێوان چوار کەسدا ئەکرێت، کـاتێ کـە دوو بـەدوو بێـت، کـەوا بوو مانای وایە بەرنامەی کار بەهیچ شێوەیەك بەو شێوەیە داناندرێت، سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبداللە( د. کەمال کەرکووکی):**

**سۆزان خان فەرموو، تکایە هیچ موداخەلەیەك نیە، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە ئەزانین ئەم حاڵەتە، بەس دیکتاتۆریەت دروست بوون چیە؟، لەبەینی چوار ئەندامدا، موقتـەرەحیش هاتــە نـاوەوە، دەنگی لەسـەر ئـەدرێت، سـەرۆك لەگـەڵ کـام لایانـدا بێـت، ئـەوە پـەیڕەو ئـەکرێت، هەمیشـە ئیشەکانیش وا ڕۆشتووە، لەناو پەرلەمانیشـدا بەهـەمان شـێوە بـووە، خۆیـان (5) کەسـن، سـەرۆك لەگـەڵ چ لایەکدا بێت ئەوە دەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا دوو وجهە نەزەر هەیە، یەکێکیان وەکو پرۆژەکە، کە هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆش پشتگیری لێ دەکەن، موقتەرەحێکی تریان هی دکتۆر ناصح و سۆزان خانە، ئێستا کێ پشتگیری لەو پێشنیارەی کە تازە هاتووە، دەکات با دوو کەس قسەی لەسەر بکەن، کاك احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لەهەموو دەستەکاندا بەرنامەی کار دادەنرێت، بۆ دانانیشی سەرۆکایەتی بەرپرسیارە، بەس کە دەستەیەکی جەماعی هەبێت، حەقێکی سروشتیە کە بەزۆرینە، پێشنیار بکەن ئەو فەقەرەیە ئیزافەی بەرنامەی کار بکەن، لێرەش لە مەجلسی محافەزە بێت، یان هی قەزا بێت، یان هی ناحیە بێت، ئەگەر زۆرینە بەیەکەوە، داوایەك بکەن، ئەو فەقەرەیە یان ئەو ماددەیە یان ئەو مەوزوعە، لەبەرنامەی کار دابندرێت، ئەبێ سەرۆکەکە قبوڵی بکات و لەکۆبوونەوەکەدا موناقەشەی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك ئاریێز، فەرموو.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە پێشنیارەکەی کاك دکتۆر ناصح و سۆزان خان دەکەم، ڕاستە سەرۆك بۆی هەیە، بەرنامەی کار دابنێت، بەڵام کاتێ کە (5)کەسن، ئەگەر وەکو یەك بوو، یان لەحاڵەتێکە کە یەکێکیان غائیب بوو، ئەو کاتە دوو بەدوو بوون، سەرۆك لەگەڵ چ لایەکدا بوو ئەوە بەو لایە دەدرێت، واتە ئێمە لەگەڵ زۆربەداین بەس کەسەرۆك لەگەڵ چ لایەکدا بوو، بۆ ئەو لایە دەشکێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا کێ پرۆژەکەی پێ باشەو ئەیەوێت قسەی لەسەر بکات، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە و لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ موقتەرەحەکەی خۆمانین، کەلەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کراوە، ئەو موقتەرەحەش کە تازەیە دەکرێ، بخرێتە دەنگەوە تا بزانین دەنگ دێنێ یان نایهێنێ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك بارزان، فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەناحیەیەکدا (5) ئەندامی ئەنجومەن هەیە، یەکێکیان ئەبێت بە مودیری ناحیە، (4)یان ئەمێنێتەوە، باشە ئەی زۆرینە لەکوێدا دروست ئەبێت، من مەبەستم ئەوەیە، لەحاڵەتێکدا کە ئەڵێت ئەگەر یەکسان بوون، ئەوە ئەفزەڵیەت دەدرێت بەو لایەی کە سەرۆکی لەگەڵدایە، من بۆ ناحیە بچووکەکان ئەڵێم ئەوەش حاڵەتێکە و هەیە، باشە چارەسەری چیە؟، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

باشە ئێستا پێشنیارێك ئەکەین بۆ ئەوەی حەڵێکی وەسەت دابنێین، لیژنەکان ڕەئیتان ئەگەر بەم شێوەیە تەعدیل بکرێت، لەحاڵەتێك ئەگەر سەرۆك ڕەفزی کرد، ئەوجا خاوەنی موقتەرەح ئیسراریان کرد، کە بخرێتە دەنگەوە لەناو ئەنجومەنەکەدا، ئێستا ئەو موقتەرەحەی کاك دکتۆر ناصح، کە پشتیوانی لێکرا، لەلایەن سۆزان خان و کاك ئارێزیش دیفاعی لێکرد، دەیخەینە دەنگەوە، باشە گەلاوێژ خان، فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی دەبێ موناقەشات تەواو بێت، ئینجا هەر موقتەرەحێك هەبوو دەخرێتە دەنگەوە، ئێمە چەند کەس ناومان نووسیوە کەقسە بکەین، بەڵام هەڵ نەساوین، با موناقەشە تەواو بێت پاشان بخرێتە دەنگەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لەسەر ئەم موقتەرەحە، موناقەشە تەواو بوو، پاشان ئەچووینە سەر خاڵەکانی تر، خرایە دەنگدانیشەوە بەس حسابمان نەکرد، بۆیە داوای بەدیلی ئەو خاڵە ئەکەین، تا بخوێنرێتەوەو بخرێتە دەنگەوە.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر واحسابمان کرد، کە موناقەشە لەسەر نەفسی بڕگە دەکرێت، ئێستا من پشتیوانی لەو ڕەئیە ئەکەم، موناقەشەی دەکەم، کەسانی تریش هەیە، بەهەمان شێوە ئەیانەوێت قسە بکەن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەنیسبەت بەرنامەی کار، هەمیشە پێش وەخت، بەلانی کەمی 24 سەعات ئامادە دەبێت، نابێت لەناو دانیشتن ئیزافە بکرێت و تەرح بکرێت، باشە سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەتا ئێستا ئێمە زیاد لەچوار ساڵە داوا ئەكەین، سەعاتێكی ساخینەمان هەبێت، كاتێ كەشتێك ڕوو ئەدات لەدەرەوە، كارەساتێك ئەقەومێت كە دێین بۆ پەرلەمان، بتوانین قسەی لەسەر بكەین، بەس نابێت، هەمان شتە بۆچی ئەم دیكتاتۆریەتە هەبێت؟، بۆچی قیادەی جەماعی نەبێت؟ بەیەكەوە، ئیتیفاق بكەن خۆ ئەمە شەڕو هەرا نیە، ئەمە بەیەكەوە شوێنێك ئەبەن بەڕێوە، خۆ ئەم ئیقتراحەی ئێمە هیچ شتێكی تێدا نیە، تەنها تەوەجوهاتی سیاسەتی تازەی بەڕێوە بردنە، هیچ خلافێكی نیە، لەگەڵ سیاسەتی تازەی بەڕێوەبردن، سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

**ئەمە مەبدەئێكی عامە، لەهەموو پەرلەماناتی دونیا، لەهەموو مەجالسی پێشكەوتوو، بەرنامەی كار پێش ماوەیەك ئامادە دەكرێت، ئەندامانی ئەو مەجلسە پێشتر بەرنامەكەیان حازر ئەكەن، كە هەموو ئەزانن وەختێ كە دێن، نەك لەناو ئەنجومەنەكە شتی تازە بێنن، پێشتر خوێندوویانەتەوە، خۆشیان بۆ ئامادە كردووە، تا لەوێ موناقەشەی لەسەر بكەن، ئێستا موقتەرەحەكەی ئەو بەڕێزانە دەخوێندرێتەوەو دەخرێتە دەنگەوە، كاك عەونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**3 - يبلغ الاعضاء ببرنامج الاجتماع من قبل الرئيس ويجوز لكل عضو ان يقترح اضافة مادة او اكثر الى البرنامج وللاكثرية قبول ذلك او رفضه.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

**ئەو موقتەرەحەی كە بەڕێزان كردیان، دوو برادەری تریش دیفاعی لێ كرد، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون 35 كەسی لەگەڵدایە، كێی لەگەڵدا نیە؟، 19 كەسی لەگەڵدا نیە، بۆیە پێشنیارەكە سەركەووت، گەلاوێژ خان، فەرموو بزانم ڕەئی تۆ چیە؟.**

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بڕگەی یەكەمی ماددەی (15)( 1- يرأس رؤساء المجالس جلسات مجالسهم) تەنها حەسر كراوە، بەسەرۆكی مەجلس، باشە ئەی ئەگەر سەرۆكی ئەنجومەن بۆ ماوەیەكی دیاریكراو ئامادە نەبوو، سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

**ئەوە دەنگی بۆ درا، لیژنەی یاسایی تكایە، وەڵامتان بۆ گەلاوێژ خان، چیە؟.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەرت نیە، ئێمە هەموو وردەکارییەکان لەم قانونەدا بێنینە خوارەوە، ئێمە وتوومانە بە نیزامێك چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیشوکاری مەجلسەکە دیاری ئەکەین، ئەوەش دەچێتە نیزام، حەتا ئەو فەقەرانەش پەیوەندی بەنیزامەوە هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی یەکەمجارە وتمان قەیناکە، با ئەو فەقەرانە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا هەموو ماددەکە بەو گۆڕانکاریانەی کەوا کرا، دەیخەینە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شازدەم:

یەکەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەکان ئەم سوێندەی خوارەوە لەبەردەم ئەنجومەنی پارێزگا دەخۆن:

(سوێند بە خودای گەورە دەخۆم، کە پارێزگاریی لەیەکێتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و سەلامەتی خاکی بکەم، و چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم، و پابەندبم بە دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان لەهەرێمدا، و کاری خۆم بەدڵسۆزی و راستگۆیی و دەسپاکی و بێ لایەنی ئەنجام بدەم، و خودا شاهێدە لەسەر ئەوەی دەیڵێم).

دووەم: پارێزگار ئەو سوێندەی کە لە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، لەبەردەم سەرۆکی هەرێم بەئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ دەخوات.

سێیەم: قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە، ئەو سوێندەی سەرەوە کە لە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، لەبەردەم وەزیری ناوخۆ بە ئامادەبوونی پارێزگار دەخوات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادةالسادسة عشرة:

اولاً: يؤدي رئيس واعضاء المجالس اليمين التالية امام مجلس المحافظة ((اقسم بالله العظيم ان احافظ على وحدة اقليم كوردستان_العراق وسلامة اراضيه وارعى مصالح الشعب والتزم بالدستور والقوانين النافذة في الاقليم وان اؤدي عملى بأخلاص وصدق وامانة وحياد والله ما اقول شهيد))

ثانياً: يؤدي المحافظ اليمين المنصوص عليها في (اولاً) من هذه المادة امام رئيس الاقليم بحضور وزير الداخلية.

ثالثاً: يؤدي القائمقام ومدير الناحية اليمين المبنية في (اولاً) من هذه المادة امام وزير الداخلية بحضور المحافظ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەو بەڕێزانەی کەئەیانەوێت لەسەر ئەم ماددەی قسە بکەن، ناویان ئەنووسم تکایە دەستان بەرزبکەنەوە، کاك محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم سوێندخواردنە، سوێندی پەرلەمانە، یەعنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، (وحدة اقليم كوردستان وسلامة اراضيه وارعى مصالح الشعب) ئەمانە هی پەرلەمانن، یەعنی تۆ ئەو کەسە سوێند ئەدەیت بە شتێك کە لەکارەکەی بەرزترە، ئەی دوایی چۆن موحاسەبەی ئەکەیت؟، تۆ ئەبێ لەسەر شتێك سوێندی بدەیت کە پەیوەندی بە ئیشوکارەکەی خۆیەوە هەبێت، خەڵکی پارێزگاکە، پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی قەزاکە، پاراستنی بەرژەوەندیەکان و ئەرزی ناحیەکە، یەعنی ئەم حەقی چیە بەهەرێمی کوردستانەوە، کابرای فەقیر مودیری ناحیەیەکە تۆ وا سوێندی بدەیت، تۆ ئەوە بزانە ئەم کەسە ئیداریشە، کاری تەنفیزی وئیداری ئەکات، بەتایبەتی پارێزگارەکە، چۆن ئەم ئیشە گەورەی پێئەکەیت؟، لەبەر ئەوە من پێشنیاری ئەوە ئەکەم، سوێندەکە پەیوەندی هەبێت بەو جوگرافیە ئیدارییەی کەئەو بەرپرسە لێی، ئەگەر پارێزگارە، ئەگەر قایمقامە، ئەگەر مودیری ناحیەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك جوتیار، فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا منیش هەر لەسەر ئەوە قسەم هەبوو، ئەو سوێندە ئەندامانی پارێزگا پابەند ناکات، بە پارێزگاکەی خۆیان، باشترە دەستەواژەیەکی لەو بابەتەی تێدا بێت، بڵێت( من سوێند بەخوای گەورە دەخۆم، کەپارێزگاری لەیەکێتی هەرێمی کوردستان - عێراق، و سەلامەتی خاکی بکەم وچاودێری بەرژەوەندیەکانی گەل بکەم، وپابەند بم بەدەستوور ویاسا کارپێکراوەکان و پابەند بم بەبەرژەوەندیەکانی پارێزگاو کاری خۆم بەدڵسۆزی بکەم و ......) ئەو پارێزگایەی تێدا بێت، بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا، پابەند بن بە پارێزگاکەیانەوە، ئەمە سوێندێکە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، و وەزیرەکان، و بۆ ئەوانەی کە لە ئاستێکی گەورە ترن، لەسەر ئاستی هەرێم کاروباریان بەڕێوە دەبەن، لێرەدا دیاری کراوە،

کەپارێزگار سوێند لەبەردەم سەرۆکی هەرێم و وەزیری ناوخۆ دەخوات، قایمقام و مودیری ناحیە، سوێندەکەیان لەبەردەم وەزیری ناوخۆ و بەئامادە بوونی پارێزگار دەخۆن، واباشترە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن، سوێند لەبەردەم بەرزترین دەسەڵاتی دادوەریدا بخۆن، ئەڵبەتە لەپارێزگادا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك شێخ جعفر، فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: منیش بۆ سوێندەکە، ئەوەی کاك جوتیار لەکۆتاییەکەیدا ئەمەی بۆ زیاد بکرێت (کارپێکراوەکانی لەهەرێمدا لەسنووری دەسەڵاتیدا) ئەو (دەسەڵاتەی) بۆ زیاد بکرێت، ناحیەیە یان قەزایە، یان پارێزگایە، ئەوە بۆ سوێندەکە، دووەم: ئەو سوێندە لەبەردەم سەرۆکی هەرێمدا ناخورێت، ئەو سوێندە بە ئامادە بوونی وەزیری پەیوەندیدار لەبەردەم سەرۆکی حکومەتدا بخورێت، چونکە پێشتر هەر وابووە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك دکتۆر ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە، سوێندەکە سەرەتاکەی زۆر باش هاتووە، (اقسم بالله العظيم ان احافظ على وحدة اقليم كوردستان_العراق وسلامة اراضيه وارعى مصالح المحافظة) لێرەدا واجبی ئەوە پێش هەموو شتێك مەصاڵحی ئەو پارێزگایە بپارێزێت، ڕاستە سوێندەکانی تریشی پیرۆزە، بەس دەبێت هی پارێزگا بێت، ئینجا(والتزم بالدستور والقوانين النافذة في الاقليم وان اؤدي عملي بأخلاص وصدق وامانة وحياد والله ما اقول شهيد) کە وتی (والتزم بالدستور) یەعنی موحافەزەی شەعبیش ئەکات، بەڵام لێرەدا باسی پارێزگا بۆیە گرنگە، لەجیاتی (مصالح الشعب) بکرێت بە( مصالح المحافظة)، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك ئارێز، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پەرلەمانەکەمان ناوی پەرلەمانی کوردستان – عێراقە، ئەو هەرێمەی کە هاتووە، زاراوەیەکی ئیدارییە، پەیوەندی بەئیدارەوە هەیە، دوایش کوردستان – عێراق، هەر هەرێم نیە، واتە ئەو سێ پارێزگایە، بەشەکەی تریش ئەگرێتەوە، تۆ ئەگەر بڵێیت، ئەوە سبەی بۆت هەیە دەستبەرداری پارچەکەی

تریش بیت، کەلەناو سنوری ئیداری ئەو سێ پارێزگایە نیە، لەبەر ئەوە من پێشنیار ئەکەم، چۆن ناوی پەرلەمانی کوردستان – عێراقە، ئەمەش بکرێت بە پارێزگاری لەیەکێتی کوردستان – عێراق ئەکەم، ئەوە لایەنێکیانە، لایەنەکەی تر، کە باسی پارێزگا ئەکرێت، یان باسی ناحیە ئەکرێت، یان قەزا ئەکرێت، خۆی ئەوەیە ئێمە هەمووومان مولتەزمین ئەوەش بەشێکە لەکوردستان، ئەگەر ئەوەش نەوترێت، سبەینێ ناحیەیەك لەسەر سنوورە، مەسەلەن ئەیەوێت، مودیر ناحیە یان قایمقام یان پارێزگا بەشێك لەو خاکەی بخاتە سەر هەرێمێکی تر، کەواتە ئەو کاتە ئێمە زەرەر ئەکەین، لەبەر ئەوە من تەئکید ئەکەمەوە، بنووسرێت کوردستان – عێراق، هەم هەموو کوردستان ئەگرێتەوە، کەپارێزگاری لێ بکات، هەم جوانترە، بەواتا هەرێمەکە لابچێت، چونکە موستەڵەحێکی ئیدارییە، ئەوە نیشتمانە کە ئێمە باسی ئەکەین، بۆ نموونە دەست بەرداری مەخمور بین، ئەڵێین ئەوە سەربە هەرێمی کوردستان نیە، یەعنی سوێندی بۆ ناخۆین، چونکە لەسەر خاکی ئێمە نیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی، فەرموون وەڵامتان بۆ ئەو بەڕێزانە.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبینیەکەی کاك محمد فەرەج کە کاك جوتیاریش هەمان مولاحەزەی هەبوو، دەڵێین ئەو سوێندە هی ئەندامی پەرلەمانە، لەو سوێندە چەند بنەمایەك هاتووە، یاخود چەند پرەنسیپێك هاتووە، پێمان وایە کەوا ئەرکی هەموو لایەکە، هەم ئەندامی پەرلەمانە، هەم وەزیرە، هەم ئەندامانی ئەنجومەنە، هەم قایمقامە، هەم ئەندامانی قەزایە، ئەو پرەنسیپانە چیە؟، یەکەم: سەلامەتی خاکی هەرێم، دووەم: بەرژەوەندییە باڵاکان، بەڕاستی ئەوەش ئەرکی هەموو لایەکمانە، نەك هەر ئەرکی ئەندامی پەرلەمانە، سێیەم: پابەند بوون بەدەستوورو یاساکان، بۆ ئەرکی ئەندامانی ئەنجومەن نیە، ئەو بەشە، چوارەم: دڵسۆزی و ڕاستگۆیی وئەمانەت وحیاد کردن، لە کاروبارەکان، ئەوەش بۆ هەموو لایەکمانە، کاك محمد، پێنجەم: پاراستنی یەکێتی هەرێمش، کەهەریەکە ئەتوانێ لەشوێنی خۆی کار بکات بۆ یەکێتی خاکی هەرێمی کوردستان، کە بیپارێزێت، ئەوەی کاك جوتیار باسی ئەکات، سوێند خواردن بەرامبەر سوڵتەی قەزائی، ئێمە پێمان وایە بەڕاستی ئەوە کەم کردنەوەیە لەهەیبەت و دەسەڵاتی مەجلسی پارێزگا، یان هی قەزا، یان هی ناحیە، چونکە ئەو سوێندە بۆهەر هەموومانە، وەکو پەرلەمان، ئەگەر ئیجازەم بدەن، ئەندامانی پەرلەمانیش و سەرۆکیش و جێگرەکەشی وسکرتێریش، هەموو لەبەردەم پەرلەمان سوێندیان خواردووە، ئێمە پێمان وایە ئەوانیش لەبەردەم ئەنجومەنی خۆیان دەبێ سوێند بخۆن، ئەوەی شێخ جعفر باسی کرد، کەسوێندی پارێزگار بەرامبەر سەرۆکی حکومەت بێت، نەك سەرۆکی هەرێم، لەبەرئەوە بەرامبەر بەسەرۆکی هەرێمە، چونکە مەرسومی ئیقلیمی پێ دەردەچێت، بۆیە دەبێت سوێندەکەش هەر

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 52

سالّی/ 2009 – بەرگی پەنجاودوو

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2009

# پێڕیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2009/4/16 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/4/20 ل55

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن –سێ شەممە 2009/5/5 ل143

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/5/6 ل171

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/5/11 ل215

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/5/12 ل329

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/5/13 ل345

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/5/18 ل379

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/5/27 ل439

**(خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە بە نووسراویان ژمارە 978 لە (2009/4/26)، ئەمەش ئاڕاستەی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی و ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، خاڵی پێنجەم (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای پاراستنی ناوچەکانی سەوزایی و دار ڕواندن لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە)، ئەمەش ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ و لیژنەی شارەوانی و ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، هەروەها لیژنەی تەندروستیش، خاڵی شەشەم (خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە)، فەرموون بۆ خاڵ بە خاڵ خوێندنەوەو گفتوگۆ کردن لەسەری، داوا لە لیژنەی ناوخۆ دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن و مادده بە مادده بیخوێننەوە بە کوردی و بە عەرەبی و ڕای لیژنەکانیشی لەسەر بدەن، کاک جمال فەرموو.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی**

**پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسە و ئامانجەکان**

**<u>ماددەی یەکەم:</u>**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.**

**یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**دووەم: دەستە: دەستەی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لە کوردستان دا.**

**سێیەم: ئەنجومەنەکان: ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و ئەنجومەنە خۆجێیەکانی قەزا و ناحیەکان.**

**چوارەم: بازنەی هەڵبژاردن: هەموو ناوچەیەکی دیاری کراو کە ژمارەیەك کورسیان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ تەرخان کراوە.**

**پێنجەم: مەڵبەندی هەڵبژاردن: ئەو شوێنەی کە دەستە لە ناو بازنەی هەڵبژاردنەکان دای دەنێت بۆ ئەنجام دانی پرۆسەی دەنگدان لێی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك خلیل فەرموو.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**مشروع قانون انتخاب مجالس المحافظات**

**و الأقضية والنواحي في اقليم كوردستان_العراق**

**الفصل الأول**

**التعاريف والأهداف**

المادة (1): يقصد بالعبارات التالية المعاني المبينة إزاءها لأغراض هذا القانون:

اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان_العراق.

ثانياً: الهيئة: الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في كوردستان.

ثالثاً: المجالس: مجالس المحافظات والمجالس المحلية للاقضية والنواحي.

رابعاً: الدائرة الانتخابية: كل منطقة محددة خصص لها عدد من المقاعد وفقا لأحكام هذا القانون.

خامساً: مركز الانتخاب: المكان الذي تعينه الهيئة ضمن الدائرة الانتخابية لإجراء عملية الاقتراع فيه.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دلێر فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ليژنەی ياسايی ڕۆژی چوار شەممە لە 2009/4/15 كۆبووەوە بۆ تاوتوێ كردنی پرۆژە ياسای ئەنجومەنی پارێزگاكان و قەزاو ناحيەكان لە هەرێمی كوردستان كە لەلايەن ژمارەی ياسايی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، دوای خوێندنەوەی يەكەمی لە پەرلەمان دا لە دانيشتنی ئاسايی ژمارە 5ی ڕۆژی 2009/4/14 كە بۆی هاتووە، دوای وتوێژو تاوتوێ كردنی، ليژنە پشتگيری لە پرۆژەكە دەكات لە پێناو خۆ ئامادەكردن بۆ دەرچوواندنی ياسايەك بۆ جێ بەجێ كردنی هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی پارێزگاكان و قەزاو ناحيەكان، بەمەبەستی پتەوكردنی ڕێبازی ديموكراسی لەهەرێمی كوردستان و چەسپاندنی يەكێك لە گرنگترين بنەماكانی ئەويش دەستاو دەست كردنی ئاشتيانەيە بۆ دەسەڵات لە ڕێگەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و پاك دادپەروەرانە بۆ هەموو پارێزگاكان و قەزاو ناحيەكان لە هەرێم دا، ئێمە وەكو ليژنەی ياسايی پرۆژەكەمان قبوڵە و هيچ پێشنيارێك و تێبينيمان نيە لەسەر ماددەی يەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کاروباری ناوخۆ ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی 2009/4/27 کۆبووەوە بۆ گفتوگۆ کردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان، کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە 5ی ڕۆژی 2009/4/14 پاش گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن، لیژنەکەمان پێشنیار و بۆچوونەکانی خۆی بەم شێوەیە پێشکەش دەکات، ئێمە تەنها سێ تێبینیمان هەیە، یەکەم: لیژنەکەمان پشتگیری لە پرۆژە یاساکە دەکات، دووەم: لیژنەکەمان زۆر تێبینی هەیە لەسەر کۆپیە کوردیەکە، سێیەم: ژمارەیەك لە ئەندامانی لیژنەکەمان تێبینیان هەیە لەسەر بڕگەی 8 لە ماددەی 27 و لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی ماددە یەك هیچتان نیە، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژەیە لەلایەن 10 ئەندام باش گەلاڵە کراوە لە لیژنەی یاسایی و لەگەڵ لیژنەی ناوخۆش، هەروەها ئەساسی ئەم پرۆژەیە قانونی هەڵبژاردن هی موحافەاتی عیراقی بووە و هەتا سیاغەکەش نزیکی ئەوە، فەقەت ئەوەی کردوومانە ئەوە بووە زۆرتر بگونجێنین لەگەڵ خسوسیاتی ئێمە، لەگەڵ ڕاوبۆچوونی ئەوێ بگونجێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەمەمان پێشانی برادەرانی کۆمسیۆنی باڵاشمان داوە، زۆر پێیان باش بوو مولاحەزاتیان لەسەر نەبوو، بۆیە پرۆژەکە پرۆژەیەکی گەلاڵە کراوە لەلایەن لیژنە و مفەوەزیەش ئاگادارە و خسوسیاتی کوردستانیش ڕەچاوکراوە، ئیستیفادەش لە هی عیراق کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك شت هەیە کە ئێمە ماوەیەکی کورتمان ماوە، لە تەمەنی پەرلەمان و پرۆژەیەکی زۆریشمان لە پێشە و هەمووشیان یەك لە یەکتری گرنگترن، توندوتیژی خێزان و بودجە و دەستوور، لەبەرئەوە داوا دەکەم موداخەلەکانتان کورت و لە جێێ خۆی دابێت و تیکراری تێدا نەبێت، بۆ ئەوەی ئیستیفادە لە وەخت بکەین و بە زووترین کات تەواوی بکەین، ماددەی یەکەم هەردوو لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی پشتگیریان لێی کرد، ئەگەر کەسێك مولاحەزەی لەسەر نیە؟ کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 1 لە پرۆژە یاساکە خاڵی 2 (الهیئة: الهیئة العلیا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في کوردستان)، ئێمە ئەمەمان بە ڕەسمی بە یاسا ناساندووە؟ ئایا یاسامان بەمە دەرنەچوواندووە؟. یاسای (الهیئة العلیا المستقلة

للانتخابات والاستفتاء في كوردستان)، به ياسا ئێمه شتی وامان نەكردووە؟ دووەم: لە ناو ئەو پرۆژە یاسایە كۆمەڵێك زاراوە دووبارە دەبێتەوە، ئایا نایەوێت بیناسێنین؟ وەكو (ناخب، مرشح، سجل الناخبین، القائمە، قاسم الانتخابی)، ئەمانە دووبارە دەبنەوە لە هینەكە، ئەی تەعاریف بۆ ئەوانە؟ ڕاستە ئێمە هەركەسێك وەكو خۆمان ئاگامان لێیە، بەڵام وابزانم سیستەمی تەعاریف دەبێت هەرچی لەوێ هاتبێت، موستەلەح بێت و ئەساس بێت، دەبێت تەعریف بكرێت، مەسەلەن ناخیب كێ یە؟ مورەشەح كێیە؟ ئەوانە لە تەعریفەكاندا دەبوایە هەبوایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارێكم لە لیژنەی خۆمانە لە ماددەی 1 بڕگەی 4 پێویستە لێرە لە بڕگەی 4 ئێمە دیاری بكەین و تەئكید لە ژمارەی كەسەكان بكەینەوە، یەعنی بە چەند نفوس دەتوانێ لەو شوێنانە كورسی بهێنێت، ئەمە یەك، دووەم: قەزاو ناحیەكان دیاری نەكەین، چونكە گوند هەیە زۆر گەورەیە، ئایا ئەو گوندانە حیسابێكیان لەگەڵ دادەكرێت؟ چونكە قەزاو ناحیەكان نەهاتووە، سێیەم: ئێمە لە لیژنەكەمان چاكمان كردەوە، لێرە چاك نەكراوە، چوارەم: (تەرخان كراوە) نابێت، (تەرخان دەبێت)، لە كۆتایی جوملەی چوارەم، چونكە كراوە بۆ ڕابردووە (دەكرێت) لە مەستەقبەل دا ئەوە دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان پرسیاری (كاك محمد فرج )م لەلای وروژا، (الهیئة العلیا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في كوردستان)، شتێكە تەواو تازەیە لەلای ئێمە، ئایا ئەم دەزگایە بوونی هەیە یان دروست دەكرێت لەدوای یاساكە؟ هەروەها زۆر موستەلەح هاتووە و تەعریف نەكراوە، دەبێت ئەوەش لە پێشدا تەعریف بكرێت یان هەمووی تەعریف بكرێت یان ئەو تەعریفانەش نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان پرسیارە، ئەگەر چی لە ماددەی 3 ئیشارەیەکی داوە کە هەیئە وجودی نیە، لەبەرئەوە دەڵێت (لحین تشکیل الهیئە)، لە دوای فەقەرەکە کەنەهاتووینەتە سەری، پێم وایە ئەو پێناسە زیادەیە، هەیئە پێویستە دابمەزرێت، دواتر باسی لێوە بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی کاك شێخ جعفرم هەیە، تێبینیم هەیە لەسەر دێیەکان، بەس باسی قەزاو ناحیەکان کراوە، ئێستا ئێمە ئۆردوگامان هەیە نە ناحیەیە و نە قەزایە، ئەنجومەنی هەلبژێردراوی هەیە، لە جاری پێشوو لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیەکانی پێشوو بە هەڵبژاردن هەڵبژێردراوە، دێمان هەیە نفوسی لە 3 هەزار تا 4 هەزار کەس پترە و ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی هەیە، ئەوانە مەسیریان چی لێ دێت؟ وەکو ئەوەی لێرە لە توڕەقی هەمانە، دێیەو ئەنجومەنی شارەوانیشی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان: بەداخەوە تەنها عەرەبیەکەم لەبەردەست دایە، سەبارەت بە ناونیشانی فەسڵی یەکەم ( التعاریف والاهداف)، من پێم باشە (التعاریف) بێت، چونکە ماددەی 2 دەکرێت بیخەینە ئەسبابی موجبەوە، ماددەی 3یش وەکو ماددەیەك لە ئەحکامی عامە دابێت، نەك لێرە، سەبارەت بە (الهیئة العلیا المستقلة للانتخابات والاستفتاء فی کوردستان)، ئەوە ئەو ناوە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دا هاتووە، ئەو دەزگایەی کە ئێستا هەیە پێی دەڵێن دستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان، کەواتە دەبێت بەو جۆرە بێت، نەك بەو شێوەی ئێستا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ رەئیتان؟ کاك سەردارفەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم ئەوەی برگەی 2 (الهیئة) ئێمە لێرە هەوڵمان داوە یاسایەکە بگونجێت لەگەڵ ئەو تەعاریفەی کە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان هاتووە، لەوێ مەجموعە موستەڵەحاتێك هاتووە، ئێمە هەوڵ دەدەین لێرە نەسەقێك هەبێت یاخود هەمان ئەو بێت، ئەگەر وانەبێت لە موستەقبەل کە دەستوور دەرچوو دەبێت قانونەکەمان هەمووی هەموار بکەین، ئەوە یەك، دووەم: هەڵبژاردنەکان لە

هەرێمی کوردستان هەیئەیەکی مەحەلی سەرپەرشتی دەکات، بۆیە دەبێت هەیئەی خۆمان هەبێت، چونکە زمنی سەلاحیاتی حەسری نیە ئەوەی لە ماددەی 110 دەستووری هەمیشەیی عیراقی هاتووە، کەواتە لێرەدا ئەسڵەکە ئەوەیە ئێمە هەیئەی خۆمان دادەنێین، لەبەرئەوەی دروست نەکراوە، ئێمەش لە ماددەی 3 دەڵێین تاوەکو دروست دەکرێت موفەوەزیەی عولیای موستەقل لە بۆ هەڵبژاردنەکان جێگای دەگرێتەوە، سەبارەت بەوەی کە هەندێك پێناسەی تر بکرێت، وەکو ناخب و مورەشەح و هتد.. ئێمە لە فەسڵی دووەم و لە فەسڵی سێیەم باسی ناخب و مورەشەحمان کردووە و پێویستی بە پێناسە ناکات لێرە بێت، چونکە لەوێ لە ماددەی 4 (**يشترط في الناخب أن يكون**) بەدرێژی باسی لێوە کراوە، ئەوە تەقریبەن تەعریفەکەیەتی، مورەشەحیش بەهەمان شێوە، کاك جعفر باسی دائیرەی ئینتیخابی کرد، دائیرەی ئینتیخابی لێرە 3 نەوع دائیرەی ئینتیخابی هەیە، دائیرەی ئینتیخابی لە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەنی پارێزگا هەمووی یەك دائیرە دەبێت، قەزاکان خۆشی یەك دائیرە دەبێت، لە ناحیەکانیش بۆ هەڵبژاردنی ناحیەکە یەك دائیرەی دەبێت، سەبارەت بە پرسیارەکەی جەنابت و کاك شێخ الله ئەوەی مەجالسی قورا، لە یاسایەکی تر موعالەجە کراوە کە یاسای شارەوانیەکانە، لەو قانونە باس کراوە کە هەر گوندێك چەند هەزار کەس بێت ئەنجومەنی بۆ دادەندرێ و شێوازەکانی، باس لەوە کرا کە هەندێك موستەڵەحاتی تریش لێرە دەبێت باس بکرێ و موختەسەری بدرێتێ، ئێمە تەماشامان کردووە کامەی زۆر دووبارە بۆتەوە ئەومان موختەسەر کردووەتەوەو لەو ماددەیەمان داناوە، ئەوەی د.نوری باسی کرد ماددەی 3 دەکرێت ئەو ماددەیە لە ئەحکامی خیتامی دا بکرێت، بەڵام لێرەش جێگەی دەبێتەوە، تەعاریف و ئەهداف کە ماددەی 2، ڕاستە بە دوو ڕستە هاتووە، بەڵام لەناوی دا ئەگەر تەرکیز بکەی زۆر هەدەفی تیایە، نەك هەر یەك هەدەف، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك، دوو شتی گرنگ وروژێندرا، یەکێکیان مەسەلەی هەیئەیە لە بەینی دوو شت داین، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دا ئەو ناوە هەیە، پرۆژەی دەستووریش لەو نزیکانە دەنگی بۆ دەدرێت لە پەرلەمان، وەکو هینەکە، لەلایەکی ترەوە ئەوە شتێکی تەبیعیە دەمانەوێت قانونەکانمان بگونجێت، لەلایەکی تریشەوە ئەو مولاحەزەیە بوجێ یەو قانونیشە، شتێك کە هێشتا وجودی نیە، تۆ لەناو قانون دا دای بنێی، جا نازانم یەعنی موعالەجەیەك بکرێت، شەرحی بکە کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە باس لە باسی قانون دەکەین،وەکو شتێکی ئەسڵ و سابت و بەردەوام ئێمە هەیئەمان هەیە لە پرۆژەی دەستوور، هەیئەیەکی تایبەت بۆ سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی ئینتیخابات، هەر ئینتیخاباتێك یان ئیستیفتایە لە کوردستان بکرێت و لە قانونی پەرلەمان ساڵی 1992 ڕەقەم یەك هەیە، ئەوە لە پرۆژەش هەیە، لێرەش دەبێت هەبێت، چونکە ئەمە ئەسڵە، ئێستا مفەوەزیەی ئیتیحادی لە بەغدا شتێکی ئیستیسنائیە، لە هەموو قەوانین گوتومانە تاوەکو تەشکیل بکرێت، ئێمە لازمە بۆ ئەو فەترەیە کورت بوو

نەمانتوانی ئەو تەشکیلە بکەین، ئەگەرنا ئەسڵ تێیدا ئەوە هەبێت، بە ڕەئی ئێمە وەکو لە لیژنەی قانونیش باسمان کرد، ئەمە ببێت باشترە تاوەکو هەموو جار لەبەرچاومان بێت و بە شتێکی گرنگی دەزانین و شتێکی تایبەت بە خۆمان ببێت و تەشکیلاتیشی بۆ دروست بکەین تا بزانین باشە، ئەوەی مامۆستا محمد فرج باسی لێوە کرد، ڕاستە موستەڵەحاتی تر هەیە، بەس ئێمە لە ئەنزیمە و ئەوەڵەن لە قانون دیارە و لە ئەنزیمەش دیاری دەکرێت ناخب کێ یەو مورەشەح کێیەو فائیز کێیەو ئەوانە هەموو بە ئەنزیمەی تەواو شەش ئەنزیمە دەرکەوتووە تا ئێستا ئیحتیمالە شتی تریش ببێت، تەفسلات بۆ شەرح و ئەوانە لە ئەنزیمەی مفەوەزیە دیاری دەکرێت، ئەو دوو مولاحەزەی بەڕێز د. نوری قانونین و زۆر موناسبە وەکو لەڕووی فەنی ڕاستە و لە ئەسبابی موجبەش هاتووەو جێگای ئەوێیە، ئەوەی تریش مادام بۆ شتێکی موئەقەتە، یەعنی دەبێتە ئینتیقالی جێگای موناسب ترە بچێتە ئەحکامی خیتامی لەجێیە، بەڵام زۆر زەرەریش ناکات، بەڵام ئەگەر بڵێی قانون باشترەو جوانترە ئسولی ترە کە بچێتە ئەولا وەکو جەنابی فەرمووی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت ئەوەی قورا ، لێرە نووسراوە مجالس ئێمە ئیقرارمان کرد کە ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان دەکرێت، لێرە ناوی قورایەکە نەهاتووە( مجالس: مجالس الاقضية والنواحی) کە هەڵبژاردنی بۆ دەکرێت مانای وانیە، مەجلسی گوندەکانی شارەوانی شتی وای نیە، کە هەڵبژاردن دەکرێت لەو قانونە مەبەستمانە هی ئەقزیە و نەواحیە، هەر دەمێنێتەوە نوقتەی دووەم، ئەگەر ئەوەش هەبێت خۆ دەکرێت ئەگەر بێتو وەکو پەرلەمان، ئەگەر نەتوانین ئەو هەیئەیە ئیشەکەی جێ بەجێ بکات دەڵێین (تقوم هيئة المفوضية العليا المستقلة للانتخابات لاجراء.....) یەعنی موشکیلە لەوە دا نابێت تا ئەو کاتەی ئێمە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکەین، ئەگەر ئەوەمان جێ بەجێ نەکرد بوو و قانونی تایبەتمان دەرنەهێنا بوو بۆ دامەزراندنی ئەو هەیئەتە، دەکرێ ئەو وەختی قەرارێك دەربهێنین (تقوم هيئة المفوضية العليا للانتخابات فی العراق بمقام .......... أو ثانثا: الهيئة المستقلة للانتخابات والاستفتاء فی كوردستان)، بەڵام لێرە مادام پرۆژەی دەستوورمان هەیە، بۆچی ئێمە شتێك بکەین و دواتر بێینەوە سەری و جارێکی تر هەمواری بکەینەوە، ئەوە تەسمیاتە زیاتر، بەڵێ کاك محمد خۆت ساحبی ئیقتراح بووی لەگەڵ سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ ئەوەڵەن (لاموجود)(لايعرف)، ئەم قانونە وجودی نیە، ئیتر تۆ تەعریفی چی دەکەی؟ ئەمەش لە سەڵاحیەتی موشتەرەکەیە، یەعنی ئێمە هەر ڕۆژێك ئەمەمان ویست دایدەنێین، یەعنی وەکو ئەوەی کە دەڵێی کێوێ بیخەینە دیوان، ئیتر دواتر ناتوانین بیکەین ئیتر با ئەوە بێت، ئەمە لە سەڵاحیەتی موشتەرەکەیە، هەر ڕۆژێ کە ئێمە ئەم یاسایەمان دانا مافی خۆمانە، ئیتر ئەمە لامەوجودێکە ئیتر دوایی

ئیشارەتی پێی کرد، لەبەرئەوە دامان نەناوە هەیئەی عولیای مفەوەزیە دێت سەرپەرشتی ئەمە دەکات، یەعنی ئەمە تۆزێك وەکو ئەڵێی گوێ چەپوکانە لەملاوە دەستی بۆ بەری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەڵەن ئەوە لە زمنی سەلاحیاتی موشتەرەك نیە، بەڵکو لە زمنی سەحیاتی هەرێمە، ئێمە مافێکی خۆمانە کە ئەمڕۆ یاسایەکمان هەبێت بۆ مەسەلەی ئەم دەستەیە، یاسایەکەش لیژنەی یاسایی تەبەنی کردووە، حازرەو ڕەنگە تەقدیمی دەستەی سەرۆکایەتیش کرابێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە لە دەستوور داهاتووە، هەروەکو جەنابت ئیشارەتت پێی دا بە قەناعەتی من بوونی لێرە هیچ زەرەرێکی نیە، ڕاستە خۆی قانونیەن تەئسیس نەکراوە، بەڵام بوونەکەی زەرەری نیە، لەبەرئەوەی دەستووریەن و دەستوورەکەش نزیکە بدرێتە پەرلەمان، بۆیە بە قەناعەتی من ئەوە لە جێگای خۆی هاتووە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە با ئیتر لە هینی انشاللە دروستی دەکەین و انشاللە دەمان بێت و انشاللە دەستووریش پەسەند دەکەین! ئیتر تەواو با لەسەر انشاللە نەمێنێ، هەمانە ئەو هەیئەتە؟ نەخێر نیمانە،ئێمە قەیدی چیە ئەگەر هاتو لە دوایی دا هەموار بکرێت، کەی کێشەیە، هەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، چەندین ساڵە، سێ جاری تریش هەموارمان کردووەتەوە، ناوە ئەسڵیەکە ئەوەی کە کارەکە دەکات ئەوە دابندرێت یاسایی ترە لەوەی ناوی دابندرێت، لەسەر شتێك لەسەر ئەساسی شتێك کە شتەکەش هێشتا تەسدیق نەکراوە، ئەگەر لەسەر ئەساسی دەستوورە دەستوور تەسدیق نەکراوە، یەعنی چۆن دەبێت لەسەر ئەساسی شتێك، شتێك بنیات بنێی کە نەبووە، لەبەرئەوە من ئیقتراح دەکەم بوترێت (الهیئە) لێرە هەیئە مەبەستی مفەوەزیەیە، ناوی مفەوەزیە بهێنین (المفوضیة الی حین تشکیل الهیئة)، قەی چی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا له كوردستان دا به پێی قانونی ژماره 11ی 2007 كه قانونی موفەوەزیەی عولیای ئینتیخاباته، له عیراق دا دەزگایەك هەیە چەند ساڵە ئیش و كاری خۆی دەكات بەناوی (دەستەی باڵای هەڵبژاردنەكان له هەرێمی كوردستان) ئێمە ئەو ناوە دابنێین، ئەو دەزگایەمان بەلاوە ناوە، پاشان هەر وەختێكی كه دەستوور پەسەند كرا ئەو كاتە دەڵێت ئەو قانونانەی كەوا به پێچەوانەی ئەم دەستوورەوەیە كاریان پێ ناكرێت، ئۆتۆماتیكیەن ئەو كاتە ئەو ناوە دەگۆڕدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە یەكەم جارنیە باسی ئەو هەیئەتە دەكرێت، یاخود بگوترێت ئەو هەیئەتە (من العدم)، له یاسای ژمارە 1ی پەرلەمانی كوردستان له ماددەیەك زۆر به سەریحی باسكراوە كه ئەو ئەنجومەنە دەبێ دروست بكرێت، ئەمە یەك، دووەم: ئێمە له خاڵی 3 ئاماژەمان به ئەوە كردووە (لحین تشكیل الهیئة) واته تاوەكو ئێستا تەشكیل نەكراوە، سێیەم: ئێمە ئەو یاسایەمان وا داڕشتووە كه له موستەقبەل پێویستی به تەعدیل نەبێت، یەعنی ئێمە كه باسی هەیئە دەكەین، سبەینێ ئەگەر هەیئەكە دروست كرا دەتوانێ ئیعتماد لەسەر ئەو قانونە بكات و هیچ موشكیلەیەكیشی نابێت، لێرە كه له خاڵی سێیەم دەڵێت موفەوەزیە جێگای دەگرێتەوە، چوارەم: ئەوەی من دەمەوێت ڕوونی بكەمەوە ئەوە یەكەم جار نیە بەو نەوعە سیاغە كراوە، له قانونی ژمارە 1 بۆ ئینتیخاباتی پەرلەمان به هەمان نەوع تەعامولمان لەگەڵی كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان انشالله دەگەیە نەتیجە! كاك فرست موقتەرەحێكی هەیە، دەڵێت بۆ ئەوەی نە ئێستا و نە دواڕۆژ نابێ ببێتە (الهیئە المختصە بالانتخابات فی اقلیم كوردستان) جا ئەگەر دوایی هەمواریش بكرێتەوە دەبێت، تەبعەن ئەوانەی كه ئیعترازیان لەسەر ئەو فەقەرەیە گرت، فەقەرەیەكی هینیان پێشكەش نەكرد، تەنها كاك د.نوری دەڵێت هەیئەی پێشوو بمێنێتەوە، (هیئة العلیا المستقلة للانتخابات فی اقلیم كوردستان)، ئەوەی ئێستا لیژنەی هاوبەش هێناویەتی تازەترە، یەعنی ئەوەی كه د.نوری هەیە و مەوجودە، ئێوەش هیچ شتێكی موحەددەتان هین نەكرد، لەبەرئەوە به تەنها ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ كه هەیئەكە بەوە تەعریف بكرێت، دەیخەمە بڕیاری ئێوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كه بڕیاری هاوبەش، لێژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ هەیئەیان تەعریف كردووە بە (الهیئة العلیا للانتخابات والاستفتاء فی كوردستان)، كێ پشتگیری لەو موقتەرەحە دەكات، دەستی بڵند بكات تكایە؟ 43 كەس، فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ 22 كەس، دەمێنێتەوە وەكو خۆی، ماددەی 1 دەخەمە دەنگدانەوە كێ لەگەڵ ماددەی 1 دەستی بڵند بكات؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بەزۆرینەی دەنگ قبوڵ كرا، فەرموون بۆ ماددەی 2، كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:**

**مەبەستی ئەم یاسایە چەسپاندنی بنەماكانی دیموكراسیە و چەسپاندنی پرینسیپی دەستاودەستكردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتە لە ڕێگای دابین كردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێكی ئازاد و پاك و دادیانەی ئەنجومەنەكان و فەراهەم كردنی دەرفەتی یەكسان بۆ بەشداری كردن لە هەڵبژاردن و خۆ پاڵاوتن دا.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك خلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة (2):**

**يهدف هذا القانون إلى تثبيت اسس الديمقراطية وتكريس مبدأ التداول السلمي للسلطة من خلال ضمان اجراء انتخابات حرة ونزيهة وعادلة للمجالس وتوفير فرص متساوية للمشاركة في الانتخاب والترشح.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك دلێر فەرموو.**

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی نیە لەسەر ئەم ماددەیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك سەردار فەرموو.**

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لیژنەی ناوخۆ هیچ تێبینی نیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك بكر فەرموو.**

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەموو جارێك هەندێ لەو ئەندامە بەڕێزانە كە باس لە ماددەیەك دەكەن، باسی ماددەیەكی تریش دەكەنەوە، ئەوە حەقی وایە كە ڕەنگە لە ماددەی یەكەم دا تۆ قسەت نەبێت و لە ماددەی دووەم دا قسەت هەیە، جا من تەنها مەبەستەكەم ئەوە بوو ماددەی دووەم زەرەری نیە، چونكە لە ئەسبابی موجبە دا هەیە،**

ئەوەی کاك د.نوری باسی کرد کە پێم وایە ئەو ماددەی 2 شوێنی نیە و ئیلغا بکرێت، چونکە لە ئەسبابی موجبە دا باس کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان بۆچوونە کە ئەو ماددەیە لە ئەسبابی موجبەیە و هۆکاری دەرچوواندنی ئەو قانونەیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕایەکەی د.نوری دەکەم، کە ئەم ماددەیە لێرە زیادەیە، چونکە لە ئەسبابی موجبە بە باشی هاتووە، بۆیە ناوی بەشی یەکەم کە پێناسە و ئامانجەکانە هەروەکو د.نوری گوتی ئامانجەکانیش دەبێت لەوێ لابېردرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من یەك پرسیار دەکەم، ئەوەی کە سیاغەی ئەمەی کردووە، دەڵێت (توفیر فرص متساویة للمشارکة في الانتخاب والترشح) باشە فورەسی موتەساوی بۆ تەرەشوح، ئێمە کۆتا بۆ ژنان دادەنێین، ئەوە چۆن هینێکە؟ تەواو پێچەوانەی مەبدەئی کۆتایە، بۆ نەتەوەکانیش و بۆ ژنانیش.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من لەمە (مبدأ التداول السلمي للسلطة)، ئەوەی کە گشتمان خوێندوومانەوەتەوە سوڵتە هەر بۆ پێکهاتەی دەوڵەتە، سوڵتە سێ بەشە، سوڵتەی تەشریعی سوڵتەی تەنفیزی و سوڵتەی قەزائی، سوڵتە لێرە مەعنایەکی نابێت لەو مەسەلەیە، لە قانونی ئینتیخاباتی مەحافەزاتی عیراق دا بە گشتی باشتر بۆ ئەو مەسەلەیە چووە و دەڵێت  هەدەف لەو قانونە یەکەم: (مشارکة الناخبین فی اختیار ممثلین فی مجالس

المحافظات .......) دووەم: (المساوات فی المشاركة الانتخابية)، سێیەم: (ضمان حق الناخب والمرشح)، چوارەم (ضمان عدالة الانتخابات وحريتها ونزاهتها)، پێنجەم: (توفير الحماية القانونية لمراحل الاجراءات العملية الانتخابية)، یەعنی هەدەف لەمە ئەمە جوانترە، نەك مەسەلەن تۆ بێی بۆ نیزامی حوكم سوڵتە ماناكەی واسعە و گەورەترە، تۆ هەدەفت لەم یاسایە چیە؟ خەڵك بە مساوات بێ و خەڵك بتوانێ هینی خۆی هەڵبژێرێ، یەعنی هەدەفەكە ئەم خاڵانە وازح تر دەكات، ئەمانەی كە لێرە بۆ دیمەكراسی و تەداولی سوڵتە هێناویەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سێ ئەندامی پەرلەمان لە حوجەتی ئەوە باسیان كرد داوا دەكەن ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت، كاك د.نوری و كاك بكر و نازناز خان موقتەرەحیان كرد، ئەو موقتەرەحە دەخەمە دەنگدانەوە كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە كە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت دەست بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە ئەغلەبیەت ئیلغا كرا ماددەی 2، فەرموون بۆ ماددەی 3

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەكان سەپەرشتی هەموو قۆناغەكان و ڕێكارەكانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكان لە هەرێم دا دەكات تاوەكو ئەو كاتەی دەستەكە دادەمەزرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (3):

تتولى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات الاشراف على كافة مراحل واجراءات انتخابات المجالس في الاقليم لحين تشكيل الهيئة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە تەبیعیە وەكو هینەكە، پێویست ناكات، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بكات تكایە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا بۆ ماددەی دواتر، كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**مافی هەڵبژاردن**

**ماددەی چوارەم:**

مەرجە هەڵبژێر ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی.

**یەکەم:** بە رەگەزنامە عیراقی بێت.

**دووەم:** شیاوی تەواوی هەبێت.

**سێیەم:** هەژدە ساڵی لە تەمەنی تەواو کردبێت، لەو ساڵەی کە هەڵبژاردنی تێدا دەکرێت.

**چوارەم:** ناوی تۆمارکرابێت لە تۆماری هەڵبژێرەکانی ئەو پارێزگایەی کەهەڵبژاردنی لێدەکرێ، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکانی کە لە دەستەوە دەردەچن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**حق الانتخاب**

**المادة (4):**

**يشترط في الناخب أن يكون:**

**أولاً: عراقي الجنسية.**

**ثانياً: كامل الأهلية.**

**ثالثاً: أتم الثامنة عشر من عمره في السنة التي تجري فيها الانتخابات........... .**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ کەس نوقتەی نیزامیان هەیە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە فەسڵی یەکەم، ماددەی دووەممان ئیلغا کرد کە هەدەفە، لەبەرئەوە پێویستە فەسڵەکە تەعاریف و ئەهداف تەنها تەعاریف بمێنێتەوەو ئەهدافەکەی لێ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

انشاللە ئێوەش نوقتەی نیزامیتان هەمان شتە، بزانە سۆزان خان انشاللە چۆن جێی خۆی گرتەوە! سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك خليل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**حق الانتخاب**

المادة (4):

يشترط في الناخب أن يكون:

أولاً: عراقي الجنسية.

ثانياً: كامل الأهلية.

ثالثاً: أتم الثامنة عشرة من عمره في السنة التي تجري فيها الانتخابات.

رابعاً: مسجلاً في سجل الناخبين للمحافظة التي تجرى فيها الانتخاب ووفقا لأحكام هذا القانون والتعليمات التي ستصدر من الهيئة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیمان نیە، کۆمەڵێك پرنسیپی سابتیان لەسەر ئەوە هەڵبژاردووە بۆ هەرکەسێ کە خۆی هەڵدەبژێرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ پشتگیری لە ناوەڕۆکی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهيل وادى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(ثانيا و ثالثا) ئەگەر دەمج بكرێت باشترە، لەبەرئەوەی مەسەلەی تەمەن بەشێکە لە ئەهلیەت، (کامل الاهلية واتم الثامنة عشرة من عمره)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد أمين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تێبینیم لەسەر کوردیەکە هەیە، هەڵبژێر بکرێتە دەنگدەر باشترە، پێشنیارێکم هەیە ماددەی 4 و 5و 6 باسی دەنگدەر و مورەشەح دەکات، من پێم باشە ئەوە لە فەسڵێك بەناوی (شروط الناخب وشروط المرشح)، یەعنی بە فەسڵێك ئەو ماددانە ڕیز بکەین لەژێر ئەو ناونیشانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەم لەسەر (ثالثا) هەیە، (أتم الثامنة عشرة من عمره في السنة التي تجري فيها الانتخابات)، بەخۆی ئەو (اتم) لە سیغەی قانونی (اكمل)یە، لە قانونی عیراقیش هەر ئەوە هاتووە، (أكمل الثامنة عشرة من عمره في الشهر التي تجري فيها الانتخابات) نەك (فی السنة)، چونکە ئیحتیمالی هەیە ئەگەر لە سەنە بێت نەقس دەکەوێت و ئیشکال دروست دەبێت ئایا، داخل بکرێت لە سجلی ناخبین یان داخل نەکرێت، ئەوە ئیشکالەکە لێرە، لە (رابعا) (مسجلا فی سجل الناخبين)، ئەوە لە کوردیەکەش هەتا تەرجومەکەی بە رەکیکی کراوە، (أو)نووسراوە کە (أو) نیە (لەو)ە، یەعنی لەو پارێزگایەی، لە عەرەبیکەش (لام)ێکی دەوێت، (مسجلاً في سجل الناخبين للمحافظة التي تجرى فيها الانتخاب)، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم: مافی هەڵبژاردن، ئەگەر تەماشای بکەین ماددەی 5 باسی مەبدەئەکان دەکات، مەبدەئ پێش مەرج دێت، بۆیە من پێم باشە ماددەی پێنجەم بگورازرێتەوە بۆ پێش ماددەی چوارەم، سەرەتا مەبدەئەکان باس بکرێت ئینجا مەرجەکان، دووەم: لە ماددەی 4 بڕگەی 2 شیاوی تەواوی هەبێت، بەڕاستی من نازانم پێم وایە ئەمە مەتاتیە و دەتوانی زۆر تەفسیلاتی بۆ بکەی، دەنگدان پرنسیپێکە و مافی هەموو هاووڵاتیەکە ئیتر شیاوی تەواوی هەبێت من تێی ناگەم، پێم وابێ لێرەدا جێی نابێتەوە، چونکە ئەگەر

شیاو له ڕووی تەندروستیەوە بێت ئەوە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکانیش دەتوانن و مافی دەنگدانیان هەیە، ئیتر نازانم ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکمان لەوە بدەنێ من پێم وایە شیاوی تەواو لێرە جێی نابێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکەم لەسەر بڕگەی 3یە، خۆی لێرە نووسیومانە ئەگەر چاکی نەکەین، دەبێت 19 ساڵ دەنگ بدات بەڕاستی، چونکە دەڵێت 18 ساڵی لە تەمەنی تەواو کردبێت، دەبێت 19 ساڵ دەنگ بدات، ئێمە دەڵێین 18 ساڵ دەنگ بدات، ئەگەر ئەو (تەواوی کردبێت) لابرێت چاکە بکرێتەوە بە 18 ساڵیەکە باشترە نەك 19 ساڵ، بڕگەی 3 کە 18 ساڵی لە تەمەنی تەواو کردبێت دەچێتە 19 ەوە ئینجا حەقی هەیە، ئەگەر ئەوە لابرێت بە 18 ساڵ حەقی دەنگدانی دەبێت نەك 19 ساڵ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ڕەئیتان لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د.هالە باسی دەمجی ئەهلیە و کامل ئەهلیە کرد، مولاحەزەی کاك ئارامیش لە کوردیەکە نازانم ئەو مەعنایە نادات شیاوی هەیە مەبەست لێرە نیە، ئەمە موستەڵەحێکی قانونیە و کامل ئەهلیە، کە کاملی ئەهلیە ئەوەیە کە مەحجور نەبێت، سەفیە نەبێت، مەعتوە نەبێ، جونحە و جینایەتێکی وای نەبێت حقوقی لێ بسێندرێتەوە بە قانونێك، یەعنی ئەوە باسی ئەو مەوزوعانەیە، نەك باسی شتی تر، ئەوەی مەلا سعدالدین کە دەڵێت بیکەینە ئەکمەلە، لە قانون (اکمل و اتم) هەردووکی وەکو یەکە لەڕووی لوغەویەوە، وە لەوەی عیراق ئەو نوسخەیی لەلای ئێمەیە (أتم)یە نەك (أكمل)، هەرچەندە لە قەوانینی ئینتیخاب لە دوەلی عەرەبی هەمووی لەلام هەیە هەرسێ موستەڵەح، (بلغ و اكمل و اتم) هەیە، یەعنی دەمێنێتەوە مەعناکەی کە گوتت (بلغ) مەعنای 18 ساڵ بێت، کە گوتت (أكمل) لازمە تەواوی کردبێت، ئەو ڕۆژەی ئینتیخاب دەکات لازمە ئەوە 18ی تەواو کردبێت، مەبەستم ئەوەیە کە کەلیمات هەیە لەڕووی قانونی و لەڕووی لوغەوی ئیشکالمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ تەئكيد بۆ قسەكانی كاك خليل تەبيعی جاران دەيتوانی 18 ساڵی تەواو كردبايە ئينجا دەيتوانی دەنگ بدات، ئێستا لەو ساڵە مەسەلەن بڵێين هەڵبژاردن لە مانگی 5 دابكرێت، لە مانگی 8، لە مانگی 10 هەر مانگێك لەو ساڵە ئەو شەخسە ببێت بە 18 ساڵ بۆی هەيە دەنگ بدات، بە پێی ياسای تازە، نەخێر دەڵێت لەو ساڵی كە هەڵبژاردنی تيادا دەكرێت، مەسەلەن لەو ساڵە كە هەڵبژاردنی تيا دەكرێت من 2009 لە هەر ڕۆژێك لە 2009 دا 18 ساڵی تەواو بكات ئەو شەخسە بۆی هەيە كە دەنگ بدات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا سەبارەت ئەو سياغەی كە ساڵ بكرێتە مانگ ئەوەی گوتراوە (فی السنة التی تجری فيها الانتخابات) بەڕاستی ئەوە داواكاری كۆمسيۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عيراق بوو كە گوتيان ئەوە داخل بكەن قانونی ترە، دووەم: مەسەلەی كامل ئەهليە ئەوەی كاك خليل باسی كرد فەرقی هەيە لەگەڵ تەمەنەكە، مەسەلەی ئەهليە هەر ئەوە نيە تەمەنی بگاتە 18 ساڵ، هەندێك مەرجی تريشی هەيە، ئيرادەی هەبێت و سەفيە نەبێ و مەرجی قانونی داڕێژراون، جگە لەوە عەقلێەتی تەواو بێت، تواناى بڕياری هەبێت، يەعنی ئيرادەی كامل بێت، كاك ئارام باسی ئەوە دەكات ماددەی 4 و 5 بگۆڕدرێت، بەڕاستی ئێمە وەكو ئەو برادەرانەی كە سياغەی ئەو ياسايەيان كردووە پێمان وا بوو كە جاریَ ناخب دەبێت مەرجەكانی چيە؟ ناخبەكە دەست نيشان بكرێت ئەوجا مافەكانی تر، جۆريەتی تەسويت و مەسەلەی تەسويت بە وەكالە و ئەوە پاش ئەو ماددەيە دێت، مەسەلەی (بلغ الثامنة عشرة) يان (أتم الثامنة عشرة) بەڕاستی لە ياساكانی عيراق هەمووی (أتم الثامنة عشرة )يان (أتم ثلاثين من العمر)، ئەگەر بيكەينە (بلغ الثامنة عشرة) يان (بلغ الخامسة والعشرين)، 24 ساڵ بێت، 17 ساڵی دەگرێتەوە، 17 ساڵ و 1 ڕۆژ يەعنی 18 ساڵی دەگرێتەوە، بۆيە دەبێت بڵێين (أتم)، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ حەسمی ئەوە، وەكو لە قانونی پەرلەمان دا هاتووە (أكمل الثامنة عشرة من عمره)، بەبێ ساڵەكە، ساڵی پێويست ناكات، چونكە ئەغلەبی خەڵك ڕۆژ و مانگی ديار نيە، لە 7/1 ەوە حيساب دەكرێت، (أكمل) ئەوە موفەوەزيە دەتوانی بيكاتە ناخب يان نا (أكمل الثامنة عشرة من عمره)بە بێ سەنەكە وەكو ئەوەی قانونی پەرلەمان، بلغ بۆ ئەوە نابێت، (بلغ) دەبێتە 17 ساڵ، كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە كۆمسيۆن هاتنە لای ئێمە باسی ئەوەيان كرد كە ئەو قانونە گۆڕينی تێدا كراوە، بۆيە ئێمە ماوەيەكی زۆرە ئيش دەكەين لەو موزوعە بۆ ئەوەی ئەو كەسانەی لەم ساڵە ببنە 18 ئەوە قانونەكە لای ئەوانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

واته (أكمل الثامنة عشرة من عمره)، بەبێ تەفسیلەکەی پێشوو وەکو قانونی پەرلەمانیش وایە، کامل ئەهلیەکە تەواوەو شەرحی کرد کاك خلیل موستەڵەحێکی قانونیە و تەواوە، کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەنە ژی ڤەکە گەلەك ژی مەحروم بە، وەکی رەئیا کاك جمال قاسمی بزەبت یا دروستە، ئەگەر سەنە رابت ئەوێ هەیڤا فەرەزەن ئینتیخابات هەیڤا 7 دێنە کرن، بەس ئێك لە هەیڤا نەهە ژی ببێتە 18 ساڵی وژی شەمل کرد، ئیجا ئەگەر سەنە ڕابوو ئەو شەمەل نابی، سەنە بمینێت باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی چیە ئێمە قانونی پەرلەمانمان وا نووسراوە (أكمل الثامنة عشرة من عمره) ئەوەی دەنگ دەدات عەینی مافە و عەینی ئینسانە، دەکرێت لە پەرلەمان قانونێکی بۆ دەربکەی ئەهلیەتەکە لە 18 کەمتر بێت و ناکرێت، چۆن نووسراوە دەبێت وا بێت، دواتر لە هەموو دونیا دا دەڵێت 18 ساڵ دەبێت تەواو بکات، حەقی دەنگدان حەقی خۆ تەرشیح کردن، لەبەرئەوە ئەکمەلەکە باشترە، ئێوە لە یەك شتدا لێتان تۆزێ تێکەڵاوی بووە، ئێمە لە بۆ گەنجان گوتمان بلغ ئەو وەختە ئەو موشکیلەیەمان نیە 24 بێت یان 25 بێت، بۆ ئەوەی ئەوەی یەك ڕۆژیش داخلی 25 ی بووبێت حەقی ئەوەی هەبێت، 24 ەکە فەرقی هەیە، ئێستا لە هەموو ستانداردێکی دونیادا ئەهلیەتەکە تەواو نابێت تا 18 ساڵی تەواو نەکات، لەبەرئەوە بەلەغەکە ناکرێت لێرە، وەکو قانونی پەرلەمانی لێ بکەن و تەناقوزیش نەبێت، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە (أکمل) نەنووسین لەو حاڵەتەدا تەحدیدی نەکەین، کەواتە ئێمە دەبێت فەقەرەی 2 لابدەین، چونکە کە گوتمان کامل ئەهلیە دەبێت 18ی تەواو کردبێت، ئەوە ئەهلیەی قانونیە و قانونیەن ئێمە ناتوانین لە نەسێك لێرەدا موخالەفەی کۆمەڵێك نسوسی تر بکەین، ئەوە حەقی وجوب و حەقی ئادایە، حەقی تەسەروفە....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە موناقەشەی زۆر کرا، زۆر سوپاس، ئێستا ئەوە کامل ئەهلەیەکە دەمێنێتەوە وەکو خۆی و (أتم) دەبێتە (أكمل الثامنة عشرة من عمره)، ئەوەی تر شەتب دەکرێت، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەس کاك ئارام، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر، ماددەی 5 کە بووەتە ماددەی 4 کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

**یەکەم:** هەڵبژاردن مافی هەموو هاووڵاتیەکە کە ئەو مەرجانەی لێ بێتە دی کە دەقیان لەم یاسایەدا هاتووە.

**دووەم:** هەر هەڵبژێرێك مافی خۆی دەگرێتە بەر لە دەنگدان بە شێوەیەکی ئازادانە و راستەوخۆ و بە نهێنی و بە تاکەکەسی.

**سێیەم:** دەنگدان لە ڕێگەی بریکارەوە نابێت.

**چوارەم:** دەنگدان مافی تاکە کەسی و نهێنیە.

**پێنجەم:** هەڵبژێر یەك دەنگی هەیە لە یەك هەڵبژاردن دا و نابێت زیاتر لە جارێك دەنگ بدات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (5):

أولاً: الانتخاب حق لكل مواطن ممن توافرت فيه الشروط المنصوص عليها في هذا القانون .

ثانياً: يمارس كل ناخب حقه في التصويت للأنتخاب بصورة حرة ومباشرة وسرية وفردية .

ثالثاً : لا يجوز التصويت بالوكالة.

رابعاً: التصويت شخصي وسري.

خامساً: للناخب صوت واحد في الانتخاب الواحدو لا يجوز ان يدلي به أكثر من مرة .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من  دوو مولاحەزەم هەیە، هەرچەندە ملاحەزەی یەکەم زۆر باس کرا، بەڵام ئەمڕۆ ناکرێت ئەوملاحەزەیە دووبارە نەکرێتەوە، بەڕاستی ئەمە بەشێوەیەك خراپە هەندێك بڕگەی تیایە من هەر لێی تێ ناگەم و وا هەست دەکەم کوردی نیە، مەسەلەن بڕگەی یەکەمی ئەمە ئەگەر موقارەنەی بکەی لەگەڵ عەرەبیەکەی وا هەست ناکەی ئەم خاڵی یەکەمە کوردیە، ئێمە +وشەیەکمان هەیە دەڵێت ئەم مەرجانەی تیا بێت، ئەم مەرجانەی هەبێت، نازانم (ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی)یە یەعنی چی؟ لێ بێتە دی لەوە دەچێت بڵێی جلی لێ بێت! یەعنی زۆر ناشیرینە ئەم کوردیە زۆر لە قاڵب دراوە، کە پێویستە هەمووی سیاغە بکرێتەوە،مولاحەزی دووەمم پێم وایە 2 و 4 دەکرێت بکرێت بە یەك خاڵ ، 2 و4 یەك شتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە 2 و 4 بکرێت بەیەك، لە پێنجەم دا هەڵبژێر یەك دەنگی هەیە لە یەك هەڵبژاردن داو نابێت زیاتر لە جارێك دەنگ بدات، ئەوە خۆی ڕێوشوێنەکەی وا گیراوەتە بەر کە یەك جار دەنگ بدات، چونکە لە لیستەکە کە ناوەکەی ئیشارەتی پێدراوە و ناتوانێت جارێکی تر دەنگی بۆ بداتەوە، من ئەوەش بە زیادە دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش مولاحەزەکەم لەسەر خاڵی 2 و 4 بوو باسیان کرد منیش دەمەوێت کە نالێم بکرێت بە یەك، پێم وایە هەر لاببرێت، لەبەرئەوەی لە دووەم دا باسی لە سڕی و فەردی کردووە، لە چوارمیش دا باسی شەخسی و سڕی کراوە، شەخسی هەر فەردیەوە و سڕیکەش تیکرار کراوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك طلعت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی 2 (حقه في التصويت للأنتخاب بصورة حرة ومباشرة وسرية وفردية)، پرسیارێکم لە لیژنەی یاسایی هەیە ئەوانەی کە نەخوێندەوارن دەنگدانی ئەوان چۆن دەبێت؟ لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بۆچوونانەی كە گوتران هەر ئەوانە بوون، لێرە من ئیشارەتێك بە شتێك دەدەم بڕگەی 2 و 3 و4 و 5 زۆربەیان هاوشێوەی یەكن، جا بۆیە ئەگەر ئەو بڕگەیەی 3 و 4و 5 لە بڕگەی دووەم دا كۆبكرێتەوە بەم شێوەیە دەتوانێ مەعناكەی بدات، وەكو هەلبژێردرێت مافی خۆی دەگرێتە بەر، بە دەنگدان بە شێوەیەكی ئازادانە و ڕاستەوخۆ و بە نهێنی و بە تاكەكەسی دەتوانێ یەك دەنگ بدات كە ڕاستەوخۆ بەشدار دەبێت و نابێت لەڕێگەی بریكارەوە بێت، ئەوە كۆتایی بە سێ بڕگەكەی تر دەهێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس قسەكانم كوێستان خان كردی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش هەمان تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی 2 و 4، بڕگەی 4 ەمم پێ زیادە، لەبەرئەوەی پێم وایە تیكراره، پشتگیری لە ڕەئی برادەرانی پێشوو دەكەم كە باسیان كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هەمان شێوە منیش هەمان مولاحەزەم هەبوو، خاڵی چوارەم زیادەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نسرین حمە صالح :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، دەنگدان لە مافی تاکەکەسی نهێنیە، ئەوانەی کە نەخوێندەروان هەندێك کەسیان داناوە لە شوێنی هەڵبژاردنەکە کە بۆیان پڕبکەنەوە، ئەو کەسەی بۆی پڕدەکاتەوە خۆی سەر بە چ شوێنێك بێت ئەو دەنگەی بۆ دیاری دەکات، چونکە ئەو نەخوێندەوارە نازانێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆربەی زۆری ئەو ئەندامانەی کە قسەیان کرد، داوا دەکەن 4 ئیلغا بکرێت، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان لەسەر ئەو مولاحەزاتانە؟ کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو برادەرانەی ئەو یاسایانەیان سیاغە کردووە، بەڕاستی ئێمە تەنها عەرەبیەکەمان سیاغە کرد، نوسخەی کوردیەکە درایە شارەزایان، لیژنەی قانونی و شارەزایانی پەرلەمان ئەوان تەرجومەیان کردووە، ئێمەش وەکو لیژنەی ناوخۆ زۆر تێبینیمان هەیە، هەروەکو لە ڕاپۆرتی خۆشمان هاتووە لەسەر نوسخە کوردیەکە، بۆیە نوسخە عەرەبیەکە پێشنیار دەکەین ببێتە ئەساس، نوسخە کوردیەکە دەبێت پێیدابچینەوە، ئەوەی دووەمیان زۆربەی برادەران و کوێستان خان، کاك شێخ الله و چرۆ خان و گیلاس خان و سۆزان خان باسیان کرد، ئەوەی 2 و 4 ئێمەش پێمان وایە فەقەرەی 2 خاڵی 4 یش دەگرێتەوە، ئەگەر 4 ئیلغا بکرێت، ئەوەی کاك تەلعەت باسی کرد بەڕاستی ئەوەی نەخوێندەوارە لە ماددەکانی تر عیلاج کراوە، لەلایەنی ئینتیخابیش ئەگەر یەکێك بێت پێچەوانەی رەغبەتی ئەو نەخوێندەوارە دەنگ بدات، سزای بۆ داندراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە بە نیسبەت مولاحەزەکەی کوێستان خان، عەرەبیەکە ئەساس دەبێت کوردیەکە چاك دەکرێتەوە، هەردوو لیژنە موافقن فەقەرەی 4 ئیلغا بکرێت، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ فەقەرەی 4 ئیلغا کرا، ماددەکە بە بێ فەقەرەی 4 دەیخەینە دەنگەوە بە تەلسەلسولی تازەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ ب کۆی دەنگ ماددەی 4 قبوڵ کرا، بۆ ماددەی 5 کە ماددەی 6 بووە ماددەی 5 کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی سێیەم

## مافی خۆ پاڵاوتن

**ماددەی 5**

**یەکەم:** ئەوەی خۆی دەپاڵێوێت بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنەکان دەبێت ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی.

1- دەبێت عیراقی بێت و شیاوی تەواوی هەبێت و تەمەنی گەیشتبێتە 25 ساڵ لە کاتی خۆ پاڵاوتنی دا.

2- دەبێت بڕوانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەی بەلایەنی کەم هەبێت بۆ پاڵێوراوانی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و ئەنجومەنەکانی قەزاکان و بڕوانامەی بنەڕەتی یان هاوتاکەی هەبێت بۆ پاڵێوراوانی ئەنجومەنە خۆجێیەکان و ناحیەکان.

3- دەبێت ژیاننامە و ناوبانگ و ڕەوشتی باش بن و حوکم نەدرا بێت بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابڕووبەر.

4- دەبێ لە ڕۆڵەکانی یەکە کارگێڕیەکە بێت بە پێی تۆماری باری شارستانی یان بە شێوەیەکی بەردەوام لێی نیشەجێ بێت بۆ ماوەیەك لە 10 ساڵ کەمتر نەبێت، نیشتەجێ بوونەکەشی بۆ مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافی نەبێت.

5- نابێت لە کەسەکانی هێزی چەکدار یان دەزگاکانی ئاسایش بێت.

6- نابێت بەشداری لەو تاوانانەدا کردبێت کە ڕژێمی بەعس لە هەرێمدا نەخشەی بۆ کێشابێت یاجێ بەجێ ی کردبێت.

**دووەم:** هەر هاووڵاتیەك ئەم مەرجانەی لە بڕگەی سەرەوەی تیا بێت مافی خۆ پاڵاوتنی هەیە.

**سێیەم:** پاڵێوراوەکان دەکەونە بەر حوکمی ڕاستاندنی دەستە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## الفصل الثالث

## حق الترشيح

المادة (5):

اولاً: يشترط في المرشح لعضوية المجالس مايلي :

1. ان يكون عراقيا كامل الاهلية بلغ الخامسة والعشرين سنة من عمره عند الترشح .
2. ان يكون حاصلا على الشهادة الاعدادية او مايعادلها على الاقل بالنسبة لمرشحي مجالس المحافظات والمجالس المحلية للاقضية وعلى الشهادة الاساسية او ما يعادلها بالنسبة لمرشحي المجالس المحلية للنواحي .
3. ان يكون حسن السيرة والسمعة والسلوك وغير محكومة بجناية او جنحة مخلة بالشرف .
4. ان يكون من ابناء الوحدة الادارية بموجب سجل الاحوال المدنية او مقيما فيها بشكل مستمر لمدة لاتقل عن عشر سنوات على ان لاتكون اقامته لاغراض التغير الديموغرافي .
5. ان لايكون من افراد القوات المسلحة او المؤسسات الامنية .
6. ان لايكون مشتركا في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتكبها النظام البعثي في الاقليم .

ثانياً: لكل مواطن تتوفر فيه شروط الترشيح الواردة في الفقرة اعلاه من هذه المادة حق الترشح.

ثالثاً: يخضع المرشحون لمصادقة الهيئة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەردوو لیژنە پشتگیری لە ماددەكە دەكەین، لێرە تەقریبەن زۆربەی هەرە زۆری ماددەكە دووبارەیە لەگەڵ ئەو مەرجانەی كە لە یاسای پارێزگاكان هاتووە، یەك تێبینم هەیە ئەویش لە بڕگەی 6 (ان لایكون مشتركا في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتكبها النظام البعثي في الاقليم)، ئێمە لە یاساكەی تر (للاقليم)مان لاداوە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی دەنگ بۆ ئەوە بدەن، ئەو شەشە خۆی باسی كرد دەبێت فی الاقليم لابچێت، چونكە یەكەم شت هەموو جەرائیمێك كە بەرامبەر هەموو میللەتی عیراق كرابێت، ئەوە جەرائیمە نابێت قبوڵ بكرێت، دووەمیش ئیقلیم كەركووكیش دەگرێتەوە، بۆیە (فی الاقليم) لابچێت هەر كەسێك لەو تاوانانەی بەشداری كردبێت حەقی ئەوەی نەبێت، هەروەها (ثانيا) زیادە، لەبەرئەوەی تۆ لە ئەوەڵەن نووسیوتە (يشترط فی المرشح لعضوية.........)، بۆیە داوا دەكەم ئەوە شەتب بكرێت، بێجگە لەو دوو مولاحەزەیەی كە من گوتم كێ قسەی هەیە؟ كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەڕاستی تەنها لەسەر تەمەنەكە تێبینیم هەیە و پێشنیارە، پێم وایە وەك مافێكی كەسی هەموو كەسێك حەقی ئەوەی هەیە دەنگ بدات و خۆی هەڵبژێرێ كە هەرئەوەندەی ئەهلیەی تەواوی هەبێت پێم وایە حەقی خۆیەتی ئیتر خۆی هەڵبژێرێ، بە تایبەتی ئەم ئەنجومەنانە ئەنجومەنی لەسەر ئاستی شارەكانە، پێم وایە لێرە وەكو پەرلەمان نیە كە لە 25 ساڵ دابندرێت، زەرورەت وایە لە 18 ساڵی ئەو حەقە بدرێت بە هەموو كەسێك مافی ئەوەی هەبێت خۆی هەڵبژێرێ، خەڵك ئازادە دەنگی دەداتێ یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

به حەقەت من پرسیارێك هەیە سەبارەت بە فەقەرەی 2 و تێبینیەك ژی هەیە، فەقەرەی 2 كو دبێژتن شەهادەی ئامادەیی ئان هاوتەریب هەبێت بۆ بەربژێرەكان، باشە ئەگەر لە ئەنجومەنێك چ لە ئاستی پارێزگا یان لە قەزا یان ناحیە، هەموو ئەوانەی بوونە ئەندام خەریجی ئەعدادیە بن، خەریجی كولیە لەناو دانەبیتن؟ مەرجیشە موحافز یان قائیمقام ئان مدیر ناحیە خەریجی كولیە بیتن، ئەو كاتە چون موعالەجەی ئەو مەسەلەیە دەكەن؟، دووەم: فەقەرەی 4 دەڵێت (ان یكون من ابناء الوحدة الاداریة بموجب سجل الاحوال المدنیة) لەوانەیە كابرایەك خەڵكی ئەو شارە ئەو 20 ساڵە چووە خارج ناوەكەی لە سجلی ئەو شارە نەماوە، وە ئەمەش شروتی دیكەی هەیە، حقی ویش هەیە بگەڕێتەوە بژیت بە ناوی ئەو شارە، بە تەسەوری من ئەگەر فەقەرەیەكی تریش ئیزافە بكەی (ان یكون من ابناء الوحدة الاداریة بموجب سجل الاحوال المدنیة او بموجب ای دلیل اخر)، یەعنی ئنتیمای ئەو شارەی هەبیتن، یەكێك كە لە خارج بیت 20 ساڵ حەقی خۆیەتی بێتەوە، بەناوی شاری خۆی بگەڕێتەوە، ئەگەر شتێك ئیزافە بكەین بۆ ئەوەی ئەو مافە ئەو كەس هەی بێتن، ئەو مافە بگەڕێتەوە كە ناوەكە لە سجلەكە نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم مای ماددەیە لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاكانیش دا بە هەمان تەفاسیڵ و بە هەمان شێوە هاتووە، من تەنها پرسیارێكم لە هەردوو لیژنەی بەڕێز هەیە، هۆكاری تیكرار كردنەوەی ئەم ماددەیە لێرەدا ئایا بەس تەنها تەئكید كردنەوەیە؟ چونكە من پێم وابێ كە لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاكاندا هاتووە، بە تایبەتی لەوێ بۆ ئەنجومەنی پارێزگاكەیە و لەوێ جێگای باشتر بووە تا ئێرە، ئەگەر زەروریەتێكی تایبەتی نەبێت بەڕاستی پێشنیار دەكەم كەلاببردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵەكانم زۆری گوترا، تەنها خاڵێك ماوە، ئەویش ئەوەیە خاڵی پێنجەم كە دەڵێت (ان لایكون من افراد القوات المسلحة او المؤسسات الامنیة) وا پیشان دەدرێت كە ئەوانە بۆیان نیە بە هیچ شێوەیەك هەتا ئەگەر ئیستیقالەش بدەن، من بۆیە وای بە پەسەند دەزانم بە شێوەی موسبەت زكر بكرێت نەك بە شێوەی مەنفی، بگوترێت (أن یكون مستقلا اذا كان من أفراد القوات المسلحة أو المؤسسات الامنیة)چونكە ئەگەر ئەوانە ئیستیقالەیان دا بۆیان هەیە خۆیان تەرشیح بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر برِگەی 4 هەیە، كە دەڵێت (أن یكون من أبناء الوحدة الاداریة بموجب سجل الاحوال المدنیة) ئەوەندە كافیە لەو برِگەیە بمێنێت، نەوەك (مقیما فیها بشكل مستمر لمدە لاتقل عن عشر سنوات) ئەوە تەفسیرات زۆر هەڵدەگری، جانبە نەفسیەكەی ئەگەر موراعات بكەین، هەركەسە و لە مەنتیقەی خۆی دیارە، ئەوانە نوخبەن لە سەر ئاستی پارێزگایە، قەزایە، ناحیە، وانیە لەسەر ئاستی هەموو كوردستان بێت و بڵێین ئەو مەجالەی بدەین، هەركەسە لە مەنتیقەی خۆی حەقی هەبێت خۆی هەڵبژێرێت، بەوەندەی یەعنی (أن یكون من أبناء الوحدة الاداریة بموجب سجل الاحوال المدنیة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین مەلا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو مولاحەزە لە برِگەی 3 (ان یكون حسن السیرة والسمعة والسلوك) ئەو سێ، چوار شتەی لەدوای یەك ڕیز كردووە، هەر ئەوها بگوترێت باشترە (ان لایكون محكوما علیە بجنایة أو جنحة) هەر ئەوەندە بەسە (أن یكون معروفا بحسن السیرە)، چونكە ئەو سومعە و سلوك و موكمینە ئەوە تەغیربكرێت لە مەنتیقەیەك بۆ مەنتیقەیەكی تر، هەركەس بە عاداتی، لە (ان لایكون من افراد القوات المسلحة او المؤسسات الامنیة) لەوێ وا باشە بۆ ئەوەی ئەو ئەشكالە لابچێت بگوترێت (عند الترشیح) كە گوتت (عند الترشیح) ئەوە نامێنێت وەكو ئەو مولاحەزاتەی كە تازە باسكرا، لە 2 دەڵێت (ثانیاً: لكل مواطن تتوفر فیە شروط الترشیح الواردة في الفقرة اعلاه من هذه المادة حق الترشح)، ئەوە زۆر دوورو درێژە، هەر (یجوز لمن یتوافر فیە شروط الترشیح، أن یرشح نفسە الواردة فی الفقرة اعلاه من هذه المادة)، ئەوەندە بەسە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رمزیە خان فەرموو.

**بەڕێز رمزیە احمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵێ دووهێ (ان یكون حاصلا علی الشهادة الاعدادیة) ئەڤە یا دیارە بەس، پرسیارا من ئەوە، بە نیسبەی (لمرشحي مجالس المحافظات والمجالس المحلیة للاقضیة وعلی الشهادة الاساسیة) لێرە ئەساسیە دیاری دكات كو

شەهادە بنەڕەتیە ئان نا؟ لە کوردیا هاتیە بنەڕەتیە، دروستە، بەس ئەساسیە دەبیتە ئەساسی بنەڕەتی؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاسای پارێزگاکان لە شورتی عوزویە وا هاتووە لە بڕگەی 1 (ان یکون عرقیا کامل الاهلیة أتم الخامسة والعشرین)بەس لێرە لە بڕگەی 1 وا هاتووە (ان یکون عراقیا کامل الاهلیة بلغ الخامسة والعشرین) بۆ تەوحیدی ئەوە هەردوو یاساکە پێم باشە ئەویش بکرێتە (أتم الخامسە) بۆ ئەوەی جیا نەبێت لە یەکتری، بەنیسبەت بڕگەی 4 ەکە 10 ساڵ داندراوە، هەرچەندە بۆ پارێزگاکان 10 ساڵ داندراوە، بەڵام من پێم وایە 10 ساڵ یەکجار زۆرە، چونکە ئەگەر بە پێی نیزامی مەوتنیش بێت لە ئەوروپا ڕەنگە بە 5 ساڵ جنسیە وەردەگری لەو وڵاتە، باشە ئەوە کەسێك خەڵکی ئەو وڵاتە بێت بۆ 10 ساڵ دابنیشێت؟ ئایا 10 ساڵ زۆر نیە بۆ ئەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەسەر خاڵی 5 ئەوەی ئەفرادی قواتی موسەلەحە قسەم هەیە، عادەتەن ئەوانە دەبێت لە قواتی موسەلەحە نەمابن، بەڵام مودەتیان بۆ دادەنێن لە بۆ ئەوەی مەنسبەکەیان ئیستیغلال نەکەن، بەڕای من ئەگەر وای بنووسین بڵێین (أن لایکون مستمرا فی الخدمة فی القوات المسلحة والمؤسسات الامنیة مدة لاتقل عن ستة اشهر قبل یوم ترشیحە من یوم الانتخابات)، ئەوە لە پەرلەمانیش ئەو 6 مانگە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر بڕگەی 2 بۆ بڕونامەی ئەندامی ئەنجومەن لە ناحیەکان، بەڕاستی کەمترین بڕوانامە 3ی ناوەندیە، یەعنی هەر دەکاتە خوێندەوار، شەهادەی تازەو ئەم ئەنجومەنە ئیشی بەڕێوەبردنە بەڕاستی پێویستی بە ئەوە هەیە خەڵکێك هەیە بە توانا بێت، حەق وایە ئەندامی ئەنجومەنی ناحیەش هەروەکو

**قەزا دەرچووی ئامادەیی بێت، تێبینی دووەمم لەسەر بڕگەی 5 هەیە، کە لە جیاتی (المؤسسات الامنیة) باش وایە بنووسن (قوی الامن الداخلی)، لەبەرئەوەی قوەی ئەمنی داخلیە، پۆلیسی مەحەلی دەگرێتەوە، ئاسایش و پۆلیسی ئاگرکوژێنەوە و پۆلیسی هاتووچۆ دەگرێتەوە، یەعنی ئەوانە هەمووی دەگرێتەوە، ئەوە من بە قانونی تری دەزانم لە جیاتی موئەسەساتی ئەمنی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**گوڵناز خان فەرموو.**

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من هەمان ڕەئی کاك شوقیم هەیە و لە کاتی یاسکەشدا هەر ئەو ڕایەم هەبوو، بەڕاستی 10 ساڵ هیچ بیانوویەك نیە، لەبەرئەوە خەڵك بە ئاسانی ئێستا هاتووچۆ دەکات و بە گوێرەی ئیش و پیشەکانی شوێنی نیشتەجێ بوونی دەگۆڕدرێت، وەك ئاماژەی پێدا لە ئەوروپاش ئەو مەرجە نەسەپێندراوە بەسەر بیانیەکاندا، زۆر بیانی ئەگاتە ئەندامی پەرلەمان لەوێ، بە نیسبەت ئەو خاڵەی جەنابت گوتت بڕگەی 2 زیادەیە، من 3یش بە زیادە دەزانم، چونکە لە سەرەوە لە دوو ماددەی پێشووتر باسی ئەو شتانە کراوە، مەسەلەی هێزە چەکدارەکانیش هەق نیە ئەوانەش مەحروم بکرێن، مەرجە کە ئێستا لە کارەکەدا نەبن، خەڵکی وا هەیە پێشتر لەوێ ئیشی کردووە، بۆچی مەحروم بێ لەوەی خۆی بپاڵێوێت؟ سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**د.شکریە فەرموو.**

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من بەڕاستی کۆمەڵێك تێبینیم هەیە، یەکەم: مەسەلەی تەمەنەکە کە 25 ساڵ بێت، من 25 ساڵ بە زۆر دەزانم کە 18 ساڵمان دانا، دەتوانین لە 18 ساڵەوە دایبنێین تا 25 ساڵ، دووەم: مەسەلەی شەهادە بۆ دەبێت بنەڕەتی بێت؟ کە ئەمڕۆ لە کوردستان دا دەتوانم بڵێم نەخوێندەروای زۆر کەم بووەتەوە، زیاتر خەڵك بەرەو شەهادەی بەرز دەڕوات، ئەگەر لە جیاتی ئەوەی بڕوانامەی بنەڕەتی بکرێت بە ئامادەیی با کەمتر نەبێت لە ئامادەیی، سێیەم: دەبێت ژیاننامەو ناوبانگ و ڕەوشتی باش بێت، خۆی ئەمە بۆ جەمع نیە، ڕەوشت و ژیاننامەو ناوبانگ بۆ کەسێکە کە خۆی هەڵدەبژێرێت، نەك جەماعەتێك، ئەم سیفەتانەی کە تیا بێت، چوارەم: بۆ مەسەلەی ئەو 10 ساڵە کە داندراوە، بەڕاستی من کەسێك دەناسم کوردەو خەڵکی هەولێرەو چۆتە هۆڵەندا بە ماوەی 5 ساڵ گەیشتە پەرلەمان، زمانەکەی وا زەبت کردوو موهەندسیشە، تا ئەو 10 ساڵە زۆرە بە ڕەئی من هەر بکرێتە 5 ساڵ زۆر باشترە، پێنجەم: کە دەڵێت دەبێت حسن سیرەی باش بێت، حوکم نەدرابێت بە تاوانێك یان کەتنێك، ئەی باشە سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر عەفویەکی عامی بۆ دەرچوو؟ کەتنێکی خراپ بوو و دوایی دەرکەوت ئەوە نیە، کە پێویستە ئێستا ئەوە خاڵێك بێت، هەتا**

به نیسبەت ئەوانەی کەوا مەحکومن، من پێرێ لە جەریدەش ئەوەم خوێندەوە، زۆر دانە جار لە دەوڵەتان دا دەگەنە ئەوەی، کە ئێستا لە ئەمریکا چەندین حاڵەتی وا دەرکەوتووە کە بە خۆڕایی ئەو کەسە گیراوەن هەموو بەڵگەکان کە پاش 10 ساڵ کۆکراوەتەوە ئەوە دەرنەچووە، ئەی باشە ئەگەر هاتو عەفویەکی بۆ دەرکەوت، ئەمە ئەو تاوانەیە کەوا بەخۆڕایی درابوو! یەعنی من سەرۆکی پەرلەمان سێ ساڵ لەمەوپێش شەخسێك کەسێکی دا بە گرتن، گوتی ئەمە لە جەماعەتی ڕەوتە ئیسلامیە توندڕەوەکانە، ئەو شەخسەی ئەم کەتنەی کردبوو، بۆ 700 هەزار دینار ئەمەی کردبوو، دوای ئەوەی کەوا کەشفێکی تایبەتیان کرد بلفعل ئەو کەسە دەرنەچوو کە لەسەرئەمەیە، بۆ مەسەلەی پارە بوو، کەچی هەر لە تاوانی موخەلبی هین درا، کەواتە لێرە بەریئە ئەو کەسە، ئەمە پاش ماوەیەك، ئەمە خاڵێکی، خاڵی دووەمیش لە ماددەی 6 هەرهاووڵاتیەکی ئەم مەرجانەی لە بڕگەی سەرەوەی لێ بێتەدی مافی خۆ پاڵاوتنی نیە، بە رەئی من هەر هاووڵاتیەك ئەم مەرجانەی سەرەوەی گرتەوە مافی خۆ پاڵاوتنی هەیە، خاڵی سێیەمیش بەڕاستی وشەی (ڕاستاندن) زۆر ئێسکی گرانە لێرەدا، پاڵێوراوەکان دەکەونە بەر حوکمی دەسەڵات، تەنها ئەو وشەیە دابندرێت (پاڵێوراوەکان دەکەونە بەر حوکمی دەستە)، جوانتریشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فضیلە خان فەرموو.

**بەڕێز فضیلە رمضان سعداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی 2 و 4 هەیە، ڕاستی زۆر قسە لەسەر خاڵی 2 کرا، بەس ئەوەی گرنگە دەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەم مەوزوعی شەهادە و ئەندامی موحافەزە و قەزا، ئەندامی موحافەزە بە روتبەی مودیری عامە، شتێکی بچووك نیە، ئێمە لازمە زۆر گرنگی بە ئەو بابەتە بدەین، چونکە ئێستا ئێمە بە هەزاران کەسمان هەیە شەهادەی ماجستێر و دکتۆرای هەیە ئیستیفادە لە خیبرەی ئەوکەسانە بکەین، ئەزمەی شەهادەو ئەو تشتە نینە، یەعنی مەفروزە ئەندامی مەجلسی موحافەزەو قەزا خەریجی کولیە بێت، وە هی ناحیەکانیش شەهاەی ئەعدادی هەبێت و لەوە کەمتر نەبێت، خاڵی 4 وەحدەی ئیداری زۆر کورد هەیە لە موسڵ و بەغدا بوو، پشتی 2003 هاتیە دانیشتیە لە دهۆك و هەولێر، یەعنی ئەو 10 ساڵە زۆرە خیبرەی هەیە، بەس چیە واقعی وی مەجالی نەداوە دانیشێت لە ئیقلیم، پشتی ئەو گۆڕانکاریە ئێستا دانیشتووە و هەمی شیانی و مەرجی هەیە، باشترە ئەوە نەمێنێت یان 5 ساڵ بێت زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو رەئی لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو تێبینیانە؟ فەرموو.

**بەڕێزخلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە قانونی موحافەزات لە فەسڵی دووەم لە چوارم باسی شروتی عوزویەتمان کردووە، لێرەش وەکو ئەوەی هاتووە هەمووی کەلیمەی (أتم) فعلەن لەوێش ئەتەمەیە (الخامسە والعشرین) لێرە دامان ناوە (بلغ) بگۆڕین لازمە ئەوەی تریش بگۆڕین، یەعنی عەینی ئەوە هاتووە، ئەوەی کاك شێردڵ و برادەران دەیڵێن ئێمە باسی کاتی تەرشیح، باسی شروتی مورەشەحە، هەروەکو خۆی تەرشیح دەکات، ماوەیەك داندراوە لە مفەوەزیە لەم کاتە بۆ ئەو کاتە، لەو کاتە لازمە لە ئەفرادی قواتی موسەلەحە و ئەمن نەبێت، پێشی ئەو بە ڕۆژێکیش ئیستیقالەی دابێت، موهیم ئەو کاتە لەناو ئەوە دانەبێت، ئەگەر ئیستیقالەی دابێت و قەبوڵ کرابێت پێشی ئەوە تەواو حەقی ئەوەی هەیە، بە نیسبەت ئێمە ئەوی 10 ساڵ لە عەینی قانونی پێشترمان هەیە ئەو شروتەی تێدایە، مەوزوعی شەهادە بۆ ئیعدادیە و بۆ مەجلسی موحافەزات لەویَ ئەوەی بنەڕەتی بۆ ئەقزیە و نەواحی داندراوە، یەعنی وابزانم عەینی ئەو پەرلەمانە دەنگی دا بۆ ئەو شروتانە، عەینی شروتە یان لێرە هەمووی حەزف بکەین با نەبێت و لەویَ هەیە، یانیش وەکو ئەو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت مەسەلەی عەفو ئەوانە، ئەگەر کەسێك تاوانبار بوو هەتا ئەگەر عەفوش بکرێت، بەڵام تاوانەکە لەسەر ئەو تەسبیتە، یەعنی مانای ئەوە نیە ئەو کەسە نەیکردووە، یەعنی هەر حوکمەکە لەسەری هەیە، بەڵام مەعفو دەبێت بە زروفێکی جیاواز، بۆ ئەوە ئیجرائاتێکی ترە، لەبەرئەوە یەکێك دەبێت لەوانەی کە لە شەرتی ئینتیخاب و خۆ هەڵبژاردن شمولی نەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو برادەرانەی باسی دەرەوەیان کردو گوتیان لەویَ بە 5 ساڵ خەڵك دەبێت بە مواتن، مواتن بوون جیاوازە لەوەی کە خزمەتی خەڵك، عادەتەن تۆ دەتوانی بە 5 ساڵ ببی بە مواتن، بەڵام بە 5 ساڵ نە لوغەی فێردەبی، نە شارەزای شارەکان دەبی، نە عادات فێردەبی، نە ئاگات لە مەساڵحی خەڵك هەیە، لەبەرئەوە بە هیچ شێوەیەك بە 5 ساڵ بۆت نیە خۆت هەڵبژێری، ئەوە لە دەرەوە، بە نیسبەت ئێرە کە سیستەمێکی وا دادەندرێت کە 10 ساڵ بێت، ئەو 10 ساڵە بۆ ئەوەیە ئەو کەسەی لەویَ هەر بۆ شارەزا بوون نیە، دەبێت خیبرە پەیدا بکەی، مەشاکلی ئەو کۆمەڵگای چیە؟ پێویستە بزانی چیان بۆ بکات؟ چۆن خزمەتیان بکات؟ چۆن بە پیریانەوە بچیَ؟ شارەزای تەواوی وەزعەکە بێت، لەبەرئەوە حیکمەتێکی تیایە

ئەو 10 ساڵە، ئەو 10 ساڵە حیکمەتێکی باشی تیایە بۆ ئەوەی کە بتوانرێت کەسانێك هەڵبژێردرێن بتوانی پڕاوپڕ خزمەتی ئەو خەڵکە بکات لەو ناوچەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە، انشاللە نوقتەی نیزامی نیە! سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك جمال قاسم حەق نیە خۆی بخاتە هەڵەی واوە! ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندا ئەم ساڵ سوێندی یاسایی خوارد تەمەنی 21 ساڵە و 6 ساڵە لە هۆڵەندایە........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی نیە، فەرموو دانیشە، وەڵڵا انشاللە یەکەت دەرنەچوو! قسەکەت ڕاستە، بەڵام نوقتەی نیزامی نیە، ئەوە شەرحێکی کە کردی، ئەوەڵەن هەندێك جار هەندێك شت باس دەکەین ئەوە موحافەزەیەکە، جاریَ ئەوەڵەن بەینی هەولێر و سلێمانی و دهۆك وە انشاللە کەرکووکیش لە ئاییندەیەکی نزیك دا فەرقێکی جیاوازی نیە لە کەڵچەر و لە تێگەیشتن و شارەزا بوون، دووەم: ئەو مولاحەزاتانەی کە درا بە نیسبەت خاڵی 2 لە (أولا : شهاده الاساسیه) ئەگەر بکرێت ببێتە (شهاده المرحله الاساسیه)، بۆ ئەوەی تێ بگەیەندرێت کە دەکاتە متەوستە، یەعنی سیستەمەکە گۆڕاوە، ئیبتدائی و سێ ساڵەکەی تر کە مەرحەلەی ئەساسیە، ببێتە (شهاده المرحله الاساسیه)، پێنجەم: ئەوەی کاك شێردڵ ئاماژەی پێی کردئەگەر ئیزافەی ئەوە بکرێت، ئەگەر برادەرێکی تریش کاك شوقی و کاك کریم و کە موئەسەساتی ئەمنی بکرێتە (قوی الامن الداخلی)، کەواتە 5 ئەگەر بکرێتە ( أن لایکون من أفراد القوات المسلحة أو من القوی الامن الداخلي عند ترشحه).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە بۆچی داندراوە؟ ئەوە تەرەشوحی پێ ناوێت بنووسی، چونکە ئەوە خۆ موەزەفی تریش وان، بەڵام ئەوە لە بۆ ئەوەیە کە مەنسەبەکە ئیستغلال نەکات، لەبەرئەوە مودەتێکیان داناوە، 6 مانگ پێش ئەوەی ئیستیقالەی کردبێت یان نەما بێت، هەر لەبەرئەوەیە، من گوتم ئەگەر بڵێین (أن لایکون مستمرا فی خدمة القوات المسلحة أو المؤسسات الامنیة مدة لاتقل عن 6 أشهر قبل یوم ترشیحه).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەقیقیە کاك شێردڵ، من لەگەڵتم، سیغەی قانونی پەرلەمان ئەگەر وابێت، با ئەوەش وابێت، ئەوەی خاڵی 4 (أن یکون من ابناء )، فعلەن ئەوەی 10 ساڵەکە، ئیعرتازیان هەبوو کاك شوقی بوو دواتریش شکریە خان ئەخیرەنیش سۆزان خانیش چاکی کردەوە بەو مولاحەزەی کە دای و نوقتەی نیزامی نەبوو، بەڵام مولاحەزەیەکی باش بوو، دوایەش ئەو پارێزگاریانە لێك نزیکن، یەعنی 5 ساڵ لە جێگایەك موقیم بێت و دوایەش بەشی ئەوەندە دەکات کە متمانەی هەبێت و لە ناو قائیمەیەك دابێت کە خەڵك دەنگی بۆ بدات و بتوانێ خزمەتی شارەکە بکات، پێم وایە ڕەنگە 5 ساڵ لێرە بەس بێت، بۆیە ئەگەر موافەقەت بکەن، لەوێ لە قانونی موحافەزات هاتووە، قەیناکە ئەگەر شتێکی زەرەری بوو لەوێ تەعدیلی دەکەین، ئەگەر موهیم نەبوو تەعدیلی ناکەین، ئەوە تازەترە جێی وی دەگرێتەوە، ئەگەر نا وەکو سۆزان خان دەبێت جوابەکەم، فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی تووشی ئەو کێشەیە نەبین، لە فەقەرەی یەکەم دەڵێت (دەبێت لە ڕۆڵەکانی یەکە کارگێڕیەکان بێت بە پێی تۆماری باری شارستانی) کەواتە ئەوە لێرە مانای ئەوەیە شەرت نیە 10 ساڵ لەوێ بێت، چونکە ئیتر ئەوە هەویەی ئەحوالی شەخسی هەیە و سەر بەو موحافەزەیە... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەفوم دەکەی ئەوە وا نیە، ببورە ئەوە مەبەستی ئەوە نیە، ئەوە ئەوەیە کە یەکێك با بڵێین خەڵکی سلێمانی بێت بە پێی دەفتەر نفوس و ئەوانە، بەڵام نیشتەجێی هەولێر بێت و بۆی هەیە ببێتە ئەندام، بۆی هەیە ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، ئەگەر چی دەفتەری نفوسەکەی یان هینەکەی یان خەڵکی سلێمانی بێت و یان، خۆی عەکسەکەشی ئەگەر خۆی تەرشیح بکات، فەقەرەی یەکەم (شهادە المرحلە ألاساسیە)، مەرحەلەکەی بۆ ئیزافە بکرێت، ئەوە لە (ثانیا)، (بلغ) بمێنێت زۆر ڕاستە لەبەرئەوەی لە بۆ پەرلەمان نووسیمان بەلەغە، مەبەستمان لەوە بوو کە 24 ساڵ و ڕۆژێك بۆی هەیە خۆی هین بکات، لەپەرلەمان وامان لێ کرد، ئەمە ڕاسترە بۆ پەرلەمان کە بۆ گەنجان تەمەنمان کەم کردەوە لە 30 ساڵ بۆ 25 ساڵ موناقەشەی زۆرمان کردو کردمانە بلغ بۆ ئەوەی 24 ساڵ و ڕۆژێکیش بێت بیگریتەوە، لێرەش ناکرێت بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان ساڵێك زیاتر بێت، بەلەغەکە ڕاسترە، ئەوەش چاك بکەنەوە، خۆشتان واتان نووسیوە، پێم وایە زۆریش تەناقوز نەبێت 10 ساڵەکەش باب و جوابی تێدایە، ئەگەر سەحبی ناکەنەوە 10 ساڵەکە بمێنێت دەیخەمە دەنگەوە، ڕەئی خۆت گوتووە و ڕەئیەك هەیە دەڵێت 10 ساڵ ببێتە 5 ساڵ، بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو مەوزوعەی، ئەوەی کە خیلافی لەسەرە، لێرە نووسراوە 10 ساڵ لە قانونەکەشدا نووسراوە 10 ساڵ، بەڵام لێرە 4 ئەندامی پەرلەمان دەڵێن 10 ساڵ زۆرە بیکەنە 5 ساڵ، ئەو موقتەرەحەی ئەو 3 ئەندامەی پەرلەمان کە خیلافی هەردوو لیژنەکەیە کێ لەگەڵ ئەوەیە 10 ساڵەکە ببێتە 5 ساڵ دەستی بڵند بکات تکایە؟ 21 کەس، فەرموون، کێ لەگەڵ ئەوەیە 10 ساڵەکە وەکو خۆی

بمێنێتەوە دەستی بڵند بكات تكایە؟ ئەغلەبیەتە، دەمێنێتەوە وەكو خۆی، ئەوانی تریش پێویست ناكات بیخەمە دەنگەوە، چونكە دوو، سێ شتی شكلیە (شهادة المرحلة الاعدادية) دەمێنێتەوە لەسەر ئەوەی..... كاك كریم جێگاكەت دوورە كە قسە دەكەی من گوێم لێیە لێرە یان بچۆ بۆ تەنیشتی یانیش بێ دەنگ بە، ئەو سیغەیەی كە كاك شێردڵ گوتی وەكو لە هین داهاتووە (ان لایكون من افراد القوات المسلحة او قوى الامن الداخلى عند ترشحه) وەكو پەرلەمانی لێ بكرێت كە دەڵێت 6 مانگە، من ئەسڵەكەم لا نیە، ئەگەر تێیدا نەبێت (عند ترشح) كافیە، كەواتە (عند ترشحه)، فەقەرەی 6 لەسەر ئیقتراحی سەرۆكایەتی داوا دەكەین كە لابچێت (ان لایكون مشتركا فى الجرائم فى الاقليم) لابدرێت، (ثانیا: لكل مواطن تتوفر شروط الترشیح الوارد فى الفقرة 2 من هذه المادة حق الترشیح) چونكە لەوە دانووسراوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەقەرە زیادەیە ئیلغا بكرێت دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ ئەوەش قبوڵ كرا، تەبعەن قانونەن هەموو مورەشەحەكان دەبێت هەیئە موسادەقەی بكات، یەكێك گوتی بۆچیە ئەوە؟ هەیئە دەبێت موسادەقەی بكات و هەیئە تەدقیقی دەكات لەو شروتە، بۆیە ئەو ماددەیە بەو گۆڕانكاریەی كە باسم كرد دەیخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵیەتی دەستی بلند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ 2 كەس، سۆزان خان و گوڵناز خان لەگەڵدا نین، بڕۆ بۆ ماددەی دواتر كە دەبێتە ماددەی 7، بوو بە ماددەی 6 كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 6

خۆ پاڵاوتن بە شێوەی لیستی داخراو دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە 7

یكون الترشیح وفقاً لنظام القائمة المغلقة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەكان ڕەئیتان بڵێن، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرمووو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە هەردوو لیژنە بەزۆرینە لەسەر لیستی داخراو بووین، بەڵام منیش تەوقیعم كردووە كە تێبینیم هەیە، تێبینیەكەش هەر ئەوە بوو كە گوتی مادام بۆ پەرلەمان نەكرا داخراو، موبەرراتی خۆی هەبوو ئەمە، عەلەل ئەقەل بۆ موحافەزە ئەوە باشترە و خەڵك یەكتر دەناسن، هی كابرای خزمەتكار، خیبرەی شایستەی، یەعنی ئەوە زیاتر ڕێز گرتنە لە دەنگی دەنگدەر، تەئسیری دەنگی ئەویش دەبێت، ئیرادی وی باشتر دەبێت، ڕێز لە حوریەت و ئیختیاری وی دەگیرێت، من حەوجە نیە لێرە باسی موبەررات بكەم، بەڵام هەر بۆ ئەمانەت هەر لەگەڵ ئەوەینە لە ئینتیخاباتی مەجالسی موحافەزات سیستەمەكە سیستەمی لیستی كراوە بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دلێر فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستی بەشێكی قسەكانم نزیكە لەوانەی كە كاك خلیل كردی، چونكە من بۆ خۆم یەك لەو كەسانە بووم كە لەگەڵ لیستی داخراو بووم بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، بەڵام لە ناوەڕۆك دا ئینتیخابات بۆ پەرلەمان زۆر جیاوازە لە پارێزگا، چونكە پارێزگا زیاتر ئەنجومەنێكی خەدەمیە پێویست وایە كەسەكانی ناوی لەلایەن خەڵكەوە ناسراو بێت، دەبێت خەڵك ڕاستەخۆ دەنگی بداتێ، چونكە كە ئەو خەڵكانە ئیشی یەكێك لە ئیشە گرنگەكانن خزمەت كردنە بە خەڵكی ناوچەكەی خۆیان، زەرورەت وایە، ناسرا بێت، چونكە ئەوان ئیشی تەشریعیان نیە، زەرورەت نیە ئیللا وەكو پەرلەمان دیاری بكرێت، بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە لیستی ئازاد بێ نەك كراوە، بە مەعنای ئەوەی لیستی ئازاد كەوا خەڵك حەقی ئەوەی هەبێت هەریەك لە شوێنێك دەتوانێ لیستێك دروست بكات لەو شوێنەی كە خۆیان هەڵدەبژێرن كە پێیان وایە ئەو خەڵكە ئەمە كەسێكی باشە و لەوێش كەسێكی باشە، لە هەموویان لیستێكی ئازاد دروست دەكات، كراوە جیاوازە، ئەگەر لە حاڵەتێك ئازاد نەبێت ئەوجا من لەگەڵ كراوەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ ئەوەی زۆر موناقەشەی نەكەین، ئێمە شتەكە بە دیموكراتیانە باس بكەین لەسەر سەرۆكایەتی پێشتریش تۆزێك هینی كردو ئەوانە، بەڕاستی ئێمەش پێمان وایە نیزامی ئینتیخاباتی ئەنجومەنی پارێزگاكان نابێت وەكو ئینتیخابات پەرلەمان بێت، لەبەرئەوەی خەدەمیە و لە سنووری پارێزگاكانە، دەكرێت بە شێوەیەكی دیمەكراتیانە تر باشتر بێت و خەڵك بتوانێ دەنگی بۆ بدات بۆهینەكە، بۆیە پێم وایە و پێشنیار دەكەم ئەوە وەكو ئەنجومەنی پارێزگاكانی عیراق بێت، یەعنی كراوەی سنووردار، قائیمەی

ڕێژەیی کراوەی سنووردار، وەکو ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەگەر دەتانەوێ چەند ڕۆژێك بدەین و تاوەکو هەفتەی داهاتوو موناقەشەی بکەین، چونکە نوقتەیەکی موهیمە، پێم باشەتەئجیل بکرێت بۆ ئەوەی پەلەی نەکەین، باشتر پێداچوونەوەی بۆ بکەین و سیغەکەی ئەوەش بزانین ئەگەر ئەو سیغەیەش بوو دەبێت، ئەسڵەن ئەو سیغەیەش غەڵەتە، دەبێت بنووسرێت (یعتمد نظام القائمة المغلقة)، ئەوەش غەڵەتە، کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نسبەی 30٪ ئافرەتان بە نەزەر ئیعتیبار وەرگیرا کێشەمان بۆ دروست دەکات، چونکە ئەو ماددەیەی لەدوایدا کێشە دروست دەکات بۆمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت، ئەوە مولاحەزە دەکرێت، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەموو تەکیفی قانونی دا، شتێك نیە بڵێی (ترشیح علی اساس القائمە المغلقە)، تەسویت هەیە، قائیمەی مەفتوح و قائیمەی موغلەق، ئەمە نیزامی تەسویتە، بێینەوە سەر نیزامی ئینتیخابی ئەغلەبیە هەیە وتەمسیلی نسبیش هەیە، یەعنی ئەمە لە هەموو دونیا مەعلومە، بۆیە ئەوە غەڵەتە، من هینێکم هەیە ئەگەر درێژەی هەبێت، من یەك پێشنیارم هەیە ئەوەی کە جەنابت باست کرد، ئەوە نیمچە کراوە نیە ئەو دەنگدانە، پێی دەوترێت (تصویت التفضیل)، قائیمەکە موغلەقە، بەڵام تۆ لە ناو قائیمە تەفزیل دەکەی، چەند مورەشەحێك، ئەوە باشترین ڕێگایە لەوەی کەوا ئەهوەن ئەشەرەین، وەسەت هین نەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل ڕەنگە بەلای کەمی حەفتا جۆری هەڵبژاردنی جیاجیا هەبێت، نیزامی ئینتیخابی جیا لە عالەم دا جیاجیا هەبێت، ئەوەی لە عیراق دا ئەنجام درا، بۆ پارێزگاکانی موحافەزات سیستەمێکی تازە بوو بۆ یەکەم جار، لەسەرتاسەری دونیادا ئەنجام درا، لەبەرئەوە شتێکی وانیە، ئەوە ئیجتهاداتی هەر تەجروبەیەکە، ئیجتهاداتی قانونیەکانە، ئیجتهاداتی سیاسیەکانە، ئیجتهاداتی شارەزاکانە، تەتویری پێ دەکەن، ئەی بۆچی بووەتە 70 نیزام، خۆ یەکەمجار بە نیزامێك دەستی پێ کرد، ئەوەی ئێمەش لێرە باسی دەکەین ڕەنگە شتێکی تازە بێتە پێشەوە، من کۆبوونەوەکە دوا دەخەم تا ڕۆژی دووشەممە سەعات 11، یەك نوقتەتان لێ داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ، بێجگە لەو نوقتەیەی کە گرنگە، نوقتەیەکی نیزامی کۆتا بۆ برا مەسیحیەکان و کلدان و ئاشوور بۆ مەجلس موحافەزە، چونکە قەزاو ناحیە

**نازانین کێیه، بەڵام بۆ مەجلسی موحافەزە دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەن و ئیقتراحاتمان بدەنێ لەو شوێنانەی کەهەن، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین تاڕۆژی دووشەممە.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11)**

**دووشەممە رێکەوتی 11\ 5\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11)

## دووشەممە رێكەوتی 2009/5/11

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2009/5/11 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (11)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (11)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2009/5/11 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكانی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، خولی دووەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (11)، رۆژی دانیشتن 2009/5/11، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (11)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2009/5/11دا بەم شێوەیە بێت:

1- بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژەی یاسـای هەڵبـژاردنی ئەنجومەنـەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لـە لایـەن ژمـارەی یاسایی لـە ئەنـدامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ فەرموون بۆ سەر مەنصە، خوشکە کوێستان هێشتا دەستمان پێ نەکردووە، رێگـات پـێ نـادەین، ئـەوە لـە بەرنامـەی کـار نـەبوو، کـە هاتـە سـەر ماددەکـان ئینجـا هـەر رەئیـەکت هەیـە بەسەرچاو، بەڵام هەر شتێك رجائەن هێشتا بەرنامـە دەسـتی پـێ نـەکردووەو یاسایەکە نەخوێندراوەتـەوە، ماددەکان نەخوێندراونەتەوە، داوای لێبووردنت لـێ دەکـەم، زۆر سـوپاس، لیژنـەی یاسـایی فـەرموون، تکایـە هێمنی موراعات بکەن، رجائەن، تکایە هێمنی موراعات بکـەن، بـۆ ئـەوەی دەسـت بـە ماددەکـان بکـەین، زوو تەواوی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

خۆ پاڵاوتن بەشێوەی لیستی داخراو دەبێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

یکون الترشیح وفقاً لنظام القائمة المغلقة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەین ئەو صیغەیە بگۆڕدرێت، چونکە سیستەمی هەڵبـژاردن لـە دوو مـاددە هـاتووە، لـە مـاددەی حەوت و لە ماددەی نۆ، لە ماددەی نۆ بڕگەی یەك دەڵێت (یتم توزیع المقاعد المخصصة للـدوائر الانتخابیـة مـن خـلال نظـام التمثیـل النسبي)، لێـرەش دەڵێـت (یکون الترشـیح وفقـاً لنظـام القائمـة المغلقـة)، قائیمـەی موغلەقە بەشێکە لە سیستەمی هەڵبـژاردنی تەمسیلی نسبی، بۆیـە پێشـنیار دەکـەم تەوحیـد بکرێـت بـەو صیغەیە (یکون الترشیح وتوزیـع المقاعـد المخصصـة للـدوائر الانتخابیـة مـن خـلال (نظـام التمثیـل النسـبي - القائمة المغلقة)، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە ئێستا دەیانەوێت لەسـەر ئـەو ماددەیـە موداخەلـە بکـەن، تکایـە دەسـتیان بـەرز بکەن ناویان بنووسین، کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە جاری پێشوو هەمان باسی کراوەو داخراومان کرد، بەلاَم بۆ پەرلەمان نەبوو، پێمان باشە بۆ ئەم قۆناغەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، لەبەر ئەوەی کارێکی تەنفیزییە، پەیوەندی بە خزمەتکردنەوە هەیە، ئەو کەسەی کە دەردەچێت بۆ پارێزگاکان، ئەو کەسانەن کە بتوانن زیاتر خزمەتی خەڵکەکان بکەن، ئەم خزمەتکردنەش پێویستی بەوە هەیە ئەم کەسە ناسراو بێت، لەبەر ئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەم داخراوە نەبێت، بکرێتە کراوەیەکی رێژەیی بەو واقیعەیەوە، هەموو کەس بتوانێت دەنگ بدات بۆ قائیمەکەش، ئەوە موغلەقەکەشی تیایەو، دەنگ بدات بەو کەسەی کە پێیوایە ئەم کەسە دەتوانێت خزمەت زیاتر بکات، ئەمە هەم خزمەتکردنێکە  بە خەڵك دەتوانێت ئەم کەسانە دیاری بکات کە خۆی پێیوایە ئەمە زیاتر خزمەتێکە.

دوو/ ئەمە بەرەو دیموکراسی بوون بۆ ئێمە زۆر گرنگترە.

سێیەم/ خەڵکانێك کە لەدەرەوەن سەیری ئەم ئەزموونەی ئێمە دەکەن، دەڵێن ئەمە لە هەرێمی کوردستان هەنگاونان بەرەو دیموکراسی بەهێزتر بووە، هەنگاوی باشتری ناوە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم لە جیاتی داخراو بکرێتە کراوەیەکی رێژەیی، لەبەر ئەوەی خزمەت زیاتر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە لە دانیشتنی پێشوو، پێش ئەوەی دانیشتنەکە کۆتایی پێ بێت، ئەو کاتەش رەئیەکی وا هاتە پێشەوە، کە ئایا ئەم هەڵبژاردنە بە لیستی داخراو بێت، یان کراوە بێت، من حەز دەکەم لێرە بە بیری بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان بێنمەوە، کە ئێمە ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا لەم پەرلەمانە بڕیارماندا کە هەڵبژاردنی پەرلەمان بە لیستی داخراو بێت، بۆیە من پێموایە ئێمە دەبێت خۆمان رێز لەو بڕیارە بگرین و دەبێت رەچاوی ئەوەش بکەین، کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان راستە گرنگیەکی خۆی هەیە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەلاَم گرنگتر نییە لە هەڵبژاردنی پەرلەمان، کە ئێمە پێمانوا بێت دیموکراسیەت بەوە قووڵتر دەکەینەوە، ئەگەر سیستەمی هەڵبژاردنەکە بکەینە کراوە، بۆیە من داوا دەکەم هەموو ئەو پرەنسیپ و بنەمایانەی کە ئەم پەرلەمانە بڕیاریدا هەڵبژاردنی پەرلەمان بە لیستی داخراو بێت، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لەبەرچاوی بگرن و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش لەم قۆناغەدا بە لیستی داخراو بێت، دەکرێت هەروەکو پێشتریش باسمان کردووە بۆ ئایندەی ئێمە کار بکەین لەسەر ئەوەی سەرجەم هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان سیستەمەکەی بگۆڕدرێت و بەرەو پێشەوەی ببەین، جارێکی تریش من دەمەوێت تەئکید لەوە بکەمەوە کە هەروەکو زۆرێك لە پسپۆڕانی بواری هەڵبژاردنیش

و خەڵكێكی شارەزا باسیان لەوە كردووە، هەڵبژاردن خۆی پرۆسەیەكی دیموكراسیە، ئیتر سیستەمەكەی بە لیستی داخراو بێت، یان كراوە بێت، یان نیوە كراوە بێت، بۆیە من بە تەواوەتی پشتگیری لە ماددەكە دەكەم هەروەكو خۆی هاتووەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك محەمەد ڕەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم كە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان بە لیستی كراوە بێت، چونكە لیستی كراوە لە ئەنجومەنی پارێزگاكاندا ئەو خەڵكانەی لە پارێزگاكاندا هەیە، لە قەزاكاندا هەیە، لە ناحیەكاندا هەڵدەبژێرن، دەبێتە خەڵكانێك كە خەڵكەكە دەیانناسێت، تواناو ئیمكانیەتیان چەندە لە خزمەت كردنی كۆمەلآنی خەڵكی ناوچەكەی خۆیان؟ بۆیە من پێشنیار دەكەم كە ئەوە بە لیستی كراوە بێت، نەك لیستی داخراو، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە هەردوو لیستەكە داخراوو كراوە سلبیات و ئیجابیاتی خۆی هەیە، ئەوەی ئێمە مولاحەزەی دەكەین لە هەندێك وڵاتانی ئەوروپا، كە زۆر پێشكەوتوون تا ئەمڕۆش داخراوە، ئێمە وەكو كورد، وەكو كوردستانی و حزبە كوردستانیەكان، ئەمڕۆ پێویستمان زیاتر  بە وەحدەی خیتابی سیاسی و ئیداری هەیە، لەبەر ئەوە لەبەرژەوەندی حزبە بچووكەكاندایە كە لیستی داخراو بێت.

دوو/ تەجروبەی پارێزگاكانی عێراق فەشلی هێناو تا ئەمڕۆش ئەنجامەكانی نادیارن، كێشەو گیروگرفت لەناو حزبە عێراقیەكاندا تاكو ئێستا ماون، تەجروبەیەكە لە پێش چاومانە عێراقە، ئەمڕۆ زۆر مەشاكیلی لەسەر دروست بووە، تەجروبەیەكە كە فەشلی هێناوە، لەبەر ئەوە ئێمە چۆن لاسایی تەجروبەیەكی فاشل بكەین ئەمڕۆ لە عێراق هەیە، من لەگەڵ ئەوەم لیستی داخراو بێت، جگە لەوە بۆ دەنگدەر زۆر ئاسانترە كە دەنگ بدات بە لیستی داخراو، كارەكانی ئاسانتر دەكات، نەك چەند ناوێك لەناو لیستەكە دەربێنن كە سەر لێشواندنە بەحەقیقەت، من پێمولیە لیستی داخراو ئەمڕۆ بۆ زەرورەتی كوردستان و تەحالوفاتی حزبە كوردستانیەكان، بۆ یەك ڕێزی میللەتی كورد، بۆ یەك ڕێزی خیتابی سیاسی ئەمڕۆ، من پێمولیە لیستی داخراو لە قازانجی میللەتی كوردە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، خاتوو سارا فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هۆیە پێویستیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایەدا دەڵێت (بە مەبەستی پتەو کردنی ڕێبازی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان)، ئێمەش دەزانین کە لیستی کراوە زۆر دیموکراتیترە لە لیستی داخراو، ئەوە یەکیان.

دووەم/ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبێت ئێمە جیاوازی پێ بکەین لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان، نوێنەرانی هەڵبژێراو لە ئەنجومەنی پارێزگاکان نوێنەری ناوچەیەکن، نەك نوێنەری هەموو کوردستان، لەو ناوچانەشدا زۆر پێویستە خەڵکەکە ڕاستەوخۆ هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیە، لەبەر ئەوە خەڵکی مەنتیقەکە باشتر دەتوانن نوێنەری خۆیان ڕاستەوخۆ هەڵبژێرن، دەتوانێت باشتر خزمەت بکات، ئەوان دەتوانن کەسێك هەڵبژێرن کە بەڕاستی لە خەمی ناوچەکە بێت و دڵسۆزانە کاری خۆی بکات، بۆیە لە لیستی کراوە هەڵبژێر دەتوانێت بە ئاسانی دەنگ بدات بەو پاڵێوراوەی کە مەبەستیەتی، ئەوە خاڵێکی تریان.

لە لایەکی دیکەوە هەندێك بۆچوون هەیە لیستی کراوە زیان بە سیستەمی کۆتا دەگەیەنێت، بە هیچ جۆرێك لیستی کراوە زیان بە سیستەمی کۆتا ناگەیەنێت چ بۆ نەتەوەکانی تورکمان و کلدو ئاشوور، چ بۆ ژنان کە ڕێژەی لە 30%یە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێژەیەی کە لە یاسای پەرلەماندا دانراوە، کە دەبێت لە 30% بێت پێش هەڵبژاردن لە لیستەکاندا ئەو لە 30%یە لەبەرچاو دەگیرێت، ئینجا لە دوای هەڵبژاردنیش بۆ یەکلا کردنەوەی دەنگەکان جارێکی تر ئەو ڕێژەیە بەرچاو دەگیرێتەوە بۆ ژنان، بۆیە بە هیچ جۆرێك لیستی کراوە لە دژی بەرژەوەندی ژناندا نییەو، زیان بە لە 30%ی ناگەیەنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر دەمەوێت تەوزیحێکی بکەم لەسەر لیستی داخراو و لیستی کراوە، ئێستا وایە لەناو ئەوساتێك باوە کە زۆر ئیتیلاعی لەسەر لیستی داخراو و لیستی کراوە نییە، وا تێدەگات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

تکایە شەرحی ماددەکە بکە، تەعلیق لەسەر قسەی ئەندامان مەدە رجائەن، کەس تەعلیق لەسەر قسەی برادەرانی خۆی و ئەندامێکی پەرلەمان نەدات، بیروبۆچوونی خۆی بدات بە چاکی و خراپەکەی روون بکاتەوە، بۆ ئەوەی بەڕێزەکانی تر دەنگ بدەن کامەی باشترەو سوپاس.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**جارێ گوێ لە قسەکەی من رابگرە، ئینجا حەز دەکەم تەعلیق لەسەر قسەکەم بدەیت، من دەڵێم ئیتیلاع وا دروست بووە لەناو ئەوسات وا تێدەگەن کە لیستی داخراو ئەوەیە، یەعنی کە لیستی داخراو ئەوەیە کە ئەو ناخیبەی کە دەچێت صوت دەداتن نەتوانێتن هەردوو شریت کە ئەوەی دەوێت، یان ئەوەی کە ئەو جیهەتەو ئەو لایەنانە دادەنێت، ئەوانە جیهەتی خراپن، لەبەر هەندێ لەناو لیستی داخراو داینایینە هەتا لە تەسلسولەکە لە ئاخیری ببڕێتەوە، ئەوە وا نییە، لیستی داخراو حەسب تەسلسولە لە ئاخیری تەواو دەبێت، دەتوانێت صوت بۆ ئەو لیستە بدات، یان بۆ لیستە داخراوەکەی، یان بۆ لیستە کراوەکە بدات، خۆ ناخیب بە کەیفی خۆیەتی دەتوانێت کێ هەڵبژێرێت و کێ هەڵنەبژێرێت؟ لەگەڵ رێزمدا.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**سوپاس، کاك زانا فەرمووو.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی کاك محەمەد فەرەج و کاك محەمەد رەفعەت و سارا خان، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە لیستی کراوە بێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**سوپاس، کاك شێروان فەرمووو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە لیستی کراوەو لیستی داخراو زۆر باسی لەسەر کراوە، بە تەئکید هەر یەك لەو پرۆسانە سەلبیات و ئیجابیاتی خۆی هەیە، نا تێ گەیشتنیش هەیە لەو مەسەلەیە، ئەویش شەرت نییە ئەو وڵاتانەی کە لیستی داخراو پیادە دەکەن، ئەو وڵاتانە وڵاتی نادیموکراتن، بەڵکو زۆری وڵاتی دیموکراتی و پێشکەوتوون لیستی داخراو پیادە دەکەن لە هەڵبژاردنەکان، من پێموایە ئێمە دەبێت لە شێوازێکی ئاسان بگەڕێین بۆ دەنگدەران، بۆ ئەوەی بەزووترین وەخت بگەنە مەراکزی دەنگدان و بە ئاسانترین رێگا دەنگی خۆی بدات، ئەویش لە لیستی داخراو خۆی دەگرێتەوە، نەك لە لیستی کراوە، لە هەمان کاتدا لە لیستی داخراودا دادپەروەریەکی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە حزبە بچووکان مافەکانیان پارێزراو دەبێت و چەند دەنگ دەهێنێت و قەبارەی چەندە؟ ئەوە ئەوەندە کورسی وەردەگرێت لە ئەنجومەنی پارێزگاکان، جگە لەمەش بەڕاستی ئەگەر بچێت لە هینەکان بخوێنیەوە لە مەسائیلەکان دەبینی لیستی داخراو بەڕاستی لە زۆربەی زۆری وڵاتان پیادە کراوە، ئەو سەلبیاتەی کە دەخرێتە پاڵ لیستی داخراو بەو شێوەیە نییە کە باسی لێ**

دەكرێت، لە هەمان كاتدا لیستی داخراو بەڕاستی زەمانەتێكە بۆ دابین كردنی كۆتای ژنان، چ بەنیسبەت پەرلەمان، چ بەنیسبەت ئەنجومەنی پارێزگاكان بێت، جگە لەوەش ئێمە دوو تەجروبەمان هەبووە، تەجروبەی 2005مان هەبووە، تەجروبەی 1992شمان هەبووەو سەركەوتووانە ئەو دوو تەجروبەیە سەركەوتنی بە دەست هێناوە، هیچ ئیشكالیەتێكیشمان نەبووە، زۆر لە مومەسیلاتی قۆنصولیات هاتونەتە ئەو پەرلەمانە، هەتا نوێنەری یۆنامیش هاتونەتە ئێرە، ئێمە ئەو پرسیارەمان لێ كردوون، گوتوومانە عەجەبە ئێوە رەئیتان چیە لە لیستی كراوەو داخراو؟ وەڵامیان ئەوە بووە گوتیتیان موهیم واقیعی كۆمەڵگای ئێوەیە، واقیعی كۆمەڵگای ئێوەش چ شتێك باشە بۆیان، بەوە دەتوانن بگەنە پرۆسەی هەڵبژاردنی خۆتان، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم كە لیستی داخراو پەسند بكرێت لە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك عیزەدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی لیستا ڤەكری و لیستا ڤەنەكری وەكی مامۆستا گوتی گەلەك باشێت خۆ و خراپێت خۆی هەینە، ئەگەر ئەم بروێنین لیستا داخراو دائیمەن بەرژەوندیا نەتەوەیتكە یەعنی ئەقلیاتی دینی و قەومیش دێتن، دێ ئەقلیاتی قەومی و ئەقلیاتی دینی لە بەرژەوەندی وان دابێتن، لیستا ڤە كری لە بەرژەوەندا واندا نینە، چونكە هێشتا مەجتەمەعی ئێمە نەگەیشتینە ئەوەی ئاستی كو بە شێوەیەكی راستەقینە نوێنەری خۆ هەڵبژێرن، راستی كوردستانێ سەراسەر بۆ نموونە بێژم ئیل دهۆكێ ئەگەر نوكە چەند ئێزیدی خۆ تەرشیح بكەن بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، ئەز باوەڕ ناكەم ئێكی ئێزیدی بێتن، چونكە ئەڤە عەشیرەت گەرییەو ئەوە خزمایەتیەو، بەرژەوەندی وان ئەقلیاتی دینی و قەومیش دانینە، لیستا ڤەكری بێت، ئەگەر لیستا داخراو بێت زۆر گەلەك باشە، هەروەسا بەرژەوەندی ئافرەتی تێدایە، لە بەرژەوەندی ئەحزابی بچووكدایە، ئەگەر لیستا داخراو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەم سیستەمە راستەوخۆ پەیوەندی بە هاووڵاتیانەوە هەیە، مومارەسەی رۆژانەیە لە ئیدارەو بەڕێوبردنی پارێزگاكانی ناوچەكە، جیاوازە لە پەرلەمان، ئێمە شتێك هەیە كە پێی دەڵێن نا شەفافیەت كە ئێستا هەیە، ئەو كاتە دەزانێت دەنگدەر كێ هەڵبژێرێت، ئەو پسپۆڕە، ئەو پاڵێوراوە لەناوچەكەی خۆی دەزانێت گرفتەكانی چیە، دەنگ بە كێ بدات؟ ئەمەش پێی دەگوترێت لیستی داخراوی كراوە، یان لیستی تێكەڵاو، لەناو قائیمەی داخراودا ئەو تەفزیلیە دەداتە ئەو كەسەی كە توانای باشترە، دەتوانێت دەنگ بدات

به قائیمەکە، یان دەنگ بدات بە شەخصەکە لەناو قائیمەکە، کە توانایەکی باشتری هەیە، پسپۆڕی هەیە، وەکو خۆی دەیناسێت دەبێتە زیاتر کرانەوەی شەفافیەت و هاندانی دەنگدان بۆ سەر سندوقەکان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینەکم لەسەر ئەو ماددەیە هەیە، ئەم فەسڵە باسی مافی خۆ کاندید کردن دەکات، حەق وایە بەڕاستی ئەمە بە فەسڵێکی تایبەت بنووسینەوە بڵێین نیزامی ئینتیخابی، لەبەر ئەوەی لێرە باسی قائیمەو دەنگدان و چۆن ئەوەیە لە ماددەی حەوت و هەشت و ماددەکانی دوای ئەوە، ئەوە وەکو یەکەم کە گوایە فەسڵێکی تایبەتمان هەبێت بۆ ئەم بابەتە، سەبارەت بەوەی کە (یکون الترشیح وفقاً لنظام القائمة المغلقة)، بەڕاستی ئەوە زاراوەیەکی هەڵەیە وەکو ئاماژەی پێ کرا، چونکە دەنگدان یان بە لیستی داخراو، یان بە لیستی کراوە شتێکمان نییە بەناوی تەرشیحی قائیمەی موغلەق، جا سەبارەت بەوە ئایا دەنگدان بە لیستی کراوە بێت، یان بە لیستی داخراو، من پێشنیاری ئەوە دەکەم هەر لیستی داخراو بوو، بەڵام لە لیستی داخراودا تەرتیبی هەیە، یەعنی دەنگ دەدەیتە لیستەکە لە یەکەم ناوەوە تا ئاخیرمان چەندی بەر دەکەوێت، من پێم باشە تەفزیلێك بدەینە دەنگدەر، لەناو ئەو لیستە هەر لیستەکە کراوەیە، بەڵام (علی ان یکون التصویت تفضیلیاً)، یەعنی وا بنووسرێت، بۆ ئەوەی دەنگدەر دەچێت دەنگ دەدات، بتوانێت کام مورەشەح لەو مورەشەحانە دەتوانێت خزمەتی خەڵك زیاتر بکات، بتوانێت دەنگ بەو مورەشەحە بدات، حەز دەکەم وەکو مولاحەزە بڵێم جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەنجومەنی پارێزگاکان و لەنێوان پەرلەماندا، بەڕاستی زۆر جار کادیرێکی ئیداری لێهاتوو، کادیرێکی چاك و پاك لەناوچەیەکدا دەتوانێت خزمەتێکی زۆر گەورە بکات و خەڵك راستەوخۆ کەسەکان دەناسێت بە چاکی دەیناسێت، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو ناحیەو قەزاکان دواتر کە دەکرێت دائیرەیەکی بچووکە، یەعنی هەموو کەس کادیری باش و کادیری ناباش دەتوانێت بناسێت، بۆیە پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت (علی ان یکون التصویت تفضیلیاً)، دەتوانین بۆ ژنان مەرجێکیش دابنێین، مەسەلەن بڵێین ئەو قائیمەی ئەگەر سێ کەسە تەصویتی تەفزیلی دەکات، بۆیە دەبێت بڵێین ژنێکی تیا بێت، یان چەند کەسە نیسبەیەکی بۆ دانێین دەتوانین ئەوەش موعالەجە بکەین بە فەقەرەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك دکتۆر نوری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو قسانەی كەوا دەمویست بیكەم بەشی زۆری برادەران كردیان، سەبارەت بەو سیستەمەی كەوا پێشنیاز دەكرێت، من وابزانم كەوا جیاوازییەكی زۆر هەیە لەنێو سیستەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەكان، زیاتر لێرە لەسەر بنەمای خزمەتگوزاری پەیوەندی شەخصی زیاتر راوەستاوە، با ئێمە كارێكی وا نەكەبن كەوا هەموو شتێك بكرێت بە سیاسەت، بە سیاسەت كردنی هەڵبژاردن لە ئەلفەوە تاكو یای، بۆیە چاكترە كەوا لەسەر بنەمای رێژەیی كراوە بێت، بۆ ئەوەی خەڵكەكان دەنگ بەو كەسانە بدەن كەوا لە نزیكەوە دەیانناسن، دەتوانن خزمەتی زیاتر بە خەڵكی ئەو قەزاو ناحیانە بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عیمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە هەموو ئەندامە بەڕێزەكان دەكەم كە پشتیوانیان لە لیستی كراوە كرد، شەرحیش كرا كە لیستی كراوە لە ئەنجومەنی پارێزگاكان پەیوەندی راستەوخۆی بە جەماوەرو خزمەتگوزاری هەیە بەڕاستی، كاتێك كە ئەندامەكەی دەناسێت و هەڵیدەبژێرێت پشتیوانی لێ دەكات، بۆیە ئەوەندە من زیاتر بە پشتیوان و خاوەنی جەماوەرەكە دەزانێت لە دیفاع كردن بۆ هەموو ئەو خزمەتگوزارانەی لە چوارچێوەی موحافەزات پێویستە بكرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كەژاڵ خان فەرموو.

**بەڕێز كەژاڵ مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان منیش پێم باشە بەشێوازێكی لیستی كراوەیی رێژەیی بێت، واتا لە لیستی خۆپالأوتن بەشێوازەك دەبێت، كە دەنگدەر بۆی هەیە لەهەمان كاتدا دەنگ بە پالێوراوەكە بدات، یاخود بە لیستەكە بدات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە حەزمان لێیەتی ئەسیل نوجەیفیەكی تر دروست بكەین لە كوردستان، كە قەبول نەكاتن لەگەڵ هیچ قائیمەیەكی تردا دەستی بخاتە ناو دەستیەوە پێكەوە كارەكانیان بكەن، من نازانم ئەگەر ئەو

برادەرانەی بەتایبەتی نوێنەرەکانی سلێمانی ئاگاداری ئیش و کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەوە لیستی داخراویشەو هیچ عەیبێکیان نییە، بەو پەڕی ئازایەتی و جورئەتیشەوە ئیشی خۆیان دەکەن و بڕیارەکانی خۆیان دەدەن، وابزانم هەموو حزبەکانی دیکە لێرە دانیشتوون نوێنەریان هەیە لەوێ، ئەگەر بڵێین رۆژێك لە رۆژان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا رێگریمان لێ کراوەو نەیانهێشتووە ئیشەکانمان جێ بەجێ بکەین، ئێمە لێرە دەبێت داکۆکی لەسەر ئەوە بکەین پێوەری خستنی ئەو خەڵکانە لەناو ئەو لیستانە دەبێت چۆن بێت، یەعنی ئێمە دەبێت رەچاوی ئەو حاڵەتە سیاسیە بکەین کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، تۆ بە رێگەی ئەم سیستەمی هەڵبژاردنە لەبەر خاتری ئیدیعا کردنی دیموکراتیەت ناکرێت تۆ بێنیت ئەم تەجروبەیە وێران بکەیت، دیموکراتیە، بەڵێ دیموکراتیە، هەموو نەوعە هەڵبژاردنێك دیموکراتیەتە، ئەی باشە هەر ئەوانەی ئەوانە قەبول دەکەن ئێمە مەرجێك دابنێین هەموو پیاوێك کە دەنگی بۆدرا لەناو لیستەکەدا بێت ژنێکیش موقابیلی دەنگی بۆ بدرێت، قەبولی ناکەن لەو حاڵەتەدا، ئەگەر بەو مەرجە قەبولتانە من قەبولە، چونکە مەعقول نییە پیاوێك (20) هەزار، (30) هەزار دەنگ وەربگرێت، ژنێك هەزار دەنگ وەربگرێت بچن لە تەنیشت یەکەوە دابنیشن، ئەمە پێی دەوترێت لەبەر خاتری ئەوەی بزانێت چ هەستێك دروست دەکەن لەناو ئەو ئەنجومەنەدا، لەبەر ئەوە من داواکارم لیستی داخراو بێت، هەتاکو دە ساڵی تریش، تاکو تۆزێك ئەو کۆمەڵگایە دەزانێت چۆن دیموکراتیەت بەکار بێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، تاڤگە خان فەرمووو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەسەلەی پرۆسەی هەڵبژاردن خۆی پرۆسەیەکی دیموکراسیی تر بە هەر چ شێوەیەکی تر بێت کەس باس لەوە ناکات ئەگەر داخراو بێت نادیموکراسیەو کراوە بێت دیموکراسی ترە، بەلاَم ئێمە دەڵێین قۆناغی رابردوو لە پەرلەمان و لە ئەنجومەنی پارێزگاکان تیایدا قۆناغێکی انتقالی بوو بۆ کوردستانیش هەروەکو عێراق دەیخواست کە یەك دەنگ بوو، یەك ریزی و هەڵوێستە سیاسیەکان لەو ئاستەدا قەبول بکرێت و بەو شێوەیە رێزبەندی بۆ بکرێت و بە لیستێکی داخراو دابەزێت، ئێمە لە قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان جەخت کرایە سەر لیستی کراوەیی رێژەیی بێت، ئێستاش ئێمە جەخت دەکەینەوە سەر قائیمەی ئەوجارە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کراوەیی رێژەیی بێت، بەلاَم مانای ئەوە نییە کە ئێمە داوا دەکەین هیچ شتێکمان دیراسەت نەکرد بێت، یاخود بەبێ هیچ ئەزموونێك ئەو قسانە بکرێت، بەڵکو ئێمە دەڵێین قۆناغەکە دەخوازێت کە هەنگاوێك بەرەو پێشتر، بەرەو دیموکراسیەتی زیاتر بڕۆین، بۆیە من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو بەڕێزانەی داوای لیستی کراوەیی رێژەییان کردووە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەتایبەتی کاك عادل کەرەم بکەن فەرموون.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان، یەعنی ئەو خاڵە باشەی لەو گفتوگۆیانە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان جگە لە هەر یەکێك کە رۆشنبیری خۆی هەیە، لەسەر سیستەمەکانی هەڵبژاردن تەجروبەشمان لە پێش هەبووە، تەجروبەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، کە بەڕاستی هەموومان زۆر سوودمان لێ وەرگرتووە، چ لە خاڵە ئیجابیەکان بێت، چ لە خاڵە سلبیەکان، بۆیە من چەند خاڵێك هەیە حەز دەکەم بۆ ئێوەی روون بکەمەوە:

یەکەمیان/ پێش هەموو شتێك هەردووکیان چ قائیمەی کراوە، چ قائیمەی داخراو بێت هەردووکیان حزب ئەو لیستە دروست دەکات، هەردووکیان پێی دەگوترێت یەك نیزامە، نیزامی نوێنەرایەتی رێژەییە، یاخود تەمسیلی نسبی، ئەویش سێ جۆری هەیە قائیمەی موغلەقی هەیە کە لەو دەوڵەتانە هەیە (جەزائیر، ئەنگۆلا، ئەرجەنتین، بەلجیکا، بولغاریا، لە نەتەوە یەکگرتووەکان) بۆمان هاتووە، (کەمبۆدیا، کۆستەریکا، سیلفادۆر، غینیای ئەستوائیە، ئیتالیا، فەرەنسا، عێراق، ئیسرائیل، مغرب، مۆزەنبیق، نیپالیکە، پەرەگوای، ، پیرۆ پورتوغال، جنوبی ئەفریقیا، ئیسپانیاو ئۆرەگوای)، سیستەمەکەی تر کە سیستەمی کراوەیی مەحدود (بەرازیل، کۆلۆمبیا، فلندا، ئیسلەندا، ئەندەنوسیا، یابان، سیستەمەکەی سێیەمیان و ئەخیریان قائیمەی مەفتوح ئەویش تەنها لە سویسرایە، واتا هەردووکیان حزب لیستەکەی دروست دەکات، واتا ئەشخاص نییە.

خاڵی دووەم/ وەکو تاڤگە خان باسی کرد سۆزان خانیش ئاماژەی پێ کرد هەردوو شێواز هەڵبژاردنە، کە هەڵبژاردن بوو بەڕاستی هەردووکیان شێوازێکی دیموکراسیە ناکرێت بە نەوعێکیان بڵێین دیموکراسی نییەو ئەوەی تر دیموکراسی ترە، یەعنی ئەو وڵاتانەی کە خوێندمەوە مەسەلەن بروتغالە، بەلجیکایە، فەرەنسایە، جنوب ئەفریقیایە، ئیسرائیلە، کەس ناتوانێت بڵێت ئەوانە دیموکراسی نین.

خاڵێکی تر/ بەڕاستی قائیمەی مەفتوح، ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دیتمان گیروگرفتێکی یەکجار زۆری دروست کردووە بۆ هاوپەیمانیەتی، کاتێك کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پێچەوانەی هاوپەیمانەتی دەبێت لەو کاتەدا هاوپەیمانەکان هەموو تێکچووە، ئێمە ئەوانەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراقمان بینی لەو دوو، سێ رۆژەی لەو موئتەمەرەی کە لە هەولێر کرا بەڕاستی ئەوەی بۆمان دەرکەوت زۆربەی هەرە زۆری پەشیمانن و ئەو سیستەمە بووە مایەی ئەوەی کە زۆربەی هاوپەیمانەتی کە لە ناوەڕاست و لە خوارەوەی عێراق هەموویان تێك بچن.

خاڵێکی تریش/ ئەوەیە کە زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد، ئەو سیستەمە جۆرێك لە تەناقوزات دروست دەکات، کاتێك شەخصێك لەناو لیستێك دەنگێکی زۆر بە دەست دەهێنێت، من حەز ناکەم ناوی لیستێك بهێنم تاکو نەبێتە دیعایە بۆ ئەو، شەخصێك لەناو لیستێك مەسەلەن سێ سەد هەزار دەنگی هێناوە لەگەڵ دەنگەکانی دیکە نۆزدە کورسی لە پارێزگایەکی بە بەری کەوتووە وای لێهاتووە ئەندامێك لە

هەمان لیست سەدو بیست و یەك دەنگی هەبووە كورسی بە بەركەوتووە، هەبووە سەدو شەست و یەك، دوو سەدو پەنجا، سەدو هەشتاو سێ بەو ڕێژە كەمە كورسی بە بەركەوتووە، لیستی دیكە هەبووە كە بیست و چوار هەزار دەنگی هەبووە دەنگەكانی هەموو بە خەسار چووە، بەڕاستی لێرە گومان دەكەوێتە سەر شەرعیەتی ئەو كەسەی كە بە سەدو بیست و یەك دەنگ كورسی بە بەركەوتووە، هەروەها ئەوە گیروگرفتێكی یەكجار زۆرە بۆ ئەحزابی بچووك، مەسەلەی قائیمەی مەفتوح زیاتر لە بەرژەوەندی حزبی گەورەیەو لیستە گەورەكانە، لیستە بچووكەكان هەمووی تیایدا زەرەر دەكەن.

خاڵێكی تر/ مەسەلەی ژنان، بەڕاستی ئەوانەی باسم كرد ژمارەیەكیان ژنانن، مەسەلەن سەدو بیست و یەك دەنگی هەیە، یان سەدو هەشتاو سێ دەنگی هێناوە لەمووسڵ كورسی بە بەركەوتووە، زۆربەیان ژنن، لێرەدا بەڕاستی گومان دەكەوێتە سەر شەرعیەتی، بە خۆشی ئەگەر پێچەوانەی دەستووری عێراقیش نەبێت، من پێموایە یەعنی خۆی ئیحراج زۆری هەبوو بۆ سەدو هەشتاو یەك دەنگ، یان بیست و یەك دەنگ مەقعەدی بە بەركەوتووە، یان یەكێك بیست هەزار دەنگی هەبێتن.

خاڵێكی تر/ ئەوەیە دەمانەوێت باسی بكەین ئەوەیە مەسەلەی ئەوراقی ئیقتیراع، لەبەر ئەوەی لە لیستی كراوە هەم دەبێت ناوی لیستەكان بنووسرێت، هەم دەبێت ناوی پاڵێوراوەكان هەمووی بنووسرێت، بۆ نموونە لە پەرلەمانی كوردستان ئەگەر بێتو بە قائیمەی كراوە چل و دوو كیانی سیاسی هەیە، ناوی هەر چل و دوو كیانە سیاسیەكە دەنووسرێت، هەر چل و دوو كیانە سیاسیەكە ئەگەر سەد پاڵێوراویان هەبێتن هەر یەكە سەد حیساب بكە دەكاتە چەند؟ كاغەزی دەنگدان چەند گەورە دەبێتن، بەم شێوازە دەنگدەر كە دێتن دەنگ دەدات بەراستی ئەو هەموو ناوانە بزر دەبێت و ئیرتباكی بۆ دروست دەبێت تەوەتوریشی بۆ دروست دەبێت، بەو شێوازە زۆر لەو ئەوراقی ئیتیلاعە بە فیڕۆ دەچێت، دەنگەكان زۆربەی بە فیڕۆ دەچێتن، خاڵێكی تر ئەو برادەرانەی باسیان كرد بەڕاستی قەوائیمی موغلەق مانای ئەوە نییە شەخصەكان نەناسراون، ئەو تەجاروبەی كاك شێروان باسی كرد، ئێمە دوو نموونەمان لە پێشە، لە پەرلەمانی كوردستان دوو هەڵبژاردن كراوە، بەڕاستی پاڵێوراوان دیعایەیان كردووە، لە لایەن خەڵك ناسراو بووینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

فەرموو كاك دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی پێشوودا تەرحێكی وا كرا كە هەڵبژاردن ئەمجارە لە پارێزگاكان لەسەر ئەساسی لیستی ئازاد بێت، یەعنی لیستی كراوە بێت، لەسەر ئەساسی ئەوەش دانیشتنەكە دواخرا، بەهەر حاڵ ئێستا ئەم گفتوگۆیانەی كە كرا دیارە تەعبیر لە كۆمەڵێك تێڕوانینی جیا دەكات، بەش بە حاڵی ئێمە من نامەوێت هەندێك لە قسەكانی كاك سەردار دووبارە بكەمەوە، چونكە لە رووی قانونیەوە كۆمەڵێك تەفسیراتی

قانونی حەقیقییە، بەلاّم ئێمە تەرحێکی ترمان کرد، چونکە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان کە وتت لیست، لیستی داخراوو کراوە، هەر یەکەو حزب تەمسیلی دەکات لەگەڵ لیستی ئازاد، لیست نا، یەعنی هەڵبژاردنی ئازاد، من پێموایە ئەو خەڵکە تەعبیرەکە زیاترە کە باس لە مەفهومی دیموکراتیەت دەکرێت، هەر هەمووی دیموکراتییە، بەلاّم بە رێژە شتێکی زیادو شتێك کەم پەیوەندی بە حوریەتی فەردە لە چۆنیەتی دەست نیشان کردنی ئەو کەسانەی کە هەڵدەبژێرین، لەو حاڵەتەدا ئەگەر مەفهومەکە بگەڕێنینەوە بۆ ئەو دیموکراتیە راستەوخۆیەی کە خەڵك مەبەستیەتی لە چوارچێوەیەکی تەواوی ئازادا بێت، ئەوە دەبێت لەسەر شتێکی تر بێت، کە قائیمە نەبێت بە ئەسڵ ئەوسا دەبێت دەوائیری بچووك بێت لەسەر ئەساسی ئەوەی کە راستەوخۆ خەڵك دەنگ بە شەخصەکان دەدات و خەڵکەکە دەیناسێت ئیحتیمالی زۆریشە ئەم حاڵەتە بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان کە بچووکە خزمەتگوزارییە شتێکی باشتر بێت لەو قۆناغەدا، بەلاّم ئەمەی راستی بۆ ئەوەی ئێمە بە هەڵەدا نەچین هەردووکی کە دیموکراتین بەڕاستی، چونکە لە ئەسڵە مادام هەڵبژاردنە، کەواتە بەخۆی مەبدەئی دیموکراتی هەیە، لە گۆڕێیە، دەمێنێنێتە سەر ئالیەتەکان، تۆ دەگەڕێیت بەدوای باشترین ئالیەتدا کەس مافەکانی تیا پێشێل نەکرێت، بەشێك لەوانە پەیوەندی بە لیستی بچووکە، ئەحزابی بچووکەکانە، بەشێك پەیوەندی بە مافی ژنانە، زائیدەن ئەوەی ئێمە پێشنیارێك دەکەین بە قەناعەتمان پاش ئەوەی ئێمە دوێنێکە گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد لەسەر ئەم مەسەلانە باشتر وایە ئێمە ئێستا لە بەغدا کە ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبژاردن کرا کۆمەڵێك ئیجابیاتی تێدا بووەو کۆمەڵێك سلبیاتیشی تێدا بووە بۆ عیوبی خۆی بۆ هەبووە، ئەو عیوبانە بەڕاستی زەرەری لە زۆر خەڵك و لایەن داوەو ئەسڵەن هەندێك موعادەلەی سیاسیشی گۆڕیوە، باشتر وایە ئێمە لەو هەڵبژاردنەی پەرلەمانیشدا عەجەلەی لێ نەکەین چاوەڕێی ئەوە بکەین دیراسەیەکی ورد بکرێت لە هەردوو هەڵبژاردن، ئەو لیستە کراوەی کە ناونراوە لیستی کراوە لە بەغدا، ئەوەی لە جنوب کرا، لەگەڵ ئەمەی پەرلەمان دەکرێت، پەرلەمانی داهاتوو بە دیراسە کردنێکی وردەوە، شێوازێکی نوێ ئیختیار بکات بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا کە درەنگتر دەکرێت، لە مانگی (12) دەکرێت باشترە بە قەناعەتی من بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چونکە هەر یەکەمان لەلای خۆمان ئەویان دیموکراتیترە، کە هەر لە ئەسڵدا هەردووکی دیموکراتی تیا هەیە، بەلاّم وەکو کاك عادل گوتی لەڕاستیدا نەوعێك تەفزیلیەتی تیایە، ئەوە خۆی پێی ناوترێت کراوە، پێی دەوترێت بە تەفزیلی، چونکە تۆ دەست نیشانی کەسەکان دەکەیت، تەنها حوریەتەکە ئەوەندەیە، ئەگەرنا ناتوانین ئەشخاص دەربکەیت لەو قائیمەیە، چونکە دیسان ئەو کەسانە تەمسیلی لیستێکی سیاسی حزبی دەکەن، تۆ بۆت هەیە ئەحمەد نەخەیتە پێشەوە، دەنگی زۆری نەدەیتێ، مەحمود بخەیتە پێشەوە، لەمەیان دەگۆڕێت پێی دەڵێن قائیمەی تەفزیلی لە ئەسڵە خۆی، بەلاّم خەڵکێك تەفسیری دەکات بە جیا یەکێك ناوی دەنێت کراوەو نیمچە کراوەو تەفزیلی و لە ئەسڵدا یەك محتەوای هەیە، بە هەر حاڵ ئەو پێشنیارە پێمانوایە باشترە، ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان کە ئەمە بهێڵینەوە بۆ پەرلەمانی داهاتوو، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لیژنەی قانونی راپۆرتی ئەوەیە لەگەڵ موغلەقە بێت، لەگەڵ داخراو بێت، بەلاَم من تەوقیعم كرد بوو جارێكی تریش هەر باسم كرد بوو من لەگەڵ كراوەمە، ئەگەر مەجالم بدەیت، دروستە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

تكایە باس كرا، زۆر لە بەڕێزەكان بیست كەس لەسەری قسەی كردووە، جەنابت لەگەڵ كراوەی، ئێستا دەخەینە دەنگدانەوە، زیاتر لەسەری موناقەشە ناكەین رجائەن، فەرموو بەلاَم بە كورتی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم/ ئەلحەمدوللە ئێمە لە كوردستان یەك رێزی و یەك گۆتاری چ شك تێدا نییە بەرامبەر دەرەوەی خۆمان، ئەو گرفتە لە كوردستان نییە، یەك رێزین و یەك خیتابمان هەیە بەرامبەری و موشكیلات و تەحدیات و مەترسیەكان چ لەگەڵ بەغدا، چ لەگەڵ دەرەوە بێت هیچ ئیشكالاتمان نییە، ئەوە یەك.

دوو/ ئەگەر برادەران باسی ئەوەیە بۆ ئەحزابی بچووك باشترە، ئێمە ئەو حزبی بچووكە لێرە هیچ موشكیلەمان نییەو لەگەڵ ئەوەینەو با لە زەرەری ئێمە بێت، ئەم كراسە بە تەفسیلی قامەو قەدی خۆمان نەكردیە، بە بەژن و بالاَی خۆمان نەكردیە.

سێ/ سەغەراتی (ثغرات) ئەوی عێراق لەوە نییە كو كراوە بوو، سەغەراتی لەوە بووە كە ئەو دەنگانەی نەگەیشتینە قاسمی ئینتیخابی تەوزیع كراینە لەسەر قەوائیمی فائیزە، ئەمە ملیۆنێك و سەد هەزار دەنگ چووینە بۆ ئەوانەی فائیز یەعنی 31 لە سەد لە كورسیەكانی ئێستا ئەو دەنگانە ئەوە نین سەغرەی قانونی موحافەزات لە بەغدا ئەوە نییە كو كراوە بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

تكایە، رجائەن رەئیەكە وازیح بوو، نوقتەی نیزامیش هەیە نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە سەرەتا بەڕاستی رێزم بۆ كاك خەلیل، ئیزن نەدرا بوایە بۆ؟ لیژنەی یاسایی تەئیدی ئەو پرۆژەیەی كردووە، دوو كەسیش قسەیان كرد بە تێرو تەسەلی تەوزیحیان كرد، یەعنی زۆر زۆر تێرو تەسەل بوو تەوزیحەكەیان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

رجائەن كاك خەلیل لەناو لیژنەكە تێبینی خۆیداو نووساندووە، رجائەن دانیشە، مولاحەزەی هەبووە لەسەر خاڵەكە، تەفسیری كردووە، دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەن داوا دەكەن كە كراوە بێت ئەسڵی مەشروعەكە كە لیژنەی ناوخۆ پەیوەندیدارە لیژنەی یاسایی صیاغەی كردووە هەردووك لەگەڵ ئەوەن داخراو بێت، مەجموعەیەكی ئەندامی پەرلەمانیش لەگەڵ ئەوەن كە كراوە بێت، لەبەر ئەوەی ئیقتیراحی كراوە تازەیە، ئەو بەڕێزانەی كە لەگەڵ ئەوەن ئەو هەڵبژاردنە بە لیستی كراوە بێت تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە؟ (21) كەس لەگەڵ ئەوەیە كراوە بێتن، ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەیە داخراو بێت صیاغەی ماددەكە پاشان، كێ لەگەڵ ئەوەیە داخراو بێت تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ بەزۆرینەی دەنگ لەگەڵ داخراو بێت، تكایە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ صیاغەی ماددەكە بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم صیاغەی ئێستا هەرچەندە لە عێراقیش بەو شێوەیە گوتیە (یكون الترشیح)، ئێمە وا نابینین، باسی تەرشیح نییە، باسی ئینتیخابە، باسی نیزامی ئینتیخابیە، جا ئێمە ئیقتیراح دەكەین بەو شێوەیە بێت (یكون انتخاب اعضاء المجالس وفقاً لنظام التمثیل النسبي وعلی اساس القائمة المغلقة)، یەعنی صیاغەكە بەو شێوەیە بێت، لەوانەیە باشتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە بڵێین ئینتیخاب لەوانەیە زۆر دەقیق نەبێت، لەبەر ئەوەی تەصنیفی سیستەمەكانی هەڵبژاردن لەسەر سێ ئەساس دەكرێت، ئەساسی یەكەم شێوازی خۆپاڵاوتن، یاخود خۆ تەرشیح كردن، ئەوەی دووەم چۆنیەتی دەنگدان، یاخود تەصویتی، سێیەم فەرز، یاخود دەست نیشان كردنی فائیزەكان، بۆیە ئێمە پێشنیارێكی ترمان هەبوو، یەعنی ئەو ماددەیە لەگەڵ بڕگەی یەك لە ماددەی نۆ یەك بخرێت بڵێین (یكون الترشیح وتوزیع المقاعد المخصصة للدوائر الانتخابیة وفق نظام التمثیل النسبي – القائمة المغلقة)، لێرەدا ئێمە هەم باسی تەرشیحمان كردووە، هەم باسی تەوزیعی مەقاعیدمان كردووە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئەو صیاغەی ئەخیر كەخوێندرایەوە، ئەوە دەنووسرێت، بینووسەو بیخوێنەوە بماندەنێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عەمەلیەی ئینتیخاب باسی ئەوەیە نیزامی ئینتیخابی چۆن دەبێت؟ لێرەش ئێمە باسی نیزامی ئینتیخابی دەکەین، نیزامی ئینتیخابی چۆنیەتی دەنگدانە، یەعنی بیتاقەی ئیقتیراع چۆن دەبێت؟ حەجمی دائیرە چۆن دەبێت؟ فەرزی ئەصوات چۆن بێت؟ زائیدەن ئەو سێ عونصری ئەساسی، من لێرە تۆزێك گۆڕانكاریم كردووە تاكو وازیحتر بێت (يكون انتخاب اعضاء المجالس وفقاً لنظام التمثيل النسبي عن طريق الاقتراع على اساس القائمة المغلقة)، چونكە قەوائیم خۆی نیزام نییە، نیزام نیزامی تەمسیلی نیسبییە، قائیمەی موغلەقە، ئان مەفتوحە باسی بیتاقەی ئیقتیراعات ئەو ئیستیمارەی ئەو دوو دەنگ دەدەیت، جا ئیستیمارەكان تەنزیم دەكرێن لەسەر شێوەی قائیمەی موغلەقە، كەواتە لێرە (عن طريق الاقتراع على اساس القائمة المغلقة)، وابزانم ئەمە قانونییە، بەڵێ ئەمە صیاغەیە بەو شێوەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

هەردوو لیژنە صیاغەكەتان بدەن بەزووترین كات تكایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە سەیدا فرسەت ئەوی یەكە صیاغەكی تر دەڵێت (يعتمد نظام القائمة المغلقة لانتخابات مجالس المحافظات والاقضية والنواحي).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئەو صیغەیە جارێكی تر بخوێنەوە بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

صیغەی ئەخیر بۆ ماددەی حەوتەم كە دەخرێتە دەنگدان (يعتمد نظام القائمة المغلقة لانتخابات مجالس المحافظات والاقضية والنواحي)، چونكە تەمسیلی نیسبی لە ماددەیەكی تر هاتووە لە ماددەی نۆ لە فەقەرەی یەكەم لەوێ هاتووە، لێرە ئەمەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو نەصەی ئەخیرە كە خوێندرایەوە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، تكایە ماددەیەكی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

یەكەم: دەبێت ژمارەی پاڵێوراوانی لیستێك لە سێ كەمتر نەبێت و لە ژمارەی كورسیەكانی كە بۆ بازنەی هەڵبژاردنەكان تەرخانكراوە زیاتر نەبێت.

دووەم: ڕێـژەی 30٪ بـەلانی کـەم بـۆ ئافرەتـان لـە ئەنجومەنـەکان تـەرخان دەکـرێ و ئـەم ڕێژەیـەش ئـەو کورسیانە دەگرێتـەوە کە هەر لیستێکی سەرکەوتوو بە دەستی هێنا بێت، هەروەها لە کاتی پێکهێنانیشی لە کاتی خۆپالأوتندا.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (8):

أولاً: يجب ان لايقـل عـدد المرشـحين في القائمـة عـن ثلاثـة و لا يزيـد علـى عـدد المقاعـد المخصصـة للـدائرة الانتخابية .

ثانياً: تخصص نسبة 30٪ على الاقل للنساء في المجالس، وتسري هذه النسبة على المقاعـد الـتي حصـلت عليهـا كل القوائم الفائزة وعلى تشكيلها عند الترشح.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەردوو لیژنە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەنیا لە ناحیـەی صیاغی دووەم وەکـو قـانونی مەجالیسـی موحافـەزات و نزیکـی پەرلـەمان بێـت، لـە ناحیەی صیاغییە، ئەوە وا ڕێك بخەین (ثانياً: تـنظم قـوائم المرشـحين بالشـكل الـذي يضـمن نسـبة مشـاركة للنساء لاتقل عن 30٪ من الاعضاء)، بەو شێوەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن دەستیان بـەرز بکـەن تـاکو ناویـان بنووسـین تکایـە، نوقتـەی نیزامـی فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باری یەك حوشتر ئێمە پڕۆژە یاسامان لەسەر مـاوە، هەمووشـی چـەند ڕۆژێـك مـاوەی کـارکردنی پەرلـەمان ماوە، بۆیە ئێمە ئەو پڕۆژە یاسایە ئەگەر هەر ماددەیـەك ئـەو هـەموو خەڵکـە قسـەی لەسـەر بکـاتن و بـەو

شێوەیە بڕوات، ڕەنگە هەر لەو ماوەیە هەر ئەو پڕۆژە یاسایە تەواو بکرێت، بەڕاستی یەعنی ئێوە ڕێکی بخەن و ئێمە هەموو لایەکمان موڕاعات بکەین و تاکو ئیشەکان بڕوات بە ئاسانی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ئەگەر ئێمە ئەم یاسایە ئەمڕۆ تەواو دەکەین، ئەگەر تا دەی شەویش بێت دەبێت تەواوی بکەین، ئینجا کەیفی خۆتانە، ئەوە حەقیقەتە، دەبێت تەواو بێت، مام ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەك دەكرێت لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ گفتوگۆیان لەسەر كردووە، دیراسەتیان لەسەر كردووە، كەچی لێرە بە پێچەوانەی ئەو شتی تازە دێتە كایە، ناكرێت پاش ئەو هەموو گفتوگۆیەو ئەو هەموو راوبۆچوونەی كۆبوونەوە، كەچی لیژنە لەناو هۆلی پەرلەمان گۆڕانكاری دروست دەبێت لەسەر پڕۆژەكە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس راستە، تکایە لە ئەندامانی لیژنە ئەوانەی لەسەر مەنصەن ڕەئی شەخصی خۆیان نەدەن، ڕەئی لیژنە بدەن، ئەو بەڕێزەی کە ڕەئی شەخصی خۆی دەدات دەبێت لەناو ئەندامانی پەرلەمان دابنیشێت، زۆر سوپاس، ئێستا کاك شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە، لەماددەی حەوت بڕگەی یەکەم دەڵێت دەبێت ژمارەی پاڵێوراوانی لیستێك لە سێ کەس کەمتر نەبێت بۆ موحافەزەو بۆ قەزا باشە، بەس بۆ ناحیە پێنج کەس چۆن لیستێکی سێ کەسی تەقدیم دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، ماددەکە زۆر بە دەقیقی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر خاڵی دووەمی ئەو ماددەیە هەیە، بەو شێوەیە داڕشتنە تەرخان کردنی ئەو ڕێژەیە مسۆگەر ناکات کەوا ئافرەت ئەو ڕێژەیە مسۆگەر بکات لەنێو ئەنجومەنەکان، ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، بۆیە ئەوەی کاک خەلیل پێشنیاری کرد دووبارە دابڕێژرێتەوە بەشێوەیەك کەوا زەمانەتی ئەوەی بکات، مسۆگەر بکات، کە ئەو ڕێژەی دەنگمان بۆدایە لێرەش مسۆگەر بکەین کە ئافرەت نەك تەنها لە لیستەکان لە کاتی قائیمەکان تەنزیم دەکرێت، نەخێر لە دوایێش ئەنجامی نەتیجەی هەڵبژاردنەکە ئەو ڕێژەیەی بە دەست بێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی کە هاتووە هەردوو حاڵەتەکەی لەبەرچاو گرتووە، لە حاڵەتی (عند الترشح)، لە حاڵەتی (القوائم الفائزة)، بەڵام من یەك تۆز لێرە صیغە قانونیەکەی دەڵێت نابێت بڵێت (تخصص بنسبة 30٪ علی الاقل)، دەبێت بوترێت (تخصص نسبة لاتقل عن30٪ للنساء في المجالس، وتسري هذه النسبة علی المقاعد التي حصلت علیها کل القوئم الفائزة وعلی تشکیلها عند الترشح)، یەعنی لەکاتی تەرشیح کردنەکە دەبێت لە 30٪یەکەی تیا بێت، کاتێکیش کە دەرچوو قائیمە فائیزەکە دەبێت لە 30٪ی ژنان دابنێت، بەس ئەگەر ئەوە چاك بکرێت (تخصص نسبة لاتقل عن30٪)، نەك بۆ ئەوەی وەکو خۆی هەیە، ئەوە هێنترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو صیاغەی کاك خەلیل خوێندیەوە، پێموایە ئەو صیاغە ڕاست و دروستترە، لەبەر ئەوەی ئێمە لە قانونی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەهەمان صیاغە هاتۆتە خوارێ و دەنگیشمان بۆداوە، ناکرێت ئێستا صیاغەکەی ئێمە بگۆڕین و تەناقوزی پێ بکەین لەگەڵ ئەو یاسایەی کە خۆمان پەسندمان کردووە، بۆیە زەمانی ئەو نیسبەتە دەبێت لە قەوائیم بێت، نەوەك لە مەجلیس هەروەکو لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر (ثانیاً: تخصص نسبة لایقل 30٪) (على الاقل) نەمێنێتن باشترە، چونکە (على الاقل) وا دیار دەکات ڕێژەی لە 30٪ کەمتر بێتن، بەس (لایقل عن 30٪) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم هەردوو بڕگەکە لە ماددەکە یەك بخرێت بەو شێوەیەی خوارەوە، بەتایبەتی بڕگەی دووەم صیاغەکەی بگۆڕدرێت:( المادة (8): یجب ان لایقل عدد المرشحین في القائمة عن ثلاثة ولا یزید على عدد المقاعد المخصصة للدائرة الانتخابیة ویکون تنظیم قوائم المرشحین بالشکل الذي یضمن نسبة تمثیل للنساء لاتقل عن 30٪ من عدد أعضائە)، ئەوە موتابق دەبێت لەگەڵ ماددەی چوار لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان کە پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە (3) لە ڕۆژی 2009/4/20 پەسندی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک شێخەڵلاّ فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی پێشنیارەکەی کاك عەونی دەکەم و پشتگیری لە ڕەئیەکەی دەکەم لەسەر ئەوەی کە دائیرەی ئینتیخابی دەبینین پێنج کورسی هەیە، ئەوە لەوێ نیسبەتی ئافرەتان لەوێ چۆن جێ بەجێ دەکرێت، ئەوە پرسیارە لە لیژنەی یاسایی دەکەم، پێنج کەس بێت، چونکە دەڵێ لە 30٪ بەلای کەمیش تێدا نەمێنێت (على الاقل)، تەسبیت بکرێت لە 30٪ ئیزافی بکرێت (على الاقل)یش نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئەگەر بە ئیجازەتان کاك فرسەت موداخەلەیەکی هەیە، کەرەم بکە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕەئی کاك شێروانم، نەصێکمان هەیە لە قانونی موحافەزات ئیقرار کراوەو تەصویتمان لەسەر داوە، نابێت ئێمە نەفسی مەوزوع بێین بیخەینە نیقاش و تەصویتێکی تر لەسەری بکەین، نەصەکە دابەزینین لێرە ئیعتیادی تەصویتێك لەسەری بکەین و پێویستی بەو نیقاشە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە من ویستم بیڵێم و دەیڵێم کاك فرسەت تەئکیدی لەسەر کردەوەو سۆزان خانیش باسی لەسەر کرد، بە تەئکید ئەوەی کاك شێروان باسی کرد ئێمە لە یاسایەکی پێشووتر خۆمان دەنگمان لەسەر داوە، نابێت لە یاسای هەڵبژاردنەکان بەپێچەوانە دەنگی لەسەر بدەین، بەنیسبەت (علی الاقل)یش لە فەقەرەی دووەمدا کاك عەونی باسێکی تەوزیحی لەسەر کرد، منیش تەئیدی ئەوە دەکەم حەقێکی لە 30٪ نیسبەی ژنان دادەنرێت، ئەو نیسبەتە نیسبەتێکە، بوو بە حەقێکی موکتەسەبی، ئیتر پێویست بەوە ناکات بڵێین (علی الاقل) کەمتر بێت، یان زیاتر بێت، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەو (علی الاقل)ەی تێدا نەمێنێت، ئەو صیاغەیەی کە کاك عەونی باسی لەسەر کرد صیاغەیەکی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت، بڕگەی سێیەم/ لەنێو سێ کەسی یەکەم و هەتا دوایی ناوی یەکەم ئافرەت بێت، بەوەی زەمانەتەکە دروست دەبێت، ئەگەر ئێمە بە قانون لێرە دابڕێژین (لەنێو سێ کەسی یەکەم و هەتا دوایی ناوی یەکەم ئافرەت بێت)، ئەوە زەمانەتی لە 30٪یەکە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خاڵی باس دەکەم هەردووکیان باس کراون، یەکێکیان ئەوەیە ئەو (علی الاقل)ە وەکو کاك عومەر باسی کرد نایەوێت، دووەمین/ تکا دەکەم تەنزیمێك بکرێت بۆ ئەو هەموو موداخەلاتە، چونکە قانونەکە ناڕوات بەو شێوەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

رجائەن ئێمە ئیدارەی جەلسەکە دەکەین، ئەو بەڕێزانەی ناویان دەنووسرێت حەقیان هەیە موداخەلە بکەن، زۆر سوپاس، تەعلیقت لەسەر ماددەکە بۆ چاك کردنی، بۆ لابردنی، بۆ دەمجی، بۆ یەکی تر بەسەرچاوم، بەڵام ئیدارەی جەلسە لێرە دەکرێت، زۆر سوپاس، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی دووەمە لە ماددەی هەشت، کە لێرە بوویە حەفت، دەڵێت هەر قائیمەیەك دەبێت نیسبەتی 30٪ لە ئافرەتان دابین بکات، ئایا ئەگەر قائیمەیەك یەك نەفەری هینا، ئایا چۆن دەتوانێتن ئەوە بکات؟ چۆن دەتوانێتن تەئمین بکاتن؟ ئەوە یەك.

دووەم/ دەگەڕێمەوە بۆ خاڵی یەکەم، کە دەڵێتن پێویستە لە 30٪ بەنیسبەت ئافرەت دابین بکرێتن، ئەوە مومکینە بەنیسبەت موحافەزە، بەنیسبەت قەزا، بەڵام بەنیسبەت هەندەك لەناحیەکان مومکینە یەك ئافرەت خۆی تەرشیح نەکرد بێت، ئەی ئەوە چۆن دەبێت، تەعاروز ناکات لەگەڵ ئەو قانونەی، ئەوە چۆن حەل دەکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە (ثانیاً) دەڵێت (ثانیاً: تخصص نسبة 30٪ على الاقل للنساء في المجالس، وتسري هذه النسبة على المقاعد التي حصلت عليها كل القوئم الفائزة) ئەوە (کل)ەکە زێدەیە بەڕاستی.

دوو/ (وعلى تشكيلها عند الترشيح) ئەوەش هەر زێدەیە، لە پێشاندا باس کراوە، ئەوە بۆچیە؟ سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، من قسەم کرد سوپاست دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن ڕەئیتان.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ موشکیلەمان نییە، یەعنی خیلافێکی جەوهەریش نییە لە مەوزوعەکە، تەنیاو تەنیا ئەمەیە ئێمە باسی قانونی موحافەزات دەکەین لە سێ ماددە بە صیاغەیەك دەنگمان داوە، ئەمەش ناوی قانونی ئێمە (قانون انتخاب)ە، ئینتیخاب باسی ئەوەیە چۆن تەشکیلی قەوائیم دەکرێت و هی دەنگدان ئەوەیە؟ ئەمە باشترە ئەو صیاغەی لە ماددەی چوار و ماددەی هەشت

له ماددەی پازدە له قانونی موحافەزات ئەوەی دەنگمان بۆداوە بەو شێوەیە بوو، باسی (كیفیة تنظیم القائمة)یە، لێرە مسۆگەر دەكەین ئەم نیسبەیە دەڵێین ئەوە بۆ ئەحزابە، بۆ تەنزیمی قائیمە دەكات، بۆ موفەوەزیەش وەكو قائیمە وەربگرن و قەبولی بكەین، دەڵێین (ثانیاً: تنظم قوائم المرشحین بالشكل الذي یضمن نسبة مشاركة للنساء لاتقل عن 30٪ من الاعضاء)، ئینجا ئەمە چ ئەعزای ناحیە بێت، مەجلیسی ناحیە بێت، یان قەزا بێت، یان پارێزگا بێت، ئەوە قائیمەی موغلەقە، یەعنی كیانات بۆ خۆی تەنزیم دەكات، نیسبەی ئافرەتیش تێدا مەزمون دەبێت، وابزانم ئەمە رێكەو مەسەلەیەكی صیاغیەو زیاتر تەئكیدە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، فەرموو لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

روون كردنەوەیەكم هەیە، لیژنەی كاروباری ناوخۆ و لیژنەی كاروباری یاسایی لەناوخۆمان گفتوگۆی ئەو پرۆژەیەمان كردووە، هەروەها ئەوانەی صیاغەی ئەو یاسایەیان كردووەو تەجروبەی ئەوەیان كردووە، ئەو یاسایە بۆ موفەوەزیەی هەرێمیش ناردراوە، داواشمان لێ كرد كە بدەنە فەریقی دەولی مولاحەزاتی خۆیانمان بدەنێ، ئەوە یەك.

خاڵی دووەم/ كە دەگوترێت بۆ ناحیە چۆن دەبێت تەحقیقی لەوەی بكات بۆ سێ كەس كەمتر نەبێت، بەڕاستی لێرە جۆرێك لە تەوحید یەكخستنەوەی تێدایە، قائیمەكە تەنزیم دەكرێت بۆ هەمووان، چ لە پەرلەمان، لە موحافەزە، لە پارێزگاكان، لە ئەقزیە، لە نەواحی نابێت لە ژمارەی كورسیەكان زیاتر بێت و لە سێ كەس كەمتر بێت، بۆ هەمووان وەك جۆرێك لە تەوحیدی تێدایە، ئەوەی كە دەڵێت برگە دوو تەحقیقی هەدەفەكە ناكات، حەز دەكەم یەك خاڵ روون بكەمەوە بۆ بەو شێوەیە نووسراوە؟ بەو شێوەیە صیاغەمان كردووە كە لە 30٪ تەحقیق بكات، یەعنی زەمانی تێدا بێت، سێ فیكرەی تێدایە.

یەكەم/ (تخصص نسبة 30٪ على الاقل للنساء في المجالس) ئەوە تەخصیصی یەكەم.

دووەم/ دەڵێت (وتسري هذه النسبة على المقاعد التي حصلت علیها كل القوائم).

سێیەم/ (وعلى تشكیلها عند الترشح).

لەبەر ئەوەی مەترسی هەبوو لە هەندێك موحافەزات كە كراوە بەڕاستی تەحقیقی ئەو نیسبەیان نەكردووە كە لە یاساكەدا هاتووە، لێرە بەسێ ئەوەمان صیاغە كردووە، كە تەحقیقی نیسبەكە بكاتن.

ئەوەی سۆزان خان پێشنیاری كردو شیرین خانیش پشتگیری لێ كرد، ئەوە راستە، مانیعمان نییە وای لێ بێت (تخصص نسبة لاتقل عن 30٪)، ئەوەی دیكە كە دەڵێن قانونی موحافەزات بە نەوعێك صیاغەكە ئەوە ناكرێت، بەڕاستی لە كۆبوونەوەی پێشتریش هەندێك شتمان گۆڕی، بەتایبەتی لە شروتی ناخیب لەگەڵ ئەوەی یەك ناگرێتەوە.

برادەرێك باسی ئەوەی كرد كە تەوحید بكرێت، ئێمە پێمانوایە هەر یەكە بە برگەیەك بێت زۆر بە جوانتر و بە رێكوپێكتر هاتووە.

نازناز خان پرسیاری ئەوەی کرد کە یەکەم ناو ژن بێت و ئەو پرسیارەی لەگەڵ ئەوەی کاک عبدالرحمن دەڵێت ئەگەر یەکێك بردیەوە یەك مەقعەدی هەبوو، ئێستا ئەوەی نیزامی کۆتا بۆ برایانی تورکمان و برایانی کلدو ئاشوورو سریان دانراوە وا صیاغەیان کردووە، کە موفەوەزیە یەکەم ناو ناوی ژن بێتن، بەو جۆرە ئەوە بۆ موفەوەزیە دەمێنێتەوە، موفەوەزیە کە یەکەم ناو ناوی ژنی دانا بەڕاستی ئەگەر یەك مەقعەدیشی بەدەست بکەوێت، مەقعەدەکە بۆ ژنان دەڕوات و تەحقیقی هەدەفەکەی دەکات، چونکە ئێمە دەڵێین (لاتقل عن 30٪)، واتا ئەگەر زیاتریش بێت تەواوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەم نوقتەیە زۆر حەساسە، لەبەر ئەوە دووبارە مەجال دەدەین ناو بنووسنەوە، بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکرێت، بەڵام سێ کەس دیفاعی لێ بکات، سێ کەسیش بە شکلێکی تر، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك تەوزیحی بچووکم هەیە، راستکردنەوەیە بۆ قسەکانی برای بەڕێزم کاك سەردار، ئەویش ئەوەیە راستە هەر پرۆژەیەکی یاسایی بێتە پەرلەمان زۆر تەبیعییە لە لیژنەکان دەستکاری بکرێت، زۆر تەبیعییە هەر بڕگەیەکی لە پەرلەمان دەستکاری بکرێت تەصویت ئەکسەریەت لەگەڵ کێ بوو دەبێت پەسند بکرێت، بەڵام ئەم دوو یاسایە یەك تەواوکەری یەکترییە، ناکرێت ئێمە لە قانونی موحافەزات بە شکلێك تەصویت بکەین، لە قانونی ئینتیخابی موحافەزات بە شکلێکی تر تەصویت بکەین، بۆیە پێویستە ئێمە لێرە پابەندی ئەو پرۆسەیە بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك شێروان دەکەم، بەتایبەتی من پێشنیارێکم تەقدیم کرد، گوتم هەردوو بڕگە یەك بگرێتەوە تەئکیدی ئەوە دەکەین کە ماددەی چوار لە قانونی ئەنجومەنی پارێزگاکان هاتووەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەواو پێچەوانەی هەردوو برادەرم کاك عەونیش و کاك شێروانیش، لەبەر یەك هۆ، لەبەر ئەوەی ڕاستە ئێمە ئەمە میکانیزمی هەڵبژاردنەکانە، ئەمە لێرەدا باسی میکانیزم دەکەین، ئەو یاسای تەشکیلی ئەنجومەنی پارێزگاکانە، ئەمە میکانیزمی هەڵبژاردنەکەیە، کە چۆن دەکرێت، لێرەیە باسی ئینتیخاباتەکە دەکرێت، کە تۆ چۆن مەجالیسەکەی پێ تەشکیل دەکەیت، من یەك داواکاریم هەیە، ئێمە ئەم حەقە حەقێکە داکۆکیمان لەسەر کردووە، بە مانای ئەوەی کە تۆ هێناوتە تەنها لە قەوائیمەکان داتنا زەمانی چیە لە دواییدا ئەو قەوائیمە مورەشەحە لە 30٪ی ژنەکان دابنێت، ئەگەر هاتو تۆ لێرەدا جێگیریت نەکرد بێت، من ئەو پرسیارە دەکەم چۆن زەمانەتی دەکەیت؟ ئێستا لە عێراق لەسەر مستەوای هەموو عێراق ژن لە ئەنجومەنی پارێزگاکاندا لە 25٪ی هەیە، لە هەندێك شوێن لە 3٪ش نییە، حەز دەکەم بزانن، یەعنی لە 3٪یان داوەتێ، لەبەر ئەوە ئێمە ئەوە حەقێکە موکتەسەبەو دیفاعیشی لێ دەکەین، ئێستا خۆی زۆر باشە بۆ دەستکاری دەکەن، ئەم موناقەشەی ناوێت، خۆی چۆنە ئێمە وا پێی رازین، تکایە دەستکاری مەکەن، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك هیوا فەرمووو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا وا دەزانن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاگایان لە شێوازی پڕ کردنەوەی ئەو لیستە نییە، کە کۆمسیۆن بڕیاری لەسەر داوە، چونکە ئەگەر ئاگایان لێ بێت پێویست بەم خوازو خواستە ناکات، بەشێوەیەك دایانڕێشتووە ئەو مەترسیەی کە سۆزان خان و هەندێك لە خوشکان ئاماژەیان پێ کرد لە برایان وا نییە، بەم شێوە دایانڕێشتووە تەنها بۆ لیست لە یەکەمدا مەجالیان داوە پێی پیاو بێت، دووەم/ دەبێت ئافرەت بێت، سێیەم/ پیاو بێت، چوارەم/ ئافرەت بێت، یەعنی ئەگەر لیستێك دوو نەفەر بێنێت لە 50٪ی بەر ئافرەت دەکەوێت، ئەگەر سێ نەفەر بێت لە 33٪ی بەر ئافرەت دەکەوێت، ئەگەر چواری بێنێت لە 50٪ی بەر ئافرەت دەکەوێت ترسیان چیە، لە یەك کاتدا دەبێت مەجالی ئەوە بدەیت، خۆ تۆ مەجالی ئەوە نادەیت ئێجگار مرۆڤیش ئەوەندە پێ دانەگرێت، ئەگەر دوان بێت لە 50٪ی ئافرەتە، ئەگەر سێیان بێت لە 33٪ی ئافرەتە، ئەگەر چوار بێت لە 50٪ی ئافرەتە، ئیتر با ئێمە لەوە زیاتر هین نەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ئێستا ئەو صیاغەی تازە ئەوەی کە ئێوە گۆڕانکاری لەسەر بکرێت بیخوێننەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو صیاغەی دەکەین ئەوی لە مەجلیسی موحافەزات دەینین، ئەو عیبارە لەو مادده ئەوەی ماددەی چوارە، ماددەی هەشتە، ماددەی یازدەیە، عەینی ئەو عیبارەیە تەئکیدی زەمانی ئەم نیسبە دەکات، کە لە 30٪ مسۆگەر بکات، یەعنی هیچ ئەملاو ئەولای تێدا نەبێت، یەعنی عیبارەتەکە زیاتر تەئکید لەسەری و مونسەجیمە لەگەڵ ئەو ماددەیە، دوو پێشنیاری کاك عەونی کە ببێتە یەك مادده دەمجی هەردوو فەقەرە دەبێت، ئەو صیاغەیە بداتە ئێمە، یانیش ئەوەی ئێمە بکەینە (ثانیاً).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

رجائەن تەخویل نییە، لێرە دەخوێندرێت و تەصویتی لەسەر دەدرێت، تەخویل ناکرێتن، ئێستا ماددەکە بخوێنن تەصویتی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە مادده بەو شێوەیە دەخوێنین:

(المادة (8):

أولاً: يجب ان لايقل عدد المرشحين في القائمة عن ثلاثة ولا يزيد على عدد المقاعد المخصصة للدائرة الانتخابية .

ثانياً: تنظم قوائم المرشحين بالشكل الذي يضمن نسبة مشاركة للنساء لاتقل عن 30٪ من الاعضاء).

بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):

رجائەن تەصویت لەسەری دەکەین بەم شێوەیەی کە لیژنەی یاسایی ئاخیر جار خوێندیانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەیەکی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

یەکەم: دابەشکردنی کورسیەکانی تەرخانکراو بۆبازنەکانی هەڵبـژاردن لە ڕێگەی نوێنەرایەتی ڕێژەییەوە دەبێت.

دووەم: کورسیەکان لەسەر پاڵێوراوەکان دا دابەش دەکرێ نەك لەسەر کیانە سیاسیەکان و نابێت هیچ کیانێك کورسی تەرخان کراو بۆ پاڵێوراوی سەرکەتوو بکێشێتەوە لەهەر کاتێکدا بێت.

سێیەم: دابەشکردنی کورسیەکان بۆ هەر لیستێك بەسەر پاڵێوراوەکان بە پێی زنجیرەی ناوەکانی کە تێیدا هاتووە دەبێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (9):

اولاً: يتم توزيع المقاعد المخصصة للدوائر الانتخابية من خلال نظام التمثيل النسبي.

ثانياً: يتم توزيع المقاعد على المرشحين وليس الكيانات السياسية و لا يجوز لأي من الكيانات إن تسحب من المرشح الفائز المقعد المخصص له وفي أي وقت كان.

ثالثاً: توزع المقاعد المخصصة لكل قائمة على المرشحين طبقا لترتيب الاسماء الواردة فيها .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بكەن تكایە دەستیان بەرز بكەن بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، فەرموو كاك بارزان كەرەم بكە.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناروونیەكی تێدایە دەڵێت (كورسیەكان لەسەر پاڵێوراوەكان دابەش دەكرێن، نەك لەسەر كیانە سیاسیەكان)، لەڕاستیدا لەسایەی نیزامی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، یان تەمسیلی نسبی، هەمیشە كورسی بەسەر قەوائیمدا دابەش دەكرێت، نەك بەسەر پاڵێوراوەكاندا، لیستەكە قائیمەی كیانە سیاسیەكە بەرپرسیارە لەپلە بەندی، یان ریزبەندی ناوەكان، ئەوەی كە دەكرێت تەنها لەو حاڵەتە كورسی بەسەر پاڵێوراوەكاندا دابەش دەكرێت، كە سیستەمی هەڵبژاردن سیستەمی نیزامی ئەغلەبیە بێت، زۆرینە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، محەمەد ڕەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم ماددەی دوو و سێ بكرێت بە یەك مادده، بەم شێوەیە بنووسرێتەوە (دابەشكردنی كورسیەكان بۆ هەر لیستێك بەسەر پاڵێوراوەكان بە پێی زنجیرەی ناوەكانی كە تێی دا هاتووە دەبێت، نابێت هیچ كیانێك كورسی تەرخان كراو بۆ پاڵێوراوی سەركەتوو بكێشێتەوە)، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، بەنووسراو بینێرە بۆ ئێرە تكایە، كاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئیا من ئەو فەقەرە ئەویا زێدەیە، چونكە كە گوتمان قائیمە، یەعنی قائیمەی تەمسیل نسبی.

یا دویێ/ ژی ئەو ماڤێت و نەڤێت ئەوە لەسەر كیاناتی سیاسی دێنە تەوزیع كرن، بەس هەر ئەو لیسە یا تازە نینە، جا ئەز بێژم (یتم توزیع المقاعد على مرشحى الكيانات السياسيه)، ئان ژی هەرسێك بكەینە یەك، هەرسێ فەقەرە ببنە یەك (يتم توزيع المقاعد على مرشحي الكيانات السياسية وفقاً لترتيب الاسماء الواردة في

القوائم ولا يجوز لأي من الكيانات إن تسحب من المرشح الفائز المقعد المخصص)، هەر سێك ببنە یەك، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، دكتۆرە شوكریە فەرمووو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەند خاڵی دووەم كاك بارزان گوتی، بەلاّم من پێم باشە هەر خاڵی دووەم كورسیەكان لەسەر پاڵێوراوەكان دابەش دەكرێت، بە رەئی من ئەوانەی تر زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە منیش هەمە هەر لەسەر بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە كاك بارزان بە تەوزیح باسیشی لەسەر كرد، بەلاّم ئەوە لە كۆتایی فەقەرەی دووەمدا (علی ان تسحب من المرشح الفائز المقعد المخصص) مورەشەح لەوێ مەقعەدی وەرنەگرتووە، كیاناتی سیاسیەكە مەقعەدی خۆی وەردەگرێت، لەبەر ئەوە من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی كاك بارزان باسی كرد، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە ماددەی نۆو ماددەی دە هەردووكی یەعنی ناروونیەك دەبینم، لەبەر ئەوەی لێرە دەڵێت بڕگەی یەك (یتم توزیع المقاعد المخصصة للدوائر الانتخابیة من خلال نظام التمثیل النسبي), (التمثیل النسبي)، یەعنی دوو جۆر تەمسیل نسبی هەیە كامل و تقریبی، ئەگەر بەو موتلەقە بنووسین یەعنی بەڕاستی مەجالێك دەهێلێتەوە بۆ ئەو كۆمسیۆنە، بۆ ئەو هەیئەتەیە كە ئیشراف دەكاتە سەر هەڵبژاردنەكان، ئەگەر تەمسیل نسبی كامل بێت، ئەوە عادەتەن دوو قائیمە دەبێت، قائیمەیەكی مەحەلی دەبێت، ئەوە لە ئاستی پەرلەمان و ئەوانەی كەوا قائیمەی لە ئاستی قەومی دەگرن، یەعنی دەنگە ماوەكان دەدرێتە قائیمە قەومیەكە، بۆیە لە بڕگەی دوو و سێیەمی ئەم ماددەیە دیسان باس لەوە دەكات، ئێمە لە ماددەی حەوت گوتمان قائیمەی موغلەق بێت، لە قائیمەی موغلەق عادەتەن ناوەكان بە تەرتیب دێت، یەعنی هەر كیانێك چەند دەنگ

وەردەگرێت، خۆی لە یەکەم ناودا ترشیح دەکات تاکو ئەخیری، بۆیە ماددەی نۆو ماددەی دە من یەك پێشنیارم هەیە، یەعنی یەك ماددە بنووسین ئەمە پێشنیارەکەمە بەم شێوەیە بێت (يكون نظام انتخاب المجالس وفقاً لنظام التمثيل النسبي التقريبي ويتم توزيع المقاعد على القوائم بطريقة معدل اقوى الاصوات)، یەعنی ئەم پێشنیارە رزگارمان دەکات لەو دوو ماددەیەش زۆر وردە، دواتر چۆن دەنگ دابەش دەکرێت؟ ئێمە بۆمان نووسیووە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن خۆی هەڵدەستێت بە دابەش کردنی دەنگەکان، ئێمە رێگاکەمان بۆ نیشان کردووە، بۆیە ئەو پێشنیارەم هەیە، دەتوانین وەکو ماددە نەنووسین، تەنیا ئەو پێشنیارە کافیە بۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە (ثانياً: يتم توزيع المقاعد على المرشحين الفائزين) بە رەئی من زیاد بکرێت، بۆ پاڵێوراوە سەرکەوتووەکان، بۆ ئەوەی دیار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، مەریەم خان فەرموو.

**بەڕێز مريم حسن ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یا منیش ئەو مولاحەزەی یا دوێ (يتم توزيع المقاعد على المرشحين والكيانات السياسية) پاشان گوتی (ولا يجوز لأي من الكيانات إن تسحب من المرشح الفائز المقعد المخصص له) هەتا ئێرە بەسە، بەس ئێدی (وفي أي وقت كان) جێ نابێت لە زمانی قانونی، چونکە (لايجوز) ئەو دیار دەکات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە (ثانياً) کە قسەی زۆری لەسەر کرا، چ بڵێین مورەشەح، چ بڵێی قائیمە، چ بڵێی کیانی سیاسی هەرسێکی یەك شتە، چونکە لێرە ئەو ماددەیە ماددەیەکە تەفسیری قائیمەی موغلەق دەکات، وەکو لە سێیەمدا دیارە،

دەڵێت (توزع المقاعد المخصصة) ئەوە تەعریفی قائیمە موغلەقە (تـوزع المقاعـد المخصصـة لكل قائمـة علـى المرشحين طبقا لترتيب الاسماء الواردة فيها)، تەواو لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە سێ خاڵی سەرەكی تێدایە، یەكەمیان/ ئێمە لێرە دەبێت بـاس بكـەین سیسـتەمی هەڵبـژاردن چ جۆرێكە، تەمسیلی نسبییە، ئێمە راستە لەولایە گوتمان قائیمەی موغلەق، لەوێش كە وامان بەجێهێشت بەو مەرجەی بەجێمانهێشت كە لە ماددەی نۆ لە بڕگەی یەك باسی سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی كرا.

دوو/ فیكرەكـەی تـر لـە مـاددەی دوو و سـێ هـاتووە، مەبەسـت لێـرە ئەوەیـە، كـە حـزب، یـاخود ئـەو كیـان سیاسـییە دەسـەڵاتی كـولی لەسـەر ئـەو پـاڵێوراوە، یـاخود ئـەو فـائیزە نـەبێت، ئـەوە دائیمـەن ئـەو فـائیزە مورتەهیم بێت بە ئیرادەی ئەوە هەر كاتێك هەبێت بۆی بگۆڕێت، تەنها ئەوەكـەی تـەرتیبی دەنگـەكان ئـەو حزبە دایدەنێ، ئیدی تەواو كورسیەكان كە دابەش دەبێت بەپێی ئەو تەرتیبە دادەنرێت، ئەوەی كاك عـادل باسی كرد، بەڕاستی ئەوەكەی مەفهومە كە تەمسیلی نسبی تەقریبییـە، كامـل نییـە، لەبـەر ئـەوەی كامـل بـۆ پەرلەمان بەكار دێت، كە وڵاتەكە هەموو یەك دائیرە بێت، خۆی زیمنیەن باسی كراوە كە تەقریبییـە، لێـرە چەند ماددەیەك ئاماژەی پێ دەكات، یەكەم/ لە ماددەی حەوتەم دەڵێت (نظام القائمـة المغلقـة)، دوو/ لێـرە كە دەڵێن (تمثيل النسبي)، سێ/ لە ماددەی دە لە بڕگەی سێ كە دەڵێت (توزع المقاعد المتبقية باعتماد بـاقي الاقوى)، لە ماددەی سێزدە لە بڕگـەی دوو (يكـون كـل قضـاء وناحيـة وفقـا للحـدود الإداريـة الرسميـة دائـرة انتخابية واحدة)، لێرە زیمنیەن باس كراوە كە شێوازەكە شێوازی تەقریبییە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، فەرموو كاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكـەین، بـەس بـرای بـەڕێزم كـاك فرسـەت مولاحەزەیـەكی دەقیقیـدا (تـوزع المقاعـد المخصصـة) ئـەو نـە موخەصەصـەیە، تەخصـیص نـەكراوە فـەوزی بـە دەسـتی خـۆی هێنـاوە، تۆزێـك ئـەو كەلیمەیە عیبارەتەكە دەگۆڕین سێیەم (ثالثاً/ توزع المقاعد المخصصة)، دەڵێین (توزع المقاعد الـتي تفـوز بهـا القائمة على المرشحين طبقاً لترتيب الاسماء الواردة فيهـا)، موخەصەصـە نییـە، چـونكە موخەصەصـە پێشـتر تەخصیص كرا بوو (فاز بالمقاعد) نە موخەصەصە لە، (فاز بها)، ئەوەی بڕگەی دوو مەبەستمان ئەوەیە جا نازانم صیاغەی دەوێت یەعنی مەبەستمان ئەوەیە تەسەلسولی مورەشەحین، یەعنی ئەو ریعایەتە دەكرێت،

نەك یان لە قائیمەكی سیاسی بۆ خۆیان دانێن حەسب تەسەلسول، ئەوە لە فەرزی ئەصوات لە ئەنزیمەی موفەوەزیە دیاری كراوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان، ئەوەی دوو، پێدەچێت زیادە، چونكە لە سێیەم (توزع المقاعد التي تفوز بها القائمة الفائزة كل القائمة على المرشحين طبقاً لترتیب الاسماء الواردة فیها) بە تەسەلسول دانراوە، ئیتر حەقی نامێنێت لە جێگایەكی تر بڵێت حەقی هەیە لێرە، تكایە لیژنەی یاسایی و ناوخۆ ئاخیر صیاغەتان دیاری بكەن، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستە ئێمە دەتوانین ئیستیغنا بكەین لە بڕگەی دووەم، تەنیا ئەوەیە ئەوە زیادە كۆ بێژن نابێت (كیان تسحب من المرشح الفائز مقعده) یەعنی ئەوەیە، راستە ئەگەر حەزفیشی بكەین هیچ ئیشكال دروست نابێت.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ دەقی بڕگەی دووەمەكەینە، لێرە دوو شتی تێدایە كیانێك كە لە هەڵبژاردن دەباتەوە، مەجموعەیەك، راستە مەقعەد دەیباتەوە، بەڵام دابەش كردنەكەی لەسەر مورەشەحین دەبێت، لێرە لە فیكرەی دووەمی نەفسی بڕگە دەڵێت (ولا یجوز لأي من الكیانات إن تسحب من المرشح الفائز المقعد المخصص له وفي أي وقت كان)، یەعنی بڕگەی یەكەم تەئكید كردنە بۆ هی دووەم، بۆیە ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی تكایە ئاخیر صیاغەتان بە ئیتیفاقی هەردوولاتان دروستی بكەن و بماندەنێ، چونكە كەس موخالیف نییە، بەس لەسەر صیاغەكەیە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە رەئی ئێمە وەكو لیژنە لێرە كاك سەردار رەئی ئەوە نییە، ئێمە دەتوانین ئەوەی جەنابت تەرحت كرد ئیستیغنای لێ بكەین تەنیا فەقەرەی ئەخیر (ولا یجوز لأي من الكیانات) ئەو ئیزافە ببێت بۆ فەقەرەی سێیەم كە دەبێتە دووەم، ئەو موخەصەصەیەش وەكو پێشتر گوتمان دەگوترێت دەڵێین (التی تفوز بها القائمە) بەو شێوەیە دەبێت مانایەكەشی ڕێك دەبێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

تكایە بە نووسین هەردوولاتان بینووسن و موتەفیق بن لەسەری بیخوێننەوە بە وازیحی.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەردوو لیژنە لەسەر ئەو صیاغەیە موتەفیقین، (المادة التاسعة:

اولاً: یتم توزیع المقاعد المخصصة للدوائر الانتخابیة من خلال نظام التمثیل النسبي.

ثانیاً: توزع المقاعد التي تفوز بها القائمة على المرشحین طبقا لترتیب الاسماء الواردة فیها ولا یجوز لأي من الكیانات إن تسحب من المرشح الفائز المقعد المخصص له وفي أي وقت كان).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان، وەكو ئاخیر جار كە خوێندرایەوە هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ لەسەری موتەفیقن، ئەگەر جارێكی تر بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، كۆتایی پێ بێنین.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

اولاً: یتم توزیع المقاعد المخصصة للدوائر الانتخابیة من خلال نظام التمثیل النسبي.

ثانیاً: توزع المقاعد التي تفوز بها القائمة على المرشحین طبقا لترتیب الاسماء الواردة فیها ولا یجوز لأي من الكیانات إن تسحب من المرشح الفائز المقعد المخصص له وفي أي وقت كان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئێستا بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

یەكەم: ژمارە دەنگە راستەكان لە بازنەی هەڵبژاردن دابەش دەكرێن بەسەر كورسیەكانی كە تەرخانكراون بۆ ئەو بازنەیە بۆ چنگ كەوتنی دابەشكاری هەڵبژاردن.

دووەم: دەنگە راستەكانی كە لیستەكە لە بازنەی هەڵبژاردن چنگی كەوتوون كۆ دەكرێنەوەو دابەشی دابەشكاری هەڵبژاردن دەكرێت بۆ دەست نیشان كردنی ژمارەی كورسیەكانی كە بۆ ئەو لیستە تەرخانكراوە.

سێیەم: ئەو كورسیانەی دەمێننەوە بەپێی مایەوەی بـەهێز دابـەش دەكـرێن بەڕێـژەی ئـەو كورسـیانەی كـە چنگی كەوتوون.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (10):

اولاً: تقسم عدد الاصوات الصحيحة في الدائرة الانتخابية على عدد المقاعد المخصصة لتلك الـدائرة للحصـول على القاسم الانتخابي .

ثانياً: تجمع الأصوات الصحيحة التي حصلت عليها القائمة في الدائرة الانتخابية وتقسم على القاسم الانتخابي لتحديد عدد المقاعد المخصصة لتلك القائمة.

ثالثاً: توزع المقاعد المتبقية باعتماد الباقي الاقوى بالنسب للمقاعد التي حصل عليها.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بـەڕێزان، ئەوانـەی كـە دەیانـەوێت قسـەی بكـەن دەسـتیان بـەرز بكەنـەوە تـاكو ناویـان بنووسـین، فـەرموو لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە یەك هەڵەی مەتبەعی هاتووە لە سێیەم (توزع المقاعد المتبقية باعتماد الباقي الاقوى بالنسبة للمقاعـد التي حصل عليها)، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان، ئێستا دوو كەس داوای قسە كردنی كردووە، كاك ئیحسان و شێخ جەعفەر، كەسی تر هەیە قسـەی بكە، كاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحەقیقـەت منـیش پرسـیارا هـەی لەسـەر بڕگـەی سـێیەم لـە مـاددەی دە (باعتمـاد البـاقی الاقـوی) ئـەوە فەقەرەیەك، وابزانم جارێكی تـر لـە ئینتیخابـات كێشـە هـەبووە لەسـەر بـاقی ئـەقوا، كۆمـەڵێك گفتوگۆش لەسەر كرا، بە تەسەوری من ئەو قەوائیمەی كە فائیزن، ئەگەر ئـەو مەقعـەدی مـاون لەسـەر ئـەوان بـەپێی ڕێژەی دەنگەكانیان دابەش بكرێن، لەوانەیە باشـتر ببێـت، چـونكە ئـەو كاتـە نیسـبەی دەنگـەكان بەشـێوەی عادیلانە، چونكە لەوانەیە باقی ئەقوایەكە بەشی ئەو دەیـە نـەبێتن، تـۆ مەقعـەدێك بـە سـی هـەزار دەنـگ دەهێنیت باقی ئەقوایەكەی دەیە، ئەوانەی سێ هەزار دەنگیان هەیە بۆ سـێ مەقعـەد سـێ دەیـی هەیـە سـی

هەزاری زیادی هەیە، ئەو کاتە ئەوی دیکە مەقعەدی دیکە بە دە هەزار دێتن ئەوانی تر سی ئیحتیاتی هەیە بۆ ئەوانە ناچێتن، بە تەسەوری من ئەگەر هەر بەو شێوەیە بێتن (باعتماد على القوائم الفائزة او توزع المتبقية على القوائم الفائزة حسب نسبة الاصوات التي حصلت عليها).

دووەم/ ئەو فەقەرەیە حەقە (بالنسبة للاصوات التي حصلت عليها) جارێ مەعقەدی (حصلت عليها) تێدا نییە، تەوزیع دەکەیت، کێ تەوزیع دەکەیت؟ بۆ کوێیە؟ مەسەلەکە وازیح نییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك شێخ جەعفەر فەرمو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی یەك هەیە هی ماددەکە دەڵێت (ژمارە دەنگە راستەکان لە بازنەی هەڵبژاردن دابەش دەکرێن بەسەر کورسیەکان) خۆی دەبێت بنووسرێت (دابەش دەکرێت بەسەر لیستەکان)، چونکە هەڵبژاردنەکان داخراون، داخراوەکە لیستە، لیستەکەش کە خۆی ئەو کەسەی خاوەن لیستەکە چۆن کورسی بەدەست دەهێنێت یەك و دوو و سێ داناوە بەپێی ناوەکان خۆی دەدات، چونکە لە بڕگەی دووەمدا باسی لیست دەکات، بۆ لە بڕگەی یەکەم دابەش بکرێت بەسەر کورسیەکاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستا لیژنەی یاسایی و ناوخۆ وەکو لیژنە رەئیتان بدەن.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەو موشکیلەی باقی ئەقوا بەڕاستی یەك لە موشکیلەکانە لە مەفهومی عەدالەت زۆرجار پێشێل دەکات، یەکێك لەو موشکیلانەی کە ئێستا لە قائیمەی ناونراوە داخراو لە خواروو ترە ئەم مەوزوعە بوو، کە دابەش کردنی ئەو کورسیانەی کە ماونەتەوە بەسەر قەوائیمی براوە، تەبعەن 30٪ی کورسیەکان کە ئێستا بۆ ئەو قائیمەن نەڕۆیشتووە لە دەنگی ئەو لیستانەیە کە دەنگیان نەهێنا بوو، ئەمە بۆ خۆی مەفهومێکی ناعەدالەتی دروست کردووە، بەڕاستی کاکە ئەوە رێژە هەیە، ئەوە رێژەی تەواو هەیە، لیستی تەواو هەیە، 30٪ی کورسیەکان ئێستاکەش.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

مەفهوم بوو تەواو، تکایە لیژنەی ناوخۆ رەئیتان وەکو لیژنە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز دەكەم ئەو ماددەیە ئەگەر ئیجازەم بدەی روونی بكەینەوە، لە بڕگەی یەك باسی ئەوەی دەكرێت كە قاسمی ئینتیخابی چۆن دەردەكرێت، قاسمی ئینتیخابی ئەو دەنگانەی صەحیح ئەوانەی دەنگیانداوە، نەك رێژەی ئەوانەی ماڧی دەنگیان هەیە دابەش دەكرێتە سەر ژمارەی كورسیەكانی ئەو دائیرەیە، یەعنی ئەگەر سەد بێت ئەو ژمارەی دەنگەكان دابەش سەد دەكرێت قاسمی ئینتیخابی دەردێت، قاسمی ئینتیخابی چیە؟ ئەو رێژەی دەنگانەیە كە پێویستی پێیە بەدەستی بێنێت، تاكو مەقعەدێك ببەیتەوە، ئەوە یەك.

خاڵی دووەم/ باسی ئەوە دەكات هەر لیستێك چەند كورسی بە بەردەكەوێت؟ بەپێی ئەو دەنگانەی دابەشی قاسمی ئینتیخابیەكەی دەكەیت ژمارەی كورسیەكان دەردەچێت.

حاڵەتی سێیەم/ لەوانەیە خیلافمان لە حاڵەتی سێیەم هەبێت، كە كاك ئیحسان باس دەكات دەڵێت هێشتا نەبرایە، ئێمە لێرە باسی باقی ئەقوا دەكەین، یەعنی واتا دابەش كرایە، كورسیەكان هەمووی دابەش كرایە، پاش دابەش كردن باقی یەك دەمێنێتەوە، هەندێك كورسی دەمێنێتەوە، ئەو كورسیە چۆن دابەش دەكرێت؟ بە ئیعتیمادی باقی ئەقوا، لێرە دوو فیكرەیە، یەك/ ئەگەر بڵێین (بالنسبة للمقاعد التي حصلت عليها) واتا باقی ئەقوا بۆ لیستە براوەكان، ئەگەر بەس بڵێن (توزع المقاعد المتبقية باعتماد الباقي الاقوى) بۆ هەمووانە، بڕیاریش بۆ ئێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو كاك سەردار شەرحی كرد، یەعنی دوای تەوزیعی مەقاعید لەسەر ئەصوات نیسبەكە هەندێك مەقاعید دەبێت پێی دەڵێن (المقاعد الشاغرة) ئەوە شغورە، بۆ ئەوە كەسی قاسمی ئینتیخابی نییە باقی مایە، (اكثر البواقي) ئان بێژی (الباقي الاقوى) ئەمە دەدەینە ئەوی ئەوەی مەقعەدی شاغیر مایە دەدەینە باقی ئەقوا تەنیاو تەنیا ئیشكال لەمەیە ئایا ئەم باقی ئەقوایە بەس بۆ كیانات فائیز دەبێت، ئەمە زۆر خەتەرە، چونكە موشكیلە لەوە روویدا لە عێراق، ئێمە بڵێین (للكيانات المشاركة)، ئێمە لە لیژنەی قانونی مەبەستمان ئەوەیە بڵێین (توزع المقاعد الشاغرة على باقي الاقوى للكيانات المشاركة)، چی فەوز ببێت، ئان نەببێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر رەئیتان تكایە.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەو قسەو سەرنجانەی سەیدا دەكەم، یەعنی بەپێی تێگەیشتنی خۆشمان هەتا لە ئینتیخاباتی پەرلەمانیش بەو شێوەیە، بەڕاستی ئەوە یەعنی ئەو دەنگانەی كە دەمێنێننەوە ئەوە ئەگەر تەنها بۆ ئەوانە بێت كە كورسییان هێناوە، ئیمكانە جۆرە زوڵم و غەدرێك بێت لەو كیاناتانەی با بڵێین نەگەیشتوونەتە، یەعنی ناگەنە ئیتر مەجالیسی موحافەزات، هەتا ئەوە بۆ پەرلەماناتیش وایە، لە تەجروبەی پەرلەمانی خۆشمان هەر وا بووە، ئەو دەنگانەی كە دەمێنێنەوە بۆ ئەو كیاناتانە دەبن كە لە سەرەوەی، یەعنی نەگەیشتینە، دەنگی پێویستیان نەهێنایە بۆ مەقعەد، فیعلەن گەیشتبێتە چ براوە بێت، یان براوەش نەبێت، بۆیە من سەد لە سەد تەئیدی ئەوەی سەیدا دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تەوزیحاتەی هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ كردیان بەڕاستی بۆ ئەو بڕگەیە، بە تەسەوری من وا دەرناچێت، شێوازی دابەش كردنی كورسیەكان بە دوو شێواز دەكرێت، مەعەدەلی ئەقوا هەیە، باقی ئەقوا هەیە، لەكاتی پەیڕەو كردنی مەعەدەلی ئەقوا تەوزیعاتەكان بەشێوەیەكی تر بەڕاستی، نە بۆ هەردوو براوە دەبێت، نە بۆ ئەوەش كەمترە، باقی ئەقوا ئەحزابی بچووك ئەو كیاناتە سیاسیە بچووكانەی كە مەعەدەلی وطنیان نەهێناوە، دەتوانن موشارەكە بكەنەوە زۆرترین ڕێژە كە بۆ كامیان بێت ئەوەش دەچێت بەشداری دەكات لە ئەنجومەنەكە، بەلام لە مەعەدەلی ئەقوا ئەو كورسیانە تەوزیع دەبن بەسەر براوەكاندا، براوە زۆرەكاندا زۆر جاریش وا دەرناچێت، ئێستا مەجال نییە مەسەلەن ڕوونی بكەمەوە، مەسەلەن بۆ نموونە لە هەولێردا دوو سەد دەنگدەر دەنگ دەدات قیسمەی وەتەنی چل هەزار كەسە پێنج كورسیمان دەوێت، لە باقی ئەقوا مەسەلەن بەم تەوزیعاتە نازانم چۆنی ڕوون بكەمەوە چوار قائیمەی موتەنافیس هەن قائیمەی ئەلف.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك بارزان ئەوە نیزامی نییە، ئەوە شەرحە، تكایە ئیلتیزام بە ئوسولی جەلسە بكەن، ئەگەر نیزامیت هەیە، نیزامیەكە بڵێ، ئەگەر شەرحە دەورت تەواو، چونكە ناوت نەنووسی بوو تكایە، كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئـەم سێیەمە بـە قەناعـەتی مـن زیـادە، یـەعنی بـەپێی یاسـایی هـەر زیـادە، بـۆ؟ چـونکە ئـەقوا بـەواقی لـە دەوائـیری زۆردا دروسـت دەبێـت، موحافـەزە یـەك دائیرەیـە، ئـەقوا بـەواقی ناوێـت، ئـەقوا بـەواقی لـە موحافەزات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەمە نیزامی تازەیە کاك محەمەد رجائەن، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە نیزامی ئێمە نیزامی تەمسیلی نسبییە، چ دائیرە تەعدد بـن، یـان یـەك دائـیرە هـەر ئیحتیمـالی هەیـە باقی ئەقوا بمێنێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەینـە لـە لیژنـەی قـانونیش ئـەو باسـەمان کـرد، ئەگـەر مەقاعیـد مـان موتەبەقی تەوزیع دەکرێت لە باقی ئەقوا، باقی ئەقوا کێ بێت؟ ئەو کیاناتی موشارکین، ئینجا رەئـی ئێمـە هەردوو لیژنە ئیتیفاقمان کردووە لەسەر ئەوە کە صیغەکە بەو شێوەیە بێت (توزع المقاعد المتبقیە باعتماد الباقی الاقوی) تەنیا تاکو هەموو کیانات بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لە سەرۆکایەتی جەلسە دوادەخەین بۆ سەعات چوار، سەرۆکی فراکسیۆنەکان، لیژنـەی نـاوخۆ و یاسـایی لـە ژووری 140 حازر بن پێکەوە گفتوگۆ دەکـەین، تکایـە سـەعات چـوار لێـرە بـن، بـۆ ئـەوەی بتـوانین ئـەمڕۆ قانونەکە تەواو بکەین، زۆر سوپاس.

**دانیشتنی دووەم:**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

بەناوی گەلی کوردستان، بەشی دووەمی دانیشـتنی ژمـارە 11ی خـولی دووەمـی هەڵبـژاردن، پـاش نیـوەڕۆی رۆژی دووشەممەی رێکەوتی 2009/5/11، بەردەوام دەبین، لێژنەی یاسـایی و لێژنـەی نـاوەخۆ فـەرموون بۆ جێگای خۆتان، ماددەی 10 فەرموون بۆ خوێندنەوەی، کەرەم کە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

یەکەم: ژمارە دەنگە ڕاستەکان لە بازنەی هەڵبژاردن دابەش دەکرێن بەسەر کورسـیەکانی کـە تـەرخانکراون بۆ ئەو بازنەیە بۆ چنگ کەوتنی دابەشکاری هەڵبژاردن.

دووەم: دەنگە راستەکانی کە لیستەکە لە بازنەی هەڵبژاردن چنگی کەوتوون کۆ دەکرێنەوەو دابەشی دابەشکاری هەڵبژاردن دەکرێت بۆ دەستنیشان کردنی ژمارەی کورسیەکانی کە بۆ ئەو لیستە تەرخانکراوە.

سێیەم: ئەو کورسیانەی دەمێننەوە بە پێی مایەوەی بەهێز دابەش دەکرێن بە ڕێژەی ئەو کورسیانەی کە چنگی کەوتوون.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

اولاً: تقسم عدد الاصوات الصحيحة في الدائرة الانتخابية على عدد المقاعد المخصصة لتلك الدائرة للحصول على القاسم الانتخابي .

ثانياً: تجمع الأصوات الصحيحة التي حصلت عليها القائمة في الدائرة الانتخابية وتقسم على القاسم الانتخابي لتحديد عدد المقاعد المخصصة لتلك القائمة.

ثالثاً: توزع المقاعد المتبقية باعتماد الباقي الاقوى بالنسب للمقاعد التي حصل عليها.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

لێژنەی ناوەخۆ ڕەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە؟

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە جارێکی تر دووپاتی ئەوەی دەکەینەوە کە تێبینیمان زۆرە لەسەر نووسخەی کوردیەکە، لەبەر ئەوەی نوسخەی عەرەبیەکە ئەساسە، هیچ تێبینیەکمان نیە لەسەر ناوەڕۆکی ماددەکە و ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

لێژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو لێژنە وەکو یەك بوون، بەڵام ئێستا باسی ئەو خیلافە دەکرێ، جەنابت ناوت نووسیونە، جا بزانە ئەوانەی لەگەڵ ئەوە بن بۆ کیانات، هەموو کیانات تەوزیع بکرێتە الباقی الاقوی، یان بەس بۆ کیانی فائیز، یەعنی ئەوەی بخەینە دەنگ، موناقەشە لەسەر ئەوە بکرێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێ قسە بکەن لەسەری ناویان بنووسن و ئیتیفاق کرا لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان و لێژنەکان، و لێژنەی یاسایی و دارایی لە هەر لایەك، سێ کەس تەئیدی بکات، شەرحی بکات و سێ کەسیش دژی بوەستێ و پاشان دەخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئەو مەوزوعە زۆر روون و وازیح بووە بۆ هەموو

لایەك، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە صیاغەکەی ئەخیری لێژنەی یاسایی و لێژنەی نـاوەخۆ ئامادەیـان کـردووە، ئەوەی وەکو لە مەشروعەکەش هاتووە، ئەمینێتن، ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانـەوێ قسە بکـەن دەسـتیان بڵـند بکەن، کاك دلێر محمد شەریف فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە دانیشتین دیارە گفتوگۆکانمان لەسەر ئەو ئەساسە بوو کە دوو تەفسیر دانرا بـۆ ئـەم حاڵەتـە، باقی الاقوی لەسەر چ ئەساسێك دابەش بکرێ؟ تەفسیرێك بەو مانایەی کە تەنها بـۆ ئـەو ناوانـەی کـە بـراوەن لـە ئینتیخاباتەکەدا، تەفسیرێکی تر بۆ هەموو ئەو لیستانەی کە بەشداریان کردووە، من حەز دەکەم شـتێك بـە موختەصەری باس دەکەم بۆ ئەو بەڕێزانەی  ئەندامانی پەرلەمان بـۆ ئـەوەی وزوحێـك بـێ تـا بـزانین کـام مەبدەئیان عەدالەتترە کە من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە دابەش بکرێ بەسـەر هـەموو لیسـتەکاندا، نـەك تەنها بەسەر براوەکاندا، لەسەر ئەو ئەساسە چۆن بەسەر هەموو لیستەکاندا نەك براوەکـان تـەنها ئەوانـەی کە زۆرینەی دەنگ دەهێنن، بۆ نموونە، ئێمە لە ئینتیخابێك ئیعتیبار بکەین سێ لیست هەبێ، (أ و ب و ج)، کە نیسبەی دەنگدەر ئەبێ پێویست بێ بهێندرێ بۆ ئیستیحقاق و شەرعیەتی دەنگدان بـۆ هـەر کورسـییەك 40 هەزار بێ با وا دابنێین، حیزبـی أ تـوانی 85 هـەزار دەنـگ بهـێنێ، حیزبـی ب تـوانی 75 هـەزار دەنـگ بهـێنێ، حیزبـی ج 30 هـەزار دەنگـی هێنـا، لـەو حاڵەتـەدا حیزبـی أ 2 کورسـی دەهێنێـی و زائیـدەن پێـنج هەزاری زیاد دەبێ، حیزبی ب یەك کورسی هێناوە و 35 هەزاری زیـاد دەبـێ، حیزبـی ج 35 هـەزار دەنگـی هێناوە و هیچ کورسی نیە، ئەوانە لە کاتێکدا وا دابنێین ئەو کورسیانە کە پێویستە بۆ 25 کورسـی دابـەش بکرێت ئەم دەنگدانە، تۆ 23 کورسیت هاتووە و 2 کورسیت بەتاڵە لەم حاڵەتەدا، ئـەو دوو کورسـییە ئـەبێ لەسەر ئەساسی زۆرترین کە باقی الاقوایە لەو دەنگانە، ئەوانـە وەربگـرن، لـەو حاڵەتـەدا هـی دووەمیـان کـە 75 هەزاری هێناوە، یەك کورسی هەیە و 35 هەزار دەنگی هەیە زیادە لەوەی خۆی، ئەوە ئەبێتـە سـاحیبی یەك لە کورسییەکانی تر، دوای ئەوەی کە لـەوەی کـەمتر لـە 30 هـەزار دەنگـی هەیـە، بـەو پێیـەی کـە 30 هەزار دەنگی هێناوە بەڵام کورسی نەهێناوە، ئەوانە ئەبنە ساحیب کورسی دووەم، ئەوەی تریان، چونکە تـۆ ئەگەر وا نەکەی و دابەشی بکەی بەسەر براوەکان، براوەکە 5 هەزار دەنگی زیادەی هەیـە، تـۆ 35 هـەزار و 30 هەزاری ترت هەیە کەواتە 65 هەزاری ئەدەیتە براوەکە، ئەوە لەو حاڵەتە ئەوانی تری بێبەش دەکـەن کە پێم وایە ئەوە هیچ عەدالەتی تێدا نیە، پێم وایە ئەوە ئەبێ لەسەر ئەو ئەساسە بێت، ئەو لیستانەی کە هەموو بەشداری دەکەن ئەبێ بەسەر ئەوان دابەش بکرێن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

سوپاس، کاك خەلیل فەرمووو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە نیزامی ئینتیخابی ڕێژەیی، ئەو موشکیلە روو ئەدات کە تەوزیعی مەقاعد ئەکرێت لەسەر کیانات بە حەسەب قاسمی ئینتیخابی کە هەر مەقعەدێك چەندی دەوێت، تەوزیع ئەکرێت و هەندێ مەقاعد شاغر ئەبێت، ئەم مەقاعیدە شاغیرانە چۆن تەوزیع ئەکرێ لەسەر ئەصوات، لێرە موشکیلەکە بەس لە نیزامی تەمسیلی نسبی هەیە، لێرە چوار جۆر هەیە بۆ تەوزیعی ئەو ئەصواتانە، جۆرێك هەیە پێی ئەڵێن باقی الاقوی، جۆرێك هەیە پێی ئەڵێن(معدل المتوسط) ئەوەی تەریقەی هۆند کە عالمێکی بەلجیکیە ئیبتیکاری ئەو تەریقەیەی کردیە لە ساڵی 1855-1899 لە بەلجیکا، تەنفیز کرا و لە ئیسپانیا و ئەلمانیا و فنلندا و بورتوغال، تەریقەکی تر هەیە سان لۆر لیڤۆ، ئێستا ئەوانەی دەڵێن ئەسهەل تەریقەی کە عەدالەتی تێدا بی، ئەو دەنگانەی کە هاتینە بۆ کیانات بەلاش نەچن بۆ ئەوەی باقی الاقوی بۆ کیاناتە، ئەم باقی الاقوی بۆ کیاناتی موشاریکە لەبەر چەند هۆیەك، ئیستا ناڵێین قائیمەی موغلەقە بۆ مەجالسی مەحافەزاتیش بی تا گونجاو بێت لەگەڵ پەرلەمان، ئی پەرلەمان تەبەنی ئەوەمان کرد، با ئەوەش تەبەنی ئەوە بکەین، باشە ئێمە هەر عەینەن لە قانونی پەرلەمانی خۆمان ئی کوردستان هەمواریش نەکرایە ئەو بەندە، لە ماددەی 36 بڕگەی 4 ئەڵێ: تؤول المقاعد الشاغرة نتیجة لحصول بقایا لا تصل الی المعدل الانتخابي الی القوائم التي حصلت علی اکبر البقایا علی التوالي، ئەو اکبر البقایا یەعنی براوە بێت یان براوە نەبێت، ئەلوهیم ئێستا ئەگەر کورسییەك 40 هەزاری دەوێ، کیانێك 3999 دەنگ بینیت، کیانێکی فائیز هەزار دەنگی زیاد بمێنێت، ئەو مەقعەدەی شاغرە دەدەیە ئەو و نادەیە 39999، ئەوە عەدالەت نیە، لە هیچ شوێنێك، من چەند ئەنزیمەی ئینتیخابیم خوێندیە، باسی باقی الاقوی، باسی ئەوەی دەکات و لە ناوەکە دیارە کێ باقی الاقوایە، یەعنی اکثر المتبقي لە ئەصڵی ئەوەی کە نزیکی موعەدەلی ئینتیخابی کێیە، ئەو مەقعەدی شاغرە و ئەو مەقعەدی مایە دەدەیە ئەو، لەبەر ئەوە زیاتر عەدالەتی تێدایە و پێشتر برادەران و بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان دەیانگوت ئێمە ناڵێین قائیمەی موغلەقە، چونکە لە مەصالیحی حیزبە بچوکەکان نیە، ئەوە هەر لە صالحی حیزبە بچوکەکان نیە، ئینجا با ئەوە بانێك و چەند هەوا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەعلیقیکم لەسەر قسەکەی کاك خەلیل هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

ڕەجائەن نا، قسەکەی خۆت بکە و شەرحەکەی خۆت بکە، تەعلیق لە قسەی کەس مەدە.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی ئەو دوو فەقەرەیە بە زیاد دەزانم، بۆ ئەوەی دابەش کردنی دەنگەکان لەسەر لیستەکان شتێکی ئۆتۆماتیکیە و ئەو کۆمسیۆنەی، ئەو هەیئەی کە هەڵدەستی بە هەڵبژاردن، ئەو ئەو ئیشە دەکات، یەعنی پێویست ناکات بڕگەی یەك و دوو هەبێت، ئەوە مەوزوعێکە و ئەبێ خۆیان قاسمی ئینتیخابی دەرکەن لەسەر ئاستی پارێزگا یان لەسەر قەزا و ناحیە، ئەوە مەوزوعێکە کە تۆ وتت نیزامی ئینتیخابی، نیزامی تەمسیلی نیسبی تەقریبیە، ئەبێ خۆی ئەو عەملیانە بکات، ئەمێنێتەوە لەسەر ئەوەی مەعەدەل ئەقوی و باقی الاقوی، من پێم وایە باقی الاقوی ئەگەر ئێمە ئەو کورسییەی کە ئەمێنێتەوە لەسەر بنەمای معەدەلی ئەقوی دابەش بکرێ، پێم وایە عەدالەتی زیاتری تێدایە لەوەی باقی الاقوی بێت، لەبەر ئەوەی ئەو حیزبەی کە لەسەر ئەساسی قاسمی ئینتیخابی خۆی کورسی ئەبا، ئەو کورسییە ئەمێنێتەوە و ئەو حیزبە کە زۆرترین رێژەی کورسییەکان کە ناگاتە کورسییەك ئەمێنێتەوە، کورسی دووەم ئەبا، ڕەنگە هەندێ حیزبی بچووك ئەو کورسییەی بەبەر ناکەوێ، بەڵام ئەگەر هاتو لەسەر معەدەل ئەقوی بێت، ئەو کاتە هەموو حیزبێك چەند دەنگەکەشی کەم بێت پێم وایە بە شێوەیەکی عەدالەت کە ناکرێ لێرە بە تەفصیل باسی بکەین، سێ رێگا هەیە و کاك خەلیل ئاماژەی بە رێگایەکیانی دا، ناکرێ بە تەفصیل لێرە باسی بکەین، من پێم باشە ئەو باقی الاقوی بکەینە معدەل الاقوی، لەبەر ئەوەی هەموو ئەحزابی بچووك بێبەش نابن لە دەسەڵات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

سوپاس، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە خیلافەکەمان تەنها لەسەر بڕگەی 3، لێرەدا حەز دەکەم یەك شت روون بکەمەوە، خیلافەکە لەسەر ئەوەیە پاش دابەش کردنی کورسییەکان هەندێ مەقاعدی شاغر دەمێنێتەوە، هیچ لیستێك ئەو قاسمی ئینتیخابیەی بە دەست ناهێنێت و ئەو دەنگانەی کە پێویستە ئەو مەقاعیدە شاغیرانەی بەبەربکەوێ، خیلافەکە لێرە ئەوەیە ئێمە وەکو لێژنەی ناوەخۆ ویاساییش، بەپێی راپۆرتەکەمان لەگەڵ ئەوەینە : بالنسبة للمقاعد التي حصل عليها، واتە لیستە براوەکان، سەبەبەکەی چیە، سەبەبەکەی ئەوە نیە مەبەستمان ئەوەیە ئەو کورسییانە لە بۆ ئەحزابە گەورەکان بڕوات، ئەوە راست نیە، براوە کامەیە؟ حیزبە هەرە گەورەکان لەگەڵ حیزبی قائیمەی هەرە گچکە، کامە باقی الاقوایە بۆ ئەو دەڕوات، نموونەك دەهێنمەوە، ئەگەر پەرلەمانی پێشوو لیستی نیشتمانی کوردستان 104 مەقعەدی بەبەر کەتیە، لیستی زەحمەتکێشان کورسییەکی بەبەر کەوتبوو، ئەگەر باقیەکەی زەحمەتکێشان بە قوەتر بێت لە لیستی نیشتمانی کوردستان، لیستی زەحمەتکێشان دەباتەوە، واتە مەبەستمان ئەوە نیە بۆ ئەحزابی گەورە و

گچکه، باقی الاقوی کامەی بگرێتەوە بۆ ئەوە، دوو، بۆ ئێمە لەگەڵ ئەوەینە کە تەنها لیستە براوەکان باقی الاقوی بگرێتەوە؟ چونکە شەرعیەتیان لەگەڵە، ئەوە خاڵێکی زۆر زۆر گرنگە، لیستە براوەکان خەڵك دەنگیان بۆ داوە و شەرعیەتیان هەیە، من ناتوانم ئەو لیستەی کە هیچ کورسی بەبەر نەکەتیە و شەرعیەتی نیە و خەڵك دەنگی نەدایتی یەك کورسیش بەدەست بینی من ناتوانم لێرە بە قانون شەرعیەتی بدەمێ کورسییەکی بدەینێ، من دەتوانم ئەوەی کە میللەت شەرعیەتی دایتی و باقی الاقوی ئەو حیساب بکەم، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

ڕێزدار کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئییدی کاك سەردار دەکەم، خۆی هەڵبژاردن چیە، هەڵبژاردن پرۆسەیەکی بەردەوام و دەوریە،تاقیکردنەوەیە، یەعنی کێبڕکێیە، ئەوەی دەیباتەوە خۆی ئەساسەکە لەسەر ئەوەیە کێ دەیباتەوە کورسی بە دەست دێنێ، یەکەم خەتوە کە جیا دەکرێتەوە، کێ بردییتیەوە حەقی کورسییەکانی ئەوە دەدۆڕێ، شەرعیەتی نامێنێ، ئەوەی شەرعیەتی نەما چۆن دەتوانی بیهێنیەوە لەبەر ئەوە من تەئییدی کاك سەردار دەکەم و بدەینە باقی الاقوی ئەو دەنگە زۆرانەی ماوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لێژنەی یاسایی، زۆر بە تەفصیلەوە ئەو مەوزوعەمان موناقەشە کرد، لەگەڵ لێژنەی ناوەخۆ هاتینە ئەو ڕەئیەی کە ئیعتیماد بکەینە سەر باقی الاقوی لە جێبەجێ کردنی کورسییە بەتاڵەکان، تەبیعی منیش هەر عەینەن ڕەئی کاك سەردارم هەیە، ئێمە وای بۆ دەچین لە لێژنەی یاسا و لێژنەی ناوەخۆ، کە ئەو کیانە سیاسیانەی کە سەردەکەون، شەرعییەتی گەلیان دەدرێتی، موباشەرەتن شەرعیەتی خۆیان وەردەگرن، پێمان وایە باقی الاقوی ئەبێ لە خزمەتی براوە بێت نەك لە خزمەتی ئەو کیانانەی کە سەرنەکەوتن، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر سەیری یاسای ژمارە 11ی ساڵی 2002ەوە بکەین، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بکەین، دەبینین لە مادده 16 لە فەقەرە سێ دەڵێت: توزع المقاعد المتبقية باعتماد طريقة الباقي الاقوى، واتە لەوێش ئەگەر لە بیرتان بێت، مەقعەدەکان تەوزیع کران لەسەر ئەو کیانانەی کە براوە بوون، نەك ئەو کیانانەی کە سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنابوو، لە زمنی ئەو کیانانە یەك کورسی بەبەر تەحالوفی کوردستانی کەوت، کە ئەویش تەوعویزیان

پێی دەگوت، نازانم چییان پێ دەگوت بەڕاستی، بۆیە بەڕاستی لەبەر دەقی نەصەکە و تەفسیراتی تریش هەیە لە بۆ مەسەلەی تەعویزی موعەدەلات و ئەوانە، بەلاّم ئێمە لە لیژنەی یاسا و لە لیژنەی ناوەخۆ لەسەر ئەوە ڕێککەوتین و زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

ئێستا دوو بۆچوون هەیە بۆ ئەمە، لیژنەی یاسایی داوا دەکات وەکو خۆی بمێنێتەوە کە هاتووە، پێشنیارێکی تریش هەیە کە کاک خەلیل و چەند بەڕێزێکی تریش پشتیوانیان لێ کرد، کە ئەوانەی سەر ناکەون، کورسی بە دەست ناهێنن زۆرینەی دەنگی دیکەیان ماوە، ئەوە کورسییەکی پێ بدرێت، لێرە شەنس ئەدەمە دوو کەس، کاک خەلیل و کاک شێروان حەیدەری شەرحی بکەن، داخوازی هاتووە لە ئەندامانی پەرلەمان دەڵێن: تێنەگەیشتووینە باقی الاقوی چیە؟ تێنەگەیشتوونە معدل الاقوی چییە؟ کاک خەلیل مەوزوعەکەی خۆت بە موختەصەری شەرح بکە و دواییش جەنابی کاک شێروان شەرحی بکات بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، فەرموو کاک خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەرحی من ئەمەیە کە ئەڵێین: ئەم کورسییانەی دەمێنێن، هەندەك دەنگ دەمێنن ناگەنە نزیکی قاسم الانتخابی، ناگەنە ئەو عەددەدە کە کورسی بێتن، ئێمە ئەڵێین، ڕەئی ئێمە ئەوەیە، نزیکترین دەنگ بۆ ئەو قاسم ئینتیخابیە، نزیکترین دەنگ، یەعنی ئەقوی الباقی لەو دەنگە، اکثر الباقي کامەیە، چ لیست بێت براوە بێت یان براوە نەبێت، ئەو مەقعەدەی مایە دەدەینە ئەو، شەرعیەتەکە، خۆی هەمووی شەرعینە، شەرعیەتەکە چیە، شەرعیەتەکە ئەوەیە ئەوانە هاتینە ناو ئینتیخاب و ئەقوی الباقی هێنایە و کەسی تر ئەو حیصەی نەهێنایە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

وازیح بوو تکایە، کاک خەلیل لەگەڵ ئەوەیە، بیخوێننەوە صیغەکەی فەرموون.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الباقی الاقوی للکیانات المشارکە، هەر ئەوەندە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەینە ئەو کورسییانە تەوزیع بکرێتە سەر ئەوانەی کە براوەن، لەبەر ئەو ئەسبابانەی کە دەستنیشانم کرد، ئێمە پێمان وایە ئەو کیانە شەرعیەتیان وەرگرتووە، ناکرێ ئێمە کورسییەکی بدەینە

کیانێـك و بـه کورسـییەك شـەرعییەتی بـدەینێ و بـێ بەشـداری ئێمـە بکـات لـە دەسـەلاّت یـاخود لـە هـەر هەڵبژاردنێکدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

ئێستا دەنگدانە، تکایە تەرکیز بکەن، کاك خەلیل موفتەرەحەکەت بە نووسراو بە بێ تەعلیق و بە بێ قسە کردن موفتەرەحەکەت بخوێنەوە و ئەیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تا ئێستا مونسەجم لەگەڵ قانونی پەرلـەمان چووینە، ئـەوەی ئێسـتا مونسـەجم نیـە لەگـەڵ قـانونی پەرلەمان، ثالثآ: توزع المقاعد المتبقیة على الباقي الاقوى للكیانات المشاركة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا ئەو موفتەرەحە کە لە لایەن چەند ئەنـدامێکی بـەڕێزی پەرلـەمانی کوردسـتانەوە هاتووە بۆ تەعدیلی مەشروعە ئەصڵیەکە کـە کـاك خـەلیل خوێندیـەوە، کێ لەگـەڵێتی تکایـە دەسـتی بـەرز کاتەوە؟ بیست کەسی لەگەڵە، کێ لەگەڵ ئەصڵی مەوزوعەکەیە وەکو خۆی بمێنێتـەوە دەسـتی بەرزکاتـەوە؟ بە زۆرینەی هەرە زۆری دەنگەوە وەکو خـۆی مایـەوە، سـوپاس بـۆ ماددەیـەکی تـر تکایـە. بـەڕێزان مـاددەی پێشتر بە هەردوو فەقەرە یەکێکی تەصویتی لەسەر کرا، بەلاّم سێ فەقەرە و هـەر سـێکی دەدەینـە دەنگـدان بە یەکەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز کاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵی نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ، دوو کـەس لەگەڵی نیە، بۆ ماددەکەی تر.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پانـزدەم کە دەبێتە ماددەی دەیەم:

یەکەم: ئەگـەر ئەنـدامی ئەنجومـەن کورسـیەکەی لـە دەسـتدا بەهـەر هۆیـەك ئـەوا پـاڵێوراوی دوای ئـەو لـە لیستەکە بە پێی زنجیرەی ناوەکەی جێی دەگرێتەوە.

دووەم: ئەگـەر کورسـی بـەتاڵی تایبـەت بـە لیسـتێك بـوو و پـاڵێوراوی نـەمابوو، ئـەوا ئـەو کورسـیە بـۆ پاڵێوراوێکی تر لە کیانێکی سیاسی دیکە دەبێ کە رادەی نزمی لە دەنگەکانی پێویست هێنـابێ بـۆ وەدەسـت هێنانی کورسی و بە پێچەوانەی ئەمەش کورسیەکەی بە بەتاڵێ دەمێنێتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (11) و التي تصبح المادة (10):

أولاً: إذا فقد عضو المجلس مقعده لأي سبب كان يحل محله المرشح التالي في قائمته طبقا للترتيب الوارد فیها.

ثانياً: اذا كان المقعد الشاغر يخص قائمة استنفذت المرشحين يخصص المقعد الى مرشح اخر من كيان سياسي اخر حصل على الحد الادنى من عدد الاصوات المقرر للحصول على مقعد وبخلاف ذلك يبقى المقعد شاغرا .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى).**

فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لە كۆبوونەوەى موصەغەرى جەنابتان لەگەڵ سەرۆكى فراكسیۆنەكان و هەردوو لێژنەى كاروبارى ناوەخۆ و كاروبارى یاسایی و سەرۆك لێژنەكان، هەندێك پرسیارى تر هاتە پێش، هەندێ پێشنیار، بۆیە بە ئیتیفاق ئێمە صیاغەى ماددەكەمان كردەوە، بە تایبەتى لە حاڵەتێك ئەگەر بێت و قائیمە مەئتەلیف بێت، مورەشەحەك نەمێنێت، ئەو دەنگەى پاشى یاخود ئەو ناوەى لە پاشى لەوانەیە لە حیزبێكى تر بێتن، بۆیە ئێمە عیلاجى ئەوەمان كردیە و صیاغەكى ترمان هەیە نوێیە و بەو صیاغەیە: المادة (11) و التي تصبح المادة (10):

أولاً: إذا فقد عضو المجلس مقعده لأي سبب كان يحل محله المرشح التالي في قائمته طبقا للترتيب الوارد فيها بالنسبة للقوائم غير الموئتلفة.

ثانياً: : إذا فقد عضو المجلس مقعده لأي سبب كان يحل محله المرشح التالي من نفس الكيان السياسي الموئتلف ضمن القائمة الانتخابية الموئتلفة

ثالثاً: اذا كان المقعد الشاغر يخص قائمة استنفذت المرشحين يخصص المقعد الى مرشح اخر من كيان سياسي اخر حصل على الحد الادنى من عدد الاصوات المقرر للحصول على مقعد وبخلاف ذلك يبقى المقعد شاغرا ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى).**

سوپاس، ئەوە زۆر بە وردى موعالجە كراوە، كێ قسەى لەسەر هەیە ناوى بنووسین، فەرمووو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە باس لە دەستدانى ئەندامێیەتى دەكات، یەك لە ئەندامەكان ئەندامێتى لە دەست بدات بەهەر هۆیەك، لە لیستى ئیحتیات یەكێك دێتە شوێنى، باشە ئەگەر ئەو ئەندامەى ئەندامێتى لەدەستدا ئافرەت بوو، لە لیستى ئیحتیات یەكەم و دووەم ناو پیاو بوو، ئەوە كاریگەرى لەسەر ئەو رێژەى كۆتاى دەكات كە لە ماددەكانى پێشتر پەسندمان كرد و لە یاساى پارێزگاكانیش هەروا پەسندمان كرد كەوا لە 30٪ كەمتر نەبێ، كە ئەو مەقعەدە شاغر بوو، كاریگەرى لەسەر كۆتا دەبێ و ئەوە لەو ماددەیە چارەسەر نەكرایە، پێشنیارم هەیە یان لە بڕگە یەك زیاد بكرێ، یان ئەوەتا بڕگەیەكى سەربەخۆ زیاد بكرێ كە ئەگەر

مەقعەدەكە شاغر بوو و شوێنی ئافرەتەكە لە لیستی ئیحتیات ئافرەتێك هەڵبژێردرێ بێتە شوێن ئەو ئافرەتەی كە ئەندامێتی لەدەستدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

فەرمووو لێژنە.

**بەڕێز سەدار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا ئێمە صیاغەكمان حازرە، بەڵام لە كۆبوونەوەكەی ئیتیفاقمان لەسەر نەكرد، بۆیە نەمخوێندەوە، دەتوانین بڕگەیە زیاد بكەین بەو شێوازە: اذا كان المقعد الشاغر يخص امرأة، فلا يشترط ان تحل محلها امرأة، الا اذا كان ذلك مؤثراً على نسبة تمثيل النساء، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

ئەگەر لەسەر ئەو موفتەرەحە و بەو ئیزافەی كە لە ئەخیردا كرا، كاك سەردار خوێندییەوە، كێ لەگەڵێتی تكایە دەستی بەرز كاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەیەكی تر، فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم

بازنەكانی هەڵبژاردن

ماددەی دوازدەم كە دەبێتە ماددەی یانزدەم:

هەر هەڵبژێرێك مافی هەڵبژاردنی خۆی بە خۆی دەست دەداتێ لەو بازنە هەڵبژاردنەی كە ناوی لە تۆماری هەڵبژێرەكانی تۆمار كراوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

الفصل الرابع

الدوائر الانتخابية

المادة (12) و التي تصبح المادة (11):

يمارس كل ناخب حقه الانتخابي بنفسه في الدائرة الانتخابية التي يكون فيها مسجلاً في سجل الناخبين.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

كێ ئەیەوێ لەسەری قسە بكات؟ ئێستا كێ لەگەڵێتی دەستی بەرزكاتەوە، سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەیەكی تر تكایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی سێزدەم كە دەبێتە ماددەی دوانزەم:**

**یەكەم: هەر پارێزگایەك بە پێی سنووری كارگێڕی خۆی دەبێتە بازنەیەكی هەڵبژاردن لـە هەڵبژاردنـەكانی ئەنجومەنەكانی پارێزگاكان.**

**دووەم:هەر قەزاو ناحیەیەك بە پێی سنووری كارگێریی فەرمی بازنەیەكی هەڵبژاردنە لـە هەڵبژاردنـەكانی ئەنجومەنە خۆجێییەكانی قەزاو ناحیەكان.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة (13) و التي تصبح المادة (12):**

**أولاً: تكون كل محافظة وفقا للحدود الإدارية الرسمية دائرة انتخابية واحدة في انتخابات مجالس المحافظات.**

**ثانياً: يكون كل قضاء وناحيـة وفقـا للحـدود الإداريـة الرسميـة دائـرة انتخابيـة واحـدة في انتخابـات المجـالس المحلية للاقضية والنواحي.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

**تكایە كێ ئەیەوێ قسە بكات دەستی بەرز كاتەوە، نیە، ئێستا ئەو ماددەیە بـەو شـێوەیەی كـە خوێندرایـەوە ئەخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵە دەستی بەرزكاتەوە تكایە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیـە؟ بـۆ ماددەیـەكی تـر تكایە.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەم ماددەیە لەبەر ئەوەی لە قانونی موحافەزات هـاتووە، ئـەو لێژنـە موشـتەرەكە كـە ئـەمرۆ بـە فراوانـی فراكسیۆن و سەرۆك لێژنەكان تێدا بەشدار بوون، وا ئیقتیراح كـرا ئـەو ماددەیـە لا بـبرێ، لەبـەر ئـەوەی لـە قانونی موحافەزات هەیە و بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

**ئەم ماددەیە نەصەن لە قانونی پارێزگاكان هەیە، پێشنیار كرا لابرێ، ئەگەر كەس نیە قسەی لەسەر بكات، فەرموو كاك رۆمیو.**

**بەڕێز رۆمیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە كۆتایی جەلسەكەی پێش ئەمە نەك هی بەیانی، لـە حەفتـەی رابـووردوو، بریـار درا بـۆ ئـەوەی كۆتـا بـۆ نەتەوەكانی تر دیاری بكرێ لەم یاسایە،**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

ئەولەن بریار نەدرا، دوایی با ئەو ماددەیە تەواو بکەین پاشان لەسەری قسە دەکەین، ئێستا پێشنیاری هەردوو لێژنە هەیە بۆ ئەوەی ئەو ماددەیە ئیلغا بکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بکرێ دەستی بەرز کاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ یەك دەنگ، بە زۆرینەی دەنگ ئەو ماددەیە لابردرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی پێنجەم

ریکلامی هەڵبژاردن

ماددەی پازدەم کە دەبێتە ماددەی سێزدەم:

ڕێکلامی هەڵبژاردن لە هەموو رەسمێك دەبووردرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفصل الخامس

الدعاية الانتخابية

المادة (15) و التي تصبح المادة (13):

تعفى الدعاية الانتخابية من اي رسوم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

کێ لەسەر ماددەی 13 قسەی هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز کاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەکەم کە زۆر ئیلحاحم کرد دەبوایە لە بیدایەت من هەستابام، ئەو ماددەی کە داوای کۆتا دەکەین مەفروزە لێرە بێتن لە دەوائیری ئینتیخابی، ئەگەر ئێستا لێرە نەیێ دوایی لە چ فەصلێك دێت؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

کەی ماددەکانمان تەواو کرد موناقەشەی ئەوە دەکرێ، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز قبولیان کرد جێگەی تەسەلسولەکەی لێرە دەکەینەوە، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شازدەم کە بوویتە ماددەی چواردەم:

یەکەم: دەستە ئەو شوێنانە دەستنیشان دەکات کە نابێ ریکلامی هەڵبژاردنی و هەڵواسی جاڕنامەی هەڵبژاردنی تێدا بکرێ بە درێژیی ئەو ماوەیەی کە رێ بە ریکلامی هەڵبژاردن دەدرێ و بلاوکردنەوەی هەر ریکلام یا بەرنامەی یان وێنەی پاڵێوراوەکان لە مەڵبەندی دەنگدان قەدەغەیە.

دووەم:پێویستە لەسەر کیانە سیاسیە بەشداربووەکان لە هەڵبژاردن دا دروشمی ریکلامی هەڵبژاردن هەڵگرن و بە پێی ئەو رێنماییانە بێت کە دەستەبەری دەکات.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (16) و التي تصبح المادة (14):

أولاً: تحدد الهيئة الأماكن التي يمنع فيها ممارسة الدعاية الانتخابية وإلصاق الإعلانات الانتخابية طيلة المدة المسموحة للدعاية الانتخابية ويمنع نشر أي إعلان أو برامج أو صور للمرشحين في مراكز الاقتراع.

ثانياً: على الكيانات السياسية المشاركة في الانتخابات إزالة ملصقات الدعاية الانتخابية وبموجب تعليمات تصدرها الهيئة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

مام رەشاد کەرەم کە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارم هەیە، دەڵێ: : تحدد الهيئة الأماكن التي يمنع فيها، ئەوە (یمنع)ە یان (یسمح)ە؟ ئەو جوملەی لە دوای هاتیە دەبێ یسمح بێ، نابێ یمنع بێ، ئەوە پرسیارەکەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

کاك مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئی من تەنها مولاحەزەیەکی لوغەویە، نابێ بڵێین: طيلة المدة المسموحة، دەبێ: طيلة المدة المسموح بها، ئەوە غەڵەتە با وا بە غەڵەتی نەڕوات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی).**

لێژنەی یاسایی رەئیتان لەو مولاحەزاتانە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەئیدی ئەو راستكردنەوانە دەكەین، مامۆستا كاكە وەكو وتی: صیاغەی ماددەكە ڕێكە و تەبیعیە و هیچ موشكیلەمان نیە، موتەفیقین لەسەری، یەعنی ئێمە وا ئەبینین باسی ئەو ئەماكینەیە ئەوەی مەمنووعە، یەعنی تەحدید ئەكات ئەو جێگایانەی كە مەمنووعە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی).**

فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی هاتووە، هەیئە بۆی هەیە ئەو شوێنانە دەستنیشان بكات كە ئەوەی مەنعی لێ دەكرێ، الاصل لە ئەوەكە مەسموحە لە هەموو جێگەیەك دانێین، ئیستیسنائەن ئەوەی ماڤی دەدەیە هەیئە چەند شوێنێك دەستنیشان بكرێ كە مەنعی تێدا بكات، بۆیە دووبارە دەكەمەوە، ئەصڵەكە ئەوەیە مەسموحە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئێستا ماددەكە ئەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز كاتەوە تكایە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ قبول كرا، یەك كەس لەگەڵدا نیە بۆ ماددەی دواتر فەرموون.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەڤدەم كە بوویتە ماددەی پازدەم:

یەكەم: ڕێكخستنی كۆبوونەوەكانی هەڵبژاردن لەو تەلارانەی كە وەزارەتەكانیان تێدایە قەدەغە دەكرێ.

دووەم: بەكارهێنانی فەرمانگەكانی هەرێم كە مەبەست لە شوێنی كارو فرمانن قەدەغە دەكرێ لەبەردەم كاری حزبی یان ریكلامی هەڵبژاردن.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (17) و التي تصبح المادة (15):

اولاً: يمنع تنظيم الاجتماعات الحزبية و الانتخابية في الأبنية التي تشغلها الوزارات ودوائر الاقليم المختلفة.

ثانياً: يمنع استخدام دوائر الاقليم ويقصد بها مواقع العمل والوظيفة للعمل الحزبي و للدعاية الانتخابية.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.كمال كەركووكی):**

كێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات؟كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە رەئی من دووەم زیادە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی پێشووتر لە یەکەم وتمان: هەیئە ئەو شوێنانە دیاری دەکات کە مەمنووعە بکرێتە دیعایەی ئینتیخابی، لێرە بۆ ئێمە هەستین و دیاری بکەین؟ بێ فائیدەیە، ثانیاً: یمنع استخدام دوائر الاقلیم ويقصد بها مواقع العمل والوظيفة للعمل الحزبي و للدعاية الانتخابية، ئەو برگەیە زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك دکتور فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە وەکو ڕێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقافیش بەبەردەوام بڵاوی دەکاتەوە، حەق وایە برگەیەکی تری، بەشێکی تری بۆ زیاد بکرێ، کە شوێنەکانی خواپەرستی ئەم هەڵمەتانەی تێدا قەدەغە بکرێ، لەبەر ئەوە بەم شێوەیە بنووسرێتەوە: یمنع تنظيم الاجتماعات الحزبية و الانتخابية في الابنية التي تشغلها الوزارات و الدوائر الاقليمية المختلفة و دور العبادة.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەردوو ماددەکە دەوائیر ئیقلیمی هاتووە، دەوائیر الاقليم المختلفە، یەکەم بوویتە مەنعی تەنزیمی ئیجتیماعاتی حیزبی و ئینتیخابی، دوای ئەوەش جارێکی تر وتوویەتی: منع الاستخدام، یەعنی هەردوو حاڵەتەکە ئەتوانین بکەین بە یەك ماددە و بڵێین: مەنعی حەملەی ئینتیخابی لەناو وەزارات و دەوائیری ئیقلیم و ئەوە، خاڵی دووەم بکرێتە بە مەنعی ئیستیخدامی دور العبادە بۆ حەملەی ئینتیخابی، یەعنی ئەوە هەردووکی بکرێتە دوو خاڵ.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، بەڵام دور العبادە هاتووە لە شوێنێکی تر، کاك عومەر کەرەم کە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە هەردوو فەقەرەکەی یەك دەلالەت و یەك مەعلومە ئەدات، من پێم وایە بەم صیغەی خوارەوە بنووسرێتەوە: يمنع تنظيم الاجتماعات الحزبية و الدعاية الانتخابية في الأبنية التي تشغلها الوزارات ودوائر الاقليم المختلفة، سوپاس.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی بۆچوونی بەڕێز عمر عبدالرحمن دەکەین، فیعلەن هەردووك یەکە، ئەو دیعایەشی بۆ ئیزافە بکرێ باشە، دور العبادە لە ماددەی 27 هاتیە، فەقەرەی 8، لە عقوبات لەوێ باسی ئەوە دەکات.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی یەکەم و دووەم تۆزێك جیاوازی تێدا هەیە، هی یەکەم، باسی کۆبوونەوەکانی حیزبی و ئینتیخابی هەڵبژاردن دەکات، ئەوەی دووەم، باسی کاری حیزبی و دیعایەی ئینتیخابی بە شێوازێکی گشتی دەکات، بەڵام دەکرێ تەوحیدی بکەین هەردووکیان، ئەگەر تۆزێك مەجالمان بدەنێ صیاغەکی تری دەکەین.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان پێشنارێك هات بۆ ئەوەی ئەو ماددەیە ئیعادەی صیاغەی بکرێت، بەڵام لێژنەی یاسایی و ناوەخۆ لەگەڵ ئەوەن وەکو خۆی بمێنێت، ئێستا یەکەم جار ئەیدەینە دەنگدان بۆ ئەوەی ئیعادەی صیاغەی بکرێت، ئەگەر کاك عومەر تەنازول بکات ئەوە نایدەینە دەنگدان و وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کاك عومەر تەنازول ناکات، کێ تەئیدی موقتەرەحەکەی کاك عومەری کرد؟ 36 کەس لەگەڵیتی، کێ لەگەڵ ئەوەدا نیە و ئەیەوێت وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ باشە ئیعادەی صیاغەی دەکەینەوە، تکایە صیاغەکە ئامادە بکەن، فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

اولاً: يمنع استخدام الأبنية التي تشغلها الوزارات ودوائر الاقليم و كافة مواقع العمل و الوظيفة للعمل الحزبي و الدعاية الانتخابية.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەو صیاغەی کە کراوە دەست بەرز کاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ صیاغەی تازە پەسند کرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە فەرموو.

**بەڕێز جمال قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەژدەم کە دەبێتە ماددەی شازدەم:

نابێ فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی هەرێم و دەستەلاَتە خۆجێییەکان دەستەلاَتی فرمانیان یاخود دەرامەتی هەرێم یان هۆبەکانی یاخود دەزگاکانی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربێنن یان بۆ هەر پالێوراوێك، بە دەزگاکانی ئاسایش و سەربازیشەوە بۆ مەبەستی ریکلامی هەلْبژاردن یان کارتێکردن لە هەلْبژێرەکان.

**بەرێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (18) و التي تصبح المادة (16):

لا يجوز لموظفي دوائر الاقليم والسلطات المحلية استغلال نفوذهم الوظيفي او موارد الاقليم او وسائلها او اجهزتها لصالحهم او اي مرشح بما في ذلك اجهزتها الامنية والعسكرية بالدعاية الانتخابية او التأثير على الناخبين..

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کێ دەیەوێ قسە بکات؟ کاك شێردلْ فەرمووو.

**بەرێز شێردلْ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەوەش وەکو ئەوەکەی پێشوو، بیکەینە، اجهزە قوی الامن الداخلی، بۆ ئەوەی پۆلیس و هەمووو شتەکان بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کاك شێخ الله فەرمووو.

**بەرێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە رەئیەکەی کاك شێردلْ دەکەم، بەلاَم رەئیم وایە دور العبادە لێرە داخیل بکرێ لەگەلْ ئەو فەرمانگانەی کە دەلْێ: مەمنووعە دیعایەی ئینتیخابی تێدا بکرێ، راستە لە ماددەی 27 هاتیە، لەوێ سزایە، لێرە مەنعە، مەنع و سزا فەرقی هەیە، هەر بۆیە پێم باش بوو لەگەلْ ماددەی پێشووتر داخیل بکرابا، بەلاَم مەجالتان نەدا قسە بکەین، ئێستا لێرە جێی دەبێتەوە و دور العبادە لەگەلْ ئەوانە رێك بخەن، سوپاس.

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، لێژنەی یاسایی و ناوەخۆ رەئیتان تکایە.

**بەرێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە تەئیدی ڕەئی بەڕێز كاك شێردڵ دەكەین، ئەو اجهزە ببێتە قوی الامن الداخلی، تا شامل ببێت.**

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.كمال كەركووكی):**

**لێژنەی ناوەخۆ ڕەئیتان.**

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هیچ تەئسیرێكی ئەوتۆی نیە، ئەگەر تێدا بێ زۆر واریدە.**

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێزان ئێستا پێشنارێك هەیە، ئەو اجهزە الامنیە بكرێتە قوی الامن الداخلی، وەكو خۆی ماددەكە بنووسرێتەوە، تەنها اجهزتها الامنیە بكرێتە قوی الامن الداخلی، كێ لەگەڵێتی تكایە دەستی بەرز كاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ یەك كەس لەگەڵی دا نیە، بۆ ماددەی دواتر تكایە.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی نۆزدەم كە دەبێتە ماددەی حەڤدەهەم:**

**یەكەم: نابێ هیچ پاڵێوراوێك لە ڕۆژی دەنگداندا بەرنامەی كاریاخود بلأوكراوە یان غەیری ئەمانە لە بەلگەنامە بەخۆی یان بە هۆی غەیری خۆی بلاو بكاتەوە.**

**دووەم: نابێ هیچ لەوانەی كار لە فەرمانگەكانی هەرێم دەكەن یاخود ئەندامانی دەستەلأتە خۆجێییەكان، لە ڕۆژی دەنگدان دا بەرنامەی كار بە خۆی یان بە هۆی غەیری خۆی بلاو بكاتەوە.**

**سێیەم: نابێ ریكلام یان دابەش كردنی بەرنامەی كار یان بلاوكردنەوە یان پلیت بەناوی پاڵێوراوێك بلاوبكرێتەوە كە تۆمار نەكرابێ لەكەشفی پاڵێوراوەكان**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة (19) و التي تصبح المادة 17:**

**أولاً: لا يجوز لأي مرشح إن يقوم يوم التصويت بتوزيع برامج عمل أو منشورات أو بطاقات أو غيرها من الوثائق بنفسه أو بواسطة غيره.**

**ثانياً: لا يجوز لأي من العاملين في دوائر الاقليم أو أعضاء السلطات المحلية إن يقوم يوم التصويت بتوزيع برامج عمل بنفسه أو بواسطة غيره.**

**ثالثاً: لا يجوز وضع إعلانات أو توزيع برامج عمل أو منشورات أو بطاقات باسم مرشح غير مسجل في كشف المرشحين.**

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.كمال كەركووكی):**

کێ ئەیەوێ قسە بکات؟ فەرموو کاك بەکر.

**بەڕێز بکر فتاح حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە یەك فەقەرە زیاد بکەین، بڵێین: پێش 24 سەعات لە ڕۆژی هەڵبژاردن، هەموو پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن قەدەغەیە، قەدەغە بکرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رەسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی ئەو بۆچوونە دەکەم، بەراستی عورفێکی هەڵبژاردن هەیە لە هەموو جیهان، 48 سەعات بەر لە برواری هەڵبژاردن لە لایەن دەستەی چاودێری هەڵبژاردن، لە لایەن کۆمسیۆنەوە، ڕێکلامی هەڵبژاردن رادەگیرێت، بۆیە من پێم وایە ئەم ماددەیە جێی ئێرە نیە، هەر لە زمنی دەسەلاتی دەستەی چاودێری کۆمسیۆنی هەڵبژاردنە، بۆیە من داوا دەکەم لابردرێ ئەم ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کاك د.دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە ئەم ماددەیە ئەگەر بمێنێت، ئەشێ خاڵی یەکەم و دووەمی بکرێ بە یەك و مەسەلە بریتیە لە قەدەغەکردنی پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن، پێش ڕۆژی هەڵبژاردن، لە ڕاستیدا نەك لە ڕۆژی هەڵبژاردندا، ئەبێ بە لای کەمەوە 24 سەعات پێش ئەوە پڕۆپاگەندەی ئینتیخابات نەمێنێ، خاڵی سێیەمیش ئەشێت دارێژرێتەوە وەکو خاڵی دووەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ئەو موقتەرەحە دەکەین کە پێشی 24 سەعات حەملەی ئینتیخابی دەوەستێت بە هەموو وەسائیلێك.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

ببورن کاك عبدالرحمان اسماعیل ناوی نووسیبوو و قسەی نەکرد، فەرموو.

بەڕێز عبدالرحمان اسماعیل سلیم:

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك د.دلێر کردی، من نامەوێ بیکەم، زۆر سوپاس هەر ئەوەندەم هەبوو.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، لێژنەی یاسایی کەرەم کەن.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە دەبێت ببێتە ماددەیەکی موستەقیل لە ئاخیری ئەم فەصڵە بێت، بەو شێوە بێت: تمنع الدعایە الانتخابیە بکافە اشکالها قبل 48 ساعە من موعد فتح باب التصویت.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا ئەو موقتەرحە کە 48 سەعات پێش ئەوە، پێشنیاری لێژنەی ناوەخۆ و یاسایی تکایە بە موشتەرەکی بماندەنێ بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە موتەفیق بووین و بوویتە 24 سەعات، 24 سەعات بەسە، بۆ خۆیان ئەخەون و قەلەقیش نامێنێ و ئەوە.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

ئەیخەینە دەنگدانەوە، دوو موقتەرەح هەیە ئەیخەینە ئاخیری ماددەکە، بەڵام ئێستا چونکە موناقەشەی لەسەر کرا، دوو بۆچوون هەیە، یەکێك ئەڵێ 24 سەعات و یەکێك ئەڵێ 48 سەعات، کێ لەگەڵ ئەوەیە 24 سەعات فەرموو دەستی بەرزکاتەوە تکایە؟ 19 کەس لەگەڵ ئەوەنە کە 24 سەعات بێتن ئەغلەبیە لەگەڵ ئەوەنە کە 48 سەعات بێتن، 48 سەعات پەسند کرا، ئەو ماددەیە ئیدراج دەکرێ لە نیهایەتی ئەم فەصڵە، تکایە بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو فەقەرەی کە ئێستا دەنگمان لەسەر دا فەقەرەیەك نیە لە ماددەی 17، دەبێتە ماددەیەکی موستەقیل لە ئەخیری ئەم فەصڵەدا، ئێستا دەنگ لەسەر ماددەی 17 دەدەین، 19 کە دەبێتە 17، موناقەشە کرایە و قسەمان لەسەری کردیە، سێ فەقەرەیە و ئێمە وەکو هەردوو لێژنە لەگەڵ ئەوەینە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەی 17 کە سێ فەقەرەیە وەکو خۆی بمێنێت؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەیەکی تر.

**بەرێز جمال محمد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیستەم کە دەبێتە ماددەی هەژدەهەم:

هەستان بەکاری ریکلامی هەڵبژاردن لەلایەن پاڵێوراوانەوە قەدەغە دەکرێ کە هەڵخەڵەتاندنی هەڵبژێرەکانی تێدا بێ، یان غەش و بەکارهێنانی شێوازی برینداركردن یان دەست درێژی بۆ سەر خەڵکی لەریکلامەکەی هەڵبژاردنی تێدابێ.

**بەرێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (20) و التي تصبح المادة (18):

يحظر على المرشحين القيام بأية دعاية انتخابية تنطوي على خداع الناخبين أو غشهم أو استخدام أسلوب التجريح أو التشهير بالآخرين في الدعاية الانتخابية.

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کێ دەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ سۆزان خان فەرموو.

**بەرێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تنطوي على خداع الناخبين أو غشهم أو استخدام أسلوب، ئەوە هەمووی بکرێتە یەك: يمنع التجريح و التشهير بالآخرين في الدعاية الانتخابية، ئەوەی پێشتر زۆر دوور و درێژە، خۆشی هەر هەمووی مەبەست ئەوەیە کە نابێ تەشهیر بە کەس بکەی و تەجریحی بکەی و بەکاری بێنی بۆ دیعایەی ئینتیخابی.

**بەرێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەرێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەڵخەلەتاندنەکە لێرە شتێکی مەتاتیە، یەعنی چۆن دیاری دەکرێ چی هەڵخەلەتاندنە؟کیانێك هەبێت زۆر لە پرۆژە و دروشمەکانی ئەو پەیامەی کە هەڵی گرتووە تەصوری وا دەبێت کە ئەمانە بۆ هەڵخەڵەتاندنی دەنگدەرە و ناتوانێ ئەم پەیامانە جێبەجێ بکات و ئێستا هەڵیانئەخەڵەتێنێ و سەرگەرمیان دەکات بۆ ئەوەی دەنگ بدەن و دوا جار ناتوانێ ئەمانە جێبەجێ بکەن، گەر بچێتە ناو تەفسیر و تەئویلی ئەوە، رەنگە لە چوارچێوەی هەڵخەلەتاندنی دەنگدەر بێت و دەنگدەر وا لێ بکات کە دەنگی بداتێ، شتەکە لەسەر ئەرزی واقیعدا جێی نەبێتەوە، بۆیە مەفروزە ئەوە لەو چوارچێوە مەتاتیە

نەبێت و بە نەوعێکی تر صیاغە بکرێت، ئەوە لە لایەك، جا قسە لەسەر ئەوە کرا کە نابێ ئەوە بکرێ و نابێ ئەمە بکرێ، ئەگەر ئەوانە کران، ئەو یاسا کامەیە کە ئەوکەسانەی سەرپێچی ئەکەن .

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس. کاك زانا فەرمووو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە وڵاتی ئێمە کەمترین کەس کە ڕێکلامی ئینتیخابات دەکات مورەشەحەکانن، لێرە بۆ ناوی مورشەحەکان هاتووە؟ بڵێین: یحظر علی الکیانات السیاسیة، بەراستی نووسەرەکانن و ئیعلامە و کیانە سیاسیەکانە کە حەملە دەکات و تەشهیر دەکات و تەجریح دەکات، ئەوە لە ئینتیخاباتێکی فەردی مورەشەحێك کە بەتەنها خۆی تەرشیح بکات لە شوێنێك ئەو حەملە دەکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە جیاتی المرشحین بڵێین: الکیانات السیاسیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار د.شوکریە فەرمووو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کورد ناڵێت هەستان بەکاری، یەعنی ئەوە تەرجومەیەکی حەرفی (قیام بە)، لەبەر ئەوە پێم جوانە و ڕەئیم لەگەڵ ڕەئی سۆزان خانیە، هەروا بنووسرێ: ڕێکلامی هەڵبژاردن لە لایەن پاڵێورانەوە لە ماوەی 48 کاتژمێر بە تایبەتی ئەگەر هەڵخەڵەتاندن و غەش و بەکارهێنانی شێوازی بریندارکردن یان هێرش کردنی تێدا بێ، چونکە دەست درێژی ئەوە بۆ سەر نامووسە و لێرەدا جوان نیە ئەو وشەیە لێرەدا بەکاربێنێت، لەبەر ئەوەی هێرش کردن جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی و ناوەخۆ ڕەئیتان تکایە، کاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە سوزان خان کردی، پێشنیارێکی باشە، بەڵام شێوازێکی موتلەقی تێدایە، ئێمە لێرە مەبەستمان ئەوە نیە تەشهیر و تەجریح بە شێوەیەکی موتڵەق بێت، لەبەر ئەوەی لە قانونی عقوبات موعالەجەی کردیە، ئێمە لێرە مەبەستمان ئەوەیە بەس مورەشەحینە، ئەوانەی دیعایەی ئینتیخابی دەکەن، لەوێ دەبێ عیلاج بکرێ تەشهیر و تەجریحی تێدابێ، فەرقەکەی لەگەڵ ئەو صیاغەی کە باسی کرد ئەوەندەیە، ئەوەی کاك جوتیار باسی دەکات، مەسەلەی خیداع، بەراستی لێرە لیستەکان یان کەیانی سیاسی ئەوانەی دیعایەی لۆ قوائیمی خۆیان دەکەن، نابێ هیچ فرت وفێڵی تێدا بێت لەگەڵ ناخب، دەبێ شێوازێکی

راست و دروستی بەکار بێنن لەگەڵیان، نەخیداعی تێدا بێ و نە غشی تێدا بێ، چونکە کێ ئیسباتی دەکات؟ البینە علی من ادعی، ئەوە بۆ مەحکەمەی بەجێی دەهێڵین، با هەموو شێوازێکی سەلماندن دەبێ بۆ خۆیان بیسەلمێنن، ئەوەی کاک زانا باسی دەکات لە ماددەی 30 ئەوە عیلاج کرایە، سێ برگەی تێدایە، هەموو ئەو حالەتانەی عیلاج کرایە لە کیان سیاسی، ئێمە لێرە بەس باسی ئەشخاص دەکەین، ئەگەربێت و سەرپێچی یاسا بکەن ، مەسەلەی حەبس ئەوە لێرە نیە، مەسەلەن کیانی سیاسی کە بەشدار دەبێت لەو تاوانانەی هەڵبژاردن، لە ماددەی 30 ئەگەر ئیجازەم بدەی دەیخوێنمەوە: أولاً: في حالة ثبوت مساهمة الكيان السياسي في ارتكاب أي جريمة من الجرائم الانتخابية والمنصوص عليها في هذا القانون, يعاقب بغرامة مالية مقدارها (50000000) خمسين مليون دينار.

ثانياً: يحرم الكيان السياسي من الأصوات التي حصل عليها في المركز الانتخابي في حالة اقترافه إحدى الجرائم الانتخابية المنصوص عليها في البنود (أولاً، خامساً، سادساً، سابعاً, ثامناً ) من المادة (27) والمادة (28) من هذا القانون.

ثالثاً: يعاقب بالحبس وبغرامة لا تقل عن عشرة ملايين دينار ولا تزيد عن خمسة وعشرين مليون دينارکل من خالف حكم الفقرة اولا من المادة (22) من هذا القانون.

**بەڕێز محمد عبدالقادر(د.کمال کەرکووکی):**

کاک خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە گوتی خیداع چۆنە، تەبعەن مفەوەزیە سەیری توعون دەکات، دوایی ئەگەر ئەوە حەسمی نەکرد دەچێتە هەیئەی قەزائی ئەوەی لە مەحکەمەی تەمییز دروست بووە، ئەو لەوێ مەعاییری خۆی هەیە ئیسباتی دەکات کامە خیداعە و کامە خیداع نیە، ئەوەی تر ئەوەی کاک زانا ئەڵێت، ڕاستە (يحظر القيام بأية دعاية تنطوي)، چونکە ماددەی 24 ئیحالە دەکات بۆ ئەو ماددەش کە ئەڵێت: من خالف احكام المادە 17 و 18 و 19 و 20 و ئەوانە، ئەوەشی تێدایە و حەبسیشی تێدایە، کیان شەخصیەتێکی مەعنەویە حەبس ناکرێ، ئێمە لێرە ئەو مورەشەحینەی حەزف بکەین و دروست دەبێت، يحظر القيام باية دعاية، هەمووی دەگرێتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان مورەشەح ئەتوانی زیندان بکەی کە موخالەفەی کرد، بەس کیان ناتوانی، کاک فورسەت قسەی هەیە.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 20 باسی ئەوەی ئەکرد مورەشەح ببێتە کەیان سیاسی، باسی مورەشەح بکەین، کاك زانا داوا ئەکات مورەشەح ببێتە کیان سیاسی، من ئەڵێم نابێت ببێتە کەیان سیاسی، چونکە مادده 24 باسی حەبسی مورەشەح دەکات، ئەگەر باسی حەبس وەکو خۆی ماوە، خۆ کەیان سیاسی حەبس نابێت، مورەشەح حەبس دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك زانا ئەگەر سەحب دەکەیەوە؟ سەحبی ناکاتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا لێرە باسی حظر دەکات وەکو شتێکی مەبدەئی، چ مورەشەح بیکات، چ کەیان بیکات، ئەو پێشنیارەی کاك زانا زۆر ڕاستە، بەڵام لازمە موعالەجەی ماددەی 24ی بکەین، ئەو ماددەیە کە دەکاتە ماددەی 18 لاببەین، چونکە حەبسی تێدایە جا با ئەو حەبسە نەمێنێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەو نوقتەیە موهیمە، مەجالی چوار کەسی تر دەدەم قسە بکات، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی قسەکانی برای بەڕێزم کاك فرسەت دەکەم، چونکە کیان سیاسی حەبس ناکرێ، دەلیلیشمان لەسەر ئەوە مادده 30، کە تەنها غەرامەمان بۆ کەیانی سیاسی لە کاتی موخالەفە کردنی ئەم یاسایە دانایە، غەرامەی یەکەمیان 50 ملیۆن دینارە، بە نیسبەت ماددەی 30 فەقەر یەك، بە نیسبەت ئەوانی تریش مەسائیلی مەعنەویمان دانایە، وەکو عیقابێك لە بۆ کەیانی سیاسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك مەحمد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم کیانە وەکو رۆژنامە وایە، رۆژنامەش خۆ کۆمەڵێك خەڵکە، بەڵام سەرنووسەرەکە بەرپرسیارە، هەر هەڵەیەك لەو رۆژنامەیە بکرێ، سەرنووسەرەکە بەرپرسیارە، هەموو کەیانێك بەرپرسی هەیە، ئەو کەسە بەرپرسە لە هەموو موخالەفاتێك کە لەو کەیانە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەكو حەلێكی تەوفیقی ئەگەر بگوترێت، من تەئیدی رەئیەكەی كاك خەلیل دەكەم، يحظر القيام باي نشاط، بە موتلەقی بێت، و المطلق يجري على اطلاقه، یەعنی هەم كەیان بگرێتەوە و هەم مورەشەح بگرێتەوە، لێرەدا هەم حەبسی تێدا بێ و هەم غەرامە، یەعنی ئەگەر بێت و بە موتلەقی باس بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر وا بێ ماددەی 24، حەبسی بۆ ماددە 22شی دانایە، لە 22 سێ فەقەرە هەیە هەمووی باسی ئەحزاب و كیانات دەكات، دەبێ ئەویش لا ببەین، ئەوە یەك، منیش بەو حەلە تەوفیقیەی رازیمە كە كاك كەریم و ئەوانە تەرحیان كرد، بە موتلەقی القيام بای دعايە انتخابيه.......الخ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لێژنەی ناوەخۆ لەگەڵ دەقی ماددەكەینە، حەز دەكەم یەك خاڵی روون بكەمەوە، هیچ كەیانێكی سیاسی نایێت مورەشەح تەشهیر بكات، كەیان سیاسی لە رێگای ئەندامەكانی خۆی دەكات، لە رێگای ئـەعزای خۆی تەجریح دەكات، ئەوەی لێرە هاتیە سزامان لە بۆ ئەو ئەشخاصانە دانـاوە، وەكـو حالـەتێك، جیهـەتێك شەخصیەی مەعنـەوی هـەبوو، كـە شـیكایەتی لـێ دەكـرێ خـۆ شەخصیە مەعنەوەیەكـە نیـە، شەخصێك بەرپرسە لێی، هۆ لە دانانی ئەو یاسایە، كە یاساكەمان دانایـە، سـزایەكان لـە كـەمترینیان بـۆ زۆرترینیـان، مەسەلەی كەیاناتی سیاسی و ئەشخاصیش بە هەمان شێوە، بە پێی جەریمە و جەسامەتی جەریمـە، ئەگـەر جەریمەكە زۆر جەسیم بوو، مەسـەلەن كـەیان سیاسـیش سـزامان بـۆ دانایـە، لـە مـاددەی 22 فەقـەرە 2-3: يحرم أي حزب أو كيان سياسي يحتفظ بمليشيا مسلحة من المشاركة في الانتخابات، لەبـەر ئـەوەی ئەوەكـە زۆر گەورەیە بۆیە كەیان سیاسی و حزبمان داخیل كردیە، سێیەم: ثالثـاً: يحـرم أي كيـان سياسـي مـن المشاركة في الانتخابات وحساب الأصوات في حال قيامه بغلق منطقة انتخابية بالقوة أو التهديد باستخدام القوة لصالحة أو ضـد غـيره، چـونكە جەریمەكـە زۆر گەورەیـە، لێـرە باسـی حـزب و كـەیانی سیاسـیمان كردیـە، هـەروەها ماددەی 30، 50 ملیۆن دینار غەرامەمان دانایە، لەبەر ئەوەی جەرائیمەكان گەورەنە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئێستا دوو ڕەئی هەیە، ڕەئیەك ئەوەیە كە مورەشەح لابچێ، ڕەئیەكیش هەیە كە وەكو خۆی بمێنێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە مورەشەحین لابچێ تكایە دەستی بەرزكاتەوە؟ ماددەكە وەكو خۆی ئەمێنێ بەس مورەشەحین لابچێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی كاك زانا دەكەین كەوای لێ دێت: یحظر اي كیان بایة دعایة انتخابیة، تنطوي علی خداع الناخبین و غشهم او استخدام اسلوب التجریح او التشهیر بالآخرین، في الدعایة الانتخابیة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كێ لەگەڵ ئەوە دایە تكایە دەستی بەرز كاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ ئەغلەبیە وەكو خۆی ماوە، بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و یەكەم كە بوویتە ماددەی نۆزدەهەم:

خەرج كردنی پارە بۆ ریكلامی هەڵبژاردن لەماڵی گشتی یان لە بودجەی وەزارەتەكان یان ماڵی وەقف یان ماڵی پشتگیریی دەرەكی قەدەغەیە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (21) و التي تصبح المادة (19):

یحظر الإنفاق علی الدعایة الانتخابیة من المال العام أو من موازنة الوزارات أو أموال الوقف أو من أموال الدعم الخارجي.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئەوانەی ئەیانەوێ قسە بكەن لەسەر ئەم ماددەیە دەستیان بەرزبكەنەوە، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵێكی گرنگ هەیە لێرە، مفەوەزیەش پێشنیاری كرد، ئەگەر بێت و دەستكاری بكەین زۆر باشە، ئەویش: دیاری كردنی سەقفێك بۆ ئینفاق لەسەر حەملەی دیعایەی ئینتیخابات، راستە مالەكە ئی ئەو حیزبەیە، لە ئاخیریدا موڵكی ئەو میللەتەیە، پێویست ناكات ئیسراف و تەبزیر بكرێ لەسەر حەملەی ئینتیخابی، بۆیە ئەم مەقتەعەی بۆ زیاد بكرێ باشە: و لا یجوز ان یتجاوز سقف الانفاق علی الدعایە الانتخابیە، مبلغ(........)، مەبلەغێكی دیاری تەحدید بكرێ، لە زۆر وڵاتانی دونیا ئەوە هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لە نیهایەتی ماددەکەدا هاتووە، من اموال الدعم الخارجی، ئەگەر مەبەستی لێرە دەعمی ئەموالی خاریجی بێت، ئەوە هەر لە ئەساسدا مەحزورە، هیچ حیزبێکی سیاسی، هیچ کەیانێکی سیاسی نابێت مال لە دەرەوەی وڵات وەربگرێت، بۆیە لێرەدا هاتنی بەو شێوەیە پێم وایە لە جێگای خۆیدا نیە، ئەوە هەر حەزف بکرێ زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

د.شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا یان مالی پشتگیری دەرەکی قەدەغەیە، یەعنی ئەبێ چی بێ ئەو مالە پشتگیریە؟ بۆیە پێویست ناکات لێرەدا بێت، ئەگەر لابرێ جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنە رەئیتان؟

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وا نیە حاڵەتێکی زۆر دیموکراسی بێت، هەندێ لیست هەیە مەسەلەن دەعم بۆ خۆی کۆدەکاتەوە، تەبەروعات کۆ دەکاتەوە، لەوانەیە بتوانێ تەبەروعاتی یەکجار زۆر کۆبکاتەوە و چەند بۆ حەملەی خۆی سەرف دەکات، ئەوەی گرنگە لای ئێمە، ئێمە دەنگمان لەسەر ئەوەی دا موددەیەك دادەنرێت، ئەویش تاکو 24 کاتژمێر پێش هەڵبژاردن، هەتا ئەو وەختە رادەوەستێت، مەسەلەی پارە کەس ناتوانێ رێی لێ بگرێ ئەوە یەك، دووەم: ئەوەی کاك کەریم بەحری باسی دەکات، بەراستی ئەوەی دەعمی خاریجی تاکو ئێستا باس نەکرایەو تەنزیم نەکرایە بەو شێوەیە، لەولاش عقوبەی بۆ دادەنرێت، پێمان وایە ئەو یاسایە، یاسایەکی موتەکامیلە و دەبێ هەموو جەوانیبەکانی وەربگرین، لەو جەوانیبانەش ئەوەیە کە دەبێ دەعمی خاریجی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەم ماددەیە وەکو خۆی ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە دەستی بەرزکاتەوە، سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و دووەم کە دەبێتە ماددەی بیستەم:

یەکەم: بەکارهێنانی هەر شێوەیەك لەشێوەکانی پاڵەپەستۆ یان ترساندن یان بەکافردانان یاخود بەخائین دانان یان پیشاندانی شتی هەڵخەڵەتێن یان پێدانی دەسکەوتی ماددی یان مەعنەوی یان بەڵێن پێدان لەلایەن هەر حزب یان کۆمەڵ یان ڕێکخستن یان کیان یان کەسەکان، یان هەر لایەنێکی تر قەدەغە دەکرێت.

دووەم: حزبێك یان کیانێکی سیاسی کە میلیشیای چەکداری هەبێت، بێبەش دەکرێت لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکاندا.

سێیەم: هەر کیانێکی سیاسی بێبەش دەکرێت لەبەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان و حسێب کردنی دەنگەکان لەبارێکدا ئەگەر بەهێز یان بەهەڕەشە ناوچەی هەڵبژاردن دابخات بۆ بەرژەوەندی خۆی یان لەدژی غەیری خۆی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (22) و التي تصبح المادة (20):

أولاً: يحظر على أي حزب أو جماعة أو تنظيم أو كيان أو إفراد أو أي جهة كانت ممارسة أي شكل من أشكال الضغط أو التخويف أو التكفير أو التخوين أو التلويح بالمغريات أو منح مكاسب مادية أو معنوية أو الوعد بها.

ثانياً: يحرم أي حزب أو كيان سياسي يحتفظ بمليشيا مسلحة من المشاركة في الانتخابات.

ثالثاً: يحرم أي كيان سياسي من المشاركة في الانتخابات وحساب الأصوات في حال قيامه بغلق منطقة انتخابية بالقوة أو التهديد باستخدام القوة لصالحة أو ضد غيره.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال کەرکووکی):**

کێ ئەیەوێ قسە بکات؟ ئەم ماددانە هەمووی ئیتیفاق لەسەری کران، بەس دیارە زۆر موناقەشە دەکرێ نازانم مەسەلە چیە، کاك شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم هەیە بۆ هەردوو لێژنە لەسەر بڕگەی یەکی ماددەی بیست، ئەو دوو بەشەی پێشەوە قەیناکە مەنع بکرێ، بەڵام چۆن حیزبێك، کەیانێکی سیاسی، تۆ مەنعی ئەوەی دەکەی ڕێکلام بکات بۆ خۆی، بڵێ، من خەدەمات پێشکەش دەکەم، من خزمەتی میللەت دەکەم، من پرۆژەم هەیە، ئەوە یان بەڵێن پێدان لە لایەن هەر حیزبێك، یان هەر کەیانێك، چۆن ئەو حیزبانە مەنعی ئەوە دەکرێن کە حەملەی ئینتیخابی بۆ خۆیان بکەن؟ پرۆژەش تەقدیم بکەن کە خزمەتی میللەت دەکەن، بەشی پێشەوە قەینا هەبێ، بەشی دواوە چۆن ئەبێ لەگەڵ کیان سیاسیەکان ناگونجێ بەراستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك جەمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (22):

أولاً: يحظر على أي حزب أو جماعة أو تنظيم أو كيان أو إفراد أو أي جهة كانت ممارسة أي شكل من أشكال سياسة الاكراه و الاغراء، ئەوەندە كافیە، ئەو هەموو درێژ پێدانە بەڕەئی من زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك حاتم فەرمووو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 22 كە بوویتە ماددەی 20، لەسەر یەكەم و دووەم و سێیەم قسەم هەیە، مەسەلەن یەكەم، ئەویش ئەوەیە بە حەقیقەت كە هاتووە (یان)زۆر لە شوێنێكدا هاتووە كە زۆر(یان)، (یان)ی تێدایە، و تێكەڵاوی و پێكەڵاوی تێدایە لە صیغەكە، من پێم باشە ئەوە بكرێتە أو ب و ج، بەو شێوەیە، یەكەم-أ: بەكارهێنانی هەر شێوەیەك لەشێوەكانی پاڵەپەستۆ یان ترساندن یان بەكافردانان یاخود بەخائین دانانی.

ب- پیشاندانی شتی هەڵخەڵەتێن یان پێدانی دەسكەوتی ماددی یان مەعنەوی.

ج- بەڵێن پێدان لەلایەن هەر حزب یان كۆمەڵ یان ڕێكخستن یان كیان یان كەسەكان، یان هەر لایەنێكی تر قەدەغە دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك پیر خدر فەرمووو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەكەم، وەكو ئەوەی كاك شێخ جەعفەریش ئیشارەتی پێدا، هەر گروپێك یان هەر حیزبیك، مافی خۆیەتی ڕێكلام بكات، ، من كە هاتم گەیشتمە جێی بریاری دهۆكم سۆزێ بداتە جەماوەری، ئینجا، بلا بمێنیێت، بەس : او منح مكاسب مادیە او معنویە، ئەز بێژم ئەو بێتە لادان باشترە، هەتا موغریات بمێنێت قەیناكە، او منح مكاسب مادیە او معنویە او الوعد بها، هەر كەسێكی بۆ خۆی ڕێكلامێ بكات و سۆز دەداتە خەڵكی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

د.عبدالرحمان فەرمoو.

**بەڕێز عبدالرحمان اسماعيل سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی دووەم و سێیەم هەیە، كە هەردووكی وەكو یەكە، بە ڕەئی مـن هـەردووك بكرێتـە یەك خاڵ: يحرم أي حزب أو كيان سياسي يحتفظ بمليشيا مسلحة من المشاركة في الانتخابات.

ثالثاً: يحرم أي كيان سياسي من المشاركة في الانتخابات وحساب الأصوات في حال قيامه بغلق منطقـة انتخابيـة بالقوة أو التهديد باستخدام القوة لصالحة أو ضد غيره، هەردووكی یەكـە، لەبـەر ئـەوە مـن وا بـەباش دەزانم هەردووك ببێتە یەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

زۆر سوپاس، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە بۆ بڕگەی یەكی تەهدیدیش زیاد بكەین، أشكال الضغط أو التهديد، لەبەر ئـەوەی تەهدیـدیش لەو تاوانانەیە كە ئەكرێ، ئەكرێ بە قسە بە هەندێ شت تەهدیدی خەڵك بكرێ، بڕگەی سێ، باس ئەكات و ئەڵێ: في حالة قيامه بغلق منطقة انتخابية، ئێمە لە ماددەی یەك تـەنها پێناسـەی مەركـەزی ئینتیخابیمـان كردووە، حەق وایە ئـەو مەركـەزە ئینتیخابیـەی بكەینـە مەنتیقـەی ئینتیخـابی، لەبـەر ئـەوەی مەنتیقـەی ئینتیخابی زۆر فراوانترە، عادەتەن دەنگدان لە یـەك مەنتیقـەی ئینتیخـابی، بـاش وایـە بنووسـن مەركـەزی ئینتیخـابی، پێناسـەكە لـە برگـە 5 ئێمـە پێناسـەی مەركـەزی ئینتیخابیمـان كـردووە، ڕەنگـە لـە مەركـەزی ئینتیخابی ئەو مەشاكیلانە هەبێت، مەنتیقەی ئینتیخابی فراوانترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی یەكەمم كاك جەمال بۆتانی كردی، خاڵی دووەم ئەوەیە، لێرە تەحدید بكرێ لە دیعایـەی ئینتیخـابی، في الدعايه الانتخابيه، ئەوەی ئیزافە بكرێ لە ئاخیری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك شێخ جەعفەریش قسەی لەسەر ئەوە کرد، لێرە (بەڵێن) هاتووە، بەراستی سەرتاپای ئەو پرۆسەیە کەیانە سیاسیەکان ئیشیان لەسەر بەڵێندانە بە خەڵك، ئەگەر قسە لەسەر (بەڵێن) بێت، لێرەدا بەڵێنی هەڵخەڵەتێنەر بێت، لە پێشتر قسەمان لەسەر بەڵێنی هەڵخەڵەتێنەر کرد، بەڵام پێویستە ئەو بەڵێنە جیا بکرێتەوە، چونکە کۆی پرۆسەکە، کۆی کیانەکان کە دێن، پرۆژەیەکیان هەیە، مەشروعێکیان هەیە، لە مەشروعەکە بەڵێنە ئەیدەن بە خەڵك، ئەگەر چوونە سەر دەسەڵات و دەسەڵاتیان گرت، ئەو بەڵێنانە دەبێ جێبەجێ بکەن، لەبەر ئەوە ئەبێ ئاگامان لەو حاڵەتە بێت لێرە، برگەی دووەم و برگەی سێیەم لە راستیدا ئەو کیانە سیاسیانە ئەگەر میلیشای هەبێ بەشداری ناکات، بەڵام لە سێیەمدا ئەگەر بەهێز ناوچەیەکی داگیر کرد، بەڵام ئەگەر لە برگەی دووەمدا رێگەمان لەو کەیانە گرت کە میلیشیای هەبێت، ئەی بە چی داگیری دەکات؟ لەبەر ئەوەی برگەی سێیەم پێ ئەچێ زیادە بێت، چونکە لەیەك دەچن، لایەنێك کە هێزی هەیە قەدەغە ئەکرێ بەشداری هەڵبژاردن بکات، کەواتە هێزی بەدەستەوە نامێنێ ناوچەکە داگیر بکات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەم، لە ماددەی بیستدا، ئەکرێ ئەم برگەی یەکەم لابرێ، تێبینی دووەمیشم: میلیشای چەکداری بکرێ بە هێزی چەکداری، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی پێشتریش موتەفیق بووین لەسەر ئەوەی تەئیدی ماددەکە دەکەین وەکو خۆی هاتووە، منح مکاسب مادیە، باسی شێوەیەکی عام ناکات، باسی ئەوە دەکات کە کەیانێك ئەچێتە لای سەرۆکی عەشیرەتێك، ئەوەندە پارەی دەداتی و دەڵێ کوڕی تۆ دەکەم بە قائیمقام، دەیکەمە موحافز، ئەوەندە دەکەم بۆ ئەوە، ئەوە کڕینی دەنگە، ئەوە دروست نیە، بەس عام وعودی بڵێ، من بۆ ئێوە شاریعەکان وا دەکەم، ئەوە حەقی خۆیەتی ئەوە وا ناگرین، ئەوە باسی شتی فەردی و موحەددەدە، ئێمە تەئیدی ماددەکە دەکەین وەکو خۆی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

د.شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ماددەی 20 خاڵی یەکەم، وشە قەدەغەکردن بچێتە پێشەوە کە لە کۆتایی دانـدراوە، چـونکە زۆر بە قوەت دەبێ، ئەوە خاڵێك، خاڵی دووەمم، 12 جار یان دانراوە، من لەگەڵ کاك حاتم یەکدەگرم کـە ببێتە أ و ب و ج، خاڵی دووەم و سێیەم یـەك بخرێـت، هـەروەها وشـەی هـەر حیزبێـك، بچێتە سـەرەوە، لـە خـاڵی دووەم، نـەك هـەر حیزبێـك یـان کـەیانێك، کـە میلیشـیای چـەکداری هـەبێت، بـێ بـەش دەکرێـت لـە هەڵبژاردن، ئەم دوو خاڵە بکرێتە یەك، چونکە هەردووکی باسی کیانی سیاسی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

نیساب کەمە، سێ کەسمان کەمە، فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك پرسیار لەسەر بڕگەی 2 و بڕگەی 3 هەیە، بەڕاستی بڕگەی 2 و بڕگەی 3 جیاوازی زۆری تێدایە، بڕگەی 2 باسی ئەوە دەکات لایەنێك ئەگەر میلیشیایەکی موسەلەحی هەبێت، بڕگەی 3 ئەگەر بتوانێ ئەو مەنتیقە دابخات بەهێز، دەکرێت مەنتیقەی بەهێز و میلیشیاشی نەبێت، بە ئەنواعی هێز، چونکە لەلایەکی تر دەڵێت، ئەگەر بە هەڕەشە و بە هێنان، دەکرێ هێزیشی نەبێت، تەنها هەڕەشە دەکات و خەڵك دەترسێت و مەنتیقە دادەخرێت، واتە لێك جیاوازە، ئەوەی گیلاس خان باسی کرد، میلیشیا بکرێتە هێزێکی چەکداری، هەر حیزبێك کیانێکی سیاسی و هێزێکی عەسکەری هەبێت، واتە میلیشیایە و هەمان نەوعە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، خاڵێکە کە تەوزیحی هەبێت، هەموو نەسی جەزائی وەکو حقوقیەکان دەڵێن، پێویستە زۆر ورد بێت، هیچ عقوبەیەکیش نابێت ئەگەر نەسێك نەبێت، لەبەرئەوە، ئەوە لە جێگای خۆی هاتووە، لیژنەی یاسایی و ناوخۆش لەسەر ئەسڵی مەوزوعەکەن، دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڵام نیساب کەمە، کێ ئێستا لەگەڵ ماددەکەیە وەکو خۆی بێت کە هەر دوو لیژنە پشتیوانی لێ دەکەن، تکایە دەستتان بڵند بکەن؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ یەك کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی دواتر، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا جێگای تەسبیتی ئەو ماددەیە، ئەوەی پێشتر دەنگمان بۆی داوە، دەبێتە ماددەی 21، لێرە تەسبیت دەکرێت، ئەخیری ئەو فەسڵە، دوای ئەو مادده وای لێ دێت (تمنع الدعاية الانتخابية بكافة أشكالها قبل ثمانية واربعين ساعة من موعد فتح باب التصويت) ئەمە دەنگمان بۆی داوە، ئەو مادده دێتە ئێرە، بوعده.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دەنگمان بۆ ئەوە دا كە ئەو ماددەیە لە نیهایەتی فەسڵەكە دابندرێت، بەڵام ئەو سیاغەیە بەڕاستی پێویستی بە چارەسەر هەیە، لەبەرئەوە دەڵێت پێش 24 سەعات قەدەغە دەكرێت، ئەی ئەگەر كیانێكی سیاسی............ ؟.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

تكایە ئەوە دەنگمان بۆی داوە، پەسەند كراوەو زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان بەو شكلە قەبوڵیان كرد، بۆ ماددەیەكی تر تكایە، دواتر ماددەیەك پێشنیار بكەن، كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی شەشەم**

**تاوانەكانی كاتی هەڵبژاردن**

ماددەی بیست و دوو:

هەر كەسێكی بەیاننامەیەك یان وێنە یاخود بڵاوكراوەی هەڵبژاردنی تایبەت لەدەرەوەی شوێنەكانی بۆی تەرخان كراوە هەڵواسێت بەگرتن حوكم دەدرێت، كەلەمانگێك زیاتر نەبێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل السادس**

**الجرائم الانتخابية**

المادة الثانية والعشرون:

**يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على شهر كل من الصق البيانات أو الصور أو النشرات الانتخابية الخاصة خارج الأماكن المخصصة لها.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێزان كەس لەسەر ئەمە قسەی هەیە؟ كاك رشاد فەرمووو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پێشنیار دەكەم ( يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على شهر أو بغرامة لاتزيد عن مائة الف دينار) لە حاڵەتی ئینتیخابات، بۆ خۆتان دەزانن لە جێیان سەیارەی دەڕازێننەوە، وێنەی لێ قەیم دەكەن، هەندێك جار مێرمنداڵێكە رسمێك بە دیوارێك هەڵدەواسێت، ئەوە دیاردەیەكی باش نیە بیگرن و ڕاستەوخۆ لە ژووریی بكەن، مادام حوكمە با غەرامەشی لەگەڵ بێت، یەعنی یان غەرامە یان حوكم، بكرێتە ( يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على شهر او بغرامة لاتزيد على مائة الف دينار كل من الصق البيانات أو الصور أو النشرات الانتخابية الخاصة خارج الأماكن المخصصة لها).**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**كاك بكر فەرمووو.**

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پێم باشە، بەگرتن حوكم بدرێت تاڕۆژی ئینتیخابات، دوای ڕۆژی هەڵبژاردن ئازاد بكرێت.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**لیژنەی یاسایی رەئیتان تكایە؟ كاك خلیل فەرمووو.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین وەكو خۆی بمێنێت.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**لیژنەی ناوخۆ رەئیتان؟ فەرمووو كاك سەردار.**

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە كە ئەو سزایانەمان داناوە، بەڕاستی هەم بە هەماهەنگی هەردوو لیژنە، لەناو ئەوانەی سیاغەی مەشروعەكەیان كردووە لەگەڵ هەردوو لیژنەكە، هەروەها هەوڵمان داوە نەسەقێكی هەبێت لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی پارێزگاكانی عیراق و، سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدان، کێ دەیەوێت ماددەکە وەکو خۆی بمێنێت دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدانیە؟ یەك کەس، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەیەکی تر، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 24 کە دەبێتە ماددەی 23.

ماددەی بیست و سێ:

ئەو کەسە بەماوەیەك حوکم دەدرێت کەلەمانگێك کەمتر نەبێت و لە شەش مانگیش زیاتر نەبێت، بەغەرامەیەکیش کەلەیەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، ئەگەر سەرپێچی ماددەکانی ژمارە (17 ـ 18-19-20-21) ی ئەم یاسایەی کرد.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة والعشرون:

یعاقب بالحبس مدة لا تقل عن شهر ولا تزید عن ستة أشهر وبغرامة لا تقل عن ملیون دینار ولا تزید علی خمسة ملایین دینار من خالف أحکام المواد (17 ـ 18-19-20-21) من هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش ئەوەی دوو ماددە ئیلغا کرا لەو پرۆژەیە سیغەکەی بەو شێوەیە دەبێت:

ماددەی بیست و سێ:

یعاقب بالحبس مدة لا تقل عن شهر ولا تزید عن ستة أشهر وبغرامة لا تقل عن ملیون دینار ولا تزید علی خمسة ملایین دینار من خالف أحکام المواد (15، 16 ، 17 و 18 و 19) من هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە کە بووەتە ماددەی 24 ، ئەو سزایانە، بە رەئی من سزایەکان کەمن، لەبەرئەوەی ئەو تاوانانەی باسکران لە پێشەوە ئەو سزایە زۆر کەمە بە تایبەت بۆ ماددەی 21 کە باس لە بەکارهێنانی

ماڵی گشتی و بودجەی وەزارەتەکان دەکات بۆ ڕیکلامی هەڵبژاردن، چۆن دەبێت ئەوەیان؟ لێرە ئەگەر بێتو ئەو بتوانێت ماڵی گشتی یان بودجەی وەزارەت بۆ ڕیکلامی هەڵبژاردن بەکاربهێنێ، دەشتوانێ ئەو غەرامە کەمەی کە لێرە دانداراوە بیدات، بۆ نموونە لێرە غەرامەکە دەڵێت (لاتقل عن مليون دينار ولاتزيد عن عشره ملايين دينار) ئەوە زۆر کەمە، حەقە حەبسەکەش عەینەن شت بەڕای من زیاد بکرێت، بکرێت بە (ستة اشهر، لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد عن سنة)، 21 یش ببرێت بۆ بڕگە 2ی ماددەی 30، چونکە ئەو تاوانە لە ماددەی 21 گەورەترە، حەقە ببرێتە بڕگەی 2 لە ماددەی 30 کە لێ ستاندنەوەی سیقەیە لەو کیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ماددەیەکمان هەیە، ماددەی 21 کە (تمنع الدعاية الانتخابية قبل مدة 48 ساعة) مەفروزە ئەمیش بچێتە پاڵ ئەو ماددانەی تر، بۆ ئەوەی ئەو کیانە سیاسیە یاخود ئەو لیستەی کە بە پێچەوانەی ئەوەوە هەڵسێ، ئەویش بتوانێ هینێکی بەرامبەر بکەی، یەعنی ئێستا ئێمە بەو تەسەلسولەی تازە بیگۆڕین دەبێت بە 15 و 16 و 17 و 18 و 19، ئەی ماددەی 21 کە ئێمە ئیزافەمان کردووە، ئەوە چۆن چارەسەر بکەین و لە کوێ عقوبەی بۆ دابنێین؟ من پێم باشە هەر لەوێ دابندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم حەبس و غەرامە نەبیت بە یەکەوە، ئێمە لێرە حوکمەکەی دەدەین، با مەجالێك لێ گەڕێین بۆ قازی بڕێك مرونەتی بمێنێت، یان حوکم بێت یان جەزا، بەو شێوە بێت (يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن شهر ولاتزيد عن ستة اشهر أو بغرامة لاتقل عن مليون دينار ولاتزيد على خمسة ملايين دينار).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەئیەکەی مام ڕشاد دام، ئێمە ماوەیەکە مولاحەزە دەکرێت زۆر پاپەندین بە دەقە جامدەکان، خاسەتەن عقوبات، کە فەلسەفەی سزادان نابێت بەو شێوەیە بێت، یەعنی حبس و غەرامە بە یەکەوە بە بێ ئەوەی هیچ مەجالێك و سوڵتەیەك بۆ قازی بەجێ بهێڵی بۆ ئەوەی بە پێی زروفی قەزیەکە، زروفی موخەففەفە قەزائی و قانونی، لێرەدا لە مەحاکم ناکرێت تۆ بیبڕینەوەو یەکسەر حەبس و غەرامە پێکەوە بێت، حەبس و غەرامە یان (بتلك العقوبتين) یان بە هەریەك لە عقوباتەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ڕەئیەکەم لەگەڵ ڕەئیەکەی مام ڕشاد و کاك کریمە، بەڵام حوکمەکە یان ئەو بێت یان ئەو، ئەو حوکمە کەمە مانگێك تا 6 مانگ، 6 مانگ تا ساڵێك بێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

گەلاوێژ خان فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 23 کە ئەو بڕگانە (15 و 16و 17 و 19) ئەو ماددانە هەموویان نەفسی عقوباتن، ئەگەر بێین موقارەنەی بکەین، هەندێك عقوبات هەیە خەفیفن، یەعنی هەندێك لەو ماددانە هەیە موخالەفەی خەفیفە و هەندێکیشیان توندە، بۆ نموونە ماددەی 15 یەعنی تۆزێك توندە، ئەگەر موقارەنە بکەی لەگەڵ ماددەی 19، کە ماددەی 19 خەفیف ترە، لە هەمان کاتیش دا ماددەی 22 کە بووەتە 20 خۆی بڕگەی 2 و 3 (يحرم حزب)، یەعنی حیزبەکە لێرە کە حەرمان کراوە ئەسڵەن، یەعنی لەسەر ئەوە عقوبەشی دەدرێتێ؟ سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری پێشنیارەکەی سارا خان و گەلاوێژ خان دەکەم، بەڕاستی ماددەکانی 15 و 16 و 17 و 18 و 19 ئەوەی کە بووە بە 19 و 20 ئەمانە موخالەفەی زۆر قورسن باسی ئەوە دەکەن، بەکارهێنانی دام و دەزگای حکومەت، بەکارهێنانی پارەی دەوڵەت، بە خائین ناساندن و تەکفیر کردنی خەڵك، چۆن دەبێت عقوبەکەی ئەوەندە کەم بێت؟ من پێم وایە عقوبەکەی وەکو حەبسەکەش زۆر کەمە و پارەکەشی زۆر کەمە، بۆیە تۆ

ئەوە بکە بە دوو ماددەی جیا، (15 و 16 لەگەڵ 19 و 20 )جیابکرێتەوە عقوبەکەی زیاد بکرێت، چونکە ئەگەر سەیری ئەوە بکەین و بگەڕێینەوە بۆ ئەوانە موخالەفەی زۆر قورسن، ناکرێت بە ئەوەندە، بە تایبەتی کە مانگێك بۆ 6 مانگ بێت، حاکم دەتوانێت ئیفراجی بکات و حوکمەکەی بەسەرا جێ بەجێ نابێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمه امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە فەسڵی پێشوو ماددەی 21 مان ئیزافە کرد، ئەگەر بکرێت بۆ ماددەی 21 یش ئەگەر یەکێك موخالفی ئەو 48 سەعاتە بێت، عقوبەیەك دادەندرێت، چونکە من ئەیبینم بەڕاستی لەگەڵ ماددەی 15 و 16 و 17 و 18 و 19 عقوبەکەی یەك ناخرێت، چونکە تۆزێك ئەخفترە، لەبەرئەوە ئەگەر ئەویش مەسەلەن عقوبەیەکی بۆ دابندرێت ئەو ماددەیەش، جا نازانم لیژنەی ناوخۆ و یاساییش چۆن جێگەی دەکەنەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

فضیله خان فەرموو.

**بەڕێز فضیلە رمضان سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی نەفسی تێبینیە کاك رشادم هەیە، ڕاستی یان غەرامە بێت، یان حەبس بێت، بەس ئەگەر حەبس بێت ئەو حەبسە زۆر کەمە، ئەگەر غەرامە بێت ژی زۆر کەمە، هەردووکیان زیاد ببیتن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی و ناوخۆ پێکەوە فەرموون رەئیتان، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێزخلیل ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەوزوعی کە دەڵێین حەبس ژی بیت و غەرامە، مە گۆتیە ئەو ئێمە زۆر حەریسین ئینتیخاباتی ئێمە لە ئەجوایەکی زۆر باش بکرێت، نزیك بن ئەم شتانە تێدا نەبێت و لە لیستی ڕەش دەربچین، با لەگەڵ ئەو تەوەجوهە بین، عقوبات نەوعەن ما موشەدەد بن، یەعنی لێرە حەبس و غەرامەیە، هەردووکی پێکەوە بن، ئەوە نوقتەیەك، نوقتەی دووەم، دەڵێین ئەمە هەندێك عقوبات، عقوباتی موخالەفە کردنی خەفیفە، هەندێکیان زۆرە و هەمووی وەکو یەکن، ئەوەش مودەی حەبسەکە لە مانگێك تا 6 مانگە، غەرامەیەکیش

له 1 ملیۆن تا 5 ملیۆن، مەعنای وایە بۆ تەقدیری قازیە، ئەو تەقدیری دەکات نەوعی موخالەفەی ئەم حوکمە چۆن دەدات، ماددەی 21 تەئیدی خوشکە سۆزان دەکەین کە 21 یش ئیزافە ببێت لەوە، ئەما ماددەی 20، ئەوە موعالەجە کراوە لە ماددەی 30، ئەو بە فەقەراتە موعالەجە کراوە، بەس 21 ئیزافیە و ئەویش دەکەوێتە ژێر ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی زۆربەی پرسیارەکان هاوڕێم کاک خلیل جوابی دایەوە، تەنها لەسەر ئەو پێشنیارەی سۆزان خان، ئێمەش پشتگیری لەوەی دەکەین کە ماددەی 21یش ئیزافە بکرێت، بەڵام لێرە خاڵێکی تر هەیە کە لە ماددەی 30 ئەگەر کیانی سیاسی پێشێلی هەر خاڵێك بکات و جەریمەیەك بکات ئەوە لێرە 50 ملیۆن دینار غەرامە دەکرێ، بەڵام بەو ئیزافەیە ئەگەر ئەشخاسیش بیکات مانگێك تا 6 مانگ غەرامە دەکرێ و کیانە سیاسیەکەش 50 ملیۆن غەرامە دەکرێ و، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

بەداخەوە ئەو پەرلەمانتارانە حەق وایە هەموویان حزوریان هەبێت، نابێت بەزۆری غیابیان هەبێت، من زۆر بە زاهیرەیەکی زۆر زۆر خراپی دەزانم، ئێستا نیساب تەواوە، ئێستا ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەوە بوون، سزاکە زیاتر بێت بۆ ئەوەی کە دەنگدانەکەی هەڵبژاردنەکە بە پاکی و بە ڕێك و پێکی بڕواتە پێشەوە، نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو کاک رشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی من پشتگیری لێ کرا، من گوتم یا جەزا یان غەرامە، سێ ئەندام پشتگیری لێ کرد، بۆ باس لەوە نەکرا؟.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاک سەردارفەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەو بارەیەوە پێمان وایە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، لەبەرئەوەی ئەوانەی ئەو برادەرانە باسی لێوە دەکەن، بەڕاستی تۆزێك لە تەخفیفی تێدایە، ئێمە بۆیە ئەوە دەڵێین بۆ ئەوەی هیچ کەسێك دەوائیری حکومەت بەکارنەهێنێت لە ئینتیخابات، ئێمە لەحرسمانە بۆ ئەوەی کە کەس ئەموالی عام، میزانیەی وەزارەت بەکارنەهێنێت، لەبەرئەوەی دعایەی ئینتیخابی خیداعی ناخبینی تێدا نەبێت، غەشی تێدا نەبێت، تەشهیری تێدا نەبێت، بۆیە ئێمە ئەو تەشدیدەمان بەکارهێناوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کوێستان خان فەرموو نوقتەی نیزامی هەیە، کاک کریم لە جێگای خۆت قسە مەکە!

**بەڕێزکوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە گوتمان عقوبەکە کەمە کاک سەردار دەڵێ گوتوویانە زۆرەو کەم بکرێت، ئێمە دەڵێین کەمەو زۆر بکرێت، ئێمە 5 کەس تەئیدی ئەوەمان کرد کە ئەمە جیابکرێتەوە، 15 و 16 و 19 و 20 یەکەمی جیابکرێتەوە و بکرێت بە دوو ماددەی جیا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاک سەردارفەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستم مام رشاد و کاک کریم بحری بوو، ئەوان گوتیان (مده لاتقل عن شهر ولاتزید عن سته اشهر) ئێمە گوتوومانە (بغرامه)، ئەوان دەڵێن (أو بغرامه)، یەعنی یان ئەو یان ئەو، من جوابی ئەوانەم دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مەبەستمان ئەوە بوو کە تەشدیدی عقوبە بکرێت، لەگەڵ ئەوە داین عقوبەکە زیاتر بکرێت، بەڵام حوریەت بدرێتە قازی و دەستی کراوە تر بێت، بۆ ئەوەی کە هەندێك زروف دێتە پێشەوە کە لەوانەیە بەس بە غەرامە حوکم بدات، حەبس و غەرامە بێت پێکەوە، (أو کلتا العقوبتین)، (أو باحدی العقوبتین)، یەعنی مەجالێك بدرێت بە یەکێك لە عقوباتەکان عقوبە بدرێت، مەبەستمان ئەوە نەك ئەوەی تەخفیف بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

بەڵێ ئێستا 3 بۆچوون هەیە، یەکەم: کاک رشاد پێشنیاری کرد کە یان حەبس بێت یان غەرامە، جیا بکرێت، دووەم: ئەوەی گەلاوێژ خان و کوێستان خان پێشکەشیان کرد کە عقوبەکە تەشدیدی زیاتر بکرێت، سێیەم: لیژنەی یاسایی و ناوخۆش لەگەڵ ئەوەن وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئێستا سێ بۆچوون هەیە، ئێستا ئەوەی کاک رشاد دەیدەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە جیابکرێتەوە یان عقوبە بێت یان غەرامە بێت؟ ئەوەی داوای تەشدید دەکەن ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ باشە ئەوانەی دەیانەوێت تەشدید بێت بە چ شکڵێك بێ سیاغەکەی بنووسنەوە، بمان دەنێ بۆ ئەوەی ئەو

ساغەیە بخەینە دەنگدانەوە، کێ دەیەوێت جودا بێت ئەویش بیدات، چونکە ئێستا دوو موقتەرەحی تازە هاتووە یەکێك تەشدید بێت، یەکێکی تر پێی وایە جودا بێت، هەردوو لیژنەکە لەگەڵ ئەوەن وەکو خۆی بمێنێت، ئەوانەی موقتەرەح پێشکەش دەکەن تەئخیر نەبن، چونکە حەقتان سقوت دەکات، کاك رشاد ئەگەر موقتەرەحەکەتان نیەت سقوت دەکات تکایە؟ بەڕێزان ئێستا موقتەرەحەکان هاتن، یەکەم: ئەوەی داوای تەشدید دەکات دەڵێت (یعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزید عن سنة وبغرامة لاتقل عن خمسة ملايين دينار ولاتزيد عن عشرة ملايين دينار لكل من خالف المواد (15 و 16 و 17 و 18 و 19 و 20، اولا)، ثانيا: يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن شهر ولاتزيد عن ستة اشهر وبغرامة لاتقل عن مليون و لاتزيد عن خمسة ملايين من خالف احكام المواد 17 و 18 و 19 و 20)، ئەمە موقتەرەحێکە، موقتەرەحێکی تریش هەیە (يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن شهر ولاتزيد عن ستة اشهر وبغرامة لاتقل عن عشرة ملايين أو باحدى هاتين العقوبتين)، هی سێیەمیش وەکو خۆیەتی کە لە ئەسڵی ماددەکە هەموو کوتلەکان لەسەری موافق بوونە، هەردوو لیژنەش ئێستا موقتەرەحی یەکەم ئەوەی (يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد عن سنة وبغرامة لاتقل عن خمسة ملايين دينار ولاتزيد عن عشرة ملايين دينار لكل من خالف المواد (15 و 16 و 17 و 18 و 19 و 20، اولا)، )، ثانيا: يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن شهر ولاتزيد عن ستة اشهر وبغرامة لاتقل عن مليون و لاتزيد عن خمسة ملايين من خالف احكام المواد 17 و 18)، ئەمە دەخەینە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە ئەڕوات، ئەگەر نا موقتەرەحی دووەم دەخەینە دەنگەوە لەگەڵ مەشروعی ئەسڵی، ئەو بەڕێزانەی کە لەگەڵن ئەوەی ئەخیرەن خوێندمانەوە کێ لەگەڵە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، 9 کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ نیە؟ فەرموون، ئەو موقتەرەحە رەفز کرا، سوپاس، دەچینە موقتەرەحی دووەم، (يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ثلاثة اشهر ولاتزيد على سنة وبغرامة لاتقل عن عشرة ملايين أو باحدى هاتين العقوبتين)، وای نووسیوە خاوەن موقتەرەحەکە، کێ لەگەڵ ئەمەیە تکایە دەستی بڵند بکات؟ 7 کەسی لەگەڵە، کێ لەگەڵ دانیە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەسڵی مەشروعەکەیە بەو شێوەیەی کە لیژنەی یاسایی ئیزافەی کرد، بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، کاك سەردارفەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ماددەی 21 مان ئیزافە کرد بۆیە بەو شێوەیە و بەو سیاغەیە دەبێت دەیخوێنینەوە وایە،

ماددەی 23 (يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن شهر ولا تزيد عن ستة أشهر وبغرامة لا تقل عن مليون دينار ولا تزيد على خمسة ملايين دينار من خالف أحكام المواد (15، 16 ، 17 و 18 و 19 و 21) من هذا القانون. سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەموون، کێ لەگەڵ نیە؟ 11 کەس لەگەڵ دانیە، بۆیە بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە قبوڵ کرا، بەڕێزان بۆ ماددەیەکی تر تکایە، کاک جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست وپێنجەم کە بووەتە ماددەی بیست و چوارەم.

ماددەی 24:

بە گرتن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێت، وە بە غەرامەیەکیش لە سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت، و لە پێنج سەد هەزار دیناریش زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت هەر کەسێك ئەمانەی کرد:

یەکەم: بە ئەنقەست ناوێك یان تاوان یا سیفەتی قەڵب لە خشتەی هەڵبژێرەکان دابنێت، یاخود بە ئەنقەست ناوێك بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دابنێت.

دووەم: هەر کەسێك گەیشتە ناونووسکردنی خۆی و یان ناوی غەیری خۆی، بە بێ بوونی مەرجی پێویستی یاسایی و، دەرکەوت کە بەمە دەزانێ و، هەر کەسێکیش گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ناوێکی تر دابنێت یاخود لابدات.

سێیەم: لە هەڵبژاردندا دەنگی خۆی داو دەشیزانی ناوی لە تۆماری هەڵبژاردنەکاندا بە نایاسایی نووسراوە، یاخود مەرجە یاساییە پێویستیەکانی لە بەکارهێنانی مافەکەی لە هەڵبژاردندا لە دەست داوە.

چوارەم: بە ئەنقەست دەنگی بە ناوی غەیری خۆی دا.

پێنجەم: نهێنی دەنگدانی دەنگدەر بە بێ ڕەزامەندی خۆی بڵاو کردەوە.

شەشەم: بە کارهێنانی مافی خۆی لە هەڵبژاردنێك بۆ زیاتر لە جارێك.

حەوتەم: لیستی هەڵبژێری نەخوێندەواری گۆڕی و ناوێکی نووسی یان ئاماژەی ئەو ڕەمزەی کرد کە مەبەستی هەڵبژێر نییە، یاخود کۆسپی خستە پێش هەر هەڵبژێرێك بۆ لە دەستدانی مافی هەڵبژاردنەکەی.

هەشتەم: خۆی لە زیاتر لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا یان لیستێکی هەڵبژاردن پاڵاوت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 24:

يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة أشهر، و بغرامة لاتقل عن مئة ألف دينار و لا تزيد على خمس مئة ألف دينار كل من:

أولا: تعمد إدراج إسم أو أسماء أو صفات مزيفة في جداول الناخبين، أو تعمد عدم إدراج إسم خلافا لأحكام هذا القانون.

ثانيا: توصل إلى إدراج إسمه أو إسم غيره دون توافر الشروط القانونية المطلوبة، و ثبت أنه يعلم بذلك، و كل من توصل إلى عدم إدراج إسم آخر أو حذفه.

ثالثا: أدلى بصوته في الإنتخاب و هو يعلم أن إسمه أدرج في سجل الناخبين خلافا للقانون، أو أنه فقد الشروط القانونية المطلوبة في إستعمال حقه في الإنتخابات.

رابعا: تعمد التصويت بإسم غيره.

خامسا: أفشى سر تصويت ناخب بدون رضاه.

سادسا: إستعمل حقه في الإنتخاب الواحد أكثر من مرة.

سابعا: غير إرادة الناخب الأمي و كتب إسما أو أشر على رمز غير الذي قصده الناخب أو عرقل أي ناخب لمنعه من ممارسة حقه الإنتخابي.

ثامنا: رشح نفسه في أكثر من دائرة أو قائمة إنتخابية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

بەڵێ، بەڕێزان ئێستا کێ دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەمانە، زۆر زۆر تەبیعیە لە جەلسەی ئەمڕۆ، ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن، ناویان بنووسین، ڕەجائەن موراعاتی ناو جەلسەکە بکەن، ئێرە جەلسەی پەرلەمانی کوردستانە، زۆر بە ئیحتیرام ئەوە بکەن، تکاتان لێ دەکەم، ئەو بەڕێزانەی کەناویان نووسیوە، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ماددەکە دەکەم بە تەواوی، بەڵام وا مولاحەزە دەکەم لە کاتی چاپ کردنی، بڕگەك لە ماددەکە لادراوە، تێدا نەنووسراوە، ئەویش ئەوەیە( قام بالتزویر أثناء فرز الأصوات)، پێشنیار دەکەم ئەگەر وابێ، ئەوە ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکوکی):**

کاکە لە خۆی دەپرسێ، کەس وەکیلی کاك عونی نیە لە باتی ئەو جواب بدا، ڕەجائەن، نەختێك هدوء ڕابگرین، بۆ ئەوەی ئیشەکانمان بڕوات، وا سەعات شەش و بیست دەقیقەیە، زۆریش هەمووتان هیلاکن، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم أبو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەس مولاحەزەم لەسەر سابیعەنی هەیە، فەقەرەی حەفتەم کە دەڵێ( غیر إرادة الناخب الأمي)، مەرج نییە ئومی بێ، چونکە هەتا کوێریش بێ، یەعنی هەر ئومیەکەی لاببەن، ئەو قەیدەی ناوێ، هەر ناخیب مادەم ئیرادەی گۆڕی، یەعنی ئەوە شتێکی خراپە، یەك ئەوە، مولاحەزەکم لەسەر ئەوەی جەنابی کاك عونی کە دەڵێ تەزویریش بەگەڵ دەن، تەزویر عقوبەی حەبس نیە، سجنە، لەبەر ئەوەی دەبێ ئەوە ئەگەر وا بێ، ئەگەر تەزویری باوێینە ناوی، دەبێ سجنیش داخل کەین، سجن لە پێنج ساڵ پترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

فەزیلە خان، فەرموو.

**بەڕێز فضیلة رمضان سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری ئەو خاڵانە بکەین، ئەو موخالەفە و ئەو عقوبە، یەعنی سەیری غەرامەکی بکەین، ڕاستی زۆر کەمە، چونکە من بە چاوی خۆم دیتمە، تەغیری ئیرادەی ناخیب چەند هاتیە کرنێ، یەعنی مەنعی ناخیبی کردییە لە تەسویت، ئەوە شتێکی بچووك نیە بە ڕاستی، لازمە غەرامەکە توند تر بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە أولا (جداول الناخبین)، ئێمە لە قانونەکانی خۆمان لامانبرد، لە ئی موحافەزەو لەوەش، دەکەینە ( سجل الناخبین) لێرە دەگۆڕێت، سەدری مادەکەش بە ڕاستی تەماشا دەکەین، حەبسەکە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت، بەڵام غەرامەکە سەد هەزارە، یەعنی تەوازون نیە لە بەینی ئەو عقوبە بە قوەتەی کە حەبسە و، ئەو مادەیەی پێشتر لە بەینی مانگێك هەتا شەش مانگ بوو، کە چی غەرامەکە یەك ملیۆن دینار تا پێنج بوو، بۆیە یان دەبێ غەرامەکە زیاد بکەین، لە ملیۆنێك بۆ پێنج ملیۆن بۆ ئەوەی موقابیلی حەبسەکەی تەوازونێك هەبێ لە عقوبەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر ئەیڵێمەوە، یەعنی هێنراوە جارێکی تر، کۆمەڵێك جەریمەی ئینتیخابی کە زۆر فەرقیان هەیە، فەرقی ئەوە یەکێك ناوی خۆی بخاتە ناو لیستەکانەوە، بە بێ ئاگاداری، زۆر زیاترە لەوەی کە بچێ بڵێ وەڵلا من ئاگادارم فلان کەس دەنگی داوە بۆ فلان لیست، یەعنی ئەو دوو شتە زۆر زۆر جیاوازە، هەمووی هێنراوە دەرج کراوە بۆ یەك جۆر عقوبە، ئەو جاری بۆ مادەکەی پێشوو تریش، داوامان کرد

وتمان جياكرێتەوە، هەر جەریمە و قورسایی خۆی هەیە، من ڕەئیم وایە یەکەم، دووەم، سێیەم، لەگەڵ هەشتەم، لەبەر ئەوەی ئەوانە جەریمەن، بە ڕاستی ئەو کەسە حەقی ئەوەیە سجنیش بکرێ، و غەرامەکەشی زۆر لەوە زیاتر بێت، بەڵام ئەوانی تر حەبسێکە یاخود ئەوەی کە هاتووە، سەد تا پێنج سەد هەزار، بکرێ بە دوو بڕگە چونکە جەریمەکان لە قورسی و سووکی دا فەرقی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکوکی):**

د. شکریة، فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەم ماوەیە کە بۆ شەش مانگ کەمتر نەبێت ئەگەر بگیرێت، وە غەرامەکەی سەد تا پێنج سەد هەزار بێت، ئەمە زۆر بە کەمی ئەزانم، چونکە یەکێك کە فێڵ دەکات، یا حیلەیەك دەکات، یا جریمەیێك لێرەدا نووسراوە، ئەم هەموو شتانەی کە کردووە، ئەم هەشت خاڵەی کە هەمووی لە خۆیدا کۆ کردبێتەوە ئینجا بێین سەد هەزار غەرامەی بدەین یاپێنج سەد، زۆر زۆر کەمە، من پێشنیازی ئەوە ئەکەم ئەو شەش مانگەی کە بۆ دائەندرێ ئەو سەد هەزارە بکرێت بە ملیۆنێك، ئەم پێنج سەد هەزارەش بکرێت بە دوو ملیۆن، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك شێخ الله، فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله إبراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من دەربارەی سزاکەی شەش مانگ حەبس و سەد هەزار غەرامە کەمتر نەبێ و پێنج سەد زیاتر نەبێ، شەش مانگەکەم پێ زۆرە بکرێتە سێ مانگ، بەڵام غەرامەکە یەکجار زۆر کەمە، ئەسڵەن سەد هەزار یەعنی نازانم چییە، غەرامەی چییە؟ پێم وایە غەرامەکەی لە ملیۆنەك کەمتر نەبێ و لە سێش زیاتر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە تەواوەتی پشتگیری لە بۆچوونەکەی مامۆستا شیخ الله دەکەم، بەڕاستی ئێمە دەبێ لە هەندێ حاڵەتدا تۆزێك ورد ببینەوە لەوەی کە ئەو بڕگانەی کە لەم ماددەیە هاتوون، لە موقابیل ئەوەی کە ڕاستەوخۆ فەترەییێك بگیرێت کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت، شەش مانگ فەترەیێکی زۆرە، غەرامە مادییەکەش کەمە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم هەر وەکو مامۆستا شیخ الله ئیشارەتی پێدا، بکرێتە سێ

مـانگ و غەرامـە مادییەکـە برێـك زیـاد بکرێـت، ئەمـە یەکـەم، دووەم برگـەی هەشـتەم، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلەمان، من پێم وایە جێی نابێتەوە لێرە، لەبەر ئەوەی هەر کەسێك خۆی لە بازنەیەکی هەڵبژاردن، یـان لیستەکی هەڵبژاردن بپاڵێوێ، ئەوەلەن ئێمە لەم یاسایە وتومانە، هەر پارێزگایـەك بازنەیـەکی هەڵبژاردنـە، دووەم: ئەو ناوانـەی کـە تەقـدیم دەکرێـت، دەسـتە فیلتـەری دەکـات، بۆیـە ئیمکـان نیـە شـتی وا ڕوو بـدات، کەسێك لە دوو بازنەی هەڵبژاردن ناوی خۆی تۆمار بکات، وە ئەگەر حاڵەتێکی وا بوو بێت، بـە ڕاسـتی مـن پێموایـە دەسـتە بـەر پرسـیارە لـەوێ کـە پـێش ئـەوەی نـاوی مورەشـەحین دیـاری بکـات فیلتـەری ئەمـەی نەکردبێت، بۆیە من پێموایە لێرەدا جێی نابێتەوە برگەی هەشتەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك بکر، فەرمووو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا یەکەم من پێموایە فیعلەن، یەعنی ئێستاش هەر لەگەڵ ئـەوەدام گرتنەکـە شـەش مـانگ کـەمتر نـەبێ یان غەرامە، ناکرێ هەر دووکی، هەم گرتن و هەم غەرامەش، غەرامەکـە بـەڵام زۆر کەمـە، غەرامەکـە پـێم باشە یەعنی على الأقل مەسەلەن پێنـج سەد هەزار کەمتر نەبێ لە ملیۆنێکیش زیاتر نـەبێ، نوقتـەی دووەم بەڕاستی سۆزان خان باسی کرد، ئەو تاوانانـەی کـە لێـرەدا نوسـراوە هـەمووی وەکـو یـەك نیـە، ئـەی نـاکرێ لەسەر ئەوەی تەنها نهێنی ناخیبێکی درکاندووە لەسەر ئەوە شەش مانگ سجن بکرێ، لەبەر ئەوە بەڕاسـتی پێموایە ئەوانە جیابکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

سوپاس بۆ گشتتان، لیژنـەی یاسایی ڕەئیتان دەربارەی ئەو پرسیارانـە ، کاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك عونی باسی کرد من پێموایە لە ماددەی (28) کە بوویتە (27)، لە برگە یەك دەڵێ( إستحوذ أو أخفى أو عدم أو أتلف أو أفسد أو سرق أوراق الإقتراع أو جـداول النـاخبين أو غـير نتيجتهمـا بـأي طريقـة مـن الطرق)، (غير نتيجتهما)، واتا تەزویریش دەگرێتەوە، ئەوەی مامۆستا کاکە باسـی دەکـا کـە ئـومی لابـدرێت، بەڕاسـتی ئـەوەی ئـومی لابـدرێت، نـازانم ئەگـەر لیژنـەی قـانونی لەگـەڵ بێـت مانیعمـان نیـە، بـەڵام ئەگـەر عیلاجەکە وای لێ بکەین (أمي أو العـاجز)، چـونکە ئەگـەر بـە جـارەك لابـدرێت زۆر مەتلـەب دەمێنێتـەوە، خۆی مەبەستی جەنابتان ،مەبەست ئەوە بوو ئەگەر نابینـا بێـت، ئـەوەی مەسـائیلی غەرامـەی بـاس کرایـە بەڕاستی ئەوەی مامۆستا شیخ الله، ئەوەی کاك زانا باسی کرد دەڵێ غەرامەکە کەمە، لێرە غەرامەکە بۆ کەم کرایتەوە؟ لەبەر ئـەوەی زیندانیەکـە زیـاد کرایـە، ئەگـەر سـەیری مـەوادی کـەش بکـەین ئـەوەی پاشـی دێ،

هەمووی غەرامەكان كەمتر كرايتەوە، لەبەر ئەوەی حەبسەكە ياخود زيندانيەكە زياد كرايە، بۆيە غەرامەكەی لەگەڵ كەم كرايتەوە، مەسائيلی كە ئەگەر غەرامەكە كەم بكرێتەوە، حەبس كەم بكرێ يان زياد بكرێ، بەڕاستی ئەوە قابيلی نيقاشە و بڕيار بڕياری ئێوەيە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە حەقيقەت من بەعزێ تێبينيم هەيە، كە سەيری ئەو قانونە دەكەم، ئەگەر من سەيری بكەم يان خەڵكی كوردستان نەناسێ و نەزانێ مستەوای زانياری و پێشكەوتن وپيادەكردنی ديموكراسيەت لە كوردستاندا چەندە و چۆنە، يەكسەر وا هەست دەكات ئەمە بۆ كۆمەڵە خەڵكێك نووسراوە كە هيچ باوەڕی بە هيچ شتێك نيە، ئەمە زۆر خەتەرە، ئێمە لە (1991)ەوە تا ئێستا كار لەوە ئەكەين كە خۆمان بە شێوەيەكی جوان بناسێنين بە دەرەوە و لەو مەجالەشدا دەوری باشمان بينيوە، خەڵك باوەڕی پێمانە، خەڵك پارە و سەروەتی خۆی ئەهێنێ بۆ كوردستان، لەبەر ئەوەی سيقەی پێمانە، لەبەر ئەوەی باوەڕيان بە ئێمەيە كە ئێمە دەتوانين بارێكی لە بار دروست بكەين، بە حەقيقەت ئەم هەموو توند و تيژيە، پێدەچێ ئێمە قەرارێك دەردەكەين، وەكو قەرار دژی ئيرهاب بێ، ئێمە هەڵبژاردنمان لەبەردەستە، ئەگەر بمانەوێ بە شێوەيەكی ڕێك و پێك هەڵبژاردن بكەين، هەموو تەرەفێكی سياسی، هەموو كەسێك لە عائيلەكەيدا تەربيەتی خەڵكەكەی خۆی بە شێوەيەك بدا كە باوەڕی بە ڕاستی بێ، باوەڕی بە ڕاستگۆيی بێ، باوەڕی بە ئينسانيەت بێ، باوەڕی بەوە هەبێ كە نابێ....... .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

كاكە ڕەجائەن لە مەوزووعەكە دەرمەچن، داوا كراوە ئەو بەڕێزانە غەرامە زياد بكرێت، ئەو غەرامەيە، كاك شێروان نوقتەی نيزاميت هەيە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا نوقتەی نيزاميەكەم ئەوەيە، كاك سەردار مەسەلەی حەبسی ئيسارە كرد بەڕاستی، من لێرەدا، يەعنی حەبس دەڵێ دەتوانين قسەی لێ بكەين، ئەوەی كە من بۆی دەچم حەبس ئيمكان نيە ئێمە قسەی لێ بكەی، چونكە عقوبەی حەبس ديارە هەتا پێنج ساڵە، واتا ئێمە كە دامان ناوە لە شەش مانگ كەمتر نەبێ، دەڵێن حەبس، كە گوتمان حەبس يەعنی لە پێنج ساڵ زياتر نيە، كەواتە جەسامەتی جەريمە حوكم دەكا،

که ئایا قازی سێ ساڵ حوکمی بدا، دوو ساڵ حوکمی بدا، هەتا پێنج ساڵ، سەقفە زەمەنیەکە مەفتوحە بە نیسبەت قازی بۆ ئەوەی حوکم بدا بە پێی جەسامەتی جەریمەکە، واتا ئێمە کە دەڵێین( لا تقل عن ستە أشهر)، ئێمە قازیمان تەقید کردیە کە ئەبێ لە شەش مانگ کەمتر نەبێ، بەڵام سەقفی زەمەنیەکە مەفتوح بوو بۆ قازی، یەعنی ئەعلایەکەی مەفتوح تا پێنج ساڵە، چونکە کەلیمەی حەبسمان بە کار هێنایە، کەلیمەی سجنمان بە کار نەهێنایە، واتا لە پێنج ساڵ و بەرەو ژوورە بە نیسبەت ئەو عقوباتانەی کە داندراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا ئەو خاڵەی کاك عونی باسی کرد، لەگەڵ جەنابی سکرتێر موناقەشەکمان کرد، ئەوەی لە مادەی 28 هاتیە، لە بڕگەی یەك( أو غیر نتیجتهما بأي طريقة من الطرق)، هەندێك جار هەیە لەوانەیە تەزویر بە تەواوی نایگرێتەوە، کابرا یەعنی ئەو شەخصە تەزویر دەکا، بەڵام شەرت نیە نەتیجەی ئەوەکە بگۆڕدرێت، بۆیە ئەگەر بڕگەیەك ئیزافە بکرێت ئێمە لە گەڵێنە، ئەویش بەو شێوەیە، (تاسعا: قام بالتزوير أثناء فرز الأصوات).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان زۆر لەئەندمانی بەڕێزی پەرلەمان داوایان کرد غەرامە زیاد بکرێت، بۆ ئەمە ئەگەر نەسێکتان هەیە یا ئەگەر کاك زانا کە ئیقتیراحەکەی خۆی سەحب بکات، چونکە زیندانەکە، حەبسەکە زۆرە کەسێکیش ئەوەندە حەبس بێ، غەرامەیەکی زۆریش بدات، ئەوەیە، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها تێبینیم هەیە لەسەر تەوازونی عقوبەکەی هەبوو، تۆ دەڵێی لە شەش مانگ کەمتر نەبێ، باشە با بیکەین بە لە شەش مانگ زیاتر نەبێ، ئەوجا موقابیلی غەرامەکەی متەوازنە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

ئاخر شەرحیان کرد ئەڵێ حەبس، حەبس ئەبێت لەو فەترەی کەمتر نەبێت، کاك فرست موداخەلەی هەیە تکایە، کاك فرست فەرمووو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوی کاك زانا باس دەکات، ئەگەر عقوبەی بەدیل بێتن، یەعنی غەرامە لە باتی حەبس بێت، من لەگەڵ ڕەئی ئەوم، بەس ئەوە عقوبەی بەدیل نیە، هەم حەبسە هەم غەرامەیە، لەبەر ئەوە وەك خۆی بمینێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا دیارە هەموو دەیانەوێ وەکو خۆی بمێنێتن، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە مادەکە وەك خۆی بمینێتەوە، دەستی بەرز بکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دا نیە؟ فەرموون، شەش کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ مادەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی بیست و شەشەم، کە ئەبێتە ماددەی بیست و پێنجەم.

ماددەی 25 :

بە گرتن بۆ ماوەیەك سزا دەدرێ، کە لە مانگێك کەمتر نەبێ، و لە سالێکیش زیاتر نەبێ، هەر کەسێك ئەوانەی خوارەوەی ئەنجام دا:

یەکەم: بە ئەنقەست دەستدرێژی بۆ سەر وێنەکانی پالێوراوەکان بکات، یا بۆ سەر بەرنامەکانیان کە لە شوێنی تایبەتی هەڵواسراون، بۆ حیسابی یەکێکی تر، یان لایەنێکی دیاری کراو، بە مەبەستی زیان گەیاندن بەو پالێوراوە، یان کار تێکردن لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

دووەم: خۆ کێشانەوەی پالێوراوێکی لە پرۆسەی هەڵبژاردن ڕاگەیاند و دەشیزانی ئەو کارە ڕاست نیە، ئەمەش بە مەبەستی کار تێکردن بێ لەسەر هەڵبژێرەکان یاخود گۆڕینی دەنگەکانی پالێوراو بۆ خۆی.

سێیەم: دەست درێژی کردنە سەر هۆیەکانی ڕیکلامی هەڵبژاردنی کە ڕێی پێدرا بێ بە پێی یاسا بە هەر هۆیەك، جا بۆ کوژاندنەوەی یان دڕاندنی یان غەیری ئەمانە بێ، یاخود هەر دەستکاریەك لەم جۆرە بێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 25:

یعاقب بالحبس مدة لا تقل عن شهر و لا تزید علی سنة کل من:

أولا: تعمد الإعتداء علی صور المرشحین أو برامجهم الملصقة في الأماکن المخصصة لها لحساب آخر أو جهة معینة بقصد الإضرار بهذا المرشح أو التأثیر علی سیر العملیة الإنتخابیة.

ثانیا: أعلن عن إنسحاب مرشح أو أکثر من العملیة الإنتخابیة و هو یعلم بأن الأمر غیر صحیح بقصد التأثیر علی الناخبین أو تحویل أصوات المرشح إلیه.

ثالثا: الإعتداء علی وسائل الدعایة الإنتخابیة المسموح بها قانونا، لأي سبب کان، سواء کان بالشطب أو التمزیق أو غیر ذلك أو کل تصرف من هذا القبیل.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی، ڕەئیتان دەربڕن، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی سەرۆکایەتی لەگەڵ لیجانی تایبەتمەند و سەرۆك فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیجانەکان، وا پێکهاتین شەتبی ئەو جوملەیە بکەین( لحساب آخر أو جهة معينـة) لـە (أولا)، واتـا ئەگـەر هـەر يەکـە زێـدە ڕۆیی یا دەستدرێژی بکاتە سەر وێنەکانی پاڵێوراو و بەرامجەکان و ئەوەی هەر ئەگەر لـە بـۆ جیهەتـەکیش نەبێ، هەمان سزای هەبێت و صیاغەکەی بەو شێوازە دەبێت:

أولا: : تعمد الإعتداء على صور المرشحين أو برامجهم الملصقة في الأماكن المخصصة لها. سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان کێ ئەیەوێ قسە بکات لەسەری، سێ بەڕێز دەیەوێ قسە بکات، کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من تەقریبەن وەکو پرسـیارێك وایـە کەئەیکـەم، لـە زۆربـەی ماددەکـانی پـێش ئەمـە هـاتوون، کـە لـە بڕگەی ماددەکاندا عقوبەکان بە پارە و گرتن و حەبس کردن بووە، بەڵام لە مـادەی 25 و 26 کـە لـە دوای ئەو مادەیە دێ، تەنها حـەبس کردنـە، ئەمـە ئـەو پرسـیارەم هەیـە، بۆچـی ئەمـە کـە غەرامـەی تێـدا نیـە؟ ئەمیش غەرامەی تێدا بێ، مادام وەکو هاوشێوەی ماددەکانی پێشوو ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وای ئەبینم، یەکەم و سێیەم عەینەن شتە، باس لەوە ئەکات یا ڕسمەکانیان لێبکرێتەوە، یـاخود تەعـەدا لەسەر وەسائیلی ئینتیخابیان بکات، یەعنی هەردووکی عیبارەتە لەوەی کە ئەو کەسە تەعەدای لێبکرێ، لـە کاتی مومارەسەی حەقی دیعایەی ئینتیخـابی خـۆی، کەواتـە هـەردووکی یەکێکـە، ئـەتوانین وای لێبکـەین ( تعمد الإعتداء على صور المرشحين أو وسائل الدعاية الإنتخابية المسموح بهـا قانونـا)، ئـیتر تـەواو، ئەمـە سـزا ئەدرێ، سەبارەت بە خاڵی (ثانيا)ش، یەعنی ئەمە وەکو ئـەوە وایـە تـۆ چیرۆکێك شـەرح بکـەی (أعلـن عـن إنسحاب مـرشح أو أكثـر في العملية الإنتخابية وهـو يعلـم بـأن..)، یـەعنی ئـەوە شـەرح کردنـە، مـن پـێم باشـە بووترێ ( إعلان الدعايات المغرضة للطرف الآخر في العمليات الإنتخابيـة)، ئـیتر ئـەم دیعایەیـە بـە هـەر چی نەوعێك بێ لە دیعایەتی موغریزە بخرێتە ئەو بابی سزایەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سۆزان خان بیر و بۆچوونەکەی منی باسکرد.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان لیژنەی یاسایی و ناوخۆ لە دەربارەی ئەو بۆچونانە، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ئەو پرسیارەی کاك حاتم کردی، بەڕاستی لە دەست نیشان کردنی سزایەکان لەو یاسایەدا و لە هەموو یاساکان، چەند خاڵەك هەیە تەحدیدی دەکات، خاڵی کە لە هەموو یاساکان مەبەستم ئەوەیە بەپێی جەسامەتی جەریمەکە، جەریمەکە چەند گەورە بێت، سزایەکە ئەوەندە دەبێ، واتا دەبێ تەسەقەك هەبێ لە نێوان جەسامەتی جەریمە و سزایەکان، خاڵی دووەم: ئەمە وەکو باسمان کرد ئەو برادەرانەی صیاغەی ئەو مادەیان کردییە، بە ئیتیفاقی خۆیان لەگەڵ لجنەی قانونی بە تایبەتی و لجنەی ناوخۆ ئەو سزایانەیان دانایە، خاڵی سێیەم: ئێمە هەوڵمان دا لەبەرئەوەی تۆزێك ڕەبت هەیە لەگەڵ عیراق، لەوانەیە هەندێك کیاناتی دی لەولاش هەبێ، بیانەوێ لێرە لە مەجالیس موحافەزاتی خۆمان خۆیان تەرشیح بکەن، محاوەلەمان کردییە تەسەقێك هەبێ لە نێوان سزاکانی ئێمە و سزاکانی ئەوەی شوێنەکانی تری بەغدا، ئەوەی سۆزان خان باسی کرد، بە ڕاستی لێرە جیاوازییەك هەیە، لەبڕگە یەك باسی (صور المرشحین) و بەرامجەکان دەکات، کەچی لە بڕگە سێ باسی هەموو وەسائیلی دیعایەی ئینتیخابی دەکات، هەر وەسائیلێك بێت جیاوازییەکە، ئەو صیاغەی جەنابیشت پێشنیارت کرد، من پێموایە جۆرێك لە صیغەی موتڵەقی تێدایە ئەو صیغە موتڵەقە لە مەوادی دیکە موعالەجەی کردییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا یەك موقتەرەحێك هەبوو کە دەمج بکرێ، ئەویش سۆزان خان بوو، لیژنەی یاسایی وەڵامیان دایەوە، ئێستا نەصی مادەکە وەك خۆی ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ، یەك کەس لەگەڵدا نیە، بۆ ماددەیەکی تر، لەگەڵ شەتبەکەی کە لیژنەی یاسایی و ناوخۆ ئیشارەتیان پێکرد، زۆر سوپاس، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و حەوتەم کە دەبێتە مادەی بیست و شەشەم.

ماددەی 26 :

بە گرتن بۆ ماوەیێك سزا دەدرێ، کە لەساڵەك کەمتر نەبێ هەر کەسێك ئەمانەی کرد:

**یەکەم: هێز یان گەڤی بەکار هێنا بۆ نەهێشتنی هەڵبژێر، لە بەکار هێنانی ماڤ خۆی یان وای لێ بکات بە جۆرێکی دیاری کراو دەنگ بدات.**

**دووەم: گەر شتێکی دا یان خستیە ڕوو یان بەڵێنی دا سوودێك بە هەڵبژێری یان غەیری ئەو بدات، تاکو بە جۆرێکی دیاریکراو دەنگ بدات، یاخود وا بکات دەنگ نەدات.**

**سێیەم: گەر سوودێکی قبوڵ کرد یاخود داوای کرد بۆ خۆی یا غەیری خۆی لەوانەی خزمەتێکی گشتیان، لە پرۆسەی هەڵبژاردندا پێدراوە.**

**چوارەم: گەر هەواڵی ناڕاستی لەنێو هەڵبژێرەکان بڵاو کردەوە لە بارەی ڕەوشتی یەکێك لە پاڵێوراوەکان یان لە بارەی ناوبانگ و ئابڕووی بە مەبەستی کارتێکردن لە ڕاکانی هەڵبژێرەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردندا.**

**پێنجەم: چووە ناو بارەگای تەرخان کراو بۆ هەڵبژاردن بە چەکی ئاگرین یا برینداركەر، بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.**

**شەشەم: جنێوی داو قسەی خراپی کرد یان دەستدرێژی کردە سەر لیژنەی هەڵبژاردنەکان، یاخود یەکێ لە ئەندامانی لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا.**

**حەوتەم: سندوقەکانی دەنگدان یاخود خشتەکانی هەڵبژاردن یاخود هەر بەڵگەنامەیەکی پەیوەندیدار بێ بە پرۆسەی هەڵبژاردنی تێکدا، یەعنی ببێ بە هۆی تێکدانی پرۆسەی هەڵبژاردن.**

**هەشتەم: بە کارهێنانی دروشمەکانی ئایینی و شوێنی پەرستن بۆ مەبەستی کاری حیزبی یاخود ریکلامی هەڵبژاردن.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**کاك سەردار فەرمووە.**

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

**مادەی 27 کە بویتە بیست وشەش.**

**الماده 26 :**

**یعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة كل من:**

**أولا: إستعمل القوة أو التهديد لمنع ناخب من إستعمال حقه لحمله على التصويت على وجه معين أو على الإمتناع عن التصويت.**

**ثانيا: أعطى أو عرض أو وعد بأن يعطي ناخبا فائدة لنفسه أو لغيره لحمله على التصويت على وجه معين أو على الإمتناع على التصويت.**

**ثالثا: قبل أو طلب فائدة لنفسه أو لغيره من من كان مكلفا بأداء خدمة عامة في العملية الإنتخابية.**

**رابعا: نشر أو أشاع بين الناخبين أخبارا غير صحيحة عن سلوك أحد المرشحين أو سمعته بقصد التأثير على آراء الناخبين في نتيجة الإنتخاب.**

خامسا: دخل إلى المقر المخصص للإنتخابات حاملا سلاحا ناريا أو جارحا خلافا لأحكام هذا القانون.

سادسا: سب أو قذف أو إعتدى على لجنة الإنتخابات أو إحدى أعضائها أثناء عملية الإنتخاب.

سابعا: العبث بصناديق الإقتراع أو الجداول الإنتخابية أو أية وثائق تتعلق بالعملية الإنتخابية.

ثامنا: إستخدم الشعارات الدينية أو دور العبادة لأغراض العمل الحزبي أو الدعاية الإنتخابية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

زۆر باشە، ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێ قسە بكەن، وجهەی نەزەری لیژنەی یاسایی و ناوخۆ، كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان و هەروەها زۆرینەی سەرۆكی لیژنەكان دانیشتنمان كرد، و بە گشتی هیچ تێبینیەكمان لەسەر ئەم ماددەیە نەبوو، بۆیە حەز دەكەین وەكو خۆی بڕوا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

سوپاس، كێ لەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بكەن؟ كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا تێبینیم لەسەر هەشتەمە تەبعەن، بەكارهێنانی دروشمەكانی ئایین و شوێنەكانی خواپەرستی بۆ دیعایەی حیزبی و دیعایەی ئینتیخابی، لە كاتێكدا بەكارهێنانی دائیرەكانی حوكمەت و موئەسەساتی دەوڵەت، عقوبەكەی لە شەش مانگ تێناپەڕێ، بەڵام بەكارهێنانی مزگەوت، خۆ من لەگەڵ بەكارهێنانی دا نیم بە هیچ شێوەیەك، بەكارهێنانی مزگەوت عقوبەكەی ساڵێك بێ، من پێشنیار دەكەم نەقلی بكەینە مادەی شازدە، وەكو دەوائیری دەوڵەت، وەكو ئەوانە حیسابی بكەین، یەعنی ئەو بۆ لەوێ شەش مانگ، بۆ لێرە ساڵێك،ئەوە یەك، دووەم مەسەلەی شیعاراتی دینی شتێكی وازح نیە، شتێكی ئەوەیە بە كاردەهێنرێ لەوانەیە بەرامبەر مورەشەحێك، بەرامبەر كیانێكی سیاسی، شیعاری دینی چی؟ یەعنی بڵێم (لا إله إلا الله، محمد رسول الله)، ئەوە شیعاری دینیە، ساڵێك بچنە ژوورێ لەسەری! یەعنی لە ماوەی حەملەی ئینتیخابی هەرچی قسەی بكەی، بە پروپاگەندەی ئینتیخاب حسێبە بتەوێ و نەتەوێ، من هەستم ئایەتێك شەرح كەم، ئەوە پروپاگەندەی ئینتیخابی كرد، ئەوە شیعاری دینی بە كار هێنا، بۆیە ئەوەی لاببەین باشە، وەللاهی خۆ كەس بەكاری ناهێنێ، من لەگەڵ نیم بەكار بهێنرێ، بەڵام بۆ ئەم پەرلەمانە وا باشە بەڕاستی، كەلیمەی شیعاراتی دینی لابردرێ، و ئەو بڕگەیە بچێتە سەر ماددەی شازدە، وەكو دەوائیری دەوڵەت تەعامولی لەگەڵ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

زۆر سوپاس، کاك حاكم سالم فەرمووو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەللا مولاحەزەم لەسەر هەر هەشت فەقەرە هەیە، هەر هەشت عقوبە ساڵەك كەمتر نەبێ، ئیحتیمالە هەزارەها حاڵەت پەیدا بن، ئەو كو موستەحەقی هەندێ نەبت ڕۆژەك حوكم بدرێن، ئەز دبێژم( یعاقب مده لا تقل عن سنه)، گەلەك عقوبەكا دژوارە، بێژین (یعاقب بالحبس مده لاتزید عن سنه)، سوپاس.

كاك جوتیار، فەرموو.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام سەرپێچییەكانمان ورد كردەوە، پەنجەمان خستە سەر هەموو سەرپێچییەكان، قسەی لەسەر كرا، یەك حاڵەتی تر هەیە، هەندێك نەخوێندەوار یان كەم ئەندام، پێویستە فەرمانبەرێك دەنگی بۆ بدات، ئەگەر ئەو فەرمانبەرە پێچەوانە دەنگی دا، ئایا لێرە جێی ئەبێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من مولاحەزەم لەسەر بڕگەی دووەم هەیە، ئەگەر شتێكی دا یان خستیە ڕوو یان بەڵێنی دا سوودێك بە هەڵبژێر یان یان غەیری ئەو بدات، دائیمەن حەملاتی ئینتیخابی لەسەر ئەوەی سوود بە دەنگدەر بگەیەنێ و بە خەڵك بگەیەنێت، من پێم وایە ئەوە زۆر جار حەسەب ڕشوە و بەرتیل دان، نەك لەوەی من حەملەی ئینتیخابی بۆ ئەوەی سوود بە هاووڵاتی بگەیەنم، نەك بۆ ئەوە ئەم وتانە بۆ دەكەم، ئەم خاڵە فەقەت لە بەرتیل دا هەیە، لە هەموو حەملاتی ئینتیخابی لەسەر ئەوەیە سوود بە هەڵبژێر بگەیەندرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

كاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەللامن پرسیاردەكەم، ئەگەر كاك سەردار گوێی لێبێ مەمنوونی ئەبم، بڕگەی چواری ئەو مادە، ئەوە ئەگەر هەواڵی ناڕاستی لەناو هەڵبژاردنەكان بۆ كەسایەتییەك، هەواڵی ناڕاست، ئەی ئەگەر هەواڵەكە ڕاست بوو، كابرا خائینە و ڕابردووی خراپ بوو؟ ئەوە عقوبەی چیە؟ لە بڕگەی چوار دەڵێ (ئەگەر هەواڵی

ناڕاستی لە ناو هەڵبژاردنەکان بۆ کەساتییەك هەواڵی ناڕاست لە بارەی ڕەوشتی یەکێك....)، ئەگەر هەواڵەکە ڕاست بوو؟ ئەمە خائین بووە، ئەوە پیاوی خراپە، عقوبەکەی چیە؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك عبدالرحمن فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن أحمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە لیژنەی ناوخۆ، دوو، سێ کەس تێبینیمان هەبوو لەسەر ئەم ماددەیە، ئێستا دەبوو لیژنەی ناوخۆ ئیشارەتی پێ بکەن، مەسەلەی درووشمەکانی دینی، ئەوە زۆر فراوانە، زۆر مەتاتیە بەڕاستی، دور العبادە ئەوە هەموومان یەك دەنگین، شوێنە پەرستراوەکان بەکار نەهێنرێن، بەڵام ئەوە وەزارەتی ئەوقاف بۆ خۆی تەعلیماتی هەیە، ڕێنمایی هەیە، بەڵام کە وتت دروشمی ئایینی ، مەسەلەن حیزبەکەی ئێمە لە (بسم الله)یەوە هەمووی شیعاراتی دینیە، هەمووی ئایەت و حەدیسە، یەعنی ئەمە تەفسیر دەکرێ بە شێوازی جیاواز و سیاسی، پاشان لە یاساکانی تر نەهاتووە، لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان باسی شوێنی پەرستنەکان دەکات، باسی دروشم ناکات، لە یاساکانی عیراق نەهاتووە، وە دڵنیاشم هەردوو حیزبی دەسەڵاتداریش دەچنە لادێکان، مزگەوتەکان بە کار دێنن، بەڵام لەوانەیە حیزبەکانی تر بە کاری نەهێنن، جا ئەگەر ئەوە ڕاست بکرێتەوە(دور العبادە) ەکە بمێنێت، شیعاراتی دینی لاببرێت، شتێکی چاکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

سوپاس، وەڵلا بە حەقیقەت خۆ (دور العبادە) بەس تەنها بۆ حیزبە ئیسلامیەکان مەخسەدی نیە ،بۆ هەموو لایەنێکی سیاسی و هەموو کیانێکە، ئیحتیرام بۆ ئەو شوێنە موقەدەسە کە نەکرێتە مونافەسەی دەنگدان، ئایەتیش تەنها بۆ حیزبی ئیسلامی نیە، بۆ منیشە بۆ حیزبەکانی تریشە، بۆ هەمووە، لەگەڵ هەرئەو ڕەئییە هەیە، چەند برادەرێك ئێستا پێشنیاری ئەوەیان کردووە، کە ئەوە لا بدرێت، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان لەو بارەوە، فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت تێبینیەکەی کاك زانا، تەبیعی بە تەئکید، ئەگەر یەکێك درۆ یا خراپکارییەك بکات لەناو مزگەوت و لە شوێنی موقەدەس، ئەبێ سزای زیاتر بێ لە شوێنێکی تر، چونکە ئەو شوێنانە بەڕاستی ئەبێ بپارێزرێ، یەعنی مەنتیقە سزاکەی بە قەدەر شوێنێکی تر بێ!؟ نابێ لەو شوێنانە نە درۆ بکرێ، و نە بەعزێ شتی خراپ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەو برادەرانە داوا دەکەن کە سزاکە زیاد بکرێ، یان کەم بکرێ، بەڕاستی ئەمن گفتوگۆیان لەگەڵ ناکەم، ئەوە بڕیاری خۆتانە، دوو، کاك زانا کە باسی ئەوەی کرد، شیعاراتی دینی مەفهوم نیە، جارێ پێش هەموو شتێك دەمەوێ تەصحیحەك هەیە، لە مادەی هەشت دەڵێ(الشعارات الدينيه )، لە تەبعەکە غەلەتێکی تێدایە، شعارا ت دينيه بە خۆی (الدين) بوو، بە داواکاری کاك زانا کردمانە شعارات دينيە، یەعنی شعارات الدينيه دەبی لە لای تۆ کاك زانا زۆر مەفهوم بێ، دووش، کە بڵێی(لا إله إلا الله، محمد رسول الله)، زیندانیت ناکات، هەمووومان وا دەڵێین، وەختی ئینتیخاباتیش ئەوە داخیلی شیعاراتی ئینتیخابی نابێ، ئەوەی کاك جوتیار باسی کرد لە مادده (25) فەقەرە (7) هەیە(غير إرادة الناخب الأمي و كتب)، ئەوە هەیە، ئەوەی کاك بارزان وەڵاهی بیرم نەمایە، ئەوەی کاك شيخ جعفر باسی کرد، لە مەوادی دیکە هەیە لە هەندەك بڕگە باسی(تجريح) دەکا، و باسی (تشهير) دەکا، لە هەندەك بڕگەی دیکە باسی(تخوين) و باسی(تكفير)، ئەوە عیلاجی کردییە، ئەوەی کاك عبدالرحمن باسی کرد بەڕاستی ڕاست دەکات، ئێمە لە لجنەی ناوخۆ، هەندەك ئەندامان تێبینیان هەبوو، لە ڕاپۆرتەکەشمان نووسرایە لەسەر ئەو مادەیە و ئەو بڕگەیە، دوو بەڕاستی باسی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆی کرد، ڕێنماییەکان کە دەربچێتن، عادەتەن دەبێ ئیعتیماد لەسەر مەوادی قانونی بکات، دەبێ مەوادی قانونی بۆی دانێ، ئینجا وەزارەت یاخود وەزیر دەتوانێ ئەو ڕێنماییانە دەربکات، سەبارەت بە یاساکانی عیراقی ئەوەی جەنابت باست کرد، ئێمە مەرج نیە یاساکان هەموو نوسخە تەبقل ئەسڵ بێ لە بۆ یاساکانی عیراقی، ئێمە تایبەتمەندییەکانی خۆمان دەپارێزین، لە زۆر شت تایبەتمەندیمان پاراستیە لێرە، نەك هەر لەوە، بۆ لە هەندەك بڕگەی دی باسی (عمل الحزبی)مان کردییە، لەوانەیە لە ئەوەی عیراقیش نەبێ، لە وێش تایبەتمەندی نەبووە، سێ، بەڕاستی باسی ئەحزابی گەورەیان کردییە، د. کمال ، جەنابی سەرۆك ببوورن، ئەوە لە بۆ هەمووانە، تەنها بۆ حیزبی ئیسلامی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەگەر چەند عقوبەکە زیاد بێت باشترە، بەڵام موخالەفە نەکرێ، با خەڵك فێر بێ، ئیلتیزام بە قەوانین بکات، لەبەر ئەوە بۆ ئەترسن یەکێ موخالەفە بکات سزا نەدرێ، هەر کەس بێ، با بدرێ، ئەگەر ڕەئیتان لەگەڵ بێ؟ ئێمە ماددەکە وەکو خۆی دەدەینە دەنگدانەوە، ئێستا دەنگدانە، ماددەکە وەك خۆی، بە هەر هەشت فەقەرەکەی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ چوار کەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە، فەرموو.

**بەڕێزجمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و هەشتەم کە دەبێتە ماددەی بیست و حەوتەم.

ماددەی 27:

به گرتن بۆ ماوەیەك سزا دەدرێ لە ساڵێك كەمتر نەبێ و بە غەرامەیەك لە سەد هەزار دینار كەمتر نەبێ و لە پێنج سەد هەزار دیناریش زیاتر نەبێ هەر كەسێك ئەمانە بكات:

یەكەم: هەركەسێك كاغەزەكانی دەنگدان یاخود خشتەكانی هەڵبژێرەكان یان ئەنجامەكانی بە هەر ڕێگایەك لە ڕێگاكانی دەستدرێژی كردنەسەر یان شاردنەوە یان لە ناو بردن یا تێكدان یا دزین.

دووەم: زیان بە ئازادی هەڵبژاردن یان ڕێوڕەسمەكەی بە هێز و گەف كردن گەیاند.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادەی 28 كە بوویتە 27 :

المادە 27:

یعاقب بالحبس مده لا تقل عن سنه و بغرامه لا تقل عن مائه ألف دینار و لا تزید عن خمسمائه ألف دینار كل من:

أولا: إستحوذ أو أخفى أو عدم أو أتلف أو أفسد أو سرق أوراق الإقتراع أو جداول الناخبین أو غیر نتیجتهما بأي طریقة من الطرق.

ثانیا: اخلف بحریة الإنتخاب و بنظامه بإستعمال القوة و التهدید.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

بەڕێزان، ئەگەر كەس ڕەئی و موناقەشەی نیە، دەیخەینە دەنگدانەوە، د. هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە (ثانیا) دووبارەیە لەگەڵ مادە بیست و دوو كە بووە مادە بیست، (أولا)كە باسی (أشكال الضغط أو التخویف) ، لێرە كە باسی قوە و تەهدید دەكات، پێم وابێ دووبارەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری مادەكە دەكەم بە تەواوی، بەڵام پێشنیار دەكەم، (أو سرق صنادیق أو أوراق الاقتراع )، ئیزافە بكرێت لەسەر فەقەرەی یەكەم، واتا كە دەیخوێنمەوە (أولا) (إستحوذ أو أخفى أو عدم أو أتلف أو أفسد أو سرق أو أوراق الإقتراع أو سجلات الناخبین أو غیر نتیجتهما بأي طریقة من الطرق)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

گەلاوێژ خان فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر مەبلەغەکە تەعقیبەکم هەیە، سەد هەزار زۆر کەمە، کە یەعنی قائیمەی ئەوراقی ئیقتیراع بدزرێت یان جەدوەلی ناخبین، سەد هەزار زۆر کەمە، من ئیقتیراح دەکەم لە پێنج سەد هەزار کەمتر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك بکر، فەرموو.

**کاك بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحەقەت من نازانم، من پێم باشە بڕگەیەك زیاد بکەین، ئینجا نازانم تێدا هەبووە یان نا؟ لەسەر ئاشکراکردنی بڵێن زانیاری لەسەرنەتیجەی ئینتیخابی پێش کۆتایی ئینتیخابات، پێش ئیعلان کردنی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان دەربارەی ئەو پرسیارانەی کە کرا و ئەو موداخەلانە، تکایە.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی د. هالە باسی کرد، جیاوازی هەیە، لێرە باسی ئەوە دەکات (یعاقب بالحبس) لە ئاخیری (کل من)، هەر کەسەك بێ، ئەوەی لە مادەی (22) هاتیە، تەنها باسی ئەحزاب و جەماعات و تەنزیمات وکیانات دەکات بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەی کاك عونی باسی دەکا، بەڕاستی کە صناديق دەدزرێ مەبەستمان سندووقەکان نیە، ئەوراقەکانی ناو سەنادیقە، ئەتوو لێرە کە دەڵێی (أوراق الإقتراع)، من پێموایە دەیگرێتەوە، ئەوەی کاك بکر تێنەگەیشتم بەڕاستی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکوکی):**

کاك بکر، فەرموو.

**کاك بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هینەکەی من ئەوەیە، پێشنیارەکەی من ئەوەیە، نازانم ئەگەر لە بڕگەیەکی تر هاتبێ، ئەگەر تێدا نیە ئیزافەی بکەین، ئاشکراکردنی زانیاری لەسەر نەتائیجی ئینتیخابات پێش کۆتایی هێنان بە ئینتیخابات ئەوە زۆر موهیمە، پێش ئیعلان کردنی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك خليل، فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی سەیدا عونی دەکەم کە ئەو سندووقیش دەوێ، چونکە ئەو ئەوراق الإقتراع چیّ بیت بیتاقەی ئیستیمارەی دەنگدانە، بەڕاستی لە پێشی لە ناو سندوق ئەو عەبەسە پیّ بکات، سندوق ئیزافە بکرێت باشە، ئەو شتەی کاك بکر گوتی زۆر باشە، هەرچەندە ناکرێت ئیعلانی ڕەسمی بە حیساب ناکرێت، بەڵام لەویّ لە عەدی فەرزەکە نەتیجەکە وابزانم عەمەلیەن هەر دەکرێت لەویّ، بەس ئیعلان ناکرێت، ئیستیمارەکە دەبردرێت بۆ مفەوەزیە، لەویّ ئیعلان دەکرێت، بەرەسمی نابێت و حیساب ناکرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئیعلانی نەتائیج بە تەدریج دەکرێت، رەسمی نیە، ئیعلانی رەسمی نیهائی دەکرێت لە هەموو دونیا، چەند سندوقێك هەبێت بڵاودەکرێتەوە، ئەوە زۆر زۆر تەبیعیە، بەس ئیعلانی نیهائی مفەوەزیە شوێنێکی بۆ دیاری دەکات، تەشخیسی دەکات دوای تەعن و ئەوانە لەویّ ئیعلان دەکات، ئێستا ئەو پێشنیارەی کاك عونی کردی، ئەگەر لیژنەی یاسایی و ناوخۆ وەری بگرن و سیاغەیەك بۆمان بکەن، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی سەرۆك سیاغەکە حازرە مانعمان نیە، عەدەمەش بگۆڕین بیکەینە(احرق)بۆیە بەو شێوازە دەبێت، بیکەین بە ماددەی (28) کە دەبێتە مادەی (27):

يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة، و بغرامة لاتقل عن مائة ألف دينار، و لاتزيد عن خمس مائة ألف دينار،كل من:

أولا: استحود أو أخفى أو عدم أو أتلف أو أفسد أو سرق صنديق الإقتراع، أو أوراق الإقتراع، أ, جداول الناخبين، أو غير نتيجتهما بأي طريقة من الطرق.

سجل الناخبين، جەداول دەکەینە (سجل الناخبين، سجلات الناخبين، أو غير نتيجتهما بأي طريقة من الطرق).

ثانيا: أخل بحرية الإنتخاب أو بنظامه بإستعمال القوة أو التهديد.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

ئاخیر سیاغە کە خوێندرایەوە، کاك سەردار بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بەڕێزان گوێی لیّ بگرن و بیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزان ئەیخەینە دەنگدانەوە، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 28 کە دەبێتە ماددەی 27:

المادە 27:

يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة، و بغرامة لاتقل عن مائة ألف دينار، و لاتزيد عن خمس مائة ألف دينار،كل من:

أولا: استحوذ أو أخفى أو عدم أو أتلف أو أفسد أو سرق صناديق الإقتراع، أو أوراق الإقتراع، أو سجل الناخبين، أو غير نتيجتهما بأي طريقة من الطرق.

ثانيا: أخل بحرية الإنتخاب أو بنظامه بإستعمال القوة أو التهديد.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركوكی):**

بەڕێزان دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە دەستی بڵند بکات تکایە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی (29) یەم کە دەبێتە مادەی (28).

ماددەی 28:

دەستدانە تاوانەکانی هەڵبژاردن، کە دەقیان لەم یاسایەدا هاتووە، بە سزای تاوانی تەواو دادەنرێ، ئەمەش بەدەرە لە حوکمەکانی بنەما گشتیەکان .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 28:

يعاقب على الشروع في جرائم الإنتخاب المنصوص عليها في هذا القانون بعقوبة الجريمة التامة، إستثناءا من قواعد الأحكام العامة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كمال كەركووكی):**

بەڕێزان کێ ئەیەوێ قسەی لەسەر بکا، یەك کەس، فەرموو کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو مادەی شروعە لێرەدا، مادەیەکی زیادەیە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی قانونە خۆی قانونێکی ئیستیسنائیە، عقوباتی زۆری تیایە خاصە بە عملیاتی ئینتیخابی، ئێمە لە جەریمە تامەکاندا عقوبەیەکی زۆر باشمان بۆ هەموو شتەکان داناوە، بەدئە بە تنفیز، بەڵام ئیتمامی جەریمەکە نەبووە، لەبەر ئەوەی خۆی قانونە، خۆی قانونێکی ئیستیسنائیە، تایبەتە بە قانونی ئینتیخابات، یەعنی عقوباتی عام نیە، کە شامل بێ و عام بێ بە هەموو جەریمەکان، شامل بێ و بەسەر هەموو کەسەکان جێ بە جێ بێ، ئەمە بۆ حالەتێکی تایبەتیە، من پێموانیە ئەم ماددەیە جێگای نەبێ لێرە، مادام بۆ جەریمەکان عقوبەی تایبەتیمان داناوە بە حەبس و غەرامەیەکی زۆر، ئەو مادەیە زیادەیە، زیادەیە لێرە و لا بدرێ باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی، وەریدەگرن ئیقتیراحەکەی؟ کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینە وەك خۆی، چونکە جەرائیمی ئینتیخاب، بە شروعیش جەریمە دەبێ، تەهدید لێ ئەکرێ، بەڵام تەنفیز نەبووە، تەهدید لێ ئەکرێ، مەنعی ئینتیخاب ئەکات، لەسەر سەوتی دەکات، ئەمە تەنفیزیش نەبووە، ئەگەر تۆ بە قەواعیدی عامە بکەی، ئەمە نابێتە جەریمە، شروع نیە، ئینجا لێرە ئیستیسنائە لەوە، ئەمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان مادەکە وەکو دەقی خۆی هاتووە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز کات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بە زۆرینەی دەنگ، دوو کەس لەگەڵدا نیە، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی (30) کە دەبێتە مادەی (29):

ماددەی 29:

یەکەم: لە بارێکدا کە بەشداریکردنی کیانی سیاسی لە هەستان بە هەر تاوانێك لە تاوانەکانی هەڵبژاردن ئیسپات بوو، کە دەقی لەم یاسایەدا هاتووە ئەوە بە غەرامەیەکی دارایی سزا دەدرێ، کە گوژمەکەی 50 ملیۆن دینارە.

دووەم: کیانی سیاسی بێ بەش دەکرێ لەو دەنگدانەی کە بە دەستی هێناوە لە مەڵبەندی هەڵبژاردنەکە، لە بارێکدا ئەگەر یەکێك لە تاوانەکانی هەڵبژاردن کە دەقی لە بەندەکانی یەکەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و مادەی بیست و شەش و مادەی بیست و حەوتی ئەم یاسایەدا هاتووە.

سێیەم: هەرکەسێك سەرپێچی لە حوکمی بڕگەی یەکەم لە مادەی بیستی ئەم یاسایەدا کرد، ئەوا سزا دەدرێ بە گرتن وە بە غەرامەیەك لە 10 ملیۆن کەمتر نەبێت و لە بیست و پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

أولا: في حالة ثبوت مساهمة الكيان السياسي في إرتكاب أي جريمة من الجرائم الإ نتخابية، و المنصوص عليها في هذا القانون، يعاقب بغرامة مالية مقدارها 50 مليون دينار.

ثانيا: يحرم الكيان السياسي من الأصوات التي حصل عليها، في المركز الإنتخابي، في حالة إقترافه إحدى الجرائم الإنتخابية المنصوص عليها في البنود: أولا، خامسا، سادسا، سابعا، ثامنا من المادة السادسة و العشرين والمادة السابعة و العشرين من هذا القانون.

ثالثا: يعاقب بالحبس و بغرامة لا تقل عن عشرة ملايين دينار، و لاتزيد عن خمسة و عشرين مليون دينار، كل من خالف حكم الفقرة أولا من المادة العشرين من هذا القانون. بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):

بەڕێزان ئێستا خوێندرایەوە ،کێ دەیەوێ قسە بکات، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی 50 ملیۆن دینارەکە، نازانم چۆن وەردەگیرێ، بۆ کۆمسیۆن کاتێك کە کیانێك تەسجیل دەکات ،بیست و پێنج ملیۆن وەکو تەئمینات وەردەگری، بۆ ئەوەی غەراماتی لەسەر حیساب بکات، ئێستا ئەوە لە بیست و پێنج ملیۆن زیاترە پارەکە، چۆن وەردەگیرێ، دەبایە کەمتر بایە لە بیست و پێنج ملیۆن، بۆ ئەوەی کۆمسیۆن بتوانێ وەریگرێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك بارزان، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پرسیارێکم هەیە، ئەو کیانە سیاسیەی کە بێ بەش دەکرێ لە دەنگدان، دەنگەکانی ئەفەوتێ، هەر بە پێی موعەدەلی باقی ئەقواکە تەوزیع دەکرێ بەسەر لیستەکانی تردا؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئەوە بڕیارماندا، موناقەشە کرا، پەرلەمان ئیتیفاقی کرد، باسی باقی ئەقوا لێرە نیە، ئێستا باسی ئەم ماددەیە، ڕەئیت چیە لەسەری؟ چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من بەس پرسیارێکم هەیە لە خاڵی سێیەم لە بڕگەی سێیەم کە ئەڵێ (یعاقب بالحبس)، مودەی حەبسەکە بۆ لێرە دیاری نەکراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە فەقەرە سێدا (یعاقب بالحبس و بغرامە لا تقل عن عشرە ملایین دینار، کل من خالف حکم الفقرە أولا من المادە (22)، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مادەی (22)، باسی کیانی سیاسی دەکات لە فەقەرە دوو و لە فەقەرە سێدا، لێرە لە ئەسڵی مەشروعەکە باسی ماددەی (22) دەکات، باسی 22 دەکات، ئەگەر بێینە سەر ئەسڵی مەشروعەکە لەسەر (22)، فەقەرە دوو و فەقەرە سێی باسی کیانی سیاسی دەکات، کیانی سیاسی شەخسێکی مەعنەویە لێرە، بە حەبس و غەرامە ئەوە شتێکی غێر قانونییە، بە کورتیش باسی لەسەر کراوە، دووەم: لە مادەی (22)، خۆی کیانی سیاسییەکە ئەگەر یەکێ لەو موخالەفانە بکات عقوبە دراوە بە حەرام کردنی، بە مەحو کردنی لە موشارەکە لە ئینتیخابدا، وە هەر کەسیش موخالەفە بکات یەك جار عقوبە دەدرێ، من پێموایە ئەو فەقەرەیە لێرە زیادە بە نیسبەت کیانی سیاسی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکوکی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی، وەڵامی پرسیاری ئەو بەڕێزانەی کە موداخەلەیان کرد، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئەوەی کاك زانا باسی کرد، سەبارەت بەو 25 ملیۆنەی کە کیانی سیاسی لە موفەوەزییەی دادەنێ، ئەوە نەك هەر تەنها لە بۆ غەرامات، بەڵکو هەر کیانی سیاسییەك ئەگەر دەنگ نەهێنێ، ئەو پارەی لە بۆ هەیئەت دەڕواتن ناگەڕێتەوە، دووەم: مەسەلەی وەرگرتنی پارەکە و چۆنیەتی وەرگرتنی پارەکە، بەڕاستی ئەوە بۆ مەحاکم، بۆ دادگاکان و بۆ دائیرەی جێبەجێ کردن یاخود دائیرەی تەنفیز دەگەڕێتەوە، سێیەم: چرۆ خان باسی حەبس دەکات، دەڵێ ئەوەی سێیەم بۆ حەبسی تێدایە، لە بڕگەی یەکی ماددەی 22 کە بویتە 20، لەبەر ئەوەی ئەفرادی تێدایە، چونکە ئەفرادیشی تێدایە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

حەبس لە 24 سەعات تا پێنج ساڵ دیارە، قانونییەکان سەری لێ دەردەکەن، ببوورن.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگە سێی مادده 30 باس لەوە دەکات، لە بۆ ئەفراد هاتییە، بۆیە باسی ئەفراد هاتییە، باسی غەرامە کرایە، وە تەنها غەرامەکە لە بۆ فەقەرە یەکە، باسی فەقەرە دوو و سێ ناکا، فەقەرە دوو و سێ لە مادەی 22 کە بویتە 20، عقوبەی خۆی لەگەڵ خۆیتی، کە دەڵێ (یحرم أي حزب أو کیان سیاسي)، ئەوەی لێرە باسی دەکەین تەنها برگە یەکە کە عقوبەکە، سزاکەی لەگەڵ دا نییە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا مادەکە وەك خۆی ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز کات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، یەك کەس دژە، بۆ مادەیەکی تر، تکایە. سێ مادە ماوە، ئەوەکانی تری زۆر ڕۆتینییە، هەر ئێستا تەواو دەبێت، بۆ ئەوەی بڕۆین، قانونێکی تر تەواو کەین پاشان، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی حەوتەم**

**حوکمە گشتی و کۆتاییەکان**

ماددەی سی و یەکەم کە دەبێتە ماددەی سییەم:

ماددەی 30:

1 ـ دەستە سەیری ئەو ناکۆکی و ناڕەزاییانەی کە لە کاتی ئامادەکردن و جێبەجێ کردنی ڕێکارەکانی هەڵبژاردن دەکات و بڕیاری خۆی دەدات.

2ـ دەستە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان-عیراق، کە لە سێ دادوەری نا موتەفەریغ پێك دێ، بۆ سەیرکردنی ئەو تانوتانەی کە بۆی هاتووە لەلایەن دەستە یان کەسەکان یان کیانە زیان لێ کەوتووەکان، لە ئەنجامی بڕیارەکانی کۆمسیۆن و بڕیارەکانی یەکلاکەرەوەیە.

**الفصل السابع**

**أحكام عامة و ختامية**

المادة 30:

1ـ تتولى الهيئة النظر في الخلافات و الإعتراضات الواقعة خلال إعداد و تنفيذ إجراءات الإنتخابات.

2- تتولى هيئة في محكمة تمييز إقليم كوردستان - العراق، تتكون من ثلاثة قضاة غير متفرغين للنظر في الطعون المحالة إليها، من قبل الهيئة أو الأفراد أو الكيانات المتضررة من جراء قرارات المفوضية، و تكون قراراتها باتة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كمال كەركووكی):**

بەڕێزان کێ لەسەر ئەو ماددەیە دەیەوێ قسە بکات؟ نوقتەی نیزامی مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتر ئیقتیراحێکم هەبوو، بەس دیار بوو گوێیان نەدایێ، کاك فەرسەتیش، لە نیهایەتی فەسلی شەشەم ئەگەر بهاتایە ماددەیەکی ترمان ئیزافە بکردبایە، بۆ ئەوەی کەوا دەستی حاکم نەبەستین، زۆرجار جەریمە هەیە لەوەی بە قوەتترە وەزیفەکەی، مادەییێکی نوێم ئیقتیراح کرد، کە (لا يحول فرض العقوبات الواردة في هذا الفصل من فرض عقوبة أشد، وردت في قانون العقوبات أو المواد الجزائية الأخرى النافذة في الإقليم)، ئەوەی بکەین زۆر زۆر بە کەڵکترە بۆئەوەی کە بتوانین موحاکەمەی بکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كمال كەركووكی):**

لەسەر ئەم پێشنیارە کێ دەیەوێ قسە بکات، قانونییەکان تکایە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو عقوبانەی کە لە جەرائیمی ئینتیخابی تەحدید کرایە لە قانونەکە، وا بزانم هەتا حەدەك زۆر توندە، ئەگەر ئەو ماددەی کە مامۆستا کاکە پێشنیار دەکات ئیزافە بکرێ، زۆر زۆر قورس دەبێ، وابزانم موجبیشی نیە لەوەی زیاتر توندی کەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كمال كەركووكی):**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان بۆچوونی کاك عونیم هەیە، ئێمە جەرائیمەکانمان تەسنیف کردییە، موخالەفات، جنح، تا جونەح هاتییە، بەڕاستی لەوە زیاتر نیە لە زۆربەی جەریمەکان، ئەوەی ماموستا کاکە دەڵێت ئێستا، ئەوە ئیزافە بکەین، عقوبەکان بەرەو تەشدید کردن دەروات، چونکە لێرە ئەگەر تەزویرمان هەیە، عقوبەمان بۆ داناوە حەبسە، لەوێ تەزویر رەنگە بۆ 15 ساڵ دەروات، بۆیە مەعقول نیە ئێمە ئەگەر عقوبەکی ئەشەد هەبێت، ئەو عقوبە ئەشەدەکەی بدەن، بۆیە پێموایە ئەوەی لە یاساکەدا لە جێی خۆیەتی بەراستی، بۆ رەچاو کردنی ئەو قانونەی کە بۆ فەترەکی مەرحەلیە، چوار ساڵ جارێکە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێز کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاورام لەگەڵ کاك شێروان و کاك عەونی، ئیزافە بە شتێکی دیکە، ئێمە لە نەصی ئەو مەشروعە باسێکمان لەسەر کردووە، کەوا (لایعمل بای نص یعارض مع احکام هذا القانون) ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترئەوەی کە جەنابی مامۆستا کاکە باسی لەسەر دەکات، عقوبەی ئەشەدی بدرێتێ، ئەمە تەفسیلێکی بۆ کراوە، هەموو عقوبەی خۆی بۆ دانراوە، شتێکی تر هەیە لە قانون، ئەگەر وای لێبێت ئەو کاتە قازی ناچار دەبێت قانونی ئەسلەح بۆ متەهەم بەکار بێنێت، بۆ ئەوەی کە جەریمەکەی کردووە و مخالفەی کردووە، لەبەر ئەوە ( من حیث النتیجة)هەر دەگەڕێێتەوە سەر ئەم قانونە، لەبەر ئەوە ئەو قانونە خۆی شتێکی وەقتیە، من پێشتر وام گوت و ئیشارەتم پێی دا ، ئەمە عقوباتی عام نیە، ئەمە قانونێکە خاصە بە عەمەلیەکی ئینتیخابی موحەدەد، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، سۆزان خان، فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تازە لەقەبت دامێ حاکم، ئەوها بە ئاسانی دەستی لێهەڵناگرم، من پرسیارێکم هەیە، (تتولی الهیئة النظر فی الخلافات الاعتراضات الواقعة).**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**لیسر ئەو قانونەیە، ئەو قانونەی کە پێشتر یەکێك، کاك شێروان و کاك عەونی و کاك عمر رەفزیان کرد، باشە مەمنون، کاك کاکە ئەگەر سەحبی بکەی، ئەوە بە سەلامەت دەربازی دەبێت، بەڵێ مەمنون، ئەسڵی قانونەکە وەکو خۆی هاتووە، ماددەی 31 بۆ ماددەی 31، ببورن، ماددەی 31، کە دەبێتە 30، کە مناقەشەی لەسەر هەبوو، تەواو بوو، قسە کرا لەسەری، بەس سوزان خان مابوو، فەرمووو سۆزان خان.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لێرە پرسیارم هەیە، ئەوەلەن دەڵێت(تتولی الهیئة النظر فی الخلافات والاعتراضات الواقعة خلال اعداد وتنفیذ اجراءات الانتخابات) ئەمە مەبەستی دەستەی هەڵبژاردنە ئەوەی خۆمان، بەلاّم ئەوەی کە لێی تێناگەم، ئەزانم مەحکەمەی تەمیزیش ئەو بڕیارانە دەدات، (فی الطعون المحالة الیها من قبل الهیئة أو الافراد أو الکیانات المتضررة من جراء قرارات المفوضیة وتکون قراراتها باتة) یەعنی لێرە سەیری بکە چۆن هەیئە خۆی تعون وەردەگرێت، کەچی هەیئە خۆی دەچێت پەنا دەباتە بەر مەحکەمەی تەمیز بۆئەوەی، وازح نیە لەلای من، تکایە بۆم شەرح بکەن.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**تکایە لیژنەی یاسایی روونکردنەوە بۆ وەلاّمدانەوەی سۆزان خان.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەكە زۆر وازحە، لە كيانات، لە ئەفراد ئەوانە بۆ مفەوەزيە دەچن، يانيش كيان هەقی هەيە تەعن راستەو خۆ بباتەوە بۆ، هەيئەی قەضاوات، دادگای تەميز، يانيش شتێكە، يان تەعنێكە، ئيعتزازێكە هەيئە حەسمی ناكات، ناتوانێت سەيری بكات، دەڵێت تكايە ئەو مەوزوعە بچێتە مەحكەمە ئيحالەی بۆ بكات، ئەگەر شتێكی ئيداری فەنی بێت بتوانێت، ئەوە خۆی حەلی دەكات، ئەگەر نەيتوانی ڕەوانەی مەحكەمەی تەميز بكات، بۆ كياناتی موتەزەرەريش هەيە راستەوخۆ بۆ مەحكەمەی تەميز بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئێستا ماددەكە وەكو خۆی هاتووە، بە ئيزافەی (م) رجائەن بيخوێنەوە، وەكو ئاخير سياغە بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عەينی بەو شێوەيە لە قانونی ئينتيخاباتی پەرلەمان، كو فەترەيەكی لەمەو پێش دەنگمان بۆدا، بە عەينی شێوە بوو، ئێستا بەو شێوەيە دەيخوێنمەوە،

(المادة (31):

أولاً: تتولى الهيئة النظر في الخلافات والاعتراضات الواقعة خلال اعداد وتنفيذ اجراءات الانتخابات.

ثانياً: تتولى هيئة في محكمة تمييز اقليم كوردستان_العراق من ثلاثة قضاة غير متفرغين للنظر في الطعون المحالة اليها من قبل الهيئة أو الافراد أو الكيانات المتضررة من جراء قرارات المفوضية وتكون قراراتها باتة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

نوقتەی نيزامی فەرموو، بەس نوقتەی نيزامی.

**بەڕێز عادل محمدامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەموو تەعنێك مودەی قانونی هەيە، ئێمە لێرە مودەمان دانەناوە، هەموو تەعنێك لە هەموو جێگايەك مودەيەكی هەيە، پێويستە مودەی هەبێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، ليژنەی قانونی، فەرموون.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەمزانی كاك عادل، ببورە نەمان زانی چی گوت.

**بەڕێز عادل محمدامين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەڵێم هەموو تەعنێك مودەی قانونی هەیە، ئایا ئەو تەعنە ماوەکەی چەندە؟ 10 ڕۆژ، 15 ڕۆژ،چەندە؟.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە لە ئەحکام عامە لە تەمیز هەیە، لە مودەی محەددەدە ئەوە باس کراوە، چۆن 15 ڕۆژ نیە.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە یەك هەڵە هاتووە، ئەویش وابزانم هەڵەیەکی مەتبەعیە، (أو الكيانات المتضررة من جراء قرارات هيئة)یە نەوەکو (مفوضية)(وتكون قراراتها باتة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ئاخیرسیاغەتان بخوێننەوە، بۆئەوەی بدرێتە دەنگدانەوە، تکایە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (31):

أولاً: تتولى الهيئة النظر في الخلافات والاعتراضات الواقعة خلال اعداد وتنفيذ اجراءات الانتخابات.

ثانياً: تتولى هيئة في محكمة تمييز اقليم كوردستان_العراق تتكون من ثلاثة قضاة غير متفرغين للنظر في الطعون المحالة اليهامن، قبل الهيئة أو الافراد أو الكيانات المتضررة من جراء قرارات الهيئة وتكون قراراتها باتة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال کەرکووکی):**

بەڕێزان وەکو چۆن ئێستا خوێندرایەوە، نوقتەی نیزامی کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە پێویستە بە نیسبەت فەقەرەی یەکەم سەقفێکی زەمەنی بۆ دابنێین، چونکە لە هی دووم ئێمە گوتومانە قەراراتی مەحکەمەی تەمیز باتە، ئەوە مشکیلە نیە، بەڵام هی فەقەرەی یەکەم، بە قەناعەتی من پێویستە سەقفێکی زەمەنی بۆ دابنرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال کەرکووکی):**

ئەعزای لیژنەی یاسایی پێشنیارتان، چیە؟ چونکە ئەمە لە لای خۆتانەوە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیمکان هەیە بلّێین (تتولى الهیئة النظر في الخلافات والاعتراضات الواقعة خلال مدة خمسة عشرة یوما من تاریخ ورودها الیها، و الخاصة بتنفیذ اجراءات الانتخابات) یان پازدە یان 10ڕۆژ کەیفی خۆتانە، یان اسبوع.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەمە ئینتیخاباتە، سەقفێکی زۆری لازم نیە، دەبێت زۆر زوو حەسم بکرێت، کاك کریم تەوزیحەکەت بدە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێمواپە لێرەدا خۆی( خلال اعداد وتنفیذ اجراءات الانتخابات) یەعنی (اعداد و تنفیذ اجراءات الانتخابات) مودەکەی دیارە لەلای مفەوەزیە، خلالی ئەو مودە، مودەکەی دیارە، پێویست ناکات ئێمە لێرە زکری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان دەتانەوێت سەعاتێکی تر بێینەوە یان دەتانەوێت سبەی، باشە سبەی سەعات، لیژنەی یاسایی پێشنیارەکەتان بخوێننەوە بۆ ئەوەی تکایە، ڕەجائەن، سێ ماددە مایە بۆ ئەوەی تەواو بێت، بۆ ئەوەی بەیانی ئیشی تری زۆرمان هەیە، بێینە سەر ئەوانە، ڕەجائەن تکایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ معالەجەی ئەو نەقسە برگەیەك ئیقتراح دەکەین بەو شێوەیە بێت، دەبێتە (اولاً ئیضافة:من کیانات أو الافراد أو الکیانات المتضررة الاعتراض والطعن على قرارات واجراءات الهیئة خلال ثلاثة ایام من تاریخ صدورها) ئەوە دەبێتە یەکەم، ئەوی تر دەبێتە (تتولى هیئة في النظر في الخلافات والاعتراض ) ئەوە دەبێتە ثانیا بەس ( لمدة سبعةایام) ئیزافە بکەین، ئەوەی تریش وەکو خۆی دەمێنێتەوە، مەحکەمەی تەمیز دەزانێت چۆن ئیشی خۆی دەکات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان وەکوئێستا خوێندیانەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە ، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟سوپاس ، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ یەك کەس لەگەڵ دانیە، سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر، تکایە، فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سی و دووەم:

یەکەم: ڕۆژی هەڵبژاردنەکان بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیازێك لە دەستەوە دەست نیشان دەکرێت لە ڕێگەی هۆیە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنەوە بەر لەوادەی ئەنجامدانی بە (60) شەست ڕۆژ ڕادەگەیەنرێ.

دووەم: دەنگدان لە یەك ڕۆژدا دەبێت بۆ ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان.

سێیەم: لە بارێکدا نەتوانرا هەڵبژاردنەکان بکرێن، ئەوا ئەنجومەنەکان بەردەوام دەبن لە بەڕێوەبردنی کاروباری تاکو ئەنجومەنە نوێیەکان هەڵدەبژێردرێن.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 32 کە بویتە 31،**

**المادة (32):**

أولاً: يحدد موعد الانتخابات بقرار من رئاسة مجلس الوزراء بناء على اقتراح من الهيئة يعلن عنه بوسائل الاعلام المختلفة قبل الموعد المحدد لاجرائه بـ(60) ستين يوماً.

ثانياً: يجري التصويت في يوم واحد لمجالس المحافظات.

ثالثاً: في حالة تعذر اجراء الإنتخابات تستمر المجالس في إدارة شؤونها لحين انتخاب مجالس جديدة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان کەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، کاك عادل کاك ڕشاد، فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی 3 هەیە، ئەڵێت ئەگەر ئینتیخابات نەکرا، ئەنجومەن هەر بەردەوام دەبێت، ناکرێت بۆ ماوەیەکی نادیار بەردەوام بێت، باش وایە مودەیەك دیاری بکەین ئێمە بەراستی ئەوە بۆتە عورفێك ئەو مەسەلەیە، شارەوانیەکان هەڵبژێردران و ئەو ساڵ پەرلەمان 13 ساڵە، یەعنی ئێمە بەراستی ئەو مەوزوعە بیبڕینەوە، باش وایە کاتەکە دیاری کراو بێت، مەسەلەن بۆ ماوەی سێ مانگ تصریف اعمال ئەگەر هەڵبژاردن نەکرا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك ڕشاد، فەرموو.

**بەڕێز ڕشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بڕگەی دووەم، (يجري التصويت في يوم واحد لمجالس المحافظات) ئیزافە بکرێت (والاقضية والنواحی) چونکە هەرسێك بەیەکەوە دەبێت، لە پێناسەی ئەوها هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس لیژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز ڕشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بڕگەی سێیەم، ئەگەر ئینتیخاب نەکرا، ماوەکە دیاری بکرێت، ئیلا ئەو مەجلسە شەرعیەتی نامێنێت، ئیشەکەی دەبێتە تەسریفی ئەعمال، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕگەیە بڕگەی سێیەم (في حالة تعذر اجراء الإنتخابات) بۆ ئەوە دانراوە خۆی لە ناو بڕگەکە هاتووە دڵێت( في حالة تعذر) ئەگەر عوزری لەگەڵ بوو نەکرا، وە خالی دەوام لەبەر ئەوەی دامان ناوە هەتا ئەگەر نەکرا، جارێکی تر ناچار نەبین لە پەرلەمان بێت تەسویتی بۆ بکەین، قەراری بۆ بدەین، وەکو ئەوەی ئەو ساڵ کرا، هەر بەخۆی یاسایەکە چارەسەری ئەو کێشەیە دەکات، حاڵەتی دووەم ئەوەی مام رشاد باس دەکات، بەراستی هەڵبژاردنەکان بۆ پارێزگاو (والاقضية والنواحی ) لەیەك ڕۆژ ناکرێت، (والاقضية والنواحی) عادەتەن ئەوەی عیراق، مەسەلەن ماددەیەکی هەیە دەڵێت شەش مانگ پاش محافەزات دەکرێت، دوای شەش مانگەکەش نەیان کرد، دوایان خستەوە،.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا ئەم ماددەیە وەکو خۆی کە هاتووە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سی و سێیەم کە بۆ تە ماددەی سی و دووەم،

ماددەی سی و سێیەم:

پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو پاسەوانی هەرێم (زێرەڤانی)و سوپاو کارمەندانی نەخۆشخانەکان و بەندیخانەکان و ئەوانەی لێیان دابەزیوون، لە مەڵبەندی دەنگدانی تایبەتی بەڕێوە دەچێ کە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەست نیشانیان دەکات، بە مەرجێك پێش چل و هەشت کاتژمێر لە وادەی هەڵبژاردنەکە جێ بەجێ بکرێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (33):

تجري عملية اقتراع منتسبي قوى الأمن الداخلي وحرس الاقليم (البيشمه ركة) والجيش والعاملين في المستشفيات والسجون ونزلائهما في مراكز اقتراع خاصة تحددها الهيئة بالتنسيق مع الوزارات المختصةعلى ان تجرى قبل ثمانية واربعين ساعة من موعد اجراء الانتخابات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان كێ لەسەر ئەم ماددەیە قسەی هەیە؟، نیە، ئەم ماددەیە وەكو خۆی دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەیەكی تر تكایە

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سی و چوارەم كە دەبێتە ماددەی سی و سێیەم،

ماددەی سی و چوارەم:

پێویستە لەسەر هەموو لایەنێكی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان پێش ئەوەی بچینە ئەو ماددەیەی سی و سێ، بەڕێزان لە كتلەی برا ئاشوریەكان پێشنیارێكیان هەبوو، بۆ محافەزەكانیش كۆتا دەبێت، برا ئەرمەنیەكان و برا توركمانەكان و برا ئاشوریەكان داوایان دەكرد، ئینجا ئەم نوقتەیە ئایا بۆ ئەم مەرحەلەیە زەرورە یان بخرێتە مەرحەلەیەكی تر، تكایە رەئیتان لەسەری بدەن و بخرێتە دەنگدانەوە، كێ دەیەوێت قسە بكات لەسەر ئەم ماددەیە؟، كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە كوردستان زۆر حەریسین تا بتوانین مافیان بدەینێ، ئێمەش بەشداریان بكەین، لە هەموو مەجالس، وەكو خوتەمان داناوە لەپەرلەمان راستە ئیحتیماله زۆر دەقیق نەبین لە تەشخیس كردنی، لەبەر ئیحسائمان نیە تەواو، كەمە یان زۆرە، ئەوە بۆ ئیحسا دەمێنێت، بە عەینی مەعناوە بە عەینی تەسەورو بۆچون، من وا دەبینم یەعنی ئێستاش پێویستە ئێمە ئەو كۆتایە دا بنێین بۆ برا توركمانەكان، بۆ برا كلدانەكان و ئاشورو سریان، لە مەجالسی محافەزات دا بنێین، ئەوە لە دهۆك مەعلومە كە مەسیحی هەن، بەو مكەوناتە دوو مەقعەد بۆیان دادەنێین، لە هەولێریش دوو بۆیان دادەنێین، سێ توركمان، سلێمانیش یەكێك بۆ مەسیحی، من ئیقتراح بەو شێوەیە دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ داین، یەعنی کوتلە بۆ برایانی کلدو ئاشوری دابنرێت، بۆ برایانی تورکمان، بەلاٚم حەدی مەعقول یەعنی ئەگەر ئەوەکمان لەبەر دەست بێت، ئیحسائیەك من ناتوانم لە خۆمەوە بڵێم سێ بۆ تورکمان، بۆ نمونە، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ برایانی تورکمان پێنج مەقعەدمان داناوە، لە کۆی 111، لە هەولێر ئەگەر تەقسیمی مناسب هەبێت، تەقریبەن 29 کورسی دەبێت، لەو 29یە دەبێت تۆ بزانی لەولا چەندە، چەندکەم دەکرێتەوە، ئەگەر یەك مەقعەد بێت، بۆ برایانی کلدو ئاشوریش بەهەمان شێوە، سلێمانیش بەراستی من لەگەڵ ئەوە دانیمە لە سلێمانی مەقعەد دابنرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باوەڕناکەم کەس هەبێت لەناو ئەو پەرلەمانە، لەگەڵ ئەوە دانەبێت کە کۆتا بۆ برایانی بەڕێزم تورکمانەکان و ئاشوری و کلدانی و سریانیەکان دابنێت، چونکە ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز هەیە، بۆ پاراستنی مافی ئەو نەتەوانەی کە لەگەڵ ئێمە دەژین لە گۆڕپانی کوردستان، ئەمە لە لایەك لەلایەکی تریشەوە مەرج نیە ئێمە، کۆتا لە ناو یاسایەکە دیاری بکەین، چونکە ئێمە هەتا ئێستا هیچ ئیحسایەکمان لەبەر دەستدا نیە، بتوانین چۆن بۆ برا تورکمانەکان کورسی دابین بکەین، برا ئاشوری و کلدانی و سریانیەکان کورسیان بۆ دابنێین، دەبێت چەندیان بۆ دابنێین، ئێمە هیچ ئیحسایەکمان لەبەر دەستدانیە، بۆیە ئەمە پێویست بە دیراسە دەکات، جگە لەوەش ئێمە رابردووەکمان هەیە لەگەڵ ئەو بەڕێزانە زۆر لەو مافانەی کە هاتۆتە جێبەجێ کردن هەموو بە تەحالوفاتی سیاسی هاتۆتە جێبەجێ کردن، مەرج نیەئیلا لەناو ئەو یاسایە ئێمە دەبێت جێگیری بکەین، بەبێ ئەوەی هیچ دیراسەیەکمان هەبێت بۆ ئەو مەسەلەیە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام لەگەڵ مەبدەئەکەدام، هەموومان وابزانم لەگەڵ ئەو مەبدەئەین، بەلاٚم من پێمواپە لەو قۆناغە ئێمە بۆ تەحالوفاتی سیاسی بەجێی بهێلین، هەروەکو لە پەرلەمانی ئەو خولەی ئێستا بە تەحالوفاتی سیاسی ئەو مەسەلەیە جێبەجێ کراوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوە دام ئەو شوێنانەی کە چڕیەکی دانیشتوانی ئەو پێکهاتانەی هەیە،نوێنەریان هەبێت لە ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەتایبەتی دهۆك و هەولێر، رێژەکەی چۆن بێت چۆن نەبێت، ئێمە دەبێت بە دیراسەیەکی ورد بێت، بەپێی پێوەرێك بێت، نابێت لە خۆڕا دەست نیشان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێك لەو برادەرانە دەکەم، کە ئاشوری و سریانی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال کەرکووکی):**

پرسیار مەکە، رەئی خۆت بدە رەجائەن، رەجائەن رەئی خۆت بدەو بەس.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئینتیخاب بکرێت ، مجلس ناحیە بێت، مجلس ناحیەی عنکاوە، ئەگەر کۆتای بۆ دانەنێن، یەعنی هیچ کەس دانەنێن، ئەوە زەرەر دەکەن، نواحی و ئەقزیەکان، بەلآم لە محافەزەکان لەوانەیە کۆتا بۆ ئەوان دابنێن، بەلآم لە قەزاو ناحیەکان لە بەرژەوەندی ئەواندا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال کەرکووکی):**

گەلآوێژ خان، فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شاباجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەرلەوەی چەندین برادەران باسیان کرد، خۆتان دەزانن لە پەرلەمانی خۆمان کە کاتێك کە بڕیار لەسەر کۆتا درا، بەهەمان شێوە ئیحسائیەکمان نەبوو، مەبدەئێکە کە ئیعتراف بەمافی نەتەوەکانی تر دەکرێت، لەو بابەتەوە داوای کۆتامان کردووە، ئەم کۆتایەش نەوەکو ئێستا لە ساڵی 1992 وە داوامان کردووە، ئەوەی ئێستا لە بۆ محافەزات داوا دەکەین، با هەر لە مەبدەئێك دابەزێت، ئەم قانونە بۆ دەورەی دابێت ئەکید گۆڕانکاری تیادەبێت، شەرت نیە ئیحسائیات بکرێت، بۆ هیچ ئینتخاباتێك تا ئێستا ئیحسامان نەکردووە، لەسەر ئاستی هەموو عیراق، ئەو ئیقتراحەی من پشتگیری زۆر سوپاسی مامۆستا خلیلیش دەکەم کە روون کردنەوەیەکی کرد لەجیاتی، لەوانەیە منیش هەر خۆم بە هەمان شێوە موقتەرەحەکەم دەکرد، جا داوا دەکەم ئەگەر برادەران پشتگیریمان بکەن، تایبەتمەندی خۆمان هەبێت، باشترە ئەگەر تەحالفات هەبێت ئەوەی دەیەوێت تەحالفێك بکات لەگەڵ هەر لایەنێکی تر، ئیعتیادیەو حوریشە لەو بابەتەوە، بەس لەهەمان کاتدا داوادەکەین تایبەتمەندی خۆشمان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال کەرکووکی):**

کاك پیر خدر، ئاخیر کەسەو دوایی خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، فەرموو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بینم پشتی سێ سەعات و نیو کو دانوستاندنی دکەین، دانی دووێ ژی دانیشتنامە، ئو بابەتەکێ هۆسا ئەڤە نەحەسم بت وەك پێشنیار، یان دووێ دڤێت ئاماژە بچەندی بکەت، پرۆژەی دەستورێ هەرێمێ، ماددەی 105، ئەڤ چارەیەك بۆ ڤی خالێ دانایە، (اذا تمثیل عادل بمكونات شعب کوردستان) ناوێت وان ژی ئینایە، تورکمان، سریان(فی انتخابات مجالس المحافظات و الاقضیة والنواحی)پیر خدر وەکو کوردەکی یەزیدی، کو دەرگایەکی دڤێت، مەسەلەن کۆدێ دەرگایەکی بۆمە دکەت، ئی ئیمە گرانترن وەکو کوردی

ئێزدی، ئیرۆکەش پێشنیارا مە لەدەڤ ئەڤ بابەتە تێرو تەسەل نایەتە دانوستاندن، بیتە پاش خستن بۆ سبەینێ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کۆتا هەبێت بۆ نەتەوەکانی تر؟ رجائەن رجائەن بێ دەنگ، پێشنیارێك هاتووە، داوا دەکات کۆتا هەبێت، لە برا ئەرمەنیەکان و برا ئێزیدی و براتورکمان و ئێزدی کوردو برا تورکمان و برای کلدان و ئاشوری، داوا دەکەن کۆتا هەبێت، داوادەکەن لە سلێمانی هەبێت، لە دهۆك هەبێت، لە هەولێر هەبێت، هەندێك بەڕێزیش رەئی خۆیان دا ئێستا لەناو پەرلەمان، ئەڵێن لەبەر ئەوەی ئیحسائیە نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئەو نسبەیە دیار نیە، لەپەرلەمان ئەو نسبەیە دراوە، بمێنێت بۆ وەختێکی تر، ئێستا پێشنیارەکی ئەو بەڕێزانەی کە داوایان کردووە، ئەوەلی دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر قبول کرا، پاشان نسبەکانی دەست نیشان دەکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە لەم مەرحەلەیە هەبێت، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس،کێ لەگەڵ ئەوەیە بۆ مەرحەلەیەکی تر بێت، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، تەئخیر کرا بۆ مەرحەلەیەکی تر، تکایە ببورن، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر تکایە، ئیحتیرامی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دەگیرێت، ئەکسەریەت تاخیری کرد بۆ مەرحەلەیەکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سی و چوارەم کە دەبێتە ماددەی سی و سێیەم.

ماددەی سی و چوارەم:

پێویستە لەسەر هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (34):

على جميع الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەم ماددەیە زۆر تەبیعیە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددە سی چوار تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سی و پێنجەم کە دەبێتە ماددەی سی و چوارەم.

ماددەی سی و پێنجەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (35): لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەم ماددەیەش وەکو ماددەکانی تره، کێ لەگەڵدایه دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سی و شەشەم کە دەبێتە ماددەی سی و پێنجەم.

ماددەی سی و شەشەم:

ئەم یاسایه لەمێژووی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و له رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (36):

ینفذ هذا القانون اعتباراً من تأریخ اصداره وینشر في الجریدة الرسمیة (وقائع کوردستان).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ، فەرموو کاك کریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من پێشنیار دەکەم، کە ئەو یاسایه له کاتی بڵاو کردنەوەی له جەریدەی رەسمی جێبەجێ بکرێت، چونکه ئەوە ئیستیسنائه، ئێمە خەریکە ئیستیسنائەکان دەکەینە ئەسڵ، بۆیە لەگەڵ ئەوە دامە کە لە تاریخی نەشر جێبەجێ بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری له پێشنیارەکەی کاك کریم دەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان کێ پێشنیارەکەی ئەو ماددەیە بە وەرگرتنی پێشنیارەکەی کاك کریم وەردەگرێت، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانییە دەستی بەرز بکاتەوە؟سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا (اسباب موحبە) لەگەڵ یاساکە بخوێننەوە، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**